**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٨

ساڵی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو هەژدە

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٨
چاپی یەكەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢١/٣/١٦ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٣/٣١ ل ١٠١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٤/٧` ل١٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢١/٤/١٤ ل ٢٩٣

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٣\١٦

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی ( ١٨) بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەر ۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خول، ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٦ بەم شێوەیە بێت:

-خستنەڕوو و کێشە و گرفتەکانی پارێزگای هەڵەبجە بە مەبەستی چارەسەر کردنیان بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی بڕگەی/١ لە ماددەی/٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی/١٦، بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمە لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/٤ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١١ ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/١٦ بەم شێوەیە بێت:

-خستنەڕوو و کێشە و گرفتەکانی پارێزگای هەڵەبجە بە مەبەستی چارەسەر کردنیان بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی بڕگەی/١ لە ماددەی/٦٦ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کورستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی
بەپێی حوکمی بڕگەی/٢ ماددەی/٢٠ و ٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژادنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١١ ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/١٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١. دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢. خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣. دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤. خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (هیڤیدار احمد سلمان) پەیوەست بە ژینگە.
٥. خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆ کردنی ماددەی/٧ لە کۆی ٢٨ ماددە لە پێشنیازی یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاوو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.
٦. کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانی ئامادەنەبووانیش بخوێنیتەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/١٠ :
هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە:
بەڕێزان/ جلال محمد عبدالله، جلال محمد امین، زکری احمد اسماعیل، شوان کریم محمد، سیرین یونس عبدالله، صباح محمود محمد، کلارا عودیشو یعقوب، محمد سعدالدین انور، هاوڕێ بەنا محمد، هەورامان محمد شریف، بەهمەن کاك عبدالله، جلال محمد عبدالله.
دانیشتنی دووەم/ جلال محمد امین، زیدان رشید خان، سەرچنار احمد محمود، سیروان فرج محمد، شوان کریم محمد، شیرین یونس عبدالله، شیرکۆ جودت مستەفا، صباح محمود محمد، کلارا عودیشو یعقوب، محسن حسین مستەفا، محمد سعدالدین انور، هاوڕێ بەنا محمد، هەورامان حمەشریف، هیمداد صباح بلال.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و بەناوی بەڕێزتان زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بە دەنگ بانگهێشتەکەی پەرلەمانی کوردستانەوە هاتن بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنێکی تایبەت بە پارێزگای هەڵەبجە. بەڕێزان ئێمە چاوەڕێ ئەکەین تا سەعات دەبێتە ١١ پێنج دەقیقەیەك ڕادەوەستین دوای ئەوە دەست بە جێ بەجێ کردنی کارەکەمان دەکەین، بەڕێزان هاوکات بەخێرهاتنی جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەکەین کە بە نوێنەرایەتی بەڕێزیان لێرەیە لە یاداشتی

پەرلەمانتاران هاتبوو کە داوایان کردبوو بەڕێز پارێزگاری هەڵەبجە ئامادەبێ، بەڵام بەڕێزیان وەڵامی داوینەتەوە کە ئەو لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئیلتزامی هەیە و پابەندی هەیە بە ئەو میوانانەی کە ئەمڕۆ سەردانی هەڵەبجە دەکەن بەڕێزیان وەکالەتی دەکەن لەم دانیشتنەیا، هاوکات بەخێرهاتنی هەموو ئەو میوانە بەڕێزانە دەکەین کە بە هەمان مەبەست هاتوون و لە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە ئامادەییان هەیە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان و میوانانی ئازیز ئێستاش بۆ ڕێزگرتن لە روحی بەرزەفڕی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ ماوەی پێنج دەقیقە بە بێ دەنگی ڕادەوەستین فەرموون ......... فەرموون زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز جێگری وەزیری شەهیدان دەکەین کە ئەمڕۆ بەهۆی پابەندبوونی بەڕێز وەزیری شەهیدان بە مەراسیمی هەڵەبجە نوێنەرایەتیەکەی دەکات، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی حەوت وەزیری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێز جێگری وەزیری شەهیدان و بەڕێز جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، کۆبوونەوەیەکی گرنگمان دەبێت کە تایبەتە بە خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، کە خۆش بەختانە ئەمە یەکەم جارە پەرلەمانی کوردستان بەدیاری کراوی لە ڕۆژی ٣/١٦ بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لە کێشە و گرفتەکانی پارێزگای هەڵەبجە بکات کە ئامانجی سەرەکی لەم کۆبوونەوەیە قسە کردنە لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێکەوە بە یەکەوە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندارەکان بۆ ئەوەی پارێزگای هەڵەبجە هەم لەڕووی هەیکەلیەوە و هەم لەڕووی پێداویستیەکانیەوە بکەوێتە دۆخێکەوە کە لە ئاستی تموحی هەمووماندا بێت، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە داوامان لە پەرلەمانتارانی بەڕێز و لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردبوو کە بۆ ئەم بابەتە ڕاپۆرتی خۆیان ئامادەبکەن، سەرەتاش بە خوێندنەوەی یاداشتی لیژنەی شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستان دەست بە کۆبوونەوەکانەکەمان دەکەین هیوادارین هەمووومان پابەندی کاتی و پابەندی گرنگی و هەستیاری دۆخی پارێزگای هەلبجە بین بۆ چەند سەعاتێك خۆمان لە هەموو ئایدۆلۆجیا و بیرو باوەڕێکی حزبی دابماڵین و تەرکیزی تەواوەتیمان بخەینە سەر هەڵەبجە و پێداویستیەکانی هەڵەبجە و زامی هەڵەبجە، كاك كاروان فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەمڕۆژە پیرۆزە و لەو یادە مەزنە دا کە پێنج هەزار ڕۆڵەی کوردستان گیانی خۆیان بەخشی لە پێناوی کوردستانی بوونیان جینۆساید کران، مەبەستمە کە باس لە بابەتێکی یەکجار گرنگ بکەم، ئەگەر دەرفەت بفەرموون، لە دەستپێك دا وەکو ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەی پەیامەکەم بە هەڵە نەگات دەمەوێ بلێم کە من هەمیشە باوەڕم بەوە هەبووە کە دەوڵەت دروست بوون لەسەر ئەساسی هاووڵاتی بوون بێت و دەوڵەتێك بێ کە مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو بێ و لە هەمان کاتدا باوەڕم بەوە هەیە کە لەم مەحەتە تەئریخیەی کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین چەقی ململانێکان لە بەغدا دەبێت و هەروەها هەرگیزا و هەرگیز باوەڕمان بە ناسیۆنالیزمی قەومی نەبووە، بەڵام شەرم نییە کە شانازی بە کوردستانی بوونی خۆمانەوە بکەین، کوردستانێك کە کورد و ئاشووری و تورکمان و سریان .......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان نوقتە نیزامیەکەت بڵێ..... .

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

... ئاشووری و سریان و هەموویان تێیدا جێگەی ببێتەوە، بڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە نەخشەی کوردستانی گەورەیە ئەگەر دیقەت بەی . نوقتەی نیزامیە تکاتان لێ دەکەم ڕۆژێکی زۆر پیرۆزە ..... ئەمە نەخشەی کوردستانی گەورەیە ئەم کوردستانەی کە لە ساڵی ١٧٦٦ لەلایەن روسیای قەیسەریەوە کە نەخشەکەی کێشراوە، بەداخەوە بەلامان سەیرە کە تازە بە تازە ئێمە تەراجوع لەم نەخشەیە دەکەین کە ئەم نەخشتەیە لە وڵاتان کێشراوە لە ساڵی ١٧٦٦ و لە بەرلینەوە هێنراوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، تکایە ئەمرۆ بێ نوقتەی نیزامیمان هەبێ، ئەندامان و جێگر و بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنەی شەهیدان فەرموون وەرنە شوێنەکانی خۆتان، کاك ڕێبوار فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خەمناکە لە مێژووی بزافی گەلی کوردستان دا ئومێد دەکەین دانیشتنی ئەمڕۆ بەهیچ جۆرێك ڕێگە نەدرێ کە هەندێ تەوەر بخرێتە نێو دانیشتنەکە کە پەیوەست نەبێ بە بابەتەکە، بابەتەکە گرنگە ئومێد دەکەین لە ئاستی ئەم بابەت بن، بۆیە بەپێی ماددەی/٥٦ تکایە هەر بابەتێك و هەر تەوەرەیەك پەیوەست بە گرنگی ئەو بابەتە نەبێت پەیوەست بە نێوەرۆکی ئەو بابەتە نەبێ تکا دەکەم ڕێگەی پێ نەدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بێگومان سوپاس بۆ تێبینیەکەت، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەخێرهاتنتان دەکەین، لە یادی (٣٣) یەمین ساڵوەگەڕی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادەی قوربانیانی ئەو تاوانە گەورەیە دەردەبڕین کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا وێنەی نەبووە کە ڕژێمێك بە چەکی کیمیایی بۆردومانی هاووڵاتیانی سڤیلی خۆی بکات، شاری هەڵەبجە هەر لە کۆنەوە شوێن و پێگەیەکی جوگرافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی لە کوردستان دا هەبووە و مەلبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری کوردیە و بەدەیان شاعیر و نووسەر و زانا و هونەرمەند و ناسراوی تێدا هەڵکەوتووە کە شوێن پەنجەیان لە بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری و سیاسی کوردی دا بەرچاو و کاریگەر بووە، لە شۆڕشەکانی کورد دا هەلەبجەییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە و لەو پێناوەشدا گەلێك قوربانیان داوە، تاوانی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە هیستریای ڕژێمی بەعس و دوژمنانی کوردستان و

ئازادی بوو بەرامبەر چۆکدانەدانی گەلی کوردستان لەبەرامبەر زولم و ستەمی دەیان ساڵەیان بۆ لەناوبردنی هەستی کوردایەتی، هیستریا بوو بەرامبەر بە بەردەوامی خەبات و تێکۆشانی کوردستانیان لە پێناو مافە ڕەواکانیان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی لە نێوان گەلانی عیراق دا، هیستریا بوو لەبەرامبەر سوربوونی گەلی کوردستان بۆ لەگۆڕینی ڕژێمی دکتاتۆری و دامەزراندنی حوکمرانیەکی دیموکراسی، بۆیە هەڵەبجەشیان هەلبژارد چونکە دەیان ساڵ بوو خەڵکی ئەو شارە و ئەو ناوچەیە بە کورد پەروەری و دلسۆزی و ئازایەتی ناسرابوون، هەروەها دەیان ساڵ بێ پشوودان چەکی خەباتیان دانەنابوو، ئەوەش یەکەمجار نەبوو کە ببنە ئامانجی ڕژێمی بەعس، بەڵکو لە ساڵی ١٩٧٤ شاری قەڵادزێ و ساڵی ١٩٨٧ بالیسان و شێخ وەسان وە پاشان هەڵەبجەشیان کیمیاباران کرد، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە کاتێك دا ئەوە چەندین ساڵە ڕژێمی بەعسی دکتاتۆری لە نێوبراوە وە سەرکردەکانی دادگایی کران و لەگەڵ ئەوەی کە پەرلەمانی عیراقی لە دانیشتنی خۆی لە ڕۆژی ٢٠١١/٣/١٧ دا بە پشت بەستن بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە ٢٠١٠/٢/٢٨ تاوانی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند، بەڵام هاوکات پێمانوایە کە هێشتا بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەتی عیراقی فیدراڵە کە سارێژی ئەو برینەی جەستەی کوردستان بکات کەچی هێشتا دەوڵەتی عیراقی کە میراتگری ئەو بەرپرسیاریەتەیە حکومەتی ئەوسای عیراقی ئەنجامدەری تاوانەکەیە بەو ئەرکە یاسایی و مرۆڤیانەی کە لەو چوارچێوەیەدا دەکەوێتە ئەستۆی هەڵنەستاوە، بۆیە لێرەوە و لە سەکۆی نوێنەرانی گەلی کوردستان و لە بۆنەی ئەو یادە تاڵەدا داوا دەکەین کە حکومەت و پەرلەمانی عیراقی فیدراڵ بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن کە بە لایەنی کەم لەم قۆناغەدا خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

١- داوای لێ بوردن لە گەلی کوردستان و دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بکات وەك ڕێزگرتنی قوربانیانی و هەست و نەستی کەسوکارەکانیان کە ئەمە سەرەتایەك بێ بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ پێکەوە ژیان و گەرەنتی کردنی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی لەو جۆرە لە داهاتوودا.

٢- پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی شارەزا بەمەبەستی دیاری کردنی تەواوی تاوانبارانی ئەو تاوانە گەورەیە پاشان کارکردن بۆ ڕاپێچ کردنیان بۆ بەردەم دادگا و دادگایی کردنیان، چونکە ئاشکرایە کە ئەم تاوانە هێندە گەورەیە تەنها بەژمارەیەکی کەمی بڕیاردەران لە سەرکردەیەکانی ڕژێمی بەعس کە دادگای کران جێ بەجێ نەکراوە، بەڵکو گەلێك کەسانی دیکە لە قۆناغە جیاجیاکانی دا بەڕاوێژ و پلان و بڕیاردان و جێ بەجێ کردن بەشداریان لەو تاوانە دا کردووە، بۆیە داواکارین کە ئەو تاوانبارانەش دیاری بکرێن لە هەر کوێیەك بن بە سزای خۆیان بگەیەنرێن.

٣- دەرکردنی یاسایەك لەسەر ئاستی فیدراڵی بە مەبەستی دادگایی کردنی کۆمپانیا بیانیەکانی چەکی کیمیایی یان پێکهاتەکانیان ئەو چەکەی کە بە ڕژێمی سەدامیان فرۆشتووە و لەسەر ئەو بنەمایەش داوای قەرەبووی قوربانیەکانی لێ بکرێتەوە، چونکە ئەوانیش بەشداری تاوانەکەن.

٤- دیاری کردنی بودجەیەکی تایبەت لە بودجەی فیدراڵی بۆ قەرەبوو کردنەوەی خێزان و کەسوکاری قوربانیانی پارێزگای هەڵەبجە و گشت بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە کوردستان لە هەمبەر ئەو زیانە ماددی و مەعنەوییە گەورەیەی کە بەهۆی ئەو تاوانەوە پێیان گەیشتووە، هەروەها پارێزگای هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی کوردستانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە کەزیانێکی گەورە بە ژێرخانەکەیان کەوتووە.

٥- چارەسەرکردنی بەرکەوتووەکان ئەو کەسانەشی کەلەژێر کاریگەری بەرکەوتنی باوانیان دا بە نەخۆشی و ناتەواوی لەدایك بوون لەناوەوە و دەرەوەی عیراق لەگەڵ کردنەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویست بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی.

٦- کۆکردنەوەی سەرجەم دۆکیۆمێنتە نهێنی و فەرمیەکانی پەیوەست بە ئەنجامدانی تاوانەکە و ڕادەستکردنەوەیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئەرشیف کردن و پاراستنیان و دوایش سوود لێ وەرگرتنیان لە بەجیهانی کردن و ناساندنی تاوانەکە و ڕاوەدونانی یاسایی تاوانباران.

٧- بەفەرمی ناساندنی ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە وەك بۆنەیەکی خەمناکی سەرتاسەری عیراق کە تیایدا ڕێز لە قوربانیەکان و کەسوکار و پارێزگای هەڵەبجە و گشت ناوچە بەرکەوتووەکانی دیکەی کوردستان بکرێت و بەچالاکی جۆراوجۆر لە ئاستی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان دا بەرز ڕابگیرێت.

٨- دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوە لە پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بە چەکی کیمیایی و بەرکەوتەکانی لەڕووەکانی یاسایی و پزیشکی و کۆمەڵا یەتی و هتد.

٩- بە بەشداری ناوەندەکانی پسپۆری جیهانی و ناوخۆیی بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە دەرئەنجامەکانیان بۆ ناوچەکانی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی، بۆیە بەفەرمی ناساندنی پارێزگای هەڵەبجە لەسەر ئاستی عیراق و دابین کردنی سەرجەم مافەکانی وەك پارێزگاکانی دیکەی عیراق لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا بەرکارەکان.

١٠- کاکردن بۆ سوودوەرگرتنی قوربانیانی ئەو تاوانە گەورەیە لە پاڵپشتی و هاریکاری سەندوقی تۆڕی پاڵپشتی نێودەوڵەتی قوربانیانی چەکی کیمیایی سەر بە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کە عیراقیش بەپێی یاسای ٥٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ بۆتە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا.

١١- لەناوبردنی هەموو دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی چەکی کمیایی و چەکە عەمبارکراوەکانی عیراق کە تا ئێستا لە ناو نەبراون، لەگەڵ جێ بەجێ کردنی ئەو پابەندیانەی سەر شانی عیراق کەبەهۆی چوونە پاڵ ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی ساڵی ١٩٩٣ کەوتۆتە سەر شانی.

١٢- وەك بەشێك لە گەرەنتی کردنی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی لەو چەشنە و هەموو تاوانەکانی دیکەی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر گەلی کوردستان داوا دەکەین کە دەوڵەتی عیراق بە فەرمی ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە دەست بەکار بووە و تایبەت بە دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانەی کە تاوانێك یان زیاتر لە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتیان یان جینۆساید کردن یان تاوانەکانی جەنگی ئەنجام دابێت، لە هەمان کاتدا وێڕای دەست خۆشی

له پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو یاسا و خزمەتگوزاریانەی کە تا ئێستا پێشکەش بە شارەکەیان کردووە بە پێویستی دەزانین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش هەر یەك لە پەرلەمان و حکومەت وە پارتە سیاسیەکان وزە و توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارە نەگریسەکانی ئەو تاوانە کە بەسەر هەڵەبجەییەکان دا هاتووە، ئەویش بەڕێگەی:

یەکەم/ گشت ئەو تاوانانەی کە درهەق بە گەلی کوردستان کراون بکرێنە سەکۆ و هەوێنی پتەوکردنی یەکڕیزی و تەبایی گەلی کوردستان.

دووەم/ ئەنجامدانی لۆبی گەری بۆ بەیاسایی کردنی جینۆسایدی هەڵەبجە و جێگاکانی دیکەی کوردستان کە لەسەر ئاستی فەرمی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە حکومی و نا حکومیەکان و وڵاتانی بیانی لەڕێگەی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی پەرلەمانی و حکومی بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە پێشینەیەکی پرشنگداریان هەیە لەبەرامبەر گەلانی ستەم دیدە لەو بوارەدا بە پشتیوانی کردن و ناساندنی ئەو تاوانانەی کە دەرهەقیان کراوە وەك تاوانی جینۆساید بەڕێگای دەرکردنی یاسای تایبەت ئەمەش لە ئێستادا بەهۆی دان پێدانانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق و بڕیاری پەرلەمانی عیراق لە بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانە ئاسانترە و پاڵپشتی یاسایی هەیە و دەکریت ببێتە بنەمایەکی یاسایی بۆ تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو تاوانبارانەی کە دەستیان سوورە بە خوێنی قوربانیانی ئەو تاوانانە، یان کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانەی کە چەکی کیمیایی یان کەرەستەکانیان بە عیراق فرۆشتووە.

سێیەم/ بەمەبەستی سارێژکردنی بەشێك لە برینە جەستەیی و دەروونیەکانی بەرکەووتوانی چەکی کیمیایی و نەوەکانیان لە کوردستان داوا دەکەین کە سەرجەم پێداویستیەکانی نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەر کردنی بریندارانی کیمیاباران لە ڕووەکانی لۆجستی و ستافی پزیشکی شارەزا و لێهاتووی و پسپۆڕانی بیانی لەو بوارەدا دابین بکرێت.

چوارەم/ ناوەندێکی تایبەت بە توێژینەوە لە ژینگەی ناوچەکانی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە دابمەزرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر خاك و سروشت و رووەك و گیانەوەرانی ئەو ناوچانە و دیاری کردنی ڕادەی زیان پێگەیشتنیان لە دەرئەنجامی ئەو چەکانەدا، لەگەڵ پێشنیار کردنی ڕێگەچارەی گونجاو لەلایەن ئەو ناوەندەوە بۆ نەهێشتنی شوێنەواری ئەو چەکانە.

پێنجەم/ کارکردن بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم دۆکیۆمێنتەکانی پەیوەست بە تاوانی هەڵەبجە و تاوانەکانی دیکەی کە دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجامدراون کە تا ئێستا لەلایەن کەس و ناوەند و ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و بیانی هەڵگیراون یان لەلای حکومەتی عیراقی پارێزراون بەمەبەستی پاراستن و ئەرشیف کردنیان، هەروەها سوود لێ وەرگرتنیان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و تۆمارکردن و یەکلایی کردنەوەی سکاڵا یاساییەکان.

شەشەم/ کارکردن بۆ دۆزینەوەی منداڵە ون بووەکانی هەڵەبجە و شاد کردنەوەیان بە خێزانەکانیان و هەروەها پشتگیری کردن و هاریکاریکردنیان بۆ دەست پێ کردنەوەی ژیانێکی شایستە بە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت بە منداڵە ون بووەکان و هەروەها زۆر گرنگە کە

سەنتەرێکی پشکنینی ( DNA) لە شارەکەدا بکرێتەوە بۆ پشکنینی منداڵە ون بووە دۆزراوەکان تا بە تەواوی خێزانەکانیان دیاری بکرێت........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان هەندێ چڕی بکەیتەوە، باشە.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەمم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ بەرچاوی بەڕێزیشتان تا ئێستا تەنیا هەشت منداڵ دۆزراوەتەوە و لە ئێستاشدا (٦٧) خێزان داوای گەڕانەوەی (١١٩) منداڵی ون بوویان دەکەن.

حەوتەم/ وەك ئەركی هەنوكەیی حكومەتی هەرێمی كوردستان كاركردن بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە هەروەها تەرخان كردنی بودجەیەكی تایبەتی بۆ دروست كردنی ژێرخانی پێوست بۆ پارێزگاكە بەدەر لەوەی لەسەر بنەمای دانیشتوان...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوسن خان ئەوە لێ گەڕێ بۆ لیژنەكانی دیكە، ئەوەی پەیوەندی بە كەسوكاری شەهیدانەوە هەیە بەس بە تەنها و قوربانیانەوە هەیە .... فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، سێ، چوار خاڵمان ماوە.

نۆیەم/ گرنگی دا بە رەخساندنی دەرفەتی كار بۆ دانیشتوانی پارێزگاكە بە تایبەت لە كەرتی كشتوكاڵی دا كە زەمینە و ژینگەیەكی گونجاوی هەیە لە پارێزگاكەدا لەگەڵ كردنەوەی سەنتەری تایبەت بە ڕاهێنان و فێركردنی كەسوكار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بە پیشەی جۆراوجۆر و گونجا و سەردەمیانە هەروەها پشتیوانی كردنیان بۆ كردنەوەی پرۆژەی ئابووری بچووك.

دەیەم/ وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی شارەوانی هەوڵی جدی بدەن كە زەوی و خانوو بۆ ئەم خانەوادە و كەسوكاری شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە كە تا ئێستا زەوی و خانویان پێ نەدراوە دابین بكەن.

یازدەهەم/ ڕاستاندنی بە پەلەی لیستی ناوی ئەو كەسانەی كە بەركەوتەی چەكی كیمیایین و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە بۆ دابین كردنی مینحەكانیان.

دوازدەیەم/ دروست كردنی بینای تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانی هەڵەبجە و دابین كردنی ستاف و میلاكاتی پێوست بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر بە كەسوكاری سەربەرزی شەهیدان بگەیەنن.

لەكۆتایی دا سەری ڕێزو نەوازش بۆ تەواوی شەهیدانی كیمیابارانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی كوردستان دادەنوێنین و هیوای چارەسەری خێرا بۆ تەواوی بەركەوتووانی چەكی كیمیایی دەخوازین، هەروەها ئاواتەخوازین كە منداڵە ون بووەكانی هەڵەبجە بە باوەشی خانەوادە و نیشتمانیان شاد ببنەوە.

زۆر سوپاس

**لیژنەی كاروباری شەهیدان و جینۆساید**
**و زیندانیانی سیاسی**

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ تۆ دەستت خۆش بێت، لیژنە هەر كەسێك لێرە قسە بكات دواتر ناتوانێ قسە بكات، یەعنی فرسەتی تر ناتوانێ وەرگرێ، فەرموو هەژان خان.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئیزافەیەكم هەیە بۆ سەر ڕاپۆرتی شەهیدان من هاوڕام لەگەڵ ڕاپۆرتەكە، سەرەتا سەری ڕێزم دائەنوێنم بۆ شەهیدانی ٣/١٦ ی شاری هەڵەبجە، دەست بەكاربوونی لیژنەی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستی كە بە فەرمانی ٢٦٠٠ لە ٢٠١٧/٢/١٦ پێكهێنراوە بە مەبەستی سەلماندنی ئەو كەسانەی بەركەوتەی چەكی كیمیایین و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە تاوەكو ئێستا كاری خۆیان نەكردووە، لە كاتی هاتنی بودجە بۆ پەرلەمانی كوردستان تەنها ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان نەكرێت، بەڵكو ڕەچاوی حەجمی كاولكاری و دروست كردنی پارێزگای نوێ و نەبوونی وەبەرهێنانی كەرتی تایبەت و تایبەتمەندی پارێزگای هەڵەبجە ڕەچاو بكرێت، پێوستە بودجەیەك بەدەر لە ژمارەی دانیشتوان بۆ پارێزگاری هەڵەبجە دابنرێت ساڵانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون بەڕێزتان بچنەوە شوێنەكانی خۆتان بۆ ئەوەی لیژنەیەكی تر بێت، ئەگەر لێرە قسە بكەن ئیتر جارێكی تر دەرفەتتان نادەمەوە لەوێ قسە بكەن، كاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم یادە خەمناكە دا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری كورد و كوردستان و شەهیدانی هەڵەبجەی سومبوڵی زوڵم لە كوردستان دا دەكەین، تەبعەن كاری یەكەم دەبێ بەڕاستی هەمووومان جوهدەكانمان بخەینە سەر یەك بۆ ئەوەی لەڕووی ناوخۆیی عیراق و لەڕووی نێودەولەتیشەوە كار بكرێت بۆ بەجینۆسایدناساندنی هەڵەبجە و كار بكرێت كە هەڵەبجەیەكی تر جارێكی تر و بەشێوازێكی تر دووبارە نەبێتەوە لە عیراق دا، چونكە هەست دەكەین عەقڵیەتی كیمیاباران كردنی هەڵەبجە هێشتا وجودی هەیە، جێ بەجێ كردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق بە قەرەبوو كردنەوەی هەڵەبجە كە ئەمە بەداخەوە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكانی عیراقیش هەیە و بەڵام تا ئێستا جێ بەجێ نەكراوە و عیراق بە هیچ شێوەیەك خۆی ناچێتە ژێربارى ئەو بڕیارە، حكومەتی عیراق كە ئێستا وارسی حكومەتی پێشووە و وە جێگرەوەی حكومەتی پێشووی عیراقە كە ئەو تاوانەی كردووە پێویستە بە فەرمی داوای لێ بوردن لە خەڵكی هەڵەبجە و خەڵكی كوردستانیش بكات، لە ئاستی ناخۆیی كار بكرێت بۆ ئەكتیف كردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە كە زۆر زەرورە و ماوەیەكی زۆرە لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگای هەڵەبجە ڕاگیراوە بۆ ئەوەی كە كارەكانی هەڵەبجە وەك پارێزگارێك بە ڕێك و پێكی بەڕێوە بچێ، پێدانی دەسەڵاتی تەواوەتی بە پارێزگای هەڵەبجە كە بە فەرمی

بـووه بە پارێزگـا، بەڵام خەڵکـی هەڵەبـجە و ئیـدارەی هەڵەبـجە هەسـت دەکەن هێشـتا وەکـو پارێزگاکانی تـری هەرێمـی کوردسـتان و دەسـەڵاتی بە پارێزگا بوونیـان نیـیە، دەسـت خۆشـی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە لەو ماوەیە بڕی (٣٠) ملیار دیناری بۆ هەڵەبجە تەرخـان کـردووە کە هەر چەنـد لەو قەیـرانەدا کـارێکی باشـە، بەڵام داوای زیـاتر و خزمەتـی زیـاتر بـۆ هەڵەبجە دەکەین، چونکە هەڵەبـجە شـایەنی زۆر لەوە زیـاترە، لـی کۆتاییـدا بە هیـواین ئەم ڕۆژە ببێتە ڕۆژی سارێژکردنی برینەکانی کورد و پێشمانوایە هەڵەبجە زامێکە لە جەستەی کوردسـتاندا کە بە سەربەخۆیی و رزگاری یەکجاری نەبێ بەهیچ شتێك سارێژ نابێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا سەری ڕێز لە ئاست قوربانیـان و شـەهیدانی کیمیابـارانی هەڵەبـجە دادەنوێنم و سو ڕێز بۆ کەسوکارەکانیان ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم لێرەدا:

یەکەم/ تەواوکردنـی ئەو خـانوانەی کە بـۆ کەسـوکاری شـەهیدان بڕیـاری لێـدرابوو شـەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بڕیاری لێدراوە و (٩٠٠) خـانووە پێـی دەڵێن خـانووی خـۆکرد، تـا ئێسـتا ٤٠٠ خانووی تەواو کراوە و هەندێکیان تەنیـا زەویەکەیـان پێـدراوە ئەوە پێوسـتە لە کـابینەی پێشـوو بڕیاری لێدراوە و تا ئێستا تەواو نەکـراوە و زۆریـنەی کەسـوکاری شـەهیدانی هەڵەبـجە داوای تە واوکردنــی ئەوە دەکەن و ئەوەی کە هەژان خــان باســی کــرد ئەو لیــژنەیەی کە لە وەزارەتــی تەندروستی بڕیاری لەسەر دراوە بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە بۆ سـەلماندنیان فەر مانیـان هەیە لە ئەنجـومەنی وەزیـران بەڵام تـا ئێسـتا ئەو لیـژنەیە دەسـت بەکـار نەبـووە و کە سەلماندنی بەرکەوتنەکەیان بۆ بکات و بۆ ئەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانیان پێ بدرێت.

سـێیەم/ ڕێژەیەکـی زۆر لە فەرمـانبەرانی هەڵەبـجە گرێبەسـتن نـزیکەی ٣٠٪ ی فەرمـانبەرانی هەڵەبجە گرێبەستن لەگەڵ ئەوەی کە میلاك کەمە لە پارێزگای هەڵەبجە پێوستە ئەوانەش بکـرێن بە هەمیشەیی.

خاڵێکی دیکە لە چەندی ڕۆژی ڕابردوو دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری تەواو کردنـی ئەو پــرۆژانەی دا کە لە ٨٠٪ بــۆ ٨٥٪ یــان تەواو بــووە، بەڵام ئەم بڕیــارە بە ڕێژەیەکــی زۆر کەم پڕۆژەکـانی هەڵەبـجە دەگـرێتەوە و چـونکە زۆریـنەی پرۆژەکـانی پارێزگـای هەڵەبـجە ٧٠-٧٥٪ ی تەواو کـراوە، بـۆ نمـوونە لە چـواردە پـرۆژەی زانکـۆی هەڵەبـجە تەنیـا دوو پـرۆژە دەگـرێتەوە و دەتــوانرێ تەواو بکــرێ بە پێــی ئەو بڕیــارەی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان، خــاڵێکی تــر بەڕێوبەرایەتیەك بۆ شەهیدانی هەڵەبجە زۆر پێویستە، هەڵەبـجە خـاوەنی ئەو هەمـوو قوربـانی دانەیە بەڕێوبەرایەتیەکی نیـیە کە کەسـوکاری شـەهیدان بـڕۆن داوای مـاف و ئیمتیـازاتە کانیـان بـکەن، بەڕێـوبەرایەتیەك نیـیە لەو هەڵەبـجەیە بینـایەکە وابـزانم بە کـرێ گیـراوە کە هەڵەبـجە خـاوەنی هەشـت یـادە پێویسـتە بەڕێـوبەرایەتیەکی هەبـێ سـومبوڵ بـێ بـۆ بیانیـانە و بـۆ ئەو کەسانەش کە سەردانی ئەو شارە دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێـزان خۆتـان لەو دووبـارەکردنەوەی ئەو قسـانەی کە کـراوە بپـارێزن، سوپاسـی لێـژنەی شـەهیدان دەکەیـن فەرمـوون بەڕێـزان بچـنەوە شـوێنەکانی خۆتـان، داوا لە لێـژنەی ڕۆشنبیری دەکەین فەرموون بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەیان. کاك (هاوڕێ) نوقتەی نیزامی بێت.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەبوو لەلایەن بەڕێزتانەوە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەگەر بڕیارە لێـژنە تایبەتمەنـدەکان ئەو داواکـاری و پێداویسـتیانەی بـۆ هەڵەبـجە پێویسـتە بخـرێتە ڕوو بـۆ ئەو بەڕێزانەی کە لێرە میوانن لە حکومەت دەبوو هەمـوو لێژنەکـان ئاگـادارکەنەوە بەڕاسـتی، ڕاسـتە ئـێمە وەکـو خۆمـان وەکـو شـەخص ڕەنـگە هەنـدێك شـتمان ئامـادە کردبێـت، بەڵام جـوانتر بڵـێم شایستە تـر ئەوە بـوو کە هەمـوو لێژەکـان بـۆ ئەوەی جیـاوازی دروسـت نەبێـت هەمـوو لێژەکـان ئاگادار بکرایەتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاپۆرتێکیان ئامادە بکردایە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئێمە جگە لە گروپـی پەرلەمانتـارانی هەڵەبـجە و لێـژنەی شـەهیدان هـیچ لێژنەیێکـی ترمـان ڕانەسپاربوو بە ئامادەکردنی ڕاپۆرت، بەڵام هەر لێـژنەیەك لە لە لێژنەکـانی پەرلەمـان لە ڕوانـگەی ئەو بەشـەی کە خـۆی لێـی بەرپرسـە وتبێتـی ڕاپۆرتمـان ئامـادەیە، ئـێمە ڕێـگەی پـێ دەدەیـن ڕاپـۆرتەکەی بخـوێنێتەوە، بـۆ ئـێمە ئەمە ئاسـانترە، لەبەر ئەوە ئەمە کـۆکردنەوەی قسـەی چەنـد ئەندام پەرلەمانێکە و یەك کەس دەیخوێنێتەوە، فەرموو بەڕێز سەرۆکی لێژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیرە بەڕێزەکان، ڕاپـۆرتی لێـژنەی ڕۆشـنبیری سـەبارەت بە ڕەوشی ڕۆشنبیری لە پارێزگای هەڵەبـجە دەخەیـنە ڕوو، ئەوەی کە لە ڕاپـۆتەکەدا دەیخەیـنە ڕوو تەنها فەقەرەی ئەو بڕگە و ماددانەیە کە پەیوەندیدارە بە لێژنەکەمانەوە:

هەڵەبجە بە یەکێـك لە شـارە گەورە و گرینگەکـانی باشـووری کوردسـتان دەژمێردرێـت، شـارێکی کـۆنی کوردسـتانە، لە سـاڵی (١٦٥٠) لەلایەن بەگزادەکـانی جـافەوە ئـاوەدان کـراوەتەوە، لە سـاڵی (١٨٨٩) لە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا بـۆتە قەزا، هەڵەبـجە لەگەڵ ناوهێنـانی وەکـو شـاری شەهیدان و قوربانیدان و خۆ فیـدایی هەمیشـە پـاش نـاوی ئەدەب و شـیعر و هـونەری هەبـووە، هەڵەبـجە جـێگەی نوسـەران و ئەدیبـان و شـاعیرانی گەورەی کـورد وەکـو (عبـدالله گـۆران)، (مەولەوی)، (احمد موختار جاف)، (تایەر بەگی جاف)، ( قانع)، دەیان کەڵە هونەرمەنـد و شـاعیری تر، لە ساڵی (١٩٣٩) یەکەم بەرهەمـی شـانۆیی لە شـاری هەڵەبـجە نمـایش کـراوە، لە سـاڵی (١٩٥٤) شـانۆگەری (مەم و زیـن)، (بازرگـانی ڤینیسـیا)ی تێـدا نمـایش کـراوە، لە سـاڵی (١٨٥٨) سـێ تیپـی شانۆیی لە هەڵەبـجەدا بوونیـان هەبـووە بە ناوەکـانی (تیپـی شـانۆیی شـنروێ)، ( تیپـی شـانۆیی گەنجان)، (تیپی شانۆیی لاوانی دیموکرات)، لە ساڵی (١٩٨٠) مەڵبەنـدی لاوانـی هەڵەبـجە گۆڤـاری (شنروێ)یان دەرکردووە، سەرەڕای بایەخدانی گەورەیان بە شیعر و مۆسیقا و ئەدەب و هونەر لە ناوچەکەدا، کیمیابارانکردنی ئەم شارە لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لە بەهـاری سـاڵی (١٩٨٨)

جـگە لە پێـنج هەزار رۆڵەی ئەم شـارە کە شـەهید بـوون بە هەزارانـی دیـکەش بریـداربوون و هەندێکیان تاوەکو ئێستا بە دەست ئازارەکانی ئەم برینە قوڵەوە دەناڵێنن، بەهـۆی ئاسـەواری ئەم کارەساتە هەموو بوارەکانی ژیـان لە شـارەکەدا پاشەکشـەی کـردووە و لەنـاوچوون، بـۆیە ژیـان و ژینگەی خەڵکی ئەم شارە پێویستیان بە کاری زیاتر و خزمەتی جدیتر هەیە، راستە چەند ساڵێکە هەڵەبـجە بە بڕیـار بـووە پارێزگـا، بەڵام ئەم بڕیـارە هەڵەبـجەی لە قەزاوە نەکـرد بە پارێزگـایەکی گەورە لە ئاسـت خەبـات و قوربانیـدانی شـارەکە و کێشـە و گرفتەکـان گەورەتـر بـوون، چـونکە گـۆڕینی سـیمای قەزا بـۆ پارێزگـا پێویسـتی بە پشـتیوانی دارایـی و ئیـداری هەیە، پێویسـتی بە پلانی ستراتیژی گەورە هەیە، بۆ بوژاندنەوەی ئاوەدانکردنەوەی ژێرخـان و سـەرخانی پارێزگـایە نوێکە، بەڵام بەداخەوە قەیرانی دارایی بووە هۆکار و بیـانووێکی گەورە لەبەردەم گەشەسـەندنی زیـاتری پارێزگـاکە بە تـایبەتی لە بـواری رۆشـنبیری و هـونەری کێشـە و گرفتەکـان بەرۆکـی ئەم شارەی گرتووە، کە هەڵەبجە هەمیشە وەکو هەر شارێکی هونەری و ئەدەبی ناسـراوە، شـاری کەڵە شـاعیران و ئەدیبـان و زانایـانی ئـاینی و بیرمەنـدان و هونەرمەنـدان بـووە، بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمان بە بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠١٤) پەرلەمـانی کوردسـتان پارێزگـای هەڵەبـجەی وەکـو پایتەختی ئاشتی ناساند لە هەرێمـی کوردسـتان، لەپێنـاو کەمکـردنەوە لێکەوتەکـانی تاوانەکـانی جینۆساید لەسـەر قوربانیـانی پارێزگـای هەڵەبـجە و گەیانـدنی پەیـامی ئاشـتی پـێکەوە ژیـان لە کوردسـتانەوە بـۆ جیهـان، ئەم بڕیـارەی پەرلەمـانی کوردسـتان لەلایەن خەڵکـی هەڵەبـجە و کوردستانەوە پێشـوازی گەورەی لێکرا، چـاوەڕوان دەکـرا خـاڵ بە خـاڵی بڕیـارەکە بچێـتە بـواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەداخەوە نەتـوانرا جـگە لە ناونیشـانی بڕیـارەکە مـاددە و بڕگەکـانی تـری جێبەجـێ بکرێـت، بەپێـی خـاڵی دووەمـی بڕیـارەکە پێویسـتە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـوودجەیێکی سـاڵانە بـۆ پەرەپێـدانی ئاشـتی لە پارێزگـاکەدا دابـین بکـات، بەڵام بەداخەوە دوای حەوت ساڵ تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەك بۆ ئەم مەبەسـتە بـۆ پارێزگـاری هەڵەبـجە دابـین نەکـراوە، بەپێـی هەمـان خـاڵ پێویسـتە لایەنە پەیوەنـدارەکان کـۆڕ و کۆبـونەوە و مەراسـیمی تـایبەت بە بڵاوکـردنەوەی رۆشـنبیری و پەیـامی پـێکەوە ژیـانی ئاشـتیانە لە پارێزگـایە سـاز بـکەن، بەڵام بەداخەوە کۆڕ و کۆنفرانسی ئاشتی و پـێکەوە ژیـان لە شـارەکانی تـر دەکرێـت لە بـری هەڵەبـجە، خاڵی سێیەمی ئەم بڕیارە ئەنجومەنی وەزیران ناچـار دەکـات ئەو پێداویسـتیانە مسـۆکەر بکـات کە پایتەختی ئاشتی دەیخوازێت، بەڵام هـیچ هەنگاوێـك بـۆ ئەم مەبەسـتە نەگیـراوەتەبەر و ئەم پارێزگـــایە جـــگە لە نـــاوێکی مەعـــنەوی هیچـــی تـــری لەم بڕیـــارە بـــۆ بەجـــێ نەمـــاوە، دوای بەداواداچـــوونی لێژنەکەمـــان کۆبونەوەمـــان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـــدارەکان و بەشـــێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵەبجە هەندێك لە کێشە و گرفتەکان دەخەینە روو:

-نەبوونی هۆڵێکی شیا و شایستە پەکی سەرجەم چالاکی و رۆشنبیری و هونەریەکانی کردووە.

- نەبـوونی پشـتیوانی دارایـی مرۆیـی بـۆ چـالاکییە هـونەری و وەرزشـی و رۆشـنبیریەکان، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەڵەبجە بەهۆی کەمـی مـیلاك و نەسـریە و نەبـووی بەشـی یاسـایی ئەندازەیی گەورەترین کێشە و گرفتیان دێتە بەر دەم.

- نەبـوونی بەشـەکانی سـینەما و شـانۆ و شـێوەکاری و میوزیـك لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی ڕۆشـنبیری هەڵەبـجە وای کـردووە گرینگـی بەو چالاکیـانە نەدرێـت و هەروەهـا نەبـوونی هـۆڵی سینەما و شانۆ و گەلەری و شێوەکاری هۆکارن بۆ نەکردنی چالاکی و هونەری.
- نەبـــوونی مۆزەخـــانە و پارێزگـــاری نەکـــردن لە شـــوێنەوارەکانی هەڵەبـــجە بەتـــایبەتی پارێزگارینەکردنی ئەو شوێنانەی کە بونەتە ڕەمزی کارەساتی هەڵەبجە، بۆنمـونە ئێسـتا مـاڵەکەی (عومەری خاوەر) دانراوە بۆ فرۆشتن و پێویست دەکان حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەم مـاڵە بکرێتەوە و بیکات بە مۆزەخانەیێکی زیندوو لە ناوچەکە.
- نەبـوونی بەڕێـوەبەرایەتی وەرزش و گرینگـی نەدان بە وەرزش لە پارێزگـاکە بە شـێوازێکی گشتی.
ئـێمە وەکـو لێـژنەی ڕۆشـنبیری کـۆمەڵگەی مەدەنـی وەرزش و لاوان کۆمەڵێـك راسـپاردەمان دەخەینە ڕوو بە ئامانجی چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشە و گرفتەکان:
-کردنەوەی سەنتەری کلتووری ڕۆشنبیری هەڵەبجە بۆ گرینگیدانی زیاتر بە کلتوور و فەرهەنـگ و ڕۆشـنبیری نـاوچەکە و لە ڕێـگەی کـۆڕ و کۆبـوونەوە و سـیمینارەکان بـۆ سـرینەوەی ئاسـەواری کارەساتی کیمیابارارنکردنی هەڵەبجە بەسەر روخسار و لایەنی دەرونی خەڵکی ئەم شارەوە.
- جێبەجێکردنی تەواوی مادده و بڕگەکانی بڕیـارە بە پـایتەختکردنی هەڵەبـجە وەکـو پـایتەختی ئاشتی و پێکەوە ژیان و دابینکردنی بوودجەیێکی ساڵانە بۆ کار و چالاکییەکان لەم پارێزگایەدا.
-پەسەندکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەی دروستکردنی هۆڵی شانۆ لە هەڵەبـجە کە نەخشـەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیرییەوە ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کراوە.
- نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی هۆڵی بۆنەکانی هەڵەبجە و مۆنۆمێنتی هەڵەبجە.
- پشـتیوانیکردنی دارایـی و مرۆیـی لە بەرێـوەبەرایەتی گشـتی ڕۆشـنبیری بکرێـت هەروەهـا کردنەوەی بەشەکانی سینەما و شانۆ و شـێوەکاری و میوزیـك و یاسـایی و ئەنـدازەیی لەنـاو بەو بەڕێوەبەرایەتییەدا.
- سـاڵانە ڤیسـتیڤاڵی شـێوەکاری لە شـارەکە رێـك بخرێـت هاوشـێوەی ڤیسـتیڤاڵی سـینەما و لە دهۆك و میوزیك لە هەولێر و شانۆ لە سلێمانی.
- گرینگیـــدان بە چـــالاکی منـــداڵان و بەهێزکردنـــی بەشـــی ڕۆشـــنبیری منـــداڵان و زیـــادکردنی کتێبخانەکانی منداڵان گرینگـی زیـاتر بە بەشـەکانی ڕۆشـنبیری بـدرێت لە ناحیەکـانی خورمـاڵ و تەوێڵە.
- هەوڵدان بۆ پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکانی هەڵەبجە و سـوودلێوەرگرتیان بـۆ گەشـتوگوزار و هەروەها پاراستنی ئەو شوێن و جێگایانەی کە ئاسەواری کارەساتی (٣/١٦) نیشان دەدەن.
- هەوڵـــدان بـــۆ دروســـتکردنی مۆزەخـــانی کلتـــووری و فەرهەنگـــی لە هەڵەبـــجە بە کـــردنەوەی کەلەپوور و فۆلکلۆری ناوچەکە لە رێگەی کەسانی شارەزا و پسپۆڕەوە.
- هانـــدانی کەرتـــی تـــایبەت و وەبەرهێنەکـــان بـــۆ کـــارکردن و وەبەرهێنـــان لە بـــواری هـــونەری و ڕۆشـنبیری و وەرزشـی بە تـایبەتی دروسـتکردنی هـۆڵی سـینەما و شـانۆ و سـتۆدیۆ و گەلەری و یاریگا و هۆڵی داخراوی وەرزشی و هونەری لە پارێزگاکە.

- هانـدان و پشـتیوانیکردنی ریکخراوەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنـی، هەوڵـدان بـۆ رێکخسـتنی زەمینەسـازی بـۆ کـار رێکخراوەیـی لە پێنـاو گەشەسـەندی پارێزگـاکە و بەهێزکردنـی زیـاتری پەیوەندی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئیدارەی شارەکە.
- هاوکـاری و پشـتیوانیکردن لە وێـنە بکرێـت بـۆ بە دیکـۆمێنتکردن و ئەرشـیف کردنـی زیـاتری کارەساتی هەڵەبجە و قۆناغەکانی گەشەسەندنی پارێزگاکە.
- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و گرینگیدان بە یانەکان و وەرزشکاران و تیـپە میللیەکـان و یاریگا وەرزشیەکان لە قەزا و ناحیەکاندا.
- هەوڵـدان بـۆ دەرکردنـی گۆڤـار و رۆژنـامە و بڵاوکـراوە هـونەری و رۆشـنبیرییەکان لە شـارەکە، هەروەهـا گرینگیــدان بە لــق و ســەندیکا و کۆمەڵەکــان کە لە هەڵەبــجەن وەکــو ســەندیکای هونەرمەندان و رۆژنامەنووسان و هەوڵدان بۆ کـردنەوەی لقـی ئەو سـەندیکا و کـۆمەڵانەی کە لە شارەکەدا نین وەکو یەکێتی نووسەرانی کورد.
- گرینگیدان بە گەنجان و لاوان و رەخساندنی دەرفەتی کار بۆیان و هاندانی کۆمپانیا گەورەکـان و کارگەکان تا ئاسـانکاریان بـۆ بکرێـت لەپێنـاو رەخسـاندنی دەرفەتـی کـاری زیـاتر بـۆ گەنجـان و لاوانی ناوچەکە.
- لە کۆتایە خاڵدا داوا لە فراکسیۆنەکوردسـتانیەکانی ئەنجـومەنی نـوێنەرای عێـراق و نـوێنەرانی کوردسـتان لە سـەرۆکایەتی کۆمـار و سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیرانـی عێـراق دەکەیـن بەداوادچوونی جدی بۆ پێداویستییەکانی کـارگێری و یاسـایی و داراییەکـانی بە پارێزگـاربوونی هەڵەبـجە لەلایەن حکـومەتی فیـدراڵەوە بـکەن، پێویسـتە بە کـردەوەش لەرووی بـوودجەوە پەرەپێـدانی پارێزگاکـانی عێـراق و بـوودجەیێکی تـایبەت بـۆ ئـاوەدانکردنەوەی هەڵەبـجە و پێشخستنی پارێزگاکە و قەزا و ناحیەکانی تەرخان بکرێت.
لێژنەی رۆشنبیری و مەدەنی وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەندامانی لێژنە هەر کەسێك قسە بکان لێرە ئیتر دەرفەتـی تـری نـادەینێ کە چـووە خوارەوە، کاك (پێشەوا)، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە رۆژی (٣/١٦)دا درودو سڵاو دەنێـرین بـۆ روحـی قوربانیـان و شـەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەڕێزان ئەمڕۆ لێـرەین بـۆ هەوڵێکـی جـدی بـۆ ئەوەی لەبـری لاوانـدنەوە و شین بەرگی ژیـان و ئـاوەدانکردنەوە بە بەر هەڵەبـجەدا بکەیـن، تـا ئێسـتا ئەوەی کە بـۆ هەڵەبـجە کـراوە جـێ دەسـت خۆشـییە، بـێ نـمەك نـابین وە سوپاسـی هەمـوو ئەوانە دەکەیـن کە بەهەر جۆرێـك پاڵپشـتی هەڵەبجەیـان کـردووە لەگەڵ هەڵەبـجەدا بـوون، هەوڵەکـانی بەڕێـز سـەرۆك (بـارزانی) لە بە پارێزگـاکردن و واژووکردنـی بە پارێزگـا بـوونی هەڵەبـجە، هەروەهـا هەوڵەکـانی بەڕێز (نێچیرڤان بـارزانی) لە دۆزیـنەوەی منـداڵە ونبووەکـان، هەر کەسـێکی دیـکە لە هەڵەبـجەدا بەردێکی خستبێتە سەر بەرد، ئێستاش کە حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەم قەیـرانەدا بڕیـاری داوە سی ملیـار دینـار بـۆ پرۆژەکـانی هەڵەبجە خەرج بکرێ دیسـان سوپاسـی سـەرۆك وەزیـران

دەکەین، هاتنی تیمی حکومەت لێرە نیشانەی گرینگیدانی بابەتەکەیە هەموو بە یەك تیم بەبێ جیاوازی لێرەن بۆ ئەوەی گوێ لە ئێمە بگرن، داواکارم ئەوەی کە رێی تێدەچێت، ئەوە کە پێتان دەکرێت چونکە هەمووی پارە نییە، هەمووی پەیوەندی بە دارایییەوە نییە، بەشێکی زۆری بە ئێوە جێبەجێ دەکرێت بەبێ ئەوەی کە پارەی تێدا خەرج بکەن بەرێزان، هەڵەبجە راستە بۆتە پارێزگا بەڵام تاوەکو ئێستا نەدراوەتەوە دەست خۆی، وەبەرهێنانی هەڵەبجە لە سلێمانییە، باجی دەرامەت لە سلێمانییە، باجی کۆمپانیاکان لە سلێمانییە، گەنجینە و گەشتوگوزاری تێدا نییە، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سەر زەوی ئیشەکانی ئێستاش لە پارێزگای سلێمانییە، نەوت و کانزاکانی هەڵەبجە لە سلێمانییە، هەموو شتێکی هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانییە، هەتا وەکو ئەو رۆژەی کە هەڵەبجە سەر بە سلێمانی بووە سوپاس بۆ سلێمانی وە سوپاس بۆ ئەو هەوڵانەی لە پارێزگای سلێمانییەوە دراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، بەڵام ئەمڕۆ هەڵەبجە پارێزگایە و پێویستی بەوەیە کە خۆی هەبێت، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەڵەبجە تا ماوەیێك پێش ئێستاش کارەکانیان واژووەکانیان لە نێو خانوێکدا کردووە، رەگەزنامە کراوەتەوە بەڵام تاوەکو ئێستا کاری تێدا ناکرێت، دادگای تێداهەڵچوونەوە و دادگای تەمیز نییە ئەگەر کەسێك لە هەڵەبجە تاوانێك ئەنجام بدات دەبێت بچێت لە پارێزگای سلێمانی دادگایی بکرێت، بەرێزان ئەمانە هەمووی خەلەلی گەورەن بەشێکی زۆریان پەیوەندیان بە پارەوە نییە، ئێوە ئەتوانن چارەسەریان بکەن، ئەنجومەنی پارێزگاری هەڵەبجە کرایە قوربانی ململانێی سیاسی، لایەنەکان تەنانەت لەبەر خاتری هەڵەبجەش چاوپۆشیان نەکرد لەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگاکە تەشکیل بکرێت، کورسیەك یان دوو چ کێشەیەکی تێدایە ئەگەر بێتوو ئەنجومەنەکە پێك بێت و خزمەتی شاری هەڵەبجە بکرێت، لە رووی توانای مرۆییەوە هەڵەبجە تاوەکو ئێستاش توانای قەزایەکی هەیە، چونکە هیچ کەسێکی بۆ دانەمەزرێندراوە، ئەگەر شارێك بکرێتە پارێزگا دەبێ پۆلیسی زیاتر، هێزی زیاتر، موەزەفی زیاتر ئیدارەی ئەم پارێزگایە بەڕێوەبەن، کارەکانی خەڵك بەرێوەببەن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ئیزافەیێك نەبووە بۆ سەر ئەو کارمەند و ئەو موزەفانەی کە لە هەڵەبجە هەبوون، لە پاڵ چیرۆکی تراژیدیا، لە پاڵ چیرۆکی مەرگ لە هەڵەبجە، لە پاڵ ئەو هەموو رووداوە تراژیدیایانەی لە هەڵەبجە هەبوون هەڵەبجە تەسلیم نەبووە و هەڵەبجە چیرۆکی.........................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (پێشەوا) نابێ ئاوا بکەی، دەبێت بڵێی (٣٠) سانیەی ترم بدەیێ، (کلیزار) خان، فەرمووو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیرەوەریا کیمیا بارانا هەڵەبجە سەری رێز و نەوازش بۆ قوربانیان دچەمینین، هیڤیدارایین برینێت گەلێت کورد بێنە سارێژ کرن، ئەوا پێتڤیا دڤان رۆڤادا بێتە کرن ژبیلی ئەوا هاتیە بەحس کرن ئەڤ خالێن خارێنە، هەرچەندە ئەز دووبارە ناکەمەڤە تەنها دوو خالا بەحس کەم، هەر زی جڤاتا پارێزگەها هەڵەبجە بێتە پێك ئینان، کوش ئەگەرێن سیاسی هاتە پەکخستن، گرینگە دوماهیك رێکەڤتنا سیاسی دوێ بارێدا بکەن، بکەنە بنەمایەك بۆ پێکئینان جڤاتێ، خالا دوێ کو

گەلێت خالا هاتنە دووبارە کرن لای برادەران، خالا دوماهیکێ لای من ڤە گرینگە گرینگیدان مینۆمێنتێ هەڵەبجە بکرێتە مینۆمێنتەکی نێودەولەتی وە سەرجەم ئەرشیفەکان لە چوارچێوەی دۆسیەیەك لە رێگای تیمێکی پسپۆر کو بگەرێنەوە ئەو شوێنانەی کە لە ئێرانەوە بردویانە هەمووی لە کتێبخانەی گشتی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨) براون بۆ ئێران هەتا ئێستا نەگەرێنراونەتەوە، ئەمە هەمووی ئەرشیفی شاری هەڵەبجەیە دەبێت بگەرێتەوە بۆ شاری هەڵەبجە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (جلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری رێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی رێگای کوردستان بە تایبەت شەهیدانی هەڵەبجە، کە ئەو زامە قوڵە بە ئەستەم لە جەستەی کوردستان سارێژ دەبێت، من دەڵێم با هەموومان بە عەقڵێکی کوردانە، بە بیر و هزرێکی جوان ئەگەر پێمان دەکرێت با خزمەتی شاری هەڵەبجەی شەهید بکەین، شارێکی وا زیندوو خاوەن کەلتوورێکی وا جوان، خاوەن ژینگەێکی وا جوان، بۆ هەموو سێکتەرەکانی ژیان، من بەپێی ئەوەی جێگری سەرۆکی لێژنەی رۆشنبیری کۆمەڵگای مەدەنی وەرزش و لاوانم بە حەقی خۆم دەزانم داوای ئەوە بکەم یاریگایەکی شایستە بۆ وەرزشوانانی هەڵەبجە بکرێت، دەیان هەزار لاوی بەهرەمەندی ئەو شارە خۆشەویستە لە کوڕ و کچ کە حەزێکی یەکجار لە رادە بەدەریان بۆ وەرزش هەیە، بەتایبەتی بۆ تۆپی پێ، گرینگە یاریگایەکی ئەگەر نێودەوڵەتیش نەبێت نیمچە نێودەوڵەتی بۆ ئەو شارە ئەنجام بدرێت، سازبکرێت، دروست بکرێت، چونکە خەڵکێکی یەکجار زۆر لە کچان و کوڕانی ئەو شارە بە ناچاری هەڵەبجە بەجێ دێڵن دێن لە سلێمانی یاری دەکەن، لە هەولێر یاری دەکەن، لە دهۆك یاری دەکەن، گرینگە ئەو یاریگایە دروست بکرێت، چونکە بە حەقی خۆمی دەزانم کە چی بە زوڵمیشی دەزانم، زوڵمێکی گەورەیە، گوناحێکی گەورەیە لە وەرزشوانانی هەڵەبجە دەکرێت، دیسان دەڵێمەوە تەئکید دەکەمەوە کە یاریگایەکی شایستە بۆ وەرزشوانانی هەڵەبجە دروست بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، درود بۆ گیانی پاك و روحی سەرجەم شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید، تەعریفی ئوممەمی موتەحیدە بۆ جینۆساید دەڵێ (ئەو گەلانەی جینۆساید دەکرێن هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە کە قوربانییەکی بەدەوامن، جینۆساید هەر ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە شەهید کراوە خراوەتە ژێر خۆڵەوە بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە شوێنەکانیان هەڵکەنراون و لەسەر کارەکانیان لابراون و ئەو کەسانەی کە کەسوکارەکانیان لە دەست داوە هەرچی کە لەو چوارچێوەدا تووشی کارەسات دێت ئەوانەش بە جینۆساید ئەژمار دەکرێن،

چونکە هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە کە قوربانییەکی بەردەوامن)، ئێمەش خاوەن هەڵەبجەی شەهید و ئەنفالین لە کوردستان بە دەستی رژێمی بەعس، بۆ سارێژکردنی برینی هەر گەلێك کە رووبەرووی جینۆساید ئەبێتەوە پێیستی بە دوو رێگەیە، رێگەی یەکەم قەرەبووی ماددی، رێگەی دووەم قەرەبووی مەعنەوی، قەرەبووی ماددی قەرەبووکردنەوەی زەرەروو زیانی قوربانیان و دەعمکردنیانە بۆ ژیانێکی شایستە، قەرەبووی مەعنەوی دروستکردنی مۆنۆمێنتە لە سەرجەم شارەکانی کوردستان نەك تەنها لەو شارەی کە جینۆسایدەکەی لێ ئەنجام دراوە، ناوی شەقام و هەندێك لە شوێنە گشتییەکان و مەنهەجی خوێندن بە ناوی هەڵەبجەی شەهید و هەروەها شەهیدانی ئەنفالیش بکرێت، دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکە و سزادانی سەرجەم تاوانباران بە جاش و موستەشارەکانەوە، خاڵێکی تر کە زۆر گرینگە هەرچەندە لە راپۆتەکەشماندا هاتووە ئەوەیە کە سەرجەم پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکانمان لە بەغداد کاری جدی بکەن بۆ قەرەبووکردنەوەی سەرجەم قوربانیانی هەڵەبجەی شەهید و ئەنفال، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون لێژنەی رۆشنبیری بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، دواین راپۆرت راپۆرتی لێژنەی شارەوانییە، داوتر رێگە بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەدەین بۆ ئەوەی قسە بکەن، (د.گلاویژ) ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موداخەلەك و سەرنجێکی گرینگم هەیە بۆ دانیشتوانی هەڵەبجە...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گیان ئەگەر نوقتەی نیزامییە بیڵێ...

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکی زۆر گرینگە دکتۆرە ئەگەر دەرفەتم پێ بدەی پێم خۆش بوو بیڵێم...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

نا وەڵا ئەمرۆ نا، ئەمرۆ ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت با وەری نەگرین، سەرۆکی لێژنەی شارەوانی، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەرە و میهرەبان، هەڵەبجە ناسنامەی مەزڵومیەتی گەلی کوردستانە، هەڵەبجە زامێکی قوڵە، برینێکە هەرگیز لە دڵی هیچ کوردێك سارێژ نابێت، بۆیە لەم یادە مەزنەدا لەم مەرگە ساتە گەورەیەدا سەری رێز و نەوازش لە ئاست رروحی بەرزەفڕی شەهیدانی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین، ئەمڕۆ (٣٣) ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر مەرگە ساتی هەڵەبجە، (٣٠) ساڵ تێپەر دەبێت بەسەر ئازادکردنی هەڵەبجە، (٧) ساڵ تێپەر دەبێت بەسەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بۆ بە پارێزگاری بوونی هەڵەبجە، کەچی هێشتا هەڵەبجە ئاسەواری

کاولکاری و ماڵوێرانی بەسەرەوە دیارە، بۆیە ئەگەر لەم یادەدا وەك وەفایەك بۆ روحی بەرزەفڕی شـەهیدانی هەڵەبـجە بـۆ کەسـوکاریان، بـۆ قوربانیـانی کیمیابـارانی هەڵەبـجە، ئەوەی بکـرێ بـۆ خزمەتکردنـی هەڵەبـجە و هەڵەبجەییەکـان هەر کەمە، ئـێمە لە لیـژنەی شـاروانی و گواسـتنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆ ئەم ساڵ بۆ ئەم یـادە بە پێویسـتی دەزانـین حکومەتی هەرێمی کوردسـتان کە بەری رەنـج و خەبـات و تێکۆشـانی گەلەکەمـان و شـەهیدان و قوربانیـدانی هەڵەبـجە و تەواوی شـەهیدانی کوردسـتانە بڕیـار بـدا بە پێشکەشـکردنی کۆمەڵێـك خزمەتگـوزاری پێویسـت بـۆ ئەم سـاڵ، بـۆ سـاڵانی تـریش بێگومـان هەڵەبـجە پێویسـتی بە خزمەتگوزاری و خزمەتکردنی زیاتر و زیاتر هەیە:

یەکەم: تەواوکردنی ماستەرپلانی شاری هەڵەبجە کە سێزدە ساڵە (٩٠٪)ی ماستەرپلانەکە تەواو بـووە و بەڵام تـاوەکو ئێسـتا وەرنەگیـراوە، هەر لە چوارچێـوەی ماسـتەرپلانی شـاری هەڵەبـجە کەمەربەنـدی (٤٠م) بـازنەیی بە چـواردەورەی هەڵەبـجە پرۆژەیێکـی گرنـگ و سـتراتیژییە و سـیمایەکی جـوان و ئـاوەدانییەکی بـاش بـۆ هەڵەبـجە دەبەخشـێت، تەواو کردنـی پـرۆژە وەستاوەکانی شارەوانی هەڵەبجە کە خۆیان لە (٩) پرۆژە دەبیننەوە:

١-خزمەتگـوزاری پیسـیەکان و تەواوکـاری زەمەقـی کە (٩٠٪)ی پـرۆژەکە تەواو بـووە، لە سـاڵی (٢٠١٣)ەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری لێ دراوە.

٢- دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی بۆ شاری هەڵەبجە کە ساڵی (٢٠١٤) بڕیـاری لێـدراوە و (٨٣٪)ی کارەکانی تەواو بووە.

٣- رێگاسازی کەرتی پێنجی ئەندازیاران (٦٠٪)ی تەواو بووە و ساڵی (٢٠١٣) بڕیاری لێدراوە.

٤- دروستکردنی شەقامێك بۆ پـرۆژەی ئـاوی هەڵەبـجە (٢٠١٩) بڕیـاری لێـدراوە (٨٠٪)ی کارەکـانی تەواو بووە.

٥- دروستکردنی پرد و ئاوەڕۆ رێگاسازی چەمی کارێز گەڕەکـی (بەختیـاری) سـاڵی (٢٠١٣) بڕیـاری لێدراوە و (٨٦٪)ی کارەکانی تەواو بووە.

٦- گەیانـدنی خزمەتگـوزاری بـۆ (٣٦١) وارسـی لە هەڵەبـجەی شـەهید کە سـاڵی (٢٠١٣) بڕیـاری لێدراوە (٥٢٪)ی کارەکانی تەواو بووە.

٧- هەزار خانووی وارسی شەهیدان (٤٠٪)ی تەواو بووە.

٨- قیرتاوکردن و کۆنکرێتکردنی گوندی (عەبـابەیلێ) لە گەرەکەکـانی مەکتەبەکە و مـزگەوتەکە و ماڵە شێخەکانی (زەلەکۆن) ساڵی (٢٠١٣) بڕیاری لێدراوە و (٢٥٪)ی تەواو بووە.

٩- خزمەتگوزاری گەرەکی سەرا بەشێك لە شەهیدان لە هەڵەبـجەی شـەهید سـاڵی (٢٠١٣) بڕیـاری لێدراوە و (٩٪)ی کارەکانی تەواو کراوە.

هەمـوو ئەو پـرۆژانە بەهـۆی هاتنەپێشـی و قەیرانـی دارایـی و سـەرهەڵدانی شـەری داعـش ئەم پـرۆژانە وەسـتێنراون، لە ئێسـتادا کە بـارودۆخی دارایـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەرەو سـەقامگیربوون دەچێـت ئەرکە لەم سـاڵدا حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بڕیـار بـدات بـۆ تەواوکردنـی ئەم پـرۆژانە، هەروەهـا جێگـای داخە هەڵەبـجە پارێزگـایە کەچـی میـزانیەکەی لە ئێستادا تەنها شەش ملیۆن دینارە، بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراویش وەزارەتـی شـارەوانییە هـیمەت بکـات بـۆ ئەوەی میزانیەیێکـی شایسـتە بە شـاری هەڵەبـجە و

پارێزگای هەڵەبجە دابین بکرێت، میلاکاتی شارەوانی هەڵەبجە یەکێکی ترە لە گرفتەکان کە پێویستە هەنگاو بنرێت بۆ ئەوەی ئەگەر بە شێوازی گرێبەستیش بێت کۆمەڵێك ئەندازیاری جیا جیا دابمەزرێ، چونکە تەنها لە بورای ئەندازیاری میعماری تەنها یەك ئەندازیار لە شارەوانی هەڵەبجەیە، ئاو تارادەیێکی باش حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاو توانیویەتی ئاوی پاکی خواردنەوە بۆ گەڕەکە جۆربەجۆرەکانی شاری هەڵەبجە دابین بکات، تەنها گەڕکێکمان هەیە کە پێویستی بە یەك ملیار دینارە لە بەری (عەبابەیلێ) کێشەو گرفتی ئاوی خواردنەوەیان هەیە و رۆژانە ئاو بە تانکەر بۆ ماڵەکان دابین دەکرێت، پێویستی بە بڕی یەك ملیار دینارە ئومێدەوارین حکومەت بتوانێ بڕیار بدات ئەم گەڕەکە ئاو پێویستی بۆ بچێت، هەروەها لە بورای گەشتیاریدا خوای گەورە سروشتێکی جوانی بە شارەزوور و هەڵەبجە بەخشیوە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی گەشتیارییەوە بایەخی زیاتر بە هەڵەبجە و هەورامان بدات ئەکید دەبێتە سەرچاوەیێکی گرینگ بۆ داهات و دەبێتە فرسەتێکی باشی هەلی کاریش بۆ گەنجان و لاوانی هەڵەبجە، لە کۆتایدا داواکارین لە پرسی بوودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان حیساب لەسەر ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە نەکرێت، بەڵکو حیسابی کاولکاری و ماڵوێرانی و قوربانیدانی هەڵەبجە بکرێت، بوودجەیێکی شایستە لەسەر ئەم بنەمایە بۆ هەڵەبجە تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگایەکی نمونە لە بەرامبەر قوربانیدانی خەڵکی هەڵەبجە پێش کێش بکەین، هەروەها هەموو ئەوانەی باسمان کرد لە ئەنجامی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان خزمەتگوزاری هەڵەبجە لێمان دەخوازێ وڵاتەکەمان، هەرێمەکەمان، هێزە سیاسیەکانمان، یەکگرتووبن نێو ماڵی کورد یەك ریز و تەبا بێت، چونکە تەنها بە تەبایی و یەکریزی ئەتوانین روحی شەهیدانمان لە بەهەشتی بەر بەریندا ئاسوودەتر بکەین، خزمەتگوزاری پێویستیش پێشکەش بە هەڵەبجە و شارەزوور و هەڵەبجەییەکان بکەین.

لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاند لە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەندامانی لێژنە ئەوەی قسە دەکات جارێکی تر دەرفەتی نادەین قسە بکات، کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ سەرێ خۆ دەچەمێنین هەمبەر قوربانیدانا خەلکێ حەلەبچە و ئەو قوربانیدانا وان دای کو ئەڤرۆکە بویە سومبولەك ژبۆ گەلێ کوردستانێ، سەرای کو هەڤرامە دگەل راپۆرتا لیژنەیێ لێم دڤێت ئاماژە بچەند خالەکی دی بدەم کو بگرینگ دەبینم دە ئەڤروکەدا بەحس لسەر بکەم، سەرجەم کێشێن گرێدای پارێزگای حەلەبچە دیەك خالدا دهێنە کۆمڤەکرن ئەو ژی پێکهینانا ئەنجومەنێ پارێزگاها حەلەبچەیە، کولگوری یاسا ژمارە (١)ی ساڵا (٢٠١٥) کو ل (٢/٥) دەرچویە ئاماژە کو بچەندێ دایە ئەنجومەنا پارێزگەهێ بهێتە پێك هینان، لساڵا (٢٠١٥) هەتاکو ڤی دەمی ناکوکێن لایەنی سیاسی نەبوونە هۆکارا وێ چەندێ کو ئەڤ ئەنجومەنا بهێتە پێك هینان و ئەو ناکۆکی کەتنە رێگر بەرامبەر وێ چەندێ پشتی شێست کۆمبوونا و سێ جارا رێکەڤتنێ هەتا نوکە ئەنجومەنێ پارێزگەهی نەهاتیە پێك هینان، پێکنەهینانا ئەنجومەنی

پـارێگەهی ژ بـوویە هۆكـارێ وێ چەنـدێ كـو سـەرجەم رێڤەبەریـێ گشـتی ب پارێزگـار وەكـو وەكـالەت بهێـنە برێڤەبـرن، چـونكی ئەنجـومەنێ پـارێزگەهێ دەنـگ لسـەر نەهـاتیە دان، سـنورێ پارێزگەها حەلەبچە خودان چەندین دەروازەێـن لاوەكـی و قاچـاغە لهەتـاكو ڤـی دەمـی ژی هـیچ مفایەك ڤان دەروازە ژبۆ خەلكێ ڤێ دەڤرێ نەبوویە، هەر یەك ژ مەرزێن لاوەكـی وەكـو تەوێـلە و پشا لسوی سنووری هەروەسا مەرزێن كو بقاچاغ دهێنە دیاركرن وەكو بیار و خورمـاڵ و سـیروان و بەمۆ كو داهاتەكی زۆر سالا پتر ژ پێنجا ملیار دیناران ژبۆ حكومەتێ زڤریتن لێ بتەنـێ وێرانـی و نە ئـاڤەدانی ژبـۆ خەلكـێ ڤە دمینیـتن، مـن ڤێـت ئامـاژە بـوێ چەنـدی ژی بـكەم سـەرەرای بپارێزگاكرنا پارێزگا هەلەبچە لێ نووكە زێدەتر ژ دە بنایێت حكومی حزبان داگیـر كـرینە و تێـدانە، ددەمەكیدا كو فەرمانگەهێن حكومە لپارێزگەها حەلەبچێ (٢٥) فەرمانگە دكرێـدانە و سـالانە دوو سەد ملیۆن دیناران ژبۆ كرێـدانە وان خانیـا تێـنە دان ددەمەكیـدا بارەگـاێن حكـومی هەنە لژڤـال حزبا ڤەهاتینە داگیركرن، دوماهێن مـن دڤێـت ئامـاژە بـووێ چەنـدێ بـدەم دنـوكەدا فەرمنـبەرێن هەمیشـــەیی و فەرمـــانبەرێ گرێبەســـت لســـنوورێ پارێزگەهـــا حەلەبـــچە نزیـــك یـــازدە هەزار فەرمـانبەرانە لـێ ژبـۆ دەستبەكاربوونا سـەرجەم رێڤەبەرێـن گشـی و پێداویسـتی میلاكاتـا لـوێ پـارێزگەهێ پێویسـتی بچـار هـزار فەرمـانبەرێ دیـیە، دوماهێـدا ئامـاژە بـووێ چەنـدێ دەم ژبەر نەبوونـا دەلیڤـێن كـاری و ئەنجـام نەدانـا پـرۆژێن خزمەتگـوزارێ و ڤەدیتنـا دەلیڤـێن كـاری ....................... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست خۆش، بەڕێزان ئاماژە بە بڕگەی چوارەم، خـاڵی دووەم، لە پەیـڕەوی نـاوخۆ لە ماددەی (٥٤) قسەی یەكتری دووبارە مەكەنەوە، بۆ ئەوەی ناچار نەبین قسـەكانتان پـێ ببـڕین، یەعنـی ئێسـتا بـابەتی ئەنجـومەنی پارێزگـای هەڵەبـجە ئەوە سێیەم كەسـە باسـی دەكـات، ئیتـر پێویست ناكات، یەكێكە لە خەمەكانی هەڵەبجە، كێشەكانی هەڵەبجە، كاك (رزكار)، فەرموو.

**بەڕێز رزكار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشـەكی بەخێرهـانتی وەزیـرە بەڕێزەكـان دەكەیـن، بـۆ ئامادەبوونیـان بە خەم خـۆری و ئاسـتی بەرپرسیاریەتی و گرینگیدان بە پارێزگـای هەڵەبـجەی شـەهید دادەنـێن، لەم رۆژە كە گەورەتـرین تاوان لە مێژووی مرۆڤایەتی دژ بە گەلی مەزلومی كورد و كوردستان كـرا سـەری رێـز و نەوازش بـۆ شـەهیدان بـۆ قوربانیـانی هەڵەبـجە دەنـوێنین، هەڵەبـجەی شـەهید لەرووی ئـاوەدانی و خزمەتگوزاری و گەشتوگوزار و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و بەرهەم هێنـان شـایەنی ئەوەیە حكومەتی هەرێمـی كوردسـتان زیـاتر لە هەر كـاتەك لە ئێسـتادا گرینگـی بە پارێزگـای هەڵەبـجەی شەهید بدات، بۆیە داوا لە وەزارتە پەیوەندیدارەكان و لایەنـی پەیوەندیـدار دەكەم كە یەكەمـین هەنگـاوی خێـرا و كـارتێكەر لە كەرتـی ئـاوەدانی و خزمەتگـوزاری و ژێرخـانی ئـابووری تـایبەت گەشتوگوزار هەرچی زووتـر ئەنجـومەنی پارێزگـای هەڵەبـجە پێـك بهێنرێـت، دەسـەڵاتی تەواوی ئیداری و لە گشت سێكتەرەكانی ئیدارە پێ بدرێت، بـۆ ئەوەی زیـاترین خزمەتگـوزاری پێشـكەش بكرێـت، لەو وەزعـی چەقبەسـتوویی ئیـداری و ئـاوەدانی دەربێـت و لە ئاسـتی ئـاوەدانكردنی ركابەری لەگەڵ پارێزگایەكانی تر بكات، لە كۆتایی پشتگیری لە راپۆرتی لیـژنەی خۆمـان دەكەیـن،

داوا دەکەین راپـۆرتی لیـژنەی شـارەوانی کە لەلایەن بەڕێـز سـەرۆکی لیژنەکەمـان خوێنـدراوە بە هەند وەربگیرێت، هیوادارین هەر چی زووترە دەرەنجامەکای ئەرێنی ببینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، با ئەو نوقتە نیزامییە وەرگرین، کاك (نزار)، فەرموون.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئەمرۆ یادێکی خەمناك پێنج هەزار رۆڵەی کورد بەبێ تـاوان بە دڕەنـدەترین شێوە شەهید کـران لە یـادی شـەهیدانی هەڵەبـجە بەپێویسـتی دەزانـم لێـرەوە ئامـاژە بە خاڵێـك بکەم کە لە دەستووری عێراقی لە ماددەی (١١) لە خاڵی یەکەم باس لەوە دەکات دەبـێ حکـومەتی مەرکەز پابەنـد بـێ بە قەرەبـووکردنەوە، یـاخود پابەنـد بێـت بە قەرەبـووکردنەوەی شـاری هەڵەبـجەی شـەهید، بـۆیە لێـرەوە داوادەکەن وەکـو نـوێنەرانی خەڵـك وەکـو پەرلەمـان وەکـو پەرلەمانتاران دەنگـی خۆمـان بگەیـنین بە دەوڵەتـی مەرکەز کەوا دەبێـت قەرەبووی هاوڵاتیـانی شـاری هەڵەبـجە بکـرێتەو، لەهەمـان کاتیشـدا دەسـت خۆشـی لە بڕیارەکـانی جەنـابی سـەرۆکی حکومەت دەکەم، دەست خۆشی لەتیمی حکومەت دەکەم کەوا بەو بڕیـارانەی لەم دوایە دران بـۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵەبجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، قسە دەکەن؟ کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سـەری رێـز دادەنـوێنم بـۆ شـەهیدانی راسـتەقینەی شـاری هەڵەبـجەی شـەهید، پێشـنیار دەکەم پڕۆژەکـانی شـارەوانی و پرۆژەکـانی ئیستیسـماری لەو نـاوچەیە بـرەوی پـێ بـدرێت، بـۆ ئەوەی پارێزگای هەڵەبجە ببێتە یەکێك لە پارێزگا دیارەکـان و بەرفـروان بکرێـت، پێشـنیار دەکەم خاڵە سنوورییەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە برەوی پێ بدرێت وە فراوان بکرێـت، بـۆ ئەوەی داهاتی هەبێت، ئەو داهاتەی بخرێتە خزمەتی پارێزگای هەڵەبجە و خەڵکی شـاری خۆشەویسـتی هەڵەبجە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو، با نوقتە نیزامییەکە وەرگرم، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ راپۆرتێ زۆر تێر و تەسەل هاتنە پێشکەش کرن ئەڤ هەر سێ راپۆرتا زۆر بـاش بـوون، بەلـێ دە ئاستێ ناڤخۆیدابوون، مخـابنیڤە پێتڤیـا و ئەز وەکـو ئەنـدامێ لێژنـا پەیوەنـدیا دەرڤە پێتڤیـا راپۆرتەکا تایبەت لسەر پەیوەنـدێن دەرەوە هـاتبووە پێشـکەش کـرن، چـونکی جینۆسـاید ناسـینا حەلەبچە و هەروسا بابەتێن یاسایی بکومپانێن چەکێ کیمیایێ فرۆتینە پێتڤیا ئەو راپۆرتا هاتبیا پێشکەش کرن، ئەڤ راپۆرتا هاتبیا پێشکەش کرن بـۆ قونسـولا، هەروەسـا ئامادەبوونـا سـەرۆکێ

فەرمانگا پەیوەندیا زۆر زۆر زەروری بی دڤێ کۆمبونێدا، تێبینیا مەیا شەخسییە، هەروسا تێبینیا دویێ ئەڤە سێ لێژنا هاتینە راپۆرتێ خۆ پێشکەش کرن، هەر راپۆرتا تێتە پێشکەش کرن ئەڤ راپۆرتا راپۆرتەکا هاوبەشە بۆ هەموو لێژنەیێ، بەس مخابنیڤە هەموو ئەندامێت لێژنا تێبینیا خۆیێن تایبەت هەڤە ژ پەیرەویان چێ نابێت بێتە پێشکەش کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە راستیا ئێمە هەردوو لێژنەی شەهیدان و پەرلەمانتارانی هەڵەبجەمان بە رەسمی راسپاردبوو، هەر لێژنەیێکی تری پەرلەمان دەست پێشخەری بکردایە بیوتایە ئێمە دمانەوێت راپۆرت ئامادە بکەین، ئێمە دامان دەنا لە بەرنامەی کارەکە، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کاتێک کە واژوویان کردووە بۆ ئەوەی ئەم دانیشتنە بکرێ، داوای بەڕێز بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیان نەکردووە ئەگینا بەرێزیانمان بانگ دەکرد، سەبارەت بە ئەندامانی پەرلەمان کە لە لێژنەکانن ئەو لێژنانەی کە راپۆرت دەخوێننەوە لە راستیا بەشێکی زۆریان ئەو قسانەی دەکەن پەیوەندیان بە کاری لێژنەکەیانەوە نییە، ئێمە هەم بۆ ئاسانکاری، هەم بۆ کەمکردنەوەی کات دەڵێین یەك جار دەرفەتتان دەدەین، ئێستا بە نمونە (سەرچنار) خان، کە قسە دەکات ئەگەر باسی شارەوانی بێت یان هەر باسێکی تر بێت جارێکی تر دەرفەتەی قسە کردنی پێ نادرێتەوە، تەنها بۆ تەنزیمە، هیچ ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانمان نەبینی لە ئەندامانی لێژنەکان شتێکی مخالف لەسەر ئەوە بڵێ کە سەرۆکی لێژنەکەی خوێندویەتییەوە، تەئیدی دەکەن، پێیان باشە یان هەندێك جار ئیزافەێکیان هەیە، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٣) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە درودو سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەنێرین، من وەکو پەرلەمانتارێکی هەڵەبجە و دانیشتوی ئەم پارێزگایە پێم باشە دەستپێکی قسەکانم بەم وێنانە بکەم کە باسی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە دەکات، ئەمە داوی (٣٣) ساڵ ئەمە وێنەی هەڵەبجەیە، دوای (٣٣) ساڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان لێرەن لە وەزیری ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی و وەزیری پلاندانان وەزیرە بەرێزەکانی تر ئەمە وێنەی هەڵەبجەیە، دوای سەد ساڵ (١٩٢١) تا (٢٠٢١) ئەمە وێنەی هەڵەبجەیە، راستی بەرێزان هەڵەبجە بێتاقەت بووە لە بەڵێن، لە قسە، لە دروشمی بریقەدار، هەر ئەو رۆژە دوای ئەوە ناکرێت، ئێمە پێویستمان بە کردار هەیە، یەعنی پارێزگای هەڵەبجە پارێزگایەکی ماندووە، یەك جار شەهید کرا، با هەموو ساڵێك بریندار نەکرێتەوە بە بەڵێنێك کە بەڵێنەکە جێ بەجێ نەکرێت، داوا دەکەم ئەوە دواجار بێت بۆ ئەوەی بەڵێنی بریقەدار جێ بەجێ نەکرێت، هەم ستافی حکومەت لێرەیە و هەم پەرلەمانتارە بەرێزەکان لێرەن، دەبێت هەنگاوی خێرا بنرێت بۆ هەڵەبجە، هەڵەبجە پێویستی بە هەنگاوی خێرا هەیە، یەکێك لەوانە ئەوەی کە هەڵەبجەی کوشتووە بودجەی نیە تاوەکو ئێستا، یەعنی پارێزگای هەڵەبجە بودجەی لەبەر دەستدا نیە پڕۆژەکانی بکات ئەوە یەك، دووەم: ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمان دەری دەکات کە شەش ساڵ حەوت ساڵی بەسەرداچووە، یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥)، بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠١٤) هەر وەرەقەیەك و نووسراوە لەسەر کاغەز جێ بەجێکردنی نەکراوە، ئەگەر ئەو بڕیار و یاسایانەی کە پەرلەمان جێ بەجێی کردووە

چاودێری بکردایە ئێستا هەڵەبجە دۆخێکی تری دەبوو، خاڵێکی تر بریندااران دوای سی و سێ ساڵ مانای نیە بریندااری چەکی کیمیاویمان هەبێت شەو تاوەکو بەیانی بە ئۆکسجینەوە نەبێت ناتوانێت بژی لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر منداڵی بەرپرسێك هەڵامەتێك بگرێت حەوت وڵاتی پێوەدەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستاش بەداخەوە بریندااری چەکی کیمیاوی هەموو شەوێك چاوەڕێی مردنە، یەعنی هەڵەبجە وەکو گوتم بە کرداری دەیەوێت، ئەو پڕۆژە ستراتیجیانەی کە بڕیاردراوە جێ بەجێ بکرێت بۆردێکی ئاوەدانکردنەوە با دروست بکرێت لە وەزیرە بەڕێزەکان (ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی، پلاندانان، کشتوکاڵ) هەر وەزیرێکی تر کە مۆڵەتی وەرگرتنی پڕۆژەیان هەیە با ئەمرۆتیناتە نەمێنێت، یەعنی وەبەرهێنەر کاتێك دەیەوێت بێتە هەڵەبجە وەبەرهێنان بکات ئەوەندە رۆتیناتی بۆ دروست دەکرێت، ئەوەندە بارگرانی، ئەوەندە رێنمایی، با هەندێ رێنمایی دارایی و کارگێڕی هەیە هەڵەبجەی لێ بدەر بکرێت، هانی وەبەرهێنەر بدرێت بێتە هەڵەبجە، ئەگەر بمانەوێت دەستی ئاوەدانی بکەین، بمانەوێت کار بکەین بۆ هەڵەبجە دەبێت لەو خاڵانەوە دەست پێ بکەین، ناکرێت ئێمە بڵێین ئەوە بکرێت و ئەوە بکرێت، هیوادارم قسەکانم جێگەی گرتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ڤێ یادا غەمگین و پیرۆزدا سەرێ رێزی بۆ شەهیدێن حەلەبچە و هەمی شەهیدێن کوردستانێ دچەمینین، ل راستیدا گیانێ پاکێ شەهیدان ب چ ناهێتە قەرەبوو کرن، بەڵێ ئەم دووپات کەین لێ ئاڤەدانکرنا زێدە تر بۆ حەلەبچە دکەین بۆ هەندێ کو کەس و کارێ شەهیدان ل ژیانەکا شایستە تردا بژین، ل ڤێرەدا دەستخۆشی و پشتگیرا مە بۆ هەوڵ و بڕیارێن رێزدار سەرۆکی حکومەتێ دەر دەبڕین کو بڕیارا جێ بەجێ کرنا چەندین پڕۆژەی خزمەتگوازی ل حەلەبچە داینە و هاتینە پەسەند کرن، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، ژ وان رۆژێت هاتینە پەسەندکرنێ ژ لایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ڤە ئەڤەنە، پازدە پڕۆژە.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نجات خان بۆ لێناگەڕێی حکومەت ئەو پڕۆژانە بڵێت، تۆ ئەگەر داواکاریت هەیە بیڵێ، ئەوەی کە حکومەت قەراری لێداوە با وەزیرەکان بیڵێن، سوپاس بۆ لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات با بفەرمووێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری پلاندانان دکتۆر دارا پابەندە بە سەفەرکردن لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتژمێر (١)، پێش ئەوەی بەڕێزتان قەسە بکەن دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری پلاندانان بۆ ئەوەی قسە بکات، دواتر دەرفەت دەدەین بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کاك د.دارا دوای ئەوەی ناوەکانمان نووسی بەڕێزتان قسە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن پابەندیەکەتان جێ بەجێ بکەن، بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە هەر کەسێکمان نەنووسی بوو بیڵێت بۆ ئەوەی ئیزافەی بکەین (د.کاظم، د.محی الدین، د.اسماعیل، کاك دیاری، بدریە خان، مامۆستا ابوبکر، کاك کاوا، د.عثمان، کاك سیروان،

مامۆستا عمر، هەلز خان، کاك مەم، مژدە خان، کـاك مسـلیم، مامۆسـتا عبدالسـتار، گولسـتان خـان، کاك زیاد، د.هەورامان، ئاشنا خان، کاك جمال، کاك باڵانبۆ، شادی خان، کاك بەڵێن، شـنۆ خـان، کـاك عباس، کاك مەلا ناصر، کاك سەرکۆ، کاك علی حەمە صالح، کاك یاسین، شـیرین خـان، کـاك حـاجی هێرش، کاك شەمۆل، کاك راهی، کاك رزگار، کاك زانا، کاك ادریس، کـاك مەلا احسـان، د.زێـدان، کـاك چیا، کاك رێبوار، کاك مەلا جهاد، حسیبە خان، لەنجە خان، کاك سەروان، جـوان خـان، کـاك حـاجی سەفین، کاك حاجی هەڵکەوت، گولیزار خان، کاك حکمەت، د.گەلاوێژ، ژیان خان، کـاك شـوان، کـاك شێخ زاهیر، گولستان خان، کـاك ریڤینـگ، لیـزا خـان، کـاك هێڤیـدار، کـاك مەلا وەیـس، لیلـی خـان، هـدیە خـان، کـاك مەم اسـکندەر، سـارا خـان، کـاك ئـازاد، کـاك رۆمیـۆ، کـاك عثمـان سـێدەری، کـاك شاخەوان)، کاك شاخەوان فەرموو، لە دوای ئەو د.دارا وەزیری پلانданان قسەکانی دەکات.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەمـڕۆ سـی و سـێ سـاڵ تێـدەپەڕێت بەسـەر کۆمەڵکـوژی هەڵەبـجەدا کە حکـومەتی فاشستی بەعس بە درەندانەترین شـێوازی کوشـتنی سـەردەم لە چوارچێـوەی پرۆسـەی پاکتـاوی نەژادیـدا دەرحەق بە خەڵکـی سـڤیل و بـێ دیفـاع ئەنجـامی دا، ئەوەی عێراقـی بەعـس کـردی بەرامـبەر بە گەلـی کـورد لە هەڵەبـجە تـاوانێکی کەم ویـنە بـوو لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، ئەم کارەسـاتە پێویسـتی بە رامـانی قـوول و کـاری ورد و سیسـتەماتیك هەیە لە ئەرشـیفکردن و تـوێژنەوە و لۆبیکـاری، ئەمەی تـاوەکو ئێسـتا کـراوە سـەبارەت بەم کۆمەڵکـوژیە دڵـۆپێکە لە دەریایەك کە دەبـوو لە مـاوەی سێ دەیەی رابـردوودا شـەپۆلەکانی تەواوی گۆشـەی ئەم زەویەی تەیـی بکردبـا، سـەیر بـکەن و چاوێـك لە جـوولەکە بـکەن چـۆن گەلەکوژیەکـانی هۆلۆکۆسـت و ئاوتیشـیس بەرز رادەگـرن و کاریـان لەسـەر کـردووە، بە هـۆی ئەو کاراسـاتانەوە سـەرۆك و سیاسیەکانی دنیایان هێنایە پشت سەری خۆیان، وە سەرەنجام دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزرانـد، دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ هێشتا لە هەر کوێەك دەنگێکی دژە سام سـەرهەڵبدات دەم و دەسـت لە جێگای خۆیدا سەر کـۆنە دەکرێـت، واتە ئەوان بە کـارکردنی ژیـرانە لەسـەر دۆزەکەیـان رێگەیـان گـرت لە دووبـارەبوونەوەی کۆمەڵکـوژی، بەڵام ئـێمە بە هـۆی تێنەگەیشـتنی گرنگـی جینۆسـایدی هەڵەبجە و ئەنفال ئێستاش لەم گۆشەیە یـان لەم گۆشـەی نیشـتیمان رووبەرووی گەلەکـۆمە و لە نـاوچوونی بە کـۆمەڵ دەبیـنەوە، بـۆیە پێویسـتە چیتـر واز لەوە بێنـین لە سـاڵێك تەنهـا رۆژێـك تەرخـان بکەیـن بـۆ یـادکردنەوەی هەڵەبـجە و بـاقی رۆژەکـانی سـاڵ ئەو دۆزە بە فەرمۆشـی بسپێرین، هەڵەبجە پێویستی بەوەیە تەواوی رۆژەکانی ساڵ کاری بۆ بکرێـت، هاوکـات هەڵەبـجە و هەڵەبجەییەکـان پێویسـتیان بە ئـاوڕدانەوەیەکی گەورە و گـرنگە بـۆ ئەوەی خزمەتگـوزاری زیاتری پێ بگات، بۆ ئەوەی کەمێك لە ناسۆری لە دەستدانی ئازیزانی کارەسات هەڵگرین، دەبێـت دەیان خزمەتگوزاری لە شێوەی ئەمانەی خوارەوە پێشکەش بەم پارێزگایە خۆشەویستە بکرێت.

یەکەم: پەلە بکرێـت لە تەواوکـردن و دەسـت بەکـاربوونی ئەنجـوومەنی پارێزگـای هەڵەبـجە بـۆ ئەوەی لەم رێـگەیەوە و هەم لە رووی سیاسـیەوە و هەم لە رووی ئیـدارییەوە بە ئەرکـی خۆیـان هەڵستن و نوێنەرایەتی هەڵەبجە بکەن.

دووەم: دروستکردن و پڕکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و پۆستە ئیدارییەکانی بۆ راییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیانی سنووری پارێزگاکە.
سێیەم: بەستن و تەواوکردنی پردی تۆقوت کە هەڵەبجە بە شارەزوورەوە دەبەستێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.دارا وەزیری پلاندانان فەرموو.

**بەڕێز د.دارا رەشید/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاسی پەرلەمانی کوردستان کە لە یادی کارەساتی کیمیاباران و جینۆسایدی هەڵەبجەی شەهید مێوانداری حکومەت بکات، لێرە دووبارە سەری رێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ قوربانیانی هەڵەبجە، هەڵەبجە شانازیەکی گەورەی قوربانیدان و بەرخودان و سمبولی مانەوەی میللەتی کوردە، بەڕێزان وەکو یەکێك لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا لە پاش بڕیاری پارێزگابوونی هەڵەبجە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو هەرێمی کوردستان رووبەرووی چەندان قەیران بوو، لەوانە قەیرانی دارایی و قەیرانی شەڕی نەگریسی (داعش)، هەروەها هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوەرە کە حوکمەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی وەکو پێویست ئەو ئیلیتزاماتانە و ئەو واجیبانە کە بەرامبەر بە شاری هەڵەبجە دەبابوو بیکات، بۆیە ئێمە وەکو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوادارین بتوانین لەم کابینەیەدا لە ماوەی تەمەنی ئەم کابینەیەدا خزمەتێکی باشتری هەڵەبجە بکەین لە ئاوەدانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و وەبەرهێنان، هەروەها بەرجەستەکردنی زیاتری هەلی کار و زۆرترین پرۆژە بۆ پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، بەڕێزان لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی لە نزیکەوە گوێگرتن لە پێداویستی و پرۆژەکانی پارێزگای هەڵەبجە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٥) بە یاوەری تیمێکی وەزارەتی پلاندانان سەردانی پارێزگای هەڵەبجەمان کرد و پاش گوێگرتن لە بەڕێز پارێزگار بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئەو پارێزگایە لیستێك داواکاریان ئاراستە کردین کە ژمارەیەك پرۆژەی بەردەوام و پرۆژەی نوێی لە خۆ گرتبوو، لێرە دەمەوێت زۆر سوپاسی هەم پارێزگار و هەم جێگری پارێزگار و قایمەقامی هەڵەبجە و بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەری گشتی و هەموو ستافی ئیداریی هەڵەبجە بکەم کە بەو ئیماکانیەتە کەمەی کە لەبەر دەستیان بووە توانیتیان خزمەتێکی باشی پارێزگای هەڵەبجە بکەن، لە پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێری پایتەخت ئەوەبوو داواکاریەکانی پارێزگای هەڵەبجەمان بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، هەر لەسەر ئەوە ئەساسە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/١١/١٠) کۆبوونەوەیەکی فراوانکرا بە حزووری جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەروەها وەزیری دارایی و بەندە لەگەڵ پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستان کە بە جیا لەگەڵ پارێزگاری هەڵەبجەش کۆبوونەوە کرا، ئەوەبوو رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگیرا بە دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ چەند پرۆژەیەك کە پرۆژە بەردەوامەکان و ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکان دوازدە پرۆژە بوو بە گوژمەی یازدە ملیار و

هەشت سەد و چل ملیۆن دینار، هەروەها پڕۆژەی نوێ بە گوژمەی یازدە ملیار و سەد و شەست و شەش ملیۆن دینار، کۆی گشتی ئەو پڕۆژانەی کە پەسەندکرا لەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە نزیکەی بیست و سێ ملیار دینار، ئەو گوژمەیەی کە بەڕێزتان ئیشارەتان پێدا بە لایەنی کەم سی ملیار دینار ئەم ساڵ بۆ پڕۆژە بەردەوامەکان و پڕۆژە پێشنیارکراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە تەرخانکراوە، نزیکەی ئەوەی کە باسمکرد بایی بیست و سێ ملیار دینار بوو، نزیکەی حەوت ملیار دیناریش تاوەکو ئێستا ماوە، ئێستا لە کۆبوونەوەداین لەگەڵ بەڕێز پارێزگار و ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بتوانین ئەو پارەیە و ئەگەر بکرێت زیاتریش بکەین بۆ چەند پڕۆژەیەکی تر بۆ پارێزگای هەڵەبجە، ئێستا بە وردەکاری باسی پڕۆژەکان دەکەم، بەڵام هەندێك لەو کۆبوونەوەی کە کۆبوونەوەیەکی گرنگ دادەندرا کە بە حزوری جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆمەڵێك بڕیاردرا لەسەر دەسەڵات و تەرخارنکردن بۆ پارێزگای هەڵەبجە، ئەوەبوو بڕیاردرا بە خەرجکردنی بڕی دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار وەکو بەخشین مینحە بۆ پارێزگای هەڵەبجە، هەروەها زیادکردنی پێشینەی مانگانەی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە بە بڕی بیست و دوو ملیۆن دینار، هەروەها زیادکردنی پێشینەی مانگانەی فەرمانگەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە بە بڕی شەست و شەش ملیۆن دینار کە پێشتر پارەیەکی زۆر کەم بوو، هەروەها دابینکردنی چەند ئۆتۆمبێلێك لەوانە ئۆتۆمبێلی ئەنبولانس ئیسعاف بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە، هەروەها پێدانی دەسەڵاتی تەنسیب بە پارێزگاری هەڵەبجە بۆ ماوەی سێ مانگ، ئەوە لە دەسەڵاتە کارگێڕیەکان بوو، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان بە تەنسیق لەگەڵ پارێزگارەکان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەوڵماندا‌وە کە زیاتر ئەو پڕۆژانە بیخەینە بواری جێ بەجێکردنەوە کە پڕۆژەی خزمەتگوزارین پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی هاوڵاتیان و هاونیشتیمانیان بە پارێزگای هەڵەبجە هەیە، لە لیستی پڕۆژەی پێشنیارکراوەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە ئەوەی کە زۆر دەمێکە هەم جەنابی پارێزگاری هەڵەبجە و هەم داواکاری خەڵکی هەڵەبجەیە دروستکردنی پردی تۆقوتە لەگەڵ شەقامەکانی کە ئەوە بە خۆشحاڵیەوە لە ساڵی (٢٠٢١) دەکەوێتە بواری جێ بەجێکردن گوژمەی پڕۆژەکە هەشت ملیار و چوار سەد و پەنجا ملیۆن دینارە کە ئەوە رەزامەندی لەسەر دراوە، لە ساڵی (٢٠٢١) جێ بەجێ دەکرێت ئەوە یەکێکە لە داواکاریەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەکید جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە تەوزیحی زیاتر دەدات، پردی تۆقوت پڕۆژەکە وەك یەك پاکیج بریتیە لە دروستکردنی رێگای هەڵەبجە پردی تۆقوت و پارچە رێگایەك تاوەکو سەر رێگای عەربەت دەربەندیخان بە درێژایی دە کیلۆمەتر و زائیدەن پردەکە کە حەقدە کیلۆمەترە، ئەو رێگایە پێویستی بە نزیکەی بیست و چوار ملیار دینار هەیە کە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە هەوڵداین کە بتوانین بڕە پارەیەکی بۆ دابین بکەین، چونکە پردی تۆقوت پڕۆژەیەکی زۆر ستراتیجیە بۆ پارێزگای هەڵەبجە، ئەو پردە گەرمیان و هەڵەبجە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها رێگا نێوان هەڵەبجە و گەرمیان کەم دەکاتەوە و پەیوەندی هاتووچۆیان بەهێز دەکات، ئەم رێڕەوە بیست و پێنج کیلۆمەتر کەمترە لە رێڕەوی هەڵەبجەی تازە زەرایەن بەرەو دەربەندیخان، هەروەها کەرەستەی بیناسازی لە دەربەندیخانەوە بە ئاسانتر و هەرزانتر دەگاتە هەڵەبجە، وە بە پێچەوانەوە بەرەوبوومی

کشتوکاڵی لە هەڵەبجەوە بە ئاسانتر دەگاتە دەربەندیخان و گەرمیان، هەروەها چەند گوندێکی دیکە دەکەونە سەر رێگاکە لێی سوودمەند دەبن، ئەوە یەکێك لەو پرۆژانەی پێشنیارکراوەکانە و بە خۆشحاڵی رەزامەندی لەسەردراوە و دەکەوێتە بواری جێ بەجێکردن، هەروەها نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە بە بڕی سێ سەد ملیۆن دینار، هەروەها شوستە و قیرتاوکردنی گەڕەکی شەهید فاتیح کە تابعی سەرۆکایەتی شارەوانی و وەزارەتی شارەوانیە بە بڕی حەوت سەد و بیست ملیۆن دینار، تەبعەن ئەوانە لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکانن، ئاوەڕۆی بەردەم ئامادەیی پێشەسازی هەڵەبجە، چونکە بەڕێزێك لە ئەندامانی پەرلەمان چەند پرۆژەیەکی داواکرد ئەو پرۆژانە زۆربەیان بڕیاری لەسەر دراوە و دەکەوێتە بواری جێ بەجێکردن، هەروەها چاککردنی رووناکی یاریگای شاهۆ حەمە فەرەج، پرۆژەی شەشەم دروستکردنی سیاج و ژووری ئیدارەی یاریگای گوڵان لە گەڕەکی کیمیابارانی یەك، پرۆژەی حەوتەم چاککردنەوەی کانی عاشقان، پرۆژەی هەشتەم دروستکردنی شۆستە و جەزرەی ناوەند لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و پەیکەری خاتوو میتران، هەروەها نۆژەنکردنەوەی هەندێك کاری شەقامی دەروازەی شار، هەروەها قیرتاوکردنی چەند کۆڵانێکی جیا جیا، هەروەها دروستکردنی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆیی جیا جیا لە چەند گەڕەکێکی هەڵەبجە، دروستکردنی چەند تانکیەکی ئاو بۆ گەڕەکی گۆران ستی، لەوانەیە ئەگەر پێویست بکات هەموو پرۆژەکان بخوێنمەوە ئەگەر نا بۆ وەزیرە بەڕێزەکان بەجێ بێڵم، بەڵام ئەوەی کە زۆر زەرووره لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان نزیکەی نۆزدە پرۆژە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانن کە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کۆبوونەیە رەزامەندی لەسەر داوە، ئەوەی کە باسمکرد بە بڕی یازدە ملیار و سەد و شەست و شەش ملیۆن دینارە، هەروەها لیستی پرۆژە بەردەوامەکانمان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە زۆربەی ئەو داواکاریانەی کە جەنابتان داواتانکرد لە پرۆژە بەردەوامەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ سێ سەد و شەست و یەك یەکەی نیشتەجێبوونی وارسی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید، ئەوە یەکێك لە دواکاریەکان بوو، هەروەها رێگا سازی کەرتی پێنجی ئەندازیاران ئەوە رەزامەندی لەسەر دراوە و بودجەی بۆ ترخانکراوە، تەبعەن یەکێك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئیشارەتی بەوەی دا کە تەنها ئەو پرۆژانە رەزامەندی لەسەر دراوە کە (٨٥٪)ی جێ بەجێکراوە و هەڵەبجە لەوە مەحرووم دەبێت، چونکە پرۆژەکانی کەمترن، مەسەلەن ئەوەی کە باسمکرد گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ سێ سەد و شەست و یەك یەکەی نیشتەجێبوونی وارسی شەهیدان رێژەی ئەنجامدراوی (٥٢٪)ە، بەڵام ئێمە رەزامەندیمان لەسەر داوە، رێگە سازی کەرتی پێنجی ئەندازیاران (٦٠٪)ە رەزامەندیمان لەسەر داوە، هەروەها دروستکردنی پرد و ئاوەڕۆ و رێگا سازی چەمی کارێز لەگەڕەکی بەختیاری خۆی (٨٦٪)ە، مەسەلەن قیرتاوکردن و کۆنکریتکردنی گوندی عەبابەیلی کە داواکرا لەگەڕەکەکانی مەکتەبەکە و مزگەوتەکە و ماڵە شێخەکان و زەڵەی کۆن رێژەی ئەنجامدراوی (٢٥٪)ە، بەڵام بڕیاری لەسەر دراوە کە بودجەشی بۆ دابینکراوە کە دەکەوێتە بواری جێ بەجێکردن، دروستکردنی شەقام بۆ پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە یەکێك لە داواکاریەکان بوو ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی لەسەر داوە، پرۆژەی رێگا سازی لە گەڕەکی راپەڕین و شەهیدان و شەقامی خزمەتگوزاری بەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی

لە شـارۆچکەی سـیروان ڕەزامەنـدی لەسـەر درواە، ئەوەش داواکاریەکـان بـوو، یەك شـتی زۆر گرنگمان بۆ هەڵەبجە کردووە ئەو پـڕۆژانەی کە مـن خوێنـدمەوە هەموویـان لەسـەر پەرەپێـدانی ناوچە جیا جیاکان بووە، ئەوەی کە پێیان دەگوترا پترۆ دۆلار، خۆتان دەزانن پترۆ دۆلار نەمـابوو، میزانیە نەمابوو، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان لە ژێـر ئیشـرافی جەنـابی سـەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت کە بتوانین بودجەی پێویست دابین بکەین لە پەرەپێدانی ناوچە جیـا جیاکـان شـتێك نەمـابوو بە نـاوی بـودجەی پەرەپێـدانی نـاوچە جیـا جیاکـان، ئـێمە توانیمـان لە وەزارەتی پلاندانان میـزانیەکە بگـۆڕین لە پتـرۆ دۆلار بـۆ بـودجەی وەزارەتەکـان کە ئەوە بەکێـك لەو کێشانەبوو کە ئەو پڕۆژانە ڕاوەستابوون و هیچ ئیحتیمالێك نەمـابوو تەواو بکرێـت، بەڵام بـا مونـاقەلەکردنی لە پەرەپێـدانی نـاوچە جیـا جیاکـان بـۆ بـودجەی وەزارەتەکـان، ئەو پـڕۆژانە دەکەوێتەوە بواری جێ بەجێکردن، هەروەها دروستکردنی قیرِ و شۆسـتە بـۆ گەڕەکـی ئاشـتی لە ناحیەی خۆرماڵ و ڕێگە سـازی گونـدی بەلـخە و ڕێـگە سـازی چەنـد گونـدێکی تـر و ئەوانەش کە هەمـــووی لەســـەر پەرەپێـــدانی نـــاوچە جیـــا جیاکـــان بـــوو ئەوەی کە باســـمکرد بـــودجەکەی گواستراوەتەوە بۆ بودجەی وەزارەتەکان، کاری خزمەتگوزاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کـاری مەدەنـی لە حەفتـا و دوو یەکەی نیشـتەجێبوون لە هەڵەبـجە، قۆنـاغی یەکەم ئەوەش ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە، هەروەها کار و خزمەتگوزاریەکانی کاری کارەبایی بۆ حەفتـا و دوو یەکەی نیشـتەجێبوون لە هەڵەبجە لە قۆناغی دووەم ئەوەش ڕەزامەندی لەسەر دراوە و بـودجەی بـۆ دابینکـراوە، کـار و خزمەتگوزاریەکانی گەیاندنی ئاوی سەرەکی بۆ پڕۆژەکە و بەسـتنەوەی ئەو حەفتـا و دوو یەکەی نیشـتەجێبوونە هەر لە هەڵەبـجەی شـەهید قۆنـاغی سـێیەم ئەوەش ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە، هەروەهـا قۆنـاغی چـوارەمی بـڕگەی قیرتـاوکردنی ڕێگاوبـان و بـڕگەی بیئـارتۆن بـۆ سـتوونەکان ئەوەش ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە، هەروەهـا پـڕۆژەی دروسـتکردنی بینـای بەشـە ناوخۆییەکـان ئەوەی کە باسـی زانکـۆی هەڵەبـجە کـرا، تەبـعەن مەحاوەلەمـانکردووە بەو بەشـە بـودجەیەی کە دابینمانکردووە بۆ هەڵەبجە هەموو سێکتەرەکان بگـرێتەوە، پـڕۆژەی دروسـتکردنی بینـای بەشـە ناوخۆییـەکان و بینای سـەنتەرەی تـوێژینەوەی زانسـتی و بینـای سـەنتەری کۆمپیـۆتەر، هەروەهـا بینینـی پڕۆژەکـان و لێـدانی دوو بیـری قـووڵ بـۆ زانکـۆی هەڵەبـجە ئەوەش ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە، بەڕێزان، لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ بەڕێز پارێزگار و ئیـدارەی هەڵەبـجە چەنـد پـڕۆژەیەك هەیە کە لەلایان زۆر ستراتیجی بوو ئەوەی باسمکرد پـردی تۆقـووت بـوو لەگەڵ ئەو شـەقامانەی کە ڕەبتـی پـردی تۆقـووت دەکـات، هەروەهـا داواکاریەکـانی تریـان شـەقامی بەمـۆیە کە پـانزە کیلۆمەتر لە سەرتەکی بەمۆ دەبەستێتەوە بە مەرزی پشتە، هەروەها ئەم پـڕۆژەیە نـزیکەی پێـنج ملیار دیناری پێویستە ئێستا لە ژێر دیراسەدایە بۆ ئەوەی بتـوانین بـودجەی پێویسـتی بـۆ دابـین بکەین، داواکاریەکانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و بەڕێـز وەزیـری ڕۆشـنبیری بـۆ پارێزگـای هەڵەبـجە هۆڵی ڕۆشنبیری هەڵەبجەیە کە بەداخەوە تاوەکو ئێستا هەڵەبجە هـۆلی ڕۆشـنبیری نـیە، ئەوەش وەکو وەزارەتی پلاندانان دیراسەکی ورد دەکەین بە تەنسـیق لەگەڵ جەنـابی وەزیـر و وەزارەتـی ڕۆشنبیری بتوانین بـودجەی پێویسـت ئەگەر لەم سـاڵ بێـت یـان لە سـاڵی داهـاتوودا بـۆی دابـین بکەین، هەروەها چەند پێشنیارێکی تـری وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بـۆ چەنـد هۆڵێـك بـۆ بۆنەکـان بـۆ پارێزگـای هەڵەبـجە بە تەواوی هەموویـان لە ژێـر دیراسـەدانە، هیـواداریـن لە کـابینەی نـۆیەم

بتوانین چەند پڕۆژە و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە زەروورن بۆ پارێزگای هەڵەبجە بتوانین جێ بەجێی بکەین، ئەوەی کە باسمکرد ئەو سی ملیارەی کە تەخصیص کراوە بۆ پارێزگای هەڵەبجە ئەوە لە خراپترین حاڵەت لە حاڵەتی باشتربوونی وەزعی داراییمان بڕیارمانداوە کە پارێزگای هەڵەبجە تایبەتمەندیەکی باشتری پێبدەین و بتوانین هەموو ئەو پڕۆژانە و خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەستن بە ژیانی هاوڵاتیان بتوانین لە ماوەی ئەم کابینەیەدا بیخەینە بواری جێ بەجێکردنەوە، بەڕێزان، داوای لێبوردن دەکەم ئیلتیزامێکم هەیە لەوانەیە لێرە دەربچم تاوەکو کاتژمێر یەك لێرە دەبم ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەیە لە خزمەتدام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

درووود بۆ گیانی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە و شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و شەهیدانی رێگای رزگاریخوازی گەلەکەمان، من دەمەوێت لێرە کە وەکو کەسێکی هەڵەبجەیی و وەکو ئەوەی کە نوێنەرایەتی خەڵکی هەڵەبجە بکەم باسی کێشە و گیر و گرفتەکان بکەین یان ئەو پێویستیانەی کە لە پارێزگای هەڵەبجەدا بکرێت، بە تایبەتەی لە بواری کشتوکاڵی و لە بواری وەبەرهێنانە، بەڵام سەرەتا پارێزگای هەڵەبجە بۆ بەگەڕخستنەوەی پڕۆژەکانی داوای سەد و پانزە ملیار دیناری کردبوو، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها سی ملیار دیناری بۆ تەرخانکردبوو، یەکێك لە کێشە و گیر و گرفتەکانی پارێزگای هەڵەبجە کەمی میلاکی فەرمانگە حکومیەکانە و بۆتە هۆی کە نەتوانن کارەکانیان بە باشی بەڕێ بکەنەوە، یەکێك لەو داواکارییانەی کە خەڵکی هەڵەبجە هەبووە کردنەوەی مەزری سازانە کە حکومەتی ئێرانی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری پارێزگای هەڵەبجە داوای کردووە کە ئەگەر رەزامەندی حکومەتی هەرێم هەبێت بە کەلیمەیەك ئێمە رەزامەندین بکرێت بە نێودەوڵەتی ئەمە یەکێکە لەو کێشانە داواکارین لە هەرێم، ساڵی (٢٠٢٠) هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە هەڵەبجە بەگڕ نەخراوە ئەوەی کە پەیوەست بێت بە خزمەتگوزاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشت بڕی هەشت ملیار دیناری بۆ پردی تۆقووت تەرخانکرد، بەڵام کابینەی نۆیەم خستوویەتیە پڕۆژە تەواو نەکراوەکانی هەڵەبجە ئەوەش بەشێکە لەوەی کە دەبوایە پارەی تر تەرخان بکرایە بۆ پڕۆژەکانی دیکە، لە بواری وەبەرهێناندا لە رێکەوتی (٢٠١٥/٥/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٢٤٩) بڕیاری دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان دراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دروست نەکراوە، یەعنی گرنگی ئەوەی کە پارێزگای هەڵەبجە جیا دەکاتەوە لەوەی کە لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێرە ئەوەیە کە جەدوای ئیقتیصادی بۆ کاروباری وەبەرهێنان لە پارێزگای هەڵەبجە کەمترە، بەڵام یاسا و رێنماییەکان بە هەمان میکانیزمێکە لەسەر پارێزگای هەڵەبجە، بۆیە گرنگە کە کارئاسانی بۆ وەبەرهێنان بدرێت، بەخشینی سەربار لە ماددەی (٦)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەبەرهێنان بە تایبەتی بەخشینی باج و گومرك و رسومات کە لە (١٠) ساڵەوە بکرێت بە (١٥) ساڵ بۆ ئەوەی شاری هەڵەبجە وەبەرهێنانی زیاتری تێدا بکرێت، یەکێکی تر لای ئێمە گرنگە پارێزگای هەڵەبجە پارێزگایەکی کشتوکاڵیە یەعنی

دانیشتووانی هەڵەبجە لە (٣٥٪)ی کاری کشتوکاڵی دەکات، بە تایبەتی لە دوو سێکتردا سێکتەری باغداری و دانەوێڵە، چیمان پێویستە لەوەی کە لە پارێزگای هەڵەبجەدا بکرێت بە تایبەتی بۆ بواری کشتوکاڵی، ئێمە نەبوونی ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی بەرەوبوومی کشتوکاڵی بە تایبەتی باغداری، نەبوونی بازاڕ ئێمە لە ماوەی مانگ و نیوێکدا کە بەرەوبوومی کستوکاڵیەکان یان باغداری بەرهەم دێت دەبێت لە یەك کاتدا بخرێتە بازاڕەوە و جوتیاران بە نرخێکی کەمتر بیفرۆشنەوە، یەکێکی تر لە کێشەکانمان نەبوونی سایلۆی هەڵگرتنی بەرەوبوومی دانەویڵەیە، کە لە ئێستادا بە شێوەیەکی کلاسیکی بانکەر بەکار دەهێندرێ و چوار دیوارە بە نایلۆن بەسەری دادەرێت، پێویستی بە سی بۆ چل کیلۆمەتر کۆنکرێتی جۆگەکان هەیە بۆ پاراستن لە وشکە ساڵی، من لێرەوە دەمەوێت سوپاس بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بکەین کە یەکێك بووە لەو وەزیرانەی کە سەردانی پارێزگاکەمانی کردووە و زۆرترین مۆڵەتی داوە بە بواری کشتوکاڵی لەوێ، بەڵام بە داخەوە رۆتیناتیەکی قورس و توند لە ناو حکومەتدا هەیە کە جاری وا هەبووە پرۆژە بە ساڵێك و یەك مانگ گەڕاوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ ئەوەی کە باسمانکرد، مەرزی پشتە هەیە تەسەوەر دەکەم تاوەکو ئێستا لەبەر نەبوونی میلاك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ کارمەندمان نیە بۆ چاودێری کشتوکاڵی کە بەشی کەرەنتینەی پێ دەڵێن، لەبەر ئەوە ئەمانە یەکێکە لە پرسیارەکان کە لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یادە پڕ سامناك و خەمبار و پڕ خەم و ئەندێشە و تراژیدی ئامێزەدا باشترین گوتە گوتەی خوای پەروەردیگارە کە دەفەرمووێت بۆ شەهیدە ستەم دیدەکانمان، کە خوای گەورە دەفەرمووێت ((ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون))، ان شأءالله شەهیدەکانمان زیندوون و لە بەهەشتی بەرینی خوای پەروەردیگاران، هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم، بەڵام بە داخەوە لە دوای سی و سێ ساڵ هێشتا هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان بە دەست نەبوونی خزمەتگوزاری و بێکاریی گرفتارن، لە ساڵانی رابردوودا سەرباری بوونی داهاتێکی زەبەلاح، بەڵام کەمترین خزمەت بەم شارە شەهیدە کراوە، ئێمە پێمانوایە بەشێکی کێشە و گرفتەکانی شارەکە لە رووی ئیدارییەوە حیزبە سیاسییەکان و ناکۆکیەکانی نێوانیانە کە بە هۆی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بە تایبەتیش لە نێوان هێزەکانی دەسەڵات نەتوانراوە ئەنجوومەنی پارێزگا سەرپێ بخرێت و مامەڵەیەکی تەواوی پارێزگا لەگەڵ ئەو شارە چەندجار شەهیدەدا بکرێت، لە راستیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەتابار و کەمتەرخەمی یەکەم و ئەخیرە کە هیچ کات خەم و ژان و مەینەتی هەڵەبجەییەکانی نەکردۆتە خەم و ئەولەویەتی خۆی لە گفتوکۆی دانووستانەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەند، ئەوە روونە کە حیزبەکانی دەسەڵاتە سەدان جار چوونە بەغدا و شەڕ و ململانێی دنیای یەکتریانکرد لەسەر پۆستێك بۆ خۆیان و بۆ بەرپرسێکیان، بەڵام رۆژێك نەمان بیست لە قەرەبووکردنەوەی

کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجەدا شەڕی جدی بکەن وەك ئەوەی بۆ خۆیان و حیزبەکانیان کردیان، کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی هەڵەبجە شیاوی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر دەقەیەکم زیاتر پێ بدەی لە کاتی خۆم سوپاست دەکەم، هەلی کار بۆ لاوان کاتی جێ بەجێکردنی بەڵێنەکانمانە بۆ هەڵەبجە، کاتی ئەوەیە حکومەت و پەرلەمان یەك دەست و یەك بڕوا تێکۆشین بۆ پەرەپێدانی ژێر خان و سەرخانی ئابووری ئەو شارە شەهیدە و چیتر لاوانی هەڵەبجە بێ ئومێد نەکەین، بەڕێزان، کۆڵەکەی بنچینەکانی هەر میللەتێکی زیندوو بریتیە لە سەرمایەی مرۆیی و ئینسانی هەڵەبجە لەلایەك خاوەنی گەورەترین سەرمایەی رەمزی کۆمەڵکوژیە لە جیهاندا و لە لایەکی تر خاوەنی سەرمایەی گەورەی مرۆیی لاوان دەبێت چیتر ئەم وزە و توانا شاراوانە فەرامۆش نەکەین و گرنگی پێ بدەین، ئێمە نەك رۆژ لە ساڵێکدا بەڵکو دەبێت دەیان ساڵ لە زیکر و مێژووماندا تراژیدیا و کارەساتی (٣/١٦) هەرگیز لە یاد نەکەین و بۆ ئەبەد لە یادەوەریماندا بمێنێتەوە، بۆیە ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە وەك پرۆژە ستراتیجی بڕوا بە ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی ئاینی و دەزانین و تێدەکۆشین بۆ ئەوەی بەڵێنەکانمان بکەینە کردار و کار بکەین بۆ ئەوەی هەڵەبحە وەك رەمزی قوربانیدان و شکۆی نەتەوەییمان بکەینە پارێزگا نموونەییەکەی کوردستان، دەنگدەرمان دڵنیا بکەینەوە کە ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی هاوخەم و هاودەنگ و هاوئازارتان بین و بەرگری لە کەیسە هەڵەبجە بکەین بۆ ئاوەدانی بکەینەوە و دەرفەتی کار و پرۆژە بۆ لاوان فەراهەم بکەین، لەگەڵ ئەوەی پێویستە یادی (٣/١٦) بکەینە هاندەر بۆ ئاوەدانی زیاتر و پەرەپێدانی شاری شەهیدان وەك پارێزگایەکی نموونەیی هاوچەرخ، جێگای خۆیەتی پشتگیری لاوانی هەڵەبجە بکەین و داهێنان و پرۆژەکانیان بە هەند وەربگرین، چەند خاڵێك بخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلاتانەوە سەیر نەبێت دوای سی و سێ ساڵ لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و نزیکەی سی ساڵ حوکمڕانی کوردی هەڵەبجەییەکان ئێستاش ئاوات بە هەڵەبجەی پێش کیمیابارانکردنی بخوازن و داوای هەڵەبجەی پێش کیمیاباران بکرێت، ئێمە هەوڵ و کۆششەکانی حکومەتی خۆماڵی بە کەم ناگرین، بەڵام ئەوەی کە بۆ هەڵەبجە کراوە لە چاو ئەو قوربانیدانە کە هەڵەبجە داویەتی، بۆیە من لێرەدا یەك پرسیار دەکەم شاری هەڵەبجە وەکو هەڵکەوتەی جوگرافی چەند جارێکیش ئەوەم دووبارەکردۆتەوە شارێکی داخراوە و چەندین جار داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە کە

مەرزی سازان بکرێتەوە، هۆکار چیە حکومەت دەست بۆ ئەم کارە نابا، وەکێن ئەوانەی کە ڕێگرن لەبەر ئەوەی کردنەوەی ئەم دەروازەیە هەلی کاری پێویست بۆ شاری هەڵەبجە دابین ئەکات و حکومەت لە زۆر ژێربـاری گـران دەرئەهێنـێ وە داواش ئەکەم لە پەسـەند کردنـی بـودجەی سـاڵانە تەنهـا ڕەچـاوی ژمـارەی دانیشـتوان نەکرێـت، بەڵکـو ڕەچـاوی حەجمـی کاولکـاری و دروسـت کردنـی پارێزگـای نـوێ و نەبـووی وەبەرهێنـانی کەرتـی تـایبەت و تایبەتمەنـدی پارێزگـای هەڵەبـجە ڕەچـاو بکرێـت کە پێویسـتە بودجەیەك بەدەر لە ژمارەی دانیشتوان بۆ پارێزگای هەڵەبـجە دابـین بکرێـت، وە مـن ئەمەوێـت لێـرەوە زۆر زۆر سوپاسی سەرمایەدار (ئاسۆی حاجی حمەد) بکەم کە بەڕاستی کەم و کـوڕی نەبـووەو لە حەدی خۆشی زیاتر توانیویەتی خزمەت بەشاری هەڵەبجە بکات، بـۆیە داواکـارم لە هەمـوو سـەرمایەدارەکانی کوردسـتان چـاو لەو پیـاوە بـکەن سـەرمایەکانیان تەنهـا لە شـارە گەورەکانـا بەگەڕ نەخەن بەڵکـو هەوڵ بدەن لایەکیش لە هەڵەبجە بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من زۆر بەخێرای ئەچمە ناو بابەتەکەوە هێرۆشیما لەدوای حەفتاو شەش ساڵ ئێستا یەکێکە لەو شارانەی کە لەڕووی باخ و زیندوێتی ئەو شارەوە لەسەر ئاسـتی جیهانـا پێشـکەوتوو تـرین شـارە لەڕووی ئەوەی کە باشـترین ژیـنگەی هەیە وە لێـوان لێـوە لە پـارك و بـاخ، وە ئەو تـاواتەی کە بەرامـبەر هێرۆشـیما کـراوە یەك خـاڵی هاوبەشـیان هەیە لەگەڵ هەڵەبجەیـا کە هەردووکیـان کراونەتە دەسە خوشك، هێرۆشیما سەو چـل هەزار کەس بـونە قوربـانی و هەڵەبـجە پێـنج هەزار خەڵکی بێتاوان بونە قوربانی، لەدوای سی ساڵ لە حکومڕانی کوردی بەداخەوە ئێسـتا هێشـتا کە ئەچیـتە نـاو هەڵەبـجەوە وێرانـی ئەبینـی بەداخەوە ئەم شـارە غەدری لێکـراوەو وەکـو پێویسـت خزمەت نەکراوە، من بەخێرای ئەوە پێشنیاز دەکەم بۆئەوەی بۆ هەڵەبجە چی بکرێـت، یەکەمیـان پێویسـت ئەکـا لەڕووی سـتراتیژی و لەڕووی سیاسـیەوە حکـومەتی عێراقـی ئەوەی کە وەکـو جینۆسـایت ناسـێنراوە دان بەوەیـا بنـێ، وە میراتگری حکـومەتی پێشـوە، وە پێویسـت ئەکـا بـۆ قەرەبوو کردنەوەی خەڵکی ئەم شارە بـۆی بکرێـت، هەنگـاوێکی فعلـی کە لە ڕاپـۆرتەکەی لیـژنەی شارەوانیا هاتووە تـا ماسـتەرپلان بـۆ ئەو شـارە جێبەجـێ نەکرێـت هەڵەبـجە نابێـت بە شـارێکی شارسـتانی وە نابێــت بە شــارێکی گەورە کە شایســتەی ئەوە بێــت کە لە حکــومەتی هەرێــم کردوویەتی بە پارێزگـا بەڵام هێشـتا وەکـو قەزایەکـی وێـرانە مـاوەتەوە، پێویسـت ئەکـا ماسـتەر پلانەکەی جێبەجێ بکرێت پڕۆژەی ستراتیجی بۆ بکرێت لە بواری کشتوکاڵی لەبواری پیشەسـازی لە بـواری ڕۆشـنبیری، کـۆی کایەکـان هەڵەبـجە لە شـارێکی بەداخەوە وێـران مـاوەتەوەو جـادەو بانەکانی جادەی پارێزگا نیە هیچ کۆڵانەکانی کۆڵانی پارێزگا نـیە، کە شایسـتەی سـەرەڕای ئەوەی

کە پارێزگایەك نیە چ جاوەی کە پارێزگایەکی شارستانی بێت کە پێویست شایستەیەتی، زۆر لێشاو هەیە بەشێکی زۆر لەناو ڕاپۆرتەکان ئاماژەی پێکراوە ناچمەوە سەریان وە زۆر پڕۆژە باسکرایە ئەمەویَ یەك خاڵی گرینگ ئاماژەی پێبکەم لە بۆچونەکەی خۆما، وە گەر پەرلەمانتاران پشتیوانبن وە ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جدی بکا بە فیعلی دڵسۆزە بۆ هەڵەبجە هەنگاوێکی زۆر زۆر ئاسان ئەبێت ڕۆژانی حکومەتی هەرێم چوار سەدو سی هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێت، لەمەیا بەس تەنیا لەم هەشت مانگەی کە ماوەتەوە لە ساڵی ٢٠٢١ داین یەك دۆلاری بەس بۆ هەڵەبجە بێت ڕۆژانە نزیکەی چوار سەد هەزار دۆلار ئەکا بە درێژای ئەو ساڵە سەدان پڕۆژەی ستراتیجی و خزمەت گوزاری بۆ هەڵەبجە ئەکریَ لە هەموو کایەکانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری سەرفرازی گەلەکەمان، وێڕای پشتگیریم بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و ڕاپۆرتەکانی تری لیژنەکانی تر کەئەوەی پەیوەندیان بە داخوازی و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ پارێزگای هەڵەبجە هەیە دووبارەی ناکەمەوە، گەلی کوردستان و قەوارە سیاسیەکەی لەبەردەم هەڕەشەو مەترسی و فشاری ناوەخۆی هەرێمایەتی دایە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم هەڕەشەو مەترسی و پیلان گێڕیە ڕوو لە زیاد بوون دەکات، وە داهاتووی گەلی کوردسات و قەوارەکەی دەخاتە بەردەم مەترسی ڕاستەقینە بەشێك لەم هەڕەشەو مەترسیانە دەرەنجامی ململانێی ناوخۆو ناکۆکی نێوان حزبەکان و باش ئیدارە نەدانی حکومڕانیە لە هەرێمی کوردستان، کە دوژمنان و نەیارانی گەلی کوردستان پشتی پێدەبەستن و هەوڵی قوڵکردنەوەی زیاتر ئەو ناکۆکی و ململانێیە دەدەن لە ڕەوشێکی وەکو ئاڵۆزی وەکو ئەمڕۆی عیراق دا ڕەنگە هەر گۆڕانکاریەك کاریگەری خراپ و مەترسی دار بخاتە کوردستان و قەوارەکەی، بۆیە بەلای ئێمەوە گرینگە گرینگترین فاکتەر بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی سەرجەم هەڕەشەو مەترسیەکان وەلانانی ململانێی لاوەکی و بەرتەسکی حزبایەتی و زاڵکردنی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بەسەر بەرژەوەندی کاتی و بەرتەسکی حزبی و ناوچەی، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین کە بەردەوام بوونی سیاسەتی بڕینی بەشە بوجەی هەرێم و گۆڕینە دیمۆگرافیای کوردستانیەکان و خۆدزینەوە لە جێبەجێ نەکردنی دەقە دەستووریەکان کە پەیوەندیان بە ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، وە بەکارهێنانی هێز دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم حکومڕانانی عیراق و تا ئێستاش دەوڵەتانی هەرێمایەتی فشارو هەڕەشەکانیان لە بەردەوامی دایە، داگیرکردنی زەوی و زاری جوتیاران و هاووڵاتیانی کورد و هاتنی بە لێشاوی هاوردەکان گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردستانیەکان و پەسەند نەکردنی بوجەو دادگای فیدڕاڵی، تا کار گەیشتە ئەوەی لەسەر پولێك کە هەندێك هێزی ناوخۆی و هەرێمایەتی بێنە سەرهێڵ

ئـاخۆ دەبێـت لە بەرامـبەر مەسـەلە چارەنووسـازەکاندا دووژمنـان ونەیـارانی گەلـی کوردسـتان چیمـان پێبکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەمێژووی کوردستان و کوردستانیاندا ئەمڕۆ یادی کارەساتێکی نـاخ هەژێنـی هەرچـوار پـارچەی کوردسـتانە، کیمیـا بـارانی هەڵەبـجە زامێکـی قـوڵی لەبیرنەکـراوەو، بـۆیە ڕوحـی سـەرجەم شـەهیدانی ڕێگـای ئـازادی کوردسـتان شـادبێت، سـەرەڕای ئەو هەمـوو زوڵـم و نەهـامەتیەی کە بەسەر ئەو پارێزگایە داهاتووە ئیرادەو هێزو ورەی خەڵکی هەڵەبـجە و دەوروو‌بەرەکەی ئەوەنـدە بەرزە بۆ زەرەیەکیش بێت کاریگەری لەسـەر جوانییەکـان و کلتـورو پـێکەوە ژیـانی ئەو نـاوچەیە دروست نەکـردووە، بەڵکـو بگـرە نازنـاوی پـایتەختی ئاشتیشـی پـێ بەخشـراوە، بـۆیە هەڵەبـجەو هەڵەبجەیەکان شایستەی ئەوەن تا بتوانرێت خزمەتیان بکرێت و ئاوڕێکی جدیان لـێ بـدرێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان ئەم دانیشـتنە بە دەرفەت دەزانـم و سـێ پێشـنیار دەخەمە بەردەسـتی جەنابتــان و شــاندی حکــومەت، یەکەم: گەورەتــرین خواســت و داواکــاری هەڵەبجەیەکــان فراوانکردنی ناو بازاڕی هەڵەبجەیە کە لە فلکەی عومەری خاوەرەوە دەست پێـدەکات و تـا بینـای قایمقـامیەت کە شـەقامێکی بچـووکەو ئیزدحـامێکی گەورەی لەسـەرە، مـاوەی چەنـدین سـاڵە خەڵکـی هەڵەبـجەو ئیـدارەی هەڵەبـجە داوا دەکەن ئەو شـەقامە فـراوان بکرێـت لەگەڵ ئەوەی لە کابینەی پێشوو هەوڵێك دراو بڕیاریش دەرچوو پارەشـی بـۆ تەرخـانکرا، بەڵام بەداخەوە نـازانرێ بۆ تا ئێستا ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ نەکراوە، دووەم: هەرکاتێك قەزایەك دەکرێتە پارێزگا دڵخۆشـی خەڵــك و گەنجــان تەنهــا بەهــۆی گــۆڕینی نــاوەکەوە نــیە، بەڵکــو بەهــۆی ئەوەیە کە خزمەتگوزارییەکان زۆرتردەبن و ژمارەیەك بەڕێوەبەرایەتی نوێ سـەر بەو پارێزگـایە دادەمەزرێ، بەڵام زۆر بەداخەوە تا ئێستا لە هەڵەبجە هیچ ئومێدێك بۆ لاوان بەدی ناکرێت سـەرەڕای دەسـت خۆشــی لە حکــومەت بــۆ تەرخــانکردنی بــوجەیەکی تــایبەت لە بوارەکــانی ئــاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری، بەڵام ئەگەر بمانەوێت هیواو ئومێد بۆ خەڵکی هەڵەبجەو بەتـایبەت لاوان بگەڕێنیـنەوە کە زۆربەیـان نەوەو کەس و کـاری قوربانیـانی کیمیـا بـارانەکەن و تۆسـقاڵێك وەفایان بۆ بنوێنین پێشنیارم بۆ شاندی حکومەت هەرێـم ئەوەیە هەوڵ بـدرێت لەڕێـگەی پـڕۆژە بوجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ چی فەرمانبەری گرێبەست لەناو هەڵەبجەدا هەیە و بکرێتە ڕەسـمی و لە بـڕە ئەوانـیش چەنـدین فەرمـانبەری گرێبەسـتی تـر دابـمەزرێ، چـونکە ئەوەی مـن دەزانـم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان ئەوانەی کە ئێستا کراونەتەوە بە تەنسیق لە فەرمانگەکـانی دیـکەوە فەرمانبەریان هێناوە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنـی لەسـەر ئەدای فەرمـانبەرانی ئەو پارێزگـایەی دەبێـت، وەکـو کـاکەیەکیش پێشـنیارێکم هەیە لەبەر ئەوەی شـاری هەڵەبـجە یـاخود پارێزگـای هەڵەبـجە سـیمای پـێکەوە ژیـانی تێـدا بەدی دەکرێـت، پێشـنیار دەکەم کە چەنـدین شـوێنەواری گرینگـی کـاکەیی هەیە لە دەوروبەری هەڵەبـجە بەتـایبەتی لە گونـدی هـاوار، گرینگـی زیـاتری پێبدرێت و بکرێت بە مەڵبەندێکی گەشتوگوزاری زۆر گرینگ لەبەر ئەوەی ڕۆژانە.. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەندێك لە پێشەکییەکانتان کورت بکەنەوە یەکسەر بڕۆنە سەر پێشنیارەکانتان، بۆ ئەوەی لە دوو دەقەیا بتوانن قسەی خۆتان بکەن، سوپاس لیزا خان.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سڵاو درود بۆ گیانی پاکی شەهیدان و قوربانیانی کارەساتی دڵ تەزێنی هەڵەبجە بەداخەوە دوای سی و سێ ساڵ لە زامەکان و داخوازییەکانی بەرکەوتەی کیمیا باران و کەس و کاریان دووبارەو سێ بارەو سی و سێ بارە دەبنەوە، بۆ ئەوەی وشەکان و قسەکان و بیرو بۆچوونەکان دووبارە نەبنەوە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەی پێمان وایە.

یەکەم: هەوڵی جدی بدرێت لە چرەسەرکردنی بریندارا‌ن و بەرکەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجە یەکلای بکرێتەوەو، وە هەمووان لە باشترین نەخۆشخانەکانی جیهان چارەسەر بکرێن.

دووەم: کەس و کاری شەهیدانی ئەم کارەساتە بە فەراهەم کردنی ژیانێکی شایستە بە قەبارەی ئەو قوربانیە گەورەییەی داویانە قەرەبوو بکرێنەوە.

سێیەم: هەڵەبجە وەکو شارێکی جوان و گەشە سەند و پڕ خزمەتگوزاری بێ کەموو کوڕی ئاوەدان بکرێت و وەکو ڕەمزێکی قوربانی دان و جینوسایت ناودار بکرێت.

چوارەم: هەموو دەستەیەکی بەژدارو یارمەتیدەر لەم کارەساتەو بەهەر شێوەیەك بوو بێت ڕیسواو مەحکوم بکرێت و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کاری جدی لەسەر ئەم دۆسیەیە بکات.

پێنجەم: حکومەتی هەرێم بێجگە لەو خزمەتگوزاریانە باشانەی پێشکەشی شارەکەو دانیشتوانی کردووە، دەبێت پرۆژەی زیاترو خزمەتی گەورەتر بکات و حکومەتی ناوەندیش مولزەم بکرێت دەستی ئاوەدانی و ڕاستەقینە و قەرەبووی تەواو بە کەسوکاری شەهیدان و بریندارا‌ن و لێقەوماوانی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنە بکات، هەڵەبجەو سیمێل دوو جینۆسایدی گەورەو لەلایەن دووژمنێکی هاوبەش ئەنجام دراوە، حەقە بکرێنە سومبولی ڕاستەقینەی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو گەلی کلد و ئاشوری و کوردە مەزڵومە و سەرجەم پێکهاتەو نەتەوەی و ئاینەکانی تری کوردستان وە لێرەدا داوا دەکەین بۆ ئەوەی بۆ شاری سیمێل بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی پێنج هەزار لە گەلی ئاشوری لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سیمێل مینومێنتێك دروست بکرێت بۆ ئەم شەهیدانە، لە کۆتایدا ئێمە دەڵێین ئەم یادە بکرێتە بۆنەیەك و هاندەرێك بۆ یەکرپزی و تەبای و کاری هاوبەشی سەرجەم لایەنەکان لە پێناو ڕێکخستن و یەکخستنی نێو ماڵی کوردستانی و بە هاوبەشی و دوور لە موزایەدەو بەخاوەن نەکردنی هیچ لایەنێك ئەم یادە بکرێتەوە کە ئەمە زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، درود بۆ گیانی پاکی پێنج هەزار قوربانی هەڵەبجەی شەهید، لە دەستپێکدا دەمەوێت سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەین کە بە پیل

یاداشتەکەی ئێمە پەرلەمانتارانەوە هاتن ئەم جەلسە یە ئەمڕۆکە بەسترا لەم یادە مەزنەدا، سوپاس بۆ جەنابی سەرۆك وەزیران بۆ تەرخانکردنی سی ملیار دینار لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خزمەتگوزاریەکانی ئەم شارە وە ئەمڕۆ ئامادە بوونی تیمی حکومەت لێرە لە ئەم تیمە بەڕێزە ئامادەن گرینگی پێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەم شارە ئازیزە تەمەنای ئەوە دەکەین ئەم بڕیارانەی دەرچوون لەلایەن وەزارەتە پەیوەندی دارەکان وە لەلایەن ئیدارەی خۆجێی ناوچەکەدا، پەلە لە جێ بەجێ کردنیان بکرێت، بۆ ئەوەی بە زوترین کات جارێکی دیکە نەگەڕێینەوە سەر ئەو مولاحەزانەی لیژنەی پەیوەندی دارەکانی ئێمە ئەمڕۆ خستیانە ڕوو لە تاخیر جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارانەی کە دەدرێن، هەڵەبجەی شەهید جگە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆی زانیوەو ئێمەش وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بە واجبی خۆمان دەزانین لە خزمەتی ئەم شارە ئازیزەدا بین پێویستە لێرەوە داوا لە حکومەتی مەرکەز بکەین کە هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی ئەم شارە ئازیزە، وە لەڕووی ئاوەدانکردنەوە لە ڕووی قەرەبوو کردنەوەی کەسوکاریان پێویستی بەخزمەتگەیاندنی زیاتر هەیە، هەڵەبجە گرفتی هەلی کاری هەیە بەڕێزان هەلی کار بەوە دەڕەخسێت کە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەم شارە ئەزیزەدا زیاتر بکرێن وە دەسەڵاتەکان بگەڕێنەوە ئەم ناوچەیە، بۆ ئەوەی بتوانن پڕۆژەی وەبەرهێنان تێیدا زامن بکرێت، وە گرفتە سیاسیەکان لێرەوە داوا لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لە ڕێگای ئێوەی بەڕێزەوە داوا لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکەین کە گرفتە سیاسیەکان لە هەڵەبجەدا تۆختر نەکرێنەوە ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە دەست نیشان بکرێت کارا بکرێت وە مودیریەتەکانی ئەم ناوچەیە دەست نیشان بکرێن وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی حکومەت باشتر بپرژێنە سەر کارە خزمەتگوزارییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جەبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری ڕێز نەوی دەکەین، درووود دەنێرین بۆ روحی پێنج هەزار پەپولەی هەڵەبجە، هەڵەبجە زامێکی سارێژ نەبووە، بۆیە پێویستە هەڵەبجە قەرەبوو بکرێتەوە هەڵەبجە دوور بخرێتەوە لەو مل ملانێیە نا دروستەی کە هەبووە وەهەروەها هەموو ئەو بڕیارو یاساو ڕێنمایانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردووا دەریکردوون و کەمترینیا جێ بە جێ بوون، ئێمە ئێستا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێ بکرێت ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕاپۆرتێکی نۆزدە خاڵیمان ئامادە کردبوو، من لە دوو دەقەیا ناتوانم هەمووی باس کەم لەبەر ئەوە چەند خاڵێکی باس دەکەم ئەویتر جێ دێڵم بۆ ڕەفیقەکانم، جەخت دەکەینەوە لە جێ بەجێ کردنی تەواوی ئەو یاساو بڕیارو فرمانانەی بۆ پارێزگای هەڵەبجە دەرچوون، وەك یاسای ژمارە یەك لە ساڵی ٢٠١٥ و پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١٤ پایتەخی ئاشتی بڕیاری ژمارە (١٠٤) ی ئەنجومەنی وەزیران لە بەرواری ١٦/ ٣ /٢٠١٧ کە پێنج خاڵی زۆر گرینگە کاراکردن و دروست کردنی لیژنەیەکی نوێ بۆ سەرپێخستنی

پارێزگـای هەڵەبـجە کە بە بڕیـاری ژمـارە (٢٤) لە ٢٤/ ٩/ ٢٠١٤ ی ئەنجـومەنی وەزیـران دروسـت کـراوە، بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ کـردنەوەی سـەرجەم بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییەکان و فەرمانگەکان، پێشنیار دەکەیـن کە لیـژنەیەك بەتەواوەتـی دەسـەڵاتەکانی لە ئاستی ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ فەراهەمکردنـی خاڵەکـانی ئەم یاسـایەو بڕیـارانە دروسـت بکرێـت، دووەم: وەك هەمووومان ئەزانین ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی داڕشتنی پرۆژەی بـوودجەیەو کە چاوەڕێین بێتە پەرلەمـانی کوردسـتان، ئومێـد ئەکەیـن حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پـێش ئەوەی پرۆژەکە بنێرێت بیر لەوە بکاتەوە کە پارێزگـای هەڵەبـجە تایبەتمەنـدی خـۆی بـداتێ کە لە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوانەوە بـوودجە دیـاری نەکـات بـۆ هەڵەبـجە تـایبەتمەنی هەبێـت، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانیش نەیکرد لێرەوە داوا لە ڕەفیقەکـانم ئەکەم لە پەرلەمـانی کوردسـتان ئـێمە ئەو کاتە گرینگی بەو بابەتە دەین، سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیرە بەڕێزەکان بەخێربێن سەرچاو، هەڵەبجە ڕەمزی بەرەنگاری و هەستانەوەیە لە یـادی (٣٣) سـاڵەی کیمیـا بـارانی هەڵەبـجە سـەری ڕێـزو وەفـا بـۆ گڵکـۆی شـەهیدانی هەڵەبـجە نەوی دەکەین، ئێمە لە فراکسیۆنی گـۆڕان داواکـارین لەسـەر ئاسـتی جیهـان کـار بکرێـت بـۆ ئەوەی کە لێکـــۆڵینەوە لەســـەر ڕووداوەکە لە هەمـــوو ڕووە سیاســـی و قـــانوونی و زانســـتی و تەندروسـتییەکانەوە ئەنجـام بـدرێت، بـۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیـاو کارگـانە کە دیـاری بکرێـت کە دەسـتیان هەبـووە لە فرۆشـتنی چەکـی کیمیـاوی بە ڕژێمـی لەنـاو چـووی بەعـس، وە وەرگرتنـی قەرەبوو لێیان بۆ خەڵکی هەڵەبجە، داوا دەکەین سەرژمێری ورد بـۆ قوربانییەکـان و برینـداران و تەواوی شەهیدان و بەدواداچوون بـۆ شـوێن بزربووەکـان بکرێـت، لێکـۆڵینەوەی تەندروسـتی بـۆ ژینگەی ناوچەکە بکەن، ئەگەر کاریگەری مابێت لەسەر ناوچەکە پێویستە ڕێنمای تەندروسـتی بـۆ خۆپاراسـتنی هاونیشـتمانیان دەربکرێـت و فریـای بەرکەوتـوان بـکەون، لەسـەر ئاسـتی عێـراق داواکاری نوێنەرانی کورد لە بەغدا پێیـان بڵێن چیـان کـردوە بـۆ هەڵەبـجە لە کاتێکـا لە هەرێـم لە ٢٠١٤ بڕیاری بەپارێزگا کردنی هەڵەبجە دەرچووەو بەفەرمی لە عێراق بە پارێزگـایەکی سـەربەخۆ نەناسـێنراوە بـۆچی؟ لەسـەر ئاسـتی هەرێـم داوا ئەکەیـن بـوودجەی تـایبەتی بـۆ ئەم شـارە وە بـوودجەی ئیستسـنائی بـۆ ئەم شـارە دیـاری بکـرێ و دامەزرانـدنی وەفـدی بـاڵای هەڵەبـجە بە بەشداری هەموو ئەو وەزیرانەی پەیوەستن بە ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان بازرگانی کشـتوکاڵی بڕیـاری لـێ بـدرێ و دەسـت بەکـاربن بـۆ ئەنجـام دانـی پـڕۆژەی سـتراتیجەکانی هەڵەبـجە، وەك جادەوبان و پردەکان و کردنەوەی کـارگەی کشـتوکاڵی بـۆ بەرووبـومی نـاوچەکەو وە کەرەسـتەی خــاو تیایــدا بەکــار بهێنــرێ و کــردنەوەی مەرزەکــانی کە مەرزی نێــودەوڵەتی بــوو گــرینگن بــۆ ڕەخساندنی هەلی کارو بوژاندنەوەو قیرتاو کردنی ڕێگاوبانی گوندەکانی هاوارو نـاحیەی بیـارەو ڕێگای بەلغە خەرپانەی هاوارو تائەوێ دەرگای شێخان کە درێژیاکەی دووانزە کیلـۆمەترە، بەهـۆی قەیـرانەوە پەکـی خـراوە، گرینگـی دان بە دروسـت کردنـی نـاوچەی گەشـتیاری گرینگـی دان بە

گۆڕینی جۆری زەوی ناوچەکە بۆ بەمەبەستی بازرگانی و وەبەرهێنان دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوونی زیاتر بۆ ناوچەکە گرینگی دان بۆ هاندانی کشتوکاڵی بەرهەمدار وەك گەنم، توتن، هەنار، لۆکە، زیادکردنی دامەزراندنی ستافی هێزی ئەمنی تۆکمە و میلاکی پۆلیس کە لە ئێستادا بەقەدەر پێویست ئەو میلاکانەیان نییە، دابین کردنی پێداویستیە لۆجستی و تەندروستیەکان بۆ نەخۆشخانەی کە تایبەتن بە بەرکەوتوانو دامەزراندنی گرێبەست بۆ دەرچووانی زانکۆو بینای پارێزگاش بەڕاستی گرینگە، چونکە ئێستا لە بینایەکە خێرخوازی یاین کە بۆ بەساڵا چوان دروست کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزتان بەپێی پەیڕەو دەرفەتی قسە کردنتان هەیە هەر بەپێی ئەو پەیڕەوە ئەڵێ دووبارە کردنەوەی قسەی خۆت یان قسەی یەکێکی تر ڕێگە پێنەدراوە، تەنها بۆ گەڕاندەوەی کات قسەکان دووبارە مەکەنەوە بەڕێزان، فەرموو مامۆستا عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، وە لە خوا داواکارم کە پلەی شەهیدەکان بەرزتر بکاو وە شیفای عاجیلیش بۆ برینداروو نەخۆشەکان بنێرێ، هەڵەبجە زۆر قوربانی داوە، بەڵام ئایا ئەوەی کە بۆ هەڵەبجە کراوە لە ئاستی قوربانی دان و ئاستی ئەو شارە بووە؟ بێگومان دەڵێم نەخێر، ئێمە سی ساڵە خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێی وە حکومڕانی خۆمانین پێموایە ئەگەر هەر ساڵەی لەجیاتی ئەم هەمووو یادو ئەم هەموو مەسرەفەی کە دەیکەین هەر ساڵەی پرۆژەیەکی باشمان لە هەڵەبجە جێبەجێ کردبا، ئێستا هەڵەبجە خاوەنی پرۆژەی زۆر گرینگ بوو وە خزمەتگوزاری باشی پێشکەش دەکرا، ئەم تاوانە تاوانێکی گەورە بووە دیارە دادگای تاوانی عێراق وە پەرلەمانی کوردستانیش ئەم تاوانەی بە یاسای کردووە، بەڵام ئایا لە ڕووی قەرەبوو کردنەوە هیچ بۆ ئەم میللەت و خەڵکە کراوە؟ بێگومان ئەمە نەخێر کە ئەرکی بەڕاستی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە کە بەم قەزیە دابچێت لە ڕووی یاسایەکەیەوە، دووەم: ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران کاتی خۆی لە ١٣/ ٣ /٢٠١٤ بڕیارێك دراوە کە بە پارێزگا کردنی کراوە، عێراقیش بەهەمان شێوە ئەمەی سەلماندوە بە پارێزگا کراوە، بەڵام ئایا کە بە پارێزگا کراوە چی بۆ کراوە؟ ئێمە نەمان توانیوە تا ئێستا ئەنجومەنێکی پارێزگای بۆ دروست بکەین لەبەر ملی ملانێی حزبی لەبەر پشك و بەش بەشێنە نەمان توانیوە بەڕاستی ئەمە بۆ ئەم هەڵەبجەیە کەین کە دەیتوانی بۆخۆی ئەم ئەنجومەنی پارێزگایە کۆمەڵێك بڕیار وە کۆمەڵێك شت بۆ هەڵەبجە بکا، وەکو باسکرا تەبعەن تائێستا خاوەنی بوجەیەکی شایستە نییە، خاوەنی یانی مۆزەخانەیەکی تایبەت بەو تاوانە نییە خاوەنی خزمەتگوزارییەکان نییە وەکو پێویست، تەبعەن نە جادەی نە ڕێگەو بانی نە ئاو نە ئاوەڕۆی، بەڕاستی من پێم باشە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێمە با لێرە لەم پەرلەمانە بڕیارێك بدەین، یانی ساڵێکەش ئایا ئێمە ئەم یادە دەکەینەوە یانی هەر ئاوا یادی دەکەینەوە، یەعنی ئەگەر هەتا چوین بۆ هەڵەبجەش یانی کە ساڵانێك لەوێ کراوەتەوە چ لە موعاناتی ئەم خەڵکە کەم دەکاتەوە، ئێستاش ئەوەی کە بزر بووە دەبینرێتەوە سەر گەردان دەسوڕێتەوە ئەم ڕاگەیاندن و

ئەم خەڵکە خێرخوازە دوری لێ دەدەن و دەیهێنن و دەیبەن نەتیجەی کابرا خوا خوای بووە هەر نەدۆزرابایەوە، یەعنی چی تێدایە حکومەت بڕیارێکی دابا ئەوانەی کە دە دۆزرێنەوە خانوویێکیان بۆ دروست کات، ئەمن پێم باشە پێشنیارەکەم ئەوەیە لیژنەیەك لەم پەرلەمانە بەڕێزە بکرێت چیدیکە ئەم یادە ئاوا نەکەینەوە بێین بڵێین کاکە حکومەت ئەو بڕیارانەی کە دراون کە پێویست بوو جێ بەجێ بکرێن ئەم پەرلەمانە بە بەدواداچوون بۆ بکا لێپرسینەوەش بکا مەحاسەبە بکا ئەگەر جێ بەجێ نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دکتۆر کازم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دیارە بەڕاستی ئەو شتانەی کە زۆر باسکراون حەزناکەم بەهیچ شێوەیەك دووبارەی کەمەوە، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرینگە کە ئەمڕۆ ستافی حکومەت لێرەن حەزەکەم لەو بەڕێزانە بپرسم لە دوای سی و سێ ساڵ ئەو کارەساتە بەسەر هەڵەبجە هاتووەو سی ساڵە حکومەت دەسەڵاتی کوردی حوکمڕانە هەڵەبجە چەند سەعات کارەبای هەیە؟ یەعنی پرسیارێکی زۆر سادەیە هەڵەبجەی شەهید چەند سەعات کارەبای هەیە؟ بۆچی حکومەتی عێراقی ئەتوانێ لە ئێرانەوە کارەبا بکڕێت بۆ خانەقین کە هاوسنوورن بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ لە ئێران کارەبا بکڕێت بۆ هەڵەبجە؟ لانی کەم بەس هەڵەبجە ئەو نازەی هەڵبگرن (٢٤) سەعات کارەبای هەبێت ئەمە بابەتێك، بابەتی دووەم: گەنجی هەڵەبجە یەعنی من ئەمەوێ شتە واقیعیکان باس بکەم گەنجی هەڵەبجە مەزڵومە گیرفان بەتاڵە بێ ئیشە ستەم لێکراوە ئیهمال کراوە بەڕاستی، یەعنی دایك وباوکەکانیان شارەکانیان هەڵەبجەیان جێ هێشت ڕوویان کردە شارەکانی تر مناڵەکانیان هەڵەبجەیان جێ هێشت ڕۆشتن بۆ خاریج، یانی ئەم شارە وێران کراوە بەدەست حکومڕانی کوردییەوە سی ساڵە وێران ئەکرێ ئیهمال ئەکرێ پشتگوێ ئەخرێ، یەعنی لەوە زیاتر شعرو شانامە هەڵدان بەسەر هەڵەبجەیا یەك پولی قەڵپ ناهێنێ، ئەوەی زەرورە ئەوەیە خزمەتی خەڵکەکەی بکرێت ئەمە خاڵێکی تر، خاڵێکی تر بەڕاستی کەسو کاری شەهیدان بەحیساب ئەرزەیان پێدراوە زەویان پێدراوە تەنها یەك پارچە وەرەقەیە خۆیان نازانن لە کوێیا حەرزەکە، نازانن زەویەکە لە کوێ دایە یەعنی ئەمە چۆن خزمەتی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە ئاوا دەکرێت، یەکێکی تر لە بابەتەکان خۆزگە وەزیری ئاوقاف لێرە بوایە، خەڵکی هەڵەبجە خێرخوازن باخ و دار گوێزو شتی تریان وەکو وەقف بەخشیوە بە مزگەوتەکان، مەعقولە وەزارەتی ئەوقاف بچێت پارەی گوێزەکان یانی ئەو گوێزانەی کە لێ ئەکرێتەوە ساڵانە بەرهەمەکەی لێکاتەوەو بیفرۆشێ و پارەی دەکات و وەقفەکانی خەڵك کە بەخشیویەتی بە ئەوقاف هەڵیگرێ پارەکە نزیکی پێنج سەد، شەسەد ملیۆن دینارە ساڵانە، خەڵکیش لەڕای خوا سابوون بۆ مزگەوتەکانی پارێزگای هەڵەبجە بکڕێت ئائەمە زوڵم نییە دەرهەق بە هەڵەبجە دەکرێ ئەمە کێشە واقیعیەکانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕاستی من دە چرکەی ترم ئەوێ، ئەم قسە بریق و باقانەی کە ئەکرێ، یەعنی دەست خۆشیم هەیەم ڕێزم هەیە ئەزانم لە دڵسۆزییە، بەڵام هیچی ئەوە ناهێنێ ئێمە ئەمڕۆ لەم پەرلەمانەوە

چەند خاڵێك بنووسین بە بڕیار نەك بە یاداشت، یاداشت وەزنی بڕیاری نییە چەند خاڵێك بنووسین ئەوە ستافی حكومەتە بیخەینە دەستیان بڵێین ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان، وەكو نوێنەری خەڵكی هەڵەبجە بڕیارمان داوە ئێوە ئەم خزمەتانە بە هەڵەبجە بكەن فەرموو دەیكەن یان نا؟ ساڵێكیتر لێتان ئەپرسینەوە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورن من نەمزانی مامۆستا عمر خەڵكی هەڵەبجەیە، ئەبوو زووتر وەرمگرتبایا.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، من دوێنێ لای یەكێ لە ونبوەكانی هەڵەبجە بووم وتی ئاغا عمر(هیچ كەس سەدامون نەنیشتنەوە هیچ كەس بە فریادم نەمی ڕەسا)، بەڕاستی خەڵكی هەڵەبجە قوربانییەكانی شەهیدەكانی ونبوەكانی بێنازەكانی كەس دەنگیان نابیسێ، بەداخەوە دوای سی و سێ ساڵ لە كیمیا بارانی هەڵەبجە هێشتا هەڵەبجە ئەڵێی دوێنێ كیمیاوییەكەی بەسەرا ڕژاوە هێندە زامەكەی تەڕە شەڕی داعش هەبووە پارە نییە، كۆرۆنا هات پارە نییە، بەس من لێتان ئەپرسم حكومەتی هەرێم ئەم كابینەیە میراتگری كابینەكەی پێشوە لە ٢٠٠٣ تا٢٠١٣ سەد ملیار دۆلار هاتۆتە ئەم وڵاتە چی كراوە بۆ هەڵەبجە، كام شەقام كام جادە كام نەخۆشخانە كام ڕێگاوبان كام قەرەبوو، ئێمە ئێستا بە كوردی قسە ئەكەین واتا لەگەڵ حكومەتی خۆمانا قسە ئەكەین، یەك عەرەب لە بەغدا گوێی لە ئێمە نییە، من ئەزانم سەدام چەند ستەمكار بوو، چەند زاڵم بوو چەند دیكتاتۆر بوو، بەڵام حكومەتی هەرێم بەرپرسە لەوەی قوربانیانی هەڵەبجە لە بەغداوە قەرەبوو بكرێنەوە، حكومەتی هەرێم بەرپرسە لەوەی ئێستا ئێمە ئەم مەجلیسە گەورە كۆببینەوە بۆ یادەوەری هەڵەبجە نەوەكو شەقام و ڕێگاوبانێك، هەڵەبجە نابێت لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، هەڵەبجە تەختكرا، سەید سادق تەختكرا، خورماڵ تەختكرا، هەورامان تەختكرا هیچ كەس ڕۆحی شەهیدێك ناگەڕێنتەوە، بەڵام شەرمە عەیبە حكومەت هێشتا دووسەدوو پەنجا كەسی شەهید چاوەڕێی زەوی بكا، هێشتا بریندارى چەكی كیمیاوی حكومەت بڵێ پارەم نییە بتنێرمەوە بۆلای پزیشكەكەت بۆ ئێران لەسەر قەڵەوێرەكەی بە هەزار حاڵ هەناسە ئەدا، ئەمە بەڕاستی ئیتر با بەس بێت، بۆیە من یەك پێشنیار ئەكەم كابینەی ئەم ئەنجومەنە بەڕێزە ئەم وەزیرە بەڕێزانە بچنەوە بە سەرۆكی حكومەت و جەنابی جێگرەكەی بڵێن یەك كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە هەڵەبجە بكەن، لەوێ داوای لێبوردن لە خەڵكی هەڵەبجە بكەن، لەبەر ئەوەی ئەم كابینەیە و كابینەی پێشوش كابینەكانی پێشوش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا، تۆ بە تەبیعەت پیاوێكی زۆر ئارامی، كاك ڕێبوار با من قسەكانم تەواوكەم وەرت ئەگرم، بەڕێزان كاك علی پێویست ناكا تۆ لەشوێنی خۆتەوە قسە بكەی، بەڕێزان كاك ڕێبوار یەك یەك وەرتان ئەگرم ئەزانم هەمووتان لەسەر قسەكانی مامۆستا عمرە، مامۆستا عمر خۆت بە تەبیعەت پیاوێكی زۆر ئارامی بەس كە قسە ئەكەی نازانم بۆچی ئاوا هەڵەچی...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

بیلێم بۆچی؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا مەیلێ، بەڕێزت لە هەموو کۆبوونەوەکان ئاوا هەڵەچی، بەتەبیعەت خۆت پیاوێکی ئارامی هەموو ئەوانەشی کە لەم کۆبونەوەیەدا دانیشتوون دڵنیابە ئەگەر ڕاستە خەڵکی هەڵەبجە نەبن، بەڵام خەڵکی یەکێکن لەو ناوچانەی کە جۆرێك مەرگەساتیان بینیوە وە ئەزانن مەعاناتی خەڵکی هەڵەبجە چییە، ئێمە لێرە دانیشتوین بە ئارامی لەگەڵ حکومەتی خۆمان قسە بکەین گلەیی و نیگەرانییەکانی خەڵکی هەڵەبجە بگەیەنین، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان چیان کردووە پلانیان چیەو ئەتوانن چی بکەن سوپاست ئەکەین، ئەگەر هەر هەمووتان بۆ یەك شتە یەك کەستان وەر ئەگرم، کاك زانا وەر ئەگرم لە جیات هەمووتان.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلای ئێمە زۆر زۆر گرینگە کەس خۆی بەدڵسۆزتر لەوی تر نەزانێت، دانانی ئەم جەلسەیە گرینگی پێدانە بەو پارێزگا ئەزیزە، وەك لە قسەکانمان باسمان کرد بەلای فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵەبجە ئازیزە، ئێمە سێ ئەندامی پەرلەمانی فراکسیۆنەکەمان لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە ئەمە گرینگی پێدانی پارتە دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنەکەیەتی، بۆیە لێرە ناکرێت ئەندامی پەرلەمان بڵێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێت لە هەڵەبجە داوای لێبوردن بکات، زاتی ئەوە نەکات داوا لە حکومەتی عێراقی بکات بچێت لوێدا داوای لێبوردن لە خەڵکی هەڵەبجە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە پڕۆتۆکۆڵ سەیری قسەکان ئەکەین ئەگەر زانیمان قسەیەك هەیە لەناو پڕۆتۆکۆڵ قسەیەك هەیە بە وەرگرتنی ئەو پێوەرەی کە لەناو پەیڕەوی ناوخۆ هەیە، قسەیەکە کە لەدەرەوەی سیاقاتی پەیڕەویە ئێمە بڕیاری خۆمان ئەدەین، با دانیشتنەکەمان بەردەوام بێت، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی ئەم وەزیرە بەڕێزانە، من پێموایە دەبوایە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و سەرجەم وەزیرەکان لێرە بونایە شتێك گەورەتر نییە لە یادی هەڵەبجە کە کۆمان بکاتەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەکەمان کۆبوونەوەی بەرهەمدار بوایەو بەڕێزیشیان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی گوێیان لە داواکاریەکانی خەڵکی هەڵەبجە بوایە، دووەم هەندێ شتی تر هەیە پەیوەندی بە وەزارەتی ترەوە هەیە، وەزارەتی پەروەردە چی کردووە لە مەنهەجی خوێندنا بۆ ئەوەی ئەم تراژیدیایە بمێنێتەوە، وەزارەتی خوێندنی بالا چەند توێژینەوەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر ئەم کارەساتە هاتووە، بەڕێز وەزیری شارەوانی هەڵەبجە پێویستی بە بازاڕێکی مۆدێرن هەیە وەئەو خانوەکۆنەو ئەو کەلاوانەی کە سەرچنار خان خستیە ڕوو بۆ ئەوەی نوێ بکرێتەوانێ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری تا ئێستا چەند فلیمی دۆکیومینتاری لەسەر ئەو کارەساتە

کـراوە، لەجیـاتی ئەو هەمـوو ئەڵـقەو فلـیمە بێسـودەی کە هـیچ پەیوەنـدی بە مـۆراڵ و کلتـوری کوردەواریەوە نییە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ پارێزگاری هەڵەبجە تابلۆیەك نووسراوە بۆ بەعسـیەکان نیـیە بێـنە ژوورەوە، رۆژانە بەعسـیەکان لەنـاو هەڵەبجەیـا تەراتـێن ئەکەن، بەشـێك لەوانەی کە لەدادگـای بـاڵای تاوانەکـان بەڕاسـتی داواکـراون، بـۆیە مـن پێشـنیار دەکەم بۆیـادی ٤/١٤کەیـادی ئەنفالە هەموو حکومەت بێنە ئەم هۆڵە پێکەوە بڕیار لە ئەنفال بدەین لە تراژیدیای ئەنفال بدەین وەهەندێ شت کەین بۆ کەسوکاری ئەنفـال کـراوان کە برینەکـانی ئەوانـیش کەم نیـیە، هەڵەبـجە ئێستا شەست و چوار کافتریای تیایە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری، گەنجەکانمان نـابێ بچـن نێـرگەلە بکێشن جـگەرە بکێشـن، پێویسـتە هەلـی کاریـان بـۆ بـدۆزرێتەوانێ، مەرزەکانیـان بەنێـودەوڵەتی بکەن کارگەیان بۆ بکەنەوانێ نەك ڕۆژانە ژمارەی کافتریاکان بۆ گەنجـی بـێ ئـیش لە هەڵەبجەیـا زیاد بکـات، وەبەرێـز سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئێـوەش تکـایە پێشـنیازی یاسـای منـاڵە ونبوەکـانی هەڵەبـجە بـخەنە بەرنـامەی کـارەوە، هیچـی تێناچێـت بەقەدەر گـۆرانی بێژێکـی تێناچێـت کە لە ئەوروپاوە ئەهێنرێ و لێرە حەفلەی بۆ ئەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، پێشـنیازی یاسـای منـاڵە ونبوەکـان گەڕێنـرا بـۆوە بـۆ ئەنـدامان بـۆ چـاکردن، هەندێ هەڵەی ڕواڵەتی تیا بوو چاکراوەتەوە، وە بێگومان ئاراسـتەی لیـژنەی تایبەتمەنـدو لیـژنەی یاسای دەکەینەوە، وشەی عەیبە لە قسەکانی مامۆستا عمر لادەدرێ، شەرم و عەیـبە لە قسـەکانی لادەدرێ، بەڵێ تەواو کاك هێڤیدار، تکایە لیـزا خـان بەسـە تەواو ئـێمە تەقیمـی دەکەیـن، دەرفەتـم نەداوی قسە بکەی ئێمە تەقیمی دەکەین، کاك هێڤیدار قسە ئەکەی یان نا؟ فەرموو قسەکەت بـکە تەواو فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسـیارەکانم دوو بەشـن، بەشـێکیان ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، بەشـێکیش ئاڕاسـتەی بەڕێز وەزیرەکان دەکەم کە لێـرەن، جەنابتـان وەکـو سـەرۆکایەنی پەرلەمـانی کوردسـتان بەپێـی پەیڕەوی ناوخۆی مـاددەی (١٨) کە دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی پەرلەمانتـان هەیە، داوا لە بەڕێزتـان دەکەم نامەیەکی فەرمی بەناوی پەرلەمانی کوردستان بۆ حکـومەت و پەرلەمـانی عێـراق بنێـرن، چــونکە مــاددەیەکی دەســتووری هەیە مــاددەی (١١٢) لە دەســتووری عێــراق بەشــی یەکەم، حکـومەتی عێـراق پابەنـدەو مـولزەمە تەعـویزی هەمـوو ئەو شـارانە بکـاتەوە کە لە سـەردەمی حکومەتی پێشوو زوڵمیان بەرامبەر کراوە، هیوادارم ئەو نـامەیە بنێـرن، پرسـیارەکانم بـۆ بەرێـزە وەزیرەکـان بەرێـز وەزیـری نـاوخۆ بـۆ ئەنجـوومەنی پارێزگـا تـا ئێسـتا لە پارێزگـای هەڵەبـجە دانەمەزراوە کە پەیوەندیان بە جەنابت هەیە؟ بەنیـازی سـەردانەکی هەڵەبـجە بـکەی وەکـو بـرای بەرێزمان کاك پێشەوا باسیکرد ئەو هەموو دامەزراوانە بۆ لە هەڵەبجە نین بـۆ تەنها بینایەتەکـان هەنە؟ دەچیت حەزدەکەم ئەو جوابەمان وەربگـرین، بەرێـز وەزیـری شـارەوانی بەرێزتـان لێـرەیە پلانتان چیە بۆ ئاوەدانی هەڵەبجە وە بەرێـز سـەرۆکی دەسـتەی وەبەرهێنـان چ پـرۆژەو پلانتـان هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرمایەکان بۆ هەڵەبجە جارەکی بزانین هۆتێل هەیە لە هەڵەبـجە خەڵکـی تـر

ئەچێتە ئەویَ پارە لە هەڵەبجە سەرف دەکرێتن، پێویستم بەو ڕوونکردنەوانە هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ازاد.

**بەڕێز ازاد اكرام بهرام:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆن پێشنیار دەکەین پرۆگرامی خوێندن گرینگ بدرێتە هەڵەبجە و بابەتی جینۆساید وەك یابان، بابەتی هیرۆشیماو ناكازاكی بە قوتابیان دەڵێن دەزانن بۆ وایان لێکردین، چونکە لاواز بووین ئەگەر بخوێنن پێشبکەوین نەیان دەتوانی وامان لێبکەن، بۆیە بابەتی هەڵەبجە کە پێنج هەزار کەس قوربانیەو نەتەوەکانی دیش باس بکرێت وەك تورکمان، کە لە ئالتون کۆپری لە ساڵی (١٩٩١) سەد کەسمان لەویَ قوربانی بوون ئەوانەش بچتە ناو بابەتی خوێندن، هەتا میللەت تەوعیە بکرێت و دیراسەت بکرێت لەسەر ئەوانە ئەو جیلەی کە دروست دەبێت لەمە باشترو دڵسۆزتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك احسان.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئایەتەکی قورئان دەست پێدەکەم (وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ) هەزار سڵاو ڕەحمەت لەسەر ڕوحا شەهیدی هەڵەبجەو تەواوی شەهیدی کوردستانیَ بن، بەڕێزان تاوان هەر تاوانە چ کیمیا باران کردن بیت یان ئەنفال و ساخی بن ئاخکرن بیتن ئەگەر هەڵەبجە پێنج هەزار بە کیمیایێ شەهید کردبن، سەدو هەشتیَ و دوو هەزار ئینسان بە ساخیێ هاتیە بن ئاخکرن لەو مەنێژەی ئەم هەمی بزانین دوژمنیَ کورداو دوژمنیَ گەلیَ کوردستانیَ ئێك چاڤ تەماشامە کریە، چ جار نەگۆتیە ئەڤە سۆرایەو یان بادینە ئەڤە پارتیەو یان یێکەتیە و یان ئۆپزسیۆنە هەرجار گۆتی کورد کوردە، لەوڕا دڤێت **کورد** بزانیتن تاکە چارەسەری بۆ گەلیَ کوردستانیَ ئی ژوان دەردەسەریا دەرکەویتن ئەوە کەل و کینا خۆ بێنە خوار پێکڤە دەستێن ناڤ دەستیَ ئێك دانین گۆتنێن خۆ بکەینە ئێك کرپار نەبێین ئیکدی ناشرین بکەین بەلکی وەختی حکومەت تشتەکی باش بکەت دەست خۆشی لیَ بکەین وەختیَ مە ڕەخنەك ژ هەبیت بلا ڕەخنە ئاڤاکە بیت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گەلاوێژ دەرەنجامی بەعسێکی عیلمی پێیە، یەك دوانێك لە هاوڕێکانی لە فراکسیۆنی پارتی وەختەکەی خۆتانی بدەنیَ، یەك لەحزە کاك شوان کاك حیکمەت کاك کاروان، نەتیجەی بەحسێکی عیلمی پێیە لەسەر هەڵەبجە، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، دەمەوێت لێرەوە سەرەنجی بەڕێزتان و سەرەنجی ئەندامانی پەرلەمان و سەرەنجی میوانان ڕابکێشم بۆ توێژینەوەیەکی دڵخۆشکەرو مزگێنیەك بۆ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە کە ئێمە تووشی دڵە ڕاوکێ ببوین ئایا ئەو بەروبوومەی لە هەڵەبجە دێتە بەرهەم هەنارو خواردنەکانی ترو ئاو و خاکەکەی ئایا تەندروستە بۆ ژیان، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی توێژینەوەیەکی زانستی کە من و هاوکارانم لە زانکۆی دهۆك دکتۆر وشیار کردوومانە بۆمان دەرکەوتووە کە دی ئێن ئەی ئەو خەڵکانەی کە لە هەڵەبجە دەژین وە بەر چەکی کیمیاوی نەکەوتوونە تەندروستن و ژینگەیەکی تەندروستمان هەیە، بۆیە من پێم باشە لێرە بۆ ئەوەی بزانین کاریگەریەکانی چەکی کیمیاوی لەسەر دانیشتوانی شاری هەڵەبجە هەبووە یان نەبووە، وە لەسەر نەوەکانیان هەبووە یان نەبووە، پێم باشە نیشانی بدەین سامپلمان کۆ کردەوە لە خوێنەکانیان لە دوو گروپ کە گروپێك تەمەنیان پێش (٨٨)و گروپی دووەم دوای (٨٨)لە دایك بوون بۆ ئەوەی جیاوازی بکەین لە نێوان بۆ ماوە ماددەیان، ئایا تێك چووە یان نا، بە تەکنیکی نوێ دیاری ئەکات لە تاکە خانەیەك دی ئێن ئەی تێك چووە یا نا، ئەم ڕەسمانە نیشان ئەدات کە تێك چووە یا نا، گروپی دووەم تەندروستن و جگەرە کێشیش نەبوون، دەرکەوت دی ئێن ئەی ئەوان زۆر باشە، موژدەیەکی دڵ خۆشکەرە بۆ هەلەبجە، داواش ئەکەم سەرنتەرێکی ڕاوێژکاری بۆ دی ئێن ئەی بکرێتەوە لە هەلەبجە، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکرێ بۆ منداڵە ونبووەکان و پشکنینی دی ئێن ئەی منداڵە ونبووەکان، پێویستە لە پلانی داهاتوو سکرینگیکی تەواوی دی ئێن ئەی بکەین، تا هەر تێکچووێك لە بۆ ماوەی دانیشتووانی هەڵەبجە هەبێ دیاری بکەین و چارەسەری بکەین، دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم ئەکەین ئەو پێداویستیانەی دابین کرد، داواش ئەکەین زیاتر گرنگی بە شاری هەڵەبجە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕۆحی شەهیدانی هەڵەبجە شاد بێ، ڕاستە حکومەتی ئێستای عیراق میراتی حکومەتی ڕژێمی پێشووە، ئەوەی لە دەستوور هاتووە ئێستا ئەرکی حکومەتی عیراقە، بەڵام لە تەنیشت ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی هەیە، سی ملیار دینار بڕێکی تا ڕادەیەك باشە، بەڵام بەراورد بەو فەسادە گەورەی هەیە کەمە، ناکرێ سی ملیار دینار بۆ هەڵەبجە تەرخان بکرێ، بەڵام حەجمی گەندەڵی و قاچاغی (١٥٠) ملیۆن دۆلارە، ناکرێ هاووڵاتی هەڵەبجە پێویستی بە یەك دەفتەر دۆلار بێ بۆ چارەسەری، بەڵام زەوییەك بدرێ بە یەکێ بە (٢٠) ملیۆن دۆلار و یەکی تر (٣٠) ملیۆن دۆلار، (٢٥٠) هاووڵاتی هەڵەبجە بە حەق ئەبێ زەوی بۆ دابین بکرێ نییە، بەڵام نزیکی (٨٠) هەزار پارچە زەوی تەنیا لە سنووری پارێزگای سلیمانی بێ هیچ ئەمرێکی وزاری لەلایەن ژمارەیەك مەسئولەوە فرۆشراون، کێشەی هەڵەبجە کێشەی کوردستانە بە گشتی، ئەوەی لە هەڵەبجە هەیە لە گەرمیان و سوسیانیش هەیە هەمان گرفت

هەیە، ئەوەی کوردستان و هەڵەبجە ئازار ئەدات ئەو نادادیەیە، بەرپرسێك زەوییەکی پێ ئەدرێ بە چەند ئیمزایەك و دوو شەریك دائەنی و سەد ملیۆن دۆلاری دەست ئەکەوێ، بەڵام بۆ چارەسەری منالێکی ونبووی هەڵەبجە دوو دەفتەر دۆلار نییە، بەداخەوە بەرهەمی هەڵەبجە ئەوەی بۆی نەبوو خەڵکی هەلەبجەیە، لە سایەی ئەوان ژمارەیەك بەرپرس دەستیان کرد بە قاچاغچیەتی و قومار و هیتر، ئێمە دوێنی لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان توێژینەوەییەکی بەشی کیمیایە ئەڵێ بە هۆی کۆمەڵێ بازرگانی بەرپرس و گازوایلی ساختە ژینگەی کوردستان بە ئەندازەیەکی مەترسیدار رۆیشتووە، چەند پێشنیارێکم هەیە کە ئەشزانم لەو سێ ملیار دینارە زیاتر تەرخان ناکرێ و بڕواوەتەوە، یەك، بازارێکی ئازاد لە نێوان کوردستان و ئێران لە هەڵەبجە دروست بکرێ، نەخشەیەکی ئیستیسماری و زەوی بۆ دابین بکرێ، مۆڵەتی وەبەرهێنان وەبەرهێنەرێك وەری ئەگرێ، بەڵام دوو ساڵ ئەبێ بە دوای زەوی بگەڕێ تا مەسئولێك ئەدۆزیتەوە بە شەریکی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری ڕێز بۆ قوربانیانی هەڵەبجە، بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، زۆربەی قسەکان کرا، ئەوەی ئێستا هەیە لە پەرلەمانی کوردستان وەزیر و ئەندامانی پەرلەمانیش دەسەڵات لێرەیە لە هۆڵی پەرلەمان، ئەگەر بمانەوێ بڕیارێك بدەین بۆ دۆخی هەڵەبجە ئەتوانین، راستە هەموو وەزیرەکانی و سەرۆکایەتی حکومەت لێرە نین، بەڵام ئەو وەزارەتە گرنگانەی دەسەڵاتیان هەیە ئەتوانن بڕیارێك بدەن بۆ ئەوەی دۆخی هەڵەبجە و کۆی گشتی شار و شارۆچەکەکان چاك بکرێ، ئەمڕۆ (٥٧) واژوومان کۆ کردۆتەوە بۆ یاداشتێك ئەوەی ١٦_٤ دانیشتنێك ساز بکرێ سەبارەت بەو کارەساتەی گەرمیان، بۆیە داوا ئەکەم بکرێ دانیشتنەکە لە گەرمیان بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشتەکەت پێشکەشی سەرۆکایەتی بکە، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەر سێ لیژنەی شەهیدان و رۆشنبیری و شارەوانی ئەکەم بۆ ئەم راپۆرتەیە، داوا لە وەزیرە بەرێزەکان ئەکەم ئەم راپۆرتە بە هەند وەرگرن و بیبەن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، دوای مانگێکی تر ١٦-٤ یادی کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسانیش ئەکرێ، هیوادارم حیساب بۆ ئەوانیش بکەن، سەبارەت بە هەڵەبجە زانکۆی هەڵەبجە (١٠٢) مامۆستای هەیە، بەڵام لە زانکۆکانی تر کۆلیژێك زیاتر لە (١٠٠) مامۆستای هەیە، دوو، لە رووی گەشتیارییەوە خاوەنی ئەحمەداوە و چەندی ترن، ئەگەر گرنگیان پێ بدرێ هەم بۆ خەڵکی ناوچەکە و ناوچەکەش ئەبوژێتەوە، لە رووی ئاینیش مەزارەکانی شێخی بیارە و خانەقای

تەوێڵە و زۆری تریش، هەروەها مەرزی سازان، لە رووی کشتوکاڵیشەوە زۆر باشە، دوو کارگەی گەورەشی لیێە، روون و دۆشاوی تەماتە، داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەکەم گرنگی زیاتر بەو ناوچە بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نەوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای بەخێرهاتنی میوانەکان، سەرنجم بۆ هەلەبجە، نموونە لە رووی پەروەوەردەییەوە بەشێکی زۆر ئەو خوێندنگایانەی ئێستا هەنە شایستە نین و پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە، بەشی هەرە زۆری باخچەکانی منداڵان لە خانووی کرێن، لە رووی کاروباری کۆمەڵایەتی تا ئیستا سەنتەری ژنان نییە بۆ ئەو ژنانەی هەرەشەیان لەسەرە، وەزارەتی ناوخۆ تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە رەسمی نەکراوەتەوە و کارەکانی تەواو نەبووە، بیناشی نییە، لە رووی رۆشنبیری تا ئێستا نە مەسرەحێك و نە مەرکەزێکی سەقافی نییە کە رێژەی شاعیر و نووسەری زۆرن لە هەلەبجە، پاسپۆرتی هەڵەبجە تا ئێستا دوو کارمەندی بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەیە، ئەوەی تر هەموو لە دائیرەکانی تر هاتوون، لە رووی گەشتوگوزارەوە سەرەرای هەبوونی ئەو هەموو ناوچە گەشتیارییە تا ئێستا پرۆژەیەکی گەشتوگۆزاری نییە، ئوتیلێکی باش نییە میوانەکان لی بمێننەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلاو لە رۆحی شەهیدان، بەشێك لە قسەکانم کرا، ئەپرسم ئەرکی پەرلەمان دەرکردنی بریار و چاودێری کردنییەتی، بۆ پەرلەمان دوای نزیکی (٦) بۆ (٧) ساڵ لە دەرکردنی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١٥ بۆ بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە بەدواداچوونی نەکردوە، پیشنیار ئەکەم وەکو بەرێزت سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیرەوی ناوخۆ لیژنەیەك دروست بکەین بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە دروست نابێ، ئەو کێشەیە چییە، خەڵکی هەڵەبجە بێزار بووە لە بەڵێن و جێبەجێ نەکردنی، پرۆژە هەیە نزیکی دە ساڵە جێبەجێ نەکراوەو لەو کاتە هەلەبجەییەکان ئەڵێن یادەکە بووە بە کتێبێك، ١٦-٣ ئەیکەنەوە و دایئەخەنەوە، تکایە خزمەتی خەڵکی هەڵەبجە بکەن، لە وەزیرەکان ئەپرسم جگە لەو (٣٠) ملیارە کۆمەڵێ داواکاری دیکەمان خستە بەردەمتان ئەتوانن جێبەجێی بکەن؟ یان هاتوون بیدەن و تەواو، هیوادارم ئەمرۆ بریار بدەین بەس قسە نەکەین، پرسیارم لە وەزارەتی شەهیدان لەو کابینەیە چی کرد بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلیم.

**بەریز مسلم عبدالله رسول:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخیرهاتنی میوانەکان ئەکەم، ئەمەویَ لە روانگەی کاری پیشەییم باسی چەند گرفتێك بکەم لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا، چەند بریارێکی بۆ دەرچوو بەشێکی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بەك، تەواو کردنی بینای بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەڵەبجە کە ئێستا لە بینای خۆیان نین، تەواو کردنی بینای سەرۆکایەتی زانکۆی هەلەبجە، تەواو کردنی پرۆژەی داخیلی کە نیوەی تەواو بووە بۆ کچان، دروست کردنی قوتابخانەی نویَ کە هێشتان دوو دەوامی بوونی هەیە، نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان، کار بکرێت بۆ بە مەنهەج کردنی کارەساتی هەڵەبجە و جێی بکرێتەوە لە خوێندن، دروست کردنی سەنتەری توێژینەوە کە مەهامی کارکردن بیَ بۆ ناساندن و لێکۆلینەوەی زانستی بۆ پشتیوانی بە جینۆساید ناساندنی نیودەولەتی، کردنەوەی بەشی پسپۆری زیاتر لە زانکۆی هەڵەبجە کە بۆ گەشە پیَ کردنی زانکۆی زیاتر بە رەخساندنی خزمەتی زیاتری زانست بۆ مامۆستایان کە ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) بۆ (٣٠٠) مامۆستا کۆچ ئەکەن بۆ درێژەدان بە کارەکانیان، داواکارم بە تەرخان کردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ تەواو کردنی ئەو پرۆژانەی دەرچوونە، بەڵام تەواو نەکراون.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا وەیس.

**بەریز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵەبجە ناسنامەی خەباتی گەلەکەمانە، لوتکەی دەڕندەیی رژێمی بەعس دەرئەخات بەرامبەر گەلێك هەردەم بەرماڵی ئاین لە سەرووی پیرۆزییەکانی ژیانی بووە، ئەمڕۆ خەمی هەڵەبجە هەموولایەکی کۆ کردۆتەوە، هەمووماں بە یەك تیم کار ئەکەین بۆ ئەوەی خزمەتی ئەم شارە بکەین، هەلەبجەییەکان شایەنی هەموو خزمەتێکن، لەو چوارچێوە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەی بە پارێزگا بوونی پیشکەش کرد کە سەرەنجام لە (٢٢-٩-١٩٩٩) بڕیارەکە دەرچوو لە (١٣-٣-٢٠١٤) بەهەوڵی (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی ئەو کاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی حکومەتی فیدرال بەدەست هینا، سەرۆك بارزانیش وەکو سەرۆکی هەرێم مەرسوومی هەرێمی دەرکرد، هەڵەبجە بووە یەکەم پارێزگا لە سەردەمی حکومەتی هەرێم، ئێستاش مایەی خۆشحاڵییە کابینەی نۆیەمی حکومەتی لەسەر فەرمانی (مەسروور بارزانی) بریاری ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیجی لە هەڵەبجە دا کە راستەوخۆ کاریگەری ئەبیَ لەسەر ئاوەدان کردنەوەی زیاتری شارەکە، لەگەڵ ئەوەی پرسیارێکم هەیە لە نوێنەرانی حکومەتی هەرێم ئایا چی کراوە بۆ ئەوەی حکومەتی فیدرال بە ئەرکی خۆی هەڵسیَ و قەرەبووی کەس و کاری شەهیدان و برینداراتی هەڵەبجە بکاتەوە، بەداخەوە دوای تاوانی هەڵەبجە هێشتان عەقلیەتی شوڤینی لە عێراق هەیە و نکۆڵی لە مافەکانی گەلی کوردستان ئەکریَ، پێشنیاریشم ئەوەیە هەڵەبجە بە گشتی و هەورامان بە تایبەتی مەڵبەندی دیاری ئاینی و پێگەیاندنی کەسایەتی ئاینی بووە تەنانەت بیارەی شەریفە گرنگە لەم قۆناغە بۆ

بڵاوکردنەوەی فکرەی میانرەو و پێگەیاندنی مامۆستایانی ئاینی و نەتەوەیـی حکـومەتی هەرێـم کار بکات زیاتر بایەخیان پێ بدات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سارا خان.

**بەریز سارا دلشاد بکر:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان، پاڵپشتی ئەو بەرێزانە ئەکەم باسی دروسـت کردنـی ئەنجـومەنی پارێزگای هەڵەبجە ئەکەن و پشتگیریان ئەکەم، ئەزانن پارێزگای هەڵەبـجە خـاکی بەپیـتە، سـاڵانە چەند تۆن هەنار بەرهەم ئەهێنری، ئەتوانن کارگەی زیاتر دابمەزرێـنن، بـۆ ئەوەی هەلـی کـار زیـاتر بێ، خەریجی زانکۆکانیش دابمەزرێن.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەریز سەروان محمد علی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پرسیارێکم هەیە، سڵاو بـۆ شـەهیدانی هەڵەبـجە و کوردسـتان، پرسـیارم لە ستافی حکومەت و داواکاریم لە پەرلەمان و حکومەتیش، چ قەناعەتێـك بـۆ ئـێمە و دانیشـتوانی شـاری هەڵەبـجە دروسـت ئەکەن کە سـاڵێکی تـر کە ئێسـتا پشـتگیری لە هەمـوو داواکارییەکـان ئەکەین کە ئێستا ئەکرێ، ئەوەی قسەیەکی جوانی کردبێ پشتگیری ئەکەیـن، بەڵام چ قەناعەتێـك هەیە هەمان پرسیار ناکرێ، داوای من لە سەرۆکایەتی پەرلەمـان و سـتافی حکـومەت کە هـاوڕای بەرێز مەلا احسانم ئەوەی بەسەر میللەتی کوردی هێنا خۆ لە قەومی خۆیـان زمـانی ئەوانە، ئـێمە خراپەمان بەرامبەر هیچ میللەتێکی جیهان نەکـردووە، بەڵام ئەوان وایـان کـرد لەبەر کـورد بـوون بـوو، داوای مـن برایەتـی و یەکرێـزیە، دوو بەڵـگە ئەڵـێم ئەگەر دەرفەت بـدەی، کـۆنترین ئێسـکی مرۆڤـایەتی لە کوردسـتانە، کـۆنترین خـاکیش زراعەتـی لەسـەر کـراوە هەر هەرێمـی کوردسـتانە، بڕواشـمان بە کیتـابە دینـدارییەکان هەیە، دیسـان حەزرەتـی نـوح هەر لە کوردسـتان بـووە، ئـێمە کەچی سـەیری جیهـان ئەکەیـن بەس نـاوی ئـێمەی لەسـەر نیـیە، شـەرمە ئـێمە حیزبـایەتی پـێش کوردایەتی بخەین.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەریز ژیان طاهر احمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشـێك لە قسـەکانم کـرا، تەنیـا ئەڵـێم داوا لە حیـزبە سیاسـیەکان ئەکەم بـا پـێکەوە لە جیـاتی ململانێی سیاسی یەك دەنگی بین و پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بکەین.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ریبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان، حەق بوو لەو رۆژە جگە لەو قسانەی بۆ خاتری ئەوەی چی بکرێ ئەبوایە رێگە نەدرێ لافی حیزبەکانی تر بەسەر حکومەتی بدرێ" بەڵام کرا، وەکو کورە شەهیدێك لە دەڤەری زەرد بڵندی بارزان هەشت هەزار شەهیدی داوە و ئەندامی فراکیسیۆنێك کە حیزبەکەم لە (٤٦) ەوە تا ئێستا شەهیدی داوە، ئەپرسم کەس لە خۆمان دڵسۆزترم نازانم بۆ ئەوەی کارێك بۆ هەڵەبجە بکەین، بۆیە ئەوەی حەقە داوای لێبوردن بکات ئەوانن بازاری سیاسیان، حکومەتی هەرێم بریارێکی داوە بۆ ناساندنی هەڵەبجە وەکو پارێزگا، زۆر لە بەرێزان باسیان کرد چۆن خزمەتگوزاری پێشکەش بە هەڵەبجە بکرێ بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتم کە ئەزانم ئیدارەی سلیمانی وەکو پێویست ئاوەڕی لە هەڵەبجە نەداوەتەوە، ئەوەی ئەمەوێ بڵێم چۆن هەڵەبجە وەکو سەرمایەیەکی مەعنەوی کاری بۆ بکەین کە بناسرێ، لیرەوە داوا ئەکەم شەهید خاڵە عومەر بوونی هەبێ و داواش ئەکەم وەکو پەرلەمان بۆ پیادە کردنی دبلۆماسیەتی پەرلەمان هەوڵبدەن لەگەڵ پەرلەمانانی وڵاتان، ئەو بابەتە ئەگەر چی تا ئێستا بە جینۆساید نەناسینراوە، هەوڵ بدەین لە ئاست پەرلەمانانی وڵاتان ئەو بابەتە بخرێتە ڕوو.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شتيك نييە لە هەرێم ناوی ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی دهۆك بێ، حکومەتی هەرێم حکومەتی هەمووانە کە پێکهاتووە لە چوار پارێزگا بە یەکەوە حکومەتی هەرێم پێك دێنن، بەتەواوی پێکهاتەکانییەوە بەرپرسە لە خزمەتکردنی دانیشتوانەکەی، داوا ئەکەم قسەکانمان لە ئاست گرنکی دۆخی هەڵەبجە بێ، فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان، دوای (٣٣) ساڵ بەسەر بۆردمانی پارێزگای هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی بە تەنیا چاوێك بگێڕی بەو شارە ئەزانی حکومەتی هەریم نەك خزمەتی ئەو شارەی نەکردووە، بەڵکو بە جۆریك سزاشی داون، ناکرێ لە دوای (٣٠) ساڵ ئەبێ بڵێین بەپەلە قوربانیانی چەکی کیمیاوی و بریندارنی چەکی کیمیاوی چارەسەر بکرێن، ئەمە بە دەرفەت ئەزانم چەند پێشنیارێك بخەمەڕوو بۆ بەرێزان لە تیمی حکومەت، پێکهێنانی بۆردێك بۆ ئاوەدان کردنەوە و قەرەبوو کردنەوەی بەرکەوتووانی هەڵەبجە و بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی هەموو پرۆژەکان بە مەرجی سەرۆکی ئەو دەستەی دروست ئەکرێ بە پلەی وەزیر یان جێگری وەزیر بێ و پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران هەبێ، چ دورستکردنی مەرز بی کە هاورێیان وتیان و بۆ ئەو کێشانەش، دوو، دیاری کردنی بوودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بە لەبەر چاو گرتنی گەورەیی کارەساتەکە، نەك ژمارەی دانیشتووانی ئەم بوودجەیە لەلایەن حکومەتی ناوەند و بۆ شارەکە بخرێتە بەر دەستی ئەو بۆردەی ئاماژەم پێ کرد، سێ، نوێنەرانی کورد لە بەغدا و حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان فشاری زیاتر بکەن بۆ سەر حکومەتی عیراق بۆ جێبەجێ کردنی یاساکانی لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان، هەرچەند دووجار روون کردنەوەت دا لەسەر ئامادە نەبوونی بەشێك لە وەزیرەکان، بەڵام قسەکانی من لەسەر کەرتی تەندروستییە و پەیوەندی بە وەزیری تەندروستییەوە هەیە، هیوادارم سەرنجەکانم جێ بکرێتەوە، لە شاری هەڵەبجە نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاویی هەیە کە ماوەی (١٤) ساڵە لەلایەن کۆمپانیای زاگرۆسەوە دروست کراوە، (٩٥٪) تەواو بووە، بەڵام (٥٪) ماوە کۆمپانیاکە بە بیانووی وەرنەگرتنی سلفە تەواوی ناکات، لە ئێستادا لە ناو بیناکە لە ڕێگەی ڕێکخراوی ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ کە وڵاتی ئەڵمانیا پشتگیری ئەکا، بەشێك لە خزمەتگوزاری بە تایبەت لە بواری راهێنان و لایەنی دەروونی پێشکەش ئەکات، ئەرکی سەرشانی حکومەت و وەزارەتی تەندروستی فشار لەسەر کۆمپانیای جێبەجێ کار بکات، ئامێری پێویستیش دابین بکرێ، نەخۆشخانەی بیارەش هەیە کە بیناکەی لەسەر ئەرکی سەرۆك (مام جەلال) دروست کراوە نە ستافی تەندروستی و نە ئامێریش، لە ناو بینای ئەم نەخۆشخانەیە تەنیا لە ڕێگەی هاوکاری کۆنسولی (چیك) بە بڕی (١٠٠) هەزار دۆلار بەشی منداڵبوونی سرووشتی لێ کراوەتەوە، کە داوا لە حکومەت ئەکەم هەرچی زووە ستافیکی (٨٥) کەسی و ئامێر و پێداویستی پزیشکی بۆ دابین بکرێ، تا ئێستا لەو شارە ئامێری قەستەرەی دڵ نییە کە بیناکەی لەلایەن ڕێکخراوی کۆچ و کۆچبەرانی جیهانی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر وەزیریکی بەڕێز ئێستا لێرە نەبێ، لەبەر ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان داوایان نەکردووە، ئێمەش داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران نەکردووە، ئێمەش داوامان نەکردووە، وەزیری تریشمان بانگ کردایە ئەهاتن، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلاو بۆ گیانی شەهیدان، وابزانم ئەو دوو لیژنەی ئەو راپۆرتەیان خوێندەوە هەموو داواکارییەکانی تێدابوو، پێویست ناکات ئەو هەموو قسە بکرێ، هەڵەبجە هیرۆشیمای کوردستانە، دوو داواکاریم هەیە لە وەزیری کشتوکاڵ، دروست کردنی ساردخانەیەکی گەورە، لەبەر ئەوەی ساڵانە (٣٠) هەزار بۆ (٣٥) هەزار تەن هەنار دێتە بەرهەم، کاتی عەرز ئەکرێ سعرێکی کەم ئەکات، ئەگەر ساردخانەیەك هەبێ و جوتیارەکان دابینێن دوای ئەوەی هەنار بەسەرچوو پارەی باش ئەکات، پێشنیاری ترم ئەوەیە جۆگەیەك هەیە لە هەڵەبجە (٣٠) کیلۆمەترە، ئەگەر سیفۆن بکرێ بۆ کشتوکاڵ باشە، بەدەر لەو قسانەی کردیان بەڕێزان پشتگیری هەرسێ لیژنەکە ئەکەم، ئەمەوێ حکومەتی هەریم لیژنەیەك دروست بکات ئەو جاش و موستەشارانەی لە ئەنفال بەشدار بوون ئەگەر مەحکومەیش ناکرێن، داوا لە وەزیری ناوخۆ ئەکەم حیمایەکانیان لێ بستێنێ، ئێستاش کوڕەکانیان بە بەرچاوی کوڕەکانی ئێمە تەرناشی بە

سەیارە لێ ئەدەن، پێشمەرگە هەیە لە بازاڕی رانییە تەماتە ئەفرۆشی و جاشیش هەیە بە ملیۆن دۆلار عەرزی داگیر کردووە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك کاروان.

**بەریز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەڤاڵان ئەکەم بۆ خزمەت کردنی هەڵەبجە و پشتیوانی کاك ئەبو بەکر ئەکەم کە ئەبوایە تەواوی کابینەی حکومەت ئامادەیە بوایە لێرە، وێرای گەیاندنی چەند خزمەتێکی گرنگ بە شاری هەڵەبجە، بەڵام بیرمان نەچێ (٣٠) ساڵە قسە ئەکەن کوا کردار؟ هەڵەبجە و گەرمیان و راپەرین و سۆران و بادینان و هەولێر و تەواوی کوردستان هەڵگری تەواوی هەمان کێشەن کە ئێستا زامدارن، دڵنیابن هیچ کامێك لێرەن نە خۆشیان ئەوێن و نە تاقەتی ئەوەیان هەیە گوێ لە قسە دووبارەکانمان بگرن، ئاسانە بە قسە گوزارشت لە زامی هەلەبجەیەکان بکرێ، لێرەش دەرچووین سواری وەنەوشە و سەیارەکانمان بین و بیرمان بچێتەوە، هەرگیز لەو زامە کەمناکاتەوە (٣٣) برینداری هەڵەبجەیی لەسەرە مەرگن، دلنیاتان ئەکەمەوە خەریکە تەواوی کوردستانیان رقیان لە هەمووومان ئەبێتەوە، لەبەر ئەوەی خەریکی قسەی دووبارەین، کوا خزمەت کردنی هەڵەبجە و کوردستان، یادی ئەنفال دی قسەی جدی تریشمان ئەبێ، تازە بە تازە دوای (٣٠) ساڵ دانیشتنێکی پەرلەمان ئەکەین، بۆ ئەوەی بە قسە باسی زامی هەلەبجەیەکان بکەین، تەمەنام ئەکرد ئەو دانیشتنە بە نەفەسی حیزبی نەبوایە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو بەدریە خان.

**بەریز بدریە اسماعیل:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

سڵاو بۆ گیانی شەهیدان، حکومەت ئەرکی سەرشانەیتی خزمەت بکات بێ جیاوازی، بۆیا پێویست ناکات پەرلەمانتار تەرخان کردنی بڕە بوودجەیەك پاش دەیان ساڵ، باوەڕ وایە خزمەتگوزاری بابەتێك بێ پەرلەمانتار لێرە بڕیاری لەسەر بدات، راستە مووچەیەکی مانگانە بۆ کەسوکاری شەهیدان بڕاوەتەوە، ئێستا بۆتە دوو مانگ جاری، بەڵام گرنگە چارەنووسی ونبووەکان و برینداەکانە کە (٣٣) ساڵ تێپەری برینداران ئاوەتی مەرگ لەگەل شەهیدان ئەخوازن، بۆ وەنبووەکانیش هیچ دایك و باوکیك باوەریان بە لیژنەکان نەماوە، داوا ئەکەم پەرلەمان کار بۆ دامەزراندنی فەرمانگەیەك بۆ چارەنووسی ونبووەکان بکات، چونکە ئەوانەی دۆزارونەتەوە ئاواتی دۆزرانەوەیان ناخوازن، ونبووێك ئەڵێ چەندین جار داوام لە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم کردووە بۆ چەند دەقیقەیەك بیانبینم، تا ئێستا رێگەم پێ نەدراوە، پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، حکومەتی ناوەند پابەند بکات کە لە (٢٠٢٠) تێپەر نەکات قەرەبووی قوربانیان و کەسوکاریان بکاتەوە، ئەنجومەنی پارێزگا پێك بێت کە لە بەرواری (٤-١-٢٠١٦) ەوە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی ناردووە، هەموو ئەو ئیمتیازانەی بە پارێزگا

بوون وەکو بودجەی ساڵانە و کردنەوەی مەرز و بەڕێوەبەرایەتی سەرجەم وەزارەتەکان پەیمانگا و شتی تریش، داوا ئەکەم یادێکی پڕ شکۆ بۆ (٤-١٤) بۆ یادی ئەنفال ئەنجام بدرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی هەڵەبجە بۆخۆم لە کارەساتی هەڵەبجە (١٨) ساڵ بووم، مانگێك پێش ئەوە لە هەڵەبجە بووم و بینیم دوای (٣٣) ساڵ هەڵەبجە وەکو خۆیەتی و شەڕی حیزبەکانیش وەکو خۆیەتی، ماوەیەك لە ئەڵمانیا وەکو موتەرجم کارم ئەکرد بۆ بەجینۆساید کردنی هەڵەبجە ئەم شەڕە بووە، چەند کتێبیکم لە زمانی کوردیەوە کردووە بە عەرەبی و بۆ ئەڵمانی ئێستا لە دادگاکان هەیە هەر ئەم شەڕەی تێدا بووە، بێمە چارەسەر و گلەییەکان، ئەو وێنانەی هاوڕێکانم وتیان هەر وان، بوراك ئەو پایتەختە جوانە بوو لە جەنگی جیهانی تەخت بوو، جەنگ کۆتایی هات ویستیان دروستی بکەنەوە، هیچ کەس شاهید نەبوو بزانن ئەو بینایە لە کوێ بووە، یەك وێنەی دەست کرد هەبوو هێنایان دروستیان کردووە، ئێستا هەزاران شاهید هەیە ئەزانن هەڵەبجە چۆن بووە دروست ناکرێتەوە، پێشنیارم ئەوەیە بۆ بە جینۆسایدی هەڵەبجە ئەو هەنگاوانەی هەن تەواو نین، ئەبێ دەستبەدەر لە حیزبایەتی بۆ دروست بکرێ، چونکە ئەو چەند بیست و سی ساڵەی لە دەرەوە بووم هەر کەس لە دەرەوە ژیاوە پارەی ناردووە، بۆ ئەوەی هاوکاری هەڵەبجە بکات نەگەیشتووە، ئەمڕۆ زۆرینەی خەڵك سەردانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان کرد لەگەڵ مۆنۆمێنتی چەمچەماڵیش بزانن چەند وێرانەیە، کۆتا شت ئەڵێم ئەو بۆردە دروست بکرێ لە کەسی پسپۆڕ و بوودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماوەی سەعاتێك پشوو وەرئەگرین.

# پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە کۆبوونەوەکەمان دەکەینەوە، فەرموون لە شوێنی خۆتان دانیشن، لەیلا خان بەڕێزت دەبێ قسە بکەی، فەرموون.

**بەڕێز لەیلا عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لایەنی پەیوەندیدار.

هەموو ساڵەك یادی کارەساتی جینۆسایدی هەڵەبجە دەکەینەوە، بیرمان بۆ ئەوە دەچێ چ بۆ هەڵەبجە و بۆ خەڵکەکەی کراوە؟ ئەوەی چەند ساڵەکە پرسیارەکە گەورەتر بووە و بەداخەوە وەڵامەکە کچکەتر بووە، ئەوەش ئەوەیە هەڵەبجە پارێزگایەکە بە بڕیاری ئەم پەرلەمانە، بەڵام واقع و مامەڵە کردن لەگەڵ هەڵەبجە هێشتا وەکو کەمتر لە ئیدارەی سەربەخۆ حیسابی بۆ دەکرێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەلایەن سەرۆکی حکومەت بڕیار لەسەر چەند پرۆژەیەکی گرنگ بۆ هەڵەبجە درا، بەڵام ئەوەی تا ئێستا جێگای پرسیارە بۆ خەڵکی هەڵەبجە و بۆ ئێمەش ئایا حکومەت پلانەکی گشتگیری هەیە بۆ هەڵەبجە؟ بۆ پەرەپێدانی هەڵەبجە؟ بەلایەنی کەم بگاتە ئاستی شارەکانی دیکە، بەتایبەتی لە شێوازی مامەڵە کردن لە هەڵەبجە وەکو پارێزگایەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم ئەسکەندەر، فەرموو.

**بەڕێز مەم ئەسکەندەر مەم:**

**بە ناوی یەزدان.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی**

تیمی حکومەتی بەخێر بێن سەرچاوان.

من تشتەکی زێدەی هەڤاڵێت خۆ نینە ئەز ئاماژەی پێ بکەم. لێ ئەوە کو من دڤێتن بێژم یا دلێ مە دا، کو هەم وەکو پەرلەمانتارەك هەم وەکو هاووڵاتییەك هەرێما کوردستانێ، بۆ تەئکید کرن سەر هەمی وان گلەیی و گازندە و داخاز و پێشنیارێت هەڤاڵان (٢٠١٩/٣/١٦) دگەل شاندەکی پەرلەمانێ کوردستانێ ب مەبەستا ساخ کرنا لێ کارەساتا جەرگ بڕ مە سەرەدانا حەلەبجە کرد، مخابن ئەڤە کو بۆ حەلەبجە کری ل ئاستێ وێ قوربانێدانی نەبوویە بڕاستی ژی وەکو بەسەرێ حەلەبچە هاتی، هێڤیدارین کو کارەساتی ڤێ ڕەنگی وەختی کو بیرا خۆ تێنینەوە ببنە هێڤێنێ یەکڕیزی و تەباییا گەلێ مە، دڤیا بۆ ئەڤ کارەساتە کارەساتەکا هەموو مرۆڤایەتیێ بوو، لێ مخابن تنێ کارەساتا گەلێ کوردە مرۆڤایەتی و جڤاکی نێودەولەتی و هەموو ئەو ڕێکخراوێن ناڤێ مافی مرۆڤ ئەمبەر ئەڤێ کارەساتێ و ڤێ برینا کیرا گەلێ کورد گەلێ شەرمەزارە، ئەڤ کارەساتا نە بەس بەشەکی هەرێما کوردستانێیە یان باژێرەکی یان کەسەك یان لایەنەکی سیاسی یە، برینا هەڵەبجە برینا دیار بەکرە، برینا مووشێ و ئورفا و برینا مەهابادە یان دهۆکە یان

قامشلۆیە یان سلێمانی یە یان کەرکووکێیە، برینا ما هەمیایە، برینەکە لە جەستەیی کوردستانێ دا، مخابن ئەڤ ڕوودانە بەردەوام خۆ دووبارە دەکەنەوە، چونکو مە کو گەلێ مە بخو نەکریە پەند و عیبرەت مە فایژی دەبینین، نوکە ژی لڤێ هۆلێژی هەندی ئەم مژیلی موزایەداتی سیاسی و ناشیرین کرن و کرین کرنا یەك و دوو ئەم هەند مژیلی چالاکرنا برینی خۆ نینە، ئەڤ برینێت کو خەلکێکی خۆ بەرامبەر وێ بێدەنگ کری تنێ هێلای گەلێ مەبە، ئەگەر نا ئەڤە کو حەلەبچە چی بووی چی چ وێ کەمتر نەبوو لە هیرۆشیما و ناکازاکی چێ بووی، لێ مخابن چونکو بتنێینە و ئەم تنێژی مژیلی ئێك و دووینە ناشیرین کردن و کری کرنا یەك و دووش بەر هەندێ بەردەوام برینێت گەلێ مە، برینێت جەستەی مە ڕۆژ بە ڕۆژێ زێدەتر و چارەسەریا وان گەلێك زەحمەتتر بیتن، هیواداریین کو مەسئولانە ڕەفتاری دگەل ڤان ڕووداناا بکەین و هەست بە مەسئولیەتێ بکەین و ئەڤە کو حەلەبجە ژی چێ بووی دەرحەقی هەمی گەلێ کورد و خەلکی کوردستانێ وەك یەك کرن و دڤێتن ئەم هەمی ژی د خەماوی یەکێ دابین کو ئاست ڤێ قوربانیا خەلکی حەلەبچە و هەموو خەلکی کوردستانێ خزمەتێ بکەین، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی**

دڤێ هەڵکەفتا خەمناك دا سەرێ خۆ دەچەمێنین ژ بۆ شەهیدێن کیمیابارانا هەڵەبجە و هەمی شەهیدێن ڕێگا ڕزگارییا گەلێ کوردستانێ، ڕاستە ئەم هەمی ژ بۆ خەلکی هەڵەبجە دڤێ کارەساتا دەلتەزێن دەئێشین و بریندار دبین، هەر ساڵ ئەڤ ڕۆژە نی دبیتەڤە و ئەڤ ژانە یا مە هەمیانە، لێ بەس خەڵکی هەڵەبجە دزانن کو کولێت وان چەند دژوارن و ژ بۆ ئێشانا برینێت وان ییێت ڕۆژانە پێ دەناڵن، ژ ئەگەری وان گازێن ژەهراووێن بسەر ڤی خەلکی بێ گوناهدا کری، وەکی سیانید و خەردەل و گەلەك گازێن دیێن فرمێسك ڕژێن و گازێن بهێن خوش کو پتر خەڵك هاندا هەڵبکێشن، پتر دەبیتە ئەگەری خنکاندن و شەهیدبوونا وان و پشتی چەند ساڵا ببیتە ئەگەری ژ ناڤ بەرنا جیناتێ بۆماوەیی و ئەم بزانین کو ئاسەوارێت وان گازا حەتا نووکەژی لەسەر جەستەیێ وان ماینە و پێ دەنالن، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی ئەڤە ئەو عیراقە حەتا نووکەژی هەندەك وا هزر دەکەن ئەگەر دەستا ژی گەلەك دەستکەفتێن خۆ بەردەیین وەك هەرێم و ڕادەستی وان بکەین بێ دلۆڤانیا بەمە بەن، لێ ئەم نزانین گاڤا وان ڤیا و شیان دێ هەندەك کارەساتێن زێدەتر ژ ئاڤا چێبووی بەسەرێ مە دەینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لنجە خان، فەرموو.

**بەڕێز لنجە إبراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شاندی بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم، بەڕێزان، ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە ڕووی داواکاری و گلەییەکانمان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی ئاراستەی

دەسەڵاتەکانی عیراق بکەین بەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاری و نادادییەی لە دەستوور و یاسا کە بەرامبەر هەڵەبجەی شەهید و شەهیدان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکرێ؟ لە ماددەی (١٣)ی دەستوور هاتووە دەڵێ (ئەو دەستوورە بالاترین و پیرۆزترین یاسایە کە دەبێ لەسەرتاسەری عیراق جێبەجێ بکرێ بە بێ ئیستیسنا)، هەروەها لە ماددەی (١٤)ی دەستوور دەڵێ (عیراقییەکان یەکسانن بەرامبەر یاساکان بەبێ جیاکاری ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئاین، مەزهەب)، لە ماددەی (١٣٢) لە بڕگەکانی (١) و (٢) قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەستی ڕژێمەکانی پێشووی ڕووخاوی عیراقیان خستۆتە ئەستۆی حکومەتی عیراق و لە خاڵی (٣) دەڵێ (بە یاسا ئەوانە ڕێك بخرێنەوە)، لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین یاسا لە پەرلەمانی عیراق بۆ ئەو مەبەستە دەرکراوە، هاووڵاتییانی عیراق لێی سوودمەند بوونە، بەڵام تا ئێستا هاووڵاتییەکیش لە هەرێمی کوردستان لەو یاسایانە کە دەستوور ڕێی پێدایە سوودمەند نەبووە، بۆ نموونە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لە موڵك و ماڵ لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسی ڕووخاو، جگە لەوەی کەوا ئەو قەرەبووکردنەوە کاتی خۆی بە سیعری زێر ئێستا بۆیان خەملێندراوە، یاسای تایبەت بە (رفحاء) کە ئەوانەی ئاوارە بوون لە خێوەتگای (رفحاء) ئینتیفازەی باشوور بە شێوەیەکی خەیاڵی هاتیتە قەرەبووکردنەوە، یاسای قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری قوربانیان و شەهیدان..

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس لەنجە خان، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز لنجە إبراهیم عبدالرحمن:**

نیو دەقەمان بدەیێ گرنگە، چونکە...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەزیرەکان دەبێ قسە بکەن، جەوابی ئەو هەموو بەڕێزە بدەنەوە، بەڵێ کاك عباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو وتار و قسانەی کە لەم هۆڵە کرا هەموو قسەی باش و پێشنیاری باش و کاری باشن، هیوادارم ئەمانە ببن بە بڕیار، بە ڕاسپاردە بۆ حکومەت هەر قسە لێرە نەمێننەوە چونکە قسەمان زۆر کردووە، من خۆزگەشم دەخواست کە ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگ و تایبەتە هەمووومان قسەی تێدا دەکەین، زۆر بە خێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم بەڵام دەبوو سەرۆك و جێگرەکەشی لێرە بوونایە، بۆ ئەوەی هەندێك شتمان هەرنا ئەلحەقی لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە ببوایە بە بڕیارێك و بەرهەمێك بۆ خەڵکی هەڵەبجە بماناردایە بۆ ئەوەی هەر قسە نەبێ، چونکە تەقریبەن خەڵك لە قسەکانمان تێری خواردووە، کوردستان بەڕاستی زۆر یەعنی هەر هەڵەبجەمان نییە ئێمە، ئەنفالمان هەیە، کیمیابارانمان هەیە، لە ناوچەی جیاجیامان هەیە، تەخت کردنی گوندەکانمان هەیە، هەموو ئەم بابەتانە بەڕاستی شتی گرنگن یەعنی ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین

بەڕاستی ئەم حکومەت و پەرلەمانە پێکەوە بە هاوکار و تەنسیقی بتوانین پرۆژەکانمان بۆ ناوچە جیاجیاکانمان بە یەکسانی دابەش بکەین، من دەبوو ئەمڕۆ لەم ڕۆژەدا کە هەموو حزبە کوردستانییەکانمان لەو پەڕی ناکۆکیدان ئێستا لێرە، ئەگەر خۆیان کۆنەبنەوە پێکەوە، ئەگەر تەبا و کۆك نەبن بۆ ئەوەی دابنیشن چۆن داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی عیراق بکەین و وەری بگرین، حکومەتی عیراق چۆن دێ خێرمان پێ دەکا؟ دەبێ ئێمە خۆمان بە تەبایی یەك دەست و یەك ڕەنگ بچین داواکانمان بکەین و لێرەشەوە پێکەوە هەموومان لە ڕۆژی ئەم ڕۆژە پیرۆزەی کە میللەتەکەمان کیمیاباران کراوە پێکەوە بچوونایە لە هەڵەبجە کۆبوونەوەکیان بکردایە، پێموایە بەشی زۆری کێشەکانمان کۆتایی پێ دەهات و لەوێشەوە دەیانتوانی زۆر بڕیار بدەن، ناکرێ لەم هۆڵەی پەرلەمان بڵێین فلان کەس خزمەتی ئەو وڵاتەی کرد یان فلان کەس ئەم پرۆژەیەی کرد، ئەمە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە دەیکات، دەرچوونی پارێزگار پەرلەمان کردوویەتی، خزمەتگوزارییەکان حکومەتی هەرێم کردوویەتی، هیچی بە شەخصی نەکراوە، بۆیە با واز لەم بابەتە بێنین هەموو ناکۆکییەکانمان لەو قسانەوە جار هەیە دروست دەبێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا هاوخەمی خۆم بۆ هەموو قوربانییان و بە رکەوتووانی چەکی کیمیایی دەردەبڕم، هیوای شیفاش دەخوازم بۆ نەخۆشەکان، سوپاس بۆ ستافی حکومەت کە ئەمڕۆ لێرە ئامادەن، بەڕێزان پارێزگای هەڵەبجە پێویستی بە تاقیگەیەك هەیە بۆ پشکنینی بۆماوەیی لەبەر دوو هۆکار:

هۆکاری یەکەم/ بۆ شادکردنەوەی منداڵە ونبووەکانە بە خێزانەکانیان.

هۆکاری دووەم/ بۆ پشکنینی ئەو نەخۆشانەی کە بە هۆی چەکی کیمیاییەوە نەخۆش کەوتوون تا پشکنینی بۆماوەییان بۆ بکرێ و بزانین ئایا تەئسیری لە جیناتیان کردووە یان نا؟

ئەوە بە دەرفەت دەزانم کە داوا لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکەم ڕێگە بدات بە بینینی دەستگیرکراوانی پارێزگای دهۆك، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك حاجی هێرش، فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەموو ئەو وتانە دەکەم کە خزمەت بە هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان دەکەن، لێرەوە پێشنیارێکم هەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە ئێمە (١٩) لیژنەی هەمیشەییمان هەیە، داواکارم کە بڕیار بدرێ هەر لیژنەیەك بە هاوبەشی لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار لە لیژنەکەی خۆی

سەردانێکی مەیدانی بۆ شاری هەڵەبجە بکەن و ئەگەر بتوانین لە ماوەی یەك ساڵدا هەر لیژنە یەك کێشەی شاری هەڵەبجە چارەسەر بکات خزمەتێکی گەورە بەو شارە دەگەیێنین. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ بچمەوە ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە ناکۆکیە سیاسییەکانی ئێمە هەیە، برای بەڕێزم کاك عباس باش ڕوونی کردەوە کە ئەوە یەکێك لە گیروگرفتەکانی ئەو وڵاتە مەسەلەی ئەو ناکۆکییەیە کە بەداخەوە نەك لە هەڵەبجە، لە تەواوی هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئێمە بۆ خزمەتکردنی شاری هەڵەبجە دوو، سێ پرۆژەی ستراتیجی گرنگە کە ببێ بە بەردی بناغەی سەرەتای ئەو ئاوەدانییەی کە بۆ هەڵەبجە هەمووومان تەمەنای دەکەین، یەکێك لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی پارێزگای هەڵەبجە تەواو نەبوونی ماستەر پلانەکەیەتی، تا ئەو ماستەر پلانە تەواو نەبێ مەسەلەی خزمەتکردن و هەموو ئەو وردەکارییەی هاوڕێکانم لێرە باسیان کرد لە ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بەڕاستی جێگەی خۆی ناگرێ، یەعنی ئەرکی یەکەممان تەواوکردنی ئەو ماستەرپلانەیە بۆ شارەکان، دوو/ ئێستا ئەگەر بەڕێز جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەزانێ یەکێك لەو پرۆژانەی کە ئێستا بە پرۆژەی زۆر ستراتیجی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکان دادەنرێ مەسەلەی جاددەی بازنەی دەوری شارەکانە کە بەداخەوە تا ئێستا پارێزگای هەڵەبجە لەو پرۆژە ستراتیجییە بێ بەشە، ئەوە ببێ بە یەکێك لە بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، مەسەلەی چالاککردنی مەرزەکان زۆر زۆر گرنگە دوو مەرزی هەم سازان هەم ئەوەی هەڵەبجە شوشمێ هەیە، ئەو مەرزانە ئاوەدان بکرێتەوە و هەوڵی بە نێودەوڵەتی کردنیان بدرێ بۆ ئەوەی ببێ بە سەرچاوەیەکی داهات هەم بۆ پارێزگاکە هەم بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام نەبێ بە سەرچاوەی قاچاخچێتی و ئەوەکانی تریش، دوایی بڵێین کاك ڕێبەر و کاك شۆڕش فریاکەون هێزێکیش بنێرن بۆ ئەوێ، مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو دوو مەرزە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر داهات دەبێ هەم بۆ هەرێمی کوردستان هەم بۆ پارێزگای هەڵەبجە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك بەڵێن دەستخۆش، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی هەڵەبجە و شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان، من هەڵەبجە وەکو خوێندنگایەکی ئامادەیی دەبینم کە لەسەر قتعەکەی نووسراوە زانکۆ، لە ناوەڕۆك دا هەر قەتابخانە ئامادەییەکەیە، بەڵام بە پارێزگاربوونی

هەڵەبـجەش هەر بە هەمـان ئەو شـێوەی کە ئەو ئامـادەیی و نـاوی زانکـۆیەیە کە لە نـاوەڕۆك دا ئامادەیی یە و لەسـەری نووسـراوە زانکۆ، بەداخەوە لە دوای سـەد سـاڵ هەڵەبـجە لەبـری ئەوەی پێش بکەوێ دەبینین کە بەرەو دواوە گەڕێنراوەتەوە، جێگـای داخە، نـازانین لە کوێـوە دەست بە ئازارەکانی هەڵەبجە بکەین، بەڵام ئەوەی کە کارم تێ دەکـات دوای (٣٣) سـتڵ بریـنـدارانی چەکـی کیمیـایی بەدەسـت ئـازارەوە دەنـاڵێنن پێویسـتیان بەوەیە ببـرێنە دەرەوەی وڵات، پێویسـتیان بە داو و دەرمـــان و نەخۆشـــخانەکە هەیە کە بەداخەوە نەخۆشـــخانەکە بە هـــۆی ئەوەی کە دوو کۆمپانیـای حیزبـی ئەو نەخۆشـخانەیان دروسـت کـرد کێشـەی بـۆ دروسـت بـووە کە ئێسـتا چ لە ڕووی نەبـوونی پزیشـکی تـایبەتەوە چ لە ڕووی ئـامێری پزیشـکییەوە کێشـەی هەیە و خـۆی پێویستی بە چارەسەرە، دوو ساڵە کـراوەتەوە، بەڵام کەم و کـوڕی هەیە، ئەوەی جێگـای داخە کە بەرپرسان، کوڕانی بەرپرسان و ئەوانەی کە خۆیان لێرە نەخۆشانەیان هەیە زۆربەی نەخۆشـخانە ئەهلییەکـان هـی بەرپرسـانە، بەڵام بەداخەوە خۆیـان بـۆ دان ئێشـە و سەرئێشـەیەك دەچـنە دەرەوەی وڵات، بەڵام برینداریکی چەکی کیمیـایی بەداخەوە بە نائومێـدی و بە دڵ بریـنـدارییەوە گیـان دەسـپێرێ، مـن دەڵـێم ئەوانەی لە کـاتی کارەسـاتی هەڵەبـجە ئەو ڕۆژە شـەهیدبوون ئەوا تاوانەکەی لە ئەستۆی حکومەتی بەعسە، بەڵام ئەوەی کە بە بریـنداری و بە نائومێـدی و بە هـۆی بێ عیلاجییەوە گیـان دەسـپێرێ ئەوا تـاوانەکەی لە ئەسـتۆی حکـومەتی هەرێمە، چـونکە دەبـوو هەر چییەکمان کردبایە نازی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکانمان بگرتبایە بەداخەوە، من دوو پرسـیارم بۆ بەڕێز جێگری پارێزگار هەیە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ناتوانی پرسیار لە جێگری پارێزگار بکەی.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

ڕوونکردنەوەیەك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆی بنووسە، دکتۆر ئیسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

کاتەکەم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕوا بکە کاتەکەت نەماوە، تۆ بۆی بنووسە ئەو پرسیارانەی هەتە، فەرموو کاك د.إسماعیل.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دەسـتپێکێ ڕێـز و سـلاڤ بـۆ گیـانی تەواوی شـەهیدێت کارەسـاتا حەلەبچـا شـەهید، پاشـی ئەم بەخێراتنەکـا گەرم شـاندێ وەزاری دکەیـن، ئەز دبێـژم پشـتی سـی و سـێ سـاڵان سـەر کارەسـاتا کیمیابارانکردنـا حەلەبـچە حوکمـداریا هەرێمـا کوردسـتانێ وەفـادار نەبـوویە لەگەل کارەسـاتا حەلەبچە، ئەڤە سی ساڵە قەردارا حەلەبچەیە وەکو هەژی خزمەتگوزاری بـۆ حەلەبـچە نەهـاتینە کرن و د هەمی کەرتادا، دەسەڵات یـا موقەسـەرە ئەگەر ژی موخـابن شـەرێ وانەش ٢٠٠٣ وەرە لە

بەغدا لەسەر پۆست و پشك و بەشێت حیزبی بوویە، دەزگاهەك ب ناڤێ دامەزراوا زیندانی و شەهیدان هاتە دروست كرن لە بەغدا ژبەر شەڕی پۆست و ژبەر بەرژەوەندێت بەرتەنگ مەفا و سوود ژوی دەزگەهێ نەهاتە دیتن وەكو خەڵكی عیراقێ مەفا ژی دیتی چ بۆ قوربانیێت حەلەبچە ئەڤ وێ دامەزراوێ نەهاتنە وەرگرتن، ئەز پێشنیار دكەم لیژنەكا تایبەت یان بۆردەكا تایبەت سەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران بێتە دروست كرن و ئەركی ڤی بوردی پێداچوونەكی بكەتن بۆ پێویستی و هەوجەییێت حەلەبچە و سندووقەك بێتە تەرخان كرن سندووقا ئاڤەدان كردنا حەلەبچە و دوو ژی دەربێت مالی بۆ بێنە دروست كرن، ئێك/ بودجەیەكیش ژ جفاتا سەرۆك وەزیران بۆ بهێتە تەرخان كرن، دوو/ پولەكێ فەرمی ب ناڤێ كارەساتا حەلەبچە بهێتە دروست كرن و لە كوردستانێ هەمیێ بەهایی یێ پولێ بزڤریتەڤە ڤێ سندووقێ و، ژ بەر كو ئەز ئەندامی لیژنەیا ئەوقافێمە پێم خۆشە هەرچەندە وەزیری ئەوقاف ژ وێرێ نینە...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك دكتۆر، هەدیە خان فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

لە (٣٣)یەمین ساڵ ڤەگەرا كیمیاباران كردنا حەلەپچە ڕێز و سەربەرزی بۆ گیانی پاكی شەهید و قوربانیەن كیمیاباران كردنا حەلەپچە ئەوێن ژ لای ڕژێما بەعس ڤە بووینە قوربانی، مەزنترین تاوانێن دژی مرۆڤایەتی یە دەرهەقی خەلكی پارێزگەها حەلەپچە ئەنجامداین و ب هەزاران مرۆڤ شەهید و بریندار بوون. كارەساتا حەلەپچە ئێك ژوان زنجیرا كارەسات و جینۆسایدایە كە هاوشێوەی جینۆسایدی ئێزیدیان لە شنگاڵ برین و ئێش و ئازارێت وان دكیرن، هەموو ئەو تراژیدیایە دژی میللەتێ مە ب درێژیا مێژوو و دیرۆكیدا هاتینە ئەنجامدان، پێدڤیا ئەم هەموو پێكەوە كار بكەین ژ بۆ ڕێگری كردن و دووبارە نەبوونا ڤان جینۆسایدا بەرامبەر خەڵكی كوردستانێ بە هەموو پێكهاتێن ئاین و نەتەوەیی، حكومەتا فیدراڵ پابەند بیت دان پێدان بە ڤان جینۆسایدا بكات، هەموو تاوانبار بچنە بەرامبەر دادگا و بگەهنە سزایێن خۆ، پێدڤیا ئەو دەڤەرێن دهێنە قركرن و جینۆساید كرن بتر و باشتر گرنگی و خزمەت پێ بهێتە دان، ژ قەرەبوو كرن و ئاڤەدان كرن و هەموو خزمەتگوزاری كو شایستەی خەلكی قوربانیا بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سڵاو لە روحی شەهیدان و قوربانیانی تراژیدیای مەرگباری هەڵەبجە، وێڕای پشتگیری هەموو داواكارییەكانی پارێزگای هەڵەبجە لە ڕووی تەواوكردنی میلاكات و هەیكەلی ئیداری هەڵەبجە وەكو پارێزگا و كردنەوەی مەرزی سازان و هەموو تر، دوو/ دواكاری پێشنیازە یاسا بخەمەڕوو، یەكەم دەرچوواندنی یاسایەكی تایبەت و سەربەخۆ بۆ قەرەبووكردنەوەی تاوانەكانی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفالی دەڤەری بارزان و گەرمیان و هەموو ئەو تاوانانەی كە دەرهەق بە گەلی كوردستان كراوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، چونكە ئەو یاسایانەی كە ئێستا لە

عراق دا هەن بۆ قەرەبوو کردنەوەی شەهیدان و قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی هیچ سوودێکیان بۆ گەلی کوردستان نەبووە، لە ئێستادا ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق تەنیا ئیعتیرافی پێکردووە بێ ئەوەی هیچ پابەندییەك بخاتە ئەستۆی حکومەتی عیراق، کە ئەوەش نوێنەرانی ئێمەی کوردە لەعیراق و دەبێ کاری جددی لەسەر ئەم بابەتە بکەن، دووەم/ جێگای دەستخۆشیە کە حکومەتی هەرێم لەجیاتی حکومەتی عیراق مووچەیەکی تەرخان کردووە بۆ قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك ئەوانەی سزای نەداوە بەڵکو لە خەمی قوربانیان و پارێزگای هەڵەبجەدایە، بەڵام لە ڕاستی دا ئەوەش پێویستی بە ڕێکخستنی یاسایی هەیە، چونکە مووچەی هەموویان وەکو یەکە بەبێ ڕەچاو کردنی ڕێژەی برینداری و ئازاری قوربانییان و دەرچوواندنی ئەم یاسایەش ئەرکی ئێمەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەبیت هەوڵێکی جیددی بۆ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، درووود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، بەشێکی زۆری قسەکان کرا لەسەر کێشە و گرفتەکانی شاری هەڵەبجە، من تەوەری کێشەکانم لەسەر دوو بابەتی ئەساسی تیشك دەخەمە سەر یەکەمیان کە کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵایە، لە دوای کارەساتی هەڵەبجە تا ئێستا بە پێی پێویست ئەو دوو کەرتە لە شاری هەڵەبجە گرنگیان پێ نەدراوە، کەمی قوتابخانەکان و خراپی قوتابخانەکانی ئێستاشی و کەمی میلاکی پەروەردە گرفتی ئەساسین لەسەر خوێندن و ناوەندەکانی خوێندنی پەروەردەیی لە شاری هەڵەبجە، لەڕووی خوێندنی باڵاش زانکۆ لە ساڵی ٢٠١٠ لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرا کە دوو سەد دۆنم زەوی بۆ ئەم کەمپە تەرخان کرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا تەنها سێ کۆلێژ دروست کراوە، لەم سێ کۆلێژەشدا بەپێی پێویست وانەکان و خوێندنی تێدا شوێنی قوتابیانی نابێتەوە، کە ستافی ئەکادیمی ئەم زانکۆیە تەنها (١٦٣) مامۆستایە و (١٤) بەشی زانستی لە خۆی دەگرێت، لە کۆی گشتی دا (٣٠٥٣) قوتابی هەیە تەنها (٤٤٨) فەرمانبەر لە خۆی دەگرێ، ئەو شوێنە فراوانەی کە لە سنووری هەڵەبجەیە و ساڵانە دەیان قوتابی یەکەم لەسەر ئاستی پەروەردە و لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەو دەڤەرە هەن، بەڵام بەداخەوە لەڕووی کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەپێی پێویست گرنگی پێ نەدراوە و ئەم زانکۆیە کە تەنها سێ کۆلێژی بۆ دروست کراوە تا ئێستا دەروازەی چوونە ژوورەوەی ناو زانکۆی نییە و پاسەوان نییە لە ناو زانکۆدا، هیچ پۆلیسێکی بۆ دابین نەکراوە کە نووسراویش بەرز کراوەتەوە ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆیە، بەشێك کەوادیری بە پاسەوان دابین کراون، بەڵام بەبێ چەکن، وەکو پۆلیس ڕەزامەندیان لەسەر نەدراوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دکتۆر، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

سەریّ ڕێز و نەوازشیّ بۆ شەهیدێن حەلەبچە و بەژنا خۆ چەمێنم بۆ شەهیدێن حەلەبچە و بۆ یەکا یەکا خەلکی حەلەبچە، خۆزگە ئەڤرۆکە حکومەتا مەرکەزی بەغدا داخازا لێبووریێ ژ گەلی کوردستانێ و بە تایبەتی خەلکی حەلەبچە کربا و هەر سال داخازی پێتڤیا حکومەتی عیراقی داخازا لێبووریێ ژ خەلکی حەلەبچە و گەلی کورد بکات و هێشتا کەمە، من تێبینیەك لەسەر ڤێ کۆمبوونەوێ هەبوو ڕێژا مە هەری زێدە ئەندام پەرلەمانا داخاز کرد کە ئەڤ کۆمبوونە ژ بازێڕێ حەلەبچە بێتە کرنێ، بەس موخابینی بە نەهاتە کرنێ، باشتر بووە ئەم کۆمبوونە مە زووتر کربا و ئەم دەستەکی تژی دگەل جەنابێت ڤان وەزیرا مە ئەو خزمەتگوزاری و ئەو پرۆژە پێشکەشی خەلکی حەلەبچە کربان کو ئەم دەس ڤالا نەچن، نە تەنها کۆمبوونەك بتە ژ لای ڕاگەیاندنێ و ئیعلامی ڤێ بێتە کرنێ بەلێ کۆمبوون هاتە کرنێ، هێڤیدارم پشتی سالەك دی ئەڤ جەنابێت وەزیرا بێژنە مە بەلێ ئەڤ تشتە مە بۆ حەلەبچە ڤێ سالێ دا کر، دێ گەلەك باش بت، مڤێت بابەتەکێ باس بکەم پێتڤیا زێدەتر ژ نێڤدەولەتی ئەڤ گرنگی بدەن جینۆسایدا حەلەبچە و قەرەبوو کردنا وانوو ئەو چەکێت کیمیایی ك هاتیە، پشت ڕاستی ڤە، ئەگەر مە حەلەبچە پاراست ژ لایی جینۆسایدا مە گرنگی دابی یە شنگال ڤەسەرما دا نەدەهاتوو عەفرین ژی سەرمادا تو بازێڕێن دیێن پارتیەن دی ژی کوردستانی سەرمانەدەهاتن، هێڤیدارم پشتێ ڤی کۆمبوون یاداشتەکا تایبەت بێتە ڕەوانە کرن بۆ هەمی قونسولا و نوێنەرایەتیەت حکومەتێت بیانی لە کوردستانی کو پشتەوانی جینۆسایدێ بکەن، پرسیارەکی تر ژ جەنابی وەزیری ناڤخۆ مە هەیە، بۆچی حەتا نوکە ژ لای کارگێری و ئیداری ڤە دەسەلاتا تایبەت بۆ حەلەبچە نەهاتە دانان، حەلەبچە فەرقا وێ بازاڕەك و شارۆچکەکی نۆرمال نینە، حەلەبچە وەکو پارێزگا چ فەرقەکا دگەل بازێرەك بچووك بێ دەسەلات، هێڤیدارم زووترین کات سەر هەندێ بێتە کرنێ، ئەو دەسەلاتەی ئیداری و کارگێری بێتە زڤراندنێ بۆ حەلەبچە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شەمۆل، فەرموو.

**بەڕێز شمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ڕۆژەدا درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە، بە پێویستی دەزانین چەند پرۆژەیەکی ستراتیجی بۆ پارێزگای هەڵەبجە زۆر پێویستە لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم هێشتا بە تەواوی لە قەیرانی داراییە، بەڵام دەتواندرێ بە قەرزی درێژخایەن یان بە ڕێگەی (شراكة بين القطاع العام و القطاع الخاص) ئەو کارە ئەنجام بدرێت، ئەوەش سەرباری ئەوەی لە هەلی کاری زۆر باش بۆ هاووڵاتی پارێزگای هەڵەبجە وەك دروست کردنی ڕێگای بازارچەی سازان و پردی سازان، هەروەها فراوانکردنی مەرزی تەوێڵە و گۆڕەپانی مەرزەکە یان دروست کردنی ڕێگای جێگرەوە و، فراوانکردن و چاککردنەوەی ڕێگای مەرزی پشتە، دروستکردنی ناوچەی بازرگانی تازە لە هەڵەبجە، دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی قورس و خۆراك، دروستکردنی پرد و بەنداوی تەنگی کە داوایەکی هەرە سەرەکی دانیشتووانی پارێزگای هەڵەبجەیە، دروستکردنی بەنداو لە

تۆقوت و تەنگی سەید محمد بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی وشکبوونی ڕووباری سیروان و کەم ئاوی لە ناوچەکەدا و دابین کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١٤ کە تایبەتە بە دەستنیشان کردنی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان، ئەمەش پێویستی بە دابین کردنی بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە و دروست کردنی هۆڵ و شوێنی شیاو بە یادەکان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك شەمۆل، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٣) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا درود بۆ روحی شەهیدانی هەولەبجە دەنێرین، دەمەوێت لە دەستپێك دا ئەوە بڵێم تکایە کەس نیشتیمانپەروەری بە ئێمە نەفرۆشێتەوە، ڕەنگە کەس لە ئێمە زیاتر...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان واز لە یەکتری بێنن بەقوربان قسەی خۆت بکە.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

با پەیامەکەم بگەیەنم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر پەیامەکەت خەڵك ئیستیفزاز دەکات، بەس باسی خۆت بکە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکە ڕادەگرین، بۆ ماوەی چارەکێك پشوو وەردەگرین.

## پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە، دەست بەدانیشتنەکە دەکەین، بەڵێ فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاس هەموو ئەندامان دەکەین، کەبەراستی هەلسوکەتی باشیان هەبوو ئینجا نازانین کە ئەمە بۆ موزایەدە کردن و بۆ فەیسبووك و بۆ ئەوە بەکار دێت، کە ئەوە جێی دەستخۆشییە دەستی جەنابتان خۆش بێت کە داواتان کرد ئەوە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کە جێی نیگەرانی ئێمەیە بەپێی پەیڕەو ناکرێ ڕاوێژکارێکی پەرلەمان لەسەرەوە تەصویری ناو هۆڵی پەرلەمان بکات، لەوێوە وەکو مصەورێك تەعامول بکات و بیباتە دەرەوە، لە کاتێك دا کە ئەمە شوێنی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە لێرە تەعامول بکەن، لەبەر ئەوە داوا دەکەین ئیجرائاتی تەواوی لەگەڵ بکرێ، جارێکی تر ڕێگەی ئەوە نەدرێ ئەو ڕاوێژکارە لەبەر ئەوەی متمانەی نیە بێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە جارێکی تر لەوێ دابنیشێت و بەشداری بکات لەو کۆبوونەوانە لەوێوە، داوا دەکەین یەکەم مۆبایلەکەی کەشف بکرێت، هەر بڵاوکردنەوەیەکی بڵاو بکرێتەوە لەسەر ئەو ئێمە لێرە داوای ئیجرائاتی یاسایی دەکەین و شەکواشی لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕاوێژکارانی پەرلەمان فەرمانبەری پەرلەمانی کوردستانن، ئەگەر ئەوەی بەڕێزتان باسی دەکەن ئەنجامی دابێ، ئێمە ڕێ و شوێنی یاسایی بەرامبەر بە فەرمانبەرێکی پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆ هەرچییەك بێ، دوای دڵنیابوون لە ئەنجامدانی ئەو کردەیە دڵنیابن کە جێبەجێی دەکەین، ئێستا داوا لە سیکیورتی پەرلەمان دەکەم ئەو ڕاوێژکارە بەڕێزە مۆبایلەکەی لێ وەربگیرێ و دڵنیا بێ ئەگەر ئەو گرتەیەی کە ئەو گرتوویێتی چووبێتە ئیعلام توندترین سزای دەدەین، بەڵێ کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمڕۆ جەلسەیەکی یەکجار پیرۆز بەڕێوە دەبەین و سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان داخوازییەکانی خەڵکی پارێزگای هەڵەبجەیان خستەڕوو، ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەیەکی شەرعی خەڵکی کوردستانە کە پەرلەمانی کوردستانە و جێگایەکی پیرۆزە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نین لە ناو ئەو دامەزراوە شەرعییەدا تەشهیر بە ڕەمز و کەسایەتییەکانی گەلەکەمان بکرێ، بە هەموو شێوەیەك دژی ئەو بابەتەین، داوا دەکەین لە جەنابتان ڕێکاری پەیڕەوی لەم بارەیەوە بگرنەبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، قسـەكانی دەسـڕێتەوە و نـاهێڵین بێـتە دانیشـتنی پەرلەمـان، هەرچـیش پێویسـت بـێ دەیگـرینەبەر دڵنیـابن، بەڵـێ زۆر سـوپاس، سـوپاس بـۆ هەمـوو لایەك، دەسـت بە كۆبوونەوەكەمـان بكەیـنەوە، داوا لە وەزیـرە بەڕێزەكـان دەكەیـن بێـنەوە نـاو هـۆڵی كۆبـوونەوە. ئێمە راوێژكارمان داناوە بـۆ ئەوەی ئەگەر پێویسـتمان بە راوێـژ بـوو بە نووسـین بۆمـان بنووسـن یان بۆ ئەندامان بنووسن، دامان نەناون ناكۆكی پەرلەمانی كوردستان ببەنە ئیعلام، كاك عوسـمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی میوانەكان ئەكەین، درود بۆ گیانی پاكی شـەهیدانی هەڵەبـجە و تێكـرای شـەهیدانی میللەتەكەمـــان، چەنـــد پێشـــنیارێكمان هەیە، هەولأ بـــدرێن چارەســـەری بەپەلەی برینـــدارانی كیمیابارانی هەڵەبجە و تەواوی شوێنەكانی تریش بكـرێ لەلایەن حكـومەتی هەرێـمەوە، پێشـنیار ئەكەین ئەو وەفدانەی دێنە هەرێم و سەردانی مۆنۆمێنتی شـەهیدانی هەلەبجەیـان پـێ بكـرێ و بەچاوی خۆیان ببینن ئەو كارەساتە، بۆ كوژرانی بە ناهەقی رەشـت پێسـتێك لە ئەمریكـا زیـاتر لە بیست ملیۆن دۆلار تەرخان ئەكرێ وەكو قەرەبوو، بەڵام لە ئێسـتا شـارێكی وەكـو هەڵەبـجە كە بە یەكجـار خنكێنـرا و تەواوی شـار و شـارۆچكەكانی كوردسـتان لانـاو ئەبـرێ، بەداخەوە تـا ئێسـتا حكـومەتی ناوەنـدی هـیچ هەنگـاوی نەنـاوە بـۆ قەرەبـووی بنەمـالەی شـەهیدان، پێشـنیار ئەكەم وەفـدێكی پەرلەمـانی كوردسـتان بـۆ ئەم مەبەسـتە سـەردانی بەغـدا بكـات و لەگەل پەرلەمـانی عێراق ئەو بابەتە بكرێتەوە، جەنابی مام جەلالیش یەكـێ بـووە لەو كەسـانەی كە بە پەرۆشـترین كەس بـووە بـۆ هەڵەبـجە و تەواوی شـار و شـارۆچكەكانی كوردسـتان و ئەوانەی لەگەل خـاك یەكسان كراون، جەنابی مام جەلال هەرچی كراوە بۆ ئاوەدانی هەڵەبجە و خزمەتكردنـی قسـوری نەكردووە و هەموو خەلكیش شاهیدی ئەو راستیەن، بۆیە بە پێویستی ئەزانین هەڵەبـجە گرنگـی زیاتر پێ بدرێ لەو بوارانەی باسمان كرد....

**بەریز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەلا ناصر.

**بەرێز عبدالناصر احمد على:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٣) ساڵەی قوربانیانی هەڵەبجە سەری رێز بـۆ گیـانی پێـنج هەزار شـەهیدی هەڵەبـجە و ســەرجەم شــەهیدانی رێگــای رزگــاری كــورد و كوردســتان دائەنــوێنین، هەمووەمــان قەرزاری هەڵەبجەین، هەرچەند دژی دروشمی حیزبیم، هەڵەبجە بە حیزبـی بكـرێ، ئەگەر قەول بـێ باسـی نـاو بكـرێ تەسـەور نـاكەم كەس بە قەدەر رەوان شـاد مـام جەلال بە خەمـی هەڵەبـجەوە بـێ، بە تایبەتی بۆ بە پارێزگا بوونی هەلەبجە، بۆیە لەو رۆژە لە پالأ شەهیدانی هەڵەبجە سڵاو بۆ رۆحـی پاكی سەرۆك مام جەلال ئەنێرین، چەند پێشنیارم هەیە، یەك، حكـومەتی هەرێـم وەكـو وەفـایەك دەرچووانی زانكۆ و پەیمانگاكانی هەڵەبجە دابمەزرێنێ و هەلی كاری زیـاتر بـۆ خەڵكـی هەڵەبـجە برەخسـێنێ لە هەمـوو بوارەكـان، دوو، پشـتگیری راكەی كـاك عوسـمان و بـرادەران ئەكەم، هەروا

حکومەتی هەرێم بەتایبەتی وەزارەتی شەهیدان ئەو وەفدانەی دێن ببرێنە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی ئەوان بن، لە پارەی نەوت بنیاتنانی تواناکان لە ۲۰۱۳ ەوە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان بری (۲۰۰) ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆژەکانی هەڵەبجە و بڕی (۸۰) ملیۆن دۆلاری بۆ فرۆکەخانەی دهۆك تەرخان کردووە، بەڵام بۆ هەڵەبجە تا ئێستا هیچ سەرف نەکراوە، پێویستە کەیسی هەڵەبجە بە جینۆساید بکرێ و بە جینۆسایدی نێودەوڵەتی بناسرێ و حکومەتی عێراقیش ئاوەدانی هەڵەبجە و قەرەبووی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە لە ئەستۆ بگرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەرێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری رێز بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە، هیوای زوو چاك بوونەوە بۆ برینداران، بەشێکی زۆری داواکاری خەڵکی هەڵەبجە گەیەنرایە پەرلەمان، پەندێك هەیە ئەڵێ هەزار گوفتار و یەك کردار ناهێنێ، ئەگەر تا ئێوارە قسە بکەین ئەگەر نەکرێتە عەمەلی و کرداری هیچ ئیستیفادەی نییە، چونکە سی ساڵە خەڵکی هەڵەبجە گوێ ئەگرن لە وتاری بریقەدار و بەلێنی بێ کردار، ئێستا کاتی جێ بەجێ کردنی کردارەکانە، ئێستا ستافێکی گەورەی ئەنجومەنی وەزیران لێرەیە کە جیهەتی تەنفیزین و پەرلەمانیش وەکو بالاترین دەسەلات مافی ئەوەی هەیە چاودێری حکومەت بکات، با لەو کۆبوونەوەیە کۆی داواکاری خەڵکی هەڵەبجە لەلایەن حکومەتەوە بکرێ بە بریار، ئێمەش وەکو پەرلەمان چاودێری بڕیارەکان ئەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند حکومەت ئەو بڕیارانە لە ماوەی ئەم ساڵ جێ بەجێ ئەکات، لە پاڵ هەڵەبجەش شێخ وەسانانە و بالیسان خۆشناوەتی و مەلەکان یەکەم شوێن بوون لە هەرێم لە ۱۹۸۷/٤/١٦ کیمیا باران کران، بەداخەوە زۆر بێ نازن و زۆر بێ خزمەتگوزارین، گرنگە پەرلەمان و حکومەت کە مانگی تر یادی ئەوانیشە ئەوێشیان لە بیر بێ...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عوسمان.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، ئەمەوێ نزای خۆمان بەرز بکەینەوە بۆ شاد بوونی رۆحی شەهیدان بە گشتی و هەڵەبجە بە تایبەتی، خوای گەورە سەبەبکارانی بداتە دونیا و قیامەت، پاش (۳۳) ساڵ ئەو زوڵمە گەورەی کرا بەداخەوە تا ئێستا سکاڵا و داواکاری شەقامی بنکەیەکی تەندروستی ئەو پەڕی بێ هیوایی ئەو گەلەیە بەو حکومەتە بەداخەوە، ئەوەی ئێمەی کۆ کردۆتەوە تەنیا نەوی کردنی سەری رێزە بۆ شەهیدەکان، ئەگەر ئەوەش پارەی تێچووبوایە حکومەتی هەرێم پاشەکەوتی ئەکرد، ئەبینم ئەوەی لە تیمی حکومەتە هەمووی سکاڵا و نارەزایی دەرئەبڕێ، ئەی ئەبێ ئەو خەڵکەی لە هەڵەبجەیە کە کەس و کاری کوژراوە ئەبێ ئەوان چ داوکارییان هەبێ، لێرە داوا ئەکەم بە بێ بڕیار هەڵنەستن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جیهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری ڕێز بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان بچەمێنین، دیارە حەلەبجە برینەکا قولە لەشێ هەمی کوردستانییە، دەنگێ مەزلومیەتا گەلێ کوردە، دیسان نیشانە درەنداتیا دوژمنێت گەلێ مەیە، بەرا (٥٠) تا (٦٠) پەرلەمانتارا بئاخڤن دیارە چ تشتا بو مرۆڤا نەمینێت، بەس تشتەکی دێنمە بیرا هەڤالێت خۆ، (٥٩) ولات ئیسلامی و دەولەتا دیموکراتی کەسەك خۆ نەکرتە ساحێب ئەڤ کارێ ب سەر ولاتێ مە هاتی، دبیت مە خۆ بکەینە ساحیب، قەت نوێنەری هەڵەبجە و چ کوردستانیە نیە کار بکات بۆ تێکدانا ئیتیفاقا مالا کوردی، جاراکا دی بێژم ئەم هەمی نابی ل حکومەتا خۆ رەشبین بین، ئەڤرۆکە کەس ل مە خۆ موخلیس تر ل سەرۆکێ حکومەتا و تیما وێ نەبینیت، ئیحتیمالا وان ل مە پتر پێشنیارا بۆ حەلەبجە کەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕێڤنگ.

**بەڕێز ريڤينگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا میوانەکان ئەکەین، سلاو بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو کوردستان، هەڵەبجە بووە سومبلی کوردستان و گەلی کورد، وای کرد چاوی جیهان بۆ سەر کوردستان بێت، هەمی پارچەکانی کوردستانی کردە یەك دەنگ، ل بەر هەندێ کوردستان ل ناڤ خۆدا پێك بین و تا بشێین مەقدوریە خەڵکێ خۆ بگەینین، دەنگێ مە دگەل دەنگێ کاك هێڤیدار و هەڤالێت مەیە، گەلەك مافێ مە ل دیڤ حکومەتا مەرکەزی هەنە، دبێت حکومەتا هەرێم لیژنەکا راسپێریت ل دیڤ مافێ خەڵکی کوردستانێ ل سەر بەغدا ژێ بکەن، قەرەبوویا بادینان و بالیسان و جهێ دی بکەن، ل ناڤ خۆدا ئێك دەنگ بین ناکۆکیا نەبین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و تەواوی شەهیدانی کوردستان، وێڕای دەست خۆشی بۆ هەوڵی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێ بەجێ کردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە داهاتوو لە پارێزگای هەلەبجە، لە گرینگترینیان پرۆژەی ستراتیجی پردی تۆقوتە لە ڕێگەیەوە کار ئاسانی زۆر لە نێوان پارێزگای هەڵەبجە و گەرمیانەوە ئەکرێ، لە سێیەمین سالیادی کارەساتی هەڵەبجە ئامادە بوونی تیمی حکومەت گەواهیدەری ئەو راستیەیە کە ئەیەوێ گوێرایەلی پێشنیاری پەرلەمانتاران بێ بۆ ئەوەی چی پێویستە بکرێ بۆ هەلەبجە، لە هەمان کات خەمساردی حکومەتی فیدرال دوای تێپەر بوونی (٣٣) ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە جێگەی هەڵوەستەیە، لە رووی پابەند نەبوونی بە بڕیارەکانی دەستوور و

یاساو سزانەدانی تاوانکاران و قەرەبوو نەکردنەوەی کەس و کاری هەڵەبجە پاش پێکهێنانی دادگای تاوانکاری عێراق لە ٢٠٠٥ و یاسای ژمارە (١٠) چوار کەیسی کورد بە دانیشتنی تایبەت بە جینۆساید ناسێنرا و لەگەلیشی بریاری قەرەبوو کردنەوەی بۆ دەرچوو، بەو پێیەی حکومەتی نوێی عێراق میراتگیری رژێمی پێشووی عێراقە پێویستە پابەندی بنەمای دەستوور بێ، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەکەم بگەڕێنەوە بۆ ئینتیمای نیشتیمانی و پێکەوە کار بکەن، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق پابەند بکەن بە شەرەکاتی راستەقینە و رێزگرتن لە بنەماکانی دەستوور و مافی مرۆڤ .

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی.

**بەرێز سەفین اغا عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، سەری نەوازش بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان ئەنوێنین، هەڵەبجە روکنی ئەساسی گەشت و گوزارە، شوێنی ئاینیە، یەکێکە لە مەرکەزی جینۆساید، تایبەتمەندی کشتوکاڵی، دلائیلی زانستی سەلماندی لە دوای دەشتی شارەزوور، دووەم دەشتی بە پیتە لە ناوچەکە، پرسیار ئەوەیە ئایا خەڵکی هەڵەبجە جگە لە قوربانیدان توانیوویەتی بژێوی خۆی و کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان ببوژێنێتەوە؟ لە شەستەکان هەڵەبجە بووە لە رووی کەلتووری و رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییەوە پەخشی داهێنانی خۆی کردووە بۆ ناوچەکانی تر، شاری تر سوودیان لێ وەرگرتووە، تووشی قوربانی و مەئەساتی زۆر هاتووە، ئەرکی حکومەتی هەرێمە نازی هەڵەبجە هەڵگرێ و بەدەم داخوازیان بچێ، لە کۆتایی دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم ئەکەم بۆ ئەم برە بوودجەی ترخانی کردووە بۆ خزمەتکردنی هەڵەبجە، هیوادارین لە داهاتوو زیاتر خزمەت بە هەڵەبجە بکرێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەرێز هلز احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، پشتگیری من بۆ زۆربەی خالی لیژنەی تایبەتمەند، هەندێك تێبینی ترم هەیە، سالانە رێژەیەکی باش ل دەرچووی ئێکەمی ل سەر ئاستێ کوردستانێ خەلکێ هەڵەبجە بخۆ بخۆنە، بەر هندێ ئەڤ قوتابیەت هەن ژ بەر نەبوونا گەلەك کۆلێژێ ڤێ بازێری ناچارێت بن سەرەرای قەیرانێت دارایی بێنە بازێرێت رت، ژ بەر هندێ داخازێت دکەم کو بەش و کولیژێت دین تر ل زانکۆیا هەڵەبجە بێتە کرن بتایبەت پزیشکی، چنکی قوتابییەت ڤێ دەڤەرێ بەهەرەمەندن، سەبارەت ب میلاکاتا وەزارەتێ پەروەردێ خۆزی نوکا وەزیرێت پەروەردا ئامادە با ئەز پشت راستم بەرێزت ئامادە دگەهینێ، میلاکتێت وان ل ئەو رێژێت بەکەلۆریایێ بەرزترین رێژە ل سەر هەر چار پارێزگاهێ دهۆکێیە، پێتڤی ب دامەزراندنێ هەنە، داخازێت دکەم رێژەیەکا زۆرتر بۆ پارێزگاهێ هەڵەبجە بێتە دەست نیشان کرن، تا نهۆ ئاڤا کردنا قوتابخانە و باخچە پشتی (٣٠) ساڵ حوکمرانی بەشەکی زۆر ئەستۆیا خێر خازان بوویە، ژ بەر هندێ پێتڤی نۆژەن

کرنا قوتابخانەیە کو (٣٢) قوتابخانەن ل سنووریٚ هەڵەبجە حتا نوکا نەهاتینە نوٚژەن کرن، (٢٤) قوتابخانە بێنە دروست کرن، (٨) بینابیٚت قوتابخانە هاتە ئاڤا کردن و هاتینە نیڤ تەمام، حکومەت نەشێتن تەمامیەك بدەتیٚ، پرسیارەکا هەی بوٚ وەزیری شارەوانی ئەگەر بکریٚ، (٢٨٠) ماموٚستا سالا ٢٠٠٨ یٚ ئەمر دەرچوویە کو قەتعێ زەویێ وەرگری ل باژێریٚ هەلەبجە، تا نهوو (١٦) سال تێپەری هێشتا تنێ حوبر ل سەر وەرەقە، نزانین چاوا دێتە چارە کرن.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان، بە ئەندامان و سەرۆکی لیژنەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان (٨١) کەس قسەی کردووە، ئێستا دەرفەت ئەدەین بە بەرێز کاك شێخ زاهیر.

**بەرێز ظاهر محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تاوانی ٣/١٦ /٨٨ پەڵەیەکی رەشە بە نێوچەوانی سەرانی رژێمی بەعس و هاوکارەکانی، زامێکی قوڵە بە جەستەی نیشتیمان، لە کاتێکدا یادی (٣٣) ساڵەی ئەنجامدانی ئەو تاوانە ئەکەینەوە کە دژی مرۆڤایەتییە، هێشتان برینی هەڵەبجەیەکان ساڕێژ نەبووە و بکەرانی ئەو تاوانە بە سزا نەگەیشتوون، عەقلیەتی حوکمرانی بەغدا بە سزادانی خەڵکی کوردستان نەگۆڕاوە، پێویستە ئەو لایانانەی کە دەستیان هەبووە لەو تاوانە بە سزا بگەن، بە پێی یاساکان کەسێ بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی تاوان ئەبێ ئەو کەسە سزا بدرێ جا سزای ئەوەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی کردبێ، ئەوانەی دەستیان هەبووە و هاوکار بوون ئەبێ سزای تاوانی کۆمەلکوژی بدرێن و ناچار بکرێن بە قەرەبوو کردنەوە، چونکە مەسئولیەتی جینائی سزای هەموو ئەو تاوانبارانە نابێ عەفو بکرێن یان سزایان کەم بکرێتەوە یان مافی پەنابەرێتیان پێ بدرێ لە هیچ ولاتێك، تاوانەکانیان سوقت ناکات بە تەقادووم، بەپێی یاسای مەحکەمەی عولیای جینائی عێراقی ژمارە (١٠) ی سالی ٢٠٠٥ و رێکەوتنامەی دەولی کە عێراق موسادەقەی کردووە و بەپێی قانوونی عقوباتی عێراقی ژمارە (١١٠) ی ساڵی ١٩٦٩و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە تاوانی مرۆڤایەتییە، بۆیە ئەرکی یاسایی حکومەتی عێراقیە کە میراتگیری رژێمی پێشووی عێراقە، ئەرکی قەرەبوو کردنەوەی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە و ئاوەدان کردنەوەی ئەو شارە و چارەسەر کردنی بەرکەوتووان و بە سزا گەیاندنی تاوانباران لە ئەستۆ بگرێ، ئەبێ حکومەتی عێراق داوای لێ بووردن لە خەڵکی هەڵەبجە بکات، درود بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان و داوای چاك بوونەوەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ئەکەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئاماژە بە ماددەی ( ٥٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەبەر ئەوەی پەرلەمانتار شیرین امین بۆتە هۆی تێکدانی کەشی دانیشتنەکە بەپێی ئەو دەسەلاتەی لە برگەی (٤) ی ماددەی (٥٧) پێمان دراوە بێ بەشمان کردووە لە دایشتنەکە، تا کۆتایی ئەو دانیشتنە ناتوانێ بێتە ژوورەوە، دوای قسە کردنی (٨٢) ئەندامی پەرلەمان لەسەر گرفتەکان و پێداویستی و پرۆژەکانی هەڵەبجە و خستنە رووی رێگەی چارەسەری و بە ئامادە بوونی (٧) وەزیری حکومەتی هەرێم و بەرێز سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و وەزیری شەهیدان و جێگری پارێزگاری هەڵەبجە ئێستا دەرفەت ئەدەینە بەرێز نوێنەری حکومەتی هەرێم بەپێی ئەو

تەسەلسولەی لە نێوانی خۆیان پێیان باشە قسە بکەن سەبارەت بەو پێشنیار و قسانەی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە خرانە روو، هاوکات بەرێز کاوە عەلی کەریم جێگری پارێزگاری هەڵەبجە داوایەکی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە یاداشتێکە ئەیانەوێ پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی کوردستان بەرێزان لە حکومەتی هەرێمی بکەن، ئامادە بووانی ئەم دانیشتنە دەرفەتیان ئەدەینێ تا وەزیرە بەرێزەکان قسەی خۆیان بکەن، یاداشتی خۆیان دابەش بکەن، فەرموو.

**بەرێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمرۆ لەگەڵ ئێوەی بەرێز بەشدارین لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ کە هەڵەبجە لە سەرە دەستی رژێمی بەعس تووشی درندانەترین شێوازی کیمیا باران کردن و جینۆساید کردن بوویەوە، هەمووومان لە کاتی خۆی و تا کورد ماوە ئەو برینە لە بیر ناکرێ، تەقدیرمان هەیە بۆ هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەی کە ئەمرۆ لە هۆلی پەرلەمان باسی لێ کرا بە جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسی، موتمەئینم لەوەی هەمووتان بۆ خەمخۆریە بۆ خزمەتگوزاری باشتر بۆ خەلکی هەلەبجە، کۆکین لەسەر ئەوەی سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەلەبجە، هەوڵ بدەین بتوانین کەمێ لە ئێش و ئازاری ئەوانەی لە دوای کیمیا باران ماون و نەوەی ئێستای هەڵەبجە کە بەشێکی زۆری ئەو دیاردەیان بە چاوی خۆیان نەبینیوە و تەنیا لە گێرانەوەی رووداوەکە وەکو پێویست ئاگادار کراون لە قەبارەی تاوانەکە، ئاساییە لە پەرلەمان گفتوگۆی جیاواز هەبێ لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت نیازی هەیە یان پێشکەشی کردووە، هەموو ئۆباڵەکە وا لێکدرایەوە حکومەتی هەرێمە، لەوەش تەسەور ناکەم ناکۆك بین کە ئەبێ بە پەرلەمان و حکومەتەوە رووی قسەمان ئاراستەی حکومەتی عێراق بکەین و ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بکەین، چونکە هەڵەبجە مۆرکی کوردستانییە ئینجا تاوانێکە دەرهەق بە هەموو مرۆڤایەتی، تکا ئەکەم ئەو بابەتانەی لێرە ئەبنە راسپاردە لەسەر ئەو بنەمایە بێ تاوانباری سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدە لەبیر خۆمان و نەوەی داهاتووی کوردستان نەبینەوە، لە ئەنجامی رکابەری سیاسی وای لێ نەکەین نەوەی داهاتووی کوردستان وابزانێ کە کورد خەتابارە بەرامبەر بە هەڵەبجە، ئێمەی کوردستانی هەموومان قوربانی رژێمین، ئێستاش مافی ئێمە نادرێ، ئەو حکومەتەی بەشدار بووین لە دروست کردنی و پرۆسەی سیاسی ئێستا بوودجەی هەرێم نادات، ئەوە کەمتر نییە لەوەی پێشتر کراوە، جۆرێکە لە جینۆساید، کاتێ بوودجەی هەرێم نەدرێ، نۆ مانگە هەرێم یەك فلسی وەرنەگرتووە، حکومەتی هەرێم بە توانای خۆیی و پشتگیری پەرلەمان و خۆراگری خەلکی کوردستان توانیوومانە لە کابینەی نۆیەم ئەوەی تا ئێستا کراوە پێشکەشی بکەین، ئیرادەیەکی بەهێزیش هەیە لەو کێشانە دەرئەچین، ئەوەی شایەنی میللەتی کوردستانە پێشکەشیان بکەین، بۆیە زۆرێك لەو شتانەی وترا ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم کە خۆمان بە بەرپرسیار ئەزانین لە ئێستا و داهاتووی خەلکی کوردستان و تەحەمولی داهاتووش ئەکەین لە رابردوو ئەوانەی لە دەسەلات بوونە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشدار بووینە لەو دەسەڵاتە، لە قۆناغی جیا جیا تەحەمولی مەسئولیەتمان کردووە، هەریەك لە ئێمە بە ئەندازەی خۆی تەحەمولی رابردووش ئەکات، خۆشمان نادزینەوە لە کەمووکورتی، بۆیە

لە کابینەی نـوێیەم ناونیشـان چاکسـازییە، ئەو چاکسـازییە لەگەڵ خزمەتگوزاری ئەتـوانین ڕێـز لە خەلکی خۆمان بگرین و ئەو کوموکورتیەی هەشە لە هەڵەبجە و شـوێنی تـر بەو چاکسـازییە پـڕ بکەینەوە، جێی خۆیەتی داوا لە هەموو لایەن و خەڵکی کوردستان بکەین پشتگیری لە بەرنـامەی حکـومەت بـکەن لە چاکسـازی، چـونکە ئەو چاکسـازییە هەمـوو ئەو کێشـە و گرفتـانەی هەیە بەشـێکی زۆری چارەسـەر ئەبـێ، هەر یەك لە ئـێمە ئەتـوانێ بەشـدار بـێ لە پلانـی چاکسـازی بـۆ گەیانـدنی خزمەتگوزارییەکـان و کەمکـردنەوەی ئەو کێشـە و گرفتـانەی لە هەڵەبـجە هەیە، سـەر ئەنـوێنین بـۆ هەلەبـجە، بەلام ئەگەر بە مانگێـك هەر ڕۆژە کۆبـوونەوەیەکی بەو شـێوەیە بـۆ هەر شار و شارۆچکەیەکی کوردسـتان بکەیـن ئـیش و ئـازاری خەلکی کوردسـتان تەواو نـابێ، ئەمـڕۆ باسی هەڵەبجە ئەکەیـن، ئەگەر باسـی پرۆسـەی بەدنـاوی ئەنفـال بکەیـن کە بە سێ قۆنـاغی زۆر خـراپ بەرامـبەر گەرمیـان و خۆشـناوەتی و دۆڵـی جافـایەتی و بادینـان و هەمـوو بەشـەکانی کوردستان بکەین ڕەنگە بە هەفتەیەك تەواو نەبێ، باسی جینۆسایدی بارزانیەکـان بکەیـن، باسـی فەیلیەکـان بکەیـن، باسـی بـرا کرسـتیانەکان، باسـی تورکمانەکـان، هەمووهـان قوربـانی دەسـتی ڕژێمین، تکـام وایە کێشـە سیاسیەکان وانەکـا تاوانبـاری سـەرەکی لە بیـر چێـتەوە، یەکـێ جـوان باسی کرد وتی ئەو میللەتانەی تووشی جینۆساید ئەبن دائیمەن هەست ئەکەن و حەزیش ئەکەن بە قوربانی بمێنەوە، ئەبێ بگەینە قۆناغی بینا کردن، دەست کەوتـی هەرێـم لە (٩١) ەوە تـا ئێسـتا تێدا بەشدارین، نالێین فـڵان حیـزب و فـڵان حیـزبە، بـۆ بێریـزی بکەیـن، ئەوەی کـراوە کەم نیـیە، سـەیری دەورووبەری کوردسـتان بـکەن لە چ بارودۆخێـك گەیشـتینە ئەمـڕۆ، ئەوەی لە هەڵەبـجە هەیە خراپترە لەوەی دوای کیمیا بـاران؟ نەخێـر، بڕیارمـان داوا لەو پەرلەمـانە هەڵەبـجە بـووە بە پارێزگا، کوموکورتی هەیە، نەبۆتە پارێزگایەکی تەواو، ئێمەش دانـی پێـدادەنێین، کـۆکین ئەبـێ کـار بکەیـن هەڵەبـجە ببێـتە پارێزگـایەکی وەکـو سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆك، ئەوەی کـراوە لە چوارچێـوەی توانـای هەرێـم شـتێکی باشـە، بڕیـاری بە پارێزگـا بـوون لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دراوە، لە هەرێمـی کوردسـتان بڕیارمـان داوە، بەشـی هەرە زۆری کێشـەکانی هەڵەبـجە ئەوەیە عێـراق ئێستاش حـازر نیـیە دان بە پارێزگـا بـوونی هەڵەبجە بنـێ، بەشـی زۆری دامەزراوەکـانی پارێزگـا نەکەوتوونەتە سەر ئیش کردن لەبەر ئەوەی حکومەتی بەغدا ئامادە نیـیە ئەم بڕیـارە جـێ بەجـێ بکات، بودجە تەرخان بکات بۆی، باسی سنوورتان کرد، لە سـنوورەکانی هەرێـم ئەوانەی فەرمـین و نیمچە فەرمین و بە شێوازی جیـاوازیش ئیـدارە ئەکـرێن، لەگەل حکـومەتی فیـدراڵ کێشـەمان هەیە لەسەریان، ئەوان دەستەیەکیان دروست کـردووە دەسـتەی دەروازە سـنووریەکان بەدەر لە دەسـتوور و یاسـا هەمـوو دەسـەڵاتیان گێرانـدۆتەوە لای خۆیـان، لە حکـومەتی هەرێـم لە یەکەم کۆبوونەوە لە ئەنجـوومەنی وەزیـران کـرا و دواتـر چـووینە بەغـدا یەکـێ لە خاڵەکـان ئەوە بـووە داواکاری قەرەبوو کردنەوەی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی شاندی هەرێـم خسـتیە بەر دەسـتی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق و ئەنجـومەنی وەزیـران، داوامـان کـرد (٣٨٠) مليـار دۆلار قەرەبووی خەڵکی کوردستان بکرێتەوە، لە نێو ئەوە هەڵەبـجە و ئەنفـال و فەیـل و بارزانییەکـانی تێدایە، لەو کابینیە لە هەر شاندێك لە بەغدا بۆ بوودجەش چـووبن باسـی ئەو مەینەتیـانە کـراوە، بۆ مووچە چووبن باس کـراوە، کێشـەی زۆر گەورەمـان هەیە لە حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغـدا، ئاسـەواری ڕەنگـدانەوەی ئەو کێشـانە لە نـاوخۆی کوردسـتانە، نـاتوانین وەکـو پێویسـت

خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین، لەبەر ئەوەی مووچە و بوودجەی ئێمە لە عێراق نۆ مانگە نادرێ، لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە بودجەی هەرێم براوە، شاهیدن چەند ساڵ چارەگە مووچە و نیو مووچە و سێ چارەگەی مووچە دراوە، لەبەر ئەوە نییە هەرێم حەزی لێ نییە مووچە بدات، لەبەر ئەوەیە توانای ئێمە سنووردارە، حکومەتی فیدراڵ سزای ئێمە ئەدات، ئەبێ خەڵکی کوردستان برژێنە سەر شەقام دەنگیان رووبەرووی بەغدا بکەن، نەك حکومەتی هەرێم، بەغدا تاوانبارە، ئەوەش جۆرێکە لە جینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان، ئەوەشمان بە بەغدا وتووە، لەم چەند رۆژەی رابردوو برای بەرێزم کاك دکتۆر دارا باسی کرد حکومەتی هەرێم چەندین پرۆژەی بۆ هەڵەبجە دیاری کردووە و پارەی بۆ تەرخان کراوە، گوێم لێ بووە (٣٠) ملیار دینار هیچ نییە، (٣٠) ملیار دینار ئێستا زۆرە، چونکە ناتوانین وەکو پێویست مووچەی خەڵك بدەین، کاتێ مووچە نەدرێ بەڵام لەبەر تایبەتمەندی شوێنێك کە سەربەرزین بە قوربانی دانیان، بۆ ئێستا (٣٠) ملیار دینار کەم نییە، بۆ هەنگاوەکان بە بچووك سەیر ئەکرێ، بەشێکی زۆری ئەوانەی لێرەن بەشێکن لە حکومەت، ئەزانین بارودۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە چ قۆناغێك دایە و یەکێك لە داواکارییەکانی ئێوە باسی بریندارەکانی هەڵەبجە بوو، تەبعەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی ئەو خەڵکەی کە بریندارن و بەرکەوتەنە لە وڵاتانی دەوروبەر لە وڵاتانی ئەوروپا چارەسەریان بۆ کراوە هەمیشە دەبێت هەموو شت وەك خۆی باس بکرێت، بەڵام ئایا خەڵکی تر هەیە پێویستی پێیە بڵێ من ئەو داواکاریەی ئێستای ئێرە من گەیاندمە جەنابی سەرۆکی حکومەت بە ناوی ئێوە گەیاندم و جەنابیان موافقە لەسەر ئەو مەوزووعە ئەوەی کە لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە پێویستی بە هەر شوێنێك هەبێت هاوکاریان دەکرێت بە تایبەتی لە وڵاتانی دەوروبەر، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ بکرێت دەنگی ئێوە گەیشتە حکومەت، دەنگی خەڵکی هەڵەبجە گەیشتە حکومەت و ئێمە ئەوەی کە لە تواناماندابێتن جێبەجێی دەکەین، چونکە ئەوە ئەرکە ئێمە خۆمان بە خزمەتکار دەزانین و ئەمە دروشم نییە هەوڵمان داوە ئەوەی کە لە توانامان‌دا بێتن لەسەر ئەرزی واقع پشانی بدەین بەرێزان بێجگە لەو پرۆژانەی کە لە حکومەت بە شێوەیەکی گشتی باسکراوە ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ باسیشمان نەکردوە راشمان نەگەیاندوە، بەڵام ئەوە بۆ یەکەم جارە لەبەر دەمی ئێوەی بەرێز بە هەموو خەڵکی کوردستان را دەگەیەنین، ئێمە تەنها لە وەزارەتی ناوخۆ (٧) ملیار دینارمان بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە تەرخانکردوە بەشێکی ئەو پرۆژانە دروستکردنی باڵەخانەی بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتوجۆیە کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە نزیکەی (٥) ملیاری بودجەکەیە و دروستکردنی باڵەخانەی بەرگری شارستانییە کە نزیکەی ملیارێك دینارە و هەر دوێنێ بە بۆنەی ئەوەی کە ئەمرۆ یادی (٣٣) ساڵەی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەیە ئێمە نزیکەی یەك ملیار دینارمان تەرخانکردوە بۆ پرۆژەکانی پەرژینی رێگاو بان کە پێی دەڵێن (گار درێڵ )هی ئەحمدئاوا ئەوانەی کە شارەزای ناوجەکەنە زۆر پێویست بوو بۆ ئەو شوێنە بکرێتن هەر دوێنێ ئەوەشمان ئیمزاکردوەو و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن لە دوای نەورۆز دەکرێتە تەندەر ئەو پرسیارانەی کە روبەروی ئێمە کراوەتەوە وەك وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە فەرمانگەکانی حکومەت لەوێ بەتایبەتی رەگەزنامە بەرێزان ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی ئێمە

لەگەڵ بەغـدا، لەبەر ئەوەی پەسـندی بڕیـاری ئـێمەی نەکـردووە لە کوردسـتان لە پارێزگـاکردنی هەڵەبجە ئەم بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوانەی کە سەر بەحکومەتی فیدراڵن نەکوتوونەتە بـواری ئیشکردن بۆیە ئێمە بە ناچاری هەمان ئیشوکارمان لە هەڵەبجە بەڕێوە بـردوە، بەڵام لە ژێـر نـاوی نوسـینگەی رەگەزنـامە کە سـەر بە رەگەزنـامەی سـلێمانیە بـۆ ئەوەی ئـیش و کـاری خەڵـك راوە نەستێت ئـێمە فەرمانگەکەمـان دروسـتکردوە لە ژێـر هەر ناوێـك بێـت بەڕێـوە دەچێـت ئـیش و کار،بەرێزێك گـوتی بەڕێـوەبەرایەتی تونـدو تیـژی ئافرەتـان نـیە لە هەڵەبـجە هەر بـۆ ئاگاداریتـان هەیەو ئێمە لە ساڵی ٢٠١٩ وە ئیمکاناتمان بۆ دابین کردوەو سەیارەشمان بـۆ تەئمـین کـردوە،بەڵام باڵەخانەی نیە بەڵێ زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی کە لەو هۆڵە باسکرا باسـی مـیلاك بـوو باسـی باڵەخانە بوو باسی پرۆژەی وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری بوو هەموو ئـێمەش لەگەڵ ئێـوە کـۆکین ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەست کەمی میلاکەوە دەناڵێنین بۆ هەنـدێك شـوێن بە تایبەتی لە بواری پۆلیس لە بواری هاتووچۆ لە بـواری رەگەزنـامە کـارتی نیشـتیمانی هەوڵمانـداوە ئەوەی کە لە هەڵەبــجە پێویســـتە بکـــرێ لە ســـلیمانی و دەورو بەری بە تەنســـیب بۆیـــان بگوازینەوە،چونکە ناتوانین میلاك نیـیە کە لە سلیمانی دەگـوازینەوە ئـێمە لە سلێمانی خەلەلێـك دروست دەکەین، بەڵام بۆ ئەوەی بۆشایەك لە هەڵەبجە پڕبکەینەوە یەعنـی ئەوە نـیە لە سـلێمانی زیـادە،بەڵام بـۆ ئەوەی کە بۆشـایەك لە هەڵەبـجە پـڕبکەینەوە ناچـارین هەنـدێك لە سـلێمانی بگـوازینەوە ئەوەیە و لەم سـاڵەی رابـردوو لە وەزارەتەوە ئـێمە دە سـەیارەمان بـۆ هەڵەبـجە دابینکـرد و ئەو پرۆژانەمـان تەئمینکـردوە ئەو دەسـەڵاتانەی کە ئێـوە باسـتانکرد بـۆ پارێزگـای هەڵەبجە هەموو دەسەڵاتی پارێزگای هەڵەبجەیە لە پارێزگاکانی تـر زیـاترە، هەتـا لەو داهـاتەی کە لە هەڵەبـجە هەیە بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران دەتـوانن بـۆ پەرە پێـدانی خۆیـان بە کـاری بهێـنن،بەڵام کێشــەکە ئەوەیە داهــاتی هەڵەبــجە کەمە یەکێــك لە پرســیارەکان ئەوەیە خــاڵە سـنوورییەکان بـۆچی چـالاك نـاکرێن، وڵاتـی ئێـران دەڵـێن رەزامەنـدی داوە کێشـە نە ئـێمەین ن ئێـرانەو نە خەڵکـی هەڵەبـجەیە کێشـە ئەوەیە حکـومەتی بەغـدا رەزامەنـدی نـاداتن خەریکـن ئەوانەی کە بە فەرمیشن کێشەیان بۆ دروست دەکەن،ئەگەر نا ئێمە دەزانین سێ سنوور هەیە لە هەڵەبجە دەکـرێتن ئەگەر بکـرێنە سـنووری فەرمـی یـاخود نـیمجە فەرمـیش دەکـرێتن داهـاتێکی باش بـۆ هەڵەبـجە دروسـت بکـرێتن پرسیارێکی ترتـان ئەوە بـوو بـۆجی ئەنجـومەنی پارێزگـا لە هەڵەبـجە دروسـت نـابێ بەرێـزان ئەنجـومەنی پارێزگـا لە سـەر بنەمـای یاسـایەك و هەڵبژاردنێـك دروسـت دەبێـت لە هەڵەبـجە هەڵبـژاردن نەکـراوە بـۆ ئەوەی ئەنجـومەن دروسـت ببـێ هـیج بنەمایەکی یاسایی وەکو بڵێ هەڵبژاردن نیە بڕیاردرا تەوافقێکی سیاسی هەبێـت لە نێـوان لایەنە سیاسـیەکان بەداخەوە لایەنە سیاسـیەکان لە هەڵەبـجە گەیشـتنە قۆنـاغێکی بـاش لە لێـك تێگەیشتن و پارێزگاری هەڵەبجە پرۆژەکەی بۆ ئێمە نـارد، وابـزانم ئەوکـاتە ئـێمە مانگێـك یـا دوو مانـگ دەسـت بە کـار بـوین لە کـابینەی نـۆیەمی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، کە پـرۆژەکە گەیشـتە وەزارەت هێشـتا نەگەیشـتبوو بـۆ سـەر مێـزی خـۆم تەلەفـۆنم بـۆ هـات لە هەڵەبـجەوە گوتیان کاکە لایەنە سیاسیەکان پەشیمان بونەتەوە رایگرە، بۆیە ئێمە ئەوەمان بەرێـوە نەبـرد، بـۆ ئەوەی نەبێتە بڕیارێـك لەسـەر کـاغەز، چـونکە لایەنە سیاسیەکان کە لە هەڵەبـجە لەسـەر شـتێك پێـك هـاتبوون پەشـیمان بـوونەوە، مـن داوا لە ئێـوەی بەرێـز دەکەم هەر یەك لە ئێـوە سـەر بە

لایەنێکی سیاسیە بگەڕێنەوە بۆ لایەنە سیاسیەکانی خۆتان قەناعەت بە لایەنە سیاسیەکانی خۆتان بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێك بکەون لەسەر بابەتی ئەنجومەن، ئەوکاتە ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەینە لە (٢٤) کاتژمێر بڕیاری پێویستی بۆ دەربکەین، بەڵام چونکە بنەمایەکی هەڵبژاردن و یاسایی لە دەست حکومەت نییە، بۆیە حکومەت ناتوانێتن ئەو ئەنجومەنە بڕیاری پێ دەر بکات، بەشێکتان داوای ئەوەتانکرد کە سەنتەرێکی دی ئەی ئێن بکرێتەوە لە هەڵەبجە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوەبەرایەتی ئەدلەی جینائیمان هەیە بەڵگەی تاوانمان هەیە و تەبعەن دی ئەی ئێن هەر ئەمە نییە بڵێین تێستێکەو دەچین لە هەر شوێنێك تێستێك دەکەین، ئەمە چەندین ئەبعادی تری هەیە کە هەم پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیەوە هەیە و هەم بە ئاسایشی نیشتیمانییەوە هەیە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتیەوە هەیە، پەیوەندی بە یاسایەوە هەیە، ئێ ناکرێتن هەرکەسێك بێت بڵێ من مەسەلەن لە فڵانە خێزانم ئەو خێزانە هەندێك تێستمان کردووە بەشێکیان لەمانە دەر نەچوون کە لەم خێزانە بن، کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە و لێکەوتەی تریشی لێ دروست بووە، خەڵکی هەڵەبجە باشتر لە ئێمە دەزانن لەو موعاناتانە، بۆیە ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ کە بەڵگەی تاوانمان هەیە هەمو ئامادەکاریەکمان تێدایە بۆ هەر کەیسێك کە لەوەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە یان لە کۆمەڵگای مەدەنیەوە یان ئەو ڕێکخراوانەی کە گرنگی دەدەن بە هەڵەبجەو لێقەوماوانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئامادەیمان تێدایە تێست بکەین لێرە بکرێت یان لە شوێنی تر بکرێت حکومەتی هەرێم تەحەمولی هەموو خەرجیەك دەکات و کردوومانەو بەردەوامیش دەبین لەسەری، بەڵام ئاسان نییە سەنتەرێك لە هەڵەبجە بکرێتەوە، چونکە ئەو سەنتەرە توانایەکی ئیداری مالی مرۆیی زۆر باشی دەوێتن و پشتگیریەکی یاسایشی دەوێتن، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئیدارە بکرێت، ئێمە کێشەمان لەوە نییە سەنتەرمان نەبێت کێشەمان لەوە هەیە ئەو کەیسانەی کە دێنە بەردەست بەشی هەرە زۆریان بەداخەوە وەکو خۆی دەر ناچن و کێشەی تری لێ دەکەوێتەوە، ئەوەی کە باستانکرد هەموو دامەزراوەکانی حکومەت لەوێ هەیە، بەڵام وەکو پێویست ئیش ناکەن ئێمەش موتەفقین لەگەڵتان، لەبەر ئەوەی میلاکی پێویست لە هەڵەبجە نییە بەرێزان میلاکیش پێویستی بە دامەزراندن هەیە، هەم دامەزراندنیش پێویستی بە تەخصیصاتی مالی هەیە کە بەداخەوە بڕیار لێدان بە پارێزگاریکردنی هەڵەبجە لە کاتی شەری داعش بوو، دواتر ئەو کێشانەی تری بوودجەی بەسەر داهات و لە کابینەی نۆیەمیش ئێمە سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی پێش و کە هەبوو تووشی ڤایرۆسی کۆرۆناش بووین کە ئەمەش ڕێگری یەکجار زۆری کرد، نەك هەر بەرامبەر بە هەڵەبجە، بەڵکو بەرامبەر بە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ئەگەرنا پلانی تۆکمەمان هەیە کە هەوڵ بدەین کەمێك لە موعاناتی خەڵکی هەڵەبجە کەم بکەینەوە، لە نێزیکیشەوە لەگەڵ برای بەرێزمان کاك ئازاد پارێزگاری هەڵەبجە ئیش دەکەین و تەفاهومێکی زۆر باشیشمان هەیە لە گەڵیان، یەکێك لە بەرێزان وتی ونبوویەك داوای دیداری کردووە لە سەرۆکی حکومەت تا ئێستا نەبینەدراوە، ئێمە دوای ئەو کۆبوونەوە داوا دەکەم بزانم کێیە ئەو بەرێزەی داوای کردووە هەرچی پێویست بێت ئێمە ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی و ئەو دیدارانەی کە پێویستن بۆی فەراهەم بکەین، بەرێزان بەراووردکردنی نێوان هەڵەبجەو هێرشی مە و بەراووردکردنی کوردستان لەگەڵ ژاپۆن لە یەکەم حەقی

خۆمـانە، بەڵام بەراووردكردنـی كوردسـتان ژاپـۆن زۆر زۆر لێـك دوورە، ئـێمە هەمـوو خەبـات و تێكۆشـانمان بـۆ ئەوە بـووە بگەیـنە مـافە رەواكـانی خەڵكـی كوردسـتان، هەتـا نەگەیـن بەو مـافە رەوایانە ناتوانین ئەوەی كە ژاپۆن دەیكات بۆ خەڵكی خۆی ئێمە بـیكەین، چـونكە بەشـێكی هەرە زۆری پەیوەندی بە كیانەوە هەیە كیـانی سیاسـی زۆر مـاف و ئیمتیـاز بـۆ ئـێمە فەراهەم دەكـات، بـۆیە دەبێـت هەمووومـان دەبێـت یەك دەسـت بـین لەوەی كە ئـیش بكەیـن بـۆ گەیشـتن بە داواكارییەكانی خەڵكی كوردستان، من نامەوێت زیاتر وەختـان بگرم زۆر زۆر سوپاسـتان دەكەم بە تەئكید ئەوەی كە لێرە بەرێزتان باستان كرد ئێمە وەكو ئەو وەزیـرانەی كە لێـرە هەیـن ئەوانەی كە لێـرەش نەبـوونە هەنـدێك شـت ئاڕاسـتەی هەنـدێك وەزیـر كـران لێـرە نەبـوون ئەوانـیش دەگەیەنین، تەنها یەك شت ویستم بۆ بەرێزیـك ڕوون بـكەمەوە كە باسـی پەروەردەی كـرد گـوتی چـی كـراوە لە بـواری پەروەردە، لەم مەسـەلەیە بەرێـزان لە مەنهەجـی خوێنـدن لە پـۆلی پێنجـی بنەرەتی لە نۆی بنەرەتی لە دەی ئامادەیی دوانزەی ئامادەیی باسـی تێـرو تەسـەل لەسـەر هەمـوو ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە خەڵكی كوردستان كـراوە نوسـراوە و لە دەرسـی كـۆمەڵایەتی لە پـۆلی دوازدە ئەم مەنهەجە دەخوێندرێت و زۆر بە تێرو تەسەلی باسی جینۆسایدی هەڵەبـجە دەكـرێتن كە چیكــراوە هەمووشــمان منــداڵمان هەیە لە قوتابخــانە، تكــایە ســەرێك لە پەرتووكەكــانی منـداڵەكانتان بـدەن بـزانن چـی باسـكراوە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان دەمـێكە ئەو بـابەتەی كــردۆتە خەمــی خــۆی و مــن موتەئكیــدم لە زانكۆكــانیش و لە پەیمانگاكــانیش ئەو بــابەتە دەخوێندرێتن بە جۆرێك لە جۆرەكان زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بەرێـز وەزیـری رۆشـنبیری،راپۆرتی لیـژنەی رۆشـنبیری رەئیتـان لەسـەری لەگەڵ ئەوەی كە ئەندامانی پەرلەمان وتویانە فەرموون.

**بەرێز محمد حمە سعید /وەزیری رۆشنبیری:**

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك نهـاری بەهـاری درێـژو پـایزی كـورت ئەمەل گەلێـك و تەویـل عەمەل كەمێـك و قەسـیل حكومەت و پەرلەمان و هەمووومانین، سـوپاس بـۆ بـرای بەرێـزم كـاك رێـبەر وەزیـری نـاوخۆ مـن تەئیدی قسەكانی دەكەم و پشتیوانی بۆ وەڵامەكانی سەبارەت بە هەڵەبـجە و ئـاوەدانكردنەوە بە كێشــەو گرفتەكــانی حكــومەت و بە بــارو دۆخەكە، لەبەر ئەوە دووبارەیــان نــاكەمەوە بەرێــز ســەرۆكی پەرلەمــان ســەرەتا ســوپاس بــۆ ئێــوەی بەرێــز وســەرجەم فراكسـیۆنەكان و گشـت پەرلەمانتارە بەرێزەكان بۆ ئەنجام دانی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان لەم رۆژە مێژوویەی كارەسـاتی گەلەكەمانـدا رۆژی (١٦-٣) رۆژی كیمیـا بـارانی هەڵەبـجەو نـاوچەكە، ئەو هەڵەبـجەیەی بـوو بە ناسنامەو كوردی بە جیهان ناساند دیارە كۆبـوونەوەكە بـۆ بەرز راگرتنـی ئەو رۆژەو رێـز لێنـانە لە كەسوكاری قوربانییەكان، هەروەها بۆ ئەو مەبەستەی نامەكەی بەرێزتان دا هـاتووە خسـتنەرووی كێشەو گرفتەكانی پارێزگای هەڵەبجەو چارەسەركردنیان، بـۆ زیـاتر خزمەتكردنـی ئەم پارێزگـایە، هەرچەندە بە رای ئێمە مەبەستەكەی بەرێزتـان بە بەسـتنی كۆنفراسـێكی تـایبەت و بە بەشـداری لایەنە پەیوەندیدارەكانی ئەم بابەتەو لە نـاو هەڵەبـجە دێـتە دی، بـۆیە لێـرەوە مـن ئەو پێشـنیارە

دەخەمە بەر هەموو لایەك هەڵەبجە یەکێکە لە شارە مێژووی و دێرینەکەکانی کوردستان کە لە دێر زەمانەوە ژیان تێیدا بەردەوام بووە هەموو وردەکارییەکانی ژیان رەسەنی کوردەواری لە هەڵسوکەوتی خەڵکەکەیدا بەرجەستە بووبن، ئێمە خۆمان زۆر جار بە تێروانینی هەڵەو ناراست مێژوی ئاوەدانکردنەوەو بنیادنانمان شێواندووە کە قسە لەم مێژووە مێژووی دروستکردنی هەڵەبجە دروستکراوە بێ ئاگا بەستراوە بە (٤٠٠) ساڵێك بەر لە ئێستاوە لە کاتێکدا راستییەکان بە شێوەیەکی ترن، بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەن دەیسەلمێنن لە سەردەمی لۆلۆکانەوە ئەم شوێنە ئاوەدان بووە یەکێکەو لە شارەکانی مەملەکەتی زاملا بە ناوی (هارهارو کارۆکینا)، هەروەها بەڵگەی مێژوویی هەن کە ژمارەیەك لە پیرەکانی بازنەی (٧٢) پیرە لە سەدەکانی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی لە ناوچەکەدا ژیاون یەکێك لەوانە روکنەدینی هەڵەبجەیی بووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمدا لە هەڵەبجە لە دایك بووە، هەڵەبجە ئەو شارەیە تەنها لە مێژووی (٤٧)ساڵی رابردووی خۆیدا رووبەرووی سێ مەرگە سات بۆتەوە:

١- رۆژی (٢٦-٤-١٩٧٤) لە لایەن رژێمی عێراقەوە بۆمبارانی شارەکە کرا لە ئەنجامدا زیاتر لە سەد کەسی بێتاوان شەهیدو زیاتر لەوانەش بریندار بوون و بەشێکی خەڵکەکەش ئاوارە بوون و زیانێکی زۆری ماڵیشیان بەرکەوت.

٢- لە رۆژی (١٣-٥-١٩٨٧) دا لە کاردانەوەی درندانەی بەعسیەکانی عێراقدا بەرامبەر بە خەڵکی راپەرینی شارەکە، گەرەکی کانی عاشقان تەقێندرایەوەو تەخت و یەکسانکرا، لەگەڵ خاك فرۆشتن و بێ سەرو شوێنکردنی سەدان کەسی لێکەوتەوە بە سەدان خێزانی هەڵەبجەیی ناوچەکە ئاوارەی ئێران و دەر بەدەر بوون.

٣- دوا مەرگە ساتی شکی کیمیابارانی شارەکە بوو ئەمڕۆ کە یادی دەکەینەوە لە (١٦-٣-١٩٨٨)دا ئەم مەرگەساتە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە پێنج هەزارکەس و برینداربوونی هەزارانی ترو ئاوارە بوونی هەموو دانیشتوانی شارەکەو دەورووبەری کە بە ناچاری بە دەست و گیرفانی بەتاڵەوە پشتیان لە شارو روویان لە ئاوارەیەکی بە کۆمەڵ کرد، ئەو برینە گەورەیەی کە لە جەستەی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان خەڵکی ناوچەکە بە گشتی دروست بووە کۆمەڵێك کاریگەری زۆر خراپی لێ کەوتۆتەوە لەوانە ئەم مەرگەساتە بە تەواوەتی بووە هۆی ئەوەی لە ناوبردنی دەیان خێزان و لە گۆرنانی و یادەوەرییەکانیان بە تەواوەتی، هەروەها دەیان خێزانی تریشی لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە بەوەی تەنیا کەسێك یان دوو کەسیان ماونەتەوە.

دووەم: بریندارەکان مەرگەسات دراونەتە دەست مەرگێکی لەسەرەخۆ ئەوانەش ماون هەر بە ناو زیندون.

سێیەم: ئەو هەموو زەرەرو زیانانەی لە ئەنجامی کیمیا باران بەر ژێرخانی شارکە بە گشتی و خەڵکەکەی کەووتوە دەر ئەنجامێکی مەترسیدار بووە تێروانین بە ئاسانی لێی تێناگات.

چوارەم: ئەو بەر چاو لێلیەی تا ئێستاش لە هۆکاری سەرەکی مەرگەساتەکەو هۆکارە لاوەکییەوکانی هەن هەما هەنگی و بێ متمانەیی تری لێکەوتۆتەوە لە نێوان جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئیداری و بەرێوە بردندا.

چوارەم: کاریگەریە خراپەکانی مەرگەساتی لەسەر هەمـوو هەبووەکـانی نـاوچەکە گیانـدارو بـێ گیـانەوە لە نـاو پیسبونی ژیـنگە تـا ئێسـتاش درێژەیـان هەیە ئەمەش راپـۆرتە تەندروسـتییەکان سـەلماندویانە ئەمـانە کـاریگەریە سـەرەکییەکانن دیـارە چەنـد کـاریگەری لاوەکـیش هەن، لێـرە پێویستە بزانین ئەو هەنگاوانەی تا ئیستا لە هەڵەبـجە گیـراون چیمـان پـێ دەڵێن، هەر بـۆیە ئەم پرسیارانە دەکرێن ئایا هیچ کارێکی ئاکاری کراوە بۆ مەرگەسات بە جینۆساید و تاوانی کۆ کـوژی سـتەم لێکـراو بناسـرێت ئـایە پرۆژەکـانی ئـاوەدانکردنەوە و ئەو کـارانەی تـا ئێسـتا مەبەسـتی بنیاتکردنەوەی ژێرخانی شـارەکە کـراوە بە بەرنـامەو لە ئاسـتی مەرگە سـاتەکە دان، ئایـا خەڵکـی زیـان لێکەوتـوو بـۆ لە دەسـت دانـی سـەرمایەو مادیـان قەرەبـو کـراونەتەوە، ئایـا ئەو شـین و شەپۆرەی ساڵانە نمایش لە ١٦-٣دا بـۆ مـاوەی یەك دوو رۆژ توانـای سـارێژکردنی یـا سـووککردنی برینەکـانی هەیە بـۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسـیارانە، بە دڵنیـایەوە ئـێمەش نەخێـر هەڵـدەبژێرین کێشەو پێشنیارو داواکاریەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ هەڵەبـجە،ئەگەر چـی قەرەبـووکردنەوەی ماددی پرۆژەو قەرەبـووکردنەوەی مـاددی و پـرۆژەی خزمەتگوزاری لەلایەن حکـومەتی هەرێمـی کوردستانەوە کاری باش و کاریگەری گەورەیان هەبووە لە رووی ماددی و شارستانییەتەوە، بـۆیە دەبـێ ئەو جـۆرە هاوکـاری و پشـتیوانی و ئـاوەدانکردنەوە بەردەوام بـن، بەڵام ئەوەی خەڵکـی نـاوچەکە پێویسـتیەتی گەورەتـرە لەوە ئاشـکرایە سـەرەڕای هەمـوو زیانەکـانی مەرگەسـاتەکە، مەرگەســات کەســی هەڵەبجەییەکــانی ووردوخاشــکردووە، کردوویەتــی بە کەســایەتێکی شکسـتخواردوو بەسـەر خـۆ داشـکاوو بـێ هیـوا بە ئاینـدە، هەر بـۆیە هەنـدێك لە کەس و کـاری شەهیدەکان خێڵی شەهیدەکانی خۆیان شکاند و یاخود هەندێ لە خەڵکی شار بە هەر هۆیەکەوە بوو گریان لە هێمای سەربەرزی خۆیان بەردا کە یادگـاری هەڵەبـجە بـوو، ئەمـانە کێشـەی گەورەن ناکرێت بەسەر پێیی سەیریان بکەین، چونکە ئەگەر جێی کاردانەوەش بن، بەڵام کرۆکی شکسـت و بێ هیوایان پێوە دیارە ئێمە وەك وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان پێتـان را دەگەیەنـین تـا ئێسـتا نەمانتوانیوە لە ئاست ئەو شکستەدا هەنگاوی باش و بەجێ هەڵ بگرین ئەو دامەزراوانەی لەوێ هەمانن کەم دوودوو بێ دەسەڵاتن تەنـانەت بەرێـوەبەرایەتییە گشـتییەکەمان لە رووی پەیـکەرو رێکخستنەوە وەك بەشێك دێتە پێش چاو بەرێـوەبەرایەتی شـانۆ شـێوەکار هونەرەکـانی موزیـك سـینەما، چـالاکی وێژەیـی هـونەری میللـی وەرزش و تـا دوایـی لە شـارەکە دا نـین ئەم جـۆرە دامەزراوانە دەبێ دروست بکرێن و خەڵکی شـارەزاو پسـپۆریان بـۆ دابـین بکـرێ و دابمەزرێـت، ئەمەش بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی دەوێت ئەو چالاکییانەی لە نـاوچەکەدا کـراون زۆربەیـان سـادەو بـێ کـاریگەر بـوون، هەروەهـا وەك پێویسـت هاوکـاری دامەزراوە نـا فەرمییەکانی رۆشنبیری وەرزش و لاوان لە ناوچەکەدا لە دەرەوەی حکومەت نەکراوە، ئەبـێ ئەو هاوکاریە بکرێـت لەلایەن حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان هـیچ هەنگـاوێکی دیـاری وای نەنـاوە کە بە جۆرێـك لە جۆرەکـان لە رێـی جـالاکی و رۆشـنبیری و وەرزشیەوە مەرگە سات بهێنێتە ناو هەستی تـاك و کـۆمەڵ و کـار بکـات، بـۆ ئەوەی لە یـادەوەری خەڵکەکەدا بیچەسپێنێت و ببێت بە بەشێك لە ناسنامەی خەڵکی نـاوچەکە کە ئەمە تەنیـا رێگـایە بۆ شکستی کەسیەتی خەڵکەکەو ئەسپاردنیان بە تێروانین لە مەرگەسـات بە رۆحـیەت، نەوەك بە سۆز ئەمەش تەنها بە وەزارەتی رۆشنبیری ناکرێت ئەرکێکی هەمە لایەنـانەیەو دەبێـت جەنـدین

وەزارەت تێیدا بەژداربن پێویستە لیژنەیەکی شارەزاو بالا هەروەك چۆن زۆربەی زۆری ئەندام پەرلەمانەکان ئەو پێشنیارەیان کرد پێك بهێندرێت بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی کارکردن لە بواری رۆشنبیریدا کە بەر لە هەمەم شتێك بیناکردنەوەی کەسیەتی تێك شکاوی تاکی هەڵەبجە ئامانجی بێت و بتوانێت بەژداری لە ئارامکردنەوەی دەروون و هیوا بەخشی بە خەڵکەکە بدات وەزارەتی رۆشنبیری داوای لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووەو دەکات هەوڵی تەواو بدەن بۆ گەڕانەوەی کتێبەکانی کتێبخانەی گشتی هەڵەبجە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە، دوای کارەساتەکە گواسترانەوە بۆ ئەو وڵاتە، ئەکرێ کارەساتی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە دیراسە بکرێت، بۆ ئەوەی بکرێتە مەنهەج بەرنامە لە خوێندنی بالاو پەروەردەدا کە ئەمەش دوێنێ جەنابی پارێزگاری هەڵەبجە لە کۆنفراسە رۆژنامەوانیەکەیدا ئەم داوایەی کرد، پێویستە رۆشنبیری لە هەڵەبجە پێویستی رۆشنبیری لە هەڵەبجە لە بیناو ساغمان و یاریگاو هۆڵ و مەلەوانگەو کردنەوەی بەش و تەواوکردنی میلاکات و تا دوایی زۆرن دەقە داواکارییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری پارێزگاکە لەم بارەوە هاوپێچن لەگەڵ ئەو یاداشتە، هەم پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان و هەم پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتی هەرێم کراوە، راستە چارەسەری هەندێکیان لە دەسەڵاتی وەزارەتدان، بەڵام تا حکومەت پشتیوانی دارایی بۆ وەزارەت دابین نەکات ئێمە ناتوانین ئەو کێشەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەین، بۆ حکومەتیش لەم کاتەو لەم بارو دۆخەدا ئەوە قورسە ئەوەی پێویستی رۆشنبیری بێت لەم بارو دۆخەدا زەروور بێت و کاروباری رۆشنبیری و چالاکییەکانی هەڵەبجەی لەسەر وەستابێ دروستکردنی هۆڵێکی رۆشنبیرییە وەزارەتی رۆشنبیریش پێشنیاری پرۆژەکەی بۆ دروستکردن داوەتە بەڕێز وەزیری پلاندانان ئەمە داوای سەرەکی رۆشنبیری هەڵەبجەو ناوچەکەو بەشێك لە ئێوەی بەرێزیش بوو زۆر سوپاس من.

ئەگەر مۆڵەتم بدەن جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەمەوێت سێ چوار لە پرسیارەکانی ئەو بەرێزانەی کە پرسیاریان کرد وەڵامیان بدەمەوە، باس لە مەرزی سازان دەکرێت، مەرزی سازان بکرێتەوە شتێکی باشە هەڵەبجە شارێکی چەپەکە بەکردنەوەی مەرزو بە کردنەوەی رێگای تر بۆ هەڵەبجە لە گۆشەگیری و چەپەکی نەجاتی دەبێت هەر بەرێزێك لە حکومەت یا لە پەرلەمان یا مەوقعێکی سیاسی یان ئیداری هەیەو قسە لەسەر مەرزی سازان دەکات دەبێت بزانێت رازیب،ون لەسەر مەرزی سازان موافەقەتی حکومەتی عێراقی دەوێت، ئی حکومەتی ئێرانی دەوێت، هی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەوێت، پاشان ئەوەی کە شارەزابێت دەزانێت لە سێریای سێریاز بۆ باینگان بۆ دەوان بۆ مەڕەخێڵ بۆ سەر ئاوی سیروان و سازان (٧٠) کیلۆمەترە ئەو (٧٠) کیلۆمەترە رێگای مەگزەمینیە بەناو شاخ و دۆڵ و سەختدا، ئەگەر حکومەتی ئێران هەر لە ئەمرۆوە بڕیاری لێدابێت جادەو رێگای لێ دروست بکات بە دە ساڵی تر تەواو نابێت، پاشان بە سیستەمی پردی ئاوی سیروان لەو شوێنەدا کەمتر نیە لە پردی تۆقد بۆ تێجونەکەی ئەوە وەکو روونکردنەوەیەك

دووەم: باسی کارەبا کرا بەرێزێك باسیکرد بۆ کارەبا حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری نەکردۆتەوە کارەبا لە ئێران بۆ هەڵەبجە بکرێت وەکو شارەکانی تری پێنجوێن و خانەقین لە

ساڵی ٢٠٠٤دا حكومەتی هەرێم لەگەڵ حكومەتی ئێران دانیشتنی كرد، رێكەوتنامەیان مۆرو ئیمزاكرد، بڕیاردرا كارەبا لە ئێرانەوە بێت بۆ شاری هەڵەبجە، حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەرەتای ٢٠٠٤دا بە (٢٣) تاوەر نزیكەی (٦٠) كیلۆمەتر خەتی راكێشاو تەواوی كردوو كۆتایی هات لەگەڵ ئێرانیەكاندا گوتیان فەرموون خەتەكەمان حازرە بۆ بەستن، وەڵامی حكومەتی هەرێمی كوردستانیان دایەوە ئەو كەنتۆرەی كە ئەو خەتە دەدات خەتی (٣٣) یە هەرچییەكە من باش لێی شارەزا نیم ئەوە لە پاوە نییە لە جوانرۆهەیە لە ٢٠٠٤وە تا ئێستا هێڵەكە بە هەوایی هەیەو وەستاوە، بەڕێزێك پرسیاری كرد چەند فلم لەسەر كارەساتی هەڵەبجە كراوە، من نەم دەزانی لەو كاتە پرسیارەكە كرا پەیوەندیم لەگەڵ هاورێكانم لە وەزارەت كرد فلمی زۆر درێژو كورت سەبارەت بە كارەساتی كیمیابارنی هەڵەبجە كراون، ئەوانەی رەسمیەت و فلمی دان پێدانراو بن (٣٠) فلمە و حكومەتی هەرێمی كوردستان پشتیوانی و پشتگیری كردووین، بەشێكیان خۆی ئەنجامی داون بەشێكیان هاوكاری كردوون و ئەمانەش بۆ دەرەوەو بۆ ئەولا ئەولا بۆ نمایشكردن حكومەتی هەرێم هاوكاری كردوون، بەڕێزێك باسی گەنجانی هەڵەبجەی كرد چیكراوە بۆ گەنجانی هەڵەبجە، ئەبێ بپرسین گەنجانی عێراق چییان بۆ كراوە، گەنجانی هەرێمی كوردستان بە هەموو شارو شارۆچكەكانەوە چیان بۆ كراوە هەڵەبجەش هەر ئەوەی بۆ كراوە، هەموومان دەزانین بارودۆخی گەنجان لە هەرێمی كوردستان و لە عێراق و لە ناوچەكە و لەلای دراوسێكانیشمان بارودۆخێكی نەشیاوو نە گونجاوە بێكاری هەیە كێشەو گرفت هەیە و گەنجانی راكێشاوە بۆ لای ئینحیراف و كارو مەشاكیلی زیاد لە وڵاتدا، ئەمە هەر لە هەڵەبجە نییە لە هەموو شارو شارۆچكەكانە، پرسیارێكی تر رەوشی نووسەران رووناكبیران شانۆكاران لە هەڵەبجە چیان بۆ كراوە، حكومەتی هەرێمی كوردستان لە دوای دەست بەكاربوونی كابینەی نۆیەم دا وەزارەتی رۆشنبیری بەرنامەیەكی پێشكەشكردووە كە بۆ هەڵەبجە تایبەتمەندی جیاوازە و بۆ هەڵەبجە بەرنامەی جیاوازی پێشكەشكردووە، بەڵام بەداخەوە بۆخۆتان دەزانن بارودۆخەكەو باری ئابووری و نەخۆشی كۆرۆنا و هەرچییەكی تر كە كێشەو گرفتە لە هەرێمی كوردستان و بۆتە هۆی ئەو بارودۆخەی كە ئێستا هەموومان دەزانین و لێی تێدەگەین ئەو بەرنامانەمان بۆ جێبەجێ نەكراوە، بەڵام ئێمە لە پارەیەكی سلێمانی كە (٣٠٠) ملیۆن دیناربوو لە بەردەستدابوو (٧٥) ملیۆنیمان دا بە هەڵەبجە ئەو (٧٥) ملیۆن دینارە ئەو ماوەیە لە ٢٠٢١دا كراوەتە چاپكردنی كتێب و هەندێك كۆڕو سیمینارو چالاكی رۆشنبیری بۆ هەڵەبجە، بۆچوونێك هەیە هەڵەبجە هەر وەك خۆیەتی چۆنبووە خراپتر بووە، هەندێك راو بۆچوون و سەرنج وا بە موتلەقی وا بە یەكجاری بڕیاری لێ بدەی كە هەر هیچ بۆ هەڵەبجە نەكراوە ئەبێ بگەرێینەوە بۆ رابردوو بزانین ئایا كاتێك كە راپەرین كرا كۆمەڵی خەڵكی كوردستان راپەرینیان كرد ئەوانەی شارەزای ناوچەكەن و لە بیریان بێت و ئەو كاتە بوون بزانن هەورامان بە دوو ناحیەو (٣٠) ئاواییەوە هەڵەبجە بە سێ ناحیەو (٣٠٠) ئاواییەوە و بە شارەكەشەوە لا دیوارێكی تیا نەبوو ژیانی تێدا نەبووە، باشە ئێستا بڕۆ هەڵەبجە ببینە هەڵەبجە بۆخۆی شارێكی گەورەیە تەنها لە ناو شاری هەڵەبجە ئەوە كاك كاوە لێرەیە و ئەو بەرێزانەی كە خەڵكی هەڵەبجەن دەزانن پێنج گەرەك دروست بووە گەرەكی بەختیاری، گەرەكی ئەندازیاران، گەرەكی گۆران ستی، گەرەكی كیمیابارانی یەك، گەرەكی كیمیا بارانی دوو، ئەو هەموو جادەو رێگاو بانانە ئەو هەموو

ساختمانی نەخۆشخانانە ئەو زانکۆو ئەو هەموو بینایەی قوتابخانەو بینای دەوائیر کارەبا زەراعەت ئەوانە چییە، یەعنی ئینسان چۆن دەتوانێت ویژدانی چۆن ڕێگەی دەدات بڵێت بە موتلەقی هیچ بۆ هەڵەبجە نەکراوە یان هەڵەبجە وەك خۆیەتی، هەندێك بەڕێز من سەرنجمدا ئەوە قسەی کۆتایمە هەندێك پەیام دەگەیەنێت پەیامەکەی جوانە پەیامەکەی دروستە، بەڵام کاتێك بە تورەیەتی پەیام دەگەیەنی پەیامەکەت ئۆتۆماتیکی وای لێ دێت کە کەس گوێی لێ نەگرێت، ئەمە پەرلەمانە ئەم پەرلەمانە بالاترین دەسەڵاتی وڵاتی ئێمەیە، ڕێزدارترین شوێنی ئێمەیە، شەڕێك کە بۆ ئاوەدانی وڵات بۆ خزمەتگوزاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی هاووڵاتیان دەکرێت دەبێت لێرە بکرێت بەسەرچاو، بەڵام ئەو پەرلەمانە کە هەموومان هیوامان پێیەتی و هەمووومان ڕێزی لێ دەگرین، دەبێ بەسەروەری بمێنێتەوە، ئەگەر پەرلەمان ئیش و کارەکانی بە مەنتیق ڕۆیشت، بە ڕێك و پێکی ڕۆیشت بە ڕێزگرتن لە یەکتری و یەك ڕێزیی و تەبایی ڕۆیشت، حورمەت دانانە بۆ پەرلەمانەکە گەڕانەوەی ڕێزو تەقدیرە بۆ پەرلەمانەکە کە هەر ئەندامێکی پەرلەمانەکە بۆخۆی کەڵکی لێ وەر دەگرێت تۆ لە پەرلەمانێکا بیت شکۆی هەبێت یان نەیبێت باشترە تۆ لە پەرلەمانێکدا بیت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیشی ئێمەیە بەڕێزان ئێوە بە حورپەتی خۆتان قسەتانکردووە، ئیشی ئێمەیە ئەو قسانە رابگرین ئیشی ئێمەیە، ئێمە بۆچی لێرەین کاك دیاری ئێمە بۆچی لێرەین پارێزگاری لە پەیڕەو دەکەم جارێ تۆ دەستت دانێ کاکە حەمە قسەکانت سەبارەت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەیە بەو بابەتانەشی کە پەیوەندی هەیە بەڕێزت وەکو هەڵەبجەیەك شارەزای دۆخی هەڵەبجەی ئەو بەشەی تەواو بوو، ئەو بەشەی پەیوەندی بە دۆخی پەرلەمانەوە هەیە سوپاست دەکەین زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت.

**بەڕێز محمد سعید علی/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، زۆر باسی ڕێگای تەوێڵە کرا ئەوەی شارەزای تەوێڵە بێت ڕێگەیەکە لە خورماڵەوە دەچێتە بیارەو دەچێتە مەرزی شۆشمیر ماڵەکان و باخەکان لەسەر ڕێگەکەن، ڕێگەکە مەجالی پانکردنی نییە، ناکرێت بڵێین مەرزی شۆشمێر پەرە پێ دەدەم، یان گەورەتری دەکەم یان فراوانتری دەکەم، ئێمە لە هەڵەبجە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جەنابی پارێزگارو قایمقام و مودیری هەورامان پێشنیارمانکرد بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای سلێمانی ڕێگەی دووەم بکەنەوە، ڕێگەی دووەم دەستیان پێکرد لە خەرپانیەوە بەرێزێك لە پەرلەمان ئیشارەی پێدا لە خەرپانیاوە دەچێتە پاڵانیا دەچێتەوە سەر سنوور ڕێگاکە دەبێتە دوو ڕێگا ڕۆیشتن و هاتن ئەوکاتە مەرزەکە دەکرێ فراوانتر بکرێ و باشتر بکرێ ئەوەش فەتحکراوە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی برای بەڕێزم کاك دانا لێرەیە وەزیری ئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبان ئەتوانن ئەوە زیندووبکەنەوە، من لە کۆتاییدا سوپاسی هەمووولایەك دەکەم ئەگەر قسەیەك یاداشتێك بەجۆرێك لە جۆرەکان بە دڵی کەسێك نییە من داوای لێبوردنی لێ دەکەم و سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە دڵسۆزی بۆچوونەکانیان پێشنیارەکانیان سەرنجەکانی خۆیان ئەمرۆ لەو پەرلەمانە دەیان و ڕێزو تەقدیرو حورمەتیان بۆ هەڵەبجە دانا،

مـن وەك وەزیرێـك نـا وەك كەسـێكی هەڵەبجەیـش سوپاسـی هەمـوو لایەكتـان دەكەم رێـز و حورمەتم بۆ هەمووتـان هەیە بـۆ پێشـنیارەكانتان بـۆ بۆچوونەكانتـان بـۆ سـەرنجەكانتان بـۆ ئەو بەرنـامەیەی بـۆ هەڵەبـجەو بـۆ هەڵەبجەیەكـان و خەمخۆریتـان نیشـان داو سـوپاس بـۆ هەمـوو لایەك.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سـوپاس، بەرێـز وەزیـری شـارەوانی،نوقتەی نیزامـی وەرنـاگرم، گوڵسـتان خـان بەرێـز وەزیـری شـارەوانی سـەبارەت بە راپـۆرتەكەی لیـژنەی شـارەوانی و هەر پرسـیارێك ئاراسـتەی جەنابتان كراوە فەرمـوون بـا وەزیـری شـارەوانی تەواوی بكـات، دوای وەزیـری شـارەوانی وەرت دەگرم بەس خۆت، بەلێ فەرموون كاك ساسان.

**بەڕێز ساسان عثمان عونی حبیب/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، لەو رۆژە خەمناكەی مێژوی گەلەكەمان درود بـۆ گیـانی پاكی شەهیدانی كوردستان بە تایبەتی شەهیدانی هەڵەبـجە كە ئەمـڕۆ یـادی سـی و سـێ سـاڵەی كارەسـاتەكە دەكەیـنەوە، سـوپاس بـۆ پەرلەمـانی كوردسـتان كە لەم رۆژە تـایبەتە دا لێـرەین بـۆ گفتوگۆ لە سەر خزمەتگوزاری و كارەكانی حكومەتی هەرێم لەو پارێزگایە، سوپاس بۆ لیژنەكـانی پەرلەمان و ئەندامانی بەرێـزی پەرلەمـان كە راپـۆرت و بیـر و بۆچوونەكانیـان پێشـكەش كـرد بە تـایبەتی ئەوە كە پەیوەسـت بێـت بە ئـێمەوە وەكـو وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار راپۆرتەكەی لیژنەی شـارەوانی بـوو كە بەشـێكی زۆری ئەو خـاڵانەی لەو راپـۆرتەدا هـاتبوو لە لای ئێمە تۆمار كراون، ئەوەی پەیوەست بێت بە بـاری خزمەتگوزاری و ئەو پـڕۆژانەی كە پەیوەسـتن بە وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، جگە لەوەی كە بە بڕیـاری جەنـابی سـەرۆكی حكومەتی هەرێمـی كوردسـتان لەم چەنـد رۆژەی رابـردوو بـڕی سـی ملیـار دینـار بـۆ پڕۆژەكـان راگەینـرا، هەروەها روونكـردنەوەی پێویسـت لەلایەن هاوكـارم بەرێـز وەزیـری پلانـدانان بـۆ ئەو پـڕۆژانەی هەڵەبجە باسی لێوە كرا، دەمەوێ ئەوە عەرزی بەرێزتان بكەم كە دوو لیستی پـڕۆژە لە وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار لە پلانـی سـاڵی (٢٠٢١) دایە بـۆ پارێزگـای هەڵەبـجە، یەكەمیـان كە پـڕۆژە بەردەوامەكـانن لە سـەر بـوودجەی وەبەرهێنـان بـۆ تەرخـان كـراوی سـاڵی (٢٠٢١) یـازدە پڕۆژەن بە بڕی سێ ملیار و شەش سەد وبیست هەزار دینار، بێجگە لەوەی ماوەیەك پـێش ئێسـتا پڕۆژەیەكی ترمان كردەوە چووە بواری جێبەجێ كردن كە ئەویش نزیكەی سێ ملیـار دینـار بـوو، هەروەها لیستی پڕۆژە پێشنیار كراوەكانی وەزارەتمان بۆ ساڵی (٢٠٢١) یـازدە پـڕۆژەیە كە بە بـڕی سی و سێ ملیار و حەوت سەد و شەست و دوو ملیۆن شەش سەد و نەوەد و پێـنج هەزار دینـار، انشـاالله ئەگەر بـوودجەی پێویسـت تەرخـان بكرێـت ئەو یـازدە پـڕۆژەیە بـۆ سـەرجەم شـار و شـارۆچكەكانی پارێزگـای هەڵەبـجە دەچێـتە بـواری جێبەجـێ كـردن، جـگە لەوەی كە خۆمـان سـەردانی پارێزگـای هەڵەبجەمـان كـردووە و دوو جـاریش كۆبـوونەوەی تایبەتمـان لە گەڵ بەرێـز جەنابی پارێزگاری هەڵەبجە و تیمی هاوكـاری كـردووە وە راپـۆرتی پێداویسـتییەكانی تـایبەت بە فەرمانگەكانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارمان كردووە كە لەوێـش تەئكیـد لە سـەر ئەو بابەتە كـراوە كە كـۆی ئەو پـڕۆژانەی پێویسـتن بـۆ پارێزگـای هەڵەبـجە لە سـەرمیلاكی وەزارەتـی

شـارەوانی و گەشـت و گـوزار خۆیـان لەو سـی و سـێ ملیـار دینـارە دەبینـنەوە، بـێجگە لەوەی بەڕێـزان کە (١٥٪)ی داهـاتی شـارەوانییەکان وە (١٧٪)ی داهـاتی ئـاو فەرمانگەکـانی پارێزگـای هەڵەبـجە دەتـوانن بـیکەنەوە بە پـڕۆژە بـۆ خـزمەت کردنـی هاووڵاتیـان و شـار و شـارۆچکەکانی سـنووری ئەو پارێزگـا خۆشەویسـتە، بەڕێـزان ئەوەی کە ئێـوەی بەڕێـزیش ئیشـارەتتان پێـدا وە چەنـد پرسـیارێك ئاراسـتەی مـن کـرا بە تـایبەتی پرسـیارێکیان زۆر جەختـی لە پـڕۆژەی ماسـتەر پلانـی هەڵەبـجە دەکـردەوە هەر بـۆ ئاگـاداری ئێـوەی بەڕێـز یەکەم ریزبەنـدی لە لیسـتی پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکانی وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار دروسـت کردنـی ماسـتەر پـلانە بـۆ هەڵەبـجە، وە انشـاالله بتـوانین ئەوە وەعـدەمان ببەیـنە سـەر وە بتـوانین جێبەجێـی بکەیـن، وە هەڵەبجەش وەکو پارێزگا و شارەکانی تر ببیتە خاوەنی ماستەر پلان و ئەو پڕۆژانەی هەتا ئێستا تەواو نەکراون تەواو بکـرێن، وە پـڕۆژەی زیـاتری بـۆ جێبەجـێ بکرێـت، ئەوەی مەبەسـتمە بیڵێم کۆی کێشەکان کە باس کران بەشێکی کێشەی ئیدارین، مالین وە کێشەی سـەرچاوەی مـرۆیین کە بە باش بوونی بارودۆخی دارایی دەکرێت بەشێکی زۆری ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، هەروەها کێشەی سەرچاوەی مرۆیی و کێشە ئیدارییەکان چارەسـەر دەکـرێن، بەڵام بەڕێـزان بەشـێکی ئەو کێشـانە کێشـەی یاسـایی و تەشـریعین بە تـایبەتی ئەوەی پەیوەسـتە بە زەوی و زار و موڵکـداری زەویـیەوە کە ئەوەش ئەرکـی ئێـوەی بەڕێـزە وەکـو پەرلەمـانی کوردسـتان فەرمـوو یاسـایی بـۆ دابڕێــژن، فەرمـوو تەشـریعی بـۆ بـکەن، بە تـایبەتی ئەوەی کە پەیوەسـتە بە تەسـویە کردنـی زەوییەوە کە پارێزگای هەڵەبجە تاوەکو ئێستا زەوییەکانی تەسویە نەکراوە، بۆیە لەوانـیە وەکـو پێویست ناتوانرێت کە تەخسیسی زەوی بۆ پڕۆژەکـان تێـدا بکرێـت وە ئەوە داواکـاری سـەرجەم بەڕێزانە لە پارێزگای هەڵەبجە، جارێکی تر زۆرسوپاس بۆ سەرنج و تێبینییەکانتان وە هیـوادارین بتـوانین ئەوانەی کە لە دەسـەڵاتمان دا هەیە جێبەجێـی بکەیـن، وە دەمەوێـت جـارێکی تـر لە بەردەم پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتان دووبـارە بکەیـنەوە کە ئـێمە وەکـو حکـومەتی هەرێمـی کوردستان بە بڕواوە رژدین لە سەر ئەوەی کە بەردەوام بین لە خزمەت کردنی خەڵکی خۆمـان لە سـەرجەم نـاوچە جیاجیاکـانی کوردسـتان وە بەردەوام دەبـین لە سـەر چاکسـازی وە بەردەوام دەبین لە خزمەتکردن و زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، گلوسـتان خـان نـوقتەی نیزامـی وەرتـدەگرم فەرمـوو، زۆر سـوپاس بەڕێـز وەزیری شارەونی.

**بەڕێز گولستان سعید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت بە پێی ماددەی (٥٧) شیرین خانت کـردە دەرەوەی دانیشـتنی پەرلەمـان، راسـتە لە کـاتی دانیشتنی پەرلەمـان هەر سـەرپێچییەك بکرێـت پێویسـتە چەنـد هەنگاوێـك سـەرۆکی پەرلەمـان بیگـرێتە بەر، یەکێـك لەو هەنگـاوانە وەبیـر ئەنـدام پەرلەمـانی دەهێنیـتەوە کە رێـك و پێکـی دانیشـتنەکە بپارێزێـت، پاشـان ئەگەر پابەنـد نەبـوو و بەردەوام بـوو (تنبیـە) دەکرێـت، بەڵام بەڕێزتـان هـیچ پابەنـدییەکتان لەم رووەوە نەکـرد پەڕیـنەوە بـۆ خـاڵی سـێیەم وتەکـانی پەرلەمانتارتان لە پڕۆتۆکۆڵ سڕیەوە وە پاشان نائومێدتان کـرد بـۆ ئەوەی لە دانیشـتن بەردەوام

بێـت، بـۆیە ئـێمە بە راسـتی ئەم هەڵوێسـتەی بەرێـزت بە جۆرێـك لێـك دەدەیـنەوە کە دەبـوو وا نەبووایە لایەنگری پێوە دیار بوو، بۆیە ئێمە دانیشتنەکە بە جێ دەهێڵین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئێـوە ئـازادن بە جـێ هێشـتنی دانیشـتنی پەرلەمـان، ئـازادی ئەنـدامانی بەرێـزی پەرلەمـانە، فەرموو گلوستان خان جەنابت زۆر بەڕێزی لە سەر سـەرمانی، ئێـوە هەمووتـان ئـازادن لەوەی کە خاڵەکانی پەیڕەو چ مافی پێداون بە کاری بێنن، بەس وەزیرەکان قسەکانیان تەواو بکەن دوایـی، بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بەڕێزتان فەرموون.

**بەڕێز دانا عبدالکریم حەمەصالح/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان ئەم کاتەتان باش، هەمووتان مانـدوون، ئەمـڕۆ رۆژێکـی خەمنـاکە بە نیسـبەت مێـژووی گەلەکەمـانەوە، سـەرەڕای ئەوەی کە سـەری رێـز و وەفـا بـۆ شـەهیدانی هەڵەبـجە و سـەرجەم شـەهیدانی رێگـای رزگـاری کوردسـتان دادەنـوێنین، وەکـو حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەکـو وەزارەتـی ئـاوەدانکردنەوە بە تـایبەتی بە ئەرکـی خۆمـان دەزانــین کە خزمەتــی هەمــوو خەڵکــی کوردســتان بکەیــن بە تــایبەتی خەڵکــی هەڵەبــجەی خۆشەویست، لەو چوارچێوەیەدا من حەز دەکەم چەند زانیارییەکی ورد بە ئێوەی بەڕێـز بڵـێم بە کورتی و بە پوختی بۆ ئەوەی بزانین ئێمە وەکو وەزارەتی ئـاوەدانکردنەوەی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان لەم ساڵدا بەرنامەمـان چیمـان هەیە بـۆ پارێزگـای هەڵەبـجە، ئەو پـڕۆژانەی ئێسـتا لە پارێزگـای هەڵەبـجە لە کـاردایە و کـاری تێـدا دەکرێـت یـازدە پـڕۆژەن یەکێکیـان لە چوارچێـوەی کارەکانی کابینەی پێشوو کە رێگای دوو سایدی نێـوان سـەید سـادق و هەڵەبـجەیە کە کـار کـردن تێیـدا بەردەوامە لە قۆناغەکـانی کۆتـایی و تەواو بـوون دایە انشـاالله ئەم سـاڵ بە شـێوەیەکی فەرمـی ئەو رێگـایە تەواو دەبێـت دەکـرێتەوە، هەرچەنـدە کـراوەتەوە و بە کـار دێـت بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی دەکـرێتەوە دوای تەواو بـوونی هەمـوو بڕگەکـانی رێگـاکە، سـەرەڕای ئەوە دە پڕۆژەی رێگاو بانمان هەیە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە ئێستا وردەکارییەکانی بە بەڕێزتـان دەڵێم، لەو دە پڕۆژەیە سێ پڕۆژەیان (١٠٠٪) تەواو بووە وە پێـنج پڕۆژەیـان رێـژەی ئەنجامـدانی (٩٥٪)ە وە سـێ پڕۆژەشـیان (٧٠٪) بەرەوەو خـوارە، لە بـواری نیشـتەجێ بـوون دوو پڕۆژەمـان هەیە کە خۆشبەختانە لە کۆتایی سـاڵی رابـردوو بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران نـزیکەی پێـنج ملیار دینار بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو یەکانەی کە یەکەی نیشتەجێ بوونن و پێویسـتە خزمەتگوزارییەکانیان تەواو بکرێت و تەرخانکراوە بۆ سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان لەو بـڕە بڕیــارە دوو ســەد و حەفتــا و هەشــت ملیــۆن دینــاری بــۆ تەواو کردنــی خزمەتگــوزاری یەکەی نیشتەجێ بوونەکانی پارێزگای هەڵەبجە بێت، وە سێ پـڕۆژەی گەورە کە پێشـنیارە بـۆ پارێزگـای هەڵەبـجە جێبەجـێ بکرێـت کە کـۆی گـوژمەی هەر سـێکیان دەگـاتە سـی و دوو ملیـار دینـار خستومانەتە بەرنامەی ساڵی (٢٠٢١) هەوڵ دەدەین پشت بە خـوای گەورە و بە پشـتیوانی ئێـوەی بەڕێز لەم ساڵدا ئەم پڕۆژانە بخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەو پڕۆژانەی کە باسم کـرد کە لەم ساڵدا وە لە دوایـی دەسـت بە کـار بـوونی کـابینەی نـۆیەم ئیشـی تێـدا کـراوە وە بە تـایبەتیش لە هەڵمەتــی چــاککردنەوەی رێگــا و بانەکــان بــریتین لەو پــڕۆژانە، پــڕۆژەی یەکەم پــڕۆژەی

چاککردنەوەی ڕێگای (پردی زەڵم - سەید سادق )قۆناغی یەکەم لە گوندەکانی (تەپە زێڕینە، گوڵەخانە، قەدەفەری) بە درێژی چوار کیلۆمەتر و نیوە کە ڕێژەی ئەنجامدانی (٩٥٪)، چاککردنی ڕێگای (گۆڵەباخە کۆن) بە درێژی (٤,٦) کیلۆمەترە کە ڕێژەی ئەنجامدانی (٩٨٪)، چاککردنی ڕێگای (هەڵەبجە - خەرپان - خاك گەیلان) بە درێژایی (١٤) کیلۆمەتر کە ڕێژەی ئەنجامدانی (٩٨٪)، چاککردنی ڕێگای (عەبابیلی – شنروێ) بە درێژایی (٤٠) مەتر مەقتەعێکە لە ڕێگاکە کە ڕێژەی ئەنجامدانی (١٨٪)، دروستکردنی جۆگەی لاتەنیشت بۆ ڕێگای (تەوێڵە – سەیرانگای ئاوێسەر) بە درێژایی (٢) کیلۆمەترە ڕێژەی ئەنجامدانی (١٠٠٪)، دروستکردنی دیواری ڕاگری (تەلوەرێ) بە درێژی (٤٠) مەترە ڕێژەی ئەنجامدانی (٩٥٪)، قیرتاوکردنی ڕێگای (بەردەبەن – بانی بنۆ) بە درێژی (٤,٣) کیلۆمەترە ڕێژەی ئەنجامدانی (٧٠٪)، چاککردنی ڕێگای مەرزی (شوشمێ) بە درێژایی (١,٦) کیلۆمەترە ڕێژەی ئەنجامدانی (١٠٠٪)، تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای گوندی (ریشێن) بە درێژی (٧,٨٥) کیلۆمەتر ڕێژەی ئەنجامدانی (٢٢٪)، چاککردنی ڕێگای گوندی (ئیمامی زەمەن) بە درێژی (١,٥) کیلۆمەترە ڕێژەی ئەنجامدانی (١٠٠٪)، وەکو لە سەرتاش باسمکرد ڕێگای (سەید سادق – هەڵەبجە) درێژییەکەی نزیکی (٢٩) کیلۆمەترە بە ڕێژەی (٩٧٪) ئینجاز بووە، ئەمە تایبەت بە پڕۆژەکانی ڕێگاوبان بە نیسبەت پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون چوار پڕۆژە کە لەم ساڵ پارەمان بۆ تەرخان کردووە کە خزمەتگوزارییەکانی (٧٢) یەکەی نیشتەجێ بوونە لە هەڵەبجەی شەهید لە قۆناغی یەکەم بڕگەی ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبانە، پڕۆژەی دووەمیش بە هەمان شێوە کارە خزمەتگوزارییەکانی (٧٢) یەکەی نیشتەجێ بوونی ترە کە قۆناغی دووەمە بڕگەی کارەبایە، هی سێیەمیان کارە خزمەتگوزارییەکانی (٧٢) یەکەی نیشتەجێ بوونە لە هەڵەبجەی شەهید کە قۆناغی سێیەم کە گەیاندنی ئاوی سەرەکی و بەستنەوەی ئاوەڕۆی پڕۆژەکە بە تۆڕی ئاوەڕۆی سەرەکییەوە، هەروەها قۆناغی چوارەمیشی کە کارە خزمەتگوزارییەکانی (٧٢) یەکەی نیشتەجێ بوونە کە بریتین لە بڕگەکانی ڕێگاوبان و بی ئارتۆن و بۆ شۆستە و ئاو و ئاوەڕۆ ڕێگاوبانەکانی، ئەمەش پڕۆژەکان کە تایبەتن بە نیشتەجێ بوون، پڕۆژە پێشنیار کراوەکان کە لەو ساڵدا لە پڕۆژە گرنگەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن کە بۆ هەڵەبجەی شەهیدی خۆشەویست بکەین ئەویش زۆر لە هاوڕێکان باسیان کرد، بەڵام ئەمە کاری سەرەکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، دروستکردنی ڕێگای (قلیجە – تۆقوت - هەڵەبجە) لە گەڵ پردی (تۆقوت)، هەروەها لە بەرنامەشمان دایە پردی (سازان) لەگەڵ هاوپێچ بکەین، بۆئەوەی بتوانین بە یەك پاکێجەوە ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکەین کە لەم ساڵدا بیخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە کە ئەمەش خزمەتێکی زۆر بە پارێزگای هەڵەبجە دەکات ئەگەر بتوانین ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکەین، ئەمە یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیجییە گرنگەکانمان کە دەمانەوێت ئەم ساڵ بیخەینە بواری جێبەجێ کردن، هەروەها قیرتاو کردنی ڕێگای گوندەکانی (چنار، مۆردێن، گردە ناوێ، نێجەڵە، پاسەوانی سنوور) ئەوانەش هەر لە بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، هەروەها قیرتاو کردن و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ڕێگای گوندەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە، وە بە گشتی مەبلەغێکمان بۆ تەرخان کردووە کە ئەم ساڵیش بتوانین بەشێکی تری ئەو ڕێگایانە جێبەجێ بکەین، من سوپاستان دەکەم ئەمە بەرنامەی

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بوو بە پوختی کە بتوانین لە ساڵی (٢٠٢١) بۆ پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدی خۆشەویست جێبەجێی بکەین و سوپاس بۆ بەڕێزتان و سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئەو بەشەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە پەیوەندیان بە جەنابتانەوە هەبوو، فەرموون.

**بەڕێز بێگەرد شکرالله تاڵەبانی/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وئاژەڵداری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، ئێوارەتان باش، لە یادی کارەساتی کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە سڵاو دەنێرم بۆ رۆحی شەهیدان و قوربانیانی ئەم پارێزگایە وە بۆ هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان، هاوکارانم بەشێکی زۆری قسەکانیان کرد من تەنها تیشك دەخەمە سەر هەم پرسیارەکان وە هەم ئەو کارانەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ماوەی یەك ساڵ و هەشت مانگی دەست بە کاربوونمان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنووری پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامانداوە، بەر لە هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم پارێزگایە سەرەڕای ئەوەی کە لە رووی گەشت و گوزاریەوە پارێزگایەکی جوانە، بەڵام پارێزگایەکی بەناوبانگە لە رووی بە پیتی زەوییەکەی وە کەش و هەوای لەبار و زۆری سەرچاوەی ئاو بۆ کشتوکاڵ، بۆیە ئەمە وای کردووە کە ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ لە چوارچێوەی ئەو پارێزگایانەی کە گرنگی پێ دەدەین لە بواری کەرتی کشتوکاڵ چاوێکی زۆرمان لەسەری بێت، بۆیە کۆمەڵێك پڕۆژەی گرنگ هەر لە سەرەتای دەست بە کاربوونمان لە چوارچێوەی ئامادە کردنی پلانی وەبەرهێنان خستمانە بەرنامەی کاری خۆمانەوە وە لەو نێوەندەش بە سوپاسەوە لە گەڵ دەستەی وەبەرهێنان کاری جددی بۆ ئەم بابەتە کراوە چ لە تەرویجی ئەم پڕۆژە گرنگانە بۆ پارێزگای هەڵەبجە لە لایەن دەستەی وەبەرهێنان وە چ لە راکێشانی سەرنجی سەرمایەداران، وە لە هەمان کاتیشدا دابینکردنی زەوی بۆ ئەو پڕۆژە گرنگانە کە خۆی لە (١٧) پڕۆژەی گرنگ دەبینێتەوە کە ئەمانە دەکرێت بڵێم دەرگایەکی گرنگ بە رووی پەرەپێدانی سەکتەری کشتوکاڵ لەم پارێزگایە دەکەنەوە، بەڵام خۆتان دەزانن هەر پڕۆژەیەك دامەزراندنی هەر کارگەیەك لە ئان و ساتێکدا یا خود لە ماوەیەکی دیاریکراودا یەکسەر تەواو نابێت پێویستی بە کاتە تا مۆڵەت وەردەگرێ وە پێویستی کاتە تاوەکو دەگاتە قۆناغی کۆتایی وە دەکەوێتە خزمەتی پارێزگاکە، ئەو پڕۆژانەی کە لە ماوەی ئەم ساڵ و هەشت مانگە ئێمە بۆ پارێزگای هەڵەبجە رەزامەندیمان لە سەر داوە و تا رادەیەکی زۆر دەکرێت بڵێم لای ئێمە کارەکانیان تەواو بووە ئەم پڕۆژانەن، رەزامەندی دان لە سەر جێبەجێ کردنی دوو پڕۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن بە وزەی یەك ملیۆن هێلکە لە یەك رۆژدا بە مەبەستی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی و بەکار خستنەوەی کۆمپانیای پیشەسازی خۆراك و دروست کردنی هەلی کار وەزارەتمان هەستا بە یادداشتنامەی لێکگەشتن لە گەڵ کارگەی دۆشاوی تەماتەی شارەزوور و بەگەڕ خستنەوەی ئەم کارگەیە بۆ جارێکی تر، وە لە ناوەڕۆکی لێکگەیشتنەکەمان مەرجی ئەوەمان داناوە کە بەرهەمی تەماتەی سنوورەکە بە تەواوەتی بۆ ساڵی ئاییندە بکڕێتەوە، وە ئەمە لایەنێکی گەورەیە بۆ پاڵپشتی جووتیاران و بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانیان وە هەموو پاڵپشتی

کارگەکەشمان کردووە چ لە دابەزاندنی نرخی کارەبا و لە کار ئاسانی کردن ئەو پێداویستیانەی کە هەیانە، لە سەر بابەتی گەنجینە و کۆگای ساردکەرەوە مۆڵەتی سێ پرۆژەی گەورەی گەنجینە و کۆگای ساردکەرەوە بۆ سنووری پارێزگای هەڵەبجە لە ئێستادا رەزامەندی پێدراوە تەنها رێکارەکانی کەمێکی ماوە بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغی کۆتایی، لە سەرەتایی دەست بە کار بوونمان ئامادەکاری تەواومان کرد بۆ نەخشەی بەرهەمی کشتوکاڵی سنووری پارێزگای هەڵەبجە وەکو هەموو پارێزگاکانی تر، بۆ ئەوەی هەم بەرچاوی سەرمایەداران و وەبەرهێنەران روون بێت وە هەم ئێمەش بتوانین کاری جددی لە سەر کۆی ئەو بەرهەمانە بکەین کە لەو پارێزگایە دەتوانین پەرەی پێ بدەین یا خود ئەو بەرهەمانەی کە دەتوانرێت تێیدا بەرهەم بهێنرێت، لە هەفتەی رابردوو دا رەزامەندی ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگیرا بۆ ئەوەی کە دەست بکەین بە تەرخانکردنی زەوی بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی خۆراك کە لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە داواکرا بوو وە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە دادنرێت کە دەچێتە خزمەتی ناوچەکە بۆ ئەوەی کە بتوانن کارگەی جۆراوجۆر لە بواری پیشەسازی خۆراك لە پارێزگای هەڵەبجە بکرێتەوە، لە سەر بە بازاڕ کردنی بەرهەمی جووتیاران بە تایبەتی هەڵەبجە کە بە هەناری هەڵەبجە بەناوبانگە خۆشبەختانە لە ساڵی رابردوو هاوکارییەکی باش هەبوو لە نێوان ئێمە و ئەو جووتیارانەی یا خود ئەو سەرمایەدارانەی کە دەیانەویست هەناری هەڵەبجە بگەیەننە بازاڕەکانی دونیا، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك کەم و کورتی هەبوو لە شێوازی دیزاین کردن ولە پاکەتنان بۆ ئەم ساڵ بڕیارمان داوە کە بە شێوازێکی جوانتر وە بە ستانداردێکی باشتر بینێرینە بازاڕەکانی دونیا، بەڵام خۆشبەختانە دەکرێت بڵێم هەناری هەڵەبجە گەیشتە زۆربەی بازاڕەکان، وە لە ئێستاش دا ئێمە سەرقاڵین بۆ واژوو کردنی لێکگەشتنێکین لە گەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای ووڵاتی تورکیا کە رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە بە بازاڕکردنی بەرهەمە ناوخۆییەکانی خۆیان کە بە خۆشحاڵیەوە دەرگایان بۆ ئێمەکردۆتەوە، وە لەگەڵ ئێمە لە خەت دان بۆ ئەوەی کە بتوانین لە رێگای ئەوانیشەوە هەناری هەڵەبجە هەناردەی ووڵاتی تورکیا و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بنێرین، سەبارەت بە پەرەپێدان لە بواری شەتڵگە و نەمام لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە توانراوە تاوەکو کۆتایی ساڵی (٢٠٢٠) (٨٤٩١٠) هەشتا و چوار هەزار و نۆ سەد و دە نەمام لە جۆرەکانی (هەنار، مێو، هەنجیر، زەیتون، فستەق، گوێز) بەرهەم بهێنرێ، سەرەڕای ئەوەی کە دەمەوێت لێرە بە راشکاوی بیڵێم ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو بودجەیەکی تەرخانکراوی بەردەوامەمان نییە بۆ ئەو کارانەی کە لە وەزارەتەکەمان ئەنجامی دەدەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو رێژە کەمەی کە هاتۆتە بەر دەستمان لە سنووری پارێزگاکان ئەم ئەرکانەمان ئەنجام داوە، سەبارەت بە پەرەپێدانی خانووی پلاستیکی لە ئێستا دا لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە دووبارە لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای ووڵاتی تورکیا ئێستا لە هەماهەنگی داین وە لە ئایندەیەکی نزیك دا لە یەکگەیشتنێکی نوێ واژوو دەکەین لەگەڵیان کە ئەمە دەبێتە گۆڕانکارییەکی گەورە بۆ سنووری ئەو پارێزگایە کە ئینتاجی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بۆ هەر چوار وەرزی ساڵ بگوازینەوە بە میکانیزمێك کە شێوازێکی سەردەمیانەیە، وە لە ئێستا دا (٤٦٨) چوار سەد و شەست و هەشت خانووی پلاستیکی لە پارێزگای هەڵەبجە پەرەی پێدراوە وە ئینتاجی بەرهەمەکانی هەیە بۆ ناو بازاڕەکانی هەرێمی

کوردستان، ئەوەی کە مایەی خۆشحاڵیە چاندنی بەرهەمی پەتاتەیە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە بۆ یەکەم جارە لە ساڵی پار لە ساڵی (٢٠٢٠) (٢٠٩) دوو سەد و نۆ دۆنم پەتاتە چێنراوە کە ئەمەش بە پێی ئەو عەقدەی لە نێوان جووتیارەکان و کارگەیەکی جبسی پەتاتە لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەیە کە ساڵانە بەرهەمەکەیان لێ وەردەگرێتەوە کە بە مەزندەی ئێمە ئەم ساڵ رێژەی چاندنی بەرهەم یەعنی بەروبوومی پەتاتە لەم پارێزگایەدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر دەبێت، باخی زەیتونی هەڵەبجەمان هەیە لەسەر رووبەری (٥٤) دۆنم بەو ئیمکانیەتە داراییە موتەوازعەی کە لەبەر دەستی وەزارەتمان بووە لە ساڵی پار دا (٣٧٨٠) سێ هەزار و حەوت سەد و هەشتا کیلۆ گرام زەیتی زەیتونی بەرهەم هێناوە بۆ بازاڕەکانی پارێزگای هەڵەبجە، جگە لەوە کۆمەڵێك پڕۆژەی گرنگ لەو پارێزگایە لە ئێستا دا هەم رەزامەندیان لەسەر دراوە هەم مۆڵەتیان پێدراوە لەوانە (٣١) پڕۆژەی پەلەوەری مۆڵەتی پێدراوە، (٧) پڕۆژەی تری پەلەوەری مۆڵەتی سەرەتایی وەرگرتووە، لە پڕۆژەی گاوداری یاخود ئاژەڵداریەکان پڕۆژەیەکی نمونەیی بەخێوکردنی بزنی شیری کە لەگەڵ هۆڵەندییەکان ئێستا لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە سەرەڕای ئەوەی کە پڕۆژەکە پڕۆژەیەکی بەخێوکردنە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێتە پڕۆژەیەکی بەرهەمهێنان یاخود دامەزراندنی کارگەی ئەلبان بۆ سنوورەکە کە ئەمە دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە، جگە لەوە (٥) پڕۆژەی تر کە پڕۆژەی گاودارین کە دووبارە ئەوانیش مۆڵەتیان پێدراوە وە پێنج دانەی تریش هێشتا لەقۆناغی سەرەتایی وەرگرتنی مۆڵەتەکانیان دان، لە بواری سامانی ماسی پێنج پڕۆژەی گەورە مۆڵەتی پێدراوە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە ئەمە دەرگایەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەم رووە پێداویستی بازاڕەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە بە زیادەوە پڕبکەینەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتمان بڕیاری قەدەخە کردنی هاوردەی ماسی سەلەمونی لە دەرەوەی هەرێم بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان قەدەخە کردووە، جگە لەوە لە بەرهەم هێنانی نەمام بە شێوازە جۆراوجۆرەکانیەوە بە بڕی دیاریکراو کە لە لایەن وەزارەتمانەوە پارەی بۆ تەخسیس کراوە بۆ نمونە بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان بە بڕی (٢٤٤٦٠٠٠٠) بیست و چوار ملیۆن و چوار سەد و شەست هەزار دینار، بەرهەمهێنانی نەمامی دارستانی سروشتی بە بڕی (٢٩٧٠٠٠٠٠) بیست و نۆ ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار، پەرەپێدانی دارستانی دەستکرد بە بڕی (٣٣٠٩٠٠٠٠) سی و سێ ملیۆن و نەوەد هەزار دینار، پڕۆژەی پەرەپێدانی دارستانی سروشتی بە بڕی (٥٥٤٠٠٠٠) پێنج ملیۆن و پێنج سەد و چل هەزار دینار، پڕۆژەی پەرەپێدانی باخداری و خانووی پلاستیکی بە بڕی (٧٣٩٠٠٠٠٠) حەفتا و سێ ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار، پڕۆژەی بەرهەمهێنان و پەسند کردنی بنە تۆ لە سەر رێژەی (٢٪) بنە تۆیی گەنم بە بڕی (١١١٧٢٥٠٠٠) سەد و یازدە ملیۆن و حەوت سەد و بیست و پێنج هەزار دینار، دابینکردنی سەمادی کیمیایی و جۆری یۆریا بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار، هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی کولله بە بڕی (٣٥٠٠٠٠٠٠) سی و پێنج ملیۆن دینار، تێکەڵە رێژ کردنی رێگای جووتیارانی گوندی (تەپەتۆڵەکە) کە (١٠٠٠) مەتر بوو بە بڕی (٥٤٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار، ساڵانە ڤستیڤاڵی هەنار و پاییزی هەڵەبجە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا بە بڕی (١١٠٩٠٠٠٠) یازدە ملیۆن و نەوەد هەزار دینار، بەرهەمهێنانی بڕی (١٠٢) تەن گەنمی بنە تۆ وە ئەنجامدانی هەشت تۆژینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و ئاو لە پارێزگای هەڵەبجە، ئەمانە بەشێك

بوون لەو کارانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ماوەی ساڵێك و هەشت مانگ دا ئەنجامی داوە بۆ پەرەپێدانی سەکتەری کشتوکاڵ کە من ئومێد دەکەم بتوانین لە ماوەی کارەکانی داهاتوومان دا کۆی ئەو پرۆژانەش کە لە چوارچێوەی رەشنووسی پرۆژە یاسایی بودجەی پێشنیارکراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە ئێمەش پێشنیاری خۆمان تێدا جێگیر کردووە بتوانین پارەی تەرخانکراوی تر بۆ سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە پێویستن لە پارێزگای هەڵەبجە دابین بکەین، وە لێرەوە دەمەوێت بڵێم بەر لە کابینەی نۆیەم رێژەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە سنووری هەرێمی کوردستان بە گشتی (٢٪)ی تێپەڕ نەدەکرد ئێستا خۆشبەختانە برای ئازیزم دکتۆر محمد شوکری ئاماری تەواوەتی لایە کە دەکرێت خۆی قسەی لەسەر بکات کە کەمتر لە (٢٪) گەیشتۆتە (٨٪)ی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان کە ئێمە خواستی ئەوەمان هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا وە لە ماوەی ساڵی داهاتوو کۆمەڵێك پرۆژەی گرنگی ستراتیجی تر لە سەرجەم ناوچەکانی تر بکەونە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەم سەکتەرە بکەینە سەکتەرێکی گرنگی ئابووری لە پاڵ سەکتەرەکانی تردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێز وەزیری پیشەسازی فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز کمال مسلم سعید/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا سەری رێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە و تێکڕای شەهیدانی کوردستان وە سڵاو و رێز بۆ کەس و کاری شەهیدان، بێگومان ئەمڕۆ رۆژێکە کە بە لای هەموو کوردێکەوە رۆژێکی خەمبار و تراژیدیایە کە دوژمنانی گەلەکەمان تاوانێکی گەورەیان وەك تاوانەکانی تری پێشوویان بەرامبەر خەڵکی کوردستان کرد، هەر بۆیە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان ئەم دانیشتنەی تایبەت کردووە بەم شارە برینداره، وە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو پێیەی کە ئێوەی بەڕێز داواتان کردبوو وەزیرە تایبەتیەکانی بەو بوارە ئامادە بوون، من پێش ئەوەی بێمە سەر ئیش و کارەکانمان پێموایە یادکردنەوەی هەڵەبجە و هەموو تاوانەکانی دەرحەق بە گەلی کوردستان کراوە زەرووره وە یەکجار زەروریشە بەوەی کە هەرگیز ئەو تاوانانە لە بیر خەڵکی کوردستان وە بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەم کارەساتانەیان نەبینیوە و نەیانزانیوە ئەو میللەتە بە چ قۆناغێك دا تێپەڕیوە و چ قوربانییەکی لە پێناو دا دراوە گەیشتوونەتە ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی جیلی پاش ئەو کارەساتانە بزانن کە خەڵکی کوردستان قوربانی یەکجار زۆری داوە و بە رووبارێك خوێن گەیشتونەتە ئەمڕۆ بۆ ئەوەی کیانێکمان هەبێت بە ناوی کوردستان، وە بۆ پاراستنی ئەو هەرێمەش پێویستە هەتا مێژووی کورد ماوە نەهێڵین لە یادی خەڵکەکەمان بچێت، بۆیە من پێموایە پێویستە جیلی ئێستامان و داهاتوو بەردەوام ئەوەندەی بتوانرێت سەردانی هەڵەبجەیان پێ بکرێت و کارەساتی هەڵەبجە و مێنۆمێنتی هەڵەبجە بە چاوی خۆیان ببینن، ئەگەر نەشکرا لە رێگای سینەما و فیلمەوە تاك بە

تاکی منداڵی کورد ببینن بۆ ئەوەی لە بیریان نەچێتەوە، شان بە شانی ئەوەش کە ئەمە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە ئەو یادکردنەوانە تەنها لە بواری کوڵاندنەوەی برینەکانی کوردستان نەمێنێت بەوەی کە بتوانن پێداویستییەکانی خەڵکی هەڵەبجە وەکو شارێکی نوێ دابین بکەن، وە ئەوانەی دەستیان لەو کارەساتە دا هەبووە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بێت نەهێڵین بە ئاسانی بە سەریان دا تێپەڕێت وە بدرێنە دادگای عادلانەی نێودەوڵەتی، بەڕێزان پێموایە هەڵەبجە شارێکە هەر هەمووومان چ ئێوەی بەڕێز کە ئەو هەموو پرسیارەتان کردووە و چ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر بە گرنگی و خەمخۆریەوە دەڕوانێتە هەڵەبجە، لای ئێمە وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی سەرەڕای ئەوەی کە ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە داراییە بووینەوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی پەیوەست بێت بە وەزارەتی ئێمەوە هەندێك ئیستسنای کردووە لەوانە ئێمە پێنج سایلۆمان هەبووە لە هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی چوار ساڵەمان ئەوانەمان ڕاگرتووە تەنها سایلۆیەکەی هەڵەبجە نەبێت کە لە بەرنامەمان دایە کاری لە سەر دەکەین و دەیدەنە (proposal) بۆ ئەوەی ئەو سایلۆیە لەوێ بکرێت، چونکە هەم وەکو شارێکی نوێ وە هەم وەکو ناوچەیەکی کشتوکاڵیش زەرورە ئەو سایلۆیە لەوێ هەبێت، بۆ ناوچەی پیشەسازیش دوو ناوچەی پیشەسازی و خۆراکی و یەکێکیش گشتی لەگەڵ بەڕێزان لە دەستەی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر لەو ناوچانەش دروست دەکرێت، لە وەزارەتی ئێمە بە داخەوە ئەو فەرمانگانەی کە پێویستن لە هەڵەبجە وەك شارێکی نوێ دا هەبێت وەکو هەموو شارەکانی تر ئێمە تەنها بەڕێوەبەرایەتی پسولەی خۆراکمان هەیە ئەویش فەرمانبەری کەمە بەڵام هەڵمان داوە چ بە نەقل کردن بێت چ بە دامەزراندن بێت هەوڵی کارا کردنی ئەو فەرمانگەیە بدەین، وە بۆ کردنەوەی هەموو فەرمانگەکانی تری وەزارەتمان لەو شارە دەستمان بە کار کردووە بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی و بازرگانی کۆمپانیاکان چاودێری بازرگانی وە وەکو باسمکرد پسولەی خۆراکیشی لێیە، ئێمە لەگەڵ هەندێك لەو فەرمانگانەی ئێمە ڕەبتی تەواویان هەیە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی حکومەتی فیدراڵی، لەوێش لەسەردانی ڕابردوومان و چەند جاری تریش باسمان لەگەڵیان کردووە کە پێویستە پێداویستیەکانی ئەو فەرمانگانەش وەکو هەر فەرمانگەیەکی تر کە سەر بە وەزارەتی بازرگانی عێراقن پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن وە وەعدی ئەوەیان داوە بۆمان بکەن، وە لە بەرنامەمان دایە کۆمەڵگایەکی فەرمانگەکان بۆ هەموو وەزارەتمان دروست بکەین هەموو فەرمانگەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە خۆیەوە بگرێت، وە ناوچەی بازرگانی ئازادیش مناقشەی تەواومان لە سەر کردووە کە هەوڵ بدەین ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد لە سەر سنووری ئێران و هەڵەبجە دروست بکرێت کە ئەوەش دەبێتە هەڵێکی باش بۆ کار لەو ناوچەیە، بە خۆتان دەزانن ئیشی ئێمە زیاتر گرنگی بە کەرتی تایبەت دەدەین بۆیە ئێمە چەندین وەبەرهێنمان بانگ کردووە وە هانمانداون بۆ ئەوەی بێن و وەبەرهێنان لە سنووری هەڵەبجە بکەن، وە هەندێك لەوان پاش ئەوەی قسەمان لەگەڵیان کردووە دیراسەی وەزعی خۆیان و دیراسەی ئەو پرۆژانە دەکەن کە ئێمە پێویستمانە لەو شوێنانە دا بکرێن، زۆر سوپاستان دەکەم

ئەگەر تـوانیبێتم ئەو پرسـیارانە و ئەو شـتانەی بەلاتـانەوە گرنـگ بـوو بـۆ ئەوەی بـیگەیەنم و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێـزت، کـاك دکتـۆر کـاظم فەرمـوو، کـاك دکتـۆر محمـد شـوکری ئەگەر جەنابـت مەبەستە قسە بکەی دەبێـت بیخەیـنە دەنگدانەوە، دوای دکتـۆر کـاظم دەخەیـنە دەنگـدانەوە کە بەڕێزت حەقی قسە کردنت هەبێت، مەبەستە قسە بکەیـت؟ بەڵـێ دەیخەیـنە دەنگـدان بەڕێـزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز دکتۆر محمد شـوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان قسە بکات با بفەرمووت دەست بەرز بکاتەوە، بەڵێ سـوپاس، کـێ دژە؟ بە زۆرینە، دکتۆر کاظم دوایی بەڕێز محمد شوکری خۆت حازر بکە قسە بکە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن یەك دەقە کـاتم پێویسـتە، هەڵـبەتە نـاوی کەس نـابەم، بەس هیـوادارم یەك دەقەکەم پـێ نەبڕیت، ئەم بەڕێزانی ستافی حکومەت جارێکی تریش هاتنە ئێرە و بەو شێوازە وەڵامیـان داوە، ئەوەندە باسی بە ویژدانەوە باس دەکەن ئەڵێی ئێمەین بێ ویژدانی دەکەیـن بەرامـبەر بە خەڵـك، ڕاست دەکەن بێ ویژدانی دەکەین لەبەر ئەوەی نامەکەی خەڵکمان وەکـو خـۆیی نەخوێنـدۆتەوە، ئینجا گوێ بگرن بۆ ئەوەی بزانین ئاگاداری وەزعی هەڵەبجەین.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە کوێ نیزامییە کاك دکتۆر کاظم؟

**بەڕێز کاظم فارۆق نامق:**

ئاخر بە روخسەتی جەنابت....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

روخسەت نییە کاکە، یان دەبێت نیزامی بێـت یـا نیزامـی نەبێـت، ئەوەی تـۆ نیزامـی نیـیە، بەڕێـز دکتۆر محمد شوکری قسە بکە بەڕێزت.

**بەڕێز محمد شوکری/ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانتارانی بەڕێز..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك دکتۆر کاظم ئاگادارت دەکەمەوە پشێوی مەنێرەوە بۆ ئەوەی بەڕێزی قسە بکات.

**بەڕێز محمد شوکری/ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، پەرلەمانتـارانی بەڕێـز، وەزیـرە بەڕێزەکـان لە ڕۆژێکـی وەکـو ئەمـڕۆی خەمنـاك سـەری ڕێـز و نەوازش بـۆ گیـانی شـەهیدانی هەڵەبـجە و تێکـڕای شـەهیدانی

کوردستان دەنوێنین، ئێمە وەکو دەستەی وەبەرهێنان لە کۆتایی ساڵ (٢٠١٩) سەردانی هەڵەبجەمان کردووە وەکو پارێزگای هەڵەبجە، وەکو دەستەی وەبەرهێنان لە گەڵ کۆمەڵێك وەبەرهێنی کوردستان سەردانی ئەو پارێزگایەمان کرد، پێش سەردانی بینای فەرمانگەی پارێزگا بکەین سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەمان کرد لەوێ یەکێکمان بینی باسی مەینەتەکانی خۆی کرد دیار بوو لە ساڵی (١٩٧٤) شەش کەس لە ئەندامانی خێزانی لە تۆپباران کردنی هەڵەبجە شەهید ببوون، دواتر لە ساڵی (١٩٨٨) دیسان شەش کەس لە خوشك و براکانی شەهید ببوون خۆی و باوکی مابوونەوە لە هەر دوو ئەو رووداوەی کە لە هەڵەبجە روویدابوو، ئێمە کە چووینە بینای پارێزگای هەڵەبجە بەڕێز کاك ئازاد پارێزگاری هەڵەبجە باسی ئەوەی کرد گوتی زۆر بەخێر بێن هیواداریـن بە هەناسەیەکی حزبی ئیشی وەبەرهێنان لەگەڵ ئێمە نەکەن پێم گوت کاك ئازاد بڕوا بکە پیاو بێتە هەڵەبجە شەرم دەکات باسی حزبایەتی بکات دەبێت بە هەناسەی کوردایەتی خزمەتی هەڵەبجە بکات، انشاالله ئێمە لە دەستەی وەبەرهینان لەو رۆژەوە لەوانەیە پێشتریش هەمان روحیەتمان هەبێت، بەڵام لە دوای ئەوە بڕیاری خۆمان داوە کە زیاتر لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خزمەتی هەڵەبجە و ئاراستەی وەبەرهێنان بەرەو هەڵەبجە بکەین، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لەبەر دەستمانە بێگەرد خان خۆشبەختانە هەندێکی باس کرد لەو پڕۆژانەی کە هاوبەشن لە بەینی ئێمە و کەرتی کشتوکاڵ کە ئەوان رەزامەندی بدەن و ئێمە مۆڵەتی وەبەرهێنای دەدەین، ئەمڕۆ ئێمە لە هەڵەبجە لە پێش (٢٠١٩) تەنها سێ پڕۆژ مۆڵەتی پێدراوە، لە ماوەی ساڵی رابردوو تەنها ئێمە وەکو دەستەی وەبەرهێنان بە هاوکاری وەزارەتە بەڕێزەکانی شارەوانی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، ئاوەدانکردنەوە و هەموو وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٥) پڕۆژەی تری وەبەرهێنان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە رەزامەندی لەسەر دراوە وە خەریکە دەچنە بواری جێبەجێ کردنەوە کە پڕۆژەی گەورە و ستراتیجی تێدایە، دوو لە پڕۆژە گەورەکان دوو ناوچەی پیشەسازی گەورەیە کە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە بڕیاری لەسەر دراوە دروست دەکرێت بە تایبەتی پڕۆژەی ناوچەی پیشەسازی خۆراك لە هەڵەبجە کە بە سوپاسەوە وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری هەڵەبجە و پارێزگاری هەڵەبجە خەریکی دابینکردنی زەوین کە پڕۆسەکە دواکەوتووە لەبەر ئەوەی زەوی گونجاو تا ئێستا دەست نەکەوتووە، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم پڕۆسەیە لە هەڵەبجەش دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، ئەو پڕۆژانەی لە هەڵەبجە تا ئەمڕۆ (٢٠٢١/٣/١٦) رەزامەندیمان لەسەر دابوو لە پارێزگای هەڵەبجە بریتی بووە لە (٢٥) پڕۆژەی گەورە کە کاریگەرییەکی زۆر باشی ئابووری لەسەر ژیانی داهاتووی خەڵك و گەنجانی ئێمە لە هەڵەبجە دروست دەکەن، تێکڕای ئەو پارەیەی کە سەرمایەگوزاری بۆ کراوە لە هەڵەبجە نزیکە لە (٢٠٠) دوو سەد ملیۆن دۆلار کە ئەمەش مەبلەغێکی کەم نییە لە ئاست پارێزگایەکی وەکو هەڵەبجە کە لە داهاتوو دا ئومێدەوارین وەبەرهێنانی زیاتری تێدا بکەین، لە پلانی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی (٢٠٢٠) ئیعلان کرا (٩٨) پڕۆژەی گەورەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری جگە لە پڕۆژەی خوێندنی باڵا وە پڕۆژەی وەرزش و لاوان کە (٩٨) پڕۆژە بوو عرزی

بازاڕی وەبەرهێنان کرا لەوانە وەکو باسمکرد (٢٥) پڕۆژە پێشکەش کراوە و جێبەجێ کراوە، جگە لەوەش لە دوای ئەوەی کە ئێمە دیراسەی بازاڕی هەرێمی کوردستانمان کرد و ئەو فەراغاتانەی کە لە ئەنجامی ئیستراداتی ئەو هاوردەیەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دێت زائیدەن بەرهەمی ناوخۆ بۆمان دەرکەوت کە دەتوانرێت بە دەیان پڕۆژەی تری پیشەسازی و کشتوکاڵی لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە دیسان جارێکی تر بخرێتە ناو بەرنامەی پلانی وەبەرهێنان کە ئەویش لە چەند رۆژی داهاتوو رێبەری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢١) دەردەچێت کە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەڵەبجە لە سەروو (١٥٠) پڕۆژەی تر عەرزی بازاڕی وەبەرهێنان دەکرێت کە ئومێدەوارین لە داهاتوودا بتوانین وە بە هاوکاری برادەرانی ئەندام پەرلەمان بە تایبەتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان بتوانین کۆنفرانسێکی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە هەڵەبجە ساز بکەین، لە ماوەی داهاتوودا لە بەرنامە دایە تا مانگی (٦) ئەو کۆنفرانسە بۆ وەبەرهێنان لە هەڵەبجە جێبەجێ دەکرێت، برادەرانی پەرلەمانتار باسی دروست نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەڵەبجە کرا تەبعەن ئێمەش لەگەڵ ئەوانین بۆ ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەڵەبجە کە بڕیاری لەسەر دراوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام وەکو کێشەکانی تر بە هۆی هەبوونی قەیرانی دارایی و نەبوونی فەرمانبەری پێویست ئێمە نەمانتوانیوە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە لە کاتی خۆیدا بکەینەوە، بەڵام انشاالله لە ماوەیەکی نزیکدا بتوانین ئەو فەرمانگەیە لە هەڵەبجە بکرێتەوە، چونکە تا دێت ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە سنووری هەڵەبجە زیاتر دەبێت و پێویست دەکات لە سنووری ئەو پارێزگایە فەرمانگەیەکی تایبەت بکرێتەوە، ئێمە تەبعەن لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە ئێستا هەڵەبجە وەکو شوێنێك وەکو پارێزگایەك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانییە مەرجێکمان لەسەر وەبەرهێنەران داناوە هەر پڕۆژەیەك کە زۆر پێویست نەبێت بۆ پارێزگای سلێمانی بەڵام پێشکەش بکرێت وە وەبەرهێنەرەکە پێی وابێت کە ئەوە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنانی سەرکەوتوو دەبێت وە تێدا قازانج دەکات لە سەرمان فەرز کردووە کە جگە لە پڕۆژەیەك کە لە سلێمانی ئەگەر پڕۆژەیەك لە هەڵەبجەش جێبەجێ بکەین رەزامەندی بۆ دەدەین، لەسەر ئەم بابەتە ئێمە تا ئێستا چوار پڕۆژەی لەو شێوەمان لە هەڵەبجە جێبەجێ کردووە وە ئومێدەوارین لەمەو دواش بتوانین زیاتر پشتگیری لە پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە بکەین، تەبعەن پڕۆسەی وەبەرهێنان پڕۆسەیەکی هەماهەنگی کارییە، تەبعەن ئێمە پێویستیمان بە هاوکاری هەموو لایەکتانە، چونکە بابەتی راکێشانی وەبەرهێنەر بۆ ئەوەی لە شوێنێکی وەکو هەڵەبجە ئیش بکات پێویستی بەوەیە دەعمێکی یاسایی و دەعمێکی پەرلەمانتاریش بکرێت، وە ئومێدەوارین لە داهاتوو جەنابیشتان هەمووتان ببنە پاڵپشت و پشتیوانکەر بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی بتوانین پڕۆژەی باشتر لە سنووری هەڵەبجە جێبەجێ بکەین، تەبعەن بە پێی یاسایی وەبەرهێنانیش ئێمە یاسا رێگەی پێداوین بتوانین ئیمتیازاتی زیاتر بۆ وەبەرهێنەران پێشکەش بکەین، وە انشاالله لەوەش دا ئێمە کەمتەرخەمی ناکەین ئەمە داواکاری پەرلەمانتارانیش بووە وە ئێمەش وەکو دەستەی

وەبەرهێنـان دەتـوانین ئیمتیـازاتی ئیزافـی بـۆ وەبەرهێـنەران لە سـنووری هەڵەبـجە پێشـکەش بکەین، سوپاس بۆ گوێ گرتنتـان وە هەر پرسـیارێکیش هەبێـت ئامـادەین وەڵامتـان بـدەینەوە لە ئێستا و لە داهاتوودا زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەزیرە بەڕێزەکان، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك شێخ کاوە جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بە نـوێنەری پارێزگـای هەڵەبـجە لێـرەیە و باسـەکەش باسـی هەڵەبـجەیە، بـۆیە پـێم باشـە چەنـد دەقـیقەیەك بـدەین بە بەڕێزیـان ئەگەر ڕەزامەنـدی ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

لە راسـتیدا ئـێمە بـۆ ئەو بەڕێـزانەی کە پـلە وەزیـرن و لە پەرلەمـانی کوردسـتان متمانەیـان وەرنەگرتووە، دەخەینە دەنگدان لەبەر ئەوەی پلەکەیان وەزیرە بـۆ ئەوەی قسـە بـکەن، بەڵام کـاك شێخ کاوە خۆی جێگری پارێزگارە پارێزگار خۆشی وەزیـر نیـیە، یەعنـی خۆشـی وەکیـل وەزیـرە، لەبەر ئەوە بە حەزەرەوە من بە حەزەرم لە رووبی پەیڕەوییەوە لەم بابەتە، وە کاك شـێخ کـاوە بە دیاریکراوی لەسەر فەرمانگە فیدراڵییەکان شتێکی ناردووە بـۆ سـەرۆکایەتی کە دەیەوێـت قسـە بکات، بەو حەزەرەوە کە هەمە لە رویی پەیـڕەوییەوە، نـازانم بە راسـتی چـی بـکەم لەم بـابەتەدا، ئەگەر بڵێم نابێت رێگای نـادەین هەر ئیشـکالە وە ئەگەر بڵـێم رێگـای دەدەیـن ترسـی ئەوەم هەیە ببێتە نەریت و هەموو جارێك و بڵێین بۆ رێگەتان دا بەم، نازانم قەلەقییەکم هەیە، بەڵێ کاك زیـاد، دوو سێ کەس با قسەی لەسەر بکات.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەمـڕۆ یـادی هەڵەبـجەیە و کـاك شـێخ کـاوە وەکـو جێگـری پارێزگـاری هەڵەبـجە لێـرەیە بە نوێنەرایەتی پارێزگـار هـاتووە، دەکرێـت بە بـۆنەی یـادەکەوە جەنابتـان ئەو دەرفەتە بڕەخسـێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زیاد قسەی کرد لە فراکسیۆنی یەکێتی دەرفەتی کەسی ترتان نادەم، کاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆنەکە وا دەخوازێت کە ئەو بەڕێزانەی کە لە ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە هـاتوون ئەوانەشـی کە لە پارێزگاکان هاتوون ئەگەر قسەیەکی ئیزافی هەبێت بتوانن سەربارێکی باش بێت تەتعیمـی

بابەتەکـان بــکەن، ئەوەی کە چ پێویســتە لە پەرلەمــان چــی بکرێـــت وە لە لای ئەنجــومەنی وەزیـرانەوە چـی پێویسـتە بکرێـت، منـیش لەگەڵ ئەوەم ئەو بەرێـزە قسـە بکـات، بەڵام هاوکـات لەگەڵ ئەوەش داوا دەکەم کە وەکیل وەزیری شەهیدانیش پێنج دەقە قسە بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ با لەمە دەرچین بزانین چۆنە جارێ، مامۆستا هەورامان فەرمووە.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە راسـتی منـیش لەگەڵ ئەودام کە وەکـو تایبەتمەنـدییەك بـۆ شـاری هەڵەبـجەی شـەهید رێـگە بــدرێت کە ئەو بــرا بەرێزەمــان کە تەشــریفی هێنــاوە جێگــری پارێزگــار قســە بکــات، وەکــو ئیختیساسێك و تایبەتمەندییەك بۆ هەڵەبجە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان دەیخەمە دەنگدان، بەڵام ئەمە نەبێتە بنەمـا جـارێکی تـر لە موناسـبەتێکی تـر بڵێن ئەی بـۆ ئەو حــاڵەتە رێگــا درا، کــاك شــێخ کــاوە مــن زۆر حەز دەکەم تــۆ قســە بــکەی بەڵام لە موستەقبەلی ئەمە دەترسم، حەز ناکەم پەرلەمان دابەش بێـت لە بەینـی ئەوانەی کە رازیـن قسـە بکـات و ئەوانەی رازی نـین قسـە بکـات، بەرێـزان مـن دەزانـم ئەوانەی رازیـن قسـە بکـات پـێ لە جەرگی خۆیان دەنێن ئەگەر دەنـگ بـدەن، وە ئەوانەی کە رازی نـابن کە قسـە بکـات لەبەر ئەوەیە کە نایانەوێت لە داهاتوو ئەمە ببێتە نەریت، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمـان دەهێنین وە لیژنە بەرێـزانەی کە راپۆرتیـان خوێنـدەوە داواتـان لـێ دەکەم تەنهـا راسـپاردەکانتان یەك بخەن، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی

چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١\٣\٣١

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)
# چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٣/٣١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی (٢٠٢١/٣/٣١) پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگە پێنج برگەکانی (١، ٢، ٣) لە ماددەی (١٦) و برگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و برگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رۆژی (٣١-٣-٢٠٢١) بەم شێوەیە بێت:

١ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پشت بەستن بە حوکمی برگەی یەکەم و چوارەم لە ماددەی (٧٨) و برگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ پرۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەست پاکی ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١١).

٢- دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆرو بینچینەکانی ئاو و ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هاوردە کردنی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم پوختەی کۆنوسی کۆبوونەوەی پێشوو لەگەڵ بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی بڕگە پێنج بڕگەکانی (١، ٢، ٣) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕۆژی ٣١-٣-٢٠٢١ بەم شێوەیە بێت:

١ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی یەکەم و چوارەم لە ماددەی (٧٨) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١ پڕۆژە یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

٢- پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەست پاکی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١.

٢- دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای پاراستنی تۆڕو بینچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هاوردە کردنی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی:

بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠و٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ١٦-٣-٢٠٢١ بەم شێوەیە بوو:

١ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادە بوو و ئامادە نەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی چارەسەر کردنیان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمڕۆ (٧٤) ساڵ تێپەری بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محمد سەرۆك كۆماری كوردستان، درود بۆ ڕۆحی پاكیان، (٣٠) ساڵیش تێپەری بەسەر كۆڕەوە یەك ملیۆنییەكەی گەلەكەمان لە ساڵی ١٩٩١ سڵاو بۆ ئیرادەی گەلی كوردستان و سڵاو بۆ شەهیدان، دەست بە جێبەجێ كردنی بەرنامەی كار ئەكەین، داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی ئەكەم بێنە شوێنی خۆیان، فەرموو دكتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددە (٥٦) ی پەیڕەو و قانوونی عقوباتی عێراقی ماددەی (٣٧٢) چەند بابەتێك ئەخەمە ڕوو ڕەنگە لە دوو دەقە زیاتر بێ ئەگەر دەرفەتم پێ بدەن، سەبارەت بە چەند ڕۆژی رابردوو چەند میدیایەك هێرش و بێ ڕێزییان بەرامبەر بە سەركردەی كورد سەلاحەدینی ئەیوبی كرد، لە هەمان كات چەند كەسێكیش بەرگریان لێ كرد، بە تایبەت هەڵوێستی وەزارەتی ئەوقاف، بەڵام بە پێی ماددەی (١٦) پێمان خۆش بوو كە پەرلەمانی كوردستانیش هەڵوێستی هەبوایە لەسەر ئەم بابەتە، چونكە سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو كاتەی تێیدا ژیاوە ڕەنگدانەوەیەكی جیهانی هەبووە، هاوسەردەمەكانیشی بە تایبەت هەولێر ئەتابیكەكان كە فەرمانڕەوای هەولێر بوون خانەوەدەكانیشیان خزماتیان هەبوو، بە ناوی نەتەوەی خۆیان كە سەلاجیقەی تورك بوون فەرمانڕەوای نەتەوەییان نەدەكرد، بەڵكو ئاینی بوو، پێمان باشە پەرلەمانی كوردستان ڕێز لەوان بگری و ئەو شارستانییەتەی ئەوان لە میصر و فەلەستین و لوبنان تا ئەگاتە یەمەن هەموو تاكێك شانازیی پێوە ئەكات، پەرلەمان ئیدانەی ئەوە بكات و بڕیارێك دەربكات بە گشتی هەموو كەسایەتییەكی سیاسی و كۆمەڵاییەتی و ئاینی لە كورد بێ ڕێزیان پێ نەكرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ ئەكرێ ئەمانەن:

١ پڕۆژە یاسای وەزارەتی كارەبا لە هەرێمی كوردستان، ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، لە (١٥) ماددە پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندنی، وەكو لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان ئەكەین ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پیشەسازی و وزە و كاروباری كەمئەندامانی پەرلەمانی كوردستان ئەكرێ، داوا لە لیژنەی تایبەتمەند ئەكەین لە هەفتەی داهاتووەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوبراو دەست بە نووسینی ڕاپۆرتی خۆیان بكەن، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٢- پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەست پاکی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن دەستەی دەست پاکی پێشکەش کراوە و لە (١٧) ماددە پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەرێزتان ئەکەین ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی دەست پاکی و کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ، داوا لە لیژنەی تایبەتمەند ئەکەین لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار دەست بە نووسینی راپۆرتی خۆی بکات، فەرموو نوقتەی نیزامی، کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ٨-٢-٢٠٢١ پێنج پرسیارم ئاراستەی دیوانی چاودێری دارایی کرد، وەڵامی پرسیارەکانم وەرگرتووە، ئەوەی بە دەست گەیشتووە لە راپۆرتێکی (٨٨) لاپەڕەیی دیوانی چاودێری باسی دۆخی خۆی ئەکات و زەنگی مەترسی لێداوە لە مانگی (٧) ئیفلیج ئەبێ، لە وڵاتان دیوانی چاودێری زۆر بەهێزە" بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆر لاوازە و چەند جار سەرۆکی دیوان وتی وەختم تەواو بووە تکا ئەکەم ئەم دەزگایە تەفعیل بکرێ، جگە لە سەرۆکی دیوان و بەرێوەری گشتی و سەرۆکی فەرمانگەی وردبینی مەڵبەندی یەك و دوو دهۆك و هەڵەبجە و هونەری و توێژینەوەی بەتاڵە، ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆڵی گەورەتان نەبینەوە لە تەفعیل کردنی ئەم دەزگایە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیمان کردووە، هەموو ئەو دەستانەی کە پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان هەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان ماوەکانیان تەواو بووە، پرۆسەی دانانی سەرۆکی مافەکانی مرۆڤمان دەست پێ کردووە، لە قۆناغی تەواو بوونین و ئەیهێنینە ئێرەو سەبارەت بە دەستەی دەست پاکی و دیوانی چاودێری داراییش ئێمە لە هەفتەی ئایندە لیژنەی پەرلەمانی دروست ئەکەین و ئیعلانی ئەکەین و سیڤی وەرئەگرین بۆ دانانی بەرێزان سەرۆکی لیژنەی دەست پاکی و دیوانی چاودێری دارایی، سوپاس بۆ بەدواداچوونت، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ ئەچێ ئەمڕۆ لە پەرلەمانی عێراق بوودجەی پەرلەمانی عیراق پەسند بکرێ و بەشێکی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هیچ زەمانێك نییە بە برگەی (٥) پشکی هەرێم بنێری، بەڵام دیوێکی تری ئیجابی تێدایە کە هەرێم نەوتی خۆی بفرۆشی، بەم فۆرمەی ئێستا لێبڕینی مووچە بەردەوامە، بە پێی ماددەی (٦٦) کۆمەڵی یاداشتمان داوە، وەفدی حکومەت هیوادارم بە جدی بینە سەر خەت، بۆ ئەوەی ئەو پاشەکەوتە کۆتایی پێ بێ و ئیستیقراریەت دروست بێ،

پێویستە موراجەعەی کۆی پرۆسەی نەوت بکرێ لە داشکاندن و فرۆشتن و کرێی بۆڕی و خزمەت گوزارییەکان و دواتر.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەلی قسەکانت دروستە، بەس نیزامی نییە.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

..... نیزامییە، ئەڵێم بە پێی ماددەی (٦٦) داوای دانیشتنی پەرلەمانمان کردووە زیاتر لە جارێك، هیوادارم زیاتر قسە لەسەر ئەوە بکرێ، بۆ ئەوەی بەم ڕێگایانە کە یاسای چاکسازی جێبەجێ بکرێ نەکراوە، دۆخی خالە سنوورییەکان و دۆسیەی نەوت و سیستەمی باج.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاروان.

**بەڕیز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێ لە کارە گرنگەکانی پەرلەمان موتابەعە کردن و بەدواداچوونە، بە گوێرەی ئەوە لە ماوەی رابردوو ئێستا نرخی نەوت زۆر بەرزە و گەیشتووینە ئەو قەناعەتەی لە ئێستا پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت ئەمێنێتەوە، بەو پێیەی ئەتوانی پاشەکەوت و تەمویلی بەشێك لە مووچە پاشەکەوت کراوەکانیش بۆ خەڵك بگیرێتەوە، لە ئێستا خەڵك لە دۆخێکی خراپ ئەژی، بەرێزیشتان ئاگادارن ئەوە لای تەواوی پەرلەمانتاران مەعلومە و هەمووشمان خەمخۆرین پێیەوە، لە ئێستا حکومەت ئەتوانی کۆتایی بە پاشەکەوتی مووچە بهێنی، ئەتوانی مووچە لە کاتی خۆی دابەش بکات، مووچە خۆران بە گشتی و لیوا تایبەتەکان بە تایبەتی لە دۆخێکدان کە خەڵك هەیە تەلەفۆنی کردووە ناتوانن کرێی مانگانە بۆ خانووەکانیان دابین بکەن، لەکاتێکدا حکومەت ئەتوانی بێ لێبرین مووچە دابەش بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بەو یاداشتانەی بەڕێزان ئەندامان داویانە بە پەرلەمان لەسەر بابەتە جیاوازەکان، ئێمە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیمان کردووە و هیچ یاداشتێك نییە کاری لەسەر نەکرابێ، هەندێکی پێویستی بەوە بووە حکومەت ئامادە بێ ناردوومانە بۆ حکومەت، هەندێکی پێویستی بە چاکردن هەیە ئەنێردرێتەوە بۆ ئەندامی پەرلەمان کە ئیمزای یەکەمی کردووە و لەگەڵ ئەوانەی ئیمزایان کردووە پێوستیمان بە روون کردنەوەی زیاترە، هیچ یاداشتێکمان ئیهمال نەکردووە، فەرموو كاك هاوڕێ.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی زۆری بابەتەکان لەسەر بڕینی مووچە و نەدانی مووچە ...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بابەتی مووچە هاووڵاتی ئاسایش غەمیەتی، هەندێ چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە چوارچێوەی پرۆژە یاسای بوودجە پەسند بکرێ، ئەوکات حکومەت پرۆژە یاسای بوودجە بنێرێتە ئێرە، پەرلەمان ئەتوانی قسەی خۆی هەبێ،

ئەتوانین رای خۆمان هەبێ و هاوهانگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکەین، نوقتەی نیزامی ئەوەیە ئەم کۆبوونەوەیە لادانی لە قانوون تێدابی، ئەگەر پەیوەستە بە مووچە خەمی هەموو ئەندامانە و هاووڵاتی ئاسایش، فەرموو کاك هاوڕێ.

**بەرێز هاوڕێ بناء محمد:**

بەداخەوە حکومەتی هەرێم ئاماژەی بەوە کرد بەبێ داهات مووچە دابەش ئەکات، ئەو کات سیستەمی مووچە بواری جێبەجێ کردن نرخی بەرمیلێك نەوت (٣٠) دۆلار بوو بە قسەی حکومەت داهاتی ناوخۆ (٣٠) ملیار دینار بوو.....بەداخەوە رێگاوبان خراپە، رۆژانە کارەساتی زۆر دڵتەزێنی لێ ئەکەویتەوە، دەیان گرفتی تر ئەسەلمێنی حکومەتی هەرێم.........

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حکومەتێکی چییە؟ هەموومان ئیحساسێکمان هەیە، ئەگەر ئەتەوێ قسە بە حکومەت بڵێی لە رێی ئێمەوە پێیان مەڵێ، قسەکانی کاك هاوڕێ لە پرۆتۆکۆل ئەسڕێتەوە، ئێمە ئەمڕۆ دانیشتووین بۆ ئەوەی هەندێ پرۆژە یاسای گرنگ موناقەشە بکەین، ئەمجۆرە قسە کردنە تەنیا بۆ سۆشیال میدیایە، فەرموو دکتۆر عوسمان.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزت فەرمووت وەڵامی هەموو یاداشتێك ئەدەینەوە، بەڵام بەداخەوە وەڵامی یاداشتی من نەدراوەتەوە.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدواداچوونی بۆ بکە کاك دکتۆر.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

زۆر شەخسی تەعامول ئەکەی بەرێزت، بەرێزت ئەفەرمووی پەرلەمانتار هێندەی وەزیرێك ئەرکی هەیە، بەس قسەمان هەیە.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، کوژاندنەوەی قسەکانی ئەو بەرێزە، من وەکو ژنێك دەمەوێ قسە بکەم لەسەر ئەم بابەتەی کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی مێینە بێ دەبێ ببێتە جێگەی شانازی بۆ هەموومان، وەکو ئەوەی کە باسمان کرد مێینە بوون شتێکی عەیبە نییە، بەڵام ئەگەر نییەتی جەنابیان بە مەبەستێکی تر بێ لەوەی کە ئێمە مێینە وەکو ناو و شکۆکەی خۆی بیڵێ ئەوە شتێکی ترە، بەڵام پێموابێ بەم جۆرە نەبێت، بۆیە هیوادارم رێگە بە کاك هاوڕێ بدەن تەوزیح لەسەر ئەمە بدا و قسەی خۆی بکات، چونکە ئەمە پەرلەمانی کوردستانە با بزانین و نییەتی چییە، ئایا حکومەت ئەگەر حکومەتێکی مێینەیە یان پەرلەمان پەرلەمانێکی مێینەیە ئەمە مانای هێز و توانا و تاقەکەیەتی کە جێگەی شانازیە بۆ هەر هەمووومان و مێینە بوونی هەر کەسێکمان نە لە دەسەڵاتی خۆمانە و نە بە دەست خۆمانە، جێگەی شانازی و فەخرە بۆ هەر کەسێکی تریشمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەرفەتی تر نادەین بە كاك هاوڕێ بۆ ئەوەی قسە بكات، چونكە وازحە ئەو بە چ ئامانجێك ئەو قسەیەی كردووە، بەڵێ كاك سیروان فەرمoo.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە پێی ماددەی (٦٦) قسە ئەكەم، لە كۆتا جار وەفدی دانوستانكاری هەرێمی كوردستان هاتنە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە و لە ژووری پرۆتۆكۆڵ ئامادە بوون، ئێستا دڵەڕاوكێیەكی زۆر هەیە لەوەی كە بودجە تێ بپەڕێ خوێندنەوەی زۆر هەیە كە هەندێكی دەڵێ بە بەرژەوەندی كوردە و هەندێكی ئەڵێ بە بەرژەوەندی كورد نییە، تەنها خاڵەكەم ئەوەیە كە ئەمانە پێشنیازێكم كردوو، وەفدی هەرێمیش پێشنیازێكیان كرد و داوایان لە پەرلەمان كرد كە پەرلەمان نامەیەك ئاراستەی حكومەت و پەرلەمانی عیراق بكات كە پابەندبوونی هەرێمی كوردستان بە هەر ڕێككەوتنێك لەگەڵ حكومەتی عیراق دا ببێت ئەو كاتە هیچ دڵەڕاوكێیەك نابێت، بەڕێز سەرۆكی وەفدی دانوستانكار وابزانم كاك قوباد بوو داوای لە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان كرد وتی ئەو نامەیە بنووسە، ئێستا من لەناو ئەو هەموو ژاوەژاوەی سۆشیال میدیا و میدیا و پەرلەمانی عیراق دا ئەڵێم ئەو نامەیەمان چی لێ بەسەر هات، چونكە ئەو كاتە زامنێكی تەواو هەبوو كە حكومەتی هەرێمی كوردستان پابەند دەبێ بە ئەقیام یان بە نەوتەكە؟ پرسیاری من لەویاشا ئەوە بوو كە ئایا نەوتەكە تەسلیم دەكەن یان چی؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك سیروان وەقتەكەت تەواو بوو، پەرلەمانی كوردستان لە هەموو مەرحەلەكان دا ڕای گەیاندووە كە ئێمە پشتیوانی سیاسی وەفدی دانوستانكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی هاوسەنگ كە خزمەتی بەرژەوەندیەكانی خەڵكی كوردستان بكات، ئەمە بە ڕەسمی ڕا ئەگەیەنین و ئەگەر ڕێككەوتنیش كرا ئەو كاتە ئێمە قسەی خۆمان ئەكەین و بێگومان ڕێكەوتن بۆ مەبەستی پابەند بوونە، بەڕێزان بڕگەیەكی بەرنامەی كار جێ بەجێ ئەكەین، ئینجا، بەڵێ گلوستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ٣/١ كە ئەم خولەی پەرلەمان دەستی پێ كرد خولی بەهارە ڕاستییەكەی هەمoومان نەخشە ڕێگەیەكمان ئاراستەی بەڕێزتان كرد، وەكو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لەو نەخشە ڕێگایەدا خاڵی هاوبەشی زۆر باشی تیا بوو، من هیوادارم لە جیاتی هەندێك ژاوەژاو كە لەم هۆڵەدا دروست دەبێ هەوڵ بدەین ئەو نەخشە ڕێگا هاوبەشە بكەینە بەرنامەی كار بۆ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە و بتوانین خزمەت بە هاووڵاتیانی خۆمان بكەین، خاڵێكی تر من دەمەوێ قسەی لەسەر بكەم لە ئێستادا دیاردەیەك هەیە لە زانكۆكان و لە هەندێك میهنەی بەرزی وەزیفی دا كە ئیستغلال كردن و دەست درێژی و تەحەروش بۆ سەر ژنان هەیە و ........ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بدەرە لیژنەی ژنان نـوقتە نیزامـی نییە، بەڵـێ بەڕێـزان تكـا دەكەم ئەو بـابەتە بەسـە، ئەگەر یەكێك دەیەوێ لیژنەی ژنـان دەیـانەوێ قسـە بـكەن دەیـكەن، بەڕێـزان سـەبارەت بەوەی نەخشـە ڕێگەیەكی هاوبەشـمان هەبـێ ئـێمە لەگەڵـین، بەڵـێ بەسـەر چـاو ئەوە نووسـراوەكەیەتی هـاتووە مەجالی هەمووان دەدەم، بەڵێ لەنجە خان فەرمووو.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی هـیچ عـوزرەك نییە لۆ ئەوەی هـیچ ئەنـدامێك لەو پەرلەمـانە بـێ ڕێـزی بە ئـافرەت، بە مێینە، بە ژن بكات، ئەو قسەیەی كە كاك هاوڕێ كردی دەستی جەنابت خۆش بـی كە سـڕیتەوە و قەبوڵت نەكرد، بەڵام دەبی داوا لێ بوردن بكات ئەگینا ئێمەش مەوقفمـان دەبێـت، بـۆیە پێوسـتە بەهەر شێوەیەك بێ بێـت داوای لـێ بـوردن بكـات، ئەگینـا ئـێمەش وەكـو ئافرەتەكـانی پەرلەمـان مەوقفمان دەبێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئێمە بەڕێزان ئەو دەسەڵاتە پەیـڕەوییەی بە دەسـتمانەوەیە جـێ بەجێمـان كـردووە، ئەوەی تری عیلاقەی بە خۆتانەوە هەیە، كاك لوقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ سەبارەت بەو قسـانەی یەكێـك لە پەرلەمانتارەكانمـان كە كـاك هـاوڕێ كـردی بەنـاوی فراكسیۆنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ڕوونكردنەوەیەكی پێویست بدەین، كە ئـێمە هێـزێكین بـڕوای تەواومـان بە یەكسـانی جێنـدەری هەیە، ژنـان و ئافرەتـان لەلای یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان ڕێـز لـێ گیـراون، بـۆ ئەم مەبەسـتە ئەگەر بگەڕێینـەوە مێـژوو سـكرتێری یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان سـەرۆك (مـام جـلال)ی خـوا لـێ خـۆش بـوو یەكێـك بـووە لە داكـۆكیكەرە سەرسـەختەكانی مافەكـانی ژنـان و ئافرەتـان و بە شانازیشـەوە ئـێمە كـاتێ بەركەوتەی سەرۆكایەتی پەرلەمانمـان بەركەوت یەكێـك لە ژنە تێكۆشـەرەكانی خۆمـان كـردووەتە سـەرۆكی پەرلەمـان، بـۆیە ئـێمە وەكـو فراكسـیۆنی یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان داكـۆكی كـارێكی سـەر سەختین لە مافەكانی ژنان و ئافرەتان، سەرەڕای ئەوەی ئـێمە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان بە حكومەتی خۆمان دەزانین و قوربانییەكی زۆرمان لە پێناوی جێگیر كردنـی پایەكـانی حكـومەتی كوردستان داوە و هاوبەشێكی ڕاستەقینەین لە حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان، بۆیە سەبارەت بەم پرسـە بە تـایبەت بە پرسـی ژنـان ئەگەر هەڵە تێگەیشـتنێك هەیە ئـێمە بەنـاوی فراكسـیۆنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان داوای لێ بوردن دەكەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو ئەو بابەتە تەواو... د.شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لەسەرەتای مانگی ٣ یاداشتێکمان ئاراستەی ئەو چوار پەرلەمانتارەی کە ئامادە بوون لە دادگای کردنی دەزگیرکراوانی پارێزگای دهۆك، پێنج پەرلەمانتار لە ڕاستی دا یاداشتێکمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کرد تیایدا داوامان کرد، ڕێکارێکمان بۆ ڕێك بخەن بۆ بینینی دەستگیر کراوانی پارێزگای دهۆك، ئایا وەڵامی بەڕێزتان دەستەی سەرۆکایەتی چی بوو سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەیانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەعات (١٠:٣٠) سەردانی زیندانی کراوان دەکەن، دواتریش دەتوانین بۆ پەرلەمانتارانی تریشی ڕێك بخەین، ئێمە قسەی خۆمانمان کردووە، بەڵام خۆ هەمووی ناکرێ بەیەکەوە بڕوات، لیژنەی مافەکانی مرۆڤیش ئەندامانی هەرموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانی تیایە ئێمە متمانەمان بە لیژنە کانی خۆمان هەیە، دوای ئەوە ئەگەر پەرلەمانتاری تر داوای کرد بە شەخسی دەتوانین ئەوە ڕیك بخەین، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خاڵێکی پەیڕەوییم هەیە پەیوەندی بە پێشێلکاری پەیڕەو هەیە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە، ئێمە ماددەی (٤٩) مان هەیە حەز دەکەم تەرکیز بکەیتە سەر قسەکە و بەڕاشکاوی وەڵامم بدەنەوە، ماددەی (٤٩) بڕگەی یەکە خاڵی دووەم من بیرۆکەیەکم پێشکەش کردووە لەسەر حوکمڕانی و بیرۆکراسی لە ٣/١ ەوە دوایین چاککردنی ئەم بیرۆکراسیەتەم داوەتە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دە ڕۆژ لەمەوبەر بە نووسراوی فەرمیم داوە چاوەڕێ ئەکەم بە نووسراوی فەرمی وەڵامم بدرێتەوە، دوێنێ لە پەیوەندی تەلەفۆنی دا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەم وەڵامانە ئەدا بە من، یەکەمیان/ ئەڵێ مەڵێ حوکمڕانی کوردی، بڵێ حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، دە ڕۆژ لەمەوبەر لە چاککاریەکا دەڵێم حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە سەرۆکایەتی دوێنێ نەتان خوێندبێتەوە، دوو/ لەناو پرۆژە چاکسازییەکە باکورت بێ ئەڵێم سەیری ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ بکە یەك وشەی تیا نییە بڵێ کوردت بێت، تەنیا دە خولەك هەیە بۆ ئێمە پەرلەمانتاران لێرە بیرۆکە پێشکەش کراوە ١٣ خولەك لە هین دایە، خاڵێکی دیکە کە بەڕاستی پێم سەیرە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لە من دەکات داتا بخەمەڕوو لەسەر حوکمڕانی بیرۆکراسی بابەتێکی فکری و فەلسەفی کارگێڕیا، ئەم مەسەلەیە بەس پێم یڵێن داتا دوێنێ بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانم وت مەسەلەی داتا پرسێکە من نە باسی جیابوونەوەی هاوسەگیری دەکەم، نە باسی ژینگە دەکەم و نە باسی کوشتن دەکەم و نە باسی تاوان دەکەم کە من داتاتان بدەمێ، باسی مۆدێلێکی حوکمڕانی دەکەم لەناو حوکمڕأنی کوردی دا هەیە و پاڵپشتە بە شازدە توێژینەوەی زانستی کە سەرچاوەیە و لەبەردەستمایە لە یەکێك لە کتێبەکان و چەندین سەرچاوەی تر بەرپرسیارم لە وشە بە وشەی ئەم بیر ۆکەیە، بۆیە یان بە ڕوونکردنەوەی

پێویست بە نووسراوی فەرمی وەڵامم بدەنەوە یاخود داواکارم دانیشتنی داهاتوو وەکو خۆی بخرێتە بەرنامەی کار و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بیرۆکەی ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی سەیری ئەکەین، بیرۆکەکان دەخەینە بەرنامەی کار و مولزەم نین بەوەی کە لە (٤٨) سەعات دا وەکو ئەوەی بەڕێزتان وتوتانە ئەبێ بخرێتە بەرنامەی کار، پێش (٤٨) سەعات دەبێ پێشکەشی بکات، بیرۆکەمان هەیە شنۆ خان پێشکەشی کردووە چوار مانگ پێش ئێستا پێشکەشی کردووە، سەبارەت بەوەی کورت بکرێتەوە تەنها بۆ ئەوە بووە لە کاتەکەی خۆتدا ئیستفادە لە کاتەکەی خۆت بکەی، سەبارەت بە داتا عادەتەن ئەو بیرۆکانەی کە پێش کەش دەکرێن و بابەتی گشتین دەبێ چارەسەریان لەگەڵ بێ بۆ ئەوەی علمی بن و مادام بەڕێزت دەڵێی چەندین سەرچاوەم هەیە لە جیاتی داتاکان تەنها سەرچاوەکانت دانێ و حەل دەبێ و ئێمە هیچ ئەشکالێکمان نییە بە دڵنیاییەوە بۆ دەخەینە بەرنامەی کار، بەڵام مەرج کۆبوونەوەی داهاتوو بێت، چونکە چەند بیرۆکەیەکی ترمان هەیە و دەمانەوێ ڕێکیان بخەین و بیانخەینە کۆبوونەوەیەکەو و بەڕێزان ئەم پەرلەمانە ئەبێ یاساش دەرکات و ئێمە لە ٣/١ ەوە پەرلەمان کراوەتەوەو دەستمان بە ئیش وکاری خۆمان کردووە بەس ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە دەکەین کە قسە دەکەین، کە پەرلەمان تەواو بوو تەقیم کردنی پەرلەمانی کوردستان خولی پێنجەم لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە چەند قانونی دەرکردووە و چەند قەراری دەرکردووە، بێگومان بیرۆکەکانتان دەخەینە بەرنامەی کار، بەڵێ کاک د. کاظم فەرموو، دوای ئەو کاک جلال تۆ وەردەگرم بەڵێ.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤٧) سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کاری هەیە" بەس بەڕاستی ئێوە هەردووکتان تۆش و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش یەعنی ئەو بەرنامەی کارەی کە دایدەنێن چەند جارێك پێمان وتوون لەناو جەلسەیا داوامان لێ کردوون بە فەرمی بە یاداشت بە هەموو شتێك داوامان لێ کردوون و وتومانە ئەو بەرنامەی کارە با ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵك بێ، ئێستا تۆ لە هەموو خەڵك بپرسە و بڵێ موشکیلە سەرەکیەکە چییە بزانە ناڵێ لێ بڕینی مووچە، کە کاتێکیش حکومەت دێتە ئەوێ خۆتان ئەکەن بە قەڵغان و نایەڵن چوار کەلیمە قسەیان پێ بڵێین یەکسەر دەڵێن کاتەکە تەواو بووە، بڕۆ سەیری پەرلەمانی کەنەدا بکە، سەرۆك وەزیرانی ئێستای کەنەدا بزانە نۆ سەعات خۆی حزبەکەی لەناو پەرلەمان دا قسەی نەکردووە، ئێمە دوو دەقیقە قسە ئەکەین و مایکەکەمان لێ دەکوژێننەوە و دەڵێن کاتتان نەماوە، نرخی نەوت ئەوەنە بەرز بۆتەوە کۆی داهاتی نەوت لەمانگێك دا.... ئێ خۆ ئاخر کەس قسەم کردووە دە تۆزێ تەحەمول بکەن... کۆی داهاتی نەوت لە مانگێك دا زیاتر لە یەك ملیار دۆلارە، یەك ملیار دۆلار مووچە ئەوەنەی ناوێ مەعقول نییە لێ بڕینی مووچە بە ٢١٪ هەر بەردەوامە، پەروەردە و فێرکردن لەم وڵاتە وێران بووە، واڵلە بەدیار منداڵەکانمانەوە دائەنیشین نازانین قەڵەمەکەی دەستیان بگرن، هەر قەڵەمەکە شتی پێ بنووسێ واڵلە مەعقول نییە خوێندن و پەروەردە کراوە بە قوربانی شتێکی ....... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو نـوقتەی نیزامـی یەك دەقـیقەیە .... کـاك د. کـاظم جـاریّ بەو ئسـلوبە قسـە نـاکریّ، ئـێمە دەسـتەی سـەرۆکایەتی سێ کەسین، کـاك د. کـاظم بەقوربـان قسـەی خۆتـت تەواو کـرد، ئەزانـم مایکەکەت پێوەیە و ئەشزانم تۆماری دەکەی، وەختەکەت تەواو بوو هـیچ ئەنـدامێکی پەرلەمـان گوێی لە قسەکانت نییە جـگە لەو مـایکەی کە پێـتەوەیە، بـڕۆن.... دانیشـن....... دانیشـن بەڕێـزان، فراکسیۆنی یەکێتی بەڕێزان دانیشن........ بەڕێزان فەرموون دانیشن........ بەڕێزان....... ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان........ بەرنامەی کاری ئەم دانیشـتنەی پەرلەمـان زۆر گـرنگە زیـاتر لە ئەنـدامێکی پەرلەمـان لە فراکسـیۆنێکی پەرلەمـانی سـەبارەت بە ژەهـراوی بـوونی بەنـزین مـوئتەمەری سحوفیتان کردووە و قسەتان کردووە مـن دڵنیـام کـاك د. کـاظم نـازانێ ئەو بەرنـامەی کـارە چـی تیـایە، هەر نەیخوێنـدۆتەوە و دڵنیـام نـازانێ ئەو بەرنـامەی کـارە چـیە و نەشـی خوێنـدۆتەوە.... شیرین خان بێ دەنگ بە، شیرین خان من ئەگەر دڵم فراوان نەبێ ئەم ئیشـەم پـێ بەڕێـوە نـابرێ، ناتوانم ئەم ئیشـە بـکەم، تەواو شـیرین خـان هەر کەسایەتیەك کە قسـە ئەکـات کە هەڵسـوکەوت دەکات تەعبیر لە خۆی و لە پەروەردەی خۆی دەکات، بەڕێـزان دەبـێ دڵـی هەر هەمووومـان گەورە بێـت، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئەم بەرنـامەی کـارەی دانـاوە، ئەم بەرنـامەی کـارە بـۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵیە کە هەر هەمووتان دڵنیام خەمتانە، ئەم بەرنامەی کارە بۆ ڕێگـرتنە لە بەنزینی ژەهراوی و قاچاغچێتی کردن بە بەنزین و هێنانی بەنزینی خراپ کە هەمووتان قسەتان لەبارەوە کردووە، ئەم بەرنـامەی کـارە بەرنـامەیەکی کـارە پەیوەنـدی بە ژیـان و تەندروسـتی و بە ئابووری هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کاك د. کـاظم بەو کـردەوەیە بەس پێناسـەی خـۆی دەکـات، ئەگەر ئەوە بۆ ئێمەیە.... بەڕێـزان بـا قسـەکانمان تەواو بکەیـن ئەگەر ئەو پـێڵاوە بە شەخسـی بـۆ سـەرۆکی پەرلەمـانە مـن لێـی ئەبـورم، بەڵام ئەمەوێ خەڵـك بیناسـێ، باشـە بـا قسـەکەم تەواو بکەم.......... ئەگەر بۆ شەخسی منە من لێی ئەبورم، لەبەرئەوەی ناتوانم ئیدارەی ئێرە بـدەم ئەگەر ئیدارەی هەمـوو عەقڵیەتەکـانم پـێ نەدرێـت، ئەگەر بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتانە وەکـو دامەزراوە، ئەوا پەرلەمانی کوردستان قسەی خۆی دەبێ لەسەر ئەو بـابەتە، بـا دەسـت بەجـێ بەجـێ کردنـی بەرنامەی کار بکەین هەتا زیاتر دەرفەت بدەین زیاتر کێشە دروست دەبـێ بـا بـڕۆینە سـەر ئەوەی کە خەمی خەڵکە و قسە کردن کۆتـایی پـێ بێنـین، ئەگەر نـوقتەیەکی نیزامـی فیعلـی بە مەعنـای قانونی هەبوو تەبعەن د. کاظم جارێ بۆی نییە بێتەوە ناو کۆبوونەوە بە گوێرەی ئەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە، بەڵـێ بەڕێـزان بە پێـی مـاددەی (٥٧) نـایەڵین بێـتەوە ژوورەوە بـۆ ئەوەی دۆخـی دانیشتنەکە لەوە زیاتر تێك نەچێت، بابەتی تـر قسـەتان هەیە لەسـەر ئەوەی چـۆن مـامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکرێ ئەندامانی پەرلەمـان بـا داوا بـکەن، کـاك عبـاس وەردەگـرم و دوایـیش کـاك جـلال وەردەگرم ئاخر کەسن، تکایە بەسە، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) یەعنی قسەکانی ئێمەی هەمـوو لایەکمـانی دیـاری کـردووە، پێمـوایە هەمـوو فراکسیۆنانەی لێرە دانیشتوون هەمووی هەر یەکە بە گوێرەی توانا و دەسـەڵات و هێـز و خەڵکـی خۆی بەڕاستی خەمی خەڵکییەتی، هەمووومان دەزانـین قسـەی وا بکەیـن سـەرنجی خەڵـك بەلای

خۆمـان دا ڕابكێشـین، جەنابتـان لە دەسـتەی سـەرۆكایەتی بەپێـی پەیـڕەو هەر خاڵێـك نیزامـی نەبێت دەكرێ دایخەن، ئەم پەرلەمانتـارە بەڕێـزانەی بەمنیشـەوە زۆر بەڕاستی لەسـەر پەیـڕەوی ناوخۆ قسەمان هەیە، دەكرێ بـا هەموومـان بەیەكەوە پـرۆژەیەك پێشكەش بكەیـن ئەم دەقەیە بكەینە چـوار دەقە و ئەم دوو دەقەیەش بكەیـنە پێـنج دەقە، بـۆ ئەوەی ئەم خەلەلەمـان نەمێنـێ بەڕاسـتی، هەمـوو كێشـەكان جـار هەیە نە كەس دەتـوانێ قسـەكەی خـۆی بگەیەنـێ و هەمـوو جارێكیش لەسەر قسە كردن و بۆ نایەڵی قسە بكەم كێشە لە پەرلەمـان دروسـت دەبـێ، نە ئیشـی خەڵكمـان پـێ دەكـرێ و نە یاسـامان پـێ دەردەكـرێ، بـۆیە بەڕاسـتی جەنابتـان وەك دەسـتەی سەرۆكایەتی یان پەیڕەو جێ بەجێ بكەن بۆ هەمووان وەك یەك، یان ئەگەر پەیـڕەو جـێ بەجـێ ناكەن هەموومان قسەمان هەیە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو قسانەی ئەكرێ بەشێكی خاڵی پەیڕەوی نییە، ئێمە كە ڕایـان دەگـرین پێیـان دەڵێـین خاڵی پەیرەوی نییە لە دەرەوە حازر كراوە و كلیپ كراوە و مایكی پێوەیە و تەسجیل كـراوە و وا پیشان ئەدرێ كە ئێمە دێوین و ئێمە نایەڵین خەڵك قسە بكات، ئەم پەیڕەوە دەڵێ یەك دەقە بـۆی هەیە قسە بكات، ئەبێ نوقتەی نیزامیش بێ، باس كـردن لە خەم و كێشـەكانی خەڵـك زۆر گـرنگە ئەگەر لایەنـی پەیوەنـدار حـازر بـێ، ئەگەر ڕووبەڕووی ئـێمەیە هـیچ كـاریگەریەكی نـیـە، چـونكە ئێمەش وەكو ئێوە ئەندامی پەرلەمانی كوردستانین، وەكـو ئەو ئەنـدامە بەڕێـزانەی پەرلەمـان كە ئەندامی پەرلەمانن، دڵنیام خەڵكـی ئـێمەش ئێسـتا لەوە تـێ گەیشـتووە كە ئیتـر خـۆ عەرز كـردن بەس بۆ سۆشیال میدیا هیچ دادی ئەو نادا و گیرفانی گەرم ناكاتەوە، مامۆستا جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من ناڵێم نوقتەی نیزامیە و فێڵی بكەم و دوایـیش شتێكی دیـكە بڵـێم، پـێش هەمـوو شـتەك من یەك شت دەڵێم بـۆ مێـژوو ئەگەر لە جێـی ئەو ئـافرەتە بەڕێـزە كە ئێسـتا ڕێـزی لە هەموومـان نایە بە ئۆپۆزسیۆن و بە دەسەڵاتەوە، كـاك دەربـاز بـووایە كـوڕی ڕێـزدار (كۆسـرەت رسـول علـی) كەس دەیتـوانی پـێڵاوی تـێ بگـری؟ بەس ئەوەنـدە دەڵـێم، ڕێـزت لە هەمـووان نـاوە وەكـو خوشكێكی گەورە تەعامولت لەگەڵ هەمـووان كـردووە، ئەوە بـۆ مێـژوو دەڵێم و بەرپرسیشـم لە قسەی خۆم، ئەوەی تر كێشەی ئەورۆ گران بوونی بەنزین لە كوردستان بەڕاسـتی دكتـۆرە دەزانـم پەیـڕەوی نیـیە، بەڵام لە (٣٢٥)دینـارەوە لەو چەنـد رۆژە چـووە هەتـا (٦٢٥) دینـار هەمـوو پارێزگارەكـان دەڵێن عەمبارەكـان فـولن، كـاكە لـۆ بە تەواوی نـاكەن، لـۆ ئەو خەلـكە ئەو ئەزیەتە بكێشی، لۆ ئەو سـوقلە زیـاتر لەسـەر خەڵكـی كوردسـتان بە تـایبەتی شـوفێری تەكسـی و پـاس و فەرمانبەر و مامۆستا و هەموو ئەوانە باجەكەی دەدەن، ئەوەی تـر چەك و رەسـیدی ئەو مقـاولانە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمـان هەمـوو مقاوەلەكـان چەكیـان هەیە لە نـاو بانكەكـان، یەعنـی رەسـیدی خۆی هەیە پارەی خۆی هەیە لەناو بانكی، ئەو مقاولە بـۆ نەتـوانی لە پـارەكەی خـۆی لە بـۆ سـزای

هاتوچۆ بیت بۆ کارەبا بێ بۆ ئاو بێ، یەعنی بۆ ئەو مقاولانە، .......... ئێ من ساڵێ جارەك قسەی دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی بکە بە یاداشت، والله قسەکانت تەواوە بەس نوقتەی نیزامی نییە، برگەی دووەمی بەرنامەی کرا جێ بەجێ دەکەین، دواتر نوقتە نیزامیەکانی تر وەردەگرین، فەرموون، زۆر سوپاس کاك جلال سوپاس، برگەی دووەمی بەرنامەی کار دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، بەپێی حوکمی ماددەکانی/٩٠، ٩١، ٩٣،٩٦،٩٧ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە ئێمە پێمانوایە پێشنیازە یاسایەکی گرنگە پەیوەندی بە ژیانی خەڵك و بەرهەمی ناوخۆییەوە هەیە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی (٢٠٢١/٣/٢٩) کاتژمێر ١٠ی بەیانی کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە سەبارەت بە پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا دوای ئەوەی گفتوگۆ ....... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەرۆکایەتی لیژنەی وزە کاك علی حمەصالح فەرموون، هەر دوو سەرۆکایەتی لێرە بن، بیرمان چوو بوو، ببورە کاك علی، ببورن لیژنە، بەڵێ بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم

پێشنیازە یاسای پەرەپێدانی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

پێشنیازی دووەم

وەك خۆی.

پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەریزان ئەندامانی پەرلەمان ناونیشانی پێشنیازە یاساکە دەخەینە دەنگدان.

پێشنیاری یەکەم/ پێشنیازە یاسای پەرەپێدانی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە هەرێمی کوردستان عیراق.

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بەڵێ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم: پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٨٠) پەرلەمانتار پەسەند کرا، ماددەی یەکەم فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم دە پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/

وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە، بڕگەی شەشەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

شەشەم: بەرهەمە خۆمالیەکان کاڵای پیشەسازی و کشتوکاڵی بە هەردوو جۆری ڕووەکی ئاژەڵی کە لە هەرێمی عیراق بەرهەم دەهێندرێت.

دووەم/ لە بڕگەی (١١) پێناسەی پاڵپشتی کردن بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

١١/ پاڵپشتی کردن ئەو سوودە داراییەیە کە وڵاتی بەرهەمهێن یان هەناردە کار دەیدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ بە هەر هۆکارێك کە دەبێتە پاڵپشتی بۆ زیادکردنی داهات یان نرخ یان هەردووکیان بەیەکەوە کە دەبێتە هۆی سوود گەیاندن بە بەرهەمەمهێن یان تاکەکان کە کاری بەهەمهێنیان یان فرۆشتن یان هەنارده کردن ئەنجام دەدەن.

سییەم/ لەبڕگەی (١٢) دا دەستەواژەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە بکرێتە زیاد هاوردەکردنی بێ پاسا و بەم شێوەیە:

١٢/ زیادە هاوردەکرتنی بێ پاساو زێدە هاوردەکردنی بەرهەم بۆ هەرێم بەشێوەی ڕەها یان ڕێژەیی ئەگەر نوقمکار یان پاڵپشتیکراویش نەبێت بە جۆرێك بێتە هۆکاری زیان گەیاندنی ڕاستەوخۆ یان مەترسی زیان گەیاندن لەسەر ئەو دامەزراوە خۆماڵییەی کە بە هەرمی هاوشێوەو ڕکابەرە بەرهەم دێنێت.

چوارەم/ لەبڕگەی (١٣) دا دەستەواژەی مەترسی بکرێتە ئەگەر و بەم شێوەیە:

١٣/ زیان ئەو زیانانەن کە ڕوویان داوە یان ئەگەر ڕوودانیان هەیە و دەبنە هۆی ئاستەنگ دروست کردن لەبەردەم کەرتی پیشەسازی یان کشتوکاڵی خۆماڵی بەهۆی نوقم کردنیان پاڵپشتی کردن یان زیاد کردنی بێ پاساوی هاوردە.

پێنجەم/ لەبڕگەی (١٥) دەستەواژەی هاوردەلێکراو بکرێتە هاوردە کار و بەم شێوەیە:

١٥/ نرخی ئاسایی بریتیە لەو نرخەی کە بەرهەمهێن بەرهەمە هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەردەم بەکاربەر لە خودی وڵاتی هاوردەکار.

شەشەم/ لە بڕگەی (١٨) دەستەواژەی پیادەکاری بکرێتە چالاکی و بەم شێوەیە:

١٨/ ڕێکاری خێرا: ئەو ڕێکارانەن کە بەشێوەیەکی کاتی تا یەکلایی کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕاگرتنی یان کەم کردنەوەی کاریگەری چالاکی زیان بەخش لەسەر بەرهەمی خۆماڵی بابەتی لێکۆڵینەوە و پیادە دەکرێت.

پێشنیاری دووەم/

ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی لای خوارەوە برگەکانی ئەم ماددەیە:

١/لەبرگەی/٣ دا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو زیاد بکرێت.

٢/ لەبڕگەی/٤ دا وەزیری کشتوکاڵ زیاد بکرێت.

٣/ لەبڕگەی/٧ حەوتەم و هەشتەم بکرێتە یەك بڕگە و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت:
بـڕگەی حەوتەم: ڕکـابەرەو لێـك چـوو ئەو بەرهەمـی خۆمـاڵیەی کە لە بەکارهێنانـدا کێبڕکـێ و هاوشێوەی بەرهەمی هاوردەکراو دەبێت.
٤/ لەبـڕگەی (١٣) زیـاد کـردن دەسـتەواژەی بازرگـانی دوای کەرتـی پیشەسـازی یـان کشـتوکاڵی خۆماڵی بەم شێوەیە:
١٣/ زیان ئەو زیانانەن کە ڕوویان داوە یان مەترسـی ڕوودانیـان هەیە و دەبـنە هـۆی ئاسـتەنگ و دروست کردن لەبەردەم کەرتی پیشەسازی یـان کشـتوکاڵی خۆمـاڵی یـان بازرگـانی بەهـۆی نـوقم کردن یان پاڵپشتی کردن یان زیاد کردن بێ پاساوی هاوردە.
٥/ بڕگەی/١٨ لابرێ.
پێشنیازی سێیەم/
ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی/٥ بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
بڕگەی/٥ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.
پێشنیازی چوارەم/
ماددەکە وەك خۆی تەنیـا لە بڕگەکـانی (٣ و ٤) دا وەزیـر و وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو زیاد بکرێت بەم شێوەیە:
وەزارەت/ هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
چـوارەم/ وەزیـر هەر دوو وەزیـری بازرگـانی و پیشەسـازی و کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاوی هەرێم.
پێشنیاری پێنجەم/
مـاددەکە وەك خـۆی تەنیـا لە بـڕگەی/١٤ دا دەسـتەواژەی پیادەکـاری زیـان بەخـش بکـرێتە هەڵسوکەوتی زیان بەخش.
١٤/ هەڵسوکەوتی زیـان بەخـش نـوقم کـردن یـان پاڵپشـتی کـردن یـان زیـاد کردنـی بـێ پاسـاوی هاوردەیە.
پێشنیاری شەشەم/
ماددەکە وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی/٩ دا دەستەواژەی هاوشێوە بکرێتە لێکچوو.
پێشنیاری حەوتەم/
ماددەکە وەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە بەم شێوەیە:
لەگەڵ بڕگەکـانی سـێیەم و چـوارەم دا وەزیـر و وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو زیـاد بکرێ بەم شێوەیە:
وەزارەت/ هەردوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
چـوارەم: وەزیـر هەردوو وەزیـری بازرگـانی و پیشەسـازی و کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاوی هەرێم.
دووەم/ بڕگەی/٧ بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
بەرهەمـی هاوتـا (للمماثـل) بەرهەمـی خۆمـاڵی و هاوشـێوەی بەرهەمـی هـاوردەکراو لە هەمـوو ڕوویەکەوە یان لێك چوو و بە ڕادەیەکی زۆر لەڕووی خەسلەتی بەکارهێناوە.

سێیەم/ لە هەر جێگایەك دەستەواژەی هاوشێوە هات بوو بكرێتە هاوتا.
چوارەم/ بڕگەی/١٣ بەم شێوەیەی لێ بكرێت:
١٣/ زیـان كەوتـنەوەی كـاریگەری مەترسـیەكانی ئەو ڕووداو و ڕوداوانەی كە ڕوویـان داوە یـان مەترسی ڕوودانیان هەیە و دەبنە هۆی ئاستەنگ و دروست كردن لەبەردەم كەرتی پیشەسازی یان كشتوكاڵی خۆماڵی بەهۆی نوقم كردن یان پاڵپشتی كردن یان زیاد كردنی بێ پاساوی هاوردە.
پێشنیاری هەشتەم/
ماددەكە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەم گۆڕانكاریانەی خوارەوە:
١/ لەبڕگەی/١٠ دا دەستەواژەی نوقم كردن بگۆڕدرێت بۆ نغرۆ كردن و بەم شێوەیەی لێ بكرێت.
١٠/ نغرۆ كردن هاوردەكردنی بەرهەمێكە بۆ هەرێم بە نرخێك كەمتر لە بەهاری ئاسایی خۆی لە بازاڕی وڵاتی هەناردەكار.
گۆڕینی دەستەواژەی نوقم كردن بۆ نغرۆ كردن لە هەر جێگایەك كە هات بێت.
پێشنیاری نۆیەم/
وەك خۆی.
ماددەی یەكەم
بـۆ مەبەسـتی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە ئەم زاراوانە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناكـانی بەرامبەریان دەگەیەنێت:
یەكەم/ هەرێم: هەرێمی كوردستان.
دووەم/ ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
سێیەم/ وەزارەت: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم.
چوارەم/ وەزیر: وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم.
پێنجەم/ بەڕێوبەری گشتی: بەڕێوبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەت.
شەشـەم/ بەرهەمە خۆماڵییەكـان: كـاڵای كشـتوكاڵی یـان پیشەسـازی بەرهەمهێنـان لە نـاوخۆ و هەرێمی عێراق.
حەوتەم/ بەرهەمی لێكچوو (مشـابە): بەرهەمـی خۆمـاڵی و هاوشـێوەی بەرهەمە هـاوردەكراو لە هەموو ڕوویەكەوە یان لێكچوو بەڕادەیەكی زۆر لەڕووی خەسلەت یان بەكارهێنانەوە.
هەشـتەم/ بەرهەمـی ڕكـابەر (منـافس): ئەو بەرهەمە خۆمـاڵییەیە كە لە بەكارهێنـانی كێبڕكێـی بەرهەمە هاوردەكراو دەكات ئەگەر هاوشێوەشی نەبێت.
نۆیەم/ بەرهەمهێنە ناوخۆییەكان: ئەو بەرهەمهێنانەنە كە ڕێژەی زۆری بەرهەمـی هاوشـێوە یـان ڕكابەر بەرهەم دەهێنن بە مەرجێك بەرهەمی نقومكاری یان پاڵپشتیكراو هاوردە نەكەن.
دەیەم/ نقوم كردن هاوردەكردنی بەرهەمێك بۆ هەرێم بە نرخێكی كەمتر لە بەهای ئاسـایی خـۆی لە بازاڕی وڵاتی ناردەكار.
یـازدەیەم/ پاڵپشـتی كـردن: ئەو بەشـدارییە دارایـیەیە كە دەوڵەت (منشـأ) یـان هەناردەكـار هەر دامەزراوەیەكی كەرتی گشتی لەو دەوڵەتە بە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێشكەش دەكات و

دەبێتە مایەی سوودمەندبوون و بەرهەمهێن یان ئەو کەسانەی بەرهەمەکە دەگوازنەوە یان دەیفرۆشن یان هەناردەی دەکەن.
دوازدەیەم/ زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە: زێدە هاوردەکردنی بەرهەم بۆ هەرێم و بە شێوەی ڕەها یان ڕێژەیی ئەگەر نقومکار یان پاڵپشتیکاریش نەبێت بە جۆرێك ببێتە هۆکاری زیاد گەیاندن یان مەترسی زیان گەیاندن لەسەر ئەو دامەزراوە خۆماڵییەی بەرهەمی هاوشێوە و ڕکابەر بەرهەم دەهێنێت.
سێزدەیەم/ زیان: ئەو زیانانەی کە ڕوویانداوە یان مەترسی ڕوودانیان هەیە دەبنە هۆی ئاستەنگ دروست کردن لەبەردەم کەرتی پیشەسازی یان کشتوکاڵی خۆماڵی نقومکردن یان پاڵپشتی کردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.
چواردەیەم/ پیادەکاری زیانبەخش: نقومکردن یان پاڵپشتی کردن یان زیادکردنی بێ پاساوی هاوردەییە.
پازدەیەم/ نرخی ئاسایی: یەکێکە لەو نرخانەی کە بەرهەمە هاوردەکراوەکەی پێ دەخرێتە بەردەم بەرکاربەر لە خودی وڵاتی هاوردەلێکراو.
شازدەیەم/ پەراوێز نقومکردن: جیاوازی نێوان نرخی ئاسایی بەرهەم و هاوردەکراو و نرخی هەناردەکردن.
حەڤدەهەم/ لێکۆڵینەوە: ئەو وردبینی و بەدواداچوونەیە کە بەڕێوەبەری گشتی بۆ دڵنیابوون لە دروستی بەڵگەنامە و زانیارییە پێشکەشکراوەکان ڕوودانی پیادەکردنی زیانبەخش زیانە لێکەواتەکان و بوونی پەیوەندی هۆکارییە لە نێوان ئەنجامدان ئەنجامی دەدات.
هەژدەیەم/ ڕێکاری خێرا: ئەو ڕێکارانەیە کە بە شێوەیەکی کاتی تا یەکلایی کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی پیادەکاری زیانبەخش لەسەر بەرهەمی خۆماڵی بابەتی لێکۆڵینەوە پیادە دەکرێ.
نۆزدەیەم/ ڕێ و شوێنی کۆتایی: ئەو ڕێ و شوێنانە کە دوای کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکان و سەلماندنی پیادەکاری زیانبەخش و زیانە لێکەوتووەکانی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیان دا بە بڕیاری وەزیر بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەگرێتەبەر.
پێشنیاری دەیەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند: بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبوونەوەی ئەو بژاردانە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو داوا دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە.
ماددەکە وەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە:
١-بڕگەی پێنجەم بەم شێوەی لێ بکرێ: (بەڕێوبەرایەتی گشتی: بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت).
٢-بڕگەی شەشەم بەم شێوەی لێ بکرێ: (بەرهەمە خۆماڵییەکان کاڵای پیشەسازی یان کشتوکاڵی ڕووەکی و ئاژەلی بەرهەمهێنراو لە ناوخۆی هەرێم و عێراق).

٣-بڕگەی حەوتەم بەم شێوەی لێ بکرێ: (حەوتەم/ بەرهەمی هاوشێوە: بەرهەمی خۆماڵی یان هاوشێوەی بەرهەمی هاوردەکراو لە هەموو ڕوویەکەوە یان هاوشێوەی بەرێژەیەکی ڕەها لە ڕووی خەسلەت و بەکارهێنانەوە.

٤- گۆڕینی دەستەواژەی (لێکچوو) بۆ (هاوشێوە) لە هەر جێگایەك هاتبێ.

٥-بڕگەی (نۆیەم) بکرێتە بڕگەی (دەیەم) و بە پێچەوانەشەوە و بەم شێوەی خوارەوەی لێ بکرێ:

نۆیەم/ نقوم کردن هاوردەکردنی بەرهەمێك بۆ هەرێم بە نرخێکی گەمتر لە بەهای ئاسایی خۆی لە بازاڕی وڵاتی هەناردەکار.

دەیەم/ بەرهەمهێنانە ناوخۆییەکان: ئەو بەرهەمهێنەرانەن کەرێژەی زۆرینەی بەرهەمی هاوشێوە یان ڕکابەر بەرهەم دەهێنن بە مەرجێك بەرهەمی نقومکار یان پاڵپشتیکراو هاوردە نەکەن.

٦-بڕگەی یازدەیەم بەم شێوەی لێ بکرێ:

یازدەیەم/ پاڵپشتی کردن: ئەو سوودە داراییەی کە دەوڵەتی سەرچاوە (المنشأ) یان هەناردەکار یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی لەو دەوڵەتە بەڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پێشکەش دەکات و دەبێتە مایەی سوودمەندبوونی بەرهەمهێن یان ئەو کەسانەی بەرهەمەکەی دەگوازنەوە یان دەیفرۆشن یان هەناردەی دەکەن.

٧- لە بڕگەی دوازدەیەم دا دەستەواژەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە بکرێتە زێدە هاوردە کردنی بێ پاساو بەم شێوەی لێ بکرێ:

دوازدەیەم/ زێدە هاوردەکردنی بێ پاساو: زێدە هاوردەکردنی بەرهەمە بۆ هەرێم بەشێوەی ڕەها یان ڕێژەیی ئەگەر نقومکار یان پاڵپشتیکراویش نەبێت بەجۆرێك ببێتە هۆکاری زیان گەیاندنی ڕاستەوخۆ یان ئەگەری زیان گەیاندن بە ئەو دامەزراوە خۆماڵییانەی کە بەرهەمی هاوشێوە و ڕکابەر بەرهەم دەهێنن.

٨- گۆڕینی دەستەواژە (زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە) بۆ (زێدە هاوردەکردنی بێ پاساو) لە هەر جێگایەك هاتبێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لەبەردەمی (١٠) بژاردەیەداین یەك یەك دەیانخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نیە، هەر بەڕێزێ: لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە؟ لەبەر دەستتاندایە بەڕێزان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری حەوتەمە؟ سەرچنار خان و کاك سەروان، دوو کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری هەشتەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری نۆیەمە وەك خۆی؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە؟ بەڵێ بە دەنگ (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢) بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

١-لەبڕگەی یەکەم دا دەستەواژەی (بازرگانی) زیاد بکرێت دوای (پیشەسازی و کشتوکاڵی) بەم شێوەیە:

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پیادەکارییە زیانبەخشانە جێبەجێ دەکرێت کە دەبنە هۆی زیان گەیاندنی کردارەکی یان مەترسی زیان گەیاندن بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی.

٢- بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،بۆ ماددەی (٢) چوار پێشنیارمان هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ بەڵێ یەك کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ کەسی لەگەڵ نیە، هەربەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە فەرموون؟ ببوورن پەلەمان کردووە ئێمە، یەکەم و دووەم خوێنراوەتەوە دەنگمان داوە، سێیەم بخوێنەوە، سێیەم وەك خۆی.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

سەبارەت بە پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، ماددەی دووەم وەکو خۆی.

سەبارەت بە پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێت:

١-حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پیادەکارە زیانبەخشانە جێبەجێ دەکرێ کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن یان ئەگەری زیان گەیاندن بە گەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی.

٢- حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەم بەرهەمە خۆماڵییانە دەگرێتەوە کە لایەنی کەم (٥٠ %)ی پێداویستی ناوخۆیی هەرێم دابین دەکەن و پێوەرەکانی پێوانەسازی عێراق یاخود جیهانی لە کاتی نەبوونی پێوەری عێراق دا و کوالێتی بەرزیان هەیە.

٣- حوکمەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ئەم بەرهەمە پیشەسازییە خۆماڵییانە دەگرێتەوە کە لایەنی کەم لە (٥٠ %)ی پێکهاتەی کەرەستەی خاوی بەرهەمە ناوخۆییەکان بێت نەك هاوردە.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا پێشنیاری سێیەم وەك خۆی کێی لەگەڵە؟ پێشنیاری چوارەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش کێی لەگەڵە؟ بەڵێ سوپاس بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٣) بخوێننەوە، فەرموو گوڵزار خان.

**بەڕێز گڵیزار رشید حاجی:**

سەبارەت بە ماددەی (٣) سێ پێشنیار هەیە:

پێشـنیاری یەکەم/ مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنیـا لە خـاڵی (٢)ی بـڕگەی (یەکەم)دا ڕێـژەی (٥٠ %) لابدرێت.
پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی سێیەم دا (٣٠) ڕۆژ بکرێتە (١٥) ڕۆژ.
پێشنیاری سێیەم/ وەکو خۆی.
ماددەی (٣):
١-بەرهەمهێنی نـاوخۆیی یـان نـوێنەری یاسـاییەکەی یـان هەر خـاوەن بەرژەوەنـدییەك لە ڕێگـای بەڕێـوبەرایەتی گشـتی داواکـارییەکی نووسـراو بـۆ گـرتنەبەری ڕێ و شـوێنی پێویسـت بـۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکاری زیانبەخش پێشکەش بە وەزیر دەکات بە دوو مەرجی خوارەوە:
یەکەم: داواکـارییەکە ئەو زانیـارییە و بەڵگەنـامەیە لە خـۆی بگرێـت کە ڕوودانـی پیادەکـاری یـان زیانبەخش کەوتوونە زیان و بوونی پەیوەندی هاوکاری لە نێوان دا دەسەلمێنێت.
دووەم/ داواکارییەکە پێشکەش کرابێـت لەلایەن بەرهەمهێـنە ناوخۆییەکـان بە مەرجێـك ڕێـژەی بەرهەمهێنانی زیاتر بێ لە (٥٠ %)ی پێداویستی ناوخۆیی بەکاربەر.
٢-داواکاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەلایەن بەرهەمهێـنە ناوخۆییەکـان یـان بەڕێـوبەرایەتی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو پێشـکەش دەکـات ئەگەر پیادەکاری زیانبەخش پەیوەندی بە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە هەبوو.
٣- بەڕێـوبەرایەتی گشـتی ئەرکـی تـاوتوێ کـردن و دڵنیـابوون لە هەنـدێ مەرجەکـانی داواکـاری پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەقنووس کراو لەم یاسایەدا لە ئەستۆ دەگرێت و دەبێـت لە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ لەڕێکەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکە ڕاسپاردەی خۆی بۆ وەزیر بەرز بکاتەوە.
٤- یەکەم/ وەزیـر لە مـاوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێککەوتـی گەیشـتنی ڕاسـپاردە بەڕێـوبەرایەتی گشـتی بڕیـاری خـۆی سـەبارەت بە دەسـت پێکردنـی بە لێکـۆڵینەوە یـان ڕەت کـردنەوەی داواکـارییەکە دەدات.
دووەم/ ئەگەر وەزیر لە مـاوەی دیـاریکراو لە خـاڵی یەکەمـی ئەم بـڕگەیە بڕیـاری یەکـلاکەرەوەی نەدا ئەوا وەڵامنەدانەوەی بە ڕەزامەندی لەسەر دەست پێکردن بە لێکۆڵینەوە هەژمار دەکرێت.
سـێیەم/ بەڕێـوبەرایەتی گشـتی بڕیـاری دەسـت پێکـردن بە لێکـۆڵینەوە لایەنـی کەم لە مـاوەی حەوت ڕۆژدا لە ڕێکەوتنی دەرچوونی لو دوو ڕۆژنامەدا بڵاودەکاتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٣) تەنها سێ پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە وەکـو خۆی؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٤) فەرموون.

**بەڕێز گڵێزار رشید حاجی:**

سەبارەت بە ماددەی (٤) پێنج پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابدرێت.
پێشنیاری دووەم: ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت:

بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بە ڕەزامەندی وەزیر بەبێ پێشکەش کردنی ئەو داواکارییەی لە ماددەی (٣)دا هاتووە لە خۆی لێکۆڵینەوە ئەنجام دابێ ئەگەر بەڵگەی پێویست لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەر دەست دا بوو.

پێشنیاری سێیەم: بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

بەڕێوبەرایەتی گشتی بە نووسراوێکی فەرمی کە لەلایەن وەزیر کە ڕەزامەندی بێت بەبێ پێشکەش کردنی ئەو داواکارییە لە ماددەی (٣)دا هاتووە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات ئەگەر بەڵگەی پێویست لەسەر بوونی چالاکی زیانبەخش لەبەردەست دا بوو.

پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی:

ماددەی (٤)

بەڕێوبەرایەتی گشتی بە ڕەزامەندی وەزیر بەبێ پێشکەش کردنی ئەو داواکارییە لە مادده (٣)دا هاتووە لە خۆوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات ئەگەر بەڵگەی پێویست لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەر دەست دا بوو.

پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەڵلا مەڕۆت تا دەنگدان تەواو دەکەین، وردە وردە نیصاب خەریکە نامێنێ و ڕەفیقەکانیشتان بانگ بکەن بێ زەحمەت، فەرموو.

**بەڕێز گڵێزار رشید حاجی:**

١-ئەم ماددەی کە ماددەی (٤) یەك بخرێتەوە لەگەڵ ماددەی (٣)ی ئەم یاسایە و بکرێتە بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم بۆ ماددەکە و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

بەڕێوبەرایەتی گشتی بە ڕەزامەندی وەزیر بدرێ لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئەگەر بەڵگە و زانیاری پێویست لەسەر بوونی پیادەکاری زیانبەخش لەبەر دەست دا بوو دەتوانێ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات.

٢- بڕگەی چوارەمی ماددەی (٣)ی بەو پێیەی دەبێتە بڕگەی (پێنجەم).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٤) پێنج پێشنیار هەیە، یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە؟ دووهەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با بفەرمووێ دەست بەرز بکاتەوە؟ پێشنیاری سێهەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ دوو کەس، پێشنیاری چوارەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ ١ دەنگ، پێشنیاری پێنجەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموون.

**بەڕێز گڵێزار رشید حاجی:**

سەبارەت بە ماددەی (٥) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

بەڕێوبەرایەتی گشتی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە ڕێککەوتی گەیشتنی بڕیاری وەزیر ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ڕاسپاردەکانی ئاراستەی وەزیر دەکات، داوای گوێبیستنی وتەکان لەلایەنەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان و کۆی زانیارییەکانی تایبەت بە دۆسیەکە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا خاڵی (١)ی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە لێ بکرێت:

١-دەست بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان سەبارەت بە پیادەکاری زیانبەخش زیانە لێکەوتووەکان و پەیوەندی هۆکاری لە نێوان دا دەکات بە ئامادەبوونی داواکاری گشتی.

پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی:

ماددەی (٥)

یەکەم: بەڕێوبەرایەتی گشتی لە ماوەی (٧) ڕۆژدا لە ڕێککەوتی بڕیاری وەزیر بە دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:

١-دەست بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان سەبارەت بە پیادەکاری زیانبەخش زیانە لێکەوتووەکان و پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیان دا دەکات.

٢-دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوەیەك بۆ لایەنە بەشداربووەکان بۆ پێشکەش کردنی هەر بەڵگەنامەیەك و زانیارییەك بۆ بیستنی وتەکانی و گفتوگۆکردن دەربارەیان و بینینی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانە کە پێویستن بە لێکۆڵینەوەکان ئەگەر نهێنی نەبن.

٣- لە دروستی و وردی زانیاری و بەڵگەنامەی پێشکەشکراو بۆ سەلماندنی پیادەکردنی زیانبەخش و زیان لێکەوتووەکانی دەکۆڵێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێت داوای هەر زانیارییەکی تر لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی لێکۆڵینەوەکە و لایەنە بەشداربووەکان بکات.

٤-ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و ڕاسپاردەکانی لە ماوەیەك دا کە لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت و لە ڕێککەوتی دەست پێکردنی لێکۆڵینەوە و ئاراستەی وەزیر دەکات.

دووەم: ١-وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕاسپاردەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەو زانیارییەی بەردەستیەتی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات.

٢- وەزیر دەتوانێ داوا لە هەر لایەنێکی پەیوەندیدار بکات چ گشتی بێت یان تایبەت بۆ ئەوەی هەر زانیارییەکی پێویست بەبابەتی لێکۆڵینەوە بخەنە بەردەست دەبێت ئەو لایەنانەش پابەندی پێشکەش کردنی بن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بۆ ماددەی (٥) سێ پێشنیارمان هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ دوو کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووهەمە؟ یەك کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە وەك خۆی؟ سوپاس، بەدەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڵێ کاك شێخ ظاهر نوقتەی نیزامیە؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تێبینییەکم هەیە، پێویستە ڕاپۆرتی کۆتایی پێش جەلسە لە ناو سندووقی ئەندامان دابندرێ، بۆ ئەوەی ئەندامەکان بزانن کە چ پێشنیارەکیان کردیە لە جەلسەی خوێندنەوەی دووەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەس ئەگەر بەڕێزتان سەیری ئەو ماددەیە بکەی کە لە ناو پەیڕەو هەیە دەڵێ (ئەندامی پەرلەمان خۆی دەتوانێ داوا بکات بۆ ئەوەی کە بیدرێتێ) یەعنی بەڕێزتان دەتوانن ڕۆژی پێشتر داوا بکەن، بەیانی زوو کە دێن داوا بکەن، پەیڕەو کاروباری پەرلەمانی بەوە ئیلزام نەکردووە کە ڕاپۆرتی سێیەم بخەنە ناو سندووقەوە، ئەگینا حازرە، هەر بەڕێزێك داوا بکات دەتوانێ لێمان وەربگرێ، ماددەی (٦) فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٦) چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنها لە بڕگەی یەکەم دا دەستەواژەی (بەڕێوبەرایەتی گشتی) بکرێتە (لیژنەی لێکۆڵینەوە).

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم دا دەستەواژەی (یان کۆتایی پێهێنان) لابرێت.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم دا دەستەواژەی (ئەگەر) لابرێت.

پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی.

ماددەی (٦):

١-وەزیر دەتوانێت لە هەر کاتێك دا لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیار لە ڕاگرتنی لێکۆڵینەوەکان یان کۆتایی پێهێنانیان بدات لە هەر دوو باری نقومکردن یان پاڵپشتی کردن بەبێ سەپاندنی ڕێ و شوێنی بەرەنگاربوونەوەی نقومکردن یان ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوە ئەگەر هاوردەکار بەڵێننامە پێشکەش بکات و تێیدا بەڵێن بدات بە پێداچوونەوە بە نرخی بەرهەمەکە یان ڕاگرتنی هاوردەکردنی بۆ هەرێم بە نرخی نقومکار یان پاڵپشتیکراو.

٢- وەزیر دەتوانێت بڕیار بدات بە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە وێڕای قەبولکردنی ئەو بەڵێننامەیە کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقنووس کراوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماددەی (٦) چوار پێشنیار هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ یەك کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ دوو کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە وەك خۆی؟ بەڵێ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٧) فەرموو بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەردوو خاڵی یەك و دووی ئەم بڕگەیەدا:

١-له خاڵی (١)ی بڕگەی یەكەم دا دەستەواژەی (باوەرپێهێنەر نەبوو) بكرێتە (بەڵگەنامەی تەواو نەبوو).
٢- خاڵی (٢)ی بڕگەی یەكەم بەم شێوەیەی لێ بكرێت (٢- ئەگەر داواكارییەكە بكشێنرێتەوە بەڵام بە مەرجێك پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی بێت).
پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:
ماددەی (٧):
یەكەم/ وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتی گشتی بڕیاری كۆتایی پێهێنانی لێكۆڵینەوەكان بەبێ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی كۆتایی لە یەكێك لەم بارانەی خوارەوە:
١-ئەگەر بەڵگەنامەی پێشكەشكراو لەسەر بوونی پیادەكاری زیانبەخش یان جۆری زیانەكان باوەرپێهێنەر نەبوو یان ئەگەر پەیوەندی هۆكاری لە نێوان پیادەكاری زیانبەخش و زیانەكانی بەرهەمی خۆماڵی دا نەبوو.
٢- ئەگەر داواكارییەكە بكێشرێتەوە و ئەم ڕێكارەی پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی نەبێ.
٣- ئەگەر پەراوێزی نقومكردن یان بڕی پاڵپشتی كردن یان قەبارەی هاوردەكردن كەمتر بێ لەو بڕە دیاریكراوانەی كە بەپێی ڕێنمایی پشت بەستوو بەم یاسایە دەردەچێت.
دووەم/ وەزیر لە كاتی كۆتایی پێهێنانی لێكۆڵینەوەكان بە پێی حومەكانی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە ئەم بڕیارانەی خوارەوە دەدات:
١-كۆتایی پێهێنانی ڕێكاری خێرا و گەڕاندنەوەی بڕی ئەو بارمتە و دەستەبەرانەی كە بەپێی بڕگەی یەكەمی ماددەی (٩)ی ئەم یاسایە وەردەگیرێن.
٢-هەڵوەشانەوەی ئەو بەڵێننامەیەی كە بە پێی حوكمەكانی ماددەی (٦)ی ئەم یاسایە پێشكەش دەكرێن.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەكە وەك خۆی تەنیا خاڵی (٢) لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بكرێت:
٢- ئەگەر داواكارییەكە بكێشێنرێتەوە بە مەرجێك پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی نەبێت.
سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڵێ، زۆر سوپاس، ماددەی (٧) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەكەم هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ بەڵێ یەك كەس، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ دوو كەس، پێشنیاری سێیەم هەر بەڕێزێكی لەگەڵە؟ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، بەڵێ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٨)، فەرموون.
**بەڕێز جلال محمد أمین:**
سەبارەت بە ماددەی (٨) هیچ پێشنیارێك نییە هەر وەك خۆی:
ماددەی (٨):
یەكەم/ ئەگەر وەزیر بڕیاری بەردەوامی لێكۆڵینەوەكان بدات ئەوا بەڕێوبەرایەتی گشتی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە تەواویان بكات:

١-پەیوەست بێ بە پاڵپشتیکردن یان نقوم کردن لە ماوەیەك لە شەش مانگ لە ڕێککەوتی ڕاگەیاندنی دەستکردن بە لێکۆڵینەوەکان تێپەڕ نەکات.
٢-ئەگەر پەیوەست بێت بە زیاد کردنی بێ پاساوی هاوردە لە ماوەیەك لە سێ مانگ لەڕێککەوتی ڕاگەیاندنی دەست کردن بەلێکۆڵینەوەکان تێپەڕ نەکات.
دووەم/ تاوتوێ کردنی داواکاری وەرگرتنی ڕێ و شوێنی پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە ڕێگر نەبێت لەبەردەم تەواوکردنی ڕێکارە گومرگیەکان (تخليص الگمرگی).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتەکە بێنن بۆ ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ،هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەی هەشتە وەك خۆیەتی هیچ دەستکاری نەکراوە، هەر بەڕێزێك لەگەڵە؟ هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ هیچ گۆڕانکاریەك نەکراوە وەك خۆیەتی بۆیە کاك جلالیش بە پەلە خوێندییەوە، بەڵێ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، پێش ماددەی (٩) د.ڕێبوار وەردەگرین، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز د.ڕێبوارعبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ عادەتەن ئەگەر پێشنیار نەبوو پێویست ناکا بخرێتە دەنگدان، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەبێ هەمووی بخەینە دەنگدان، ئەی چۆن بیخەینە ناو قانونەکەوە دواتر بە بێ دەنگدان؟ ماددەی (٩).

**بەڕێز روپاك أحمد رحمان:**

سەبارەت بە ماددەی (٩) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی.
ماددەی (٩):
یەکەم/ وەزیر لەسەر راسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری گرتنەبەری ڕێکاری خێرا بەرامبەر بە بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە دەدات ئەگەر گەیشتە گەیشتە ئەو بڕیارە بەراییەی کە پیادەکاری زیانبەخش بەرامبەر بەرهەمی لە یەکچوو یان بەرهەمی ڕکابەر بوونی هەیە بە مەرجێك لایەنی کەم سێ ڕۆژ بەسەر دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەدا تێپەڕبووبێ و ڕێکارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:
١-سەپاندنی رەسمی نقومکردن لەسەر بەرهەمی هاوردەکراوی بابەتی لێکۆڵینەوە کە بەشێوەی بارمتە لای دەستەی گشتی گومرگەکان سپاردە دەکرێت.
٢-پابەندکردنی کەسی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتیکار بە بڕێکی یەکسان بە پەراوێزی نقوم کردن.

٣-پابەنـدکردنی کەسـانی هاوردەکـار لە وڵاتـانی پاڵپشـتیکار بە پێشـکەش کردنـی دەسـتەبەری گەرەنتـی کـار بـۆ دەسـتەی گشـتی گومرگەکـان بە بڕێـك کە یەکسـان بـێ لەگەڵ بـڕی پاڵپشـتی پێشکەش کراو.
٤-لە حـاڵەتی زیـادکردنی بـێ پاسـاوی هـاوردە زیـادکردنی رەسـمی گـومرگی یـان پابەنـد کردنـی کەسانی هاوردەکار بە پێشکەش کردنی دەستەبەری گەرەنتی کار بۆ دەستەی گشتی گومرگەکـان و بە بــڕی یەکســـان لەگەڵ ئەو زیـــانەی بە بەرهەمهێـــنە خۆماڵییەکـــان کەوتـــووە و لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتییەوە دیاریکراوە.
٥-پـابەنکردنی هاوردەکـار بە پێشـکەش کردنـی ئەو بەڵێننـامەیەی لە مـاددە (٦)ی ئەم یاسـایە دەقنووس کراوە بۆ وەزارەت.
دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشـتی و دەسـتەی گشـتی گومرگەکـانی دەسـەڵاتی ئیتیحـادی ئەو رێکـارە خێراییـانەی کە لە بـڕگەی یەکەمــی ئەم مــاددەیەدا دەقنــووس کــراون لە دوای بڵاوکــردنەوە لە دوو رۆژنــامەی رۆژانە جێبەجێ دەکەن.
سێیەم/ ١-ئەگەر بڕیاری گرتنەبەری رێ و شوێنی کۆتایی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە دەرچـوو ئەوا رێکـارە خێراکـان کۆتاییـان پـێ دەهێنرێـت و بارمتەکـان یەکلایـی تەسـویە دەکـرێنەوە دەسـتەبەرە پێشکەشـکراوەکانیش هەڵدەوەشـێندرێنەوە لە بەرامـبەر دا رەسـمی نقـومکردن یـان رەسمی قەرەبووکردنەوە وەردەگیرێت.
٢-ئەگەر بڕیار بە وەرنەگرتنی رێ و شوێنی کۆتـایی دەرچـوو ئەوا رێکـارە خێراکـان کۆتاییـان پـێ دەهێنرێــت و دوو دەســتەبەرەکان هەڵدەوەشــێندرێنەوە و ئەو بارمتــانەی پێشــکەش کــراون دەگەڕێندرێنەوە.
پێشـنیاری دووەم: پێشـنیاری هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد مـاددەکە وەك خـۆی تەنیـا خـاڵی (٢) لە بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
٢-ئەگەر بڕیار بە نەگرتنەبەری رێ و شوێنی کۆتایی دەرچـوو ئەوا رێکـارە خێراکـان کۆتاییـان پـێ دەهێنرێـــت و دەســـتەبەرەکان هەڵدەوەشـــێندرێنەوە ئەو بـــارمتەی پێشـــکەش کـــراون دەگەڕێندرێنەوە.
سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ، بەڕێـزان، سـەبارەت بە مـاددەی (٩) تەنهـا دوو پێشـنیارمان هەیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ کەسی لەگەڵ نیە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشنیاری لیـژنەی هاوبەشـە کە پێشـنیاری دووەمە؟ بەڵـێ زۆر سـوپاس بە دەنگـی (٧٥) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٠).

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):
سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها یەك لەسەر پێنج بکرێتە سێ چارێك.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
ئەگەر داواکارییەکە پەیوەست بێت بە بەرهەمەکی کشوکاڵی کە ئەگەری تێکچوونی هەیە، ئەوە ماوەی بۆ لێکۆڵینەوە رێکارەکانی دەرکردنی بڕیار لە ماددەکانی پێشوو دەقنووس کراون بۆ یەك لەسەر پێنج ئەم ماوەیە کەم دەکرێتەوە.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی:
مادده (١٠):
ئەگەر داواکارییەکە پەیوەست بێت بە بەرهەمێکی کشتوکاڵی ئەوە مانەوەی بۆ لێکۆڵینەوە وەرگیراون دەرکردنی بڕیار لە ماددەکانی پێشوو دەقنووس کراون بۆ یەك لەسەر پێنج ئەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (١) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (٣) کەس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
دادگای تایبەتمەند دەتوانێ رێکاری خێرا رابگرێت ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەم رێکارە لێکەوتەی نەرێنی هەبوو لەسەر بەرهەم هێنی خۆماڵێتر یان بەکاربەران یان بەرژەوەندی گشتی.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی:
ماددەی (١١):
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ رێکاری خێرا رابگرێت ئەگەر بۆی دەرکەوت ئەم رێکارە لێکەوتەی نەرێنی هەبوو لەسەر بەرهەم هێنی خۆماڵێتر یان بەکاربەران یان بەرژەوەندی گشتی.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەرێزان بۆ ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەم؟ (٢) کەس، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:
ماددەی (١٢):
بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی راپۆرتێکدا پاڵپشتی بە بەلگەنامە و زانیاری پشت راستکراو راسپاردە ئاراستەی وەزیر دەکات، تێیدا ئەو دەرئەنجامانە دەخاتە روو کە دووبارەی پێداگری زیان بەخش و زیانەکان پەیوەندی هۆکاری لەنێوانیاندا پێگەیشتووە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) وەکو خۆی هیچ پێشنیارێك نییە هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ماددەی (١٣) سێ پێشنیاری هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

ماددەکە وەك خۆی تەنیا لە خاڵی یەکەم بڕگەی یەکەمدا (١٠) دە ڕۆژ بکرێتە (٧) حەوت ڕۆژ.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی:

ماددەی (١٣):

یەکەم: وەزیر لە ژێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەی بەرێوەبەری گشتی ئامادەپێدراو لە ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایە بڕیاری سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی بەرەنگاربوونەوەی پیادەکانی زیان بەخش دەدات بەو مەرجەی جۆر و قەبارەی ئاستی پیادەکردنی ڕێ وشوێنەکان لەخۆ بگرێت، ئەم بڕیارە لە ماوەی (١٩) ڕۆژ لە ڕێککەوتی دەرچوونی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ پەسەند کردنی.

دووەم: ئەگەر گرتنەبەری ڕێ وشوێنی کۆتایی ڕەت بکرێتەوە ئەوا داوا دەکرێت داواکار ناتوانێ دواکارییەکەی تر پاڵپشت بە هەمان ئەو واقع و هۆکارانەی کە داواکاری یەکەم داهاتوون بەر لە تێپەڕبوونی ماوەی (١٨٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی بەرکاربوونی بڕیاری وەزیر پێشکەش بکاتەوە، دووەم وەزیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیادەکردنی زیانبەخش ئەو شوێنانەی خوارەوە دەگرێتە بەری:

١-ڕێ وشوێنی بەرەنگاربوونەوە نوقمکردن بۆ سەپاندنی ڕەسمی نوقمکردن بە جۆرێك یەکسان بێت بە پەراوێزی نوقمکردن.

٢- ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوە بە سەپاندنی ڕەسمی گومرگی قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسا کە یەکسان بێت لەگەڵ بڕی پالپشتیکردنی بەرهەمی هاوردەکراو بۆ هەرێم.

٣- ڕێ و شوێنی خۆپاراستنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە بە سنووردارکردنی ئەو بڕەی ڕێگە بە هاوردەکردنی دەدرێت یان بە سەپاندنی پێناسی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردەکراو یان زیادکردنی پێناس یان هەر ڕێکارێك یارمەتی بەرهەمهێنی خۆماڵی بدات لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ بەرهەمهێنی هاوردەکراو بەرهەمی هاوردەکراو بەو مەرجەی کاریگەری نەبێت لەسەر بەرژەوەندی گشتی و بەکاربەری ناوخۆیی نەبێت.

٤- سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی تایبەت بە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دوای ڕەزامەندی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەبێت.

پێشنیاری سێیەم: سەبارەت بە پێشنیاری سێیەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی تەنیا لە خاڵی دوو بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەی لێبکرێت:

ماددەی (١٣):

ئەگەر گرتنەبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی ڕەت بکرێتەوە پاڵپشت بە هەمان ئەو بابەت و هۆکارانەی لە داواکاری یەکەمدا هاتوون بەر لە تێپەڕبوونی ماوەوی (١٨٠) ڕۆژ لە ڕێککەوتی بەرکاربوونی بڕیاری وەزیر نابێت داواکارییەکی تر پێشکەش بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك (جەلال)، سەبارەت بە ماددەی (١٣) سێ پێشنیار هەیە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (١) ئەندام، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە؟ (١) ئەندام، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٤)، فەرموون.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی:

یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بڕیاری وەزیر بە سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی پەسەند بکات یان ڕەتی بکاتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران لەو ماوەیەی کە لە خاڵی یەکەمدا دیاری کراوە بڕیاری نەدا ئەوا بڕیاری وەزیر بە پەسەندکراو دادەنرێت.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:

بڕگەکانی یەکەم و دووەم بکرێتە یەك بڕگە و بەم شێوەیەی لێبکرێت:

ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا بڕیاری وەزیر بە سەپاندنی ڕێ و شوێنی کۆتایی پەسەند بکات یان ڕەتی بکاتەوە، ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا بڕیاری نەدا ئەوا بڕیاری وەزیر بە پەسەنکراو دادەنرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماددەی (١٤) تەنها دوو پێشنیار هەیە، وەکو خۆی پێشنیازی یەکەمە هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ (٢) ئەندامی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە، سەبارەت بە پێشنیازی دووەم پێشنیازی لێژنەی تایبەتمەند هەر دوو لێژنەی تایبەتمەند هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١٥)، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (١٥):

یەکەم: گرتنبەری ڕێ و شوێنی کۆتایی دەبێت بەو بڕە بێت کە بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی زیان یان لابردنی زیان پێویستە بەجۆرێك دەرفەت بداتە بەرهەم هێنی خۆماڵی بارودۆخی خۆی لەگەڵ بەرهەمی هاوردەکراو بۆ پاراستنی بەژەوەندییەکانی هەرێم بگونجێنێت.

دووەم: نابێت بڕی ئەو ڕەسمە گومرگیانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن یان پاڵپشتیکردن بەپێی یاسا دەسەپێنرێت زیاتر بێت لە پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن وە دەکرێت بە

بڕێکە کەمتر دیاری بکرێت، ئەگەر ئەو بڕە لابردنی کاریگەریەکانی زیان مسۆگەر بکات، هەر زیادەیەك لە ڕەسمی گومرگی وەرگیراو کە زیاترە لە پەراوێزی نوقمکردن یان بڕی پاڵپشتیکردن لادەبرێت.
سێیەم: نابێت هەمان بەرهەمی هاوردەکراو لە هەمان کاتدا بۆ ڕێ و شوێنی بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن و ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوەش ملکەچ بێت، هەرچەندە لە یەك کاتدا نوقمکەر و پاڵپشتیکراویش بێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەنگی پێبدات؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) چوار پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا لەخاڵی (ب)ی خاڵی (٢) بڕگەی دووەمدا دەستەواژەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی) بکرێتە (لێژنە).
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
یەکەم: جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنی کۆتایی لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان بەشێوەیێکی کاتی تایبەت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی:
ماددەی (١٦):
یەکەم: جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنی کۆتایی بەشێوەی کاتی نابێت لە (٥) ساڵ زیاتر بێت.
دووەم:
١-ڕێ و شوێنی کۆتایی بەرەنگاربوونەوەی نوقمکردن وە پاڵپشتیکردن بە درێژایی ماوەی بەردەوامبوونی حاڵەتی نوقمکردن وە پاڵپشتیکردن بەردەوام دەبێت.
٢: أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەخۆیەوە یان لەسەر داوای کەسێکی پەیوەندیدار داوای پێشکەشکردنی پاساو لەگەڵی پەیوەست بێت، پێش تەواوبوونی ماوەی ڕێ و شوێنی کۆتایی دەتوانێت پێداچوونەوە بەو ڕێ و شوێنەدا بکات.
ب- ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی دەرکەوت کە بەردەوامی ڕێ و شوێنی کۆتایی پاساوی نەماوە ئەوا بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بە ڕەزامەندی وەزیر دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران کۆتایی بە ڕێ و شوێنەکان دەهێنرێت.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:
ماددەکە وەکو خۆی تەنیا خاڵی (٢)، (أ) لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
أ-بەڕێوەبەرایەتی گشتی خۆی لەسەر داوای کەسی پەیوەندیدار دوای پێشکەشکردنی پاساو وە بەڵگەی پێویست پێش تەواوبوونی ماوەی ڕێ و شوێنی کۆتایی دەتوانێ پێداچوونەوە بەو ڕێ و شوێنانەدا بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بە مـاددەی (١٦) چـوار پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم هەر ئەنـدامیکی بەرێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، پێشـنیاری دووەم هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە؟ کەسـی لەگەڵ نیـیە، پێشـنیازی سـێیەم وەك خـۆی هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە؟ (١) ئەنـدامی لەگەڵە، سـەبارەت بە پێشـنیازی چـوارەم پێشـنیازی هەردوو لێـژنەی تایبەتمەند هەر بەرێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (١٧) فەرموون.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (١٧):

بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گومرگەکـانی هەرێـم بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەرێـوەبەرایەتی گشـتی و دەستەی گشتی گومرگەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی رێ و شوێنی کۆتایی جیبەجێ دەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ماددەی (١٧) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە، هەر ئەنـدامیکی بەرێـزی پەرلەمـان لەگەڵیەتـی وەك خـۆی پەسـەند بکرێـت؟ بە دەنگـی (٦٢) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، مـاددەی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٨) سێ پێشنیار هەیە:

پێشـنیاری یەکەم: مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنیـا لەبـڕگەی یەکەمـدا (بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـەپێدانی پیشەسـازی) بکـرێتە، (بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پلانـدانان و بەدواداچـوون لە وەزارەت).

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەك خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەمدا لە دوای دەستەواژەی (پارێزگاکـانی هەرێم) دەستەواژەی (ئیدارەی سەربەخۆکان) زیاد بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتییەك بەناوی بەڕێـوەبەرایەتی پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵییەکـان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گستی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پلانـدانان و بەداوداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دادەمەزرێت، لە پارێزگاکـانی هەرێـم و ئیدارە سەربەخۆکان بەش یان هۆبەی تایبەتیان دەبێت.

پێشنیاری سێیەم: وەك خۆی:

ماددەی (١٨):

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتییەك بەناوی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵییەکـان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەداوداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو دادەمەزرێـت وە لە پارێزگـانی هەرێـم بەش یان هۆبەی تایبەتمەندیان دەبیت.

دووەم: هەر بەڕێوەبەرایەتییەك لەوانەی لە بڕگەی یەکەمدا دەق نووسکراوە بۆ مەبەستەکانی جیبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەم تۆمارنامەی خوارەوەی دەبێت:

١-تۆمارنامەی نوقمکردن.

٢- تۆمارنامەی پاڵپشتیکردن.

٣- تۆمارنامەی زیادکردنی بێ پاساوی هاوردە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ مادده (١٨) سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ (١) کەس، پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، پێشنیاری سێیەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابدرێت.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی:

ماددەی (١٩):

بەرهەمە خۆماڵییەکان پشت بەست بە بنەمای مامەڵەی هاوشێوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان لە دەرەوەی هەرێم پارێزراو دەبن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ (٣)، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٠) فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (٢٠):

ئەنجومەنی وەزیران هێمای جیاکەرەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکانی هەرێم دیاری دەکات و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی کار بۆ بەدەست هێنانی بارکۆدی نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان دەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (٢٠) وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم: بڕگەی دووەم لەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی:

ماددەی (٢١):

یەكەم: وەزیـر بە ڕەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیـران دەتوانێـت هەركـات پێویسـت بـوو لەگەڵ هاوتاكەی لە دەسـەڵاتی ئیتیحـادی هەمـاهەنگی بكـات بـۆ گونجـانی ڕێ و شـوێنەكانی پاراسـتنی بەرهەمی خۆماڵی هەرێم لەگەڵ ڕێ و شوێنە فیدراڵییەكان.

دووەم: هەمـوو دەروازە سـنوورییەكان پابەنـدی جیبەجێكردنـی بڕیارەكـانی پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵییەكـانە چ لەلایەن دەسـەڵاتی تایبەتمەنـدی فیـدراڵی دەرچـووبن یـان لەلایەن دەسـەڵاتی تایبەتمەندی هەرێم و لە كاتی ناكۆكی لەنێوانیانـدا كـام ڕێ و شـوێن تونـدتر بێـت ئەوە جێبەجـێ دەكرێت بە مەرجی بەجێنەهێشتنی كاریگەری نەرێنی لەسەر بەكاربەرانی هەرێم.

پێشـنیاری سـێیەم: پێشـنیاری هەردوو لێـژنەی تایبەتمەنـد، مـاددەكە وەكـو خـۆی تەنیـا لەگەڵ زیادكردنێك بۆ كۆتایی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

دووەم: هەمـوو بـازگە و دەروازە سـنوورییەكان پابەنـدی جێبەجێكردنـی بڕیارەكـانی پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵییەكـانن چ لەلایەن دەسـەڵاتی تایبەتمەنـدی ئیتیحـادی دەرچـووبن یـان لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندی هەرێم و لەكاتی ناكۆكی لەنێوانیاندا كـام ڕێ و شـوێن توونـدتر بێـت ئەوا جێبەجـێ دەكرێـت بە شـێوەیەك كـاریگەری نەرێنـی لەسـەر بەكـاربەرانی هەرێـم لەرووی نـرخ و كوالێتییەوە نەبێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٢١) سـێ پێشـنیار هەیە، هەر ئەنـدامێكی بەرێـزی پەرلەمـان لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە؟ كەسی لەگەڵ نیـیە؟ هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە؟ (١) كەس، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری هەردوو لێـژنەیە؟ بە دەنگـی (٦٤) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەند كـرا، ماددە ٢٢)، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:

ماددەی (٢٢):

وەزیـری كشـتوكاڵ و سـەرچاوەكانی ئـاو بەبـێ ئەنجامـدانی ڕێكارەكـانی پێشكەشـكردنی داوای لێكۆڵینەوە تایبەت بە پیادەكاری زیان بەخش بە مەبەستی جێبەجێكردنـی سیاسـەتی بازاركـاری وەزارەتەكە و پاراســتنی بەرهەمــی كشــتوكاڵی خۆمــاڵی لە وەرزی پێگەیشــتندا بڕیــاری قەدەغەكردنی هاوردەی بەرهەمی دەرەكی یان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایـی و ئـابووری

بڕیاری زیادکردنی ڕەسمی گومرگی دەدات، ئەگەر بەرهەمێك بێ پاساو زیاد هاوردەکرابێت وە کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان هەبێت لە وەرزی پێگەیشتندا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٢٢) هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٣) فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (٢٣):

دامەزراوە و فەرمانگەکانی کەرتی گشتی لە گرێبەستەکانی کڕین و گرێبەستی پڕۆژەکاندا پشت بەست بەو بەرهەمە خۆماڵیانە دەبەستن لەگەڵ پێوەدانێك کە خەصلەتەکانی داواکارەکاندا هاوتان، لایەنی بەرهەمهێنی ناوخۆییەوە بەرهەم دەهێنرێن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس،ماددەی (٢٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٤) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەی لێبکرێت:

یەکەم: ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکان و ڕێ و شوێنەکان لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار و فەرمانبەرانەوە قەدەغەیە بە ڕەچاوکردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣).

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی:

ماددەی (٢٤):

یەکەم: ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنییەکان تایبەت بە لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی ڕێ و شوێن لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار و فەرمانبەرانەوە قەدەغەیە.

دووەم: سەرەڕای هەر سزایەك لە یاسا بەرکارەکاندا هەیە هەر فەرمانبەرێك هەر کەسێکی تر سەرپێچییەکی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بەپێبژاردنێك سزا دەدرێت کە لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت لە بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

پێشنیای سێیەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە ماددەکە وەك خۆی بڕگەی یەکەم بەم شێوەی لێبکرێت:

درکاندانی هەر زانیارییەکی نهێنی کە تایبەت بێت لە لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکان و ڕێ و شوێنەکان لەلایەن کەسانی پەیوەندار و فەرمانبەرانەوە بە تاوان هەژمار دەکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێمە بۆ ماددەی (٢٤) سێ پێشنیارمان هەیە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە؟ (٤) کەس، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەك خۆی؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری هەردوو لێژنە؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارت بە ماددەی (٢٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (٢٥):

وەزیر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٥) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٦)، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (٢٦):

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٦) وەکو خۆی، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٢٧)، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی:

ماددەی (٢٧):

ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەك خۆی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموون.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی:

هۆیەكانی دەرچواندن:
لەپێنـاو بنیاتنـانی كەرتـی پیشەسـازی و كشـتوكاڵی و خۆمـاڵی و پاراسـتنیان لەپیادەكـاری زیانبەخش كە دەبێتە هۆكاری لەدەستدانی رەگەزەكانی كێبڕكی رەوا دادپەروەرانە بە مەبەستی رەخسـاندنی دەرفەتـی گونجـاو بـۆ بەرهەم هێـنەرە خۆماڵییەكـان بەرزكـردنەوەی تواناكانیـان، ئامادەكارییـان بـۆ كێبڕكێكـردن لە بـازاری نـاوخۆیی و نێودەوڵەتیـدا رەچـاوكردنی بەرژەوەنـدی بەكاربەری نـاوخۆیی بە ئاراستەی كەم كـردنەوەی كـاریگەری نەرێنییەكـانی بـۆ نزمتـرین ئاسـت، رێگـرتن لەبەرزبـوونەوەی بەهـای بەرهەمە خۆماڵییەكـان پـارێزراوەكە لە بـازاری نـاوخۆیی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری دووەم پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:
لە پێناو گەشەپێدان و پاڵپشتیكردن كەرتی پیشەسازی و كشتوكاڵی خۆماڵی و پاراستنی لە زیـان كە ببێتە هۆی لەدەستدانی كێبڕكێـی رەوای دادپەروەرانە وە رەخسـاندنی دەرفەتـی گونجـاو بـۆ بەرهەمە خۆماڵییەكـان، بەرزكـردنەوەی تواناكانیـان وە ئامادەكاریـان بـۆ كێبڕكێكـردن لە بـازاری ناوخۆیی و جیهانی، رەچاوكردنی بەرژەوەندی بەكاربەری نـاوخۆیی بە ئاراستەی كەمكـردنەوەی كاریگەرە نەرێنییەكان وە رێگەگرتن لە بەرزبوونەوەی نـرخ و بەرهەمە خۆماڵییەكـان ئەم یاسـایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ســەبارەت بە هۆیەكــانی دەرچوانــدن دوو پێشــنیار هەیە، یەكەم وەك خــۆی، هەر ئەندامێكی بەرێزی پەرلەمـانی لەگەڵە؟ كەسـی لەگەڵ نیـیە، دووەم پێشـنیاری هەردوو لێـژنە هەر ئەندامێكی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان هەر ئەندامێكی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ كۆی یاسـاكەیە بـا دەسـت بەرز كـاتەوە؟ بە دەنگـی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پێشنیازە یاسای پاراستنی بەرهەمـی خۆمـاڵی لە هەرێمـی كوردستان-عێـراق پەسەند كرا. پیرۆزبایی لەخۆمان و لە گەلی كوردستان لە بەرهەمهێنە خۆماڵییەكانی كوردسـتان دەكەیـن، زۆر سـوپاس. بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان پشـووێك وەردەگـرین بـۆ سـەعات (٢) دەگەڕێنەوە.

# پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، دەسـت بەجـی جێبكـردنەوەی بڕگەیەكـی تـری بەرنـامەی كـاری كۆبوونەوەكەمان دەكەین كە بریتیە لە بەردەوامبوون لەسـەر خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازە یاسای پاراستنی تۆڕ و بنچینەكانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمـی كوردسـتان_عێـراق، بەپێـی حـوكمی ماددەكـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان، بـۆ ئەم مەبەسـتە داوا لە سەرۆكایەتی هەردوو لیژنەی شـارەوانی و كاروبـاری یاسـایی دەكەیـن بێـنە شـوێنەكانی خۆیـان، ماددەی هەشت فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

یەكەم: هەر كەسـێك سـەرپێچی و زیـادەڕۆیی لەسـەر تۆڕەكـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ ئەنجـام بـدات تێچووی چاككردنەوە و پڕكـردنەوە بە شـێوەی ئەنـادازەیی و داپۆشـین و گەڕانـدنەوەی بـۆ بـاری ئاســایی خــۆی بەپێــی ئاكــارە ئەنــدازیارییە بەركارەكــان دەخــرێتە ئەســتۆی، وە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەی ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار جێ بەجێ دەكرێت.

دووەم: هەر كەسـێك سـەرپێچی و زیـادەڕۆیی لەسـەر تۆڕەكـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ ئەنجـام بـدات سەباری پێ چاككردنەوەی بەپێ بژاردنێك سزا دەدەرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆیی تیرەی بیست تا چل سانتیمەتر.

٢- بڕی سێ سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆیی تیرەی چل و پێنج تا حەوتا پێنج سەنتیمەتر.

٣- بڕی پێنج سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تیرەی هەشتا تا سەد و بیست سەنتیمەتر.

٤- بـڕی یەك ملیـۆن دینـار بـۆ تـۆڕی ئـاوەڕۆیی تیـرەی سـەد و بیسـت و پێـنج تـا سـەد و هەشـتا سەنتیمەتر.

٥- بڕی دوو ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئـاوەڕۆیی تیـرەی سـەد و هەشـتا و پێـنج تـا دوو سـەد شەسـت سانتیمەتر.

٦- بڕی پێنج ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆیی تیرەی سەندوقی بە هەموو ئەندازەییەكانیەوە.

٧- بە بڕێك كە لە سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە سێ سەد هەزار دینار زیـاتر نەبێـت بە هـۆی فڕێدانی هەر مادەیەك یان پاشەڕۆیەك كە كـاریگەری هەبێـت لەسـەر توانـای ئـاوە شـۆڕكردنی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ.

٨- بە بڕێك كە لە شەش سەد هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن و پێنج سـەد هەزار دینـار زیـاتر نەبێـت بە هـۆی بەسـتنەوەی ئـاو و ئـاوەڕۆكەی بەبـێ مـۆڵەتی بەڕێـوەبەرایەتی یـان فەرمانگەكە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی بڕۆینە سەر موناقەشەکردنی ئەو بابەتە کە ماددەی هەشتی پرۆژە یاساکەیە، لەسەر داوای بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان، وە دوای ئەوەی ئەو بێڕێزیەی کە پەرلەمانتار د.کازم بەرانبەر بە پەرلەمان کردی بەوەی کە جوتێك پێڵاوی پێشتر لە ماڵەوە ئامادەکراوە نەك پێڵاوەکانی خۆی، بە تەوجیهو ئاڕەستەکردنی سەرۆکی حیزبەکەی فڕیدایە بەردەمی خۆی، بەردەمی ستێجەکەی خۆی نەك سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوەی کە روویداوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەم بڕیارە پەرلەمانیە دەخەینە بەردەمتان و داواتان لێدەکەین لە بارەیەوە دەنگ بدەن، لەبەر ئەوەی لە ناوی پەیڕەوی ناوخۆ هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم جۆرە بابەتانە نیە، بڕیارە پێشنیارکراوەکەی دەستەی سەرۆکایەتیش بەم شێوەیە، لەبەر ئەو بێڕێزیەی کە ئەندام پەرلەمان (کاظم فاروق نامق) بەرامبەر بە دامەزراوەی پەرلەمان لە ناو حەرەمی پەرلەمان و لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خۆلی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٣/٣١) ئەنجامیدا بڕیارماندا بەوەی کە ئەندام پەرلەمانی ناوبراو بێ بەش بکرێت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان تا ئەو کاتەی داوای لێبووردنی فەرمی لە پەرلەمان دەکات، هەر بەڕێز لەگەڵ ئەو بڕیارە پەرلەمانیەیە با دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان بڕیارماندا پەرلەمانتاری ناوبراو تا ئەو کاتەی بە فەرمی داوای لێبووردن لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان ناکات، وە دەمانەوێت هەموو لایەنێك و رای گشتی ئاگادار بێت کە پەرلەمانتاری ناوبراو پێڵاوەکانی نەگرتۆتە دەستەی سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی نەبێتە پاڵەوان، بەڵکو فڕێیداوەتە بەردەمی خۆی، لە بەردەمی ستێجەکەی خۆی، دەچینە سەر قسەکردن لەسەر ماددەی هەشت، وەرتان دەگرم، وەرتان دەگرم ئەوانەی نوقتەی نیزامیتان هەیە، لە دوای ئەوە ئەو کەسانە وەردەگرم کە دەیانەوێت لەسەر ماددەی هەشت قسە بکەن، ناوەکان دەخوێنمەوە (کاك شێخ زاهر، حسیبە خان، د.اسماعیل، کاك یاسین، کاك مەم، کاك جەلال، نجات خان، کاك عوسمان سێدەری، مامۆستا عمر، مەم اسکندر)، فەرمووحەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم دوو بڕگەیە، من پێشنیار دەکەم هەردوو بڕگەکە بکەن بە یەك بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە. هەر کەسێك سەرپێچی و زیادەڕۆیی لە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆکان ئەنجام بدات سەرباری تێچووی چاککردنەوە و گەڕاندنەوە بۆ باری ئاسایی خۆی بەپێی ئاکارە ئەندازەییە بەرکارەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەی خوارەوە، ئێنجا بڕگەی دووەم بکرێت تەواوکار ئەو پێ بژاردنانەی کە لە بڕگەی دوو هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ظاهر شێخ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من تێبینیم لەسەر بڕگەی یەكەمی ماددەی هەشت هەیە، پێشنیاز دەكەم بەم شێوەیەی لێ بكرێت، هەر سەرپێچیەك و زیادەڕۆییەك بكرێتە سەر تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ ئەركی لابردنی سەرپێچیەكە و زیادەڕۆییەكە و گێڕانەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی دەكەوێتە ئەستۆی سەرپێچیكار و یان زیادەڕۆكار بە چاودێری فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئاو و ئاوەڕۆ، لایەنی پەیوەندیدار، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
كاك یاسین فەرموو.
**بەڕێز یاسین خضر طه:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
نوقتەی نیزامیت وەرنەگرتم، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوە دەیڵێم ئەگەر قەبوولی بكەی، ئێمە قەراربوو ماددەی حەوت لابەرین هیچ قسەی لەسەر نەكرا، یەكسەر چوونە سەر ماددەی هەشت، ئەوە نوقتەی نیزامیەكەم، سەرۆكی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی هەشت ئێستا سەرپێچیەكی زۆركراوە لەسەر بۆڕی ئاوی نەقلی گەورە لە مەنتیقەی ئێمە دابووایە یاسایەكە وابێت كە ئەوانەی كردووشیانە، نەك ئەوانەی دوایێ دەیكەن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
سەبارەت بە ماددە ئەوە پەرلەمان بڕیار دەدات، یەعنی دەخرێتە دەنگدان و دواتر لیژنە خۆیان كۆدەبنەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەوەی كە ئەوان تەرحی دەكەن وەكو با بڵێین پێشنیازی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ وەك خۆی و لەگەڵ پێشنیازێكی تر كە تەرحكراوە هەمووی دەخەینە دەنگدان، كامە دەنگی هێنا ئەوە دەبێتە ماددەیەك، كاك عوسمان سێدەری فەرموو.
**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی هەشت مادام بڕگەی یەكەم لێرەدا پێ چاككردنەوەكەی بە روونی دیاریكردووە، من لەگەڵ ئەوەم بڕگەی دووەم لە خاڵی یەكەمەوە تا خاڵی هەشتم ئەم غەرامەیە زۆر زۆرە، بە بۆچوونی من سەدا پەنجا باشە، سەدا پەنجا كەم بكرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
كاك مەم فەرموو.
**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
لە ماددەی هەشت دا لە دێری سێیەمدا دەستەواژەیەك هاتووە ئاكار، پێموایە مەبەستیان لە (Standard)ە، جا بۆیە ئاكار بە مانای ئەخلاق یان رەفتار دێت، پێشنیازم ئەوەیە بڵێین ستانداردە ئەندازەییەكان وەكو خۆی بمێنێتەوە ئەوە یەك، بە نیسبەت بڕگەی دووەمەوە سەرپێچی و زیادەڕۆیی ئەو (و) چاك بكرێت، وە بە نیسبەت خاڵەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم من پێشنیاز دەكەم هەر یەكێكیان بەم شێوەیەی لێ بكرێت، بۆ نموونە

یەکەم/ سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ تیرەی بیست تا چل سانتیم، هەر بڕەکە لابرێت، لەبەر ئەوەی لەسەرەوە دەڵێین لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆیە لە خوارەوە تیرەکە تەنها ئیشارەتی پێ بکرێت بۆ ئەوەی کوورتی بکەینەوە، تا خاڵی پێنجەم وابێت، بۆ شەشەمیشیان پێنج ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆ لابرێت بۆ سەندوقی و بە هەموو ئەندازەکانییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکا هەی و تێبینیەك، بەڵێ، ئەز پشتەڤانیا بۆچوونا بەری نوکە دکەم ئاکار یەعنی ئەخلاق خەسلەت، یان بکەن خەسلەت یان بکەنە ستاندەرد یەکێکیش وانا باشترە، پرسیارا من ئەوەیە بۆ لیژنەی تایبەتمەند معیار و فەلسەفەی ئەم گۆڕینە سەد و پەنجا یان سێ سەد هەزار دینار چ معیارێکە، یەعنی حەجمی گەورەی بۆڕی هەر ئەوەیە یان شتێکی تری لەگەڵە، ئەمە پرسیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله (جەلال پەریشان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا هاوڕای کاك (یاسین)م، پێشتریش زیادەڕۆییانکردووە، ئەوەی تریش بەڕاستی کورد لە کۆنەوە دەڵێت ئاو و ئاوەدانی، لە هەر شوێنێك ئاو نەبێت ئاوەدانیش نیە، بەڕاستی لە سزایەکان من هاوڕای کەس نیم هەر یەکێك زیادەڕۆیی لەسەر تیرەی بیستی بکات و بەخوای لەسەر سەد و هەشتاو پێنج و دوو سەد شەستیش دەکات، من پێمباشە بێ بژاردنەکە پێنج ملیۆن کەمتر نەبێت، چونکە ئێستا بە ئاشکرا بە چاوی خۆمان دەبینین ڕۆژانە هەر کەسێك بە کەیفی خۆی لە کۆڵان حەفرێك لێدەدات و جگەلە لە ئاوەکە ئاوی زیادیش دەبات، ئاوی دووەم و سێیەمیش دەبات بەبێ پێوەر، کەواتە سزایەکە چەندی زۆر بێت باشە، دەبێت ئەوانی تر هەموو هەڵبگیرێت دەنا پێنج ملیۆن دینار بۆ ئەوەی کەس تەجاوزات نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکانی حسیبە خان و کاك یاسین دەکەم، ئەو خاڵانە و سزایانە ئارمانج لێی سزادانی خەڵك نییە، کاتێك کە موشەریع سزای بۆ دادەنێت مەبەستی نیە حەزی لێبێت خەڵك سزا بدات، بەڵام ڕەدعێکە، ئەو ئەرقامانە زیاد بکرێت بە بۆچوونی من باشترە بۆ ئەوەی ببێتە ڕەدعێکی باش بۆ خەڵك بۆ ئەوەی ئەو سرپێچیانە ڕوو نەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە، یەکەمیان پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك مەم دەکەم سەبارەت بەو وشەی ئاکارە ئەندازەییەکان، هەروەها کاك (د.اسماعیل)یش ئاماژەی پێکرد، پێشنیاری دووەمیان یان تێبنی دووەمم لەسەر خاڵی هەشتەمە ئەگەر هاتوو کەسێك کە ئاوەڕۆکەی بەستەوە بە شەش سەد هەزار دینار غەرامە بکرێت، لە راستیدا ئیحتیمالی ئەوە دابنرێت کە ئەگەر فەرمانگە خۆی نەیتوانی بێ بەدەم هاوڵاتیەوە ئاوەڕۆکەی بەستەوە، یەعنی دوای ئەوەی هاووڵاتیەکە ئەگەر داوا پێشکەشکرد بە فەرمانگە و فەرمانگە نەیتوانی ئەو حاڵە نەگرێتەوە، واتە بە مەرجێك کەمتەرخەمیەکە بە هۆی کەمتەرخەمی و نەتوانینی فەرمانگەوە نەبێت، خۆتان دەزانن ئێستا پێنج ساڵە دەیان گەڕەکمان هەیە لە کوردستاندا ئاو و ئاوەڕۆ کارەبایان نیە حکومەت نەیتوانیووە بۆیان بکات، بۆیە هاوڵاتی خۆی هەوڵیداوە ئەوانە بکات، بۆیە من پێمباشە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت ئەگەر بە هۆی کەمتەرخەمی فەرمانگەکانەوە نەبوو، واتە ئەگەر من وەکو هاوڵاتیەك چوومە فەرمانگە و بەیانی هات بۆی بەستم ئەوە هیچ کێشە نییە، بەڵام ئەگەر مانگێك دوای خستم ناچاربم خۆم کارەکە بکەم، پێمباشە لیژنە بەڕێزەکان ئەمە جێگای بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا تێبینیم لەسەر ئەم ماددەیە وشەی زیادەڕۆیی و زیادەڕۆکار و ئەوانە هاتووە، پێموایە ئەمە لە یاسای ترە ئەم وشەیە پێناسەکراوە، زیادەڕۆیی و زیادەڕۆکار، دەکرێت هەر سەرپێچی بێت باشترە ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر پشتگیری لە قسەکانی کاك عمر و دکتۆر سگیری و کاك مەم دەکەم لەسەر وشەی ئاکار لابرێت، ستاندارد بێت یان هەر وشەیەکی تری بۆ بەکار بهێندرێت، خاڵی سێیەم ئەم پێ بژاردنانە کە هاتووە دەڵێ بڕگەی دووەم هەر کەسێك سەرپێچی بکات دەڵێت سزا دەدرێت، وشەی سزا جەنابت پێشتر لە جەلسەی پێشوودا گووتت ئەمانە جەریمە نیە، کاتێك کە وشەی سزا بەکار دەهێنن سزا بۆ جەریمە بەکار دەهێنرێت، بەس لە قانوندا ئەگەر جەریمە نەبێت دەڵێت پەیوەست دەکرێت بە غەرامە نەك بەوەی سزا دەدرێت بە غەرامە، کە گووتت سزا دەدرێت دەچێتەو بابی جەریمەوە، یەعنی دەبێت ئەو وشەی سزایە لابرێت وەکو ئەوەی کە گوتم پەیوەست بێت، خاڵێکی تر حیکمەت چییە لەوەی کە لە ماددەی پێنج لەگەڵ ئەم ماددەیە ئاوە و ئاوەڕۆ جیاکراوەتەوە، هەردووکیان سەرپێچیە، کۆمەڵێك غەرامات هاتووە بۆ ئاو هاتووە و بۆ ئاوەڕۆش هاتووە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە بری ئەم هەموو سزایە کە هاتووە وەکو یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)، یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە کە یەك ماددەی عیقابی هێنابوو دەڵێت بە غەرامە، بۆ نموونە لە سەد و پەنجا هەزار دینار تاوەکو دوو سەد ملیۆن، ئەگەر ماددەمان هەبێت بڵێت سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکات، بۆ نموونە لە سەد هەزارەوە تاوەکو سەد ملیۆن ئیتر ئەو سەڵاحیەتە بدرێت بە مودیر عام خۆی بەپێی

سەرپێچیەکە تەحدیدی بکات، نەك ئەوەی کە زۆربەی ماددەکان بێنێتەوە بە دیاریکردنی ئەم سزایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرمووو.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی یەکەم، من پێموایە دیری یەکەمی دەبێت بەم شێوەیە لێبێت بۆ ئەوەی کورتر بێت باشتر مەفهومەکە بگات، کەسی سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ، تێچووی چاککردنەوە تاوەکو کۆتایی وەکو خۆی تاوەکو جێ بەجێ دەکرێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش ئەو سزایانەی کە لەو بڕگەیەدا هاتوون تەواوکەری یان بڵێین سەرەڕای پێچاککردنەوەیە کە لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە واتە ئەو هەردوو بڕگەیە ئەگەر لەگەڵ یەك دەمجیش نەکرێن، پێموایە دەبێت بڕگەی دووەم بەم شێوەیە دووبارە دابڕێژرێتەوە، سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ سەرباری پێچککردنەوە هەر وەك لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، وە ئەو نۆ خاڵەش وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەم شێوەیە مەفهومەکە باشتر دەگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکان بۆ ئەم قسانە لە کۆبوونەوەی لیژنەکانتاندا بکەن باشترە، ئەگەر شتێکی جەوهەریتان هەیە و لە کۆبوونەوەی لیژنە تەرحتانکردووە بە قسەتان نەکراوە ئەوە بیخەنە بەردەمی پەرلەمان، ڕەنگە لە پەرلەمان بۆتان بڕوات، بەڵام ئەم چاککاری و ئەوانە بڕوام وایە ئەگەر لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی خۆتان قسە بکەن زۆر باشترە، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، ئەو ماددەیە تەواو، دەچینە سەر ماددەی نۆ، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردراو یان لە ئەستۆگرتنی کڕینەوەی بە نرخی ڕۆژ، سەرپێچیکار بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- بڕی دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی موشەبەکی چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ.

٢- بڕێ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ بە چوارچێوەکەیەوە.

٣- بڕی چوار سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆل.

٤- بڕی پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەپاغی مەنهۆل بە چوارچێوەکەیەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی نۆ بکات با ناوی تۆمار بکات، ناوەکان دەخوێنمەوە (کاك مەم برهان، ئاشنا خان، کاك مەلا ناصر، کاك یاسین، کاك بەهمەن، حسیبە خان، کاك شێخ زاهیر، کاك مەلا جیهاد، سەرچنار خان)، ئاشنا خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من زیاتر لەسەر بەکارهێنانی ئەو وشانەیە، لە خاڵی یەکەمدا بە بڕی دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر بە بردنی تۆڕی موشەبەکی چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ، لە جیاتی وشەی چەپەری دەریچە بەکار بهێندرێت، پێشتریش لە ماددەکانی پێشوو کاتێك بەکار هاتبوو هەمان تێبینیم هەبوو، وەرگرتنی ئاوەڕۆ جارێکی تر ئاوەڕۆ وەرناگیرێت، بۆیە بکرێت بە ئاوی باران، دەریچەی وەرگرتنی ئاوی باران، وە بڕەکانیش لابرێت، بابڵێین حاڵێکە بڕ نووسراوە بڕەکان لابرێت پێویست ناکات، خاڵی دووەمیش هەر بە هەمان شێوە ئەو چەپەریە بکرێت بە دەریچەی ئاوی باران بە چوارچێوەکەیەوە، وە لە جیاتی بەکارهێنانی وشەی قەپاغی مەنهۆل سەری مەنهۆل بەکار بهێندرێت، چونکە ئەوەی لەبەر دەستماندایە سەری مەنهۆل بەکارهێنراوە، نازانم بۆ لێرە کراوە بە قەپاغ، لە چوارەمیشدا هەر بە هەمان شێوە قەپاغەکە بکرێت بە سەری مەنهۆل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە زۆر دوور و درێژیکراوە لەم ماددەیە، هەر زۆر بە وازحی بنووسرێت ئەوانەی کە ئەو بابەتانە دەدزن چ قەپاغی ئاوەڕۆیە یان ئاوە یان موشەبەکی ئاوە دەتوانرێ بگووترێت کە سەرەڕای پێ بژاردنی ئەو ماددانە غەرامەیەك دەکری لە نێوان دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ پێنج سەد هەزار دینار، یان سەقفێکی ئەعلای بۆ دیاری بکەی ئەو وردەکارییانەی پێویست نیە، چونکە کە گوتت ئەو ماددانەی کە ئاوەڕۆکان دادەپۆشێت یان پێداویستی ئاو و ئاوەڕۆیە ئیتر وازحە، یەعنی پێی چاك دەکەیتەوە دواتریش بە غەرامەیەك کە لە نێوان دوو سەد هەزار دینار بۆ پێنج سەد هەزار دینار غەرامەش بکرێت سەرەڕای ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا جیهاد فەرموو.

**بەڕێز جیهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی یا دیارە ئەم ل ساڵەکا وشکە ساڵی دا هەندی زیتر ئەڤ یاسایە بچیتە جێ بەجێ کرنێدا دێ باشتر بیت بۆ وڵاتی مە، چونکە ئیحتیماله ئەڤ چەندە هەنێ بویە دیاردەك بۆ برنا تشتێت حکومەتێ یان هەتا برنا ئاڤێ خەڵکەك هزر ناکەت کو ئەڤە عقوبەك دا هەبیتن یان ئەڤە گونەهەکە، دێجا ب رەئیا من شارەزایی دڤێرێدا راستە هەندەك پارە هاتیە دانان بۆ ئەڤان سزاکەرێ یا سەرپێچیا دکەن، بەس یاش من زێرەکیە کو لێرە ئەڤەیە مرۆڤ نەهێلیت خەڵك سەرپێچیا بکەتن، ئەڤە ژی دێ چاوا دێتە چێ کرن، مەسەلەن دانانا هەندەك پۆلیسا کو تایبەت بن بۆ پاراستنا ڤان شەبەکادا، چونکە مانە یا چاڤێ کەسەکی لێ نەبیت ئیلا جیرانەك شکایەتەکی

لێ بکەتن، یان ژی ئەڤ پارەی هەنە ئەڤی تێتە کۆم کرن بچیتە جێهەکی دا سەد پێ بێنە چێ کرن، یەعنی ڤێ ماددە و ماددەییێت بەری نها ژی کو ئاڤی ئەم جارەکا دی بشێین خەزن بکەینەڤە، یان ژی بدەن ب وان کەسا وەکی بەری ڤێ گاڤێ گووتی ئەو پۆلیس چاودێریا وانا دکەن، یا دوماهی ژی ئەز بێژم تەوعیە بێتە کرن یا خەڵکی هەتا ڤێ گاڤێ مە نەدیتیە راستی ئەز وەك مامۆستایەکی ئاینی کو گوتار بێژم ژی ئەڤە راگەهاندنێ دا ل قوتاخانە ل سەر مینبەرێت مزگەفتا تەوعیە بۆ خەڵکی بێتە کرن، ئەڤ تشتە کارەساتەکا مەزنە، جەریمەکا مەزنە، چاڤێ مە تشتێ حکومەتێ بیتن دا ئەم بشێین پێگڤە وەکی چاوا ل ماڵەکیدا سەرپێچی و دزین و خراپکاری نەهێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەر لەوەی سەرەنجەکەم بخەمە روو، پرسیارێکم لە هەردوو لیژنەی بەڕێز هەیە، لێرە بەس تەنها باسی بردن دەکەن، ئەگەر شکێندرا بوو چی؟ چونکە ئەوەش هەر زیان گەیاندنێکە یەعنی کە شکا کەڵکی نامێنێت، یەعنی یەکسان دەبێت بە بردن، بۆیە من پێشنیازی من یاساکە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕێژمە و کۆی ئەو خاڵەی کە لە چوارچێوەی ئەمەدا داڕێژراوەتەوە، من دەیکەم بە پەڕەگرافێك بەم شێوەیە خوارەوە، سەرباری گەڕاندنەوەی کەرەستەی براو یان شکێندراو و لە ئەستۆگرتنی کڕینەوەی بە نرخی رۆژ، سەرپێچیکار بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت لە نێوان دوو سەد تا پێنج سەد هەزار دنیار ئەگەر تۆڕی چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ، ئاوەڕۆ بە چوارچێوەکەیەوە، قەپاغی مەنهۆل، هەروەها بە قەپاغی مەنهۆل بە چوارچێوەکەیەوە بشکێنێ یان ببات، لە دوو سەد بۆ پێنج هەزار دینار ئەوە روون دەکرێتەوە، دواتر ئەو تەخمینە دەچێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی یان یان بۆ وەزارەتی مەعنی کە دیاری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆ سەرباری گەڕاندنەوەی کەرەستەی برداو یان لە ئەستۆگرتن کڕینەوەی بەپێی نرخی رۆژ سەرپێچیکار بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە خوارەوە دیاریکراوە، لە هەموو خاڵەکان لە دوو سەد هەزارەوە بۆ پێنج هەزار دینار، بەڵام بردنی کەرەستە دەچێتە قاڵبی دزیەوە پێویستە لە ڕێگای دادگاوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەك بەڕێوەبەرایەتیەکان، وە سزای داراییش بەپێی نرخی کەرەستەکە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ سەرباری گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردراو یان لە ئەستۆگرتنی کڕینەوەی بە نرخی ڕۆژ سەرپێچیکار بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، من پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت، سەرباری گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردارو یان لە ئەستۆگرتنی کڕینەوەی بە نرخی ڕۆژ یان پێ بژاردنی نرخی کەرەستەکە ئەگەر هاوشێوەی دەست نەکەوێت، سەرپێچیکار بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت بەم شێوەیە، لە دوو سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو لیژنە بەڕێزە دەمەوێت یەك قسە بکەم، کە شتێك بردرا دەدزرێت، یەعنی سزای دزی چییە؟ سزایە یەعنی دەبێت بڕێتە بەندینخانە ئەو کابرایەی شتی دەدزێت، یەعنی چ بە دوو سەد هەزار دینار یان سێ سەد هەزار دینار، یەعنی کابرا قەیناکە دەبوایە لەو ماددەیە ئەوە دابنرابا هەر کەسێك بە نەزانین سەر مەنهۆلێك یان شتێکی برد یان شکاندی سزا بدرێت، نەك ببردرێت، ئێ ئەوە دزیە، دزیش دەبێت سزا بدرێت، بۆیە دەبێت ئەو ماددەیە گۆڕانکاری یاسایی تێدا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ ئەگەر بکەوێتە بواری جێ بەجێکردنەوە بەم شێوازە بڕوات وا دەزانم ئیشکالیاتێك دروست دەبێت لە جێ بەجێکردن و لە تەتبیق لە محاکەمەکاندا، چونکە وشەی بردن لێرە مەعنای دزیە، یەعنی بتەوێت و نەتەوێت هیچ تەفسیرێکی تر نادات، ماددەی (٤٤٤)ی یاسای سزاکان بە هەموو ئەرکانەکانی جەریمەوە بەسەریدا جێ بەجێ دەبێت، ئێمە لێرە بڵێین موخالەفەی ئیدارییە ئەگەر کەسێك سەری مەنهۆلی بردبێت بێتە دادگاوە چ عقوبەیەکی لەگەڵ، بڕۆ بۆ ئەم یاسایە ماددەی نۆ مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت، یان دەڵێت وەرەوە بۆ یاسای سزاکان، یەعنی دەبێت لیژنەی یاسایی ئەمە یەکلایی بکاتەوە بەڕاستی، چونکە ناکرێت لە هەمان کاتدا تۆ بڵێی موخالەفەی ئیدارییە و جەریمە نیە، لە هەمان کاتدا ئەرکانی جەریمەشی بەسەردا جێ بەجێ بێت، چونکە وشەی بردن جگەلە دزی لێرە هێچ تەفسیرێکی تر هەڵناگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆیەم لە بەشێکی قسەکان پشتیوانی قسەکانی خاتوو سەرچنار دەکەم، وە بۆ ماددەی نۆیەمیش پێمباشە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە سەرباری گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردراو یان شکێندراو لەلایەن کەسی سەرپێچیکار بە لە ئەستۆگرتن یان کڕینەوە بەپێی بژاردنێک سزا دەدرێت لە نێوان دوو سەد بۆ پێنج سەد هەزار دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی (١٠)، تکایە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

یەکەم: هەر کەسێك بۆ جاری دووەم زیادەڕۆیی لەسەر ڕێگەی پرۆسەی بەستنەوەی ئەنجام بدات بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی کەرەستەکانیش.

دووەم: ئەم بارانەی خوارەوە بە دۆخی توندکراو دادەندرێت:-

١- ئەگەر زیادەڕۆیی لەلایەن کەسێکی هونەری یان پیشەوەر ئەنجام بدرێت.

٢- ئەگەر زیادەڕۆی لەلایەن فەرمانبەرانی وەزارەت ئەنجام بدرێت.

٣- ئەگەر زیادەڕۆکار لەسەر ئەو تۆڕەی کە زیادەڕۆی لەسەر کردووە ڕێگە بە زیادە ڕۆیی یان سەرپێچی کەسانی تر بدات.

٤- سەرباری ئەو سزایەی کە خاڵی دووی بڕگەی(دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، فەرمانبەر لە حوکمەکانی یاسای بەرجەستە کردنی فەرمانبەرانی بەرکار لە هەرێم بەدەر ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چ بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی(١٠) قسە بکات، کاك هەڵکەوت، حسیبە خان، کاك مەلا جهاد، ئاشنا خان، کاك بەڵێن، دکتۆر اسماعیل، سەرچنار خان، بدریە خان، کاك شێخ چاهر.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٠) بڕگەی (یەکەم) هەرکەسێك بۆ جاری دووەم زیادەڕۆی لەڕێگەی پرۆسەی بەستنەوەی ئەنجام بدات بە پێبژاردنێکی سزا دەدرێت کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ملیۆنێك دینار زیاتر نەبێت، داوا لە بەڕێزتان دەکەم داواکارم لایەنی پەیوەندیدار دەعوایەکی یاسایی لەو لایەنە یان ئەو کەسەی ئەو زیادەڕەوییە دەکات بدرێ بە دادگاو یاسا حوکمی بۆ دەرکات، ئایا بڕەکە چەند بێت یاخود بە چەند ڕۆژێك مانگێك زیندانی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی(١٠) بڕگەی (سێیەم) ئەڵێ سەرباری ئەو سزایەی لە خاڵی دووی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری خاڵی دوو بکەی لەبڕگەی (دووەم) هیچ سزایەکی تیا نییە، بەڵکو باسی ئەو شەخسە ئەکا کە سزاکە ئەیگرێتەوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەو شێوازە دابڕێژرێتەوە بڕگەی (سێیەم) سەرباری ئەو سزایەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە تایبەتە بەخاڵی دووەمی بڕگەی (دووەم) فەرمانبەران لە حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی بەرکار لە هەرێم بەدەر ناکرێن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو بەدریە خان.
**بەڕێز بەدریە اسماعیل محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پرسیارێك لە لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم بۆ نموونە لە ماددەی (١٠) بڕگەی (سێیەم)، دوای بڕگەی سێ پرسیاری ئەوە ئەکەم لە لیژنەی پەیوەندیدار ئایا بۆ نموونە ئەگەر یەکێك زیادەڕۆییەکی ئەنجام دابێت یان تاوانێکی سەبارەت بە ئاو و ئاوەڕۆ ئەنجام دابێت، یەعنی بیدایەت بێت دەست بە کارەکەی بکات هێشتا بۆ نموونە تەواوی نەکردبێت لەسەرەتای ئەنجامدانی سەرپێچیەکەیا بێت عقوبە بۆ ئەو کەسە چی دەبێت؟ کە هەمان سەرپێچیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.
**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەسەر بڕگەی(یەکەم) ئەڵێ هەرکەسێك بۆ جاری دووەم زیادەڕۆی بکات ئەڵێ بۆجاری دووەم، ئەی ئەگەر بۆ جاری سێیەم و چوارەم بوو چی؟ ئەمە لە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەتوانی ئا بەم شێوازە لێبکەی بە پێبژاردنێك پەیوەست دەکرێ کە دوو هێندە بێت لەباری گەڕانەوە بۆ سەر هەمان سەرپێچی، ئیتر ئەمە چەندجار بگەڕێتەوە لە باری گەڕانەوە ئەمە بڕگەی یەك، بڕگەی دووەم ئەم بارانەی خوارەوە بە دۆخی تووندکراو دائەنێن دۆخی تووندکراو ئەوە زەرفی موشەدەد باسێکی جەزائیە نەك ئیجرائیەکی شکلی بێت یان تەنزیمی بێت، لێرەیا شوێنی نابێتەوەو ئەبێ لابرێت ئەگەر قەرارە جەریمە نەبێت ئەم بابەتانەو ئیداری بێت، بڕگەی سێیەم من ئەڵێم هەر لابرێت، چونکە ئەوە تحسیل حاسلە وە لە یاسای ئینزیباتی مۆزەفی دەورەو لەگەڵ یاسای نەزاها شوێنی کراوەتەوەو زیادەیە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) بڕگەی (یەکەم)ی ئەڵێ هەر کەسێك بۆجاری دووەم زیادەڕۆی لە ڕێگەی پڕۆسەی بەستنەوە ئەنجام بدات لە ڕێگەی پڕۆسەی بەستنەوە، بەبڕوای من زیادەیە زیادەڕۆی ئەنجام بدات ئیتر هەر جۆرە زیادەڕۆییەکە بەبڕوای من پێشنیار دەکەم لابرێت، وە پشتگیری قسەکانی سەرچنار خان دەکەم بۆ دەربڕینی کە وتی بەو شێوەیەی لێبکرێت بەو شێوەی لێبکرێت کە خاتوو سەرچنار وتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (١٠) یەکەم: هەر کەسێك بۆ جاری دووەم زێدەڕۆی لە ڕێگەی پڕۆسەی بەستنەوە ئەنجام بدات، من پێشنیاز دەکەم ئەو دێڕە لەگەڵ دووەم ئەم بارانەی خوارەوە بە دۆخی توندکراو دادەنرێن، (دادەنرێن) بکرێتە هەژمار دەکرێن، ئەو بڕگەیە بکرێتە هەرکەسێك بۆ جاری دووەم زیادەڕۆی لە ڕێگەی پڕۆسەی بەستنەوە ئەنجام بدات ئەوە بکرێتە خاڵی یەکەم لە دووەم، دووەم و سێیەم و چوارەم بەم شێوەیە، بڕگەی (سێیەم) سەرباری ئەو سزایانەی کە لەخاڵی دووەمی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە فەرمانبەران لە حوکمەکانی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی بەرکار لە هەرێم بەدەر ناکرێن، من پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێت سەرباری ئەو سزایانەی کە لە خاڵی دووی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە حوکمەکانی یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەران لەسەر کەسی زێدەڕۆکار یان سەرپێچی کار جێبەجێ دەکرێت ئەگەر فەرمانبەربن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوانە بۆیان بێنن بەنووسین باشە، سەرچنار خان بەڕێزیشت.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان، ل دەستپێکێ پشتگیریا ئاخافتنێت برای بەڕێز کاك هەڵکەوتی دکەین یا دیارە تەبعەن پارەکی مەزن دێتە سەرف کرن بۆ دابین کرنا ڤێ ئاڤا هەنێ وە ئەڤ گەلەك گەلەك موهیمە بەس ئەز بێژم ڤی شکلی هەنی بیتن ئەڤە بۆ ئەڤ دائیرێت مەعنی کو چاڤدێریا ڤێ پرۆسا ئاڤ تەوزێح کرنێ دکەن و یان حەتا کەرستێت ئاڤێ دکەن، ئەز بێژم نەشن سەیتەرێ درستاوی سەر بکەن، بۆچی چۆنکە خەلکی بەرێ نەهێ یە کری وە ئەز نموونەکی بینم خەلك ڤێئاڤێ مە ئیحترامەت هەی نە هەمی یەعنی هندەك دزینا ئاڤێ گەلەك گەلەکا شارەزا بوون یەعنی کەس نموونەکی بینم بەری چەندەکێ مقاولەکی گۆتە من گۆ سەیدا مە وەك پرسیارەکا دینی کە درستە یا نە ئیکێ خانووەکی بۆخۆ چێ کری بەری یەعنی حەدادێ ئاڤێ بێژین بۆڕیەکا ئاڤێ خویا بلوکا دەرێ خستی یەعنی پشتە پێش نزانیتن یەعنی حالەتێ نزانیتن، جا ئەز بێژم هندەکێت هەی بەشێوازەکی ئاڤ دزیە بیستانە ل بەر دکەن بۆ وی ئیعتماله نورمال

بیـتن پێـنج سـەد هەزارا پـارا بـدات یـان هەتـا ملیـۆنەکی بـداتن دشـێت جـارا سـێ یەشـی هەر بەردەوام بیتن ڤێ چەندێ، ئەز بێژم سزا بێتە زێدە کرن وە یان ژی بـدەنە دادگەهـێ سجن دگەل بیت، چونکە کەسەك هەی ملیونەك نەشهێ بداتن یەعنی ئیعتماله ژ فەقیریا خـۆ ئەڤ ئـاڤە وەلـێ کـری دا حەقـێ ئـاڤێ نەداتـن، ڤـی چەنـدە هـاتە کـرن پـارە نەبـوو دەنە ئـاڤێ، یەعنـی ئەمە بێـژم حەدەکی یاسایی هەبێ کو ئەو ژی دادگا هەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٠) بـڕگەی (یەکەم) بەم شـێوەیە لێبکرێـت هەرکەسـێك بـۆ جـاری دووەم زیـادەڕۆی لە ڕێگەی پڕۆسـەی بەسـتنەوە ئەنجـام بـدات بە پـێ بژاردنێـك سـزا بـدرێت کە دوو هێنـدەی سـزای پێشووی بێت، بڕی ئەو سزایە دیاری نەکرێتن کە بۆ جاری دووەم سـەرپێچی دەکـاتن ڕاسـتەوخۆ دوو هێندەی لێ ئەکرێت وەك ئەوەی کە خاتوو سـەرچنار باسـی کـرد لەوانەیە کەسـی زێـدەڕۆکار جاری سێیەم و چوارەمیشی بێت، لە بڕگەی (دووەم) ئەم بارانەی خـوارەوە بە دۆخـی توونـدکراو هەژمار دەکرێن، پشتیوانی کاك شێخ ظاهر دەکەم دادەنرێن نا، وە هەروەها بڕگەی (سـێیەم) پـێم باشە بڕگەی سێیەم بکرێت بە خاڵێك لەناو بڕگەی(دووەم)دا بەم شێوەیە، بکـرێتە خـاڵی چـوارەم: کە لەبڕگەی سێیەم بەو شێوەیە هـاتووە، سـەرباری ئەو سـزایەی کە لەخـاڵی دوو بـڕگەی (دووەم) ئەم ماددەیەدا هاتووە فەرمانبەران لە حوکمەکانی یاسای بەرزەفت کردنـی فەرمـانبەرانی بەرکـار لە هەرێم بەدەر ناکرێن، کەواتە من پێم باشە بڕگەی سێیەم بکرێت بە خاڵێك بەو شـێوەیە کـورت بکرێتەوە، ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە بـدرێت فەرمـانبەران لە حوکمەکـانی یاسـای بەرزەفـت کردنـی فەرمانبەرانی بەرکار لە هەرێم بەدەر ناکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من لایەن خوشکا سەرچنار هاتنە کرن، ئەز پشتڤانیا ئاخافتنێ وێ دکەم، زور سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی (١١) بیخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) یەکەم/ یەك: بڕی ئەو پێبژاردنانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری لێـدەدرێت بەڕێژەی ٣٠٪ کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لەماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتـی دەرچوونی بڕیارەکە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە.

دوو: بـڕی پێبـژاردنەکە کە بەڕێـژەی پـانزە لە سـەد، کەم دەکـرێتەوە ئەگەر سـەرپێچی کـار یـان زیادەڕۆکار لەماوەی سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیـارەکە ئەسـتۆی خـۆی لـێ پـاك بکـاتەوە،

سێ: بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی دە لە سەد، کەم دەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچی کار یان زێدەڕۆکار لەماوەی شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە.

دووەم/ یەك: ئەگەر زیادەڕۆکار یان سەرپێچی کار ئامادە نەبوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕی پێبژاردنەکە بدات ئەوە بەپێی یاسای وەرگرتنی قەرزەکانی حکومەت ژمارە (٥٦) ساڵی١٩٧٧ هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

دوو: ئەگەر وەرگرتنی بڕی پێبژاردنی بڕیار لێدراو بەپێی خاڵی یەکی ئەم بڕگەیە مەحاڵ بوو ئەوە دۆسیەی سەرپێچی کار یان زیادەڕۆکار ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێت و بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت و سزا دەدرێت.

سێ: حوکمدراو بەپێی خاڵی دووی ئەم بڕگەیە ئەگەر ماوەی بەند کردنەکەشی تەواو بێت تا بڕی پێبژاردنی بڕیار لێدراو ڕادەست نەکات ئازاد ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن فەرموون ناوەکانیان بنووسە، شیرین خان، کاك مەلا ناصر، کاك ڕزگار، کاك بەهمەن، سەوسەن خان، کاك شێخ ظاهر، حسیبە خان، دکتۆر محی الدین، بدریە خان، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، سەرچنار خان، کاك مەم برهان، مەلا جیهاد، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سێ خاڵی بڕگەی یەکەمدا با ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە، بەڵام لە سێ خاڵی بڕگەی دووەمدا لە هەرسێ وشەی پێبژاردنەکەدا هاتووە یەعنی، بۆیە یەعنی ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە بەڕای من وشەیەکی مەتاتیە، یەعنی چونکە لەوانەیە ئەگەر تەرجومەی حەرفی بەرازیمە بێت ئەوە شتی تریش ئەگرێتەوانێ کە بڵێم من ئەو سەرپێچیەم ئەنجام نەداوە، بەڕای من بکرێتە پێبژاردن وەکو سێ خاڵی بڕگەی دووەمی لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان ئێمە یاسایەکمان هەیە یاسای مەسەلەن ژمارە (٣) ٢٠١٩ تایبەت بە بەناوکردنی خانووە زێدەڕۆکان کە نزیکەی دووسەد سێ سەد هەزار خانووی زێدەڕۆکار هەیە ئاویان بە زیادەڕۆی ڕاکێشاوە، ئەو یاسایە ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێ کردن ئەوانە هەموویان بە سەرپێچی هەژمار دەکرێن چۆن موعالەجەی ئەو بابەتە دەکرێت؟ پرسیارەکەم ئاڕاستەی برادەرانی لیژنەی یاساییە، ئەوی تریان پەیوەندی بە بڕگەی دووەمەوە هەیە کە کەسێك سەرپێچی دەکاو ئەگەر هاتوو پێبژاردنەکە مەحاڵ بوو سێ مانگ بۆ شەش مانگ حوکم دەدرێت لە دادگا، بەڵام دواتر ئازاد ناکرێت پێم وایە یەعنی ئێستا دەکاتە سەر چی ئەوە سزایەکی تەکنیکیە ئیجرائاتی ئیعترازیە، من پێم وایە ئەوە لابردرێت چونکە ئازاد کردن و ئازاد نەکردن لە

دەسـەڵاتی دادوەرە پێویسـت ناکـاتن وەزارەتێـك مـخەوەل کەیـن بـۆ ئەوەی کە تەوجیهـی دادگـا بکاتن کەسەکە ئازاد دەکرێ تا پێبژاردنەکە نەداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١١) بـۆ بـڕگەی یەکەم لە خـاڵی یەکەمـدا، بـڕی ئەو پێبژاردنـانەی کە بەپێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری لێ دەدرێت بەڕێژەی ٣٠٪ کەم دەکرێتەوە، ماوەکەی زیـاد بکرێـت لە پانزەوە بۆ سی ڕۆژ، وە بۆ خاڵی دووەم زیاد بکرێت بۆ شەست ڕۆژ، وە بـۆ خـاڵی سـێیەم زیـاد بکرێت بۆ نەوەد ڕۆژ، وە سەبارەت بە بڕگەی ( دووەم) پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر محـی الـدین دەکەم منیش هاوڕام، چونکە لە خاڵی دووەمدا جۆری سزاکە هاتووە کە بەند دەکرێـت ناکرێـت لە خاڵی سێیەمیشا ئازاد نەکرێت بـۆیە هەڵگرتنـی ئەو بـڕگەیەم پێباشـە، وە پشـتگیری لە قسـەکانی مامۆستا ابوبکر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١١) بڕگەی یەکەم کە بە سێ خاڵ هاتووە من پشتیوانی لە برای بەڕێزمـان کـاك ابـوبکر دەکەم، کە لە کۆتایدا دەڵێ ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە بەڕای منیش تەعبیرێکی گونجـاو نیـیە، ئەوجا ئێمە دەتوانین لێرە ئەگەر بکرێتە کارەکە ڕاست دەکاتەوە، یاخود هەڵەکەی ڕاسـت بکـاتەوە زۆر باشتر دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا پێم وایە ئەستۆی خۆی لێ پاك بکاتەوە تەعبیرێکی گونجـاو نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (١١) سێ بڕگە هاتییە لەو سێ خاڵانە من پێشـنیاری ئەوە دەکەم لە بـڕگەی یەکەم تەنهـا دوو بـژاردە هەبێـت، یەکەمیـان: ئەو پێبژاردنـانەی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە کە بڕیـاری لێدەدرێت بەڕێژەی سەدا سی لێ کەمدەکرێتەوە ئەگەر سەرپێچی کـار یـان زیادەڕۆکـار لەمـاوەی پـانزە ڕۆژەکە، پـانزە ڕۆژەکە بکـرێتە سـی ڕۆژ لەڕێکەوتـی دەرچـوونی بڕیـارەکە ئەسـتۆکەی پێویست نییە لەگەڵی دابێت، وە خـاڵی سـێیەمیش بکرێـت بە دووەم بـڕی پێبـژاردنەکە بەڕێـژەی سەدا پـانزە لـێ کەمـدەکرێتەوە ئەگەر سـەرپێچی کـار یـان زیادەڕۆکـار لە مـاوەی شەسـت ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کردوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن هەمان ڕەئی مامۆستا ابوبکرم هەیە پشتیوانیشی دەکەم، تۆ لێرە پێی دەڵێی پێبژاردن لە ئەخیرەوە ئەستۆ پاکیە، ئەستۆ پاکی ئەگەر بکرێتە عەرەبی برازیمەیە، بەرازیمە بۆ کەسێکە کە تاوانەکەی نەکردووە یان بوختانی پێدا کراوە بۆیە بکرێتە پێبژاردن تا پێبژاردنەکە جێبەجێ دەکات لە جیاتی ئەستۆ پاکی، لە بڕگەی دووەمیش لەبەر ئەوەی تۆ بڕگەی یەکەم سێ مودەت بۆ دیاریی کردوە، پانزە ڕۆژ، سی ڕۆژ، شەست ڕۆژ، کەسێك لەماوەی شەست ڕۆژ ئامادە نەبێت ئەم پێبژاردە بدات کەواتە نایەوێت ئەم پێبژاردنە بدات، بۆیە پێم وایە خاڵی یەکەم لە بڕگەی دووەم زیادە لابرێت هەر تەنها یەکسەر ئیحالەی دادگا بکرێت، بۆ ئەوەی کە سزای خۆی وەربگرێت، چونکە کەسێك لەماوەی شەست ڕۆژا ئامادە نەبێت ئەو پێبژاردنە بدات کە لەسەری ئیسپات بووە کەواتە ئامادەنیە ئەگەر بیخەیتە سەر یاسای پێبژاردنەوەی قەرزەکانیش هەر نایدات، بۆیە ئەوە عەمەلیەکەو موماتەڵەی تێ ئەخاو مودەتەکەشی درێژتر دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) بڕگەی دوو خاڵی سێیەم، کە باسی حوکم دەکات کە کەسێك سەرپێچی بکات و حوکم بدرێت ئەگەر نەیتوانی یانی لەو کاتەشا ئەگەر نەیتوانی پێبژاردنەکەش بدات ئازاد نەکرێت، لە ڕاستیا ئەو کەسە ناکرێت دووجار هین کرێت ئەگەر جارێك حوکمی خواردبێت پێویست ناکات پێبژاردنی پێبژێردرێت، ئەگەر هەیبێت دیارە ئەوەی کە دیاری کراوە پێبژاردنەکەی ئەدات و ناچێتە بەندیخانە دیارە نیەتی کە سزای وەرگرت و سێ مانگ تا شەش مانگ لە بەندیخانە ماوە ئیتر پێویست ناکات بابڵێین سزای مادیش بدرێت، وە پشتگیری دەکەم لە قسەکەی کاك بەهمەن و کاك دکتۆر محی الدین و شیرین خان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە بەڕێز کاك دکتۆر محی الدین و مامۆستا ابوبکر دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١) خاڵی دووەم ئەگەر وەرگرتنی بڕی پێبژاردنی بڕیار لێدراو لە خاڵی یەکی ئەم بڕگەیە مەحاڵ بوو، ئەوە دۆسیەی سەرپێچی کار یان زیادەڕۆکار ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێت بەبەند کردن بۆ ماوەی ئەوەندەی کە کۆتایی، بەڕای من بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بابەتە هەست دەکەم عقوبەکەی زۆر توندە یەکەم سەرقاڵی کردنی مەحاکیمە وە بابەتەکە جەریمە نیە بۆ نموونە جاری وا هەیە سەرپێچی مرورو قانوونی هاتوچۆش هەیە بۆ گرتنی بە دوادا نایەت، بەڕای من پێ ئەچێت ئەم سزایە زۆر قورسە و توندبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بـۆ ئەنـدامانی بەڕێـزی هەردوو لیـژنەکە راسـپاردە پێشـنیازە دەخەمە ڕوو، بۆخـاڵی یەکەم دووەم سـێیەم بەمشـێوەیەی لێبکرێـت ئەمە تێکسـتەکە ئەخـوینمەوە، بـڕی ئەو پێبـژاردنەی کە بەپێـی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە بڕیـاری لـێ دەدرێـت کەمـدەکرێتەوە بەم ڕێـژانە لەسـەدا سـی لەمـاوەی پـانزە ڕۆژ، لەسـەدا پـانزە بۆمـاوەی سـی ڕۆژ، لە سـەدا دە بـۆ مـاوەی شەسـت ڕۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەلاجهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس ئاخافتنێ من هاتینە کرن و پشگیریا حسیبە خانێ و سەوسەن خانێ دکەم و وە کاك بهمەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی(١١) بـڕگەی (دووەم) یەکەم زیادەڕۆکـار یـان سـەرپێچی کـار ئامـادە نەبـوو، لێـرە وشـەی ئامـادە نەبـوو بەشـێوەیەکی زۆر مەتـاتیە، واتـا ئەگەر ئەو کەسـە پـارەی پێبـی توانـای هەبـی سەرپێچیەکە بدات و لەوانەیە نەشی دات، لە خاڵی دووەمی هەمـان بـڕگە ئەگەر وەرگرتنـی بـڕی پێبژاردنی بڕیار لێدراو بەپێـی خاڵەکـانی ئەلفی ئەم بـڕگەیە مەحـاڵ بـوو، لێـرە مەحـاڵ جەنابـت دەزانی تەنفیزکردنی ئیلتیـزام ناکرێـت بەڕاسـتی جیـاوازە لەگەڵ ئەو وشـەیە، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم بەمشێوەیەی لێبکرێت، خاڵی دووەم ئەگەر وەرگرتنـی ئەو پێبـژاردنەی کە بڕیـاری لێـدراوە بە پێی خـاڵی یەکـی ئەم بـڕگەیە نەتـوانرا جێبەجـێ بکرێـت، ئەوە دۆسیەی سـەرپێچی کـار یـان زێدەڕۆکار ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکەی دەکرێت و بە بەندکردن بۆ مـاوەی کە لە سـێ مانگ کەمتر نەبێت و لە شەش مانـگ زیـاتر نەبێـت سـزا دەدرێـت، لێـرە پێشـنیاز دەکەم دێڕێکـی تریش بۆ زیادبکرێت ئەگەر بەندکراو لە کاتی بەندکردنیدا بڕی پێبـژاردنەکە بـدات ئەوا حـوکمەکە کۆتـایی دێـت واتـا ئەگەر مـانگەك گیرابـوو دوای پـارەکەی دا یەکسـەر حـوکمەکەی کۆتـایی بێـت، خــاڵی سـێیەم حوکمـدراو بەپێــی خــاڵی دووی ئەم بــڕگەیە ئەگەر مــاوەی بەندکردنەکەشــی تەواوبێت، تا پێبژاردنی بڕیارلێدراو ڕادەست نەکات ئازاد ناکرێـت، بەڕاسـتی مـن پێشـنیاز دەکەم ئەو بـڕگەیە لابـدرێت بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، چـونکە بەنـدکردنەکە لە مقـابیلی ئەوەیە کە پێبژاردنەکە نادات کاتێك ئەگەر پێبژاردنەکەیـدا لـۆ بەنـد بکرێـت یـان ئەگەر بەنـدکرا حـوکمەکەی

تەواو بـوو لـۆ بەرنەدرێـت، واتـا لە مقـابیلی یەکـن وە پێشـنیاز دەکەم ئەو بـڕگەیە لابـدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس، فەرموو کاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، ماددەی (١١) بڕگەی ( یەکەم) خـاڵی یەکەم دووەم سێیەم، بـڕی ئەو پێبژاردنانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیـاری لێـدەدرێت لەسـەرپێچیکار بە ڕێـژەی لە ٣٠٪ کەمــدەکرێتەوە، ئەگەر ســەرپێچیکار لە مــاوەی پــانزە ڕۆژدا لەڕێکەوتــی دەرچــوونی بڕیارەکە لە ئەستۆی خۆی پاك بکاتەوە یان بڕی لە سەدا پانزە لەماوەی سی ڕۆژ وە بـڕی سـەدا دە لەماوەی شەست ڕۆژ، بۆیە پێویستە بەهیچ شێوەیەك ماوە درێژنەکـرێتەوە بـۆ شەسـت ڕۆژو بـۆ ئەو ماوەیە بۆ چاکردنەوەی زیادەڕەوی، چونکە هەندێ زیادەڕەوی لە تۆڕەکـانی ئـاو دەبێـتە هـۆی بێ ئاو بوونی هاووڵاتیان لە گەڕەکەکان و لە سنوورەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە بـڕگەی (یەکەم) لە خـاڵی یەکەم و دووەم و سـێیەم، لەگەڵیـانیم لەبەر ئەوەی ناسـازیەك دروست ئەکات لە جێبەجێ کردنا لەگەڵ یاسای ژمارە (٥٦) ساڵی ١٩٧٧ وە قەرزەکانی حکومەت، چـونکە لەوێ بەهیچ شـێوەیەك بەخشـینی تێـدانییە، لێـرە لە سـەدا سـی و لە سـەدا پـانزەو ئەوانە یەعنـی ئەمە نـاعەدالەتیە کەسـێکیتر قەرزاری حکـومەتە هـیچ بەخشـینێکی بـۆ ناکرێـت، بەڵام لێـرە بەم دەرەجاتـانە بەخشینی بـۆ دەکرێـت کە ئەمە نابێـت، بـڕگەی(دووەم) لە خـاڵی یەکەمـا هێنـاویەتی ئەڵـێ، خـۆی ئەڵـێ ئەگەڕێینەوە بۆ یاسای ژمارە (٥٦) سـاڵی١٩٧٧ هەمـوارکراو کە یاسـای وەرگرتنـی قەرزەکـانی حکـومەتە، من ئەڵێم ئەمە باشە چونکە لە یاسـای وەرگرتنـی قەرزەکانـا تـۆ ئۆتۆمـاتیکیەن ئەگەڕێیـتەوە بـۆ یاسـای تەنفیـز لە جێبەجـێ کردنـا لەبەر ئەوە خـاڵی دووەم و سـێیەم هەر لابردرێـت و هـیچ ڕەوایەکـی نـیەو موخـالەفەی مەبـادیئی قـانوون و شـەریعەی ئیسلامیشـە بـۆچی، لەبەر ئەوەی خـاڵی دووەم ئەم بـابەتە ئەکا بە جەریمە ئیحالەی دادگای ئەکـات وە ناکرێـت پێبـژاردن قەرز تـۆ بـیکەی بە جەریـمە یەعنـی ئەمە نەبـووە تـۆ قەرزکـردن بکـرێ بە جەریـمەو سـزای لەسـەر هەبێـت وە ئەمە تەبـعەن حەپسـی بەدەنـی و ئیکراهی بەدەنیە، ئەمە ئەگەڕێـتەوە بـۆ قـانونی تەنفیـز بەپێـی ئیجرائاتەکـان مـامەڵەی لەگەڵا ئەکەیـن، لەبەر ئەوە خـاڵی سێیەم ئەوە ڕەنـگە نەیبـوو موسـتەحیلە ئەوە هەر بەنـد دەکرێـت یەعنـی دەرناچێـت لەوێ تا قەرزەکەی نەداتەوە، یەعنـی نابێـت ئەمە پـێچەوانەی مافەکـانی مـرۆڤە پـێچەوانەی مەبـادیئی شـەرعی ئیسـلامە (وان کـان ذو عسـرة فنظـرة الـي میسـرة) یەعنـی ناکرێـت، خـاڵی دووەم و سـێیەمی بڕگەی (دووەم) لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام یەکەم ئەوە قەرزنیە وەکو ئەوەی کەسێك لە کەسێکی قەرز کردبێ و موحتاج بێت و موقارەنەی کەین لەگەڵ کەسێکا کە زیادەڕۆی کردووە یان سەرپێچی کردووە، قەرزێکی حکومیە نەتیجەی سەرپێچی و دەست درێژی کردنە سەر ژێرخانی کەرتێکی دیاریکراوە یەعنی وەجهی موقارەنە نیە لە نێوان ئەوەی کە کەسێك لەبەر هەژاری قەرز ئەکا وە کەسێکیتر یان کەسێك سولفەیەکی لایە ناتوانێ بیداتەوە سولفەکە ئی حکومەتە لەگەڵ کەسێك کە تاوانی کردووە بەوەی کە بۆ نموونە بۆڕی ئاوی نێوان دوو شاری گەورەی شکاندووەو وە ئەبێ بیبژێرێت زۆر جیاوازی هەیە لە ڕاستیا سەرچنار خان.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی هەیە یەکەم پشتیوانیا پشگیریا مامۆستا ابوبکر دکەم بۆچونا وی، دوو بڕگەی دووەم خاڵا دووەم بێژیتن دێ ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێ، مادام ڕەوانەی دادگا دەکرێن ئەبێت دادگا حوکمی بۆ دیاری بکەت لێرە هەر دووشت ئیعالەی دادگا دکەت دووەم بەند دەکرێت بە موودەی سێ مانگ زیادە، هەر لێرە بلێت زیادەڕۆکار ڕەوانەی دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە دەکرێت، ئەویتر زیادە ئەو دادگای تایبەت حوکمی دەدات بە چ حوکم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخر ئەگەر دادگا بۆ حوکمی ئەو حاڵەتە نەصێکی قانوونی لەبەر دەستا نەبێت بە چ حوکمدات، ئەبێت نەصێکی لەبەر دەست بێت (لا جريمة ولاعقوبة الا بنص) کە ئیحالەمان کرد بۆ مەحکەمە.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

ئەگەر مەحکەمەی تایبەت بیت مەفرووزە هەر هەبیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا مەحکەمەی ناوچەکە.

**بەڕێز/ اسماعیل علی طه:**

لێرە نوسراوە دادگای تایبەتمەندی ناوچەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ بزەبت بەدائا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشی سێیەم محەڕەماتی پرۆژەو تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ ماددەی (١٢)یەکەم محەڕەماتی پرۆژەکانی ئاو بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت.

یەك: محەڕەماتی بیری ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری بیرەکە پانزە مەتر.

دوو: محەڕەماتی کانیەکان و بیرە ڕووکارییەکان بیست و پێنج مەتر کەمتر نابێت.

سێ: بۆ محەڕەماتی پرۆژەکانی وێستگەکانی ئاو لە شورەکەی بیست و پێنج مەتر.

چوار: بۆ محەڕەماتی وێستگەی لاوەکی ئاو لە شورەکەی پانزە مەتر.
پێنج: بۆ محەڕەماتی خەزانی سەر زەوی و ژێر زەوی لە شورەکەی دە مەتر.
شەش: بۆ محەڕەماتی خەزانی بڵند بە پێوانەی بەرزیەکەی لێکدان یەك پۆینت پێنج دەبێت، دووەم کارگەکانی چەو و لم دەبێت لایەنی کەم سێ کیلۆمەتر دووربێت لەبەشی وەرگری پڕۆژەکانی ئاو، ئەگەر کەوتبووە بەشی سەرەوەی وەرگری پڕۆژەکە یەك کیلۆمەتر دووربێت، ئەگەر کەوتبووە بەشی خوارەوەی بەرگری پڕۆژەکەو لە هەردوو دیوی ڕووبارەکە لەگەڵ جێبەجێ کردنی گشت ڕێکارەکانی پاك ڕاگرتنی ڕێڕەوی سەرەکی ڕووبارو سەرچاوەکان لەهەر جۆرێکی پیسبوون، سێیەم پڕۆژەو کێڵگەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرو ماسی پێویستە دووریان لە کانیەکان و بیرە ڕووکاریەکان و پڕۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو ئاوەڕۆ لە پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئەیەوێت قسەبکات لەسەر ئەم ماددەیە فەرموو بیان نووسە، نجات خان، کاك ادریس، ئاشنا خان، کاك مەلا جیهاد، نجات خان، د. شێرکۆ، د. اسماعیل، د. محی الدین، بەدریە خان، د. عوسمان، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك عثمان سێدەری، مامۆستا عمر، کاك یاسین، د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، والله هەر لەسەر مەسەلەی مەحرەمات یەعنی ئەی ئەگەر تۆڕی ئاوەکە خۆی وێران بوو، ئێستا یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی تۆڕی ئاو لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەگەڕێتەوە برۆ سەردەمی سەد ساڵ لەمەو پێش، یەعنی ئێستا پارێزگا بە پارێزگا تەبعەن دوای تحقیق بۆڕیەکان وا ژەنگی هەڵهێناوە لەژێر خاکی پارێزگاکانا شارەکان بەتایبەتی، بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار گەورەترین هۆکاری پیسبوونی ئاوی خواردنەوەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەمە ئەبێ لەم ماددەی محەڕەماتە یا ئەبێ باس بکرێت بەڕاستی، تەبعەن باسنەکراوە بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەیەك تایبەت بکرێت بە مەحەرەماتی سیانە نەکردنی ئەو پیس بوونە لە تۆڕی ئاو خۆیا هەیە، لەبەر هۆکار بێ چاك نەکراوە، هۆکاری سەرەکیشە بۆ پیس بوونی ئاوی خواردنەوە، یەکێ لە دیراساتەکانی زانکۆی سلێمانی لەبەر دەستمە ئەوەی سەلماندووە لە شارێکی وەکو سلێمانی لە ٧٠٪ ی ئاوی خواردنەوە بۆ خواردنەوە شیاو نیە، سەبەبەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ پیس بوونی تۆڕی ئاوەکە لە ئەسلا کە لە ژێر خاکدایە و ئەتوانی بلێی دەیان ساڵە دەستیان پێ نەگەیشتووە و وای لێ هاتووە لە هەندێ لە شارەکان شارەزا بوون لە تۆڕی ئاوەکان چەند کەسێ بوون ئەوانیش وەفاتیان کرد، ئێستا کارێزەکانی سلێمانی کە دوازدەن کەس نەماوە پێمان بلێ لە کوێن و چۆنن، لە دهۆك و هەولێر بە هەمان شێوە، لەو ماددەی مەحەرەماتە ئەبێ مەسەلەی تۆڕی ئاو خۆی کە کارەساتی تێدایە ئەبێ برگەیەکی بۆ دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكا هەی، تێبینیەك، ل گەل هندێ مه حەرامات ببیته پاوان، پاوانەكان، وشا حەرامات دووبارە ناكەم چنكی گەلەك تیكرار بوویە، پرسیار من لیژنا تایبەت، برگا دووێ كارگاكانی چەو فەرقێ خستیە سەرەوە و خوارەوە، یەكێ سێ كیلۆمێترە، یەكێ یەك كیلۆمێترە، مەعیارە چییە (٣) كیلۆمێتر بۆ سەرەوە یەك بۆ تەوحید نابێ، ئەبێ لە سەرەوە دوو یان سێ كیلۆمێتر خوارەوەش هەر دوو یان سێ بێ، چنكی نەفسی مەترسی هەیە، ئەز ببینم تەحدی ببی، یان فەلسەفەكە و مەعیارەكە چییە تێمان گەینن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئیدریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە برگەی سێیەم دیاری كراوە كە پرۆژە و كێڵگەكانی بەخێو كردنی ئاژەل ئەبێ (٥٠٠) مەتر لە كانی و بیر و رووبارەكان دوور بن، لەوانەیە لە رووی مادەی كیمیاوی ئەو كێلگانە ئەوەندە خەتەر نەبن، ئەوەی لەوە خراپترە بە گوێرەی زانستی ژینگە هەر دلۆپێك رۆنی ئۆتۆمبێل (٦٠٠) لیتری ئاو پیس ئەكات، لەوانەیە هاووڵاتییەك بەهۆی نەبوونی تەوافەی تانكی ئاو ببێتە هۆی بەهەدار دانی چەند سەد لیتری ئاو، بەڵام مەعامیلی پترۆ كیمیاوی و سەناعی و رۆنگۆر و مۆلیدەی كارەبا و پاڵاوگەكانی نەوت ئەبنە هۆی تێكدانی ملیۆنان میتر موكەعەبی ئاو، پێشنیار ئەكەم سزایەك بۆ ئەوانیش دیار بكرێ، چونكە گەورەترین پیس كەری ئاون، پشتگیری دكتۆر اسماعیل ئەكەم، وشەی مەحەرەمات ببێ بە پاوان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نەجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەری ڤێ ماددەك بێتە زێدە كرن گرێدای بی بەشێت چارێ دانانە یەكەی چارەسەری، ڤی شكلی بیت، ئەگەر پرۆژە نەچتە جێ بوونێ بازرگانی پیشەسازی تەندروستی و پرۆژێن پاشەرۆیێ كیمیایی شلی هەبیتن پێگیر نەبن بكارئینانە یەكەی چارەسەری دڤێت بێنە سزادان كێمتر نەبیت پێنج ملیۆنا، ئەڤە گرێدایە بەشی یەكەی چارەسەری، ماددەك بێتە زێدە كرن پشتی ماددیێ (١١) كو سزا هەبیتن ئەو پرۆژێن پیشەسازی ب نیشتە جێ بوون بن، یەكەی چارەسەری هەیە، لەوانەیە بكار نەئینن، سزایەك پێنج ملیۆن دینار كێلۆمەتر نەبی، چونكو یەكەی چارەسەری موحتاجی گەلەك پارەیە، ژ بەر هندێ من پێنج ملیۆن دینارا دانای، پشتگیری ئاخافتنێ كاك اسماعیل و نەجات خانی دكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەلا جیهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل برگا سێ ئەڤ پرۆژە و کێلگەکانی بەخێو کردنی ئاژەل و ماسی یا هاتی دووریا وێ حەتا (٥٠٠) مەترا بیت، رەئیا من ئەڤە کێمە، چنکی عەلەف و کیمیا و پرۆتین تەئسیرەکا گەلەك مەزن ڤێ بیرا دێتە کرن، ئەز بینم حەدێ کێم دوو کیلۆمەترا بیت، حەتا رێگا ژی و حەتا گوندا، هەندەك گوندێ هەی ل مەنتەقا دهۆکێ بچاڤێت خۆ دیت پرۆژێ بەخێو کردنێ ئاژەلێت پەلەوەر بەرەخ گوندیڤە، خەلك ژ بەر بێنا وێ ناحەڤیتن، ئەڤە بێتە دیر کرن .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی مەحەرەمات، لە رابردوو لە گەرەکە کۆنەکان پرۆژەی ئاو هەبووە و مەحەرەماتیش وەکو ئەوەی دیاری کراوە لەوانەیە دیاری نەکرابێ، بۆیە ئەوە کێشەی زۆر گەورە بۆ حکومەت دروست ئەکات، ئەگەر ئیشارەت بەوە بدرێ ئەو مەحەرەماتانە بۆ لە ئێستاوە بەدواوە بێت، پرۆژە هەیە لە ناو چەقی گەرەکێك دایە لەوانیە بینایەك بێ باوی (١٠٠) دەفتەر دۆلار بێ، ئایا حکومەت ئەو هەموو قەرەبووەی پێ ئەدرێتەوە، پێم باشە شتێکی بۆ زیاد بکرێ و جیا کاری بکرێ لە نێوان رابردوو و ئێستا، برگەی سێیەمیش، پرۆژەی کیڵگەکانی بەخێو کردنی ئاژەل و پەلەوەر و ماسی پێویستە دووریان لە کانیەکان و بیرە روکاریەکان لە پرۆژەکانی پالاوتنی ئاو و ئاوەڕۆ لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێ، لە هەمان کات وەزارەتی کشتوکال ئەگەر بیەوێ مۆلەتێك بدات بە پرۆژەیەکی پەلەوەری ئەبێ ئەو پرۆژەیە ئاوی سەربەخۆی خۆی هەبێ، لە هەمان کات ئاوێك (٥٠٠) مەتر دوور بێ، بەریەکەوتێنك هەیە ئەبێ حیسابی بۆ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وشەی مەحەرەماتە پشتگیری دکتۆر ئەکەم بکرێتە پاوان، لێرە لە خاڵی (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٢٥) مەتر و (١٥) مەتر کەمە، ئەگەر سەرچاوەیەکی ئاو (١٥) مەتر دووربێ کەمە، حەب هەیە ژەهرە ئەگەر وابکات دەستی ئەگاتێ، ئەبێ زیاتر بێ، یا بۆری نەقل، (١٥) مەتر بێ بە بن عەرزی هەلئەکۆلی کەیفی لێ بێ شارێك ژەهراوی ئەکات، پێشنیار ئەکەم (١٥) مەتر بێ، پشتگیری کاك عوسمان ئەکەم، راستەکات، ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵ هەر کەس بیەوێ کێلگەیەك دابنێ پەلەوەری یان گاداری بێ ئەبێ سەرچاوەی ئاوی خۆی هەبێ، ناکرێ دوێنی کردوویەتی ئەمڕۆ لێی هەلوەشێنیەوە، پشتگیری کاك عوسمان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم ئەو مەسافەیە هەیە بۆ ئاو و ئاوەڕۆش وەکو یەکە، ئەگەر راوێـژ کرابـێ بە خەلکی ئەکادیمی و پسپۆڕ بـۆ ئـاوەکە زۆر باشـە، جـێگەی پرسـیارە بـۆ ئـاوەڕۆش ئایـا هەمـان مەترسی هەیە یا نا، روون کردنەوە هەبێ سوپاسیان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆر عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، وشەی مەحەرەمات نیمچە کوردی و عەرەبیشە، مەحەرەماتە، شـەدە لە عەرەبـی هەیە و لە کـوردی نیـیە، لێـرە نەکـراوە بە دوو را، بکـرێ بە سـنوورەکان یـان پاوانەکـان، ئەو هەمـوو بـاج و غەرامەی لەسـەر ئەو هاوولاتیـانە هەیە، نەبیـنە هۆکـاری کـۆکردنەوەی دارایـی بـۆ حکـومەت کە مووچەی پی نادرێ، بـا بشـتوانین کـاتێ پرۆژەیەکـی سـیقایەگێریمان هەبـێ، کـاتێ بە پرۆژەیەکـی زەبەلاحی توجـاری بـۆڕیەکی سـەرەکی ئەشـکێندرێ ئەو کـاتە دوو تەنـکەر ئـاو ئەکـرم پـارەکە مـن نەیدەم، حکومەت بیدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم خۆشە ئەگەر لەو مـوداخەلە مەجـالم بـدەی خزمەتـی کـۆی یاسـاکە و ئەو مـاددەیەش ئەکـات، بەشی سێیەم، ئەو پرۆژە یاسایە پێشنیارێکم هەیە بۆ کۆی پرۆژە یاساکە، موحەراماتی ئاو ئـاوەڕۆ هەر بیکەین بە رێگە پێنەدراوەکان، کۆی ئەمانە هەمووی رێگە پێنەدراوە، نـابێ لە (٢٠) مەتـر و (١٥) و چەند ئەوەندە رێگە پێنەدراوە، پێشنیارم هەیە لە ماددەی (٥) ەوە بکرێتە سزاکان، لێرە لە پێشـدا سزای داناوە دوایی قەدەغە کراو، بۆیە لە ماددەی (٥) ەوە بکرێتە سزاکان، ئێنجا (٥) تـا (١١) بکـرێتە بەشی چوارەم، رێگە پێ نەدراوەکانیش بکرێتە بەشی سێیەم، واتە لە پێشدا رێگە پێـنەدراو ئینجـا سـزای رێـگە پێـنەدراو، بەشـی یەکەم پێناسـە و ئامانجەکـان و ماددەکـانی (١ و ٢) بەشـی دووەم رێککـارە یاسـاییەکان ماددەکـانی (٣ و ٤)، بەشـی سـێ رێگـا پێنەدراوەکـان ماددەکـانی (١٢و تـا١٨)، بکرێنە ماددەکانی (٥، ٦،، ٩، ١٠، ١١)، بەشی چوارەم سـزاکان، ماددەکـانی (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١)، بکـرێنە ماددەکانی (١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨) ئەگەر پێویستی کرد لەگەڵ هەردوو لیژنەی مەعنـی دائەنیشـم بۆ ئەوەی سەرلەبەری دابرێژرێتەوە، بە نیسبەت بەشی سـێ رێگـا پێنەدراوەکـان، ئەبێـتە (١٢تـا١٨)، هەمووی بڕگەی یەك مەحەرەمات بکرێتە رێگە پێنەدراوەکـان، رێـگە پـێ نەدراوەکـانی پرۆژەکـانی ئاو بەو شێوەیە هەژمار ئەکرێ، خاڵی یەك بیری ئاو خـواردنەوە لە سـەنتەری بیـر یەکەم و چـوارەم هەردوو (١٥) مەترە، ئەکرێ لێکی بـدەین لەبەر ئەوەی (١٥) مەتـرەکە کۆیـان ئەکـاتەوە، خـاڵی یەکەم بیری ئاو خواردنەوە لە سەنتەری بیـرەکە و وێسـتگەی لاوەکـی ئـاو لە شـورەکەی (١٥) مەتـر کەمتـر

نەبـێ، دووەم و سـێیەم و چـوارەم و پێـنجەم، شەشـەم نـامێنێ، کەمتـر نەبـێ چـونکە کەمتـر نەنووسـراوە، بکـرێتە کەمتـر نەبـێ، بـرگەی دووەم، کـارگەی چەو لـم ئەبـێ لای کەم (٣٠) کیلـۆمەتر دوور بن، کارەگەکان یەك دانە نین زۆرن، ئەبـێ دوور بـن، لە بەشـی وەرگـری پرۆژەکـانی ئـاو ئەگەر کەوتبوونە بەشی سەرەوەی وەرگری پرۆژەکە و یەك کیلـۆمەتر دوور بـن، ئەگەر کەوتبـوونە بەشـی خوارەوەی پرۆژەکە، پرسیار لە هەردوو لیژنەی بەڕێز ئەلێ لە هەردوو دیوی رووبارەکە لەگەڵ جـێ بەجێ کردنی گشت رێککارەکانی پاك و رێرەوی سەرەکی رووبـار و سـەرچاوەکان لە هەر جـۆرێکی پـیس بـوون یەعنـی چـی؟ ئەوە دارشـتنە ئامـانجی نەپێکـاوە، روون نـیە، پێشـنیاری ئەو دارشـتنە ئەکەم، نابێ مەودای نێوان پرۆژە و کیلگەکانی بەخێو کردنی ئاژەل و پەلەوەر و ماسـی (٥٠٠) مەتـر کەمتر بێ لە کانیەکان و بیرە رووکارییەکان و پرۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو و ئاوەرۆ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـڕگەی دوو، وشـەی کـانی هـاتووە، ئـێمە قـانوونی (المنـابع الطبیعیـة) مـان هەیە، وشـەی کـانی پەیوەندی بە سەرچاوەی ئـاو هەیە، ئایـا پێناسـەی کـانی لە پـرۆژەی تـۆڕ و ئـاو و ئاوەڕۆکـان جێـی ئەبێتەوە؟ ئەگەر ئاوێك ئەوەنە زۆر بێ وەکو زەڵـم پـرۆژەی ئـاوی لەسـەر دروسـت بکـرێ ئەو کـاتە وشەی کانی ئەبێ بە پرۆژەی تۆڕەکانی ئاو، بەس وشەی کانی پێم وایە هەڵەیە ئەبێ لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی یەکەم خـاڵی (٥)، مەحەرامـاتەکە کە (١٠) مەتـرە زۆر کەمە، جـاری وا هەیە خەزانی ئاو شەش مەتر ئاوی تێدایە، بۆی هەیە بتەقێ، درزی تـێ بچـێ، (١٠) مەتـر نـزیکە، مەجـالی خۆپارێزی نییە، پـێم باشـە بکرێ بە (٥٠) مەتـر، ئەوکـاتە مەترسـی نـابێ، هەروا شـتێ ئامـاژەی پـێ نەدراوە کێشەی لێدانی بیر لە سنووری مەحەرەمـاتی بیرەکـانی سـەر بە وەزارەتـی شـارەوانی ئەو بیرانەی لێ ئەدرێ بۆ دابین کردنی ئـاوی خـواردنەوە، لێـرە هـیچ ئامـاژەی پـێ نەکـراوە، پـێم باشـە بڕگەیەك زیاد بکرێ بە ژمارە (٧)، مەحەرەماتی بیرەکانی شارەوانی نابێ لە (٣٠٠) مەتر نزیك تر بـێ، لەسـەر ئەساسـی رێنماییەکـانی بەرێـوەبەرایەتی ئـاوی ژێـر زەویـیە، ئەو بیـرانە کە لـێ ئەدرێ بـۆ ئەوەی پارێزگاری بکرێ لە پاراستنی ئاوی ژێر زەوی ئەبێ (٣٠٠) مەتر دوور بن لە یەکەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم، مەحەرەماتی سەرزەوی و ژێر زەوی، باسـی (١٠) مەتـر ئەکـات، لەگەڵ کەسـی مـوختەس قسەمان کردووە، لای کەم ئەبێ (٢٠) مەتر کەمتر نەبێ خەزانی ئەواکە، بـرگەی دووەم، پـێم باشـە

خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ، بکرێ بە دوو خاڵ، هیچ جۆرە ئاوەڕۆییەك نابێ لەسەر بەستنی وەرگرتنی پرۆژەکانی ئاوەوە نزیك بێ، نموونە ئاوی دووکان سلێمانی، وەلامی ماددەی (١٠) م وەرنەگرت لە لیژنەی پەیوەندیدار کردم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر وەڵامی بدەنەوە، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بەشێکی قسەکانی کاکە مەمم، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی سێیەم تەنیا باسی پرۆژە و کێلگەکانی بەخێو کردنی ئاژەلان و پەلەوەر و ماسی ئەکات، ئەی ئەوانەی کارگەی نەوت و وەبەرهێنەری نەوتن و کارگە پلاستیك و لەژێر خاکنانی پاشماوەکانی شار، ئەوانەش ئیزافە بکرێ و مەودایەکەش لە (٥٠٠) مەتر بکرێ بە دوو کیلۆمەتر و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێ تێبینی لەسەر ماددەی (١٢)، دکتۆر اسماعیل سەبارەت بە کارگەکانی چەو و لم لە بەشی سەرەوە سێ کیلۆمەترە، بەڵام لە بەشی خوارەوە ئەگەر شوێنەکە پیس بێ لە بەشی سەرەوە ئاو دێ، بەشی سەرەوە زیاتر دانراوە، دوو، ئەوەی لە هەردوو لایەکان ئەبیت مەحەرەمات و پارێزگاری کردن لە هەر چوار دەوری رووبارەکە بکرێ، ئەگەر سەرنجی بدەینە پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان حیساب بۆ مەحەرەمات نەکراوە، لە زۆر شوێن بیناو شورای لەسەر کراوە و پارێزگاری نەکراوە، کانیش بەشێکە لە ئاو سرووشتی ئەبێ لە چوارچێوەی پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەرۆ، یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئاو رەنگە لە گوندێك بێ، پێویستە مەحەرەمات بۆ کانیاوی سرووشتیش باس بکرێ، لەسەر ئەو بنەمایە لێرە دیاری کراوە، ئەم مەترانە بۆ دیاری کراون؟ ئێمە راوێژمان لەگەل بەرێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کردووە، لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەرۆی هەرێمی کوردستان، جارێ نا، چەند جاری، لە ئەسلی پرۆژە یاساکە موحەرەماتی تێدا نەبوو، بەڵام لەسەر داخوازی ئەوان و ئێمەش لە لیژنەی تایبەتمەند قەناعەتمان بوو ئەو بەشە زیاد بکرێ، لە قۆناغی ئێستا رەنگە ئەوە مومکین بێ، بەشێك لە بیرەکان لە گەرەکەکانن، مەحەرەمات لەسەر ئەو بنەمایە دیاری کراوە، ئەگەر لە داهاتوو بیرێکی تازە لێ بدرێ ئەکری مەدایەکەی زیاد بکرێ، ئەکرێ لەسەر ئەو بنەمایە ئەو رەقەمە دیاری کراوە، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە ماددەی (١٣)، فەرموو ماددەی (١٠) وەڵام.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر کەسێ بۆ نموونە دەست بە سەرپێچی بکات، لە عەمەلەکە عقوبەی بۆ دیاری نەکراوە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە بیدایەت بێ هیچ کێشەیەك نییە و تووشی سزاش نابێ، چونکە نە بە سەرپێچی هەژمار ئەکرێ نە زیادەڕەوی، ئەگەر بچینە ماددەی یەك تەعریفەکان ئەبینین، سەرپێچی چوار نەوعی فعل هەیە بۆ سەرپێچی، بۆ زیادەڕەویش تەقسیم ئەبێ بۆ سەر پێنج فعل، ئەگەر یەك لەو (٥ و ٤) کە ئەکاتە (٩) یەکێ لەو ئیشانە نەکرابێ نە بە سەرپێچی و نە زیادەڕەویش هەژمار ئەکرێ و غەرامەش ناکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (١٣).

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی١٣:

مەحەرەماتی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆری بەو شێوەیە هەژمار ئەکرێ:

١ بۆ تۆڕەکانی دابەش کردن مەحەرەماتی بۆری ئاو کە تیرەکەی تا (٨) ئینج بێ یەك مەتر.

٢- بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناو سنووری شارەوانییەکان بەو شێوەیە هەژمار ئەکرێ:

١ بۆ مەحەرەماتی هێلی ئاوی زیاتر لە تیرەی (٨) تا (١٦) ئینج یەك مەتر و نیو.

٢_ بۆ مەحەرەماتی هێلی ئاوی زیاتر لە (١٦) تا (٢٤) ئینج دوو مەتر.

٣- بۆ مەحەرەماتی هێلی ئاوی تیرە (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە سێ مەتر و نیو یان زیاتر بە گوێرەی پێویست و هەبوونی مەودای پێویست.

٣_ بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان بەو شێوەیە هەژمار ئەکرێ:

١ بۆ مەحەرەماتی هێلی ئاوی زیاتر لە تیرە (٨) تا (١٦) ئینج چوار مەتر.

٢- بۆ مەحەرەماتی ئاوی زیاتر لە (١٦) تا (٢٤) ئینج حەوت مەتر.

٣- بۆ مەحەرەماتی هێلی ئاوی تیرە (٢٤) ئینج بەرەو سەرەوە دە مەتر.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك بەهجەت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) بەحسی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆری بەو شێوەیە هەژمار ئەکرێ، هەژمار یەعنی وەحدەیەکا بۆری قیاس کەت کا چەندە، پێم باشە بۆ برگا ئیکێ و دووێ و سێ ژ بری وەحدا

ئینج مللیمیتر بێتە ئیزافە کرن ژ بەر کو تیرا بۆری دێە حیساب کرن مەیا هەی ستیل یا پلاستیك یا ئەسلین هەی، ئەگەر مللیمیتر ئیزافە نەبیتن دە چاوا ڤان بۆریا حیساب کەن، پێم باشە وەحدا میللیمیتر ئیزافە بیتن دگەل ئینج بۆ هەرسێ برگا پێك ڤە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با لەسەر ئەوە یەکلا بینەوە وشەی مەحەرەمات لائەبرێ یا نا؟ ئەو هەموو مەحەرەماتە چییە، ڕێگە پێنەدراوەکان جێ خۆی بگرێ، ماددەی (١٣) مەحەرەمات بکرێتە ڕێگە پێنەدراو، بە نیسبەت یەکەم دیسان مەحەرەمات لابرێ و دابەش کردن، یەك مەتر کەمتر نەبێ نەك یەك مەتر بێ، بڕگەی دووەم، خاڵی (١ و ٢ و ٣) دیسان وشەکانی مەحەرەمات لابرێ، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی دووەم ئەڵێ ڕێگا پێنەدراوەکان، هەموو هێلەکانی ئاو وەکو خۆی، خاڵی سێیەم، دیسانەوە هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرە (٢٠) ئینج بەرەو سەرەوە نا، زیاتر لە (٢٤) ئینج و (٣٠) مەتر و نیو کەمتر نەبێت، بۆ بڕگەی سێیەم دیسان (١و ٢و٣) هەموو مەحەرەمات لابرێ و مەتر کەمتر نەبێ دووبارە بێتەوە، لە خاڵی سێیەم کە ئەڵێ بۆ مەحەرەماتی وای لێ بکرێ، هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرە (٢٤) ئینج لە (١٠) مەتر کەمتر نەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣)، بڕگەی یەکەم لە دابەش کردن پێم باشە یەك مەتر بکرێ بە مەتر و نیو، بڕگەی دووەم بۆ گواستنەوە لە خالی یەکەم یەك مەتر و نیو بکرێ بە دوو مەتر، لە خالی دووەم، دوو مەتر بکرێ بە سێ مەتر.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی موحەرەمات، ئەو وشەیە کە زۆر بەکارهاتووە لە یاسا بەرکارەکان، بۆیە مەجبورین لە چوارچێوەی تەوحیدی وشەکان دەرنەچین، بەکاری دێنین، بۆ ئەوەی لە هەر یاسایەك وشەیەك بە عەکسی وشەیەکی تر بەکار نەیت، ئەگەر بەدیلی هەبووایە لە پێشتر لە یاسا بەرکارەکان باشتر ئەبوو، ئەوە بەکار هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٤) فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ١٤:

لە سنووری مەحەرەماتی پڕۆژە و تۆڕەكان نابێ بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هیچ جۆرە كارێك ئەنجام بدرێ، وەك بیناسازی و ڕاكێشانی تۆڕی ئینتەرنێت و دانانی سستوونی كارەبا و پیس كردنی سەرچاوەی پرۆژە ئاویەكان یان هەر كارێكی تر.

١- تێچووی لادانی زیادە ڕەوی لەسەر مەحەرەمانی پرۆژەكانی ئاو و گەرانەوەی بۆ باری ئاسایی پێش زیادە ڕەویەكە بەپێی ئاكارە ئەندازەییە بەركارەكان ئەخرێتە ئەستۆی زێدەرۆكار و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام ئەدرێ.

٢- سەباری لە ئەستۆ گرتنی تێچووی لادانی زێدەڕەوییەكە بەپێی خالی یەكی ئەو بڕگەیە زێدەرۆكار بەپێ بژاردنێك سزا ئەدرێ لە (٧٥٠) هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە (١٥٠٠٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سنووری موحەرەماتی پرۆژە و تۆڕەكان نابێ بەبێ وەرگرتنی لایەنی پەیوەندیدار هیچ جۆرە كارێك ئەنجام بدرێ، لێرە بەبێ ئەو وەرگرتنی ڕەزامەندییە، پێم باش نییە ئەوە هەبێ، ئەسلەن ڕەزامەندی نەدرێ بە هیچ سەرپێچیەك لە موحەرەماتی سنووری ئاو، چونكە ئاوی خواردنەوە پیس بوو چۆن ئەگرێتەوە باری خۆی، سزاش بدرێ چارەسەر ناكرێ، پێم باشە لە سنووری موحەرەماتی پرۆژە و تۆڕەكان نابێ كارێك ئەنجام بدرێ وەكو بیناسازی و ڕاكێشانی تۆڕی ئینتەرنێت و كارەبا پێش پیس كردنی سەرچاوەی پرۆژەی تۆڕی ئاو، وەرگرتنی بێ ڕەزامەندی لابرێ، لە خالی دووەم، تێچووی لادانی زێدەرەوی لەسەر مەحەرەماتی پرۆژەكانی ئاو، ئەگەر بێت و ئاوی خواردنەوە بێ ئەڵێ بەپێی ئاكارە ئەندازیارییەكانە بەركارەكان، یەعنی ئەندازەیی بەكار، بەڵام پێویستە پشكنینی ئاویش بكرێ لە ڕووی كیمیاییەوە، چونكە ئاوی خواردنەوە پیس بێ چۆن ئەزانی وەكو خۆی گەڕاوەتەوە، لێرە ڕوون كردنەوەی زیاتری ئەوێ، بە نیسبەت غەرامەش ئەكرێ پێداچوونەوەی پێ بكرێ لەگەڵ غەرامەكانی تر یەك بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حیكمەت.

**بەڕێز حكمت محمد عبو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگەی دووەم خالی دوو نەمێنێ، چونكە لە ماددەكانی تر ئاماژە بە سزاكان كراوە، پشتگیری قسەكانی دكتۆرە گەلاوێژ ئەكەم لە ماددەی (١٤) بڕگەی یەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، برگەی یەکەم، ئەو یاسایە بۆ ئەوەی رێگری بکەین لە پیس بوونی ئاو ئاوەرۆ لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لێرە چۆن بۆ وەرگرتنی پیس کردنی پرۆژەکانی ئاو مۆلەت وەرئەگری؟ ئەو ماددەیە، بۆیە منیش پشتیوانی دکتۆرە گەلاوێژ دەکەم و ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە،لە چوارچێوەی سنووری رێگە پێنەدراو پڕۆژەو تۆڕەکانی ئاودا نابێت رێگە بە دروستکردنی هیچ پرۆژەیەکی وەك بیناسازی راکێشانی تۆری ئەنتەرنێت و دانانی ستوونی کارەبا بدرێت کە دەبنە هۆکاری پیسکردنی سەرچاوەی پڕۆژە ئاویەکان.

و لە بڕگەی دووەمدا خاڵی یەکەم و دووەم پێم باشە هەردووك خاڵەکان هەڵبگیرێن، لەبەر ئەوەی خاڵی یەکەم لە ماددەی پێنجەم و ماددەی هەشتەم لە بڕگەی یەکەم ئەو بلێین جاکردنەوەی تۆرەکانی ئاو خراوەتە سەر لایەنی سەرپێچیکار کەواتە دووبارە بوونەوەیە و خاڵی دووەمیش بە هەمان شێوە لە ماددەی دەیەم بڕگەی یەکەم دیاریکراوە تەنها لێرەدا سزایەکان تۆزێك زیادکراون، بۆیە سزایەکان رێکبخرێنەوەو بۆ تەواوی سەرپێچیکاران وەکو یەك بێت لە ناو یاساکەدا سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) بڕگەی یەکەم من پرسیارێك سەبارەت بە هەردوو لیژنەی بەڕێز دەپرسم ئەمە تووشی ئیشکالییەتێکی قانوونی بووین، لێرە ئەڵێ بە بێ وەرگرتنی رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار، واتا کە رەزامەندیت وەرگرت ئەوانە ئەتوانی بکەیت لە شوێنێکا هاتووە لە دوای ئەوەی دێری سێیەم پیسکردنی سەرچاوە پڕۆژە ئاوییەکان، واتا کە رەزامەندی وەرگرت بۆیان هەیە سەرچاوە ئاوییە سرووشتییەکان پیس بکەن؟ ئەمە ئیشکالییەتێکی تیایە، جا بۆیە ئێستا من دارشتنەوەیەك پێشکەش دەکەم، بۆ ئەوەی سەر لەبەری ئەمە بگۆڕین کە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، نابێت لە سنووری رێگا پێ نەدراوەکانی پڕۆژەو تۆڕەکاندا بە دەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هیچ جۆرە کارێکی وەکو بیناسازی راکێشانی تۆڕی ئینتەرنێت کارەبا دانانی ستوونی کارەبا ئەنجام بدرێت.

ئەوە بە نسبەت بڕگەی یەکەمیان بوو بۆ بڕگەی دووەمیشیان پێشنیازی من بەو شێوەیەیە دیسان ئەوە ئاکار، واتا رەفتار یا ئەخلاقە لێرە ئاکار هاتۆتەوە ستاندار جێگەی بگرێتەوە بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێ.

تێچووی لادانی زیادەڕۆیی لەسەر رێگە پێ نەدراوەکانی پڕۆژەکانی ئاو گەڕاندنەوەی بە پێی ستانداردە ئەندازەییەکانی بۆ باری ئاسایی پێش زیادەڕۆییەکە دەخرێتە ئەستۆی زیادەڕۆکار و دەبێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاوئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام بدرێت.

بەنسبەت خاڵی دووەمی بڕگەی دووەمەوە پێم سەیرە لێرەدا هاتووە لە هەردوو لیژنەی بەڕێز دەپرسم چۆن لێرەدا هاتووە ئەوە سزایە، ئێمە قسە لەسەر رێگە پێ نەدراو دەکەین حوکمی سزایە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم خاڵی دووەمیان بکرێتە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٠)ی سزاکان، سزاییەکان ماددەی (١٠) یە لە بڕگەی چوارەمدا ئەمە سزایە بخرێتە ئەوێ وەکو چۆن پێشنیازم کرد پێشتر، ئەگەر ئەو ئاڵوگۆڕانە بکرێ ئەو کاتە گرنگ ئەوەیە لە ئێستادا ئەخرێتە ئەو شوێنە بەو شێوەیەی لێ بکرێ، بۆیە لێرەدا رێگە پێنەدراوو سزا تێکەڵییەك هەیە و مەفهومیش نیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) من تێبینیم لەسەر ماددەی (١٤) بڕگەی دووەم هەیە لەگەڵ ماددەی (١٦) خاڵی یەك و دوو هەمان ناوەڕۆکیان هەیە، بەراستی ئەوەی من تێبینیم کردووە ناوەڕۆکەکەیان هیچ جیاوازییەکی وای نییە تەنها لە چەند وشەیەك لە یەکتری جیاوازن، لەوێ سەرپێچی هاتووە لەوێ زێدەروکار هاتووە لەوێ زیادەڕۆیی هاتووە لەوێ سەرپێچیکار هاتووە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ماددەی (١٦) لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی (١٤) هەردوو خاڵەکە بکرێتە یەك بەم شێوەیە.

دووەم: تێچووی لادانی زیادەرۆی و سەرپێچی لێرە سەرپێچی بۆ زیاد بکرێت لەسەر موحەرەماتی پرۆژەکانی ئاو، لێرە ئاو هاتیە ئاوەڕۆی بۆ زیاد بکرێ گەڕاندنەوە بۆ باری ئاسایی پێش سەرپێچی و زیادەڕۆیەکە هاتیە سەرپێچییەکەی بۆ زیادبکرێ بە پێی ئاکارە ئەندازە بەرکارەکان دەخرێتە ئەستۆی سەرپێچیکار لەگەڵ زیادەرۆیی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاو ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت.

خاڵی دووەم: سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچوی لادانی زیادەڕۆیی کە لێرە زیادەڕۆیی هاتووە سەرپێچیەکەی بۆ زیاد بکرێ زیادەڕۆییەکەو سەرپێچیەکە بە پێی خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیە زیادەڕۆکار هاتیە، لێرە دیسان سەرپێچیکاری بۆ زیاد بکرێ بە پێی بژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند رەئیتان هەیە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) لە سنوری موحەرەماتی پرۆژە تۆڕەکان نابێت بە بێ وەرگرتنی رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار ئەمە بە دەقیقی نوسراوە، چونکە لە سنووری موحەرەمات موحەرەمات بریتییە: لەو پارچە زەوییە بۆشاییەی کە دەبێ لە نێوانی با بڵێین شورای ماڵی گەرەکێك لەگەڵ ئەو جادەیەی کە ئەو سنوورەی کە بۆڕیەکەی تێدا دەپارێزرێت لەو بەری بۆڕی بۆ ئەوبەری بۆڕی سنوورێکە ئەبێ پارێزراو بێ، لەم سنوورەدا زۆر حاڵەت هەیە ستوونی

کارەباشی تێدا دەبێت و پرۆژەی هێڵکانی ئەنتەرنێتیشی تێدا دەبێت، بۆیە بۆ هەڵکەندنی ئەو شوێنانە ئەبێ رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار وەربگیرێ، مەبەستەکە ئەوەیە ئەوەی کاك مەم باسیکرد بە دەقیقی ئەوەی پیسکردنی سەرچاوەکان ئەوە ئەکید لای دەبەین، سەرنجەکەی دەقیقە سەبارەت بە تێچووی لادانی زیادەڕۆیی، ئەوە ئەگەر کرا بۆ سەری ئێستا لە زۆر شوێن هەیە ئەو موحەرەماتەی کە دانراوە بۆ بۆڕی ئاو یا ئاوەڕۆ زێدەڕۆیی کراوەتە سەری، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی (٢٢)ی ئەم پێشنیازە یاسایە مـوودەی (١٨٠) رۆژی دانـاوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە زێدەڕۆیان کردووە مولزەم بکرێن کە دۆخەکە بگێڕنەوە باری ئاسایی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (١٥) فەرموون.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پانزە:

موحەرەماتی ئاوەڕۆ بەو شێوەیە ئەژمار دەکرێ:

یەکەم: موحەرەماتی بۆڕی ئاوەڕۆ لە لێواری دەرەوە لە هەر لایەکی دوو مەتر دوور دەبێ بەڕەچاوکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

دووەم: موحەرەماتی ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازەییەکانیەوە لە لێواری دەرەوە لە هەر لایەکی سێ مەتر دەبێ بەڕەچاوکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

سێیەم: موحەرەماتی کەندی ئاوی سرووشتی بە پانی کەندەکە کەندەکە پارێزراو بێت لەگەڵ دە تا بیست مەتر وەك موحەرەمات هەر لایەك و لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بڕیاری لەسەر بدرێت.

چوارەم: موحەرەماتی تایبەت بە پرۆژەو وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەرۆ دەبێت (٢٥) مەتر لە شورەکە دوربێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ئەو ماددەیە با ئێستا دەست بەرز بکاتەوە؟ ئێ ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شانزە:

یەکەم: تێچووی لادانی سەرپێچی لەسەر موحەرەماتی ئاوەڕۆ گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی پێش سەرپێچیەکە بە پێی ئاکارە ئەندازەیە کار پێکراوەکان دەخرێتە ئەستۆی سەر پێچیکارو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێ.

دووەم: سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچووی لادانی سەرپێچییەکە بە پێی بڕگەی یەکەم ئەم ماددەیە سەرپێچیکار بە پێبژاردنێك سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتووگۆ لەسەر ماددەی (١٦) بکات با بفەرمووێت، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٦) بەشی دووەم بە گەڕانەوە بە هەموو بوارەکان، ئێمە باسی ئەو سەرپێچیانە دەکەین، لێرە باسی ئەوە دەکات سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچوون سزا بدرێت و پارەی لێ وەربگیرێت لە ئەنجامی ئەو سەرپێچییە رەنگە خەڵکانێك زەرەرمەند بن، بۆ نمونە رەنگە سەیارە بەسەر ئەو شوێنە بەسەر ئەو مەنهۆڵەدا بڕوات زەرەرمەندبێت، ئایا قەرەبووی ئەو زیانانە دەکرێتەوە؟ یان لە شوێنێکا جێی کراوەتەوە. چونکە مەعلومی هەموو لایەکە ئەگەر سەرپێچی، بۆیە سەر پێچییە بۆ ئەوەی زیان بە خەڵکی دەگەیەنێت، ئایا لە شوێنێکدا لە لیژنەی بەڕێز دەپرسم لە شوێنێکدا موعالەجەی ئەوە کراوە، ئەگەر هاووڵاتییەك بە شۆفێرەکەی یا بە پێ رۆیی قاچی بریندار بوو ئەم شتە بۆ هەر حاڵەتێك قەرەبووی ئەو هاووڵاتییە جیێ دەکرێتەوە و جێی کراوەتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٦) بڕگەی یەکەمیان دیسانەوە ئاکارەکە بکرێتە ستاندارت، موحەرەمات بکرێتەوە رێگە پێ نەدراو، بۆ بڕگەی دووەمیان ئەمە دیسان سزایە رێگە پێ نەدراو نییە، سزاکەی حوکمی تێدایە (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت و پارەی تەحدیدکردووە بۆ عقوبە دان، بۆیە من پێشنیاز دەکەم واباشترە لەگەڵ خاڵی دوو لە بڕگەی دووەم لەگەڵ ماددەی (١٤) بکرێن بە یەك و بکرێن بە چوارەم، لە ماددەی (١٠)ی سزاکان وازحە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ خاڵی دوو لە بڕگەی دووەم ماددەی (١٤) بکرێ بە یەك و بکرێن بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٠)ی سزاییەکان، واتا ماددەی (١٦) بڕگە نەهێڵدرێت یەکسەر بۆڕینەچی تێچووی لادانی سەرپێچی، یەعنی بڕگەکان هەمووی لابرێ بە یەك دەق ماددەکە بمێنێتەوە، بنووسرێتەوە بەو سێ دێرەی کە ئاماژەم پێکرد، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله (کۆجەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری کاك سیروان، بەڵێ لە چوارچێوەی مەبادئی عام قانوونی مەدەنیدا هەیە هەرکەسێك ببێتە سەبەب بە زیان گەیاندن بە کەسانی تر بەر پرسیار دەبێت بە پێی قانوون و تەعویزەکەشی لەسەر ئەو کەسەیە.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەكەی كاك مەم قانع لەسەر ماددەی (١٦) سەبارەت بە موحەرەمات كە جەنابیان دەڵێ ڕێگە پێ نەدراوە، پێم وایە پارێزراوە مەبەست لە موەحەرەمات كاك مەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (١٧) بخوێنەوە.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧): تێپەڕاندنی سنووری هەر موحەرەماتێك كە سەرچاوەی پیس بوون بێت و لە حوكمەكانی ئەم یاسایەدا دیاری نەكرابێت یان ئاماژەی پێ نەكرابێت یان واقع حاڵ بێت لە ڕێگای لیژنەیەكی تایبەت پشكنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بۆ یەكلایی كردنەوەو چارەسەركردنی.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتووگۆ بكات (كاك بەڵێن، بەدریە خان، كاك دكتۆر اسماعیل، كاك مەم) كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) باس لە دروستكردنی لیژنەیەكی تایبەتی پشكنین دەكات، بەڵام هیچ جیهەتێكی دیاری نەكردووە ئەو شوێنە كوێیە كە لیژنەكە تەشكیل دەكات، وەزارەتە، بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، یان نا، لێرە دەڵێ تێپەڕاندنی سنووری هەر موحەرەماتێك كە سەرچاوەی پیس بوون بێت و لە حوكمەكانی ئەم یاسایەدا دیاری نەكرابێت یا ئاماژەی پێ نەكرابێ واقع حاڵ بێ لە ڕێگەی لیژنەیەكی تایبەت پشكنینی بۆ ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی یەكلایكردنەوەی چارەسەركردنی ئەو لیژنە تایبەتە كێ تەشكیلی دەكات چۆن ئیش دەكات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو مولاحەزاتانە بنووسن دوای كاك بژار فەرموو، دكتۆرە گلاوێژ.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) من پێم وایە تێپەڕاندنی سنووری هەر موحەرەماتێك كە سەرچاوەی پیس بوون بێت لە حوكمەكانی ئەم یاسایە دیاری نەكرابێت یا ئاماژەی پێ نەكرابێت یان واقع حاڵ بێت لەگەڵ ماددەی چواردەدا یەك بخرێ باشترە، چونكە لەوێدا باسی پیس بوونی سەرچاوەكانی ئاو دەكرێتن، ئەو بەشەیان ئەو بەشەیان لە ڕێگەی لیژنەیەكی تایبەت پشكنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بۆ یەكلای كردنەوەو چارەسەركردنی ماددەی (١٤) كە باسی پیس بوون دەكات، نەك (١٦) ماددەی (١٤) ڕێك بخرێتن و ئەو بەشەش لەگەڵ سەرپێچییەكاندا دابنرێتن كە لیژنەیەك پێك دەهێندرێت كە سەرپێچی لە ماددەی (١٤) بەشی دووەم كە سەرپێچی دووەم سەرپێچی نووسراوە لەگەڵ وان دابنرێت، لیژنەكە بۆ ئەوەی بزانن ئاوەكە پیس بووە یان نا سەرچاوەی ئاوەكە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییا من ئەڤەیە رێزا دوویێ دبێژیت لە رێگای لیژنەیەکی تایبەت پشکنینی هەر لە تایبەت کاتێك گەیشتە تایبەت بلێت رێکاری یاسایی بەرامبەر بگرێتەوە، چونکە لە تەعریفاتدا هاتووە لە لیژنەی تایبەت ئیشی چییە مادام هاتییە رێکاری یاسایی بەرامبەر بگرێتەوە و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٧)دا کە دەڵێ تێپەڕاندنی سنووری هەر هەر موحەرەماتێك کە سەرچاوەی پیس بوون بێت لێرەدا دوای پیس بوون بۆشاییەك هەیە و روون نییە، یەعنی مەبەستی لەو پیس بوونە چییە؟ ئایا مەبەستی پیس بوونی ژینگەیە ئاو ئاوەڕۆیە، بۆیە پێشنیاردەکەم لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بدرێت تا بزانرێت مەبەست لەو پیس بوونە چییە، بۆیە پێویستە وشەی ئاو ئاوەڕۆ، یاخود ژینگە لێرەدا زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر اسماعیل دەکەم لە ماددەی (١٧)، بەڵام غەرامە دیار نییە دەبێت غەرامەکەی دیاریکراوبێت، لەبەر ئەوەی ئەمە مەترسیدارە پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی (١٧) من دیسان جەختی لەسەر دەکەم، مەسەلەی ئەگەر موحەرەمات بەم شێوەیەو دەستەواژەی پارێزراو بەکار بهێنین ئیشکالمان بۆ ماددەی (١٢و ١٣و ١٤ و ١٥و ١٦و ١٧و ١٨) دروست دەکات، سەر لەبەری مەفهومەکە دەگۆڕێ، ئەگەر دیقەت بدەن بگەڕینەوە بۆ ئەوانەی کە هەموو ئەمانە پارێزراوبێت ئەبێ رێگە پێ نەدراوبن ئەمانەی لە تەنیشت ئاوەڕۆکان و لە تەنیشت پرۆژەکە ئەم (١٥) مەترە ئەو (٧) مەترە، ئەو چەند مەترە رێگە پێنەدراوە کە ئەبێ بەم شێوەیە بێ قەدەغەکراوە یاساکە بۆمان تەحدید دەکات کە پارێزراوبێ، پارێزراو مەفهوم نییە لێرە، بۆیە من ماددەی (١٧) جگە لەوە دارشتنەوەیەك پێشنیاز دەکەم لە دێری دووەمدا هاتووە، یان واقع حاڵ بێت، لە لیژنەی بەڕێز دەپرسم واقع حاڵ بێت یانی چی؟ ئەوە ئیشکالە،

بـۆیە مـاددەی (١٧) بەو شـێوەیەی لـێ بکـرێ، تێپەڕانـدنی سـنووری هەر ڕێـگە پێنەدراوێـك کە سەرچاوەی پیس بوون بێت، مەنتق نییە من بڵێم سنووری هەر پارێزراوێك کە سەرچاوەی پـیس بوون بێت و بۆیە ڕێگە پێ نەدراو سـەرچاوەی پـیس بـوون بێـت و لە حوکمەکـانی ئەم یاسـایەدا دیاری نەکرابێت یـان ئامـاژەی پـێ نەکرابێـت و بـوونی هەبێـت، واقیـع حـال بڵێـین ئامـاژەی پـێ نەدابـێ، واتـا بـوونی هەبێـت واقـع حـال مانـای ئەوەیە بـوونی هەیە، بـوونی هەبێـت لە ڕێگـای لیژنەیەکی تایبەت پشکنینی بـۆ ئەنجـام دەدرێـت بـۆ یەکلایـی کـردنەوەو چارەسـەرکردنی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ڕەئیتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی (١٧) کە ئامـاژە بەوە دەکـات، ئەگەر تێپەڕانـدنی سـنووری موحەرەماتێـك لە سـەرچاوەی پـیس بـوون بێـت و لە حوکمەکـانی ئەم یاسایەدا دیـاری نەکرابێـت یـا ئامـاژەی پـێ نەکرابێت، یا واقیـع حـاڵ بێـت لە ڕێگـای لیژنەیەکـی تایبەتمەنـد پشـکنینی بـۆ ئەنجـام دەدرێـت، هەروەکــو پێشــتریش ئــێمە تەئکیــدمان کــردەوە کە لە زۆر شــوێندا موحەرەمــاتی ســنووری بۆڕییەکانی ئاو نەپـارێزراوە، ڕەنـگە خـانووی لەسـەر کرابێـت، ڕەنـگە پڕۆژەیەکـی لەسـەرکرابێت، ڕەنگە جادەیەکی لەسەرکرابێت ئەمە کە لەم یاسـایە ئامـاژەی پـێ دەکـات، لیـژنە تایبەتمەنـدەکان هەڵســەنگاندنی بــۆ دەکــات، بــۆ ئەوەی چارەســەری ئەمە بکــات، ئەمە مەفهــومەکە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە (کۆجەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری کاك بەڵێن بەڵـێ لە ڕێکـارە یاسـایەکان لە مـاددەی سـێ تـایبەت بە بـڕگەی دووەم و چـوارەم و پێـنجەم هـاتووە، باسـکراوە لیـژنەی پێـك دەهێنرێـت، ئەویـش بە پێکهـاتەی لیژنەکە بە ڕێنمایەك لەلایەن وەزیر دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە، فەرموون ماددەی (١٨).

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٨): قەرەبـووکردنەوەی گشـت ئەو موڵـك و زەوییـانەی وەك شـوێنی پرۆژەکـانی ئـاو ئاوەڕۆ بەکاردێت، یان وەك موحەرەمات دیاری دەکرێت لە ڕێگای خۆماڵەکردن یـان کوژانـدنەوە، یـان بە پێـی یاسـا بەرکارەکـان و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنـی پەیوەندیـدار دەبێـت و بەنـاوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو وئاوەڕۆ پەیوەندیدار لەو یەکە کارگێرییەکان تۆمار دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتووگۆ لەسەر ماددەی (١٨) بکات (کاك شێخ ظاهر، کاك عوسمان، کاك شاخەوان، کاك ابوبکر) کاك ابو بکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دێری دووەم هاتووە لە ڕێگەی خۆماڵە کردن یان کوژاندنەوە لە یاساکانی پەیوەست بە کشتوکاڵ و زراعە سێ دەستەواژە بەکار دەهێندرێت (استلاء، اطفاء، افراز)، بۆیە بکرێت بە دەست بەسەرداگرتنی جیاکردنەوەو کوژاندنەوە ئەو سێ دەستەواژەیە یانەکەش زیادە یان بە پێ یاسا بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی مامۆستا ابوبکر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) قەرەبووکردنەوەی گشت ئەو موڵك و زەوییانەی وەك شوێنی ئاووئاوەڕۆ بەکار دێت، یان وەك موحەرەمات دیاری دەکرێت، لێرە پێشنیار دەکەم قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانەو خێرا، یەعنی عادل و عاجل، زۆرجار دەبینین حکومەت قەرەبووی کەسێك دەکاتەوە بەس ماوەیەکی زۆری پێ دەچێت پێدا تێدەپەرێت تا قەرەبووەکەی وەردەگرێتەوە، یاخود عادلیش نییە، مەسەلەن لە شوێنێك زەوییەکەی بایی پارەیەکی باشە لە شوێنێك قەرەبوو دەکرێتەوە کە زەوییەکی خراپتر، یاخود قیمەتێکی خراپتر دەکات، بۆیە پێشنیاز دەکەم قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانەو خێرا عادل و عاجل بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨): قەرەبووکردنەوەی گشت ئەو موڵك و زەوییانەی بە پێی تایبەتمەندی و نرخی ڕۆژ وەك شوێنی پرۆژەکانی ئاو ئاوەڕۆ بەکار دێت یان وەك موحەرەمات دیاری دەکرێت، دیارە وەك ئەوەی کە شێخ ظاهر باسیکرد منیش پشتیوانی لێ دەکەم، بەعزێ زەوی هەیە قەرەبوو بکرێتەوە لەوانەیە بایی روبعێکی ئەو زەوییە نەبێت بەعزێ موڵك هەیە لەوانەیە توجاری بێت لەوانەیە موڵکەکەی تۆزێ باشبێت لە ناوجەقی شارەکان بێ بۆیە عەدالەت هەبێ لەوەیا کە ئیزافە بکرێ و شتێکی زۆر باشەو زۆر سوپاس .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس لیژنەی تایبەتمەند رەئیتان هەیە ؟تەواو فەرموون ماددەی (١٩) بخوێنەوە، بەشی چوارەم دانانی یەکەی چارەسەر.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم دانانی یەکەی جارەسەر (وحدات المعالجة):

ماددەی ١٩:

یەکەم:

١- پێویستە سەرجەم پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بازرگانی پیشەسازی گەشتیاری تەندروستی یان هەر پرۆژەیەك پاشەڕۆی شلەی پیسی هەبێت یەکەی جارەسەری ئاوەڕۆکان دابندرێت و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە گشت نەخشەو هێڵکاریەکان یەکلای دەکرێنەوە دەکەونە لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆ بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێت.

٢- پێویستە شوشتنگە بە هەموو جۆرەکانییەوە بەنزینخانە شوێنەکانی خزمەتگوزاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل یەکەی چارەسەری ئاوی بەکارهاتوو دابنرێت و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە گشت نەخشەو هێڵکارییەکان یەکلایی دەکرێتەوەو لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێت.

٣- پێویستە گشت ئەو پرۆژانەی کە پاشەڕۆی کیمیایی شلیان هەیە یەکەی چارەسەری کیمیایی دابنێن و شێوەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی پاشەڕۆکان لە هەردۆخێکدابێت دیاریبکات و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە مۆڵەتەکە گشت نەخشەو هێڵکارییەکان یەکلایی دەکرێنەوە لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ دەکرێن.

دووەم:

١- جێبەجێکردنی هەر یەکێك لە خاڵەکانی بڕگەی یەکەم ئەم ماددەیە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیدارەکان بە پێی ئاکارە ئەندازە بەرکارەکان دەبێت.

٢- سەرپەرشتی بەدواداچوونی چۆنییەتی کارکردنی یەکەکانی چارەسەرکردنی ئاماژە پێکراو لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتووگۆ لەسەر ماددەی (١٩) بکات با ناوی تۆمار بکات، ماددەی (١٩) یەکەم دووەم هەردووکی خوێندرایەوە، فەرموون ئێستا ناوەکان تۆمار بکەن (د.اسماعیل، د.محیدین، کاك حیکمەت، کاك سیروان، کاك مم، کاك برهان، مامۆستا ابوبکر، بدریە خان، حسیبە خان، د.گلاویژ، مامۆستا جهاد) کەس مایە؟ فەرموو مامۆستا جهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێی مەزن و دلۆڤان، واللە من روونکرنەك هەی ژ لایێ هەر دوو لیژنا د ڤان خالادا یێ هاتی کوو ماددێ (١٩) برگا ئێکێ یێ گۆتی پێویستە و یا دوویێ ژی پێویستە و یاسیێ ژی یا ئەگەر هاتوو جێبەجێ نەکر یەعنی هەوە چ سزا هەیە بۆ ڤانا بلا بۆ مە روون بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەك من یا هەی سەر ماددێ (١٩) ئەو ژی نوکە ئەجهیزێت گەلەك پێشکەفتی یێت هەین بۆ شووشتنا سەیارا، پێویستە مەرجەکێ دانێن کوو هەر جهەکێ سەیارە لێ بهێن و شووشتن شینا کوو گەلەك ئاڤ لێ بێتە خەرج کرن ئەوان جیهازا دانێن دێ کێم ئاڤ لێ هێتە خەرج کرن هەم بۆ ژینگەهێ ژی باشترە و هەم ئاڤ ژی زێدە خەسارەت نابیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان لەسەر بڕگەی یەکەمە، یەکەمیان ئەوەی تەنها ئاماژەی بە پاشەڕۆی شلەی پیس داوە، پێم وایە هەندێك لەو کارگەو ئەو پاشماوەی شارەکان کە فڕێ دەدرێن هەندێکیان پاشماوەکان جاروا هەیە رەقن، بۆیە پێویستە هەر ئەوانەی کە پاشماوەی رەقەکانیش نەك هەر ئەوانەی شلەمەنییە، ئەوانە ئیزافە بکرێن هەندێك جار دەبنە پیس بوونی.

لە بڕگەی دووەم بە پێی ئاکارە ئەندازەییەکان، پێم وایە بکرێتە مواسەفات یان ستاندارە ئەندازەییەکان زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو نەجات خان.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) پاشەڕۆی کیمایی شلی هەیەی یەکەی چارەسەری کیمیاوی دابنێن، یەکەی چارەسەری کیمیاوی سێ قۆلی هەبێت، چونکە لەوانەیە ئەو پڕۆژە موحتاجی فیزیایی بێت، کیماوی بێت، بایلۆجی بێت، وەکی کارگەها پیسی کارگەها پیسی موعالەجات سێ قۆلی پێك دێتن، ڤێرە تنیا ببیتە یەکەی چارەسەری سێ قۆلی و هەروەها لەلایەن کۆمپانیا ئاسیا جیهانیش مۆڵەتێ بێتە وەرگرتن باشتر بێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبه سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) بڕگەی یەکەم من بەو شێوەیە دای دەڕێژمەوە، پێویستە سەرجەم پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون بازرگانی، پیشەسازی، گەشتیاری، پەروەردەیی و تەندروستی، یان هەر پڕۆژەیەك پاشەڕۆی شلەی پیسی هەبێت هەستن بە دانانی پڕۆژەی چارەسەری ئاوی قورس بۆ ئاوەڕۆکانی مەرج بێت لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پڕۆژەکە لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی

بەڕێـوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانـدا، لە بـڕگەی دووەم مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم خـاڵی یەکەم هەڵبگیرێـت و خـاڵی دووەمـیش بکرێـت بە خاڵێـك هەر لەگەڵ بڵێـین خاڵەکـانی بـڕگەی یەکەم لە دوای خاڵی سـێیەم بە خـاڵی چـوارەم ئیـزافە بکرێـت، بەم شـێوەیە ئەرکـی سەرپەرشـتی و بەدوا داچوون دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، پشتگیری کاك دکتۆر محی الدين و حسيبە خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێـرە بەس لە پرۆژەکـان زانکۆکـانیش ئیـزافە بکـرێن، مەسـەلەن پێویسـتە سـەرجەم پرۆژەکـانی نیشـتەجێبوون بازرگـانی پیشەسـازی، گەشـتیاری، تەندروسـتی، لێـرە مەبەسـتی چیـیە، چـونکە نەخۆشــخانەمان هەیە تاقیگەمــان هەیە زۆر شــتمان هەیە و زانکۆکــانیش، چــونکە ئەوانــیش تاقیگەیان تێدایە پاشەڕۆی شلیان هەیە کە پاشەڕۆکانیشیان لەوانەیە زۆرجار کارسینۆجیك بـێ، یەعنی تووشی شێرپەنجەی بکاتن برژێتە ناو ئاوەڕۆکان، بۆیە پێم باشە پاڵپشـتی قسـەکانی کـاك حیکمت و نجات خان و حسيبە خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆر اسماعيل.

**بەڕێز د.اسماعيل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو تێبینـی یێـت هەی ئەو ژی زمـانینە یـێ، ئەولـی گـۆتی عینـوان دانـانی یەکەی چارەسـەر ئەگەر چارەسـەر بمینیـت ئەبێـت ئەلیـف لام لە وەحـدات بـکەیەوە بێـژی (الوحـدات المعـالجە) نە (وحدات معالجە)، چونکە لێرە دەبێـتە مەسـدەر وە دەبێـت ببیـتە دانـانی یەکەی چارەسـەرکردن، چونکە وەحدات ئەو رامانێ موعالەجە نادەت، تێبینیا دوویێ جارەکا دی هەر بـۆ بیرئینـانێ ئاکـار گەلەکا هاتییە ب کار ئینان ئاکار ئەخلاقە خەسڵەتە دەبلێت موراجەعەی کەلیما ئاکار بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو بدريە خان.

**بەڕێز بدريە اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١٩) بـڕگەی یەکەم، خـاڵی یەکەم، دووەم و سـێیەم بەڕای مـن پێویسـتە ئەسـەر رەجعـی هەبێت، بەڵام هاووڵاتی لە پرۆژەکان جیا بکرێتەوە، تەنها بـۆ پرۆژەکـان ئەسـەر رەجعـی هەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) مادام باسی دانانی یەکەی چارەسەر دەکات، من هەموو خاڵەکان دەڵێم بە تایبەتی خاڵی سێیەم کە دەڵێ پێویستە گشت ئەو پڕۆژانەی کە پاشەڕۆی کیمیایی شلی هەیە، چارەسەری کیمیایی دابنرێت، هەمان بۆچوونی بەدریە خانم هەیە، بەڵام من دەڵێم خاڵی چوارەمی بۆ زیاد بکرێت لەلایەك ئەسەری ڕەجعی هەبێت ئەو کۆمپانیاو یان ئەو پڕۆژانەی کە کراون، دیارە تا ئێستا ئەو شێوازە موعالەجەیان نەکردووە ئیلزامیان بکرێت بەم شێوەیە بێت، ئەم خاڵانەی سەرەوە تەبعەن ئەوە دەبێت بە چوارەم ئەو خاڵانەی سەرەوە گشت ئەو پڕۆژانە دەگرێتەوە کە لە ڕابردوودا پڕۆژەکانیان ئەنجام داوەو ئەبێ ئەو مەرجانە جێبەجێ بکرێ ئەسەری ڕەجی.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا لەسەر ناونیشانەکە تێبینیم هەیە (وحدات المعالجة) یەکەی چارەسەر نییە، یەکەمیان هەر لابرێ عەرەبی ناوێ کە لە یاساکەیا کە بە کوردیت دانا پێویست بە عەرەبی ناکات لایبە، بۆیە بکرێتە دانانی یەکەکانی چارەسەر یا یەکەکانی چارەسەرکردن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك یەکە هەیە لە خوارەوە کە دیاریمان کردووەو ڕێگەکەش لابرێ و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە ماددەی (٢٠).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم

حوکمە گشتییەکان:

ماددەی ٢٠:

یەکەم: ئەو گوژمانەی بە پێی ماددەکانی بەشی چوارەمی ئەو یاسایە وەردەگیرێت بە داهاتی کۆتایی بۆ بەرێوەبەرایەتییەکان تۆمار دەکرێت و ڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی چاکسازی و خزمەتگوزاری پڕۆژەکانی ئاو ئاوەڕۆ و هاندان خەرج دەکرێت لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هۆی ئەو داهاتە هیچ گوژمەیەك لە بوودجەی بەرێوەبەرایەتییەکان کەم ناکاتەوە.

دووەم: ڕێژەی (١٥٪) ئەو گوژمانەی بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە وەردەگیرێت دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەشی یان هۆبەی سەرپێچییەکان زیادەڕۆکان کار دەکەن ئەو لایەنانەی سەرپێچییەکان لا دەدەن ئەمەش بە پێی ڕێنمایی ڕێك دەخرێت و لەلایەن وەزیر دەردەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت گفتوگـۆی ئەو مـاددەیە بکـات (کـاك حیکمـت، مامۆسـتا حسـیبە، کـاك عوسمان، کاك ملا ناصر، د.محی الدین، د.اسماعیل) کاك ملا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٢٠) بـڕگەی دوو ڕێـژەی لە (١٥٪) ی ئەو گونجـانەی بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە وەردەگیرێت دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەشی سـەرپێچییەکان و زیادەڕۆکـان کـار دەکەن ئەو لایەنـانەی کە زیـادەڕۆیی لادەدەن بە پێـی ڕێنمـایی ڕێـك دەخرێـت و لەلایەن وەزیـرەوە دەردەکرێـت، بـۆیە لە (١٥٪) کە کەمە بکـرێتە لە (٢٠٪) بـۆ ئەوەی تەرخـان بکـرێ بـۆ سـەرجەم کارمەندانی بەرێوەبەرایەتییەکان یان فەرمانگەکەکـان وەکو هانـدانێك بێـت بـۆ چـاودێریکردنی زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠) بـڕگەی دووەم مـن لەگەڵ تەرخـانکردنی هـیچ بڕێـك پاداشـت نـیم بـۆ فەرمـانبەران، چونکە فەرمانبەران لەسەر میلاکـی عـام دادەمەزرێـن و لە بەرامـبەردا مانگـانە مـووچەی خۆیـان وەردەگـرن، باسـی ئەوە نـاکەین ئێسـتا مـووچە بەو حـاڵەدا دەڕواتـن ئەوە هانـدانی هەمـوو ئەو کەرتــانەیە کە دەکــرێ لە هەمــوو فەرمانگەکــان ئەوە پەیــڕەو بکــرێ، پــێم وایە ئەوە زەرەر بە خزمەتگوزاری گشتی دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت فەرموو قسەکانت بکە.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری کـاك محـی الـدین دەکەم، بە منـیش وایە ئەگەر ئەو (١٥٪) بـدرێت بە فەرمـانبەران لەوانەیە لە دوای سوچیش بگەڕێن، لەوانەیە ئەوەی سوچیش نەکردبێت لـێ بگەڕێـت، بـۆ ئەوەی کە پارە پەیدا بکەن وە لەبەر ئەوەش کە مۆزەفن راتبی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــاددەی (٢٠) بــڕگەی دووەم، ڕێــژەی (١٥٪) ئەو گوژمــانەی بە پێــی حوکمەکــانی ئەم یاســایە وەردەگیرێــت دەدرێــتە ئەو فەرمــانبەرانەی کە لە بەش یــان هــۆبەی ســەرپێچییەکان و زیادڕۆییەکان کار دەکەن و ئەو لایەنانەی سەرپێچییەکان لادەدەن ئەمەش بە پێی ڕێنمایی ڕێك

دەخرێت لەلایەن وەزیردەردەکرێت، بۆیە من پێموایە وایە بکرێت بە (٥٪) باشە ئەمە دەبێتە سەبەبێکی گەندەڵی ئەو کارمەندانە موچەی خۆیان هەیە و ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن، ئەگەر (٥٪) بێت وەکو شتێکی تەبیعی بێت، بەڵام لەوە زیاتر بێت من پشتیوانی لە قسەکەی کاك محی الدین و کاك حکمت دەکەم ئەوە بە تەواوی دەبێتە رێگایەکی گەندەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنا من هاتە کرن ژ لایێ هێژا مەلا ناصر و ئەز پشتەڤانیا وی دکەم (١٥٪)کێمە (٢٠٪) بیت، چونکی تڤێت موحەفیزات هەبیت دا وان سەرپێچیا بگرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا حسیبە فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو تەماشای ماددەی (١١) بکەین و بگەڕێنەوە بۆی، لێرە هاوکارییەکی باشی ئەو کەسانەی کردووە کە پێ بژاردن لە کاتی خۆیی (٣٪) حکومەت لێی خۆش دەبێت، جارێکی تر ئەگەر لەو ماددەیە ئێمە هاوکار بین بۆ فەرمانبەرەکان (١٥٪) بۆ فەرمانبەر بێت، یەعنی ئێمە هیچمان بە هیچ نەکرد، لەبەر ئەوەی فەرمانبەر میلاکی رەسمیە و خاوەن راژەی تایبەتی خۆیەتی، پێم باشە ئەو بڕگەیە هەڵبگیرێت و پشتەوانی تەواوی ئەو رایانە دەکەم کە پێشنیاری ئەوەیان کرد ئەو رایە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (٢١).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢١)، ئێمە لە لیژنەی شارەوانی وە بە راوێژمان لەگەڵ لیژنەی یاسایی پێمان باشە و پێشنیاز دەکەین ماددەی (٢١) لە چوارچێوەی ئەم پڕۆژە یاسایا لابرێت، واتا ماددەی (٢١) لابەین راستەوخۆ بچینە سەر ماددەی (٢٢).

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك دابان نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا ماددەی (٢١) نییە لە ماددەی (٧)یش ئەوەی کە پەیوەستە بە پێوەری ئاو هەیە لەوێ، من لێرەوە پێشنیار دەکەم لێرە کە لە پڕۆژەکە لادەبرێت نابێت بە قانون با بڵێین لە رێی بڕیارێکەوە لە پەرلەمانی کوردستان موعالەجەی ئەمە بکرێت، ئێمە موعالەجەکەمان لەبەر دەستە دواتر ئەکەر بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی و یاسایی ویستیان ئێمە دەیاندەینێ، چونکە بە درێژایی

ساڵی (٢٠١٤) تا ئێستا ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەكی فەوزایە وەزارەتی شارەوانی نەیتوانیوە چارەسەری بكات با پەرلەمان رۆڵی هەبێت لەوەی كە ئەم پرۆسەیە موعالەجە بكات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢١) ئێمە وەكو لیژنە پێشتریش مشاورەمان كردووە لەگەڵ زۆرێك لە برادەرەكان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆكان، ئێمە پێشنیار دەكەین بەو شێوازە لێ بكرێت، بە مەبەستی رێكخستن و كۆنترۆڵ كردنی دابەشی ئاو و رێگەگرتن لە بەهەدەردانی چوونی ئەو سەچاوە سروشتییە و كۆكردنەوەی داهاتەكان وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بە پێی نیاز و رێنماییە تایبەتییەكانی خۆی ئەم بابەتە رێك دەخات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان دەچینە سەر ماددەی (٢٢)، نوقتە نیزامە؟ فەرموو كاك جهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (١٩) بوو من پرسیار كر كەسێ جوابا من نەدا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جوابەكانتان دەدەنەوە، حسیبەخان فەرمووو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەی من بۆ هەڤاڵانی لیژنەی یاساییە، پێشتر ئەو حاڵەتەمان هەبوو بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان وەڵامی دایەوە كە هیچ ماددەیەك بە بێ ئەوەی لە كۆتا خوێندنەوە لە دەنگدان ناتوانرێت لابرێت، ئایا ئێستا لیژنە تایبەتمەندەكان مافی ئەوەیان هەیە بەبێ خوێندنەوەی ئەو ماددەیە و بەبێ دەنگدان ئەو بابەتە بچوێننە سەر ماددەیەكی تر؟ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، منیش پشتیوانی لەو را و بۆچوونەی برای بەڕێز كاك دابان دەكەم سەبارەت بە پێوەری ئاو، چونكە لە راستیدا ئەو بابەتە لە یاساكەدا حەقی خۆی پێ نادرێت، وە پێویستی بە كۆمەڵێك زەوابت هەیە وەكو ئەوەی رێكخستنەوەی هەیە موعالەجە و چارەسەركردن هەیە، ئەگەر دوایی لە رێی پرۆژە برپیارێكەوە بتوانین كە مەودای زیاتر بۆ قسەكردن ئەو موعالە بكرێت و ئیشی لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخـازا لـێ بـوورینێ دکەم پرسـیارا مەلا جهـاد مە ژبیـر کربـوو جـواب بـدەین، بەلـێ ئەگەر هەر مودیێ دائیرەکێ بیت هەر فەرمانبەرەك بیت ئەحکامێـت ڤـێ یاسـایێ جێبەجـێ نەکەت ل دیـڤ قانونـا ئینزبـات مـۆزەفین دێ توشـی سـزا بیـت یەعنـی سـزایێ بـۆ هەی، سـەبارەت بەو روونکردنەوەی کاك لقمان ئاماژەی پێدا مەبەستی هەر دوو لیژنە ئەوە نیـیە کە ئەو مـاددەیە لێـرە حەزف بـوو بەو شـێوەیە کە بـرادەران تێگەیشـتن، زۆرتـرین قسـە لە دانیشـتنی رابـردوو لەسـەر مەوزوعی پێوەر بوو، کەواتا مەبەسـتی ئەوە بـوو ئیتفاقێکمـان هەیە تەرحێکمـان هەیە نەسـێکی بەدیلمان هەیە بۆ ئەوەی قسە لەسەر نەکرێـت کە ئـێمەش رازیـن بەوەی کە لە جەلسـەی رابـردوو ئەو فشـارە لەسـەر ئـێمەش دروسـت بـوو ئەوی تـر هەر دەمێنێـت، لە راپـۆرتی دەنگـدان هـۆڵی پەرلەمان دەنگ دەدات کە ئەمە هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالَح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دەبێت لێرە مناقشەیەك بکەن کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەجال هەبیت تەوزیحێك بدەم، زۆر ئیحتیادییە لێـرە گەیشـتووینە مـاددەی (٢١) هەر دوو لیژنە ماددەیەك سیاغەکەی بگۆڕن سیاغە نوێکە بخەیـنە بەر گفتوگۆ، یەعنـی خیلافـی پەیـڕەوی تێدا نییە، زۆر تەبیعییە ئەوە گەیشتینە (٢١) تەرحی نوێ هەیە هی هەر دوو لیـژنە ئەمە لە جیـاتی ماددەی (٢١) ئەمە تەرحی نوێی ئێمەیە، بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسـەر ئەوە بکەیـن ئەوەی کـاك لقمـان ئامادەیە وابزانم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالَح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، کاك لقمان فەرموو یەك دەقە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشـتنی لە بـڕگەی سـێیەم لە مـاددەی (٧) وە مـاددەی (٢١)یـش لەسـەر داواکـاری زۆرێـك لە خوشك و براکانمان لە پەرلەمانتاران کە سەبارەت بە پێوەری ئاوی ماڵان بوو کە سەرنج و تێبینی هەبوو وا بە باش نەزانرا لە چوارچێوەی ئەم یاسایە شوێنی بکرێتەوە، ئـێمە بە گفتوگۆ کـردن و راوێـژ لەگەڵ وەزارەتـی پەیوەندیـدار بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی ئـاو و ئـاوەڕۆ وە هەر دوو لیـژنەی تایبەتمەنـد گەیشـتینە ئەو دەرئەنجـامەی کە پێشـنیاز بکەیـن مـاددەی (٢١) لابرێـت وە بـڕگەی سـێیەم لە مـاددەی (٧) لابـەین، ئەمە پێشـنیازە بێگومـان دواتـر لە کـاتی دەنگـدان دەکرێـت بە دەنگدان ئەم مەسەلەیە یەکلابکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالَح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك دابان دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٧) لەسەر پێوەر پێویستە حکومەت ئەم سیستەمە بگۆڕێت وە هەڵی بوەشێنێتەوە و لە بەرامبەر پێوەر و سیستەمێکی نوێ دابنرێت سیستەمێکی هاوچەرخ، چونکە بە راستی ئەو سیستەمەی ئێستا تەنانەت هەواش دەخوێنێتەوە بەم جۆرە هاووڵاتیان زۆر زەرەرمەند دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبوکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە حەسیبە خان دەکەم، پێشنیاری لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە ئەم ماددەیە لابرێت پێشنیازێکە لە جەلسەی داهاتوو دەخرێتە دەنگدان، بەڵام دەبێت ئەمڕۆ ئەم ماددەیە گفتوگۆ بکرێت ئەوەی کە هەیە هەر کەسێك قسەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەلی فەرموو.

**بەڕێز عەلی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی هاوبەش لە راپۆرتی سێیەم پێشنیاری خۆیان دەنووسن ئێستا ماددە ماددەی گفتوگۆیە چ ئەوانەی مۆئەیدی مانەوەیەکن چ ئەوانەی موئەیدی هەڵوەشانەوەیەکن، بە پێی ئەو موبەڕراتانەی کە هەیە هەموو موبەڕراتی دارایین ئێستا حکومەت لە روویی کۆکردنەوەی داهاتەوە جاران ئەگەر بە مانگێك هەشت ملیار دیناری دەست کەوتبا ئێستا ملیارێکی دەست دەکەوێت ملیارەکەش بە نادادی، بۆ نموونە یەکێك (٢٠٠٠٠) دووسەد هەزاری لێ وەردەگیرێت بەشی هەرە زۆری هیچ بڕە پارەیەك نادات، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو کۆمپانیانەی لەم پرۆسەیە بەشدار بوون خۆیان دەڵێن فەشەلی هێناوە و سەرکەوتوو نەبووە ئەسلەن ناکرێت کۆمپانیا لە لیستی رەش بێت پێوەر بفرۆشێت بە ناوی پێوەری ئیتالی و ئەڵمانی پێوەری سینی بێنێت بڵێت وەڵا بەرگەی سەرما ناگرێت بەرگەی گەرماش ناگرێت ئێ ووڵاتی ئێمە یان گەرمە یان ساردە حلی تری نییە، بۆیە گرنگە وە پێویستە ئێمە تەئیدی ئەمە دەکەین کە ئەم ماددەیە لابرێت، چونکە حکومەت قازانجی نەکردووە داهاتی حکومەت کەمی کردووە و هاووڵاتیانیش هەموویان نیگەرانن، چ ئەوانەی پارەی ئاو دەدەن پارەیەکی زۆر زۆر دەدەن، ئەوانەشی پارەی ئاو نادەن ئەمەش جاران ئەگەر ئیلتیزامێکی دە هەزاری هەبوو یا پازدە هەزاری هەبوو ئێستا ئەوە نەماوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان تکا دەکەم با هەر دوو سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند رەئییێکیان لایە ئێستا تەرحی دەکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەو ئەو دەسەڵاتەمان هەیە پێش بگەینە ماددەیەك ئەو مادده بیگۆڕین پەیڕەو ئەو دەسەڵاتەی بە هەر دوو لیژنە داوە کەی ناتوانین، مادده گفتوگۆی لەسەر کراوە بۆ ماددەی چوار بۆ ماددەی پێنج بۆ ئەو ماددەی گفتوگۆی لەسەر کراوە راستە لە جەلسەی داهاتوو لە راپۆرتی دەنگدان ئەوەش مەوزوعێکە لێرە خاوەنی ئەو راپۆرتەین تازە گەیشتینە ئەو ماددەیە، ئەو ماددەیە تا ئێستاش وەکو وەسف بڵێین موڵکی ئێمەیە ئێمە دەتوانین دەستکاری بکەین پاشگەز بین لە رێڕەوی خۆیی پێش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام ئێستا مەسەلەن لە مادده (٢١) ئێمە دەسەڵاتمان نییە مادده (١٨) بگۆڕین دەبێت لە راپۆرتی جەلسەی دەنگدان دا بێت ئەمە دروستە، ئێستا نەگەیشتوینە مادده (٢١) گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، بۆ ئەوەی زۆرترین موراعاتی کاتیش بکەین و زۆر قسە لەسەر نەکەین ئەمە تەرحێکە بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەر مەبنای رەئی ئەندامانی پەرلەمان و بەر مەبنای ئەو بەدواداچوونەی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار خۆیی کردوویەتی، وە دوێنێ ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ زیاتر لە دوو کاتژمێر وە بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە پارێزگاکان گفتوگۆمان کردووە سەبارەت بەم پێشنیازە یاسایە، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی ئەمان پێشووتر وەزارەتی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن پێشووتر گرێبەستیان کردووە لەگەڵ سێ کۆمپانیا بۆ مەسەلەی پێوەری ئاوی ماڵان، ئێمە باس لە پاراستنی تۆڕ و بنچینەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەکەین، پێمان باش بووە لیژنەی تایبەتمەند بە راوێژ دواتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەم بڕگەیە مناقەشە نەکرێت وە دڵنیاتان دەکەینەوە هیچ رێگرییەك نییە ئێمە بخوێنینەوە و مناقەشەی بکەین، بەڵام دڵنیام هەمووتان وا رەئی دەدەن کە ئەم ماددەیە لە چوارچێوەی ئەم یاسایە لابرێت، بۆ ئەوەی هەمووتان رەئیتان وایە بەر مەبنای ئەو رەئیە ئەو قەرارەمان داوە کە دواجار رەئی ئێوەشە، بۆیە هەم بڕگەی سێیەم لە ماددەی حەوتەم کە تایبەتە بە سزادانی پێوەری ئاوی ماڵان وە هەم ماددەی (٢١) لادەبرێت، وە دڵنیام رەئی ئێوەش وایە، بۆیە بە رەئی من کات نەکوژین و ئەگەر پێشتان باشە مانعمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو نوقتە نیزامە لەسەر ئەوماددەیە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا پێم وایە روونکردنەوەی هەر دوو بەڕێز سەرۆك لیژنە تەواو لە جێی خۆیەتی وە هیچ کێشەیەکی پەیڕەوی دروست ناکات، بەڵام پێشتر حاڵەتمان هەبووە لە ناو پەرلەمان وەکو ئەرکێك دووبارەی کەینەوە دەکرێت ئێستا بیخەینە دەنگدان، چونکە پێموا نییە دووبارە کەس

لەگەڵ ئەو ماددەیە بمێنێتەوە فەرموو جەنابتان ئەگەر تەشریف فەرموون بیخەنە دەنگدان بۆ ئەوەی کە ماددەکە کێشەی قانونی دروست نەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکات رەئی هەر دوو لیژنەیە ئێمە دەچینە سەر ماددەی (٢٢) پێویست بەوە ناکات، رەئی ئێمە ئیعتیماد لەسەر لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بەڕێزان ئەوان دانیشتنی تایبەتیان کردووە بابەتێکی تەکنیکییە پسپۆڕێتی هەر دوو لیژنەکەیە ئێمە ئیعتیماد لەسەر رەئی هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەین پێویست بە گفتوگۆی زیاتر ناکات بچینە سەر ماددەی (٢٢) بەڕێزان، توزیح چییە کاك مەم بە چ ماددەیەك؟

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی رابردوو ئەم راپۆرتە هاوبەشەی هەر دوو لیژنەی بەڕێز بە دەنگدان پەسند کراوە ....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ گفتوگۆ نەك بۆ ئیعتیبار دان، بەڕێزان راپۆرتی خوێندنەوەی دووەم ئیعتیمادی لیژنەکان کە بە دەنگدان دەکرێت بۆ گفتوگۆیە نەك بۆ یەکلاکردنەوەیەتی ئەو پێشنیازە تازانە دەخرێتە روو ئەوەی لە ناو راپۆرتەکەیە بۆ گفتوگۆیە لە خوێندنەوەی سێیەم بڕیار و دەنگدانی لەسەر دەکرێت، بۆیە هەتا ئێستا هەموو خاڵەکان قابیلی مناقەشە کردنن بە لادان یا بە ئیزافە کردن، جگە لەو ماددانەی کە پێشتر گفتوگۆی لەسەر کراوە، بچنە سەر ماددەی (٢٢) تکایە با وەخت نەکوژین، کاك نزار تکایە بڕۆ سەر ماددەیە (٢٢) وەختی روونکردنەوە نییە.

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٢)

یەکەم: سزاکانی هاتوو لەم یاسایە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە زیادەڕۆیی یان سەرپێچیان ئەنجامداوە لە ماوەی (١٨٠) رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەکان دەکەن لە شوێن و جۆری زیادەڕۆیی یان سەرپێچی و بە شێوەیەکی فەرمی بەڵێنامە پێشکەش دەکەن لە ماوەی (٣٠) رۆژ دا لە ژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار زیادەڕۆیی یان سەرپێچیکار لابدەن، وە لایەنی پەیوەندیدار لابردنەکە و ئاسایی کردنەوەکە بە فەرمی پشتڕاست بکەنەوە بە پێچەوانەشەوە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

دووەم: ئەو کەسانەی مۆڵەتی فەرمی و لایەنی پەیوەندیدارەکانیان هەیە دوایی هەڵسەنگاندن لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە لە سزاکانی هاتوو لەم یاسایە بەدەردەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٢) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با دەست بەرز کاتەوە (کاك حکمت، کاك یاسین، دکتۆرە شایان، کاك دکتۆر محی الدین، کاك ابوبکر، سەرچنار خان) دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بــڕگەی دووەم بەو شــێوەیە بــاس دەکــات ئەو کەســانەی مــۆڵەتی فەرمــی و لایەنــی پەیوەندیدارەکانیان هەیە دوایی هەڵسەنگاندن لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە لە سزاکانی هاتوو لەم یاسایە بەدەردەکرێن، پێم باشە هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند بێگومان دەست خۆشیان لێ دەکەم و ماندوو نەبوونیان لێ دەکەم، بەڵام ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ بێ زەحمەت مەبەستیان چییە کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە؟ وە لە سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا بەدەردەکرێن ئەگەر سزا بدرێن، کەواتا تاوانێکیان کردووە یاخود سەرپێچییەك یان زیادڕۆییەکیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زێد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا نزانم هندی من بەرێ خۆ دایێ بەحسێ فەرمانبەرا نەهاتیە کرن، یەعنی ئەوێت کو مەعنی ب ڤی شۆلێ ڤە، ئەگەر هاتوو ئەڤانە سەرپێچی کر باشە جزایێ وانا دێ وەکی هەمان هاووڵاتیا بیت یان دێ گرانتر بیت؟ من پێ باشە ئەگەر ئەو فەرمانبەرێت کو مەعنی ب ئاڤێ ڤە بێتو کەل و پەلێت میری ببەن یان ژی سەرپێچییەکێ بکەن جەزایێ وان دوو بەرابەر بیت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودا، لە ماددەی (٢٢) لە خاڵی یەکەم دەڵێت سزاکانی هاتوو لەم یاسایە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە زیادەڕۆیی یان سەرپێچیان ئەنجامداوە، یەعنی ئەوەی پێشی ئەو یاسایە کردبێت ناگرێتەوە، کەواتا ئەوە چۆن دەبێت؟ دەبێت بیانگرێتەوە، لە خاڵێکی پێشوو باسمکرد کاکە مەنتیقەی ئێمە هەموو خانوویان کردووە لەسەر بۆڕی نەقل ئەگەر ئەوان نەگرێتەوە یاسا بۆ دەردەکەن لە زۆر شوێنی دیکە وایە، یەعنی دەبێت ڕوونکردنەوەمان بدەنێ چۆن نایگرێتەوە و بۆمان شی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە مادده مۆڵەتی فەرمی مانای چییە بە ڕاستی، مۆڵەتی فەرمی (كلمە حق يراد بها باطل) بە ناوی مۆڵەتی فەرمییە لەم وواڵتە قۆڕ بەسەر هەمـوو شـتێك كـراوە، یەعنـی چـی كـابرا مۆڵەتی فەرمی هەبێـت دەستكاری بۆڕی ئاو بكات و خـانوو لەسـەر بـۆڕی ئـاو بكـات، هەمـوو ئەو سـزایانەی كە لەو یاسـایە دا هـاتوون، لەبەر ئەوە مـن پێشـنیار دەكەم بـڕگەی دووەم هەڵبگیرێـت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن لە ماددەكـانی تـریش دووبـارەم كـردەوە وشـەی سـزان و وشـەی زیـادەڕۆیی و زیادەڕۆكـار هەمووی پێچەوانەیە لەگەڵ یاسا بەركارەكانی تر و دەبێـت لابرێـت، دێـڕی ئەخیـریش ئەوەی بە پێچەوانەشـەوە حوكمەكـانی ئەم یاسـایە دەیـانگرێتەوە ئەو بەپێچەوانەشـەوە زیـادە وە لەگەڵ جەوهەری ماددەكە یەك ناگرێتەوە و دەبێت لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن لەم یاسایە بە ڕاستی من زۆر لەگەڵ ئەوەدا بووم جاری پێشـوش پێشـنیارم كـرد كە ئەوە بۆ هاووڵاتی و بۆ كۆمپانیا جیا بكرێتەوە، چـونكە بە ڕاسـتی هەنـدێك سـزا هەیە زۆر قورسـە، تـۆ بێنە پێش چاوی خـۆت هـاووڵاتییەك بـێ كـارە وە سـێ چـوار منداڵیشـی هەیە ئینسـانە هەڵەیەك دەكات یەعنی موشەڕعە دەبێت هەموو لێكدانەوەكانی بـۆ هەمـوو بارودۆخەكـان هەبێـت سـزای دەدەیـت بە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سـەد و پەنجـا هەزار پارەكەشـی نیـیە بـۆ هەتـا هەتـایە سجنیشـی دەكەیـت ئەی منـداڵی دامـاو چـی بكـات؟ بـۆیە لێـرە یەك شـتی تـری تێـدا نزیـك لەوەیە ئەویـش ئەوەیە ئەگەر هاووڵاتییەك خانووەكەی یا پڕۆژەكەی یـا كـارەكەی نزیـك لە یەكێـك لەم بابەتـانەی كە سـزا دەیگـرێتەوە كردبـوو وە لە مـاوەی (١٨٠) ڕۆژ وە دوایـی (٣٠) ڕۆژیـش مـۆڵەتی پـێ بـدەی ئەگەر دەرفەتی چاككردنی هەبوو، چونكە تۆ ئەگەر مەسەلەن دیواری ژووری میـوانەكەی تەجـاوز بوو لەم بارەدا چۆن خانووەكەی بڕوخێنێت؟ ئەم ئیحتیمـالە دابنرێـت ئەگەر دەرفەتـی چـاككردن هەبـوو، سـەبارەت بە هـاووڵاتی مـن ئەم پێشـنیارەم هەیە سـەبارەت بە بـڕگەی یەكەم، بـڕگەی دووەمیش پشتگیری لە قسەكانی مامۆستا ابوبكر هەڵەدەنی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ڕەئیتان لایە؟ فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە سـەرنجەكەی كـاك یاسـین ئەو سـەرپێچییانەی لە ئێسـتادا كـراون كە هەیە وجـودی هەیە مۆڵەتی (١٨٠) ڕۆژ، واتا چـوار مانـگ دەدرێـتە ئەو هاووڵاتییـانەی سـەرپێچیان كـردووە بـێن ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار لە دائیرەی ئاو و ئاوەڕۆ بـكەن بڵـێن ئـێمە سـەرپێچیمان كـردووە بە

پـێچەوانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە وە لە مـاوەی (٣٠) ڕۆژدا سـەرپێچیەکان لابـبەن و دۆخەکە بگێـڕنەوە دۆخـی پێشـان ئەوا سـزا نـادرێن، سـەبارەت بە بـڕگەی دووەم ئەو کەسـانەی مـۆڵەتی فەرمـی لایەنە پەیوەندیـدارەکانیان هەیە دوایـی هەڵسـەنگاندن لە لایەن لیـژنەی تایبەتمەنـد لە سزاکانی داهاتووە لەم یاسایە بەدەر دەکرێن، تەبعەن بە پێی ئەم یاسـایە دوایـی دەرچـوونی ئەم یاسایە هیچ هاووڵاتییەك ڕێگەی پـێ نادرێـت لە زیـاتر لە یەك جـار هاوبەشـی ئـاو بکـات، بەڵام لە ئێستادا زۆرێك لە هاووڵاتیان بە مۆڵەتی فەرمی مۆڵەتیان وەرگرتووە دوو جار هاوبەشـی ئاویـان کردووە، بۆیە لەو حاڵەتە دا ئەگەر کەسەکە بە دوو جار هاوبەشی کردبوو کە پێشووتر پـارەی ئـاو لەسەر بنەمای ڕووبەر وەردەگیرا واتا دوو جار دە هەزار دینـاری دەدا بە دائیـرەی ئـاو وە مـۆڵەتی هەبـووە ئەمە ئـاوەکەی لـێ دەبڕێـت، بەڵام لە سـزاکانی ئەم یاسـایە بەدەر دەکرێـت مەبەسـتەکە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٢٣) فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣)

هەر کەلو پەل و ئـامێر و ئامرازێـك بـۆ سـەرپێچی و دەسـت درێـژی کـردنە سـەر تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ بەکـار هێنـرا بێـت دەسـتی بە سـەر دادەگیرێـت و بە گـوێرەی ڕێسـاکانی دەسـت بەسـەر داگرتن موسادەرە و مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکات، ماددەی (٢٤) فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤)

هەر کەسێك بەشـدار بێـت لە سـەرپێچی کـردن و زیـادەڕۆیی لەسـەر تۆڕەکـانی ئـاو و ئـاوەڕۆ بە بەرامبەر بێت یا بێ بەرامبەر بە هەمان سزای سەرپێچی کار و زیادەڕۆکار سزا دەدرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەو مـاددەیە بکـات، (کـاك شـێخ ظـاهر، کـاك ادریـس، کـاك یاسین، کاك مەم، مامۆستا هلز)، مامۆستا هلز فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٢٤) دێرا دوویێ یا وازح نینە بەر هندێ تەلەبا تەوزیحەکێ دکەم ژ لیژنێت پەیوەندیـدار بە بەرامبەر بێت یا بێ بەرامبەر یەعنی رامانا وانا چییە؟ ئو لڤێرێ یا وازح نینە، زۆر مەمنون.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادريس اسماعيل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) هەرەوەها بۆ منیش وازح نیە، بەڵام مەبەستیان ئەگەر لێرە بۆ نمونە کەسێك بچێتە مەیدانی کارکەران و دوو کارکەر بۆ خۆیی بێنێت و بڵێت ئەم بۆڕییە بۆ من بکێشن ئەوان مەمنونن کەسێك پێیان بڵێت وەرە بۆم کار بکە خۆ ناچێت مناقەشە لەگەڵ خاوەنی ئیش بکات بڵێت تۆ روخسەتی فەرمیت هەیە یا نا، من پێم وایە ئەوە ناعەدالەتییە ئەگەر سزاش بدرێت سزایەکی کەم بێت نەك بە هەمان سزای سەرپێچی کار، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) پشتگیری لە قسەکانی کاك ادریس دەکەم، بە راستی راست دەکات کەسێك کە کرێکارە دەچێت ئیش دەکات قوڕ بەسەرەی خۆ ئەوە نازانێت ئایائەوە بە قانونیە یا قانونی نییە، سزا بۆ بدرێت؟ یەعنی ئەگەر ئەوە بۆ مەسئولێکی کرد، یەعنی دەبێت چ بکات کابرا؟ دەبێت خاوەن ئیشەکە سزا بدرێت نەك ئەوەی دەیکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٢٤) هەر کەسێك بەشدار بێت لە سەرپێچی کردن و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بە بەرامبەر بێت یا بێ بەرامبەر بە هەمان سزای سەرپێچی کار و زیادەڕۆکار سزا دەدرێت، من پێشنیار دەکەم سیاغەی ئەم ماددەیە بەو شێوازە بێت، هەر کەسێکی سروشتی و مەعنەوی کە بەشدار و هاوکار بێت لە سەرپێچی کردن و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بە بەرامبەر بێت یا بێ بەرامبەرحوکمەکانی ئەم یاسایەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، وە دەتوانم روونکردنەوە بدەم لەسەر ئەو کەسەی کە ئەگەر کرێکار لە رووی قانونی دەگەڕێتەوە سەر علمی ئەو کەسەی کە کار دەکات، ئەگەر زانی ئەوە تەجاوزە عقوبە دەدرێت بە هەمان عقوبە ئەگەر نەشیزانی ئەوە بۆ کەسابەت و شتی وا بوو هیچ سزایەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من مامۆستا هلز کردی و فیعلەن منیش موتەفیق بووم و ئەو پرسیارەم هەیە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند فەرموون

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت پرسیارا هلز خانێ، یا هاتی بە بەرامبەر یا بێ بەرامبەر، بە بەرامبەر وەكی ئەو نمونا كاك ادریس ژی ئینای كەسەك دێچیت داخازا كرێكارەكی كەت بەرامبەر یەومییەكا وی یا بڕە پارەیەكی دێ هاری ئەوێ تەجاوزێ یان سەرپێچیێ كەت، بێ بەرامبەر هەڤاڵەكە داخازا هاریكاریێ كەت دێ رۆناكیێ شەڤێ بۆ گریت بۆ هندێ بشێت سەرپێچیێ یان زیادڕۆیێ بكەت، سەبارەت پرسیارا كاك یاسینی قاعیدێ قانونی ئەوە دەخوازێت ئیمتیناع لە فیعلێك دەڵێت ئەم ئیشە نابێت بیكەی ئەگەر كردی، ڤێجا هەژار بیت كرێكار بیت بەرپرس بێت هەر كەسێك بێت مستەهلی عقوبە و سزای خۆیە، ئەم ماددەیە موحتەمەلە لە چوارچێوەی مەبادئی عامیش دا هەیە قانونی عقوبات مادده (٤٧ و ٤٨) لە قانونی عقوبات فەسڵی پێنجەم باسی مستەوا مفاعل و شەریك و ئەوانە دەكات، بەڵام بۆ لێرە بەو شێوەیە هاتووە یەعنی ئەوەش تیكرار نییە لەم یاسایە تەنیا لە خاڵی دوو لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١) ئەم موحتەمەلە كەیسێك ئاراستەی دادگا بكرێت، لەبەر ئەمە پێویستە لێرە بەم شێوەیە هەبێت ئەگەر نا ئەوەی شەریك بێت لەگەڵ توشی سزا نابێت ئەو كاتەش خەلەلێكی قانونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك لقمان هیچتان هەیە ئێوە؟ ماددەی (٢٥).

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥):

بە مەبەستی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە وەزیر رێنمایی پێویست دەردەكات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس گفتوگۆیی هەیە؟ (كاك مەم، كاك عثمان سێدەری، سەرچنار خان، مامۆستا عثمانیش) فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٥) لابرێت، بەڵام ماددەی (٢٦) بكرێتە ماددەی (٢٥) و بەم شێوەیە لێ بكرێت، ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكەن و وەزیر رێنمایی پێویستی بۆ دەردەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە مەبەستی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە وەزیر رێنمایی پێویست دەردەكات لە چوارچێوەی ئەم یاسایە دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا لە لایەن بەڕێز كاك مەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاواى لێ بکرێت، پێویستە لەسەر وەزیری تایبەتمەند ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات، یەعنی داڕشتنەکە بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٢٦).

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٦):

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، ماددەی (٢٧).

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، ماددەی (٢٨).

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی.....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت، لێرە وشەی بڕیار هاتووە لە کاتێك تۆ یاسات هەبێت بڕیار هەر بە خۆیی ئیشی پێ ناکرێت، بۆیە بڕیار لاببرێت باشە، کار بە دەقی هیچ یاسایەك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە پێچەوانە بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٨) فەرموو.

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، (كاك هەڵكەوت، گەلاویژ خان) فەرموو كاك هەڵكەوت.

**بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە تێكڕای ماددەكانی ئەم راپۆرتە تێبینی دوو خاڵم كرد، یەكەم (٢٥٪)ی تێكڕای ماددەكان دووبارەن بگرە سێ بارەشی تێدایە، خاڵی دوو هیچ ئاماژەیەك نەدراوە بە دانیشتوانی گوندنشینەكان كە دوورە دەستن لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومی ئەگەر پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆیان تێدا بوو موخالەفەیان هەبوو چۆن سزا بدرێن؟ یا خود سزاكانیان هەمان سزای شار و شارۆچكەكان دەبێت یا خود نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆرە گلاویژ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨) پێموایە ئەو ماددەیە وای لێ بكرێت، ئەم یاسایە لە رۆژی دوایی بڵاوكردنەوەی نەك لە رۆژی بڵاوكردنەوەی، چونكە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی ناكاتە هیچ دام و دەزگایەك، رۆژی دوایی بڵاوكردنەوە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان فەرموون لیژنەی تایبەتمەند هۆیەكانی دەرچوواندن.

**بەڕێز نزار عبدالغفار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن

بە مەبەستی پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان و دڵنیا بوون لە تواناكانی ئەم تۆڕانە لە رووی هونەریەوە پارێزگاری كردن لە ژینگە و پێدانی ئاوی خاوێن بە هاووڵاتیان بە شێوەیەكی دادپەروەرانە و پاراستنی تەندروستی گشتی و پاراستنی ژێرخانی ئابووری و بە فیڕۆنەدانی سامانی گشتی ئەم یاسایە دەردەچوێنرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات لەسەر هۆیەكانی دەرچوواندن، زۆر سوپاس دەستان خۆش بێت لیژنەی تایبەتمەند فەرموون بچنە شوێنی خۆتان، بەڕێزان ئێمە برگەی چوارەم ماوە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسایی هاوردە كردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەكان لە هەرێمی كوردستان ئەم بابەتە گفتوگۆی زیاتری دەوێت و وەختی زیاتریشی دەوێت، بۆیە ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی بڕیارمان داوە ئەم خاڵە دوا دەخەین بۆ دانیشتنی ئایندەی پەرلەمانی كوردستان ئەمڕۆ كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی

چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١\٤\٧

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٧پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی/١٦، بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠، ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان" دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/٦ ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٤/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

١- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هاوردەکردنی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان لە هەرێم کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی (٧٩ و٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١/پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان.

٢/پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان.

٣- خستنەڕووی بیرۆکەی پەرلەمانتار مەم بورهان محمد پەیوەست بە حوکمڕانی بیرۆکراسی بە پێی حوکمی خاڵی دووەم، بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٤٩ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەست پێ ئەکەین، سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەمان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بەپێــی حــوکمی مــاددەی/٥ برگەکــانی یەکەم و دووەم و ســێیەم لە مــاددەی/١٦، بــڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێـنجەم لە مـاددەی/٢٠، ماددەکـانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان دەســتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە/٦ ی ئاسـایی خـولی بەهـارەی سـاڵی سێیەم، لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١١) ی پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٤/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هـاوردەکردنی فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتیەکـان لە هەرێم کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان.

٥- خوێنـدنەوەی یەکەم بـۆ ئەو پێشـنیازە یاسـا و بریـارانەی خـوارەوە بە پێـی حـوکمی ماددەکانی (٧٩ و٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١/پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان.

٢/پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان.

٦- خســتنەڕووی بیــرۆکەی پەرلەمانتــار مەم بورهــان محمــد پەیوەســت بە حــوکمڕانی بیرۆکراســی بە پێــی حــوکمی خــاڵی دووەم، بــڕگەی یەکەم لە مــاددەی/٤٩ پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم ماددەی/٢٠ و مـاددەی/٥٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمـارە (٥)ی ئاسـایی خـولی بەهـارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کـاتژمێر (١١) ی پێشـنیوەڕۆ ڕۆژی چـوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٣/٣١ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشـتن و نـاوی ئەنـدامانی ئامـادەنەبوو بە مـۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە:

١/پرۆژە یاسای وەزارەت کارەبا لە هەرێمی کوردستان.

٢/پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.

٥- دەنگــدان لەســەر پێشــنیازە یاســای پاراســتنی بەرهەمە خۆماڵیەکــان لە هەرێمــی کوردستان.

٦- بەردەوام بوون لەسەر خوێنـدنەوەی دووەم لەسـەر پێشـنیازە یاسـای پاراسـتنی تـۆڕ و بنچینەکانی ئاوو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان.

٧- بێ بەش کردنی ئەنـدام پەرلەمـان (کـاظم فـاروق نـامق) لە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان.

٨- دواخستنی بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کار بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان.

٩- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین، بەڵێ کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/٤٨ بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پێشنیاز دەکەم بڕگەی کۆتایی بیتە بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێیەم ببیتە بڕگەی یەکەم، بڕگەی یەکەم بچیتە بڕگەی سێیەم، بڕگەی دووەمیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دوایـیش بە تەفاسیڵ بتوانین گفتوگۆ لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسایەکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، هەروەها منیش پێشنیازەك دەکەم و پشتگیری لە داواکەی کاك دیاری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کێشەی هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان لە کوردستان، ئێمە ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان کە (٣٤) ئەندام پەرلەمان، پشت بەست بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکمان بە ژمارە (٢٠) لە ٢٠٢٠/١١/١٨ پێشکەش بەئێوەی بەڕێز کرد، دوایی بەڕێزتان لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ داواتان لە ئێمە کرد ڕاپۆرتێك لەسەر کێشەکان پێشکەش بکەین، ئێمەش بە ژمارە (٢٧) لە ٢٠٢٠/١١/٣٠ ڕاپۆرتێکی تەفاسیڵ لەسەر کێشەی منداڵان و هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەت گیروگرفتەکانیان و کێشەی خێزانەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە خستمانەڕوو بەرچاو کردنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئێمە چاوەڕێی دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەین لەسەر ئەو گرفتانە و نەك ئێمە سەدهەزار خێزان لە کوردستان دا چاوەڕێی ئەو کۆبوونەوەیە دەکەن، چاوەڕێی وەڵامی بەڕێزتانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ڕاست دەکەی داوا لە بەڕێز سکرتیری پەرلەمان دەکەم ئەو یاداشتەی بەڕێز مامۆستا عمر ئاماژەی پێ ئەکا بیخاتەوە بەردەستی سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی داوا لە وەزیری تایبەتمەند بکرێ و ئێمە هیچ مەناعەتمان نییە لەسەر ئەوەی ئەو دانیشتنە بکرێت، کاك دیاری پێشنیارێکی کرد و کاك سیروان پشتیوانی کرد، کەواتە ئێمە ئاماژە بە ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوا لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین هەر بەڕێزێك

لەگەڵ ئەوەیە بـڕگەی یەکەم بچێـتە بـڕگەی سـێهەم و بـڕگەی سـێهەم بچیـتە بـڕگەی یەکەم بـا بفەرمـویٚ دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ بەڵـێ زۆر سـوپاس، کەواتە بـڕگەی یەکەم بریتـی دەبـێ لەوەی بەڕێز کاك مم، ئەوەی دووەم/ بریتی دەبێ لە خوێنـدنەوەی یەکەم بـۆ پێشـنیازە یاسـاکان، ئەوەی سێهەم بریتی دەبێ لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای ئاماژە پێدراو، کاك مم فەرمـوون، وەرتان دەگرم دوای تەواو بوونی بڕگەی یەکەم، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

سـوپاس بـۆ ئەو ئـاڵوگۆڕەی کە پـێش وەخـتە بتـوانین قسـە لەسـەر ئەم بیـرۆکەیە پێشکەشـی جەنابتانی بکەم، من لەماوەی ئەم دەقیقەیەدا کە بـۆم دانـراوە، هەوڵ دەدەم زۆر بە خێرایـی ئەو بیــرۆکەیەی کە پەیوەنــدی بە حکــومڕانی بیرۆکراســیەوە هەیە پێشکەشــی جەنابتــانی بــکەم، ئامانجەکەش لە دەستپێکی بیرۆکەکەدا ڕوونم کردووەتەوە.

ئەندامانی بەڕێز حوکمڕانی بیرۆکراسـی یـان ئیـدارەدانی بیرۆکراسیانە لە حـوکمڕانی دا یەکـێکە لەو پرسانەی زۆرترین جار بەر گـوێی هاونیشـتمانیان دەکەون و ئەشـێ بەلای زۆر کەسـەوە نـامۆ بێـت، یـان تەنـانەت کارەکتەرەکـانی نێـو حـوکمڕانی و پەرلەمـانیش بەرچاویـان ڕوون نەبـێ لە خستنەڕووی ئەم بیرۆکەیەدا، تەنها لەسەر لایەنەکانی دەسەڵاتی هەرێمـی و زۆربـوونی ڕۆتـین لە حوکمڕانی ستونی دا وەستاوم نەچـوومەتە نێـو دیوەکـانی دیـکەی ئەم سیسـتەمەی حـوکمڕانیە و لەم سۆنگەیەوە باسم لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان کـردووە، کە مەبەسـتم لەهەردوو لایەنـی کەم کردنەوەی ڕۆتینە و دروست کردنـی دەسـەڵاتێکی ئاسـۆییە لە حـوکمڕانی دا، ئەمەویٚ زۆر بە خێرایـی پێتـان بڵـێم ئەمە یەکـێکە لەو تـوێژینەوانەی کە لەو کتێبـانەی کە ١٧ تـوێژینەوەو باسـی لەخۆ گرتووە لەسەر حوکمڕانی بیرۆکراسی، دوو کتێبـی (مـاکس ڤێبـر) و سـەرچاوەیەکی تریشـم بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بتوانین چوارچێوەیەکی زانسـتی بـخەمەڕوو بـۆ جەنابتـان، بەشـی یەکەم چوارچێـوەی تیـۆری دەخەمەڕوو، مێـژووی بیرۆکراسـی بـزانین چیـیە، مێـژووی سـەرهەڵدانی بیرۆکراسـی دەگەڕێـتەوە بـۆ شارسـتانیە کۆنەکـانی دۆڵـی رافیـدەین و فیرعەونەکـانی مصر، کە خەسڵەتی ئەم دەوڵەتانە بریتی بووە لەدەست تێـوەردان لە کاروبـارە ئابووریەکـان و ڕێکخسـتنی تۆڕەکانی ئاوو ئاوەڕۆ و جۆگە ئاودێریەکـان کە ئەم کـارەش پێویسـتی بە دەوڵەتێکـی ناوەنـدی و نەشونما کردنی بیرۆکراسـی و هێـواش بەڕێوەچـوونی مـامەڵە کارگێڕیەکـان هەبـووە، نـاوەڕۆکی بیرۆکراســی لە دەوڵەت و سیســتم دا بــۆ نووســینەکانی فەیلەســوفی یۆنــانی (ئەفلاتــون) دەگەڕێـتەوە، بە تـایبەتی لە کتێبـی شـاری (یۆتـۆپی) دا کە دادوەری ئامـانجی یەکەمـی شـاری یۆتۆبیە و ئەرکی دەوڵەتە کۆڵەکەکـانی ئەم دادپەروەریە بچەسـپێنێ، بەڵام بە تەواوەتـی زاراوەی بیرۆکراسـی لەسـەدەی هەژدەیەمـی زایینـی دا لە سـایەی گەشـانەوە و سـەردەمی ڕۆشـنگەری ئەوروپی دا سەری هەڵداوە، فەیلەسوفی ئەڵمانی (جۆرج هیگل) لە پێشـەنگی ئەو فەیلەسـوف و تیۆریسە بیرۆکراسیانە بـوو کە لە چوارچیـوەی باسـی دەوڵەت دا ئامـاژەی بـۆ ئەم دەسـتەواژەیە کـردووە، وەك چـۆن پێـی وابـووە بیرۆکراسـی وەك ئەو پـردە وایە کە بنـار بە لـوتکەکەیەوە دەبەسـتێتەوە، کـارۆل مـارکیش سـەرەتا ئەو بیـرۆکەیەی هیگڵـی بەلاوە پەسـەند بـوو کە

بیرۆکراسیەکان خزمەتی هەموو خەڵکی دەکەن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی دەکەن، بەڵام دواتـر گەیشـتە ئەو بـڕوایەی لە سیسـتمی بیرۆکراسـی دا بەرژەوەنـدی فەرمانڕەواکـان جێگـای بەرژەوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەگرێتەوە، دواتر کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤیـبەر) یەکـێکە لە دیارترین ئەو زانایانەی کە ناوی لکێنراوە بە بیرۆکراسیەوە زانای بەناوبـانگی فەرەنسـی (مێشـێل کرۆزێ) گەشەکردنی بیرۆکراسی و لاوازبـوونی ئـازادی تـاکە کەسـی پـێکەوە گرێـدراوە، (ئەنـدرێ پیـتەر) پێـی وابـووە بیرۆکراسـی دیـاردەیەکی کـۆنە وکۆمەڵگا مرۆییەکـان لە باوەشـی ئـایین دا لەدایك دەبن و لە باوەشی بیرۆکراسی دا دەمرن، ئێرە شوێنی ڕوونکردنەوەی کـۆی ئەم چەمـك و بابەتانە ڕوانینە فەلسەفیانە نییە و ئەمەوێ بچمە ناو تەواوی وردەکاری ئەوەی کە پەیوەنـدارە بە بیرۆکراسی زۆر بە پـوختی، لەڕووی چەمـکەوە بیرۆکراسـی لە هەر دوو وشـەی بیـرۆی لاتینـی بە مانای دیـوان یـان نوسـینگە، هەروەهـا وشـەی کراسـی یۆنـانی بەمانـای هێـز واتـا دەسـەڵات یـان حــوکمڕانی نوســینگەی حــوکمڕانی دیــوان دەگــرێتەوە، بیرۆکراســی شــێوازێکی کــارکردن و حـوکمڕانیە و زیـاتر لە دەوڵەتە نـا دیموکراسیەکاندا پەیـڕەو دەکرێـت، تایبەتمەنـدی ئەم شـێوازە بـریتیە لە باڵادەسـت بـوونی دیـوانگەرایی و دەسـەڵاتی ئۆفیسـەکان و گرنگـی دان بەلایەنـی ڕواڵەتـی کاروبارەکـان، دوورکەوتــنەوە لە لایەنە جەوهەریەکـانی کـارکردن و دابـڕان لەگەل و فەرامۆشـکردنی پێداویسـتیەکانیان کە تێیـدا چینـی فەرمـانڕەوا لەسـەرەوە دەوڵەت و بەشـی خوارەوەی کۆمەڵگایە، هەندێ جار ئەم حوکمڕانییە نـا کـارا دەبێـت یـان خەرجیەکـی زۆری دەوێ بـۆ نمـوونە بیرۆکراسـی دەبێـتە هـۆی هەزاران کەس پـێکەوە هاوشـانی یەکتـر کـار بـکەن بـۆ ڕاپەڕانـدنی چەنـد ئەرکێکـی دیـاری کـراو لە چوارچێـوەی زنجیـر بەنـدیەکی هەرەمـی دا، واتـا دەسـەڵاتەکە دەسـەڵاتێکی هەرێمـیە لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە، ئەو هەزاران کەسـە کەتـوونەتە قاعیدەی هەرەمەکەوە لە حوکمڕانی دا، دەستەواژەی بیرۆی فەرەنسی بـۆ یەکەم جـار لەسـەدەی هەژدەیەم لە فەرەنسـا دەرکەوت کە بەر لە هەڵگیرسـاندنی شۆرشـی فەرەنسـی بـوو، بەڵام وردە وردە لەسەدەی نۆزدەیەم دا ئەم شێوازە لە حوکمڕانی کردن لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی ئەوروپـا دا و لەلای لیبرالەکان وەك جۆرێکی بێزراو لە حوکمڕانی تەماشـا کـرا کە پێیـان وابـوو شـێوازێکی توندوتیژیانەی بەرپرسانی حکومەتە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەچینە سەر شـتێکی دیـکە کە نـاوی خەسڵەتەکانی بیرۆکراسیە، یەکەم خەسڵەتی بیرۆکراسـی سـەنتراڵیە، ناوەنـدێتییە لە حکـومڕانی دا، زنجیــرەیەك ســەرکردایەتی کردنــی بەهێــزی یەك لە دوای یەك بەخــۆوە دەبینــێ کە فەرمـانبەرێکی کـارکەر پێگەیەکـی لەو زنجیـرە پـۆلین کـراوە دا دەبێـت و بەشـێکی دەسـەڵات لە لـوتکەی هەرەمەکەوە بـۆ بـنکەکەی شـۆڕ دەکـرێتەوە، خەسـڵەتی دووەمیـان پسـپۆریە لە نـاو سیســتمی بیرۆکراســی دا هەر کەســێك ئەرکێکــی دیــاری کــراوی دەبــێ تەنهــا ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنرێـت کە بە تەواوی لە ئەرکەکەدا قـاڵ دەبێـتەوە لە نـاو سیسـتمی بیرۆکراسـی دا، لە دابەش کردنـی کـاردا خـاڵێکی تـری نـاو خەسـڵەتەکانیەتی ئەرکەکـان بە شـێوەی جیاجیـا دابەش دەکرێت کەسانی جیا ئەرکی جیاواز بۆ جێ بەجێ کردنی شێوازێکی تەواوەتی لە ئەستۆ دەگـرن، دێمە سەر بەشێکی تریان ئاراستەیەکی تریان کە ئاراستەی چـوارەمە، خراپیەکـانی بیرۆکراسـی، بیرۆکراسی کۆمەڵێك باشی هەیە، بەڵام من لێرەدا تەرکیزم لەسەر خراپیەکانە بـۆ ئەوەی بتـوانین سوودی لـێ وەربگـرین، ئەگەر ڕەنگـی دابێـتەوە کە لە حـوکمڕانی ئـێمەدا سـوودبەخش بێـت، ئەم جۆرەی حوکمڕانی هەندێك باشی هەیە، بەڵام ئێمە تەنهـا لایەنـی خراپیەکەیمـان وەرگرتـووە لەم

چەنـد خـاڵەدا کورتیـان دەکەیـنەوە، یەکەم/ پەیـکەرە کـارگێڕیەکەی چەنـدین چینـی جیـا جیـا بەخۆوە دەبینێ کە لە گەورە بەرپرسەکەوە دەست پێ دەکات تـا دەگـاتە بەرپرسـانی جـێ بەجـێ کار و بنگەی هەرەمەکە و پرۆسەی بریاردان بە چەند قۆناغێك دا تێ پەڕ دەبیـت لەنـاو سیسـتمی بیرۆکراسی دا، دوو/ یاسـا و ڕێنماییەکـان نەرمیـان تێـدا نیـیە، بە ئاسـانی بیـروڕای جیـاواز هەزم ناکەن، بەجۆرێ پابەند بوونی توند بە ڕێسا و ڕێنماییەکانەوە روحی دەست پێشخەری و داهێنـان ئەکوژێت و ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆ خۆ دزینەوە لەبەرپرسیاریەتی شکسـتەکان، سـێیەم/ پابەنـد کردنی فەرمانبەران بە ڕێنمایی و ڕێساکانەوە بێ ئەوەی بزانرێت ئامـانجەکە چییە لە پشـتی ئەم پابەندبوونەوە، کە دەبێت خـودی ئامـانجەکە لەبـری ئەوەی ببێـتە هۆکارێـك، ئامـانج ئەبێـتە جـێ بەجێ کردنی ڕاسپاردەکە و ڕێنماییەکان دەبنە ئامانج وەك لەوەی ببێتە هۆکارێـك بە گەیشـتن بە ئامانجەکان کە بەرژەوەندی گشتی ئەولەویەت بێت، چوار/ تەرکیز دەخاتە سـەر میکـانیزمی جـێ بەجێ کردنی کارەکان وەك چـۆن لیسـتەکانی ڕێکخسـتن و ڕێنماییەکـانی تـایبەت بە ڕێکخسـتنی کار دەبنە خاڵی لە پێشینە و ئەمەش لەسەر حسابی پێداویسـتیەکانی هەسـت و سـۆزی کەسـی و تاکەکان دەبێت، فەرمانبەر هەستێکی وەهای دەبێ کە زۆر ئاسانە دەسـتبەرداری بـبن، بە تـایبەتی ئەگەر کاروبارەکانیان ڕۆتینی بن و قسە نەدەنە فەرمانبەرەکان کە کارەکەیان بەهـای هەیە، خـاڵی شەشەم/ لەم مـۆدێلەی حـوکمڕانی دا ڕێسـا و ڕێنمـایی و بڕیارەکـان لە چوارچێـوەی نووسـراو دا دەبـــن و ئەمەش دەبێـــتە هـــۆی لەدەســـتدانی کـــاتێکی زۆر و پـــارەی زۆر و ڕووبەری زۆر لە نوسـینگەکاندا، ئەوە چوارچێـوە تیـۆریەکەی بـوو، لە بەشـی دووەم دا ئەوەی دەمەوێ قسـەی لەسەر بکەم حـوکمڕانی لە هەرێمـی کوردسـتان پەیوەنـدی بە بیرۆکراسـیەوە هەیە کە چـۆنە لەم چەنـد خـاڵەدا کـورتی دەکەمەوە، پـلە بەنـدیەکی زۆری کارگێڕیمـان هەیە لە حکـومڕانی ئـێمە، پلەبەنـدیەکی زۆری کارگێریمـان هەیە کە ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا لە قۆنـاغە یەك لە لەدوای یەکەکانی شۆڕکردنەوەی بەشێکی دەسـەڵاتەکان دەبینێـتەوە، دووەم/ لە بیرۆکراسـی دا ڕەچـاوی پسـپۆری دەکرێـت، لە حـوکمڕانی هەرێمـی کوردسـتان دا وەك پێسویسـت ئەم پسـپۆریە بەهەنـد وەرنەگیراوە و شارەزاکان ڕۆڵـی سـەنترالێیان پـێ نەبینیـوە، مەرکەزی نـین شـارەزاکان کە روحـی حـوکمڕانی بـن، لە نێـو لـوتکەی هەرەمەکەیـا بـن بە تـایبەتی، زۆرجـار لە بـنکەی هەرەمەکەدان سەرەڕای ئەوەی ڕێنمایی و ڕاسـپاردە و دەسـەڵاتەکان لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە شـۆڕ دەکـرێنەوە، سێیەم/ لە حـوکمڕانی بیرۆکراسـی دا کـار و ئەرکەکـان دابەش دەکـرێن، بەڵام ئەم دابەشـکردنەی کار و ئەرکانە لە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دا زیاتر پاڵپشت بووە بە بەش بەشـێنەی حزبـی و هەندێ جار نەتەوەیـی و تـائیفی و ئـایینی کە بە زیـان بـۆ حـوکمڕانی شکاوەتەوە، چـوارەم/ ئەو چیـنە جیـا جیایـانەی لە حـوکمڕانی بیرۆکسـی دا هەن، لە حـوکمڕانی ئەم هەرێـمەش دا ڕەگیـان داوەتەوە و کە زۆرجـار چینەکـانی خـوارەوە ئاسـتی یاسـایی و کارگێڕیـان بەرزتـرە لەچینەکـانی سـەرەوە، پێـنجەم/ سـەرەڕای ئەوەی لە ڕێسـا و ڕێنماییەکـانی نێـو حـوکمڕانی دا وتمـان ئامـانج دەبێـتە جـێ بەجـێ کردنـی ڕێنماییەکـان، بەڵام لە هەرێمـی کوردسـتان دا هەنـدێ جـار تەنـانەت ڕێنماییەکانیش پیشێل کراون، لێرە ئاماژە بە نموونەیەك کردووەکە فەرمـانی وزاری ژمـارە/ ٤١٣٧ ی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٤ی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری ولاوانە کە پێـدانی ژمـارەی سـپاردنە کە نـاکۆکە ئەم ڕێنماییە لەگەڵ حوکەکانی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە/٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧، کە ئەمە سانسۆری پـێش وەختەیە لەناو یاساکەدا ڕێگە بە سانسۆری پـێش وەختـە نـادات، شەشـەم/ وەحـك چـۆن پابەنـد

کردنی فەرمانبەران بەڕێنمایی و ڕێساکانەوە لە بیرۆکراسی دا دەبێتە هۆی کوشتنی روحی داهینان وزیان گەیاندن بە ئامانجە گشتیەکان، ئەم پابەند کردنەی فەرمانبەران لە نێو حوکمڕانی هەرێم دا ڕەنگی داوەتەوە کە ئەولەویەت بۆ جێ بەجێ کردنی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی حکومەتە، لەبری ئەوەی ڕاسپاردە و ڕێنماییەکان بکرێنە ڕێگایەکی دروست بۆ بەدیهێنانی ئامانجی گشتی، حەوتەم/ بوونی زۆرترین فەرمانبەر و بڕیار و ئیمزای سەر نووسراوەکان لە حوکمڕانی بیرۆکراسی دا خەرجی و کاتێکی زۆری دەوێ لەنێو حوکمڕانی دا هەندێ نووسراو هەیە تا بیست ئیمزا ئەڕوات کە تا دەچێتە سەرەوە ئەوە جۆرێك لە بیرۆکراسیەتی تیایە و جۆرێك لە ڕۆتینە و کاتیش دەکوژێ، بەشی سێیەم/ کۆتاییە ئەنجام و ڕاسپاردەکان زۆر بە کورتی هەریەکە لە یەك دەقیقەدا لەسەریان ئەوەستم، ئەنجامەکان گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامە هێشتا حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دا پاڵپشتە بە دەسەڵاتێکی ستونی لەبری ئەوەی دەسەڵاتێکی ئاسۆیی بێت، هەڵبەتە مەسەلەی دەسەڵاتی ئاسۆیی لێرە جیاوازە لە مەسەلەی دابەش کردنی هەرێمەکان و پارێزگاکان، دەسەڵاتی ئاسۆیی تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئێرە شوێنی ڕوونکردنەوە نییە، بەڵام حوکمڕانی ئێمە حوکمڕانیەکی ستونییە وەك لەوەی ئاسۆیی بێت، دوو/ بوونی چینگە لە بەڕێوەبردن دا هەروەها بوونی کەسانی شارەزاتر و پەراوێزخراو لە بنکەی هەرەمی حوکمڕانی دا زیانی بە حوکمڕانیمان گەیاندووە، سێ/ بە ئامانج کردنی ڕێسا و ڕینماییەکان لەلای فەرمانبەران دیوێکی دیکەی خەوشەکانی حوکمڕانە، سەرەڕای پێشێلکردنی یاساکانی پەرلەمان لە نێو بەشێکی ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن دەری کردوون، بۆ نموونە بڕیاری حکومەتی هەریم بە لێبرینی مووچەی فەرمانبەران بە ناوی خۆ گونجاندنەوە کە پالپشت نییە بە هیچ دەقێکی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، دووەم و کۆتایی لەناو بەشی سێیەمی دا لەناو ڕاسپاردەکانی منە بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆ ئەوەی بتوانین کە چی بکەین لەناو حکومەت دا، بۆ کاڵ کردنەوەی بیرۆکراسی لە حوکمڕانیمان دا ئەم ڕاسپاردانە دەخەمەڕوو، دابەش کردنی دەسەڵاتی کارگێری لەنێو وەزارەت و پارێزگا و یەکە کارگێڕیەکان دا واتا دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاسۆیی بیت، دوو/ بەهەند وەرگرتنی پێگەی ئەو فەرمانبەرانەی لە بنکەی خوارەوە دا و هەڵگری ڕوانینی یاسایی و کارگێڕی دروستن، ئەمەش لە ڕێی بەردەوام خۆ نوێ کردنەوەی حوکمڕانیمان دەبێت، سێ/ بە ئەلیکترۆنی کردنی حوکمڕانی، چوار/ جێ بەجێ کردنی یاساکانی پەرلەمان بەو شێوەی کەن و هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی حکومەت کە ناکۆکن لەگەڵ دەقە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێنج/ هەموار کردنەوەی ئەو یاسایانەی پەرلەمان کە بوونەتە هۆکار بۆ پەرەسەندنی بیرۆکراسی لە حوکمڕانیمان دا، شەش/ دانانی کەسانی شیاو لە جێگەی شیاو و کاڵکردنەوەی تارمایی حزب بەسەر حکومەت و پۆستەکانی حوکمڕانی و زۆر سوپاستان دەکەم و سوپاس بۆ سەرۆکایەتیش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك مم، بەسەرچاو وەرتان دەگرم، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە شوێنی خۆیان بۆ جێ بەجێ کردنی برگەی دووەمی بەرنامەی کار تا ئەو نوقتە نیزامییانە بەشێك لەو نوقتە نیزامیانە وەردەگرین، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێناوی خۆپارێزی و كۆنترۆڵ كردنی نەخۆشی ڤایرۆسی كۆرۆنا وەرگرتنی ڤاكسینی دژە ڤایرۆسی كۆرۆنا وەك بەشێكی گرنگی ڕێكارەكانی خۆپارێزی جیهانی ئەورۆدا دەبێت، ئێستا بڕێكی دیاری كراو لە ڤاكسین بەردەستە بە هیمەتی وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە توانی بڕێكی لەو ڤاكسینە بەردەست بێت، بەس جێی داخە هەتا ئێستا خەڵكەكی زۆر ناچن كە ئەو ڤاكسینە وەربگرن، ئەو ڤاكسینە بەڕاستی بە پێی ڕاپۆتەكانی ڕیكخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێكخراوی خۆراك و دەرمانی ئەمریكی و ڕێكخراوی تەندروستی ئەوروپی قازانجی یەكجار زۆرترە لە زەرەری، لەبەر ئەوە داوا لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان و كارمەندانی پەرلەمان دەكەم كە ئیستغلالی ئەو فورسەتە بكەن و خەڵكی خۆیان هان بدەن بۆ وەرگرتنی ئەو ڤاكسینە تاكو انشاللە دووربیت لە هەموو  كەسەك و پارێزراو بن، سوودی ڤاكسینەكە زۆر زۆر زیاترە لە مەترسیەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڵام گرنگ بوو، بەڵێ روپاك خان زۆر سوپاس كاك دكتۆر، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە گوێرەی مادده/ ٥٧ ئەگەر لە دانیشتنەكانی پەرلەمان هەر سەرپێچیەك لەلایەن ئەندامێكەوە كرا یاخود وشەی نەشیاوی بەرامبەر سەرۆكایەتی بەكارهێنا ئەوە بە پێنج بڕگە رێكی خستووە، بە هیچ یەك كام لەو بڕگانە ناكرێ پەرلەمانتار د.كاظم بێ بەش بكرێت لەسەرجەم دانیشتنەكانی پەرلەمان تەنها ئەو دانیشتنەی كە ئەنجام دراوە و جا وشەی نەشیاو بێ یان سەرپێچیەكە بێ بەكام بڕگە و بە كام یاسا بێ بەش كراوە لەسەرجەم دانیشتنەكانی پەرلەمان؟ زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ داواكارم پەخش ڕابگرن یەك داواكاری بچووكی ئەوەم هەیە بۆ ئەوەی نەڵێن یەعنی ئەم مەوزوعە پەیوەستە بەوە سوپاستان دەكەم، ........ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەخش بە دەنگدانە و ئێمە ناتوانین پەخش ڕابگرین، هەتاوەكو دەنگدان نەكرێت، بەڕێزان كاك سەركۆ داواكاریەكی هەیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین داواكاریەكەی جێ بەجێ بكەین دەبێت دوو كەس پشتیوانی بكات و بچێتە دەنگدانەوە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە تا

ئەو کاتەی دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکرێ پەخش رابگیرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ بۆ هەموو جارێ، با ڕێکەوین لەسەر ئەوە، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاماژەم کردووە بۆ ئەمڕۆ بێت، یەعنی بۆ داواکاریەکم هەبێ بۆ ئەوە نیيە کە بەردەوام بێت ڕۆژانی تر، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەڕۆین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان با ئەمە نەبێتە کێشە، کاك سەرکۆ بۆ ئەم دانیشتنە داوای کردووە، ئەگەر بمانەوێ بۆ هەموو دانیشتنەکان بێت کاتێکی تر داوای دەکەین، هەر بەڕێزێك لەگەڵە بۆ ئەم دانیشتنە با دەست بەرز بکاتەوە، کاك هاورێ تۆ قسە مەکە لە شوێنی خۆتەوە، من تێ دەگەم لە داواکاریەکەی و شەرحی داواکاریەکە، کاك سەرکۆ بەس بۆ ئەم دانیشتنە داوای کردووە، کێی لەگەڵە؟ لەگەڵی نین، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەمان نییە، من داواکارییەکم لە بەڕێزتان و لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزی هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان هەیە کە بەڕاستی ئەم پەرلەمانە، پەرلەمانێکی هەلبژێردراوی خەڵکە و دامەزراوەیەکە کە لەناو خەمی خەڵکەوە هاتووە، دامەزراوەیەکە کە ڕاستەوخۆ وەکیلی خەڵکە، ئێمەشین ئەم پەرلەمانە بووە بەراستی کە توانیویەتی متمانە بدات بە حکومەت، بۆیە داواکارم لە بەڕێزتان و داواکارم لە ئەندامانی بەڕێز بە بێ موزایەدەی سیاسی بە بێ ئەوەی کە هیچ بریندارکردنێکی تێدا بێت ئەم پەرلەمانە هەڵسێ بە ئەرکی گرنگی خۆی بەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیجبار بکات کە لێ بڕینی مووچە نەمێنێ و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێمە چاوەڕێی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە موناقەشەی پڕۆژە یاسای بوودجە دەکرێ و ئومێدمان وایە ئەمڕۆ موافەقەتی لەسەر بکرێ و بێتە پەرلەمانی کوردستان ئەو کاتە سەبارەت بە هەر بابەتێك قسەتان هەیە زۆر ئاسانە دەتوانن تەرحی بکەن، ئەخرێتە بەردەمی لیژنەی موختەس و لیژنەی موختەس کردی بە ماددەیەك و هێنایە دەنگدان دەخرێتە دەنگدان، دواجار دەنگدان بڕیار دەدات چی بکرێت و چی نەکرێت، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی/١٦ خاڵی یەکەم دانان و ڕێکخستنی بەرنامەی کار لە ئەستۆی جەنابتان دایە و لێرەوە داواکارم لە جەنابتان زەمینەسازی و ئامادەکاری بکەن لەگەڵ حکومەت و وەفدی دانوستان، بۆ ئەوەی دانیشتنی ئایندە بە پێی ئەم ماددەیە خاڵێك جێگیر بکرێ بۆ یەك/ دیراسە کردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ عیراق دا هەیە، چونکە من هەر چۆن دیراسەم کردووە

نەتیجەیەکی تر دەردەچێت لێرە نامەوێ باسی بکەم، ئایا ئەگەر ئەوەی لەگەڵ عیراق دا ئیتفاق کەوا ڕۆشت و پارە نەیەت بەدیل چیە بۆ پاشەکەوتی مووچە، ئێمە ئەو ڕێکارە چاکسازیانەی کە حکومەت قەراری بۆ دەرکرد لە ٣/٢٠ ەوە بۆ خاڵی سنووری و بۆ دۆسیەی نەوت و بۆ سیستمی باج و بۆ تەنفیز نەکردنی یاسای چاکسازی بەداخەوە تاوەکو ئێستا دەتوانین ئەمانە بەکاربێنینەوە بۆ موراجەعە کردنی مەسارفی نەوت بۆ ئەوەی دۆخی پاشەکەوتی مووچە لابرێ و هیوادارم ئەم بابەتە بە گرنگیەوە وەبگرن بەشێکن لە خواستی خەڵکی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی/٥٦ قسە دەکەم، لە ئێستادا ئێمە ڕووبەڕووی مەترسیەکی وشکەساڵی دەبینەوە، بۆیە من لێرەوە بە نوێنەرایەتی جوتیارانی قەزای شەقلاوە و دەشتی هەریر و باتاس ئەو مەترسیە ڕادەگەینم کە ئیستا لەو سنوورەی من بە تایبەتی لە سنووری دەشتی حەریر و باتاس ئەوەتا سنوچیسەلە تەواوی دەغل و دانەکان وگەنم و جۆیەکەی وێران کردووە، بۆیە لەڕێگای جەنابتان داوا دەکەم کەوا جەنابتان یاداشتێکمان ئاراستەی ئێوە کردووە بەرزی بکەنەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بە هانای ئەم جوتیارانەوە بێن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڵام گرنگە چی بکەین، بەڕێزان ئێمە هەموو جارێك چەند وەربگرین؟ بەڵێ گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان داواکارین لە بەڕێزتان ئەو دەسەڵاتەی خۆتان بخەنەگەڕ بە پلان داڕشتنێك بە بانگهێشتی وەزیرە بەڕێزەکانی سەرجەم وەزارەتە بەرێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپلانێك لەم وەرزی بەهارەیەدا کە ئێمە بتوانین لەگەڵ سەرجەم ئەو وەزیرانەدا گفتوگۆ بکەین سەبارەت بەو کێشە و گرفتانەی کە لە وەزارەتەکانیان هەیە، ئێمە لێرەوە پێشنیار دەکەین لە وەزیرە بەڕێزەکانی سەر بە لیستی بزوتنەوەی گۆڕانەوە دەست پێ بکەن و زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ بانگهێشت کردنی وەزیرێکی دیاری کراو بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەبێ بابەتەکە دیاری بکرێت وناوی وەزیرەکە دیاری بکرێ و هۆکاری بانگکردنەکەشی دیاری بکرێت، ئێمە ڕێز لە داواکاریەکان دەگرین و بە تەسەلسولێك بەڕێزتان پێمان بلێن لە کێوە دەست پێ بکەین، بۆچی بێت، بەسەرچاو، کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شیركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانەیا لە هیچ شوێنێك دا نییە باس لەوە بكات كە لە دەرگای دەرەوەی پەرلەمانەوە ڕێگری بكرێت لە پەرلەمانتار بێتە ناو پەرلەمان، پەرلەمانتارێك هەرچیەك بێ سلوك و تەسەروفی، هەرچەنێ تێبینی لەسەر بێت، بەڵام هێز نییە بتوانێ ڕێگری لێ بكات لە دەرگای دەرەوەی پەرلەمانەوە نەهێڵێ بێتە ناو پەرلەمان یان بچێت بۆ ژوورەكەی خۆی، بڕیاردراوە ڕێگری لێ بكرێت لە كۆبوونەوەی پەرلەمان یان لیژنەكان، ئەوەیان مەوزوعێكی ترە، بەڵام ناكرێ دەرگای دەرەوەی پەرلەمان ڕێگری لێ بكرێت، جەنابت بە دەسەڵاتی خۆت هەر ئێستا بە دەرگەوانەكانی دەرەوەی پەرلەمان بڵێ با ڕێ لە پەرلەمانتار نەگرن بێتە ناو پەرلەمانەكەی خۆی كە پەرلەمانی گەلە، سوپاست دەكەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێمە وەك لیژنەی مافی مرۆڤ لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ¼ ڕاسپێردراین بۆ سەردانی كردنی سزادراوانی بادینان، ئێمە لە ئەنجامی سەردانەكەدا ئەوانەمان بۆ دەركەوت كە پێویستە هەندێك مافی یاسایی بۆ گیراوانی بادینان دەستەبەر بكرێ بەداخەوە تا ئێستا سزاداراوانی بادینان و پارێزەرەكانیان نەبینیوە كە ئێمە لێرەوە وەك لیژنە داوادەكەین كە مافێكی یاسایی خۆیانە پارێزەرەكانیان ببینن و ئاگاداری لیكۆڵینەوەكانیان بن، یەكێكی تر لە داواكاریەكان..........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك پرسیار بەدریە خان، ئێوە وەكو لیژنەی مافەكانی مرۆڤ سەردانتان كرد، یاداشتێك وەكو لیژنەی مافەكانی مرۆڤ ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكەن سەبارەت بەوەی چیتان بینیوە و دەتانەوێ چی بكرێ و زۆر سوپاس، كاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسكندر مم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا لە جەنابتان دەكەم كە ڕێگە بەوەنەدەن نە لەلایەن جەنابتانەوە نە لەلایەن پەرلەمانتارە بەڕێزەكانەوە كە جارێكی تر ئەو دەستەواژەیە بە كاربێنن و بڵێن گیراوەكانی بادینان، ئەمە گیراوانی سنووری پارێزگای دهۆكە و بە پێی یاسا حوكمی ئەوانیان دەرچووە، داوادەكەین ئەو ناوە چەندین جار داوامان كردووە ئەو ناوە بەكارنەهێنن، دوای ئەمە لیژنەكە سەردانی ئەوانیان كردووە لە نزیكەوە بینویانە یاداشتێك پێشكەشی جەنابتان دەكەین و تەواو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مم سوپاس، لە جیاتی بادینان ئێمە كەی پێوست بوو دهۆك بە بەكاردێنین، بەڵام ناتوانین وا لە ئەندامێكی پەرلەمان بكەین كە نەڵێ بادینان دەیڵێ، سوپاس، كاك ارشد فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسين محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەرچەندە کاك سەرکۆ ئەو مەوزوعەی باس کرد، بەڵام منیش پێم باشە لەبەر بەرژەوەندی دانیشتنی پەرلەمان هەر هیچ نەبێت میکانیزمێك دابندرێت بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان و جەنابیشت لە بڕگەی/٢ لە ماددەی/٩ی پەیڕەوی ناوخۆ سەڵاحیەتت هەیە کە میکانیزمێك دابنێی کە پەخشەکان ئاشکرا بێت یان ئاشکرا نەبێت، هەرهیچ نەبێ بەلای کەمی ئەو موزایەدانەی بەناوی نوقتەی نیزامی وەردەگیرێ پەخشەکە ڕابگیرێ و ئەو کارەی کە پەرلەمانە کە کاری پەرلەمانیە و کاری ئەندامی پەرلەمانە بە پێی پێڕەو پێی دراوەپێی بدرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس بیر لە میکانیزمێك دەکەینەوە، بڕگەیەکی تر جێ بەجێ دەکەین و ئینجا، لە شوێنی خۆتانەوە قسە مەکەن، بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین ئینجا وەرتان دەگرین، دڵنیابن وەرتان دەگرین، کاك کاوە وەرتان دەگرین بەسەرچاو، با بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار جێ بەجێ بکەین، کاك د.بژار فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیازی یەکەم/ پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان ـ عیراقە، ئەم پێشنیازە یاسایە پێك دێت لە (١٩) ماددە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و ئەمانە ناوەکانیانن:
١- زياد جبار محمد
٢- زانا ملاخالد اسماعيل
٣- بهمن كاك عبدالله احمد
٤- چيا حميد شريف
٥- لوقمان وەردی
٦- ادريس اسماعيل عبوش
٧- جمال هەروتی
٨- حكمت محمد عبوزيد
٩- فيصل عباس
١٠-راهی رەهبەر
١١- هەژان حسن كويستان
١٢-حسيبە سعيد ابراهيم گەردی
١٣- بژار کۆچەر
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی داوای لە بەڕێزتان دەکەین ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان بکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پیشنیازە یاسایە ئار استەی لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، ئەوەی دووەم كاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی دووەم/ پێشنیازی بڕیارە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری كوردی لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق ـە، ئەم پێشنیازە بڕیارە پێك دێت لە سێ برگە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن و لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە و ئەمانە ناوەكانیانن:

١- سلمی فاتح توفیق
٢- جلال پەرێشان
٣- محسن دوسكی
٤- پێشەوا طاهر هەورامی
٥- رزگار عیسی سوار
٦- مم برهان قانع
٧- روپاك احمد
٨- گولیزار رشید سندی
٩- فیصل عباس
١٠- ئازاد كورەچی
١١- بدریە اسماعیل
١٢- حسیبە سعید گەردی
١٣- ادریس اسماعیل عبوش
١٤- د.گلاویژ عبید
١٥- سەركۆ ئازاد گەڵاڵی
١٦- شنو اشقی
١٧- جمال حویز
١٨- هاورێ مەلا ستار
١٩- لقمان وەردی
٢٠- هیرش فقی حسن
٢١- گۆران عمر علی
٢٢- هیڤیدار احمد سلمان
٢٣- د.زیدان برادوستی
٢٤- رۆژان محمد كریم
٢٥- راهی رەهبەر
٢٦- هەژان حسن كویستانی
٢٧- هیمداد صباح

٢٨- عثمان محمد كريم

٢٩- مەلا ناصر

٣٠- بژار کوچەر

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان بکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بەڵێ کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت ئاماژە بە ماددا (٥٧) بدەم بەوێ بڕیارێ نا یاساییە جەنابێ سەورۆکا پەرلەمانێ دەربارەی سەرۆکێ فراکسیۆنا نەوەی نوێ (د. کاظم)ی دای بڕیارا کو هیچ معیارەکی یاسایی و هیچ معیارەکی قانونی بحۆڤە نەدیتیە دەمەکی دا جەنابێ تە بەرپرسا یەکەمە لە یاسادانان ڤی وەڵاتی، لگوری ماددا ٥٧ دەسەڵاتێن سەرۆکا پەرلەمانێ دیاری کرینە ئایا لڤێرێ دا پرسا بۆچی بە چ ماددا سەرۆکا فراکسیۆنا نەوەی نوێ هاتە دیر ئێخستن ل ڕۆیشتنێت پەرلەمانێ کوردستانێ؟ ئەرێ بۆچی جەنابێ سەرۆکا پەرلەمانێ جورئەتا وی چەندی نەکرد دەما ل هۆڵا پەرلەمانێ کوردستانێ هێرش لسەر مە هاتیە کرن ون بریندار کری سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ جورئەتا وێ چەندی نەکر دیڤ چوونێ لەسەر وی بابەتی بکات و ئیجرائاتا وەرگریتن دناڤا جەرگێ هەولێرێ دا هێرش لەسەر کاوە عبدالقادر هاتەکرن وەکی ئیجرائات وەرگرتن دناڤا باژێرێ دهۆکی دا ژ لایێ هێزێن ئەولەهیی دا هێرش لسەر مە هاتە کرن کا ئیجرائاتێت وە ئەگەر ئەمە بڕیارەکا حزبی نەبیتن ئایا کەی ئەمە بڕیارەکا یاسایی دخازم وەڵامەکا درست بهێت، چونکی بە هیچ ڕەنگەکی ناهێتە قەبیل کرن بتنێ ئەڤ چەندە بەرامبەر لایەنێن ئۆپۆزسیۆن بهێتە کرن، چونکی باندۆریا حزبی لسەر بڕیارێت وەیا دیار و بەرچاڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان نییە، بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان وەرگیراوە .... پرسیارت نەکردووە؟ نابێ چاوەڕێی جوابەکە بکەن. ئسوڵی قسە کردن و جواب دانەوە بەو شێوەیە نییە، ئەوەی پرسیار دەکات ئەبێ چاوەڕێی جواب بکات بۆ ئەوەی بۆتان شەرح بکەم کە ئێمە چیمان کردووە، بڕیار بڕ یاری پەرلەمانی کوردستانە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یەك ئەندامە لەناو پەرلەمانی کوردستان دا ئێستاش دەیڵێمەوە هەر شتێك بەرامبەر بە شەخسی خۆم بێت من لێ بووردەم، مەجال دەدەی؟ کچی من، ڕۆڵە گیان ئەبێ گوێ بگری تا خەڵك قسەی خۆی تەواو دەکات، بزانە من چەند بە تەحەمول گوێ لە ئێوە ئەگرم سەبرت هەبێ، ئەو بڕیارەی دراوە بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە، لەناو ماددەی/٥٧ باسی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەکات بۆ زەبت کردنی دانیشتن، سەرۆکی پەرلەمان نەك پەرلەمان، ئێمە فەراغێکمان هەیە لەناو پەیڕەوی ناوخۆ، کاك سیپان ئێمە زۆر ڕێزی ئێوە دەگرین هیوادارم ئێوەش وابن سەرۆکی پەرلەمان ژنێکی بێ جورئەت نییە

ئەوە لە پرۆتۆكۆل دەسڕێتەوە، سەبارەت بەوەی كە كەستان لێرە شەڕتان كردووە ئەڵێن لێمان دراوە، ئایا بە هەمان شێوەی كە ئەو بەڕێزانە ئیلحاحیان كرد لەسەر ئەوەی د. كاظم دەبێ ئیجرائی بەرامبەر بكرێ، ئێوە داوای ئیجرائێكی فەرمیتان كرد یان یەكسەر ڕۆیشتنە دەرەوە، یەكسەر ڕۆشتنە دەرەوە. بەڕێزان بۆ ئەوەی شتێك ببێ بە قەراری پەرلەمانی ئەبێ بایی ئەوە دەنگت هەبێ لۆبیت كردبێ قەناعەتت بە خەڵك هینا بێت كە دەنگ بێنێ و داواشت كردبێت، كاك د. كاظم برایەكی عەزیزی ئێمەیە داوای لێ بوردن دەكاتەوە دادەنیشێ و لەسەر سەرمانی دائەنێین، داوای لێ بوردن ناكات ئەبێ قەراری ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠٢١ بەدەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە، لۆبی بكەن لەناو رەفیقەكانتان داوا لە سەرۆكایەتی بكەن بڕیارەكە هەڵبوەشێتەوە ئەیخەینە دەنگدان هەڵوەشایەوە داوای لێ بوردنیش نەكات دێت دائەنیشێ، ئەگینا ئێستا نە سەرۆكی پەرلەمان، نە سەرۆكایەتی پەرلەمان، نە گەورەترین فراكسیۆنی پەرلەمانیش ناتوانێ جارێكی تر ڕێگە بدات كاك د.كازم بێت دابنیشێ هەتا ئەو بڕیارە پەرلەمانییە هەڵنەوەشێتەوە، من جورئەتم هەیە، داواشت لێ دەكەم ئاماژە بە ماددەی (٥٧) ڕێزی خۆت بگری، مژدە خان حەز ناكەم بتكەمە دەرەوە، بەسە تەواو، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان كاكە صالح محمد:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە یاداشتێكمان وەكو فراكسیۆنی گۆڕان پێشكەشی سەرۆكایەتی كردبوو بۆ بینینی بەڕێزان دەستگیركراوانی پارێزگای دهۆك و هەولێر، ئایا وەڵامی بەڕێزتان چی بوو بۆ ئەو یاداشتە؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لیژنەمان ناردبوو، سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕانیش ئەندامێكی لیژنەكەیە لەسەردانەكە لەگەڵیان بوو، سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان گوڵستان خان ئەندامی لیژنەی مافەكانی مرۆڤە، لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ پێكەوە ڕۆیشتوون، بێگومان گوڵستان خان و هەر ئەندامێكی فراكسیۆنی گۆڕان نوێنەرایەتی كۆی فراكسیۆنی گۆڕان دەكات، كاك یاسین، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەوانەیە نوقتەی نیزامی نەبی، بەڵام كارەساتەكە زۆر گەورەیە دەمەوێ بە جەنابتانی ڕابگەیەنم، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لەسەر بەحری رانیەی هەتا دەگاتە بن وۆردوگای ڕانیەی هەموو زەوی كشتوكاڵە و هەموو داگیر كرا، لە ناو شاری ڕانیە هەرچی زەوی و ڕوكن هەیە داگیر كرا، كێوە ڕەشی ڕانیەی ئێستا پێتان بڵێم پێتان سەیر دێ، هەر هەمووی فرۆشراوە و كەس لێی ناپێچێتەوە، ئێستا بەوەی نەوەستاون هەرچی بینای قوتابخانەكان هەیە، ڤەیتەری ڕانیەی هەیە، بەلەدیەی ڕانیەی هەیە، باشە سێ قوتابخانە لە ڕانیەی هەیە دەیانەوێ دەستی بەسەر دابگرن، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكەم لیژنەیەك لە پەروەردە، لە كشتوكاڵ، لە شارەوانی ڕانیە، لە

شـارەوانی سـەردانی دەڤەرەکەمـان بـکەن، بەڕاسـتی ئەو دەڤەرە هیچـی نەمـاوە، لەگەڵ ڕێـزم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، بەڕێـزت بە نووسـراو یاداشـتێك بـدەرە دەسـتەی سـەرۆکایەتی باسـی ئەو دۆخانە بکە، ناوچەکان تەحدید بکە، داوای دروست کردنی لیژنەیەك بکە، ئێمە دیراسەی دەکەیـن، بەڵێ بەڕێزان بڕگەی سێیەمی بەرنـامەی کـار داوا لە سـەرۆکایەتی لیـژنەی وزە دەکەیـن تـا ئەوان دەفەرمـوون دێـنە ئێـرە ئەنـدامانی لیـژنەی قـانونی هەنـدێکتان دەتـوانن بـڕۆن، بـۆ ئەوەی سەرۆکایەتی لیژنەی وزە بێنە ئێرە، کاك سەروان بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی (یەکەم) ......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو قسەی خۆت بکە کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دەمەوێت لەسەر ئەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان لە حەفتەی ڕابردوو قسە بکەم.........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروان با تەواو بێ، دوایی کاك کاوە وەردەگرین، کاك سروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێـی مـاددەی (٥٦) بـڕکەی (یەکەم) قسـە دەکەم، ئـێمە نووسـراوێکمان ئاراسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کردبـوو، سـەبارەت بە دەوامـی زۆری پێشـمەرگە، ئێـوەش وەکـو سەرۆکایەتی نووسراوێکتان ئاراستەی وەزارەتی موختەص کردبوو، بەڵام تـاکو ئێسـتا وەڵاممـان نەدراوەتەوە بەڕاستی، یەعنی بەداخەوە بۆچی وا لێ بکرێت؟ دیسـانیش دەڵێم لە جەلسـەی تـر، لە کۆبـوونەوەی دانیشـتنی پەرلەمـانی تـر تـا ئێسـتا دوو پێشـمەرگە لەگەڵ ئافرەتەکانیـان، خێزانەکانیان جیابوونەتەوە، یەعنی بۆ هۆکار بین بۆ جیابوونەوەی ئەو پێشمەرگانە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناردوومانە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

دەزانم ناردووتانە، بەڵام وەڵام نادرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی بۆ سەردانێکی وەزارەتی پێشمەرگە ناکەی؟

**بەڕێز سروان محمد علی:**

بـۆچی وەزارەتەکـان بە مانـگ و دوو مانـگ و سـێ مانـگ وەڵامـی پەرلەمـان نەدەنەوە؟ خەتـای ئێمەیە خۆمان لە ئەوان بێ دەنگ کردووە بەڕاستی، ئەوان هەڵبژێردراوی ئـێمەن، ئـێمە ئەوانمـان هەڵبژاردووە، بۆ وەڵامی ئێمە نادەنەوە؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك وەڵام دەدەن و هەندێك تەئخیر دەبن.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

هەموویان وەڵام نادەنەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر وا نییە، ئێمە (٩٧٥) پرسیار کراوە (٧٥٠)ی وەڵام دراوەتەوە، چۆن؟

**بەڕێز سروان محمد علی:**

سکرتێری وەزیرەکانیش وەڵامی تەلەفۆنیش نادەنەوە نەك نووسراو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك سروان، کاك کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بڕیارەی کە لەسەر بەڕێز د.کازم سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نـوێ دەرکـراوە، ئـێمە وەك فراکسیۆنی نەوەی نوێ ڕایدەگەیەنین کە ئەم بڕیارە بە تەواوی نایاسـاییە، لەبەر ئەوەی ئـێمە کـار بە شـتێك دەکەیـن ئەویـش پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتانە، پەرلەمـان چ سـەرۆکایەتی بـێ، چ پەرلەمانتـار بـێ بـۆی نیـیە لەم پەیـڕەوە دەربچـێ بەپێـی صـەڵاحییاتەکانی سەرۆکایەتی چ لە ماددەی (١٦) چ لە ماددەی (١٨)، چ لە ماددەی (٥٧) کە خـۆت باسـت کـردووە، لە هـیچ شـوێنێك ئامـاژە بەوە نەدراوە کە پەرلەمانتـار بـێ بەش بکـرێ و ڕێـگە نەدرێ چەنـدین دانیشتن بێتە هۆڵی پەرلەمان، تەنانەت لە ماددەی (٥٧)یش کە باس دەکات، تەنها لەو دانیشـتنەی کە پشێوی تێدا دروست دەبێ سـەرۆکی پەرلەمـان بـۆی هەیە لەم دانیشـتنە پەرلەمانتـار نەهێڵـێ پێی بڵێ بڕۆ دەرەوە، نەك لە دانیشتنەکانی داهاتوو، بۆیە ئەم بڕیارە بەڕاستی بڕیارێکی نایاسییە و ئێمە تەئکیدی دەکەینەوە کە پەرلەمـان مـوڵکی هـیچ حیـزب و هێـز و لایەنێکـی سیاسـی نیـیە، موڵکی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستانە، نابێ هیچ هێزێکی سیاسـی ئیـرادەی خـۆی فەرز بکـات بەسەر پەرلەمـانی کوردسـتان، تەئکیـد لەوە دەکەیـنەوە ئەو ڕەفتـارەی د.کـازم کـردی جـۆرێکە لە نـاڕەزایی دەربـڕین کە لە هەمـوو پەرلەمانـاتی دونیـا هەیە، شـەڕە بـۆکس هەیە، دەبە هاوێشـتن هەیە، پـێلاو ڕاوەشـاندن هەیە، ئەنـواع جـۆری نـاڕەزایی دەربـڕین هەیە، ئەوەش جـۆرێکە لە ناڕەزایی دەربڕین، ئەگەر تەنها ئـێمە بە قەنـاعەتیش باوەڕمـان بە دیموکراسـی هەبـێ لە هەرێمـی کوردستان دەبێ ئەو شێوازە قەبوڵ بکەین بەڕاستی، بۆیە جـارێکی تـریش تەئکیـد دەکەمەوە کە پێویستە ئەو بڕیارەی کە لەسەر د.کـازمە هەڵبوەشـێتەوە و ئیلغـا بکـرێتەوە، د.کـازم مـافی ئەوەی هەبێ بەشداری پێ بکرێ، چـونکە بەداخەوە لێـرە بڕیـار تەنهـا لەسـەر ئەوە درا د.کـازم بەشـداری دانیشـتنەکانی پەرلەمـان نەکـات، بەڵام ئێسـتا لە دەرگـای دەرەوە ڕێگـا نادرێـت د.کـازم بێـتە نـاو

پەرلەمـانی کوردسـتان، کە ئەوە ئەوپەڕی پێشـێل کردنـی یاسـایە، یەعنـی ئەگەر پەرلەمـان یاسـا پێشێل بکات ئێمە چۆن ڕوومان بێ بڵێین ..........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کـاك کـاوە گیـان زۆر زۆر سـوپاس، ڕاسـت دەکەی، هەموومـان بە گـوێرەی ئەم پەیـڕەوە مافمـان هەیە، حەقمـان هەیە، بەڵام لە چ مـاددەیەکی ئەم پەیـڕەوە هـاتووە ئەنـدامی پەرلەمـان پـێلاو بگرێتە پەرلەمان؟ لە چ ماددەیەکی ئەم پەیڕەوە هاتووە ئەندامی پەرلەمان..

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

جۆرێکە لە ناڕەزایی دەربڕین.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، بەڕێزان، مامۆستا أبوبکر وەردەگرین، فەرموو مامۆستا أبوبکر.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاماژە بە چوار خاڵ دەدەم، هیوادارم لە کاتەکە کاتم بـدەیتێ، یەکەم/ بەپێـی مـاددەی (٩٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان لە هەر سـێ فەقەرەکەدا باسـی بـودجە دەکـات، کە لە مانگی (١٠)دا دەبێ بێ، لە مانگی (نیسان)دا دەبێ ژمێرەی کۆتایی بێ، لە بڕگەی (سـێیەم)دا ئەگەر لەو دوو وادەیە نەهات سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لە وەزیری دارایی بکات ڕوونکـردنەوە بـدات، بۆ نەهاتووە؟ یەعنی هیچ پاساوێك نەماوە بۆ دواکەوتنی بودجە، خـاڵی دووەم/ بەپێـی مـاددەی (٤٨) ئـێمە دوێنـێ یاداشـتێکمان دا بـۆ بـابەتی لێبڕینـی مـووچە، هـیچ بابەتێـك لە ئێسـتادا دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و پەسـندکردنی بـودجەی حکـومەتی ئیتیحـادی و هەمـووش خۆیـان کرد بە خـاوەنی ئەو دەسـتکەوتە و زۆری سـتایش کـرا و بە دەسـتکەوت لە قەڵەم درا، لەبەر ئەوە کاتی ئەوە هاتووە دوای (٨) ساڵ بودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان و کۆتایی بە لێبڕینـی مـووچە و خۆگونجاندن بهێندرێ، خاڵی سێیەم/ من بەڕاستی ئەم شەو دیراسـەی زۆربەی پەرلەمانەکـانی دونیام کرد ئەوانەی ئەو جۆرە شەڕە تیایدا ڕوو دەدا، لە هـیچ شـوێنێکی دونیـا نـیە پەرلەمانتـار داوای لێبووردن بکات و ببەسترێتەوە بە کۆمەڵێك تەنانەت دانیشتنی لیژنەکـانی پەرلەمانیشـەوە کە ئێوە مەحرومتان کردووە، بۆیە ئەوە تەنهـا بـۆ ئەو جەلسـەیە، مـن بەشـەکەی خـۆم لەگەڵ ئەو شـێوازەی د.کـازم نـیم بە هـیچ شـێوەیەك، بەڵام ئەوەش نـاحەقییە، نایاسـاییە، ئەو بڕیـارەی کە دەرچووە مەحرومکردنی جەلسەکانی پەرلەمان، ماددەی (١١١)ش لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دوو ساڵ و نیومان لەم خـولە تێپەڕانـدووە بەداخەوە ئێـوە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان کە زەمـانەتی کـاری ئۆپۆزسـیۆنی لە پەیـڕەودا دیـاری کـراوە، هیچ پرۆژەیەکی ئۆپۆزسیۆنتان تێنەپەڕاندووە، هیچ یاداشـتێکی ئۆپۆزسـیۆنتان تێنەپەڕانـدووە، لەکاتێـك دا لە پەرلەمـانە زینـدووەکانی دونیـا ئۆپۆزسـیۆن لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان نوێنەری هەیە، ئۆپۆزسیۆن لە لیژنە هەستیارەکانی پەرلەمـان سـەرۆکایەتیان دەدرێتـێ، ئێـوە لە زۆرێك لە لیژنەکان مەحروممان دەکەن و هیچ یاداشتێکی ئۆپۆزسیۆن، هیچ پێشنیازێکی یاسـای ئۆپۆزسیۆن و بڕیارێکی ئۆپۆزسیۆن لەو دوو ساڵەدا کاری لەسەر نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، قسەکانی مامۆستا پەیڕەوین، دەبێ یەك یەك جوابیان بدەمەوە، ئێمە بە پێی ماددەی (٩٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لە دەستەی سەرۆکایەتی واجیبەکەی خۆمانمان جێبەجێ کردووە، نووسراومان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ وەزارەتی دارایی، داوای ژمێرەی کۆتاییمان لێ کردووەن، داوای پرۆژەی بودجەشمان لێ کردووە، یەعنی نووسراوی خۆمانمان زۆر دەمێکە ناردووە، سەبارەت بە یاداشتەکەی دوێنێتان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نوسراوە بە گوێرەی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەن پێش (٢٤) سەعات بخرێتە ناو بەرنامەی کار کە ئەوە ماددەی (٦٦)تان بۆ دەخوێنمەوە، بڕگەی یەکەم بەڕێزتان وتوتانە (١٠ ئەندام دەتوانن داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو بۆ گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی)، سێهەم بڕگە (دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ لە ماوەیەك کە چواردە ڕۆژ تێپەڕ نەکا نەك (٢٤) سەعات وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات)، بڕگەی شەشەم (داوای دواخستنی ئەو دانیشتنە بۆ ماوەیەك کە لە حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێ و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ڕۆژێکی تر دیاری دەکات)، بابەتی لێبڕینی مووچە هەر قسەیەکی لەسەر بکەین بەبێ ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەدیاریکراوی بەبێ ئامادەبوونی وەزیری دارایی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ڕاگەیەنراوی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی لێبڕینی مووچە و گونجاندنی داهات لەگەڵ مووچە دراوە بە بەڕێزیان، موناقەشەیەکە بە تەنها لە نێوان خۆمان دا، لە ناو ئەم پەیڕەوە چی وەختێك تەحدید کرابێ ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەوە دەکەین، بەڕێزان لە لیژنەی دارایی، بەڕێز کاك زیاد، سەبارەت بە بابەتی دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، شێوازی ڕیککەوتنەکە، زیان و قازانجی بۆ هەرێمی کوردستان، بابەتی لێبڕینی مووچە، لیژنەی دارایی یاداشتێکیان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئێمەش بەلامانەوە گرنگە کە بزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی لە دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، لە دوای بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخانە بکات و چۆن خۆی دەگونجێنێ بۆ ئەوەی کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، ئەوە بۆ هەمووومان گرنگە، بەڵام دانیشتنێکی بەرهەمدار گرنگە کە لانی کەم وەزیرە تایبەتمەندەکان تیای ئامادە بن، دیراسەمان کردبێ، ئەوە خەمی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ، بەڵێ کاك ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان دەزانن لە ماوەی ڕابردوو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی بڕیارێکی بۆ تەشکیل کردنی لیژنەیەك لە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەدواداچوون بۆ خاڵە سنوورییەکان و ئەو گەندەڵییانەی لە خاڵە سنوورییەکان هەیە، کە پێموایە ئەوە بڕیارێکی زۆر ستراتیژی و گرنگە، بەتایبەتی بۆ دۆخی ئێستای دارایی، من دەپرسم

پەرلەمانی کوردستان تاوەکو ئێستا بۆچی بەدواداچوونی بۆ تەفعیل نەکردنی ئەو بڕیارە نەداوە کە پێمـوایە ئەگەر ئەو بڕیـارە تەفعیـل بکـرێ، ئەو لیـژنەیە پێـك بـێ و سـەردانی ئەو خـاڵە سنوورییانە بکات داهاتێکی باش دەگەڕێتەوە حکومەت، چونکە وەکو وایە بەپێی ڕاپۆرتەکان گەندەڵییەکی ئەوتۆ هەیە لەو خاڵە سنوورییانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ بە بێ لێبڕین، بەڵێ لیژنەی دارایی سەردانی خاڵە سنوورییەکانی کردووە، من مەبەستم ئەوەیە لیـژنەی دارایی تەکلیف بکەن بۆ ئەوەی کە هۆکارەکان بزانرێ بۆچی ئەم لیـژنەیە تاکو ئێستا تەفعیل نەکراوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، جگە لەوەی ڕێگا دەدەیـن بە لیـژنەی دارایـی ڕوونکـردنەوە لەسـەر ئەو بـابەتە بـدات، چـونکە بـابەتێکی زۆر گـرنگە، دەتـوانین نوسـراوەکانی سەرۆکایەتیشتان بـدەینێ کە بـۆ بەدواداچوون، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کـراون، بەڵـێ کـاك زیاد ئەو بابەتە گرنگە بۆ ئەوەی بزانین لیژنەی دارایی قسەیان چییە، وەرتان دەگرم، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بەو بابەتانەی کە ئێستا گرنگن، کە جێی خواست و باسـی خەڵکی کوردستانن لە بـابەتی مـووچە، لە بـابەتی ڕێککەوتنمـان لەگەڵ ناوەنـد و مەسـەلەی هـاتنی بـودجە، کە ئەوانە کۆمەڵێـك بـابەتی گـرنگن ئـێمە لە لیـژنەی دارایـی بەوردی موناقەشـەی ئەوانەمـان کـردووە، یاداشـتێکمان داوەتە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، داوامـان کـردووە نـوێنەری حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بێـتە ئێـرە ڕوونکردنەوەمـان بـداتێ لەسـەر چـۆنیەتی ڕێککەوتـنەکە لەگەڵ ناوەنـد، هەروەها کاتی ناردنی پرۆژەی بودجە بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتان، کە بەلامـانەوە گـرنگە و لیـژنەی دارایی ئێستا لە ئامادەباشیداین بۆ ئەوەی کە پـرۆژەکە بگـاتە ئێـرە، بـۆ ئەوەی بە باشـی تێـپەڕێ، سـێیەم/ مەسـەلەی لێبڕینـی مـووچە کە زۆر بە وردی قسـەی لەسـەر کـراوە، چـاوەڕوان دەکەیـن بەتایبەتی وەزیری دارایی بێنە پەرلەمانی کوردستان و لێرە ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، بۆمان بـاس بکەن، سەبارەت بە خاڵە سنوورییەکان ئێمە لە وەختی خۆی دا سـەردانی خـاڵە سـنوورییەکانمان کـردووە، ڕاپـۆرتێکی تێـر و تەسـەل لەسـەر بـارودۆخی دارایـی لە هەرێمـی کوردسـتان لێـرە لە پەرلەمانی کوردستان خوێنرایەوە، وەزیرە تایبەتمەندەکان لێرە بوون، چەند ڕاپـۆرتەکی دیـکەش هەر تەنهـا ئەوە نەبـوو، دوای ئەوە ڕاپـۆرتەکی تـر کە تـایبەت بـوو بە خـاڵە سـنوورییەکان ناردوومانەتە ئەنجومەنی وەزیران چاوەڕێی وەڵامین، بەتایبەتی بەتـایبەتی ئەو ڕاسـپاردانەی کە پێشـنیارمان کـردووە، ئەو پێشـنیار و ڕاسـپاردانەی کە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی خـاڵە سنوورییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جنان، فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە مومکینە نوقتەی نیزامیش نییە، هەمووومان دەزانین لە ڕۆژی (٤/٢) (د.پائر عبدالأحد اوغستین) ئەمری خوای کرد بە نەخۆشی کۆڕۆنا ڕەحمەتی، داوا دەکەم وەکو ڕێزلێنانێك یەك دەقە ڕابوەستین بۆ روحی پاکی د. پائر لە ئەندام پەرلەمانەکان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر پەرلەمانتار بووە بەڕێزیان، دەستەی سەرۆکایەتی بە دیاریکراوی پرسەنامەمان بۆ ناردووە، نەبووە بە عادەت کە ئێمە لە ناو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو بابەتانە دەقیقەیەك بوەستین، عادەتەن لە سەرەتای دانیشتن بێ ئەوە باشترە، روحی شاد بێ، کاك جنان روحی شاد بێ، پەرلەمانتارێکی زۆر وەفاتیان کردووە لەوەتەی ئەو دەورە هەیە، بۆ هەموو پرسەنامە و هاوخەمیمان بۆ ناردوون، بە ناوی هەموو پەرلەمانی کوردستانەوە، بەڵێ کاك ڕۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو (٤)ی نیسان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگیان گرێدابوو، بەداخەوە ئێمە چوار فراکسیۆنی پێکهاتەیەکی ئەساسی لەم پەرلەمانە ئامادە نەبووین، نازانین ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیزانیبوو ئەو ڕۆژە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قیامەی مەسیحیییەکانە؟ ئەگەر نەیزانیبێ بەڕاستی حەتمەیەت و زەرووریيەتی بە پشوو کردنی ئەو ڕۆژە بە فەرمی پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی داوا بکەین، بۆ ئەوەی داوا بکەین ڕۆژێکی وەکو پشوویەکی فەرمی بێ لە هەرێمی کوردستان، نەك تەنها بۆ مەسیحییەکان، بەڵام بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، دووەم/ ئەگەر زانیبێتان.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئاخر مەڕۆ ناو (ئەگەر ئەوە) با جوابت بدەینەوە.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

ئەگەر کراوە بۆچی دواتر کەس نەهات؟ یەعنی ئێمە چوار فراکسیۆنین بەشدار نەبووین، نازانین لە گرنگی یاخود لەو شتانەی کە لەو کۆبوونەوەیە باس کراوە دەبێ بە فەرمی پێمان بڵێن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئێمە دەمانزانی جەژنە، بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ بەڕێزتان هاتووە، تەقدیری ئەوەمان کردووە ئەو ڕۆژە جەژنە لە ناو خێزان و کەس و کارەکانتانن بۆیە بانگمان نەکردبوون، دۆخێکی ئاواش هەبوو کە پێویست ئێمە بەزوویی کۆبوونەوە لەسەر ئەو بابەتە بکەین و بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیشمان ڕاسپاردبوو قسە لەگەڵ بەڕێزتان بکات سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی مەبەست و نیەتی ئیقصا کردنی هیچ کەسێکمان نییە، بە دیاریکراوی پێکهاتەکان، زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بەپێـی مـاددەی (١١١) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان قسـە دەکەم، بـاس لە فراکسـیۆنی ئۆپۆزسـیۆن دەکـات، کە ئەو فراکسـیۆنانەن کە بەشـداری لە حکـومەت دا نـاکەن و دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان دەبـێ ئـازادی کـاری پەرلەمـانی بـۆ ئۆپۆزسـیۆن دەستەبەر بکـات، مـن قسەکەم لێرەدایە سەرۆکایەتی پەرلەمـان بەشـێوەیەکی ناهاوسـەنگ مـامەڵە لەگەڵ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دەسەڵات دا دەکات، ئەوە ساڵی سێیەمە لە وەرزی یاسادانان، مانـای نیـیە ئەو هەموو پرۆژە یاسایە، پـرۆژە پڕیـارە کە ئـێمە تەقـدیممان کـردووە هیچـی نـاخرێتە بەرنـامی کـار یاداشت دەدەین داوای وەزیری پەروەردە دەکەین، داوای وەزیری خوێنـدنی بـاڵا دەکەیـن لەسـەر پلانـی خوێنـدن کە ئێسـتا لە خەتەردایە و لە تیاچوونـدایە، جـواب نـادەنەوە و نـایێتە پەرلەمـان، داوا دەکەیـن لێبرینـی مـووچە نەمێنێـت ئەوەش هەر وەڵام نـادەنەوە، پرسـیار دەکەی نـایێتە پەرلەمان، پرساندن نەکەین کەس نازانێ نەتیجەکەی چۆن لە ناو دەچێ، یەعنی بەڕاسـتی نـاکرێ بەم شێوەیە ئەم کارانە ئەندامی فراکسیۆنی ئۆپۆزسـیۆن تـورە دەکـات، یەعنـی ئەوە وامـان لـێ دەکات کە هەڵوێستی تر بنوێنین.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماشاڵلا بەشی خۆتان و بە زیادیشـەوە ئێـوە تـووڕەن، مـن مەبەسـتم بەڕێـزت نییە، سەبارەت بە پێشنیازە یاساکانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لەسەر بنەمـای دەسـەڵاتی ئۆپۆزسـیۆن مـامەڵەی لەگەڵ نـاکەین، ئـێمە تـا ئێسـتا بـێجگە لەوانەی کە لەم وەرزە پێشـکەش کـراون (٧٨) پـرۆژە یاسـا و پێشـنیازە یاسـا هەبـووە، خشـتەی چـۆنییەتی کـارکردنی سەرۆکایەتیمان داوە بە بەڕێزان سەرۆکی فراکسـیۆنەکان، تەبعەن ئەوە حەقـی فراکسـیۆنەکانی ئۆپۆزســـیۆنە، حەقە، ڕەوایە، پـــارێزراوە، زۆربەی هەرە زۆری دەتـــوانم بڵـــێم لە (٩٥٪)ی ئەو پێشنیازە یاسـایانەی فراکسـیۆنەکانی ئۆپۆزسـیۆن پێشکەشـی سـەرۆکایەتی کـردووە، ڕەهەنـدی مالی هەیە، مەسەلەن پێدانی موخەصەصـات، دامەزرانـدن، کـردنەوەی سـلفەی عەقـاری، پێـدانی هاوکاری ماددی بـۆ منـاڵانی بـێ بـاوك، پێـدانی هاوکـاری مـاددی بـۆ پەككەوتە، پێـدانی هاوکـاری مانگـانە بـۆ ژنـانی تەمەنـدار، بەڕێـزان ئـێمە (٣٣) پرۆژەمـان تـا ئێسـتا لەبەر دوو سـەبەب ڕەت کراوەتەوە، یان بوعدی مالی هەبووە حکومەت دەڵێ لەم وەختەدا ناتوانم، یـان بۆشـایی یاسـایی نەبووە.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی مرۆڤسازی خۆ ڕەهەندی دارایی نەبوو بـۆ لە نـاو پەرلەمـان دا بە نایاسـایی ڕەتکرایەوە؟ هەر بە نایاسایی لە ناو پەرلەمان دا خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـوو ڕەتتـان کـردەوە، خـۆ ئەوە هـیچ ڕەهەندێکی دارایی نەبوو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان با ئێمەش قسە بکەین، تۆ نابێ مـایکەکەت هەڵکەی پـێش ئەوەی دەرفەتـت بـدەم، تـۆ قانونیـت، کـاتی خـۆت تەواو بـوو، مرۆڤسـازیمان ئاراسـتەی وەزارەتـی پەروەردە کردبـوو،

وەزارەتی پەروەردە ڕەتی کردۆتەوە، نەك دەستەی سەرۆکایەتی، ئێوە داواتان لێ دەکەم ئێمەش بەشێکین لە ئێوە، وا ئێمە پێشانی خەڵك مەدەن کە ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئێوە هەیە، پرۆژەکانی ئێوە پرۆژەی زۆر باشن، بەڵام پێویستیان بە پارەیە، باشە؟ مرۆڤسازی ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کراوە، وەزارەتی پەروەردە بە شەرحێکەوە ڕەتی کردۆتەوە، بەش بە حاڵی خۆم من پێموایە لەم قۆناغەدا لە بابەتی ئابووریش گرنگتر بونیاتنانەوەی ئینسانی کوردە بۆیە ئەو پرۆژەیە بە پرۆژەیەکی گرنگ دەزانم، لەو مونتەڵەقەوە وەعدی ئەوەتان دەدەینێ جارێکی ئێمە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەی دەکەینەوە، سەبارەت بەوەی کە یاداشتەکانتان، عادەتەن ئێوە یاداشتەکانتان ئیمزا دەکەن بە ناوی ئۆپۆزسیۆن ئیمزاتان نەکردووە، جاری وا هەیە لە فراکسیۆنی یەکێتیتان لەگەڵە، جاری وا هەیەلە فراکسیۆنی گۆڕنتان لەگەڵە، هەندێکجار ڕەنگە لە فراکسیۆنی پارتیشتان لەگەڵ بێ، ئێمە مامەڵە کردنمان لەگەڵ یاداشتەکانی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای ئۆپۆزسیۆن بوون و دەسەڵاتبوون نییە، لەسەر بنەمای مومکینە، ماوەی ساڵێکی تەواوە موتابەعەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن، یەك ساڵە یەك وەزیر نەچۆتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەندە وەزیر هاتوونە بۆ ئێرە بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە هیچ شوێنێك شتی وا نییە، بەڵام جێی ئەسەفە بۆ هەموومان هەموو جارێ کە دێن شەڕی وا گەورە گەورە دروست دەبێ، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی تووشی ئیحراجی دەبین، کە حەز ناکەین لەبەردەمی ئەوان دا ئەوە ڕووبدات، لەبەر ئەوە دڵنیاتان دەکەین نە نییەتی تەهمیشمان هەیە، نە خواستمانە، بەڵام جۆری پێشنیاز و پرۆژەکانی ئێوە بەو شێوەیە، مەسەلەن بەڕێزتان دەڵێن با بڕیار بدرێ بەلابردنی لێبڕینی مووچە، چەند دەنگتان هەیە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بدرێ؟ بیست، بیست و پێنج، سی، سی و پێنج، دەبێ لەگەڵ فراکسیۆنی زۆرینە مامەڵە بکەن، دەبێ مامەڵە بکەن بۆ ئەوەی پێشنیازەکانتان بڕوا، ئۆپۆزسیۆن لە دۆڵێ نییە و دەسەڵات لە دۆڵێ، پێکەوە لۆبی نەکەن، کاری هاوبەشی نەکەن، خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو فراکسیۆنەکان لە شوێنێك دا نەدۆزنەوە بەخوا چوار ساڵەکە تەواو دەبێ ئۆپۆزسیۆن وەکو ئۆپۆزسیۆن دەستکەوتی نابێ، چونکە دواجار بە دەنگدانە، سەرۆکی پەرلەمانیش دەنگێکە، بەڕێزیشت دەنگێکی، با دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکە بکەین بەڕێزان، مامۆستا عوسمان، ئەو پێشنیازە یاسایە زۆر گرنگە، زۆر زۆر گرنگە، تکایە هەموومان باسی خراپی بەنزین دەکەین، قسەکانی ئێوە زۆر زۆر موهیمە، تکا دەکەم با ئێمە دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکە بکەین، بەڵێ کاك بژار با دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار بکەین، تەواو، زۆرمان وەرگرت، مامۆستا عوسمان تۆ پیاوێکی ئیمانداری، بەڵام ماشەڵڵا لە تۆمەت بەخشینەوە وەکو کەس نیت، هەموومان ئیمانداریین، تەبعەن، باش، بە مەرجێ دووبارە نەبێ و پەیڕەوی بێ، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤٨) لە بڕگەی (چوارەم) ئەو داوایەمان کردووە، بەڵام جەنابت دەڵێی پرۆژەی ئەوها بە نووسراو دەبێ، کە بە نووسراو دەیدەین دەڵێی ئەوە خاڵی پەیڕەوی نییە، باشە وەڵامی دوێنێتان چی بوو بۆ ئەو پرۆژە یاسایەی کە لێبڕینی مووچە پاشەکەوتەکەی با نەمێنێ، ئەوە

یەك، من داوا دەکەم کە پەخش ڕاناوەستێ دەستخۆشیت لێ دەکەم بەڕاستی، ئەوە ئەوپەڕی پەیڕەوییە، بەڵام بۆ (١٠) خولەك پەخشی ئایتیتان ڕاگرتووە؟ (٥) خولەك تاخیرە، بۆ؟ ئەدی بۆ ئەو پرۆژانەی کە بە یاداشتمان داوە دەڵێی حکومەت ئامادە نییە، ئێستا بۆ دەڵێی داوای حکومەت بکەن؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ لە ڕوونکردنەوەکەی من ڕەنگە باش تێنەگیشتبی، دەڵێم بەڕێزان بە ماددەی (٤٨) تەقدیمتان کردووە، بە بێ حکومەت موناقەشەی چی بکەین لەسەر لێبڕینی مووچە؟

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئەگەر تەقدیم کەینەوە بانگیان دەکەن؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەقدیم بکەنەوە بە (٦٦) بەڵێ بۆیان دەنێرین، دڵنیابن بۆیان دەنێرین، هەڵەز خان، دووبارە نەبێ، فەرموو.

**بەڕێز هەڵەز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دیف ماددا (٦٦) بڕگا (ئێکێ) دەستپێکا ساڵا خێندنێ (٢٣) ئەندام یاداشتەکمان پێشکەش کرد بانگهێشتا هەردوو وەزیرا بێتە کرنێ، وەزیرێ پەروەردێ، وەزیرێ خوێندنا باڵا بێن پلانا خۆ بۆ ساڵا خاندنێ پێشکەش کەن، جهێ داخێیە نوکە فەوزا بڕیارایە، کەس ئاگای لە کەسێ نینە، پرۆسەی خوێندنێ یێت مەترسیێدا، ئایا ڕۆڵی مە وەك پەرلەمانتار چییە؟ یەعنی موحاسەبەی کێ بکەین؟ ئەڤرۆکە جەنابی وەزیری پەروەردێ دوو پلانا بینیتن، پشتینگی پلان (A) جێبەجێ نەکات، پلان (B) جێبەجێ نەکات، پلان (C) جێبەجێ نەکات، ئایا مەصیری خوێندن و فێرکردن لە کوردستانی بەرەو کوێ دەچیتن؟ هێڤیدارم ڤی یاداشتی بەرچاڤ وەربگرن، هێشتا ماوەیەك لەبەر سنگی ڤە مای چەند هەیڤەکێت ماین، بلا خەلکیش و ڕایا گشتی بزانێ کانێ مەصیری زارۆکێت وان بەرەو چ دەچن؟ هیچ ڕەهەندەکا سیاسی تێدا نینە، هیچ ڕەهەندەکا دارایيشی تێدا نینە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا وەرتدەگرم دوای ئەوەی کاك د.عبدالسلام پێمان دەڵێ سەبارەت بە پلانی خوێندن بۆ ئەمساڵ لەگەڵ هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە وەکو لیژنە چیتان کردووە؟ دوای ئەوە کاك پێشەوا وەردەگرم.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەورۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان لەگەڵ بەڕێزان وەزارەتی پەروەردە هەیە لەسەر داوای بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەموو بەرپرسانی پەروەردەیی و نوێنەری یەکێتی مامۆستایانیش لەوێ حزووریان دەبێت، ئاگاداری سەرجەم ئەندامانی لیژنەی پەروەردەم کردۆتەوە کە ئەمڕۆ کاتژمێر (٢) لەوێ حازر بن، هەمووومان دەزانین ئامارەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا زیاد

له حەد ڕوو له هەڵکشانه، بۆیه پێمان وایه مومکین نییه له ئێستادا بیر له کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان بکەین بەڕووی قوتابییان و خوێندکارانەوە، هیوادارین هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەوانەی که له لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش نین تەشریف بفەرموون بێن له کۆبوونەوەکە دانیشن، ئەگەر حەلێکی بەدیلێکی تر هەیە، (alternative)ی باشتری پێیە، مەخرەجێکی گونجاوتری پێیە با بفەرمن ڕۆژانه کۆبوونەوەمان هەنه، بێن لەوێ ڕوئیای خۆیان دەرببڕن، هەموو کۆبوونەوەکان، دەبینین له ناو جەلسەکانی پەرلەمان لایەنی پەیوەندیدار له دەسەڵاتی تەنفیزی لێرە نییە، بۆ کێ قسه دەکرێتن؟ له کۆبوونەوەکانی ئێمه کۆبوونەوەی هاوبەشن، دەسەڵاتی تەنفیزی لەوێ حزووری هەیە، فەرموو لەوێ ڕەئیەکانت بڵێ، ئەو ئەندامه بەڕێزانەی پەرلەمان که لێرە قسه دەکەن هیوادارم بێن له کۆبوونەوەکانی لیژنەی پەروەردە و لەگەڵ بەڕێزان له وەزارەتی پەروەردە قسه بکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کاك عبدالسلام مەبەستی ئەوەیە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ سەبارەت بە دۆخی پەروەردە بە ئامادەیی وەزیری پەروەردە بەشداری دانیشتنی لیژنەی پەروەردە بکات دەتوانێ بەشداری بکات، بەڵێ کاك پێشەوا، دوای ئەوە سوسن خان، دوای ئەوە با دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کارەکە بکەین، وەڵلا بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بیزەبت منیش دەمەوێ لەسەر ئەمه قسه بکەم بەڕاستی، ئەوە نزیکەی دوو کاتژمێرە گفتوگۆ دەکرێت، هەردوو کاتژمێرەکە بەقەت گرنگی ئەو پرۆژەیەی که ئێمه ئەمڕۆ دەبێ موناقەشەی بکەین لەوانەیە گرنگ نەبێ، نازانم تا چەند ئاگادارن که ئێمه وەکو لیژنەی سامانه سروشتییەکان هەموو جار دەیڵێینەوە لەم پرۆژە یاسایە باسی کراوە، توێژینەوەیەك چەند ڕۆژێك پێش ئێستا هاتۆتە بەردەستی لیژنەکەی ئێمە، ئەو گازەی که له موەلیدە ئەهلییەکان بڵاودەکرێتەوە هەمووی ژەهر بۆ منداڵەکانی هەمووتان و بۆ خەڵکی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، ئەو بەنزینەی که دەکرێتە ناو ئۆتۆمبێلەکانتان هەمووی زەهر و سەرەتان بڵاو دەکاتەوە، ئەم پرۆژە یاسایە بە ڕێژەیەکی کەمیش بێ ڕێگری لەم بابەتە دەکات، تکا دەکەم کاتێ که بابەتێکی گرنگ، پرۆژەیەکی گرنگی لەم شێوەیە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەولەویەت بدەن بەو بابەتە لەبەر ئەوەی که وزەی برادەرانیش دەکوژرێ و نیوەی هۆڵەکە چۆڵ بووە، لەبەر ئەوەی هەندە یەعنی لەگەڵ ڕێزم، لەگەڵ ئیحتیرامێکی زۆرم هەندێك جار قسه دەکرێت وزەت نامێنێ، حەزت نامێنێ بۆ موناقەشە کردنی پرۆژەکە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوسن خان، فەرموو، کاك سیروان بەسە، تکایە هەر هەمووتان قسەتان کردووە، بەڵێ سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٦) و (٥٧) قسە دەکەم، بەو پێیەی لە ماوەی ڕابردوودا لە کاتی وەرگرتنی خاڵی پەیڕەویدا لەلایەن هەندێ لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان زۆر جار گرژی و ناکۆکی دروست بووە، ئەو کێشە نائارامەش تەئسیری کردۆتە سەر هاووڵاتییان و تەنانەت پەرلەمانتارانیش، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە کاتی وەرگرتنی خاڵی پەیڕەوی دا پەخشی ڕاستەخۆ ڕابگیرێت و پشتیوانی لە کاك ئەرشەد و کاك سەرکۆ دەکەم بۆ ئەم مەبەستە، چونکە هەندێ جار هەندێ لە بەهاکان لە ڕاستی دا دەبەزێنرێن، خاڵی تر سەبارەت بەو کۆبوونەوەی کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنە بەڕێزەکان ئەنجامیان دابوو بۆ سەردانی دەڤەری گەرمیان بۆ یادی ئەنفالی گەرمیان، داوا دەکەم کە وەکو لیژنەی شەهیدان تایبەتمەندی لیژنەی شەهیدان ڕەچاو بکرێ و پێمان بڵێن کە ئەو سەردانە لە چ کاتێك دا ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی ئێمە وەکو لیژنەی شەهیدان ئامادەکاری تەواوی خۆمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە بە تەواوی فراکسیۆنەکانمان وتووە، نوێنەرەکانتان لە ناو لیژنەی شەهیدان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بچێت لە ناو لیژنەکەدا بێ، کەواتە تایبەتمەندی لیژنەی شەهیدانمان بە هەند وەرگرتووە، بەڵام ئەو بەڕێزانە لە تەنها بۆ بابەتی کەسوکاری شەهیدان ناڕۆن بەڵکو بابەتی خزمەتگوزاری، دۆخی ئیدارە، بۆیە تێکەڵەیەکمان دروست کردووە، سەبارەت بەوەی کە ئێمە لەو شوێنەوە دەست بە پەخش بکەین کە بەرنامەی کار جێبەجێ دەکەین، هەندێکی تر دیراسەی دەوێ، چونکە کاك سەرکۆ بۆ یەك ڕۆژی داوای کردبوو، یەعنی بە تەنها بۆ ئەمڕۆی داوا کردبوو، هەندێکی تر دیراسەی دەوێ، دیراسەی دەکەین ئەگەر توانیمان لە ناو فراکسیۆنەکان قەناعەت دروست بکەین ئەو کاتە بابەتێکی ترە قسەی لە بارەوە دەکەین، با بڕۆینە سەر بەرنامەی کار بەڕێزان، کاك سیروان دەزانی بڕوا بکە لە تەئریخی ئەم پەرلەمانەدا بە ناوی خاڵی پەیڕەوی ئەوەندە قسە نەکراوە، بەسە بەڕێزان بەسە، فەرموون کاك علی حەمە صالح، کاك علی ئەسڵییەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوات لێ دەکەم دوو دەقەم بدەیتێ هەندێ شتی گرنگی ڕەبتی ئەو پرۆژەیە باس بکەم بۆ بەڕێزان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، یەکەم جار ڕاپۆرتەکە بخوێنەوە دوایی دەرفەتتان دەدەم قسە بکەن، بەڵێ کاك علی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی:

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم جار ئەسڵەکە بخوێننەوە، ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

ڕاپۆرتی پێشنیازە یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

ماددەی یەکەم:

١-کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی یان بیانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوای مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەتوانن بە گوێرەی ئەو ئاکارە جیهانییانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دیاری دەکات، بەرهەمە نەوتییەکان هاوردە و عەنبار بکەن، بیگوازنەوە و بیفرۆشن بە مەبەستی بەرکارکردنی ناوخۆیی چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی بریکاری ڕێپێدراوەوە.

بەرهەمە نەوتییەکان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

بەنزینی ئۆتۆمبیل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بە هەموو جۆرەکانییەوە، غازی شل، نەوتی سپی کیرۆسین، قیری شل، هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕیاری لە بارەوە دەدات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی حەمە صالح، تەواوە، دوای لە لیژنەی هاوبەش ئەو تەصمیمەتان نەهێشتووە، بەردەوامبە کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

٢-پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خشتەی پاشکۆ لە شێوەی ڕینماییدا دەربکات هاوتابێت لەگەڵ ئاکارە جیهانییەکان، مەبەستی ستاندارده، ئەو بەرهەمە نەوتییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە.

ماددەی دووەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمی ماددەی (١) بکات بەشێوەی خوارەوە سزا دەدرێت:

١-پێبژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢-دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان یان بە پێی توانای گەڕاندنەوەی بەرهەمەکە بۆ سەرچاوەی بەرهەمهێنان لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار.

٣-یەکەم/ ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەو کارە لەبری سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوا بە دوو بەرامبەر بە قازانجەکە سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێندرێ.

دووەم/ لە حاڵەتی دووبارە کردنەوە سەرپێچییەکە ڕێگا بە کۆمپانیای سەرپێچیکار نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی خۆی لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت و مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە.

سێیەم/ کۆمپانیای سەرپێچیکار ناوی دەخرێتە لیستی ڕەشی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ، لیستەکە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بڵاو دەکرێتەوە.

ماددەی سێیەم: لە هەر بارێکی لە ناکاودا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕادەسپێرێت بۆ پابەندکردنی کۆمپانیای پلە یەکە تۆمارکراوەکان بە بڕێکی دیاریکراوی پێویست لە بەرهەمە نەوتییە هاوردە و عەنبار بکەن.
ماددەی چوارەم:
١-کۆمپانیای هاوردەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی و کۆگاکانی عەنبار کردنی بەرهەمە نەوتییەکان تایبەت بە خۆیان بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت دروست بکەن، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بە کرێ بگرن.
٢- ئەو کۆمپانیانەی کە لە بواری عەنبار کردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان کار دەکەن نابێت کاری عەنبار کردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆییەکانیش بکەن پێچەوانەکەشی ڕاستە.
هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بکات بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:
پێبژاردنێکی دارایی بە بڕی پێنج سەد ملیۆن دیناری عێراقی بە دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمە هاوردەکراوەکان بەپێی توانای گەڕاندنەوەی بەرهەمەکە بۆ سەرچاوە بەرهەمهێنەرەکەی لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار.
٣-لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچیکار کۆمپانیا بە پێبژاردنێکی دارایی کە بڕەکەی حەوت سەد ملیۆن دینارە سزا دەدرێت و ڕێگەی پێ نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.
لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمەکەی یان بەپێی توانای گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەی بەرهەمهێنان لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار.
ماددەی پێنج:
١-کۆمپانیای هاوردەکارەکانی بەرهەمە نەوتییەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایە مەرجی سەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن.
٢-هەر کۆمپانیایەکی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:
پێبژاردنێکی دارایی لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت
دووەم: لە کاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکە کۆمپانیا پێبژاردنێکی دارایی لە حەفتا و پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، ڕێگەی پێنادرێت جارێکی تر چالاکی لە بواری نەوتییەکان ئەنجام بدات.
سێیەم: ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بڕی سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوا بە دوو بەرامبەر قازانجەکە سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.
ماددەی (٦): وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەستەی پێوەرکاری و کۆنترۆڵی جۆری هەرێمی کوردستان سەرباری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەر لایەنە و بەگوێرەی پسپۆری خۆیان

چـــاودێری پابەنـــدبوونی کۆمپانیاکـــان بەو مەرج و خەصـــڵەتانەی لەم یاســـا و ڕێنمـــاییە پەیوەندیدارەکاندا هاتوون لە ئەستۆ دەگرن.
ماددەی (٧): ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچوواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدراو بوون بەردەوام دەبن لە چالاکییەکانیان و لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە ڕێککەوتنی خستنە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانیانی ئەم یاسایە دەگونجێنن پێوەی پابەند دەبن.
ماددەی (٨): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
مـاددەی (٩): وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان پێویسـتە ڕێنمـایی بـۆ ئاسـان جێبەجێکردنـی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.
مـاددەی (١٠): ئەم یاسـایە لە ڕێککەوتنـی بڵاوبـوونەوەی لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) جێبەجێ دەکرێت.
هۆکارەکانی دەرچوواندن:
لەپێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ هاوڵاتیان و بەهۆی زیادبوونی داواکاری لەسەریان و سنووردارکردنی توانای بەرهەم هێنانی پاڵاوگەکانی کوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەر دەم کەرتی تایبەت و قەدەغەکردنی قۆرغکاری ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (د.بژار)، ڕاپۆرتی ڕاستێنراو، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لێژنەی یاساییە:
بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
بابەت/ ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند
کە ڕاسـتاندنی بـۆ کـراوە لەلایەن لێـژنەی کاروبـاری یاسـایی، لێـژنەی کاروبـاری یاسـایی ڕۆژی دووشـەمە ڕێککەوتـی (٢٠٢٠/٩/٢٨) کـاتژمێر (١١) کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجامـدا بە مەبەسـتی پێـداچوونەوە و دارشتنەوەی یاسـایی و دڵنیـابوون لە دژ نەبـوونی دەقەکـان لەگەڵ دەسـتوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەم لە سـەر ڕاپـۆرتی لێژنەی ووزە سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی.
سـەبارەت پێشـنیازە یاسـا و هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق تـایبەت بـۆ خوێنـدنەوەی دووەم، دوای کۆبـوونەوە لێـژنەی یاسـایی ئەم دارشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە.
سـەبارەت بە ناونیشـان پێشـنیازە یاسـای هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان لە هەرێمی کوردستان-عێراق:
ماددە(١):
یەکەم: کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ناوخۆیی یان بیانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوای مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەتوانن بەپێی ئەو خەصڵەتە جیهانیانەی وەزارەتی

سامانە سروشتییەکان دیاری دەکات بەرهەمە نەوتییەکان هاوردە و عەمبار بکەن، بیگوازنەوە، بیفرۆشن بە مەبەستی بەکاربردنی ناوخۆیی چ بەشێوەی راستەوخۆ بێت یان لە رێگەی بریکاری رێپێدراوە وە کە هەریەکە لە بەنزینی ئۆتۆمبیل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، غازی شل، نەوتی سپی (کیرۆسین)، قیری شل، هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕیاری لەبارەوە دەدات دەگرێتەوە.
دووەم: پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خشتەی پاشکۆ لە شێوەی رێنمایدا دەربکات کە هاوتا بێت لەگەڵ خەصلەتە جیهانییەکانی ئەو بەرهەمە نەوتیانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.
ماددە (٢):
یەکەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (١)ی ئەم یاسایە بکات بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:
١-پێبژاردنێکی دارایی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت وە لە سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
٢- ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەو سەرپێچییە لەبڕی سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوا بە دوو بەرامبەری قازانجەکەی سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.
٣- دەستبەسەر داگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان یان ئەگەر لەتوانادا هەبوو گەراندنەوەی بۆ بەرهەمەکە لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە.
دووەم: کۆمپانیای سەرپێچیکار ناوی دەخرێتە لیستی رەشی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ لیستەکە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاودەکرێتەوە.
سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دا ئەوا کۆمپانیای سەرپێچیکار مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگرێتەوە، رێگا نادرێت جارێکی دیکە چالاکییەکانی خۆی لەبواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی (٣) تەکمیلەکەی کاك (عباس) دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):
یەکەم: کۆمپانیای هاوردەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن وێسگەی فرۆشتن و سوتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن، بەپێی ئەو رێکسازیانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.

دووەم: ئەو كۆمپانیـــــایەی كە لە بـــــواری عەمبـــــاركردن و فرۆشـــــتنی بەرهەمە نەوتیـــــیە هاوردەكراوەكـــان كـــاردەكەن نابێـــت كـــاری عەمبـــاركردن و فرۆشـــتنی بەرهەمە نەوتیـــیە ناوخۆییەكانیش بكەن بە پێچەوانەكەشی راستە.
سـێیەم: هەر كۆمپانیـــایەك سـەرپێچی حوكمەكـانی بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە بكـات بە پێبژاردنێكی دارایی بە بڕی پێنج سەد ملیۆن دینـار سـزا دەدرێـت و لە حـاڵەتی دووبـارەكرنەوەی سەرپێچییەكە بە پێبژاردنێكی دارایی كە بڕەكەی حەفت سەد ملیۆن دینار سزا دەدرێـت، رێـگەی پێنادرێـت جـارێكی تـر چالاكییەكـانی لە بـواری بەرهەمە نەوتییەكـان ئەنجـام بـدات، لە هەردوو حاڵەتیشدا دەست بەسەر بەرهەمە نەوتییەكانـدا دەگیرێـت یـان ئەگەر لەتوانـادا هەبـوو بەرهەمە هاوردەكراوەكـان لەسـەر خەرجـی كۆمپانیـای سـەرپێچیكار دەگەرێنـرێتەوە ئەو شـوێنەی لێـوەی هاتووە.
ماددەی (٤):
یەكەم: كۆمپانیاكـانی هـاوردەكردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەكـان: بەپێـی حوكمەكـانی ئەم یاسایە بە مەرجەكانی تەندروسـتی و سـەلامەتی و پاراسـتنی ژیـنگە و كۆنترۆڵی جـۆری پابەنـد دەبن.
دووەم: هەر كۆمپانیـــایەك ســـەرپێچی حوكمەكـــانی بـــڕگەی یەكەمـــی ئەم مـــاددەیە بكـــات بە پێبژاردنێكی دارایی لە پەنجا ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە سەد ملیۆن دینار زیـاتر نەبێـت سـزا دەدرێت.
سێیەم: لە حالەتی دووبـارەكردنەوەی سـەرپێچی ئامـاژەپێكراو لە بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە كۆمپانیاكە بە پێبژاردنێكی دارایی لە سەد ملیۆن دینار كەمتـر نەبێـت و لە سـەد و پەنجـا ملیـۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێـت، رێگـای پێنادرێـت جـارێكی تـر چالاكییەكـانی لەبـواری بەرهەمە نەوتییەكان ئەنجام بدات.
چوارەم: ئەگەر قازانجی كۆمپانیای سەرپێچیكار لە بڕی سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر بـوو ئەوا بە دوو بەرامبەر قازانجەكە سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.
مـاددەی (٥): وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەكان وەزارەت و دەسـتە پەیوەنـدارەكان بەگـوێرەی پسـپۆڕی خۆیـان چـاودێری پابەنـدبوونی كۆمپانیاكـان بەو مەرج و خەصـڵەتانەی لەم یاسـا و رێنماییە پەیوەندارەكاندا هاتووە لە ئەستۆ دەگرن.
ماددەی (٦): ئەو كۆمپانیایـانەی پـێش دەرچوانـدنی ئەم یاسـایە مـۆڵەت پێـدراو بـوون بەردەوام دەبـن لە چالاكییەكانیـان و لە مـاوەی (٩٠) رۆژ لە رێككەوتـی خسـتنە بـواری جێبەجێكردنـی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە دەگونجێنن و پێوەی پابەند دەبن.
ماددەی (٧): رەسمی گومرگی و باج بەپێـی یاسـا و پەیـڕە و بەركارەكـان لە هەرێمـی كوردسـتان-عێراق وەردەگیرێت.
ماددەی (٨): دادوەری لێكۆڵینەوە تایبەتمەنـدە بە یەكلاكـردنەوەی كەیسـی ئەو سـەرپێچیانەی كە لەم یاسایەدا دەقنووس كراون، بەپێی حوكمەكانی تایبەت بە بڕیاری سزای هاتوو لە یاسای بنەما دادگاییە سزاییەكانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو.

ماددەی (٩): كار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.
مـاددەی (١٠): وەزیـری سـامانە سروشـتییەكان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەكان پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.
ماددەی (١١): ئەم یاسایە لەڕێككەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.
هۆیەكانی دەرچوواندن:
لەپێناو دابینكردنی بەرهەمە نەوتییەكان و بۆ هاوڵاتیان و بەهۆی زیادبوونی داواكاری لەسەریان و سنووورداری توانای بەرهەم هێنانی پاڵاوگەكانی هەرێمی كوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەكسان لەبەردەم كەرتی تایبەتدا وە قەدەغەكردنی قۆرغكاری ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان........

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس لەسەر یاساكە عەفوو، لەسەر ڕاپۆرتەكە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دكتۆرە گیان یەك لەحزە، ئێمە دوو ڕاپۆرتمان هەیە، ڕاپۆرتی ئەصلی پرۆژەكە، لەگەڵ ڕاپۆرتی ڕاستێنراوی هاوبەش لەنێوان هەردوو لێژنە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەی ڕاپۆرتی ڕاستێنراو بكەینە بنەما با دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان ئەو ڕاپۆرتەی (د.بژار) خوێندییەوە ئەكرێتە بنەما، ناونیشان، (د.بژار) ناونیشان بخوێنەوە، یەك دەقە، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، بەپێی ماددەی (٤٣) قسە ئەكەم، هەمووومان ئێستا ئەزانین كە كۆرۆنا بڵاوترین شتە لەم دونیایە بڵاوبۆتەوە ئێستا ئەوەی كە خەڵك گیرۆدەیەتی تێست ناكەن، ڤاكسین وەرناگرن، مەبەستەكەی من ئەوەیە لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و كەلار و بۆ سەرەوە بە هەوڵ و تێكۆشانی دوو پەرلەمانتاری هاوڕێمان كۆمپانیایەكیان هێناوە لەو شوێنەی كە ناوم وت بەبێ بەرامبەر بە مەمنوونی بە سوپاسەوە فەحس بۆ هەموو كەسێك دەكەن بەبێ بەرامبەر، ئەم شتە جیبەجێ بوو بە ئاستەنگی زۆرەوە، ئێستا كۆمپانیاكە لەگەڵ مندا قسەیان كردووە دەڵێن ئێمە ئەمانەوێت ئەو شتە بێنینە هەولێر و دهۆكیش بەڵام ڕێگریان لێ ئەكرێت، ڕێگریان لێ ئەكرێت لەبەر ئەوە لێرە بە پارەیە، بە داخەوە! بۆ ئەوەی هەمووومان هەموو ڕۆژێك بتوانین تێست بكەین بەبێ بەرامبەر، تكا ئەكەم لێژنەیێكی تەندروستی پێك بهێنن بزانن ئاستەنگەكان چییە؟ ئایا هاووڵاتیان بەبێ بەرامبەر ئەم كۆرۆنایە فەحس بكەن بە بەردەوامی و ئێمە ئەو بەڵایەمان لە كۆڵ بێتەوە باشترەیان بە پارە بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز (د.صباح)، بەڕێزان لە لێژنەی تەندروستی بە یاداشتێك ئەو قسانەی كاك (سیروان) دەیكات ئاراستەی بەڕێزتانی دەكات، یاداشتتان ئاراستە دەكات بۆ دیراسەی لێژنەكە، ناونیشان بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای هاوردەكردنی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەكان لە هەرێمی كوردستان- عێراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان هەر كەسێك قسەی هەیە؟ (سەرچنار) خان، كاك (مم)، (بدریە) خان، كاك (بەلێن)، (د.شایان)، (د.ریبوار)، كاك (پێشەوا)، كاك (شێخ ظاهر)، كاك (ملا ویس)، كاك (كاروان)، كاك (علی)، كاك (جلال)، كێ ماوە نەمان نوسیبێ؟ ئەو ناوانەی خوێندمانەوە، كێ ماوە نەمان نوسیبێ؟ كاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی لە پێشنیازە یاساكەدا هاتووە لەگەڵ ناوەڕۆكەكەی كە باسی غازی شل باسی زەیتی گاز و هەموو ئەو بابەتە غازیانەی كە تیایەتی، بۆیە من پێشنیاز دەكەم ناونیشانی پرۆژە یاساكە بكرێت بە (پێشنیازە یاسای هاوردەكردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتی و گازییەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای هاوردەكردنی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق، من پێشنیار دەكەم ئەو بەرهەمە نەوتیانە بكرێتە (پێكهاتە نەوتییەكان یان داتاشراوە نەوتییەكان)، چونكە لە عەرەبی (مشتقات النفطیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (مەلا ویسی)، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رایەكەی بەڕێز شێخ (ظاهر) دەكەم، داوا دەكەم كە پێشنیازە یاسای هاوردەكردنی پێكهاتە نەوتییەكان یان داتاشراوە نەوتییەكان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (جلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر وتت ئەگەر شتەك گرینگ بوو لە بەرژەوەندی گشتی بوو ئاساییە قسەی لەسەر بکەم، ئەمن یەك قسە دەکەم، هەموومان دەزانین هەموو ئەدیانەکانی سەماوی هەموو دینەکان هاتۆتە خوارێ بۆ خزمەتکردنی بەشەریەت، وابزام مرۆڤ لە هەموو دینەکانیش گەورەترە هەر شێك بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان بێت ئاساییە، بەڵام والله حەز دەکەین بەر لە ڕەمەزان کە ڕەمەزان دێت مزگەوتەکان بکرێتەوە، بەڵام ڕێنمایی تەندروستی جێبەجێ بکرێت، گرینگە مزگەوتەکان بکرێتەوە، هەموو شوێنە ئاینییەکان، پەرستگاکان هەموو بکرێتەوە، چ کلێساکان، گرینگە بەراستی چونکە خەڵکەك هەیە حەزی بە عیبادەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێزت، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە لێژنە، لێژنەی یاسایی و ووزە و سامانە سروشتییەکان ئەگەر ڕوونکردنەوەکمان پێبدەن، چونکە ئەمن ڕاپۆرتە ئەصلییەکە کە لەلامە، ئەوەی کە خرابووە ناو بۆکسەکانمانەوە لە (٢٠١٩(٤/٢) چەند واژوویێکی لەسەر، بەڵام لە (٢٠١٩/٣/٢٨) بەشی کاروباری لێژنەکان لەوێوە مۆری پێوەیە، یەعنی ئەو ڕاپۆرتەی کە سەرۆکی لێژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان خوێندییەوە ئەوە نەبوو کە ئەمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا" ئەوەی بە دەستمەوەیە ئێستا خرابووە بۆکسەکانمانەوە، ئەمن دوو ڕاپۆرتی لێژنەی هاوبەشم لایە، دیارە بەرێزتان خستتانەوە دەنگدانەوە ڕاپۆرتی یەکەم کە پێمان درایە دوای ئەوە ڕاپۆرتی ڕاستکردنەوەیان کردییە دیارە، چونکە ئەوەی کە دەیخوێندەوە هەم یەك نەبوو لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی پێشوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا دەکەین ڕوونکردنەوەتان پێ بدەن، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەگەر دەرفەت بفەرمووی ئێمە وەکو لێژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان هەڵبەت خۆمان پرۆژە یاساکەمان حازر کردووە تێبینیم لەسەر ناونیشان نییە، بەڵام جەنابت خۆت فەرمووت لەسەر مەصلەحەتی گشتی پەیوەست بە یاساکە ئەگەر قسە بکەین ئیعتیادییە، بۆیە دەرفەت دەخوازم چەند دەقەیەك کاتم پێ بدەن بۆ ئەوەی باس لە ناوەڕۆکی پرۆژە یاساکە بکەین.............................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو دەقە، وەکو هەر ماددەیێکی تر قسە بکە جارێ بزانین چییە، بزانین بەرژەوەندی گشتییە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان خوشك و برایانی پەرلەمانتار ئەم بـابەتە ئەهمیەتـی زۆری هەیە، هەڵبەتە ئـێمە لە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو لەگەڵ کۆمەڵێـك پرۆفیسـۆری زانکـۆی صـەلاحەددین دانیشـتین کە ئەم پـرۆژە یاسـایی تـوێژینەوەیێکی وردیـان لەسـەر کـردووە کە ڕێگـری لەم بابەتـانە دەکـات، چـوار کێشـەی بنچینەیی لە هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکات، یەکێـك لە کێشـەکان کێشـەی گـازە، یەکێکیـان کێشـەی بەنـزینە، کێشـەی نەوتـی سـپی، کێشـەی ڕۆن بـۆ ئۆتۆمۆبێـل بەکاردێـت لە هەرێمـی کوردستان، ئەم گازەی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێتە مۆلیداتەوە لەدواین ڕاپۆرتی وەزارەتـی کارەبا نزیکەی شەش کاتژمێر کارەبای مۆلیدات هەیە لە هەرێمی کوردستان هیچی گاز نییە، واتـا (٩٥٪) بەرەو سەرەوە گاز نییە، لە دەرەوەی ستانداردەکانی عیراقدا کە عێـراق خـۆی لە دەرەوەی سـتاندارده جیهانییەکـانە، ئەمە خـۆی کێشـەی گەورە دروسـت دەکـات، کێشـەکان چـین؟ بـۆ دروستکردنی ئەم گازە نەفتاتێك هەڵدەکرێ نەفتای سووك لە گەڵ ڕۆنـی قـورس کە هەردووکیـان لێکەوتەی زۆر نەرێنیان هەیە، نەفتە ئەگەر بە ڕێژەیێکی زۆر زیاد بکرێـت هەمـان سـیفاتی بەنـزین وەردەگرێـت، کە دەبێـتە هـۆی سـوتاندنی کلـپە کـردن، ڕووداوی نەخـوازراوی ئـاگرکەوتنەوە لە ماوەکانی ڕابـردوو پەیوەست بەم بـابەتەوە کە ئێستا باسـی دەکەیـن، لە هەمـان کاتـدا ئەم ڕۆنە (کراکینگ) دەکات واتا دەشکێنرێت لە داوی ئەوەی کە دەشـکێنرێت موزاعەفـاتی گەورە دروسـت دەکـات کە چەنـد گـازێکی مەترسـیدار دەردەکـات کە دەبـنە هـۆی شـێرپەنجە، گازەکـان وەك (h2s ،co ،so2) کە ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەریان بەسەر کۆئەندامی هەناسەوە هەیە، کاریگەریـان بەسـەر ژینـگەوە هەیە، کاریگەریـان بەسـەر حەملـی ئـافرەتەوە هەیە بەگشـتی، کاریگەریشـیان بەسەر ڕێژەی صـەرەتانەوە هەیە، کە هەمووومـان لەژێـر مەترسـی صـەرەتان و شـێرپەنجەداین لە هەرێمی کوردستان، کە بەشـێکی بە گـوێرەی ئەم گـازانەیە کە هەیە، سـتانداردی عـالەمی بـۆ ئەو ڕێژەی گـازانەی کە باسـم کـرد (٥٠)یە لە ئێسـتادا لە هەرێمـی کوردسـتان گەیشـتۆتە (١٥٠) کە ئەمە بەڕێژەیێکـی یەکجـار زۆر خەتەرە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، ئەم گـازی (h2s)ە مەترسـی شێرپەنجەی بە جۆرێکە کە هیچمـان تەصـەوڕی نـاکەین کە لە هەرێمـی کوردسـتان دەگوزەرێـت، مەترسییەکانی زۆر زۆر هەستپێکراون، ئەگەر ڕێگە بدەی ڕوونی بکەینەوە لە بابەتەکانی تریشـدا، بـابەتی بەنـزین، بەنـزین لە هەرێمـی کوردسـتان بە دوو خەزان تـێکەڵ دەکرێـت، خەزانگەلێـك کە لەناو هەرێمی کوردستاندا هەن، ئەوانەشـی کە لە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان تـێکەڵ دەکـرێن، بە قاچـاغ یـان بەشـێوەی ڕەسـمیش داخلـی نـاو هەرێمـی کوردسـتان دەکـرێن، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بـۆ بەرزکـردنەوەی ئۆکتـان چەنـد مـاددەیەك بەکـار دەهێـنن مـاددەی (mtbe) مـاددەی (تێترا) ئەمانە هەموو بەیەکەوە چـی دروسـت دەکەن؟ مـاددەی (mtb) ئەو مـاددەیەیە کاردەکـاتە سەر سوتاندنی فیۆلپەمپی ئۆتۆمبێلەکانمان لە وەرزی هاوین، لە هەمان کاتیشـدا مـاددەی (ئێتـرا) ئەو مـاددەیە کە دەتـوانێ ئـێمە تووشـی شـێرپەنجە بکـات، هەمووومـان معـارزین بـۆ ئەوەی کە تووشی شێرپەنجە و خنکان ببین، بۆ؟ چونکە (دسلەیشنی) بۆ ناکرێت، ئەمە پرۆسەی دڵۆپانـدنە، نەوتی سپی ماڵان کە ڕێژەیێکی زۆری ماددەی...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەشەكەی تری دەدەینە سەرۆكی لیژنەی سامانە سروشتییەكان، ئەویش دەیەوێت هەر لەسەر خەتەریاتەكەی قسە بكات، خۆی ئەصل ئەوەیە جەنابت ئاخر كەس قسە بكەی لەبەر ئەوەی نەوەك خەڵكێك شتێك بڵێ كە تۆ ئەبێت جوابی بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێزان ئەم قانوونە گرینگییەكی یەكجار زۆری هەیە، بەشێكی قۆرغكارییەكەیە، كۆمەڵێك پسپۆری بواری كیمیا لە زانكۆی سلێمانی، لە زانكۆی صەلاحەددین كۆمەڵێك توێژینەوەیان كردووە، من دڵنیام ئێوە و خەڵكی كوردستان ئەو توێژینەوانە ببینن بەیانی دەڵێن با مۆلیدەكان دابخرێ كارەبامان نەبێ، زۆر زۆر مەترسیدارە، بەڵام حەلی هەیە ئێمە هەوڵ دەدەین بە هەندێ دەستكارییەوە ئەمانە هین كەین، ئەوەی دەكرێتە مۆلیداتەوە چ لە گۆڕەپانەكانی (كاشێ) لە دهۆك دروست دەكرێت، ئەو ئامێرانەی بە گاز، چ لە گۆڕەپانەكانی هەولێر، چ لە (تانجەرۆ) لە سلێمانی هیچی گازوایل نین، بەڵكو بەپێی توێژینەوەكان كە هەموو رەسم و ڤیدیۆكانی لەبەردەممانـدا هەیە نەوتێكی رەشی بیس، لەگەڵ كۆندێسەیدا تێكەڵ دەكرێت، لە هیچ كوێی دونیا رێگە پێدراو نییە، ئەم شوێنانە لە هیچ دامەزراوە و موئەسەسەیەكی كوردستان نە مۆڵەتیان هەیە، نە باج ئەدەن، نە لەژێر چاودێریدان، ئەم ماددانە ($CO_2$)، ($SO_2$) دروست دەكەن بەداخەوە لە دواهەمین توێژینەوە دەركەوتووە (s2s) تێدایە كە ماددەیێكی ژەهراوی راستەوخۆی كاریگەرە، پێشووتر بەپێی ستاندارەدە دەولییەكان ئەبێت لە خوا حەوت هەزارەوە بێت (ppm)ەكەی پار ساڵ بیست و دوو هەزار بووە لە كوردستان، ئەم ساڵ گەیشتۆتە سی و دوو هەزار، كەواتە گازێكی كوشندەی مەترسیدارە بەكار دەهێنرێت، ئێستا مۆلیدە و گۆڕەپانەكان تەلەفۆن دەكەن هەرزانترینمان بۆ دروست بكەن لەو گۆڕەپانانە، هەرزانترین بەوە دروست دەكرێت كە رۆنە رەشە خراپەكەی تێبكەی بۆ ئەوەی هەرزان بێت، هەموومان بۆنی گازی مۆلیدەدەكەین لە كۆڵانەكاندا، ئەوە ژەهرە كە بۆنی دەكەی، ئەگەر نا گازی مۆلیدە بۆنی نییە، بەهەمان شێوە بەنزین ئێستا كۆمەڵێك مەوادی زۆر دەهێندرێت لەگەڵ ئەو بەنزینەی كە كەشف دەكرێت بەرێژەیێكی زۆر تێكەڵ دەكرێن كە بریتییە لە (نەفتا ریفۆرمەیت)، رێژەیەكی زۆری (ئیرۆماتیك)، (ئۆلفین)، (تۆلین)، (میپانۆل)، (ئیپانۆل) ئەمانە هەموو دەهێنرێ و تێكەڵ دەكرێت، ئۆكتان كێشەی نییە بە تەنیا كێشەی بەنزین، كێشەكە ئەم ماددانەن، بەپێی كۆمەڵێك پزیشكی پسپۆر ئەڵێ نەخۆشییەكانی شێرپەنجە، نەخۆشییەكانی دڵ، فشاری خوێن، خوێنبەرەكان، نەخۆشییەكانی كۆئەندامی هەناسە، كێشەی منداڵبوون، كێشەی كۆئەندامی بەرگری، دابەزینی توانای عەقڵی گەشەی منداڵ، زیان گەیاندن بە كۆئەندامی دەمار، ئەم شەو دكتۆرێكی پسپۆڕی بواری كیمیا بە منی وتووە دەڵێ دەركەوتووە ئەوەی كە خەڵك ناتوانێ بخەوێ شەوان (١٢-١-٢) بەشی هەرە زۆری رەبتی بەمەوە هەیە، جگە لە موزاعەفاتەكانی تر، فكرەی ئێمە ئەوەیە ئەمە ئەبێ تەنفیز بكرێ ئەم قانوونە، خۆزگە نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەكان لێرە دەبوون، چونكە ئێستا ئەم گۆڕەپانانە مۆڵەتن، ئایا ئەم یاسا دەری كەین ئەگەر تەنفیز نەكرێ مەترسییەكان ساڵ بە ساڵ زیاتر دەكرێن، بۆ پێشنیازەكەش ئێمە وشەی

(عەمبـارکردن) ئەگەر لە سـەرەتا تێـبکەین، چـونکە کێشـەی گەورە لەو گۆڕەپانـانەیە کە عەمبـاری دەکەن، ئەمەوێـت ئاگـاداربن، زەختێکـی زۆر لەسـەر ئەو ئەنـدام پەرلەمانـانەیە کە لەم دۆسـیە کاردەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کـاك (علـی)، زۆر سـوپاس، دەسـتت خـۆش بێـت روونکردنەوەیێکـی زۆر زۆر بـاش بـوو، ئـێمە ئەو پرۆژەیەمـان نـاردبوو بـۆ وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان، ئەوان ئەڵێن وەکـو خـۆی قبوڵمـانە، وابزانم رەئیان لەسەر یەك مادده هەبوو ئەویـش پەیوەنـدی بەم بـابەتەوە نیـیە، کە نەهـاتوون بە ئیرادەی خۆیانە نەهاتوون، ئەگەر نا ئەو بابەتانە پێشنیازە یاسایێکە، ئێمە دەیخەینە بەرنامەی کـار بێگومان، بەرنامەی کارەکە دەبینن، هەر وەزیرێك بیەوێت ئامادە بێت ئێمە میوانـداری دەکەیـن و لە خزمەتین، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی منیش هەر لەسەر ئەوە بوو وتم ئەم یاسایە ئەوەندە گرینگە کە پێشتر باسـی لێـوە کـرا، ئەبـوایە وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان، وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، لەبەر ئەوەی دارشتنەوەی یاسایە و خوێندنەوەی دووەم مناقەشاتە، هەر جیهەتێکی تری مەعنی لە حکومەتـدا شارەزا بوایە لەم بابە ئەبوایە ئامادەبوایە، ئێستا من هەموویم خوێنـدۆتەوە زۆر تێبینیشـم هەیە لەسەر هەمـوو ماددەکـان، بەڵام هەنـدێك شـت هەیە موختەصـە بەوان، ئەبـێ رووبەرووی ئەوان بکەینەوە، بۆ ئەوان ئامادە نەبوون؟ پرسیارەکەم لەسەر ئەوە بوو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هیچ ماددەیك لەناو پەیڕەوی نـاوخۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان پابەنـد ناکـات بەوەی ئێمە پێشنیازە یاسایەك مناقەشە ئەکەیـن وەزیرێکـی بەرێـز بانـگ بکەیـن بـۆ ئەو بـابەتە، بەڵام لە چەنـد رێگەیێـکەوە ئـێمە قسـەمان لەگەڵ بەڕێـز وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان کـردووە، ئەوان لەگەڵ ئەم نەصەن، رازین بەمە، ئیزافاتێکتان هەیە رەنـگە پـرۆژەکە دەوڵەمەنـد بکـا، پێشـنیازەکە دەوڵەمەند بکا، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان دەتوانن ئیزافە بکەت، بەڵام ئێمە ئەگەر داوانەکرێ و ئەگەر لێـژنەی مـوختەص خـۆی داوا نەکـا و ئەگەر لێـژنەی قـانوونی داوا نەکـا و ئەگەر وەزیـرەکە خۆی موبادەرە نەکـا وەکـو سـەرۆکایەتی نـاتوانین یـان مـولزەم نـین بەوەی هـیچ بەرێزێـك بانـگ بکەین کاتێك کە پێشنیازە یاسـایەك موناقەشـە ئەکرێـت کە پەیوەنـدی هەیە، بـاوەڕی خـۆم وایە هەر دوو لێژنە ئەوەندە ماوەیێکی زۆرە خەریکی ئەو پێشنیازە یاسایەن بڕوا ناکەم پرسـیار هەبـێ نەتوانن وەڵامی بدەنەوە، لەبەر ئەوە ئەمە خەریکە نزیك دەبێتەوە لە دوو ساڵ ئەم بـابەتە ئیشـی تێدا دەکرێت، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە ناونیشـانی پێشـنیازە یاسـاکە مـن ئەم پێشـنیازە یاسـایە ئەخەمە بەردەم پەرلەمانتارانی بەرێـز، هـاوردە کـردن کـڕینە، هێنـانە، هەنـاردەکردنیش هەر فرۆشـتنە، جـگە لەوە لەنـاو ئەو پێشـنیازە یاسـایە عەمبـارکردن بەشـێکە لە رێکارەکـان، گواسـتنەوەکە بەشـێکە لە

ڕێکارەکان، من پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە بێ (پێشنیازە یاسای ڕێکارەکانی کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو فرۆشتنە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمی نەوتی نییە، بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، مەبەستی هاوردەکردنیەتی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە و فرۆشتنیەتی بە بەکاربەری ناوخۆیی، بۆیە ناونیشانەکە بەم شێوەیەیە.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جا من پێشنیازەکەم بەم شێوەیەیە (ڕێکارەکانی کڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (پێشەوا)، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاساکە هەر چەندە من بۆخۆم ئەندامی ئەم لیژنەیەم تەنها مەسەلەکە هاوردەکردن و فرۆشتن نییە، ئەم بابەتە ڕێگریشی تێدایە، بۆیە دەبێت صیغەیەك بدۆزینەوە کە ڕێگری لە هێنانی بەرهەمی خراپیش بکات لە ناونیشانەکەدا، چونکە ڕاستە هێنانی بەرهەمی سوتەمەنییە، بەڵام دەبێت ڕێگریشی تێدابێت، چونکە لەناو ماددەکاندا سزا دیاری کراوە، باس لەوە دەکات ئەگەر کۆمپانیایەك چی بکا و چی نەکا، یەك سەرنجی دیکە ئەم بابەتە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێویست بوو بەڕێزانی لیژنەی تەندروستی قسەیان هەبێت تێیدا، چونکە کۆمەڵێك ماددە هەن لیژنەی تەندروستی زیاتر ئەتوانن دیاریان بکەن، مەسەلەن (mtbe) ئەو ماددەیەی کە دەکرێتە ناو بەنزین لە حەفتاکانەوە لە وڵاتانی دیکە بەکارنایەت، ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە قیممەی بەکارهێنانیەتی، چۆن لە پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکانا لیژنەی تەندروستی هەندێك مەوادیان دیاری کردبوو بۆ ئەوەی کە ڕێگری لە هێنانە ژوورەوەیان بکرێ، ئەم ماددانەی کە ریفۆرمیتە بەنزینە، نەفتایە، هەمووی لیژنەی تەندروستی ئەزانێ زیانەکانی چییە، ئێمە موختەص نین لەو بابەتەدا بەراستی، ئێستاش کات بەسەرنەچووە داواکارم لە کاتی ناردنی ڕاپۆرتەکە ئەوانیش ڕۆڵیان هەبێت وە قسەی خۆیان هەبێت لەو بابەتەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە ڕاستیا ئەو ڕاپۆرتە علمییەی کە کاك (علی)، کاك (کاروان)، بەڕێزیشتان ئاماژەتان پێدا لە کاتی ئاراستەکردنی ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان وجوودی نەبوو، ئێمەش ڕەنگە ئەو زانیاریانەی ئێستا هەمانە لەدوای ئەو ئیشانەی کە کراون دیراساتی علمی نەبووە، ئێمە داوایان لێ دەکەین لە دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکەدا هاوکارمان بن، کە باسی ستانداردە جیهانییەکان کراوە وەکو بەڕێزت باس دەکەی ئەصڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بەکار نەهێنێ، چونکە لە زۆر شوێندا ئەگەر هەڵە نەبین باسی ئەوە دەکات کە دەبێت کوالێتیەکە بەگوێرەی ستانداردەکان بێ، سوپاس، کاك (ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو ئەنـدامێکی لێـژنەی سـامانە سروشـتییەکان قسـە دەکەم، پـێش ئەوەی بـێمە سـەر ئەو تێبینییەی کەلەسەر ناونیشـانەکە هەمە، دواتـر ئەوانەی کە برادەرانـی خۆمـان لە لێژنەی سامانە سروشتییەکان باسیان کرد رێـك لە راپۆرتێکدا هەیە کە ئێمە مەیـدانیەن ئیشـمان لەسـەری کـرد، تەواوی ئەو چەمـك و پێکهـاتە زانستییەکانیشـی کە نـاوی هـاتووە بەراوێژکـردن بە گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵکی موختەص و فەنی و پسپۆڕۆلەبەر ئەوەی بابەتەکە جـانبێکی زانسـتییە پەیوەسـتە بە زانستی کیمیا، پەیوەستە بە موختەبەر، ئەوە ئیشی مە نییە، ئەوە ئیشـی فەنییەکـانە، بـۆیە وا گرینگ بوو کە دەقی ئەم راپـۆرتە لەبەر دەسـتی هەمـوو پەرلەمانتـاران هەبـوایە، بـۆ ئەوەی رێـك نـاوەرۆکی گرینگــی ئەم بــابەتە بزانیبــا هــاوپێچ لەگەڵ ئەوەی کە پێشـنیازە یاسـایەکە هەیە، سـەبارەت بە ناونیشـانی پێشـنیازە یاسـایەکە هەڵبەتە ئەم پێشـنیازە یاسـایە بـۆ رێکخسـتنەوەی هــاوردە و فرۆشــتنی بەرهەمە نەوتییەکــانە، ئەوەی کە هــاتووە لە ناونیشــانەکە بە مــوجەرەدی هــاتییە، بە ئەبســتراك هــاتییە، ئەڵــێ (پێشــنیازە یاســای هــاوردەکردن و فرۆشــتنی بەرهەمە نەوتییەکان)، ئێ خۆ هاوردە و فرۆشتن هەر هەیە، ئێمە پێویستیمان بە رێکخستنەوەیەتی، بـۆیە من پێشنیار دەکەم ئاوای لێبکرێت ( پێشـنیازی یاسـای رێکخسـتنەوەی هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، وەجـاهەتی زۆر تێـدایە ئەوە، راسـت دەکـات، دەسـت خـۆش، سـوپاس، (بـدریە) خـان، فەرموو.

**بەڕێز بدريە اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە ناونیشـانەکە پێشـنیازە یاسـای هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان لە هەرێمی کوردستان، من پێم باشە فرۆشتن پێش بخرێت لەبەر ئەوەی لەرووی قەبارەوە فرۆشتن باشترە و گرینگترە، کەواتە فرۆشتن پێش هاوردەکردن بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نـا لەرووی مەنهەجییـەوە، یەعنـی تەسەلسولی عەمەلیـیەوە ئیسـتیراد دەکرێـت ئینجـا ئەفرۆشرێن بە بەکاربەر، بۆیە وا دانراوە، زۆر سوپاس، کاك (د.شیرکو)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر گرینگـی ئەم یاسـایە خـاڵێکی تـر هەیە کە زۆر گرینگە ئاگامـان لێبێـت کە یـارییەکی زۆر مەترسـیدار هەیە لەسـەر نرخـی بەنـزین، ئەم یاسـایە دەتـوانێ مەحـالەجەی بکـا ئەگەر بێتـو یەك ماددەی بۆ ئیزافە بکەین کە لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین، ئەویش ئەوەیە بەرهەمـی خۆمـاڵی بە بڕیــارێکی ئەنجــومەنی وەزیــران کە لە (٢٠١٦) دا دەری کــردووە هەمــوو پارێزگــایەك بــۆی هەیە پاڵاوگە لە پارێزگاکەی خۆی دابنێ لە رێی کەرتی تـایبەتەوە بـۆ پڕکـردنەوەی ئەو (٥٠٪) عەجـزەی بەرهەمــی بەنــزین لە هەرێمــی کوردســتانە، ئێســتا بەرهەمە خۆماڵییەکــان ئەوەســتن تــاوەکو

هاوردەکـان نـرخ دیـاری دەکەن، نرخـی بەرهەمە خۆمـاڵییەکە لە بەنـزین یەکسـان دەکـاتەوە بە هاوردەکە کە ئەوە بـای مەلایـن دۆلار زەربە لە رۆژانەی هەرێمـی کوردستانە لە خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان دەدات، بـۆیە دەبـێ وریـا بـین نرخـی بەنـزین بـۆیە لە هەرێمـی کوردسـتان لەگەڵ ناوچەکـانی تـری عێـراق جیـاوازە؟ چـونکە بەرهەمە خۆماڵییەکـان لە بەنـزین هاوتـای دەکـات نرخەکەی لەگەڵ هـی هاوردەکـار، لێـرەوە ئەم یاسـایە ئەتوانێـت مەعـالەجەی ئەوە بکـات، نرخـی بەنـزین بێنێـتەوە بـۆ بەرهەمـی خۆمـاڵی بە چـی؟ بە جێبەجێکردنـی ئەو بڕیـارەی ئەنجـومەنی وەزیران کە لە (٢٠١٦) دا دەری کردووە، رێگری لێکراوە لەو کاتەوە، کێ رێگـری لـێ دەکـات؟ ئەوانە رێگــری لێــدەکەن کە دەیانەوێــت نرخــی بەرهەمــی بەنزینــی خۆمــاڵی یەکســان بێــت بە هاوردەکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، لە کـاتی خـۆی، لە شـوێنی خـۆی بەرێـزت ئەتـوانی داوای ئیزافەکردنـی مـاددەیەك بکەی، کاك (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جواب دانەوە، بەرێز (د.شایان) ئەوەی لێژنەی یاسای خـۆی جـوابی بـداتەوە، بەڵام ئەو کـاتەی کە من لە لێژنە بووم ئەمە چەند مانگە ئێمە ئیش لەسەر ئەوە دەکەین، ئەو نەصەمان نارد بۆ لێـژنەی یاسـایی ئەوەی پـێ هـات، لەسـەر ئەوەی رێکارەکـانی کـڕین و فرۆشـتن ئەمە رەبـتە بەو قسـەی (د.شـێرکۆ)ەوە ئەگەر (منتبـە) بێـت، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان حکـومەت وەکـو حکـومەت خۆی لە مەرحەلەیەکدا دەبێت ببێت بە فرۆشیاری بەنزین و نەوت و سـوتەمەنی بە کـوالێتییەکی باش، چۆن؟ ئێستا ئێمە سێ پاڵاوگەی گەورەمان هەیە، ئەگەر بۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئـیش بـکەن ئەتـوانن لە رۆژێکـدا سـەد و شەسـت پێـنج هەزار بەرمیـل بپـاڵێون، بەنـزینەکە بە کوالێتییەکی زۆر باشت لەوەی لە بازاردا هەیە، گازوایلەکە زۆر زۆر باشتر، نەوتی سـپی بـۆ مـاڵان تا دواتر، ئێستا هیچ کام لەم پاڵاوگانە بۆ حکومەتی هەرێم کـار نـاکەن، یەکیـان تەقـریبەن بیسـت هەزارێکە و وەستاوە، یەکیان بۆ عێراق ئیش دەکـات، یەکیـان بـۆ خـۆی ئـیش دەکـات، هەدەفـی لێـژنەکەی ئـێمە ئەوەیە چەنـد جارێـك داوامـان کـردووە، ئێسـتا پـاڵاوگەیێکی تـری گەورەش لە سلێمانی خەریکە دەکرێتەوە ئەویـش ئـیش بکـات، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەگەر خـۆی نەوت بپاڵێوێت لە هەر بەرمیلێك نەوت زۆر زیاتریشی دەست دەکەوێت لە رووی دارایـیەوەی بە ($١٠) زیاتریشی دەست دەکەوێت، ئەیفرۆشێت، مەنتوجێکی باشیش دەکەوێت لەرووی صحی و ژینگەیشەوە کێشەی هەیە، فکرەی ئـێمە لە ناونیشـان ئەوە بێـت چـۆن رێکـی دەخەیـنەوە لەگەڵ لێـژنەی یاسـایی ئەوەی کە لە دەرەوە دێـت بە کـوالێتییەکی بەرز بێـت، لە نـاوخۆدا دەسـتکاری دەکرێت، کێشەکە لە نـاوخۆدایە، لەو گۆڕەپـانەی بـێ مـۆڵەت، بـۆیە وتمـان عەمبـار، بەنـزینەکە لە خـاڵە سـنوورییەکان ئەپێورێـت کێشـەی نیـیە، بەڵام کە دەهێنـرێتە ژوورەوە لەگەڵ ئەو هەمـوو مادده موصەڵتەنەی باسمان کرد تێکەڵ دەکرێت، کێشەکە لێرە دروسـت دەبێـت، ئەبێـت رێکارێـك بۆ ئەوە دانرێت، ئەگەر ئەو فرۆشتنەی حکـومەت خـۆی دەسـت پێبکـاتەوە وەکـو پێشـووتر کە لە (٢٠١٦)ەوە راگیـراوە، بـۆیە کـڕین کێشـەی هەیە، فرۆشـتن کێشـەی هەیە بەهـۆی قۆرغکـارییەوە،

عەمباركردن كێشەی گەورەی ئێمەیە، لە عەمبـاركردنەكە هەمـووی تـێكەڵ دەكرێـت، لە ژێـر هـیچ رەقابەیەكدا نییە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لێژنەی قانوونی دەتانەوێت قسە بكەن؟ فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی بە دوو جۆر و بە شێوە هـاتۆتە بەردەسـتمان ئەم پـرۆژە یاسـایە، نـا هەر یەك شـێوە نـاوەڕۆكەكەیتی، بەڵام سـەرەتا ئەوە راسـتە فراكسـیۆنی یەكێتـی وەكـو ئینفـاز پێشكەشی پەرلەمانیان كردووە، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، پاشـان بە بڕیـاری هەمـوو لایەك و ئەوە بـوو، تـاوەكو ببێـت بە یاسـایەكی هەرێمـی كوردسـتان جـارێكی تـر لێـژنەی سـامانە سروشـتییەكان واژوویـان كـردەوە و هەر هەمـان دەق و نـاوەڕۆكەو ئەوە نەكـراوە، سـەبارەت بەوەی ئەوەی لێژنەی یاسایی خوێندییەوە لەگەڵ ئەوەی لێـژنەی سـامانە سروشـتییەكان جیـاواز بوو، بێگومان جیاواز بوو، ئەوان لێژنەی خۆیان ئامادەیان كردووە، كە هاتووە لە لێـژنەی یاسـایی جارێكی دیكە رێكخراوەتەوە راستاندنی بۆ كراوە، هەر ئەوەندە بوو پرسیارەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، كـاك (كـاروان) جـوابی پەرلەمانتـاران دەدەیەوە؟ یـان تەوزیحیـان دەدەیـن؟ تەوزیحیان دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت چەنـد پێشـنیازێكی بـاش كـرا لەسـەر گۆڕینی ناونیشـانی پـرۆژە یاسـایەكە، لە راسـتیدا ناونیشانەكە پـێم وا نیـیە كێشـەی هەبێـت لەبەر ئەوەی كە ئـێمە باسـمان لەوە كـردووە پێشـنیازە یاسـای هـاوردەكردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەكـان، ئـێمە لە سـەرەتادا هـاوردە دەكرێـت لە ناوخۆی هەرێمی كوردستان پێشتریش باسم كرد، كاك (علی) روونی كردەوە، كێشەی پاڵاوگەمـان هەیە لە نـاوخۆی هەرێمـی كوردسـتان، بەشێكیشـی پەیوەسـتە بەوەی كە ئـێمە (١٩٨) پـاڵاوگەی رەسمی هەیە یاداشتمان داوە بە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ چارەسـەركردنی ئەم كێشـەیە، بەڵام ئێسـتا كێشـەكە ئەوەیە كە لە دەرەوەی هەرێمـی كوردسـتانیش خەزانیـان بەكـرێ گرتـووە و داخلی ناو هەرێمی كوردستانی دەكەن، مەعیارەكـانیش دەپێكێـت، چـونكە ئۆكتـانەكە زۆر بەرزە كە داخـل دەكرێـت، نـوقتەی دووەم سـەبارەت بە رێگریكـردن لە ناونیشـان جـێگەی بگـرێتەوە، لە نمەگی یاساكەدا جـێگەی كـراوەتەوە، لە مـاددەی (٤) لە بـڕگەی یەك و دوو بە وازحـی هـاتووە، تـۆ ئەگەر سـەرپێچییەكە بكرێـت، ئەگەر سزاكەشـی چـۆن دەبێـت، بـۆیە پـێم وایە ناونیشـانەكەش كێشەی نییە، چونكە لە ناوەڕۆكی یاساكەدا بە وازحی لە ماددەی (٤) دا هاتووە كە رێگریكـردنەكە چۆن دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەبارەت بەو پێشنیازانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەیکەن وەڵامدانەوەیان ئەبێت ئیتیفاق بکەن لەسەری، بۆ نمونە ئەگەر رازین بەوەی کە دەکرێت ئەبێ لیژنە بڵێ ئێمە مشاوەرەمان کرد پێشنیازێکی باشە بە یەك یەك نابێت جوابیان بدەنەوە، نزیك ببنەوە لە یەکتری، ماددەی یەکەم بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز روبينە اويملك عزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

یەکەم: کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و ناوخۆیی یان بیانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوای مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەتوانن بەپێی ئەو خەصلەتە جیهانیانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دیاری دەکات، بەرهەمە نەوتییەکان هاوردە و عەمبار بکەن، بیگوازنەوە، بیفرۆشن بە مەبەستی بەکاربردنی ناوخۆیی چ بەشێوەی راستەوخۆ بێت یان لە رێگەی بریکاری رێپێدراوە وە کە هەریەکە لە بەنزینی ئۆتۆمۆبێل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، غازی شل، نەوتی سپی (کیرۆسین)، قیری شل، هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕیاری لەبارەوە دەدات دەگرێتەوە.

دووەم: پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خشتەی پاشکۆ لە شێوەی رێنمایدا دەربکات کە هاوتابێت لەگەڵ خەصلەتە جیهانییەکانی بەرهەمە نەوتییەکان کە لە بڕگەی یەکەم ئاماژەیان پێکراوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی (١) قسە بکات، (د.شێرکۆ)، (د.اسماعیل)، مامۆستا (عمر)، (سەرچنار) خان، کاك (مەم)، مامۆستا (ابوبکر)، (بدریە) خان، کاك (بەڵێن)، کاك (لقمان)، کاك (رزگار)، کاك (گۆران)، (د.شایان)، (د.ريبوار)، (نجات) خان، (شێخ ظاهر)، (گلوستان)، خان، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینییەك لسەر ڤێ ماددەی هەبوون، یەکێ ئەز تەبعەن مە گەلەك گەلەك باش دیت کو وەزیرێ پەیوەندیدار لڤێرێ حازربا دا بەرسڤا پرسیارێت مەدابان، دوو ئەز بینم ئەگەر ماددەك بەری ڤی مادێ هاتبا پێناسێت هەندە موصتەڵەحاتێت ڤێرێ دا هاتین وەزیر و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدار ئەڤە هاتبانە پێناسە کرن دا باشتر بینم، سێ ئەگەر بریارا (٢٠١٦) هەیڤا ێك هاتبا جێبەجێکرن بدروستکرنا مەصافیا لهەمی پارێزگەها ئەم پێتڤی یاسایەکی نەدبووین ئەڤرۆکە ئیسترتدێ ئەم ئی دیکەین، چار ئەز دبینم بوچی یەعنی دەستووری دان ئیجازا مۆلەت بێت بۆ

کۆمپـانییێ دەرەوە ێـت دەرڤە بـومە ئیسـترادێ بـکەن، فەئەز دبـیم ئەو پەیـڤە نەمینیـتن، یەکەم کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی وە یان بیانی، یان بیانی تیا نەبیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دکتۆر، (گولستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١) بـڕگەی یەکەمـی کۆمپانیاکـانی کەرتـی تـایبەت نـاوخۆیی یـان بیـانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوای وەرگرتنـی مـۆڵەت وەرگرتن گرینگە لەوێـدا لە وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان دەتـوانن بەپێـی ئەو خەصـڵەتە تـایبەتیە جیهانیـانەی وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکان دیاری دەکا بەرهەمە نەوتییەکان هـاوردە و عەمبـار بـکەن، تـاوەکو دەگـاتە وشـەی (گریـز)، گریـز بە (ز) نووسـراوە پێویسـتە ئەوە بکرێـت بە پیتـی (س)، لە بـڕگەی دووەمیـانیش پێویستە وەزارەتی سـامانە سرووشـتیەکان بە هەمـاهەنگی وەزارەتـی تەندروسـتی خشـتەیەکی پاشکۆ لە رێنمایی دەربکەن بەپێی ئەو مادانەی کە مادەی زیـان بەخشـن کە هاوتـا بکرێـت لەگەڵ ئەو خەسڵەتە تایبەتیە جیهانیانەی کە بۆ بەرهەمە نەوتیەکان دیاری دەکرێت لە بـڕگەی یەکەمـدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددەی یەك باسـی فرۆشـتن و هـاوردەی سـووتەمەنی دەکـات، بەڵام پێوسـتە لێـرە نــرخیش دیــاری بکرێــت، چــونکە ئەو نرخــانەی کە ئێســتا کە هەیە لە بەنزینخانەکانــدا، لە وێستگەکاندا وەکو یەك نیە، رۆژانەش ئەوە دەبینین، هەروەهـا ئەو مـادانەش کە مـادەی خەتەرن بەڕاستی دەبوایە ئەو مادانەی کە ئێستا دێتە هەرێمـی کوردسـتان هەنـدێك مـادە تێیـدا ئۆکتـانی زۆر بەرزە، ئەمەش وەکـو کـاك علـی باسـیکرد مەترسـیەکی گەورەیە، لێـرەدا مـن زیـاتر مەبەسـتم نرخەکەیە، دەکرێت نرخەکەش لێرە دیاری بکرایە بەپێـی ئەو قـازانجەکە نرخـی لەسـەر دابنـرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی یەکەم خاڵی یەکەم کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و ناوخۆیی یان بیانی تۆمـارکراو لە هەرێمی کوردستان، پێمانوایە دیـوێکی تـری سـووتەمەنی فەسـادە، ئەو پێکهاتـانەی کە دێـن و دەکرێنە بەنزین و سووتەمەنی تەنها بۆ چەند کۆمپانیایەك قۆرغکراوە، بەهەمـان شـێوە هەنـدێك بەرهەمی وەك نەوتی رەش و قیر و چەند پێکهاتەیەکی دیکە تەنها چەنـد کۆمپانیـایەك دەیـکەن، ئینجا ئەمە کاریگەری لەسەر نەرخەکە دروست دەکـات و هەم لەسـەر جـۆری کـوالیتی، بـۆیە داوا

دەکەین لە لیژنەی تایبەتمەندی بەڕێز بڕگەیەك زیاد بکەن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا نجات فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینییێت هەی، تێبینیا من ئێکێ ماددەیا ئێکێ ببیتە ئەلف و باء، بەرەگرافا دووێ کو پێکهاتێ هەمێت نەفتینە ئەو ببنە خاڵ ب خاڵ، تێبینیا من یا دووێ بەنزینی ئۆتۆمبێل بنفیسن گازۆلین و ب ڕێژەیا عەدەدی ئۆکتانی کو (٩٠٪)ی کەمتر نەبیتن، تێبینیا سێ پاڵپشتیا ئاخافتنێت کاك اسماعیل دکەم، ئەگەر ل هەرێما کوردستانێ مەسفا هەبان ئەم پێتڤی ب ئەم یاسایە نەبوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێبوار فەرمووو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی یەك بە تایبەتی بڕگەی دووەم کە دێمە سەری، پەیوەست بە ماددەی یەك، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خۆی ماددەی یەك نێوەڕۆکەکەی کێشەم نییە، بەڵام تێبینییەکە ئەوەیە دەڵێت بەپێی ستانداردە جیهانیەکان گرنگ بوو ئەگەر بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتیەکان لەگەڵ ئەودا خەڵکی پسپۆڕ لێرەبووایە، ئێمە بمانزانیبایە بەرچاو روونیمان هەبووایە کە ئایا ستانداردی جیهانی یانی چی؟ یان ئەوەتا بەرچاو روونی راستەوخۆ بە ئیمەیان بدایە کە یان وەکو پاشکۆ لەگەڵ پێشنیازە یاساکە و لە هەمان کاتدا گفتوگۆ لەسەر ماددەکان دەکەن بگڕابایەنەوە سەر خەسڵەتە جیهانیەکان ئەمە پەیوەست بە ماددەی یەکەم بوو، لە بڕگە دووی ماددەی یەك هاتووە کە نەسێکی زۆر رەکیك هەیە کە ماددەی یەکەم بە درچوواندنی پاشکۆیەك لە شێوەی ڕێنماییدا خەسڵەتە جیهانیەکان دەری دەکات، من پێشنیارێکم کردووە دەمەوێت بە سیغەیەکی تر ئەمە ببێتە جێی ئەو دەقەی کە لە بڕگە دوو هاتووە و جێی بۆ بکرێتەوە، پێویستە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان بە خشتەیەکی پاشکۆ لە رێنمایی لە چوارچێوەی خەسڵەتە جیهانیەکان ئەو بەرهەمە نەوتیانەی کە لە بڕگەی یەکەم ئەم ماددەیە هاتووە دەربکات ئەوا پێموایە روونترە لەوەی کە لە بڕگە دوو هاتووە کە زۆر رەکیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شیخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك کۆمپانیای کەرتی تایبەت و ناوخۆیی یان بیانی، لێرە باس لە کۆمپانیای عێراقی نەکراوە، ئایا کۆمپانیای عێراقی بیانیە یان ناوخۆییە؟ ئەگەر نەبێت ئەوە ئیزافە بکرێت، تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دوایین مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان، من پێشنیار دەکەم بکرێتە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەتی سامانە

سرووشـتیەکان، دەتـوانن بەپێـی ئەو خەسـڵەتە جیهانیـانە ئەو خەسـڵەتەش بەڕاسـتی پێمـوایە وشەیەکی عەرەبیە، بکرێتە مواسەفاتی یـان تایبەتمەنـدیەکان، چـونکە مواسـەفات زیـاتر شـائعە، وەزارەتـی سـامانە سرووشـتیەکان لێـرە دیسـان وەزارەتـی سـامانە سرووشـتیەکان هـاتووە، وەزارەتـی سـامانە سرووشـتیەکان لابرێـت تەنهـا وەزارەت بمێنێـتەوە، وەزارەت دیـاری دەکـات بەرهەمە نەوتیەکان هاوردە و عەمبار بکەن بگوازنەوە و بیفرۆشن بە مەبەستی بەکـاری نـاخۆیی چ بە شێوەی راستەوخۆبێت یان لە رێگای کۆمپانیا بێت، ئەو (چ) لابرێت بە شـێوەی راسـتەوخۆ بێـت یـان لە رێگـای بریکـاری رێگەپێـدراو، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، هەر یەکە لەو بەنزینـی ئۆتۆمبیل و ئەوانەش کە هاتووە ئەگەر ئەسڵی یاساکەی لێبکرێت تەقـیم بکرێـت باشـترە، بـڕگەی دووەم پێویستە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان خشتە پاشکۆ لە شێوەی رێنمـایی دەربکـات کە هاوتـا بێـت لەگەڵ خەسـڵەتی جیهانیەکـانی ئەم بەرهەمە نەوتیـانە کە لە بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە ئاماژەیـان پێکـراوە، بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە بکـرێتە بـڕگەی سـەرەوە ئامـاژەی پێکراوە، چونکە تەنها یەك بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك، بڕگەی دوو باشتر دەبوو ئەگەر هاوپێچی ئەم یاسـایە لیسـتێك ئۆکتـان نەمبەری بەنزین و سیفاتی قیڕ و گازوایلیشی دیاری بکردبا، چـونکە مواسـەفاتی جیهـانی بەپێـی ستانداردی جیهـانی ئێسـتا سـتانداردەکە هەر هەیە، بەڵام دەسـتی تەلاعـوبی پـێ دەکرێـت، بـۆیە باشتروایە بۆ ئەوەی بـواری گۆڕانکـاری پـێ نەکرێـت پێشـنیاز دەکەم پشـتیوانی لە بۆچـوونەکەی کاك د.رێبوار دەکەم کە دەبێت دیاری بکرێت بە شیوازی لیستێکی هاوپێچ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

بە نیسـبەت مـاددەی یەك بـڕگەی یەکەم پرسـیارێك ئاڕاسـتەی لیـژنەی پەیوەندیـدار دەکەم، ئایـا دەیانەوێت بە هۆی ئەم پرسەوە ئاڕاستەی کەرتی تایبەت بکەم پرسەکە، دەپرسم ئایـا لە مـاددەی یەکدا بـۆ پێناسـەی چەمکەکـان نەکـراوە کە پێویسـت بـوو لە بەینـی مـاددەی یەکـدا پێناسـەی چەمکەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەوت نیعمەتێکـــی خـــوای گەورەیە لە هەر وڵاتێکـــدا، بەڵام بە داخەوە بـــۆ ئەو وڵاتـــانەی کە سیستەمیان نییە و یاساکان جێ بەجێ ناکەن، نەوەکو نیعمەت نییە، بەڵکـو کێشـەیەکی گەورەیە تـا ئاسـتی شـێواندنی ئاشـتی کـۆمەڵایەتیش، مـاددەی یەکەم بـڕگەی دووەم بـاس لە وەزارەتـی سامانە سرووشتییەکان دەکات کە رێنمایی دەربکات، من پێمباشە کاتی بۆ زیاد بکرێت لە مـاوەی

(٩٠) رۆژدا ئەمە پێشنیارەکەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت لە خۆم بپرسم و لەم پەرلەمانە بەڕێزە و لە بەڕێزیشت و هیوادارم وەڵامێکیشم دەست بکەوێت، یاسا چەند گرنگە جێ بەجێکردنی دوو هەندە گرنگترە، وە حیکمەتەکە ئەسڵەن لە جێ بەجێکردنیەتی، نەوت ئێستا لە کوردستان هەم خۆی لە دەرهێنان و تاوەکو فرۆشتنی بۆتە کێشە و هەم بەرهەمەکانیشی، ئەمڕۆ ئێمە دەزانین نەوتی نەرویج بە چەند دەفرۆشرێت، نەوتی بەصرا بە چەند دەفرۆشرێت، نەوتی تەکساسی ئەمریکا بە چەند دەفرۆشرێت، بەڵام نازانین نەوتی کوردستان بە چەند دەفرۆشرێت، لە کاتێکدا ئەم پەرلەمانە بەڕێزە یاسای ژمارە دووی ساڵی (٢٠١٥)ی دەرکردووە بۆ سەندوقی داهاتە کوردستانیەکان، بۆ داهاتی نەوت، سەندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەم یاسایە جێ بەجێ نەکراوە، من لێرە بێجگە لەوەی پێشنیاری ئەوە دەکەم وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان باپەند بکرێت لە بڕگەی دووەم بە کات لە ماوەی (٩٠) رۆژدا رێنماییەکە دەربکات، بۆ ئەوەی زەمانێك زیاتر بێت بۆ جێ بەجێکردنی یاساکە، لە هەمان کاتدا من دەپرسم لە جەنابت کە سەرۆکی پەرلەمانی و ئەزموونێکی باشی یاساییت هەیە و خولی پێشووش پەرلەمانتاربووی ئێمە چی بکەین کاتێك یاسای جوان دەردەچێت و حکومەت جێ بەجێیان ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە رێنمایی سابت هەیە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، دەیان یاساش هەیە لە هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا جێ بەجێ نەبووە، ئەمە یەکێکە لە موعاناتەکانمان کە هەموومان دەیزانین، وەسائیلی پەرلەمانی بەکار بێنن بەدواداچوون بکەین بڵێین بڕۆن بڵێن بۆ جێ بەجێی ناکەیت، تبریرمان بدەن بۆ جێ بەجێ نەکردن، وەزارەتەکە چییە، کاك وەزارەت جێ بەجێی ناکات، لە ئەنجوومەنی وەزیرانە، لای وەزیرە، هەندێك جار هەموو شتێکی تەواوە مودیر عامێك جێ بەجێی ناکات، مودیری دائیرەیەك جێ بەجێی ناکات، د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جەودەت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە گووتەکانی بەڕێز دکتۆر اسماعیل و دکتۆر ڕێبوار دەکەم، لە هەمان کاتیشدا پێشنیار دەکەم کە ماددەی یەك ببێت بە ماددەی پێناسەکان، چونکە عورفی سیاغەی قانونی پێناسەکانی تێدابێت زەرورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم من پێشنیازەکەم وەکو بڕگەی یەکەم و دووەم نەمێنێت، تەنها ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم بێت، بۆ بڕگەی دووەمیان هەموو ئەمانەی خشتانەی کە پەیوەندیان بە رێنماییەوە هەیە، پێشنیاز دەکەم ئەم خشتەیە واتە بڕگەی دووەم زائیدەن ماددەی پێنجەم بکرێنە بەشێك لە یەك بدرێت بخرێتە ماددەی دە، بۆیە جا نازانم لە ئێستادا

پێشنیازەکە بکەم کە ئەم بڕگەیە هەڵدەگرین یان چی لێ دەکەین، کەواتە بڕگەی دووەم لابرێت دواتر لە ماددەی دە پێشنیازەکە پێشکەش دەکەم لەگەڵ ماددەی پێنجدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر اسماعیل و بدریە خان و دکتۆر شێرکۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر اسماعیل و دکتۆر شێرکۆ دەکەم لە زیادکردنی پێناسەکان بۆ یاساکە، هەروەها لە حاڵەتێك ئەگەر پێناسەکان زیادکرا پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە بێت، ماددەی یەکەم مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

١- هەرێم: حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە هەرێم.

٤- نەوت: هەر هایدرۆکاربۆناتێکی سرووشتی یان هەر هایدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاوی سرووشتی چ لە دۆخی گازی یان شلی بێت و ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بگەڕێنەوە بۆ حەشارگەکان.

٥- مۆڵەت: ئەو ڕێگەپێدانە فەرمییە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان یاخود دەتوانی بڵێی لەلایەن وەزارەتەوە دەدرێت بە کەسێك کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێندراوە نەوتیەکان بکات، هەروەها پێناسەی لێدەرهێنراوەکانی نەوت بەنزینی ئۆتۆمبیڵ کە ڕێژەی ئۆکتانی لە (٩١٪) کەمتر نەبێت، زەیتی گاز زەیتی بزوێنەر و گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، گازی شل، نەوتی سپی کیرۆسین، قیر نازانم لە یاساکە ئاماژەی پێکراوە قیریش، بەڵام پێشنیار دەکەین شلەکە لابردرێت، نەوتی ڕەش نەفتە دەگرێتەوە.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر پێناسەکان زیادکرا ماددەی یەکەم پێشنیار دەکەم وای لێبکرێت دەبێتە ماددەی دووەم، هەروەها پێشنیار دەکەم وای بکرێت کۆتایی دێری چوار و پێنج و شەش لابرێت و بەو شێوەیەی لێبکرێت، کە نەوت و لێدەرهێندراوەکانی و هەر بەرهەمێکی تر کە وەزارەت بڕیاری لەبارەوە دەدات دەگرێتەوە، بڕگەی دووەمیش وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان بکرێت وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ئەگەر بە نووسین بینێریت بۆیان، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تـایبەت بە مـاددەی یەك ئەوەی بەڕێـزان لە لیـژنە تایبەتەکـان روونیـانکردەوە لە مەسـەلەی ئەو قۆرغکـاریەی کە کۆمپانیاکـان هەم لە هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان دەیـکەن، هەم ئەو نەبوونی رەقابەیەی کە لەسەریانە، من بە رەچـاوکردنی ئەوەی کە ئـێمە چـۆن دەتـوانین مەسەلەی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان گەشەی پـێ بـدەین، بەڵام وەکـو پرسـیار و وەکـو پێشـنیازیش بـۆ هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد ئایـا ئـێمە نـاتوانین لە بـڕگەی یەکەم کۆمپانیـایەکی نیشتیمانی زیاد بکەین بۆ ئەوەی کە لە هەندێك حاڵەتـدا بـۆ ئەوەی ئەو نەهـامەتیەی کە ئێسـتا بە دەست هاوردەکردن و فرۆشتنی ئەم بەرهەمی نەوتیانەوە دەکرێت بە قـورگ و دەبارێـت بەسـەر ئەم خەڵکەدا، ئایا کۆمپانیایەکی نیشتیمانی خۆمانی حکومەت ناتوانێت کارەکە بکات و ئەم کـارە بە تـایبەت بەو بسـپێرێت، ئەگەر لە رووی قـانونیەوە رێگـری نەبێـت پێشـنیاز دەکەم لە پـێش کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کۆمپانیای نیشتیمانی بۆ ئیزافە بکرێت، لە بـڕگەی دووەم پشـتیوانی لە قسـەکانی بەڕێـز گوڵسـتان خـان دەکەم کە وەزارەتـی سـامانە سرووشـتیەکان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئەو پاشکۆیە لە شێوەی رێنماییدا دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر مـاددەی یەك مـن هەنـدێك تێبیـنم هەیە کە لە هەمـوو یاسـایەکدا بـدایەت کە دەسـت پێـدەکرێت ئەوەی کە پێویسـت بێـت پێناسـەی تێـدایە، بـۆ نمـوونە وەزیـر: وەزیـری سـامانە سرووشتییەکان، وەزارەت: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، وە هەر چەمکێکی تـر لە یاسـاکان کە نامۆبێـت و پێشتر نەهاتبێت دەبێت پێناسە بکرێت لەمەدا تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان و لیـژنەی یاسـایی ئەگەر وەڵامتـان هەیە دوای ئەوە پشـوویەك وەردەگرین بۆ ماوەی (٤٠) دەقە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەنـد وەڵامـێکم ئامـادەکردووە بـۆ ئەو پرسـیارانەی کە هـاتووە، یەك: سـەبارەت بە ئیزافەکردنـی ماددەیەك بۆ پێناسەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەندێ یاسا هەن لە ناوەڕۆکی یاسـاکەدا دوو سێ وەزارەت دێت، دوو سـێ وەزیـر دێـت، بەڕیـوەبەرایەتییەکی گشـتی دێـت، یـان لە لیـژنەیەك دێت، ئەو کات پێویسـتە ئەو لیژنـانە و ئەو وەزیـر و وەزارەتـانە هەمـووی تەعریـف بکرێـت، لێـرە ئێستا یەعنی چی تەعریف بکەین، وەزیر تەعریف بکەین تەنها یەك وەزیرمان هەیە لەم یاسـایەدا ئەویش وەزیری سامانە سرووشتییەکانە، وەزارەت تەعریف بکەیـن تەنهـا یەك وەزارەتمـان هەیە، یەعنی ئەوە نیە کە باسـی دوو وەزارەت بکرێـت پێویسـتە لێـرە تەعریـف بکەیـن و بڵێـین وەزیـر: وەزیــری فــلان وەزارەت، نــاوەڕۆکەکەی پێویســت ناکــات، نەوت لێدەرهێنــدراوەکانی نەوت بەرهەمەکانی نەوت لە دوو سێ یاسای بەرکاردا هەن، بۆ ئەوەی ئێمە تووشـی ئەوە نەبـین لە دوو سێ یاسادا عەینی تەعاریف لە یاساکاندا دابنێین، یەعنی نەوت موعەرەقە لە یاسـا بەرکارەکانـدا

هەیە، لێدەرهێندراوەکانی نەوت لە یاسای خۆماندا هەیە کە لە ساڵی (٢٠٢٠) کە بە قاچاخ بردنی نەوت، لێرە کە پەسەندبووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات، چونکە ماددەیەك زیادبکرێت خۆی هەموویان پێشنیازی یاسایە جەوهریەکەی شەش ماددەیە، ئەو شەش ماددەیە زیاتر لە (٧٠٪) غەرامـاتە، لەبەر ئەوە پێویست بە تەعاریف ناکات، سەبارەت بە پرسیارێکی تر مەسەلەی قۆرغکاری، پێشتر لە راپۆرتی لیژنەی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکاندا ماددەیەك بە زینجیرەی سێیەم ئەو ماددەیە ئێستا لە راپۆرتی ئێمەدا نییە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمەش قەناعەتمان وابوو هەم لە رووی یاساییشەوە کە یاسایەکی تایبەتمان هەیە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٣)، یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرغکاری لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیەشمان مەسح کرد، ئەوە قسەی کاك گۆران بوو وابزانم، ئێمەش لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە مەسحمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکان بە خێرایی بدەینەوە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بەرهەمێکی نەوتی نییە پێی دەوترێت مەدعوم بیدات، بەڵام ئەوەی کە هەیە هی کەرتی تایبەتە دەهێندرێت لە دەرەوە، وە ئەم یاسایە ئەوەی کە ئایا ئەم یاسایە بەس بۆ کەرتی تایبەت دەنووسرێتەوە، لە ئێستادا بەڵێ، لەبەر ئەوەی ئێستا حکومەت بەنزین ناهێنێت، گازوایل ناهێنێت، هیچ مەنتوجێکی نەوتی ناهێنێت، ئێمە دەمانەوێت ئەو کەرتی تایبەتەی کە دێش شتێکی باش بێت کە دێت، ئەمەی کە دروستە ئەگەر حکومەت تەداخول بکات پێویستی بە هاوردەکردن نییە، بەڵکو پاڵاوگەکان دەخاتە کار خۆی هەر لە ناوخۆدا باشترین مەنتوج و باشترین کواڵێتی دەهێنێت و دەیخاتە بازاڕەوە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی مامۆستا عمر، ئێستا ڕێنمایی هەیە بەڕێزان، لە مانگی یانزەی ئەم ساڵدا باشترین ڕێنمایی دەرچووە، بەڵام کێشەکە چیە، کێشەکە بەشێکی جێ بەجێش دەکرێت موشکیلەی نیە، بەڵام گرفت دوای جێ بەجێکردنە، بەنزین بۆ نموونە لە ماوەیەك خۆتان دەزانن ڕێژەیەکی زۆر لە حاجی ئۆمەران راگیرا، لیژنەکەی ئێمە لەسەر خەت بوو تەئکیدمانکردەوە نابێت شتی کواڵێتی خراپ داخل بکرێت، بەڵام کە ئەو بەنزینە کواڵێتی باشە دەهێنێ دەیباتە عەمبارەکان لێرە تێکەڵی دەکات لەگەڵ هەموو ئەو مادە کیمیاویانەی کە باسمانکرد، لە نەتیجە دەبێتەوە هەمان شت، ئەمە بۆ مەوادەکانی تریش راستە، سەبارەت بەوەی کاك بەڵێن کە حکومەت کۆمپانیایەکی نیشتیمانی هەبێت، ئەگەر کۆمپانیای کوردستان بۆ بەرهەمە نەوتییەکان دروستکرایە یان ئەو کۆمپانیانە تەواو بکرایە دەمان توانی، چونکە ئێستا حکومەت مەنتوجی نییە، پاڵاوگەشی نییە، عەمباریشی نییە، هیچی نییە، بەڵام ئەگەر پاڵاوگەکانی خۆی بخستایەتەکار بێگومان دەیتوانی ئەم مەنتوجانە خۆی بیفرۆشێتەوە، ئەم مانگە ئەوەندە بەنزینم هەیە دەیفرۆشم، ئەوەندە گازوایلم هەیە دەیفرۆشم، ئێمە لێرە پێویستمان بە یەك وشەیە زیادی بکەین بۆ ڕێگری لەو مەترسیە بەرهەمە نەوتی و کیمیاوییەکان، ئێستا بەرهەمی نەوتی نییە، بەرهەمە کیمیاوییەکان بە مۆڵەت دێت، فێڵەکە لە کوێدایە بەڕێزان، دەچن داوای مۆڵەت دەکەن بۆ نموونە لە (ایپانۆل و میپانۆل) و هەموو مەوادەکان، دەڵێت بۆ پاککەرەوەمە کە داخلی دەکات بۆ پاککرەوە، بۆ پاککرەوەی ناهێنێت، یان دەیبات بۆ تانجەرۆ بۆ عەمبارەکان و تێکەڵی دەکات، ئەو مەوادانە یان دەیبات بۆ کاشێ و

تێکەڵی مەوادی دەکات، واتە دەبێت ئەمەش مۆڵەتی هەبێت، چونکە حەجمی ئەو مۆڵەتەی کە دەدرێت تەبیعی نییە، یەعنی ئەم بڕە زۆرە هەموو جارێك بۆ مەوادی پاککەرەوە دەهێنێت، بۆیە بۆمان گرنگە ئەمەشی تێ بکەین، دوو: خاڵێك تر کە کاك گۆرانیش ئاماژەی پێکرد ئەمە دەتوانین بە بڕگەیەك زیاد بکەین هەناردەکردنیش کێشەی هەیە، ئێمە مەنتوجێکان هەیە دەبێت هەناردەی بکەین، سبەینی بۆ نموونە حکومەت پاڵاوگەکانی خستەگەڕ، نەوتێکی رەشی هەیە لە ناوخۆدا بەکار ناهێندرێت، رۆنێکی هەیە لە ناوخۆدا بەکار نایەت، ئێستا رادەیەك لە بڕی کرێ هەندێ کۆندێسەی دەنێرێتە دەرەوە، ئێستا بەشێك لە کۆمپانیاکان بەڵێ گلەیی دەکەن دەڵێن ئێمە نەوتی رەشمان هەیە و مەنتوجمان هەیە ناتوانین بیبەینە دەرەوە تەنها بۆ یەك دوو کۆمپانیایە، بە هەمان رێکار وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان ئەگەر مۆڵەت بداتە ئەوان تەبعەن ئەمە سیستەمی باج زیاد دەکات، گومرگ زیاد دەکات، دۆخەکە دەجوڵێنێتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارانەی ئەوەی ئێمە نووسیوومانە هەوڵدەدەین تەبعەن ئەوە دوای خوێندنەوەی دووەمیش بۆ زانینتان بۆ ئەو پسپۆڕانەی تری دەنێرینەوە کە هاوکارمان بوون، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هەدەفەی کە هەمانە چۆن لەمەدا تەحقیق بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی هەموو ئەو شەرحانەی کە دەیکەی مەسەلەن ئەوانەتان بۆ تەوزیف نەکرد لە ناو ماددەکەدا لە کۆبوونەوەی خۆتان، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمە موناقەشەیەکی زۆری ئەو ماددانەمان کردووە، هەموویان ئەگەر برادەران بیریان بێت لیژنەی وەز و سامانە سرووشتییەکان موناقەشەی چەندان سەعاتی ئەم پڕۆژە یاسایە کراوە، بابەتی پاشکۆکان لە راستیدا ئەم بڕگەیە زۆر زەرووڕە ئەوەی کە کاك مەم فەرمووی، بەڵێ، دەکرێت خشتەکە لای وەزارەت بڵاوبکرێتەوە، بەڵام یەك نموونەتان پێ بڵێم بەڕێزان، ئێستا قیر وشك دەکرێتەوە ئینجا دەنێردرێتە دەرەوەی کوردستان یان هەندێکجار داخل دەکرێت، یەعنی کێشەکە ماددەکانیش گوڕانکاریان بەسەردا دێت تۆ ناتوانی تەحدیدی بکەی، وە موشتەقاتی نەوتی عادەتەن گوڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، بۆیە من پێموایە ئەم بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر زەرورە چاوەڕێ دەکەین تا وەزارەت بیکات، بە نیسبەت ئەوەی برای بەڕێزم کاك بەڵێن فەرمووی پێشنیازی زۆر بە جێیە، بەڵام ئێمە لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە ماددەی (١٣) لە بەشی پێنجەم کۆمپانیایەکمان هەیە بە ناوی کۆمپانیای (کۆدۆ)، کە تایبەتە بە پاڵاوتن و بە پاشکۆکان کە لە ئەساسدا ئەم کۆمپانیایە ئەگەر دروست بکرێت کە ئەرکی ئەم پەرلەمانە بەڕێزەیە کە تەکمیلەی ئەم یاسایە بکات، دەتوانین کێشەیەکی زۆرمان بۆ چارەسەر بکات، یەعنی چوار کۆمپانیا کە یاسا رێگەی پێداوە، قانونەکە رێگەی پێداوە جوهدی خۆمانی دەوێت وەکو ئەندامانی پەرلەمان کاریان لەسەر بکەین، ئەگەر نا پێشنیازەکە زۆر بە جێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان، ئێستا پشوویەك وەردگرین، ئێستا کاتژمێر یەك و چل دەقەیە، دوو و بیست دەقە لە ژوورەوە دەبین، فەرمووون..........

## پاش پشوو

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان دەست بە دانیشتنەکە ئەکەینەوە، ماددەی (٢) فەرموو.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٢:

یەکەم - هەر کۆمپانیـایەك سـەرپێچی حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی یەکـی ئەو یاسـایە بکات بەو شێوەی خوارەوە سزا ئەدرێ:

١ پێبژاردنێکی دارایی لە (١٠٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچی کار لەو سەرپێچیەی لە بڕی (٣٠٠) ملیۆن دینار زیـاتر بـوو ئەوە بە دوو بەرامبەر قازانجەکە سزای پێبژاردنی بەسەر ئەسەپێنرێ.

٣_ دەسـت بەسـەر داگرتنـی بەرهەمە نەوتیـیە هاوردەکراوەکانیـان ئەگەر لە توانایانـدا هەبـوو، گەڕانـدنەوەی بەرهەمەکە لەسـەر خەرجـی کۆمپانیـای سـەرپێچی کـار بـۆ ئەو شـوێنەی لێـوەی هاتووە.

دووەم- کۆمپانیـــای ســـەرپێچی کـــار نـــاوی ئەخـــرێتە لیســـتی رەشـــی وەزارەتـــی ســـامانە سرووشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ و لیستەکە لەلایەن وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان بـڵاو ئەکرێتەوە.

سێیەم- لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی ئاماژە پێکـراو لە بـڕگەی یەکەمـی ئەو مـاددەیە ئەوە کۆمپانیای سەرپێچی کار مۆلەتی کار کردنی لـێ وەرئەگیـرێتەوە و رێگـا نـادرێ جـارێکی تـر چالاکی خۆی لە بەرهەم نەوتییەکانەوە ئەنجام بدات.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك بەهجت.

**بەرێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری بـێمە سـەر مـاددێ دووێ دوو تێبینـی بچـووکی هەی ئەگەر ئیجـازە بـدەی، ئەڤ مـۆنیتەرێ پێشـیا مە ب کـار دێنـین بەس بـۆ میکرۆفـۆنییە، زۆر جـار دبینـین نـاڤ برادەرێـت مەی دنـاڤ پەرلەماندا راپۆرتا هاوبەشێ هاتیە نڤیسین ل سـندوقێ دا نیـنە یـان نەهـاتیە دابەش کـرن وەکـو پێتڤی، ئەڤ سیستەمە کەڤنە ئەگەر تشتەکی نیڤ بێتە دانان و بشێوەکی ئەکادیمی پیـدیئێفەکی ئەو راپۆرتە هاتیە نڤیسین بێـتە نـاڤ ڤـی مـۆنیتەری دا، هەر وسـا کولفا وێ کێمتـر بیـت، تێبینیـا دوێ، هنـدەك پرۆژێـت یاسـایێ هەی بەحـتن، تـایبەتن، وەکـی ڤـی پێشـنیازا یاسـایێ، پـێم باشـە لیژنێت تایبەت مەند هەمی پێکڤە ژی بار بکا و شارەزایی و پسپۆرییێت تـایبەت مە ڤـی بـواری دا نینە، ژ بەر هندێ ئەگەر لیژنێـت تـایبەت مەنـد پـێ باشـە ئەڤ پـرۆژە یاسـایە راوێـژ و را وەرگتنـا پسپۆرێ دەرڤەی پەرلەمانی، زانکۆ و تەخەسوسێت سەر ڤی مەجالی شـۆل دکەن بێـتە وەرگـرتن

بەس بۆ دەنگدانی بێتە ناڤ قاعە، سەبارەت ماددێ دووێ ئەو بژاردنێت هاتینە دانان پێ باشە، بەس نیسبەت برگا سێی دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمە هاوردەکان، بەحسێ هندێ دکەت ئەو کەرستێت ئینای داخل کری مسادەرە بکەت، مسادەرا کرنا وانا تشتەکی باشە، هەم بارگرانیە بۆ حکومەتێ و هەم بۆ وی کۆمپانیایە چێ دکەت، چونکێ دبی عەمبار بکاتن، ئەڤە ل سەر ژینگە تەئسیر دکەت هەروسا مرۆڤا، پێشنیار دکەم ئەڤ ماددێ توندتر بکەن، هەر نەهێلن داخل بیتن بۆ هەرێم.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەوە شتەکان بە پیدی ئێف بنێرین یان لەبەر دەستان بێ، ئێمە ئەوە محاوەلەیەمان کرد، بەڵام ئەو سیستەمە لە کاتی خۆی سەرکەوتوو نەبووە، ئێستاش هەندێ خەلەلی تێدایە، ئەگەرنا ئەمانکرد، فەرموو کاك عباس.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە پەیڕەو هەیە بۆ خوێندنەوەی سێیەم ناچێتە سەندووق، بەڵام ئەتوانن داوای بکەن، زۆرجار بەرێزتان روونتان کردۆتەوە، بەڵام هەمووجار و دووەمین جاریشە لە گروپی پەرلەمان کاك بژار بە پی دی ئێف بڵاوی ئەکاتەوە، دیارە خۆتان نەتانکردۆتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مەبەستی ئەو شاشەیەی بەردەمی بوو، فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەرێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکی ئەو یاسایە بکات بەو شێوەی خوارەوە سزا ئەدرێ:

١- پێبژاردنێکی دارایی لە (١٠٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، پێشنیار ئەکەم تەنیا سزا بەس نییە، داوام وایە شەش مانگ بۆ سالێك کارگەکە دابخرێ، ئەگەر هاتوو دووبارەی کردەوە بە پابەند نەبوونی ماددەی یەکەم زیندانی بکرێ، چونکە هۆکاری پێشنیارەکەشم ئەوەیە لە مانگێکدا دوو هێندە و سێ هێندەی ئەو سزایەی دەست ئەکەوێ، چونکە زانیاری تەواوم هەیە لەسەر ئەو برگەیە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەختیار.

**بەرێز بەختیار شوکری سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، بڕگەی دوو، کۆمپانیای سەرپێچیکار ناو ئەخرێتە لیستی رەش، ئەزانین کۆمپانیا وەکو وەسیلە بەکار دێ بۆ هاوردە کردنی سوتەمەنی، ئەی ساحیبی کۆمپانیا، زۆر کەس هەیە بازرگانە سێ کۆمپانیای هەیە، ئەگەر کۆمپانیا یەکەم لە لیستی رەش بوو ئەی ئەوانی تر؟ پێم باشە کۆمپانیا و ساحیبی بخرێتە بلاك لیست بۆ ماوەی دوو ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، لە سێ بڕگە پێك دێ، هەموومان گیرۆدەی کوالێتی خراپی ئەو بەرهەمە نەوتیانەین، نەوتە سپیە ئاوی تێکەل ئەکرێ، کوالێتی بەنزین زۆر نزمە، قیریش، ڕێگاوبان چاکی ئەکرێ بۆ چەند مانگێکە، پێشنیار ئەکەم ماددەی دوو تەنیا یەك بڕگەی هەبێ، ئەو کۆمپانیای مواسەفاتی قانوونی جێ بەجێ ناکات (٥٠٠) ملیۆن دینار سزا بدرێ و یەکسەر مۆڵەتی لێ وەرگیرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعيل.

**بەڕێز اسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئارمانج ژ وان غەرامە ڕەدع بیت ئەز بێژم ئەوان نایەن ڕەدع کرن، چنکی ڤان کۆمپانیایێ زەبەلاحن، قازانجەکی گەلەك مەزن دکەن، ئەڤە زێدە ببیتن، دووجار هندی خۆی لێ بیت، (١٠٠) ببیتە (٢٠٠، ٢٠٠) ببیتە (٤٠٠)، دیسا پشتەڤانیا ڤێ بۆچوونێ دکەم بێژیتن ڤێ عقوبا زیندانیێ دگەل بیت بۆ خودانێ کومپانیێ، چنکی نە بەس تەزویر کری، تەهدیدێ ل سەر سەحەتا خەلکی ڤێ میللەتێ دکەت، مادام تەهدیدێ ل سەر سەحەت دکەت پێتڤی دکەت زیندان بکرێ، نە بەس غەرامە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەم هەیە، دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمە نەوتیيە هاوردەکانیان و ئەگەر لە تواناياندا هەبوو گەڕاندنەوەی بەرهەم لەسەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچی کار بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتووە، پێم باشە تەنیا ئەو فەقەرەیە بمێنێ کە دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکان، ئەگەر ئیمکانیەت هەبێ بیگەڕێنێتەوە لابرێ، چونکە لەوانەیە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ شوێنێکی تری ببات، دووەم، هاوردە کردنی بەرهەمێك لە وڵاتێك بۆ کوردستان ئەرکێکی ئاسان نییە، پێم باشە ئەو برگەیە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باسی ئەو هەموو گرفتە ئەکەین لە هاوردە کردن و دەرهێنان، ئەپرسم، ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی خۆمان، نموونە پاڵاوگەکان، چ بازیانە، قەیوانە، کارە، بێگومان هەموو بەرهەمەکان

له عێراق وەرئەگرن، کار بۆ حکومەتی عێراق ئەکەن، ئاساییە، باشە بۆ ئەو کارە بـۆ عێـراق ئەکەن بۆ هەرێم ناکەن بـا خەلکی کوردستان لەو مەینەتییە رزگـاری بـێ، کـوردەواری ئەلـێ، هێلکە بـۆ ئەوانە و جیقنەکەی بۆ ئێمە، ئەبێ حەل بکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتر ئیشیان بۆ حکومەتی هەرێم ئەکرد، بەڵام بـۆ هەر یەك بەرمیـل (١٧) دۆلاریـان وەرئەگـرت، زۆر ناتەبیعیە، بەڵام پرۆسەکە بە ئاراستەیەکی تر رۆیشت، فەرموو ژیان خان.

**بەرێز ژیان طاهر احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

دووەم- کۆمپانیـــای ســـەرپێچی کـــار نـــاوی ئەخـــرێتە لیســـتی رەشـــی وەزارەتـــی ســـامانە سرووشتییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ و لیستەکە لەلایەن وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان بـڵاو ئەکرێتەوە، خستنی ناوی کۆمپانیا بۆ لیستی رەش بۆ ماوەی دوو سال کەمە، بکـرێتە چـوار سـاڵ، پشتگیری پێشنیاری کاك بەختیار ئەکەم، ناوی ساحێبی کۆمپانیا بخرێتە لیستەکەوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی سێ.

**بەرێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم: کۆمپانیای هاوردەکارەکان بەپێی حوکمەکـانی ئەو یاسـایە ئەتـوانن وێستگەی فرۆشتنی سوتەمەنی و کۆگاو عەمبار کردنی بەرهەمی نەوتی تایبەت بە خۆیان دروسـت بـکەن بەپێـی ئەو رێکـــارانەی لەلایەن وەزارەتـــی ســـامانە سروشـــتییەکانەوە پەیـــرەو ئەکـــرێ، هەروا ئەتـــوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بە کرێ بگرن.

دووەم: ئەو کۆمپانیایـــــانەی کە لە بـــــواری عەمبـــــارکردن و فرۆشـــــتنی بەرهەمە نەوتیـــــیە هاوردەکراوەکـــان کـــار دەکەن نابێـــت کـــاری عەمبـــارکردن و فرۆشـــتنی بەرهەمە نەوتیـــیە ناوخۆیەکانیش بکەن بە پێچەوانەش پێچەوانەکەشی راستە.

سـێیەم: هەر کۆمپانیـایەك سـەرپێچی حوکمەکـانی بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە بکـات بە پـێ بژاردنێکـی دارایـی بە بـڕی (٥٠٠) ملیـۆن دینـار سـزا دەدرێـت لە حـاڵەتی دووبـارە کـردنەوەی سەرپێچیەکە بە پێبژاردنێکی دارایی کە بڕەکەی (٧٠٠) ملیۆن دینـارە سـزا دەدرێـت و رێـگەی پـێ نادرێـت جـارێکی تـر چالاکییەکـانی لە بـواری بەرهەمە نەوتییەکـان ئەنجـام بـدات، لە هەردوو حالەتیشـدا دەسـت بەسـەر بەرهەمە نەوتییەکانیشـدا دادەگیرێـت یـان، ئەگەر لە توانـادا هەبـوو بەرهەمە هـاوردەکراوەکە لەسـەر خەرجـی کۆمپانیـای سـەرپێچی کـار دەگەرێنـدرێتەوە بـۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسـەر مـاددەی (٣) قسـە بکـات دەسـت بەرزبـکەنەوە، ئەوەی دەیەوێـت قسە بکات لیزا خان فەرموو ناوەکـان دەخـوێنمەوە پـێش گفتوگـۆ هەرکەسـێ نـاوی نەنوسـرابوو

پێمان بڵێ (دكتۆر شێركۆ، دكتۆر اسماعيل، سەرچنار خان، كاك مم، گولستان خان، كاك زياد، كاك دابان، كاك عوسمان، كاك لقمان، كاك رزگار، كاك بهمن، كاك بهجت، شێخ ظاهر، كاك دكتۆر ريبوار، كاك جلال، كاك جينان، ليزا خان، مامۆستا نجات ) كەس هەيە نەمان نوسيبێ تەواو كەس نييە، كاك علي لە ئەخيرا دەرفەتت دەدەمێ، فەرموو ليزا خان.

**بەڕێز ليزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە بڕگەی يەكەمی ئەم ماددەيەدا هاتووە، هەمان شتە كە لە بڕگەی يەكەمی ماددەی يەكەمدا هاتووە زۆر هاوشێوەی بڕگەی يەكەمی ماددەی يەكەمە، بۆيە پرسيارم ئاڕاستەی ليژنەی تايبەتمەند ئەوەيە كە چ جياوازيەكی هەيە بۆچی ئەم بڕگەيە دووبارەكراوەتەوە لەم ماددەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جنان.

**بەڕێز جنان جبار بويا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی (٣) يەكەم كۆمپانيا هاوردەكراوەكان بە پێی حوكمەكانی ئەم ياسايە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی و گواستەوەو كۆگای عەمبارەكان، لەبەر ئەوە من پێشنيار دەكەم محەتاتی بەنزينی بەنزينخانەكان لەگەڵ تەنكەرەكانی گواستنەوە دەبێت يەك ناو هەبێت، يەنی دەبێن عەينەن شەريكە لەسەر عەينەن تانكەر عەينەن ناو لەسەر بەنزينخانەش عەينەن ناو هەبێت.

بە نسبەت خاڵی دووەم: دەڵێ ئەو كۆمپانيايانەی لە بواری عەمباركردنی فرۆشتنی بەرهەمە هاوردەكراوەكان كار دەكەن نابێت كاری عەمباركردنی فرۆشتنی بەرهەمی نەوتييە ناوخۆيەكانيش بكەن، بە پێچەوانەش راستە لێرە دەبێت تەحديد بكرێ لەسەر شەريكە، ئايا ئەتو بە هاوردەكراوەكان بەرهەمە نەوتييەكان ئيش دەكەی يانيش بە ناوخۆكان مومكينە عەمبارەكان لە ناوخۆ دێنێت لە دەرەوە هاوردەكراوەكان ئەوەش بە پێچەوانەيە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوی ئەو پەرلەمانتارە بنووسن كە دەتانەوێت تەوزيحی بدەن تەوزيحی عام مەدەن، مەسەلەن دەڵێين بۆ كاك جينان ئەوە جوابەكەيەتی ئەبەو شكڵە فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی ٣:

يەكەم: كۆمپانيا هاوردەكارەكان بە پێی حوكمەكانی ئەم ياسايە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سوتەمەنی كۆگای عەمباركردنی بەرهەمە نەوتی تايبەت بە خۆيان بە پێی ئەو رێك سازيەی كە لەلايەن وەزارەتی سامانە سرووشتييەكان پەيڕەو دەكرێت دروست بكەن و هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتييە هاوردەكراوەكان بەنزينخانە بە كرێ بگرن، من پێشنياز

دەكەم برگەیەك زیاد بكرێت پێویستە لە سەر كۆمپانیای هاوردەكراو كۆگای عەمباركردن دوربێت لە شوێنی نیشتەجێبون و بازارەكان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر رێبوار.

**د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ویستم لەسەر ماددەی (٢) هەندێك قسە بكەم، بەس جەنابت دەرفەتت نەدا سوپاسی بەرێزت دەكەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ ئەوەیە ئەوانەی زووتر هاتوونەتە ژوورەوە نەڵێن فەرقمان نییە لەگەڵ ئەوانەی كە درەنگ هاتوون، كاك بهمەن.

**بەرێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا عەفو من قسەم ماوە، بە پێی بە دواچوونی من و زانیارییەكانی كە لای من هەیە ئەو كۆمپانیانەی لەو بوارانە ئیش دەكەن پارەیەكی زۆریان دەست دەكەوێت، پێم وایە (١٠٠) ملیۆن دینار بۆ (٣٠٠) ملیۆن دینار سزا بدرێ كەمە، بۆیە من پێشنیارم كرد (٢٥٠) ملیۆن دینار بۆ (٥٠٠) ملیۆن دینار بێت، بەڵام ئەوە تێپەری. دێمە سەر ماددەی (٣) بەرێز سەرۆكی پەرلەمان لە ماددەی سێ لە مەسەلەی عەمباركردن بە پێی ئەم یاسایە بێ پێشنیازی یاسا داوا دەكا ئەوانەی لەو بوارە ئیش دەكەن بۆیان هەیە عەمبار دروست بكەن، بەڵام خەڵكێك هەیە عەمباری هەیە لەو بوارەش ئیش ناكات، ئەمە چۆن رێك بخرێتەوە لەگەڵ یەك و رەچاوی ئەو خاڵە بكەن.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی گوێت لەو پرسیارە بوو ؟ بەڵێ تەواو فەرموو قسەكانت تەواو بكە.

**بەرێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر دیسان بۆ مەسەلەی عەمباركردن بۆ مەسەلەی سەرپێچی لێرە بۆتە (٥٠٠) ملیۆن دینار بۆ (٧٠٠) ملیۆن دینار، من لەگەڵ ئەوەم، بەڵام ئەگەر بكرێ بۆ ماددەی دووەمیش بكرێتە (٢٥٠) بۆ (٥٠٠) سوپاستان دەكەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بهمن.

**بەرێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی لە خاڵی سێیەم كە ئاماژە بەوە دەكات كە هەر كۆمپانیایەك سەرپێچی حوكمی برگەكانی دووەمی ئەم ماددەیە بكا زۆر جیاوازە، حەز دەكەم لیژنەی تایبەتمەند بە وردی گوێ بگرن لە ماددەی دووەم دەڵێ ئەو كۆمپانیایەی كە بۆ خەزنكردنی بەرهەمی دەرەكی دروست دەكرێت نابێ بەرهەمی ناوخۆی خەزن بكات، یەعنی لە خەزنەكە موخالەفە دەكات ئەگەر بیكا، بۆ نمونە

کۆمپانیــایەك کۆگــایەکی دروســتکردوە بەرهەمــی دەرەکــی دەهێنــێ خەزنــی دەکــات، بەڵام بەرهەمێکی نـاوخۆیش خەزن دەکات لە موخـالەفەکە دەڵـێ چـی لە ئەخیـردا لە مـاددەی سێیەم دەڵـێ لە هەردوو حـاڵەتەکە ئەگەر لە توانـادا هەبـوو بەرهەمە نەوتیـیە هـاوردەکراوەکە لەسـەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچیکار دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێـی هـاتووە، یەعنـی ئەوە باسـی بەرهەمە نەوتییەکـان دەکـات، گەڕانـدنەوەی بەرهەمە نەوتیـیەکە وەکـو ئەوەی کە لە مـاددەی دووەم وەك ئەوەی کاك بهجت ئاماژەی پێکرد ئەو لەوێ باسی موخالەفەی خەزن دەکات، ئەو هـی دەرەکیـیە، بەڵام نـاوخۆیی خەزن دەکـات خـاڵێکی تـریش کە مـن پـێم وایە لە مـاددەیەك ئیـزافە بکرێــت ماددەکــانی تــر ئەوەیە کە هەمــوو ئەو باســانە باســی بەرهەمــی دەرەکــی دەکــات کە کوالێتیەکەی خراپ بێ و عقوبەکەی چییە، ئێ باشە ئەوانەی لە کۆگاکان بەو دەرمـانێکی تـایبەت دێــت کوالێــت تێــك دەدەن، یەعنــی دەرمـانەکە بە جیـاواز دێـنن ئەوەی کە لە دەرەوە دەیهێـنن عەیبی نییە، بەڵام کە لێرە خەزنی دەکەن ماددەیەکی تێ دەکەن ئەو ماددەیە کـوالێتەکەی خـراپ دەکـاو مەترسیشـی بـۆ سـەر تەندروسـتیش هەیە عقـوبەکەی ئەوانە چیـیە؟ چـۆن ئەوە عـیلاج دەکرێ لەم یاسایە کە چۆن بەدواداچوون بکرێ بـزانن ئایـا ئەو بەرهەمەی لە دەرەوە هـاتووە بـێ عەیبە لە فەحسیش دەردەچێت، بەڵام لە کردنە ناو کۆگاکە ئایا لە ناو کۆگاگە غەشی تێدا نـاکەن؟ کە پێم وایە ئەوە لە کوردستان روویداوەو هیوادارم ئەوە عیلاج بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە دەبێ جوابی ئەو پرسیارانەتان پێ بێت بەڕێزان، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله (پەرێشان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ویستم کاك جینان و کاك شێخ ظاهر باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری لە قسەکانی کاك شێخ ظاهر و کاك جینان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی دووەم لە راستیدا خراپتـرین حـاڵەت لە هەرێمـی کوردسـتان ئەو حـاڵەتەیە لە عەمبارەکانــدا یــاری دەکرێــت بە کــوالیەتی ســووتەمەنییەکان، بە تــایبەتی لە تێکەڵکردنــی سوتەمەنییەکە، بـۆ ئەم مەبەسـتەش بـڕگەی سـێ دانـراوە بـۆ سـزا، ئەو سـزایە بـۆ عەمبـارکردنی سزایەکی زۆر کەمە، ئەو سزایە بە ماددی وەکو کاك هەڵکەوت وتی مەزەندە ناکرێ، چـونکە ئەگەر ئەو (٧٠٠) ملیۆنەش بکەی بە ملیارێکیش هێشتا بـۆ ئەو حـاڵەتە کەمە، لەبەر ئەوە مـن پـێم باشـە ئەو سزایە سزای داخستنی کۆگایەکەشی تێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گلوستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) خاڵی دووەمی پێم باشە وشەی لەهەمان كاتدا زیاد بكرێ وەك ئەمەی لێ بكرێت ئەو كۆمپانیانەی كە لە بواری عەمباركردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەكراوەكان كار دەكەن نابێت كاری عەمباركردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆیەكانیش بكەن، لە هەمانكاتدا و پێچەوانەكەشی راستە، یەعنی هەردوو ئیشەكە بە یەكەوە مەبەستم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی سێ مەسەلەی ژمارە بۆ پێبژاردن بەراستی دەمانخاتە ناو هەڵەیەكی جدیەوە، فەرقی عوملە ئەگۆڕێ زەرەرەكان جاری وا هەیە (٧٠٠) ملیۆن هەر هیچ نییە بۆ كوشتنی میللەتێك بە سەرەتان، یەعنی لەبەر ئەوە رەقەم لە یاسادا ئەو مەئخزەی لەسەرە كە لەگەڵ زەمەنا لەگەڵ فەرقی عوملەیا لەگەڵ ئەوانەیا دەبێ ئەو رەقەمە هەموار بكرێتەوە زوو زوو، جا لە بڕی ئەوە بۆ ئێمە شتێك نەكەین كە معیاریە ئەویش ئەوەیە بڵێین تەقدیری زیانەكان ئەوە بكەین لە بڕی رەقەمەكان باشترە، چونكە جاری وا هەیە حەیاتی ئینسان تەبعەن ژیانی ئینسان بە پارە ناخەمڵەندرێ و ئەم ئاسەواری ئەوانەش راستەوخۆ لەسەر ژیان و مان و مردنە لەسەر مەوزووعەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی سێیەم سزایە وەك چۆن لە ماددەی دووەمیش هەر سزایە، وەك چۆن ماددەی چوارەمیش هەر سزایە، داوا لە لیژنەی پەیوەندیدار دەكەم بۆمانی روون بكەنەوە ئەم سزایانەتان بۆ لە یەك مادەیا رێك نەخستووە، ئەمە یەك دووەمیان، هەم پشتیوانی لە بۆچوونەكەی كاك زیاد دەكەم فیعلەن سزایەكان كەمە هەموو ئەو ئەندامە بەرێزانەش كە پێداگریانكرد لە سەر زیادكردنی سزایەكان زیادكردنی سزایەكان بە پێویستی دەزانین لەسەر كۆمپانیاكان كە مامەڵە لەسەر مەسەلەیەكی مەترسیدار دەكەن كە نەوت و بەرهەمە نەوتییەكانە وەكو جۆن بڕگەی چوارەم و سێیەم و یەعنی ئەم پڕۆژە یاسایە كۆی پێشنیازە یاسایەكە سەرەرای دەستخۆشیمان لەو لیژنە هەست دەكەم تێكەڵ و پێكەڵی تێدایە و زۆر فەرعی تری تێدابۆتەوە بە تایبەتی لەناو سزاكانە كە پڕۆژە یاساكە پێشنیازە یاساكەی بڵی نەڵی یاسا لە

جیاتی ڕێکار بێ یاسای سزادانە سزای ئەو مەسەلەیە، بۆیە ئەگەر ئەوانە چڕ بکرێتەوەو لە یەك ماددەیا جێگیر بکرێ و سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس بەڕێزان کە داوای زیادکردنی سزایەك دەکەن جۆرەکەی دیاری بکەن، یەعنی چونکە بۆ ئەوەی ئەگەر ببێ بەچەند پێشنیارێك لیژنە بتوانێ مامەڵە لەگەڵ پێشنیارەکانتاندا بکا بە سێ پێشنیار، مەسەلەن هەندێك بەڕێز دەڵێن ئیزافەی سزای ئەوەش بکرێ، مەسەلەن حەپس و ئەوانە بکرێ هەندێك دەڵێن بەس بڕەکەی زیاد بکرێ، هەندێك دەڵێن با بڵێین خاوەنی کۆمپانیاکەشسی تێدابێت تەحدیدی بکەن بە دیاریکراوی، بۆ ئەوەی بتوانن ببێ بە سێ پێشنیار ئەگەر توانیان تەبەنیان کرد مامۆستا نجات فەرموو.
**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت ماددا (٣) مـن تێبینییـا هەی سـەر برگێ سێیەم ل دوو دێرێـت دومـاهیکێ لە هەر دوو حالەتـدا دەسـت بە سـەر بەرهەمە نەوتییەکانـدا بگیرێـت یـان ئەگەر لە توانـادا هەبـوو بەرهەمـی هاوردەکراو کە لە سەر خەرجی کۆمپانیای سەرپێچی کراو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە لێرە مە دوو ئامرازێت گەلەکێت گرنگ یێت هەین هەمی گاڤا د یاساییدا و ئەو ئامرازێت پەیوەندییێت ناڤبەینا دوو رستادا لێرە ئەگەر ئەم بەرێ خـۆ بـدەینێ، ئەگەر مە گۆتی یـان ژێك ڤەدکەین هەر دوو رستا هەکوو تە ژێك ڤەکرن مەعنا وێ دێ ئێك خیار سەر هێتە جێبەجێ کرن، بەر هندێ پێشنیارا من ئەوە یان ئەگەر لە توانـادایە هەمـوو بەرهەمە هـاوردەکراو بهێـتە ژێ بـرن لڤێـرێ هـۆ لـێ بهێـت ڤـی شکلی بهێـتە نڤیسـین لە هەر دوو حالەتـدا دەسـت بە سـەر بەرهەمە نەوتییەکانـدا دەگیرێـت ئـو ل سـەر خەرجـی کۆمپانیـای سـەرپێچی کـار دەگەڕێنێـتەوە بـۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە، چونکە دا نەبیـتە دوو رسـتێت ئێـك ڤەکـری و ئێـك خیـار سـەر جێبەجـێ ببیـت تڤیـا هەر دووك پـێکڤە بهێـتە لێـك گرێـدان د ڤـی حالەتیـدا ل مـاددێ بەری نـوکە ژی ئەڤ موشکیلە هەبوو دێ ژێك ڤە بن، ژبەر هندێ تڤیا بکەنە ئێك، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێـزان لە لیـژنە کـاك علـی ئەوەی مامۆسـتا نجـات وەجـاهەتی زۆر تێـدایە، مەسـەلەن دەسـتی بەسـەردادەگیرێت توانـا هەبـوو دەگێـردرێتەوە، ئەگەر توانـا نەبـوو ئەڵـێ لە نـاو ببرێـت، یەعنـی فکرەکەی حەلە دەست خۆش ئەگەر خراپ بـوو ئختیـارات دا بنێن، کـاك دکتـۆر بـژار ئێسـتا ئـێمە لەبەردەم مصادەرەین لەبەردەم ناردنەوەین، ئەگەر مومکین بوو مەسەلەن لەسەر سنوورا لەسـەر سـنوور عەمبـاری هەیە لەبەردەم ئیختیـاری سـێیەمین، ئەی ئەگەر نەمـانتوانی بیگێـرینەوە ئەو ژەهـرە هەر دەهێڵیـنەوە، کەواتە دەبـێ ئیـزافەی بـکەن دەسـت خـۆش زۆر سـوپاس، کـاك بهجـت فەرموو.
**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت ب ماددێ (٣) تێبینییەکا ئیداری مـن یـا هەی یەکەم بێژیـت کۆمپانیـا هاوردکارەکـان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی و کۆگـای عەمبـارکردنی

بەرهەمی نەوتی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، بە پێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٨٣) لە ساڵی (٢٠٢١) مۆڵەتی ئەم پرۆژانە لە پارێزگاکان دەدرێت، بۆیە پێویستە ناوی پارێزگاکان لێرە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) کۆمپانیا هاوردەکراوەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی و کۆگا عەمبارکراوەکان بەرهەمی نەوتی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، بە پێی ئەو ڕێك سازیانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتیەوکانەوە پەیڕەو دەکرێت، تەبعەن یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم یاسایە پاراستنی ژینگەیە مەسەلەی پاراستنی ژینگەش بابەتێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی نەوت بوونە مایەی پیسبونی ژینگە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە دەستەی ژینگەشی بۆ زیاد بکرێ بۆ دیاریکردنی شوێنی عەمبارو بەرهەمە نەوتییەکان وێرای ڕێکسازییەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکتان دەستەی ژینگەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣):

خاڵی یەکەم کۆمپانیا هاوردەکراوەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وێستگەکانی فرۆشتنی سووتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتی تایبەت بە خۆیان هەبێ، لێرەیا روونی نەکردۆتەوە چەنێك، چونکە ئەوە دەرگایەکی گەرە دەکاتەوە بۆ نمونە کۆمپانیایەك کە بەرهەمی نەوت و موشتەقاتەکانی هاوردە دەکا بۆی هەیە چەند عەمباری هەبێت، بۆی هەیە چەند بەنزینخانەی هەبێت، چەند وێستگەی سووتەمەنی هەبێت، یەعنی ئەمە خۆت دەزانی بسنزی پێوە دەکرێت، ئێستا کۆمپانیایەك کە بەرهەمی هاوردە دەکات لێرەوە روون نەکراوەتەوە رەنگە لە سلێمانی لە هەولێر دە بۆ پانزە بەنزینخانە بکاتەوە و مامەڵەشی پێوە بکات، یەعنی سنوورێك بۆ ئەوە دا نەنراوە.

دووەم: مادام ڕێگەی پێدراوە وێستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی هەبێ ئەڵێ ئەتوانێ بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان بەنزینخانە بە کرێ بگرێ، یەعنی ئەو بتوانێ دروستی بکا چی پێویست ئەکا بە کرێی بگرێ ئەتوانێ لە جیاتی ئەمە ئێمە جێی بکەینەوە کە نەتوانێ مامەڵە بەوە بکات کە ڕێگەی پێ دەدرێت دروستی بکات، یەعنی کەسێك کە ڕێگە پێدراو بێت وێستگەیەکی سووتەمەنی دروست بکات چی پێویست دەکات باسی بە کرێ گرتن بکات ڕێگەی پیشان بدەی بۆ ئەوەی بجێ بە کرێ بیگرێ.

سـەبارەت بە خـاڵی دووەم: ئەو کۆمپانیایـانەی کە لە بـواری عەمبـارکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتـی و هاوردەکراوەکـان کـار دەکەن نـابێ کـاری عەمبـارکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتیـیە ناوخۆیەکانیش بکەن، یەعنی ئەمە جۆرێك لە مونافەسـە دروسـت دەکـات لەوەی کە لە دەرەوەی ئێوە، بۆ ئەوەی لە ناوخۆیا جیاکاریەك هەیە، بەڵام مـن پشـتیوانی قسـەکانی کـاك دکتـۆر شـێرکۆ دەکەم کە پێشوترکردی نەك لەم ماددەیە سەبارەت بەوەی کە نرخ دیـاری بکـرێ، یەعنـی لە هەنـێ ئایتمـا کە لە دەرەوە دێـت بـۆ نمـونە کەمتـر دەکەوێـت لەسـەر هاووڵاتیـان هەنـدێك بەرهەمـی نـاوخۆیش هـی خۆمـانە بـۆ نمـونە ئەو هەرزانتـر دەکەوێـت، ئەبـێ یەکێکیـان موقـارەنە بکـرێ و نرخەکە جێگەی بکرێتەوە لە شوێنێکدا ئایا ئەبێ مولزەم بـین بەو بەرهەمەی کە لە دەرەوە دێـت، یان مولزەم بین بەو ئینتاجەی کە لە ناوخۆ بەرهەم دەهێندرێت.

سـەبارەت بە خـاڵی (٣): ئەو فەقەرەی ئەو بەڕێـزە باسـیکرد،ئەگەر لە توانـادا هەبـوو یەعنـی لە توانـای کێـدا هەبـوو؟ ئایـا وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکانە ؟ ئایـا گـومرگە؟ ئایـا خـاڵە سنوورییەکانە؟ ئایـا بەرێـوە بەرایەتیـیەکە ئەبـێ دەسـت نیشـان بکـرێ، چـونکە ئەمە ونە، کـێ لە توانایا هەبوو، کێ قەرار دەدات دەتوانێ یان ناتوانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك دابان دەست خۆش، فەرموو کاك دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، مـن دوو تێبینـی یێـت هەی ئێـك ئەز بیـنم ئەڤ رسـتە پێچەوانەکەشـی راسـتە ئەگەر بێـتە چارەسـەرکرن (والعکس هـو الصـحیح) نە دەبێـتە تەفسـیل کـرن ئەز بیـنم نە گەلەکا جوانە بۆ نەصـەکێ قـانونی ڤێـت بهێـتە چارەسـەر کـرن کـا دێ چـاوا چارەسـەر کەن، دوو پرسیار ژ لیژنا تایبەت دکەم ئەڤە سزایێ سەرپێچیێنە ماددێ ئێکێ ژی سزایێ سەرپێچیێ بـوون گەل هندێ ژ غەرامێت وانا یان ببنە ئێك یان نزیکی ئێك بن مەئقول نینە ل ڤێـرێ هەشـت سـەدە لێرە پێنج سەدە ل وێرا سەد و پێنجەیە ل ڤێرێ حەفت سەدە، مـادەم هەر سـەرپێچییە ئەز بێـژم دخازیتە هندێ یان وەکی ئێك بن یان گەلەك نزیکی ئێك بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری لە وتەکـانی دکتـۆر شـێرکۆ و دکتـۆر اسـماعیل دەکەم، ئیزافەشـم هەیە لەسـەر ئەو ماددەیە ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی یەکدا جیـاوازە، مـن هەسـت دەکەم مـاددەی یەك قورسترە لەو ماددەیە کەچی سزایەکەی ماددەی سێ قورسترە لە ئەمە ئەکرێـت، یەعنـی چـونکە ئەوە باسـی گواسـتنەوەو هـاوردەو فرۆشـتن دەکـات، ئەوە بەس عەمبـارکردن و فرۆشـتن و گواستنەوە، بەس باسی عەمبارکردن دەکات لەوەی پشـو (١٠٠) تـا (٣٠٠) دانـراوە، بەڵام لێـرە (٥٠٠) سوکترە، ئەبوایە سزایەکان پێچەوانە بوایە ئەوە خاڵێك.

خـاڵێکی تـر نـازانم لە عـورفی یاسـایا ئـاوا هـاتووە، یەعنـی بڵێـین هەر مـاددەیەك نەهـاتووە سزایەکەشـی بەدوادابنرێـت، بەڵکـو بـابێکی تـایبەت تەخسـیس کـراوە بـۆ بـابی عقوبـات بـابی سزایەکان ئیتر ماددەکان دەنووسرێت دوای لە کۆتایدا لە بابی سزایەکاندا هەرکەس پـێچەوانەی حوکمی ماددەی ئەوەی کرد ئەوە سزایەکەیەتی ئەوە جوانترەو باشترەو رێکسـازێکیش دەدات بە ماددەکەو دەستان خۆشبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەردوو ئسلوبەکە بەکـار دێـت، لەوانەیە مەبەسـتی ئەوان تەرکیـز خسـتنە سـەر ئەو عقوباتانە بێ زیاتر ئەگینا هەردووك شـێوازەکە ئاسـایە ئەوەی کـاك مەمـیش دەیلـێ هەر عەیـنەن پرسیارە لیژنەی قانوونی دوایە پێمان بڵێن بۆ بەو شێوەیە تەنزیم کراوە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣) بـڕگەی یەکەم کۆمپانیـا هاوردەکراوەکـان بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەتـوانن وێستگەی فرۆشتنی سـووتەمەنی و کۆگـای عەمبـارکردن و بەرهەمـی نەوتـی تـایبەت بە خۆیـان دروست بکەن، من پێشنیار دەکەم ئەوە لابرێ تەنها ئەوەی بمێنێـتەوە بە پێـی ئەو رێکسـازیانەی لەلایەن وەزارەتـی سـامانە سرووشـتیەکان پەیـڕەو دەکرێـت و هەروەهـا دەتـوانن بەمەبەسـتی فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتیەکـان لەبەر ئەوەی ئەوە رێگـایەك دەکـاتەوە بـۆ هەر کۆمپانیـایەك بیەوێت، مەسەلەن هەر شەخسـێك بیەوێـت بەنزینخانەیەکـك دابنـێ دەتـوانێ جارێـك ئیجـازەی بابڵێین یەك جار هاوردەی سووتەمەنی بکا بـۆ ئەوەی لەوێ بتوانێـت بەنزینخـانە دانـێ و ئەمەش رێگایەك دەکـاتەوە بـۆ داگیرکردنـی زەوی، بـۆیە پێشـنیار دەکەم وەکـو وتـم تەنهـا لەوە بمێنـێ کە دەڵـێ بە پێـی ئەو رێـك رێکسـازیانەی کە لەلایەن وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکانەوە تەنهـا ئەوەی بمێنێ ئەوەی تری لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ کاك رزگار، کاك علی و کـاك بـژار هەر یەکە بە گـوێرەی ئەو پرسـیارانەی لێتـان کـرا فەرموون.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەوەی کە ژمـارە لە یاسـاکەدا هەبێـت، بەڵـێ ئەوە یەکـێکە لەو موشـکیلانەی کە زۆر موناقەشەمان کرد، رەنگە دینار دووساڵی تر سێ سفرەکەی لێبکرێتەوە یا سێ سفری تری بۆ زیـاد بکەین موعادەلەکە هەمووی تێك دەچێت دوو حەلمان پێشنیارکردوە.

یەکەمیـان: تەقـدیرەکە ئەوەبێـت سـێ بەهـای بەرهەمەکە، بەڵام ئەوەش مەترسـی گەنـدەڵی تێـدەکەوێت لە تەخمینـا ئەو لیـژنەیەی دەچـن تەخمـین دەکەن ئیشـێك بـایی (٨٠٠) ملیـۆن بـێ بنووسـن (٢٠٠) ملیـۆن، بـۆیە حەلێکـی تریشـمان پێشـنیارکردوە ئەوەیە کە بـۆ ئەو سـزایانە ئەگەر هەر گۆڕانکاریەك بە هۆی نرخی دینارەوە دروست ببـوو، واتـا بەهـای دینـار گۆڕانکـاری بەسـەردا هات وەزارەت سلاحیەتی هەبێت بە رێنمایی نرخەکان دیاریبکات بە مەرجێك بەهای ئەو پـارەیە ئەو کاتە یەکسان بێت بە بەهای ئێستا، نازانم پـێم وایە ئەوەیـان عەمەلـی تـرە، سـەبارەت بەوەی

عەمبار چەندێك دەتوانێ بەرێزان هەموو كەس ناتوانێ عەمبار دانێ، چۆن بەنزینخانە بە مۆڵەتە دروستكردنی عەمباری سووتەمەنی دە جار مەرحەلەكەی قورسترە، یەعنی ئەوە نییە هەركەسێك بڕوا ئیش بكاو عەمبارێك دانێ كە عەمبارەكەی دانا لە مۆڵەتەكە حەجمی بۆ دیاری دەكرێت، حەجمی ئەو عەمبارانە چەندێكە تەبعەن ئەوە باسی شتی یاسایی دەكەین، نەك ئەو عەمبارانەی بە نا یاسایی دانراون و ئەوانە ئەوە شتێكی ترە، كاك بەهمەن باسی ئەوەی كرد كە موشكیلەی گەورە دەستكاریكردنەكەیە لە كوالێتی و ئەوانە ئەوە لە ماددەی دواترا حەلكراوە ئەو ماددەیە پەیوەستە بەو عەمەلیەی كە دەكرێ، ماددەی دووەم پەیوەستە بە ژینگە، پەیوەستە بە تەندروستی، پەیوەستە بە كوالێتی، هەرچەندە من پێم وایە ئەو تاوانەی لە ماددەی پاش ئەوە هەیە زۆر گەورەترە لەم تاوانە، بەڵام غەرامەكە كەمتر دانراوە كە ئەبێ بەراستی گۆرانكارییەك لەو غرامانە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك بژار دوایی دەرفەت بە ئێوەش دەدەم .

**بەڕێز بژار خالد عبدالله (كۆجەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەوڵدەدەم جوابی بەڕێز كاك مەم دكتۆر اسماعیل سەرچنار خان، چونكە ڕەبتیان بە یەكەوە هەیە بە یەكەوە بدەم، لە كۆبونەوەی لیژنەی یاسایدا ئێمەش تەقریبەن گەیشتنینە ئەو قەناعەتە سزاكان لە ماددەیەكدا لە كۆتایی پێشنیازە یاساكەدا دابنێین، بەڵام یەعنی لە پێش دەقیقەی ئەخیری كۆتایی كۆبوونەوەكە جارێكی تر پەشیمان بوینەوە، لەبەرچی ئەم قانوونە خۆی هەمووی باسی موخالەفەیە، موخالەفەش لێرە هاتووە لەم پێشنیازە یاسایەدا یەك جۆری موخالەفە نییە زیاتر لە دە موخالەفەی تێدایە، ئەگەر وامانكردبا تێگەیشتنی قورس دەبوو زۆر كە لێرە لە ماددەیەكی كۆتاییدا بڵێین ئەوەی سەرپێچی لە بڕگەی یەك بكات، سزاكەی ئەوەیە بڕگەیەكی تر بڵێین سزایەكەش بەو شێوەیە دەبێت، ئەگەر بۆ جاری دووەم بڕگەی یەكەم بەم شێوە بكرێت، چونكە تەبیعەتی ماددەكان وا هاتوون لەگەڵ تەنەوەع و هەبوونی زیاتر لە یەكجۆری موخالەفە، پێویستە لێرە لەگەڵ هەر موخالەفەیەك لەگەڵ نەوعی هەر موخالەفەیەك سزاكەشی هەبێت، بۆ ئەوەی هەموو كەسێك هەموو یاسا ناسێك هەتا دادگا حكومەت هەموو بۆ هەموو كەسێك كە ئەم یاسایە بخوێنێتەوە موسەیتەر بێت، ئەگەر نا یەعنی هەمووی تێكەڵ دەبێت زۆر قورس دەبێت، ئەگەر ئێمەش تەقریبەن رەئیمان وابوو كۆتاییەكەی پاشگەز بووینەوە، جارێكیتریش لەگەڵ لیژنەی سامانە سرووشتییەكان لە راپۆرتی دەنگدان هەوڵ دەدەین جارێكی تر، ئەگەر بە شێوەیەك بتوانین ڕێك بێخەین بۆ ئەوەی تێگەیشتنی قورس نەبێ، ئەمەش زۆر جوانە لە گەڵین سەبارەت بە بابەتی ژینگە كاك لقمان باسیكرد گرنگی بە باتی ژینگەو دەستەی ژینگە داوە لە ماددەی چوارو پێنجی ئەم پێشنیازە یاسایەدا كە ئێستا دەیگەینێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەركۆ ئیزافەت هەیە بۆ جوابی ئەندام پەرلەمانتاران؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ أزاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیزا خان پرسیاری ئەوەی کرد کە ماددەی سێیەم یەکەم و دووەمیان جیاوازی تیایە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو کۆمپانیانەی کە لە عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان خۆی دانانی بڕگەی دووەم بۆ چییە؟ ئەوەی کە دەڵێ ئەو کۆمپانیایانەی لە بواری عەمبارکردن و فرۆشتن بەرهەمە نەوتییەکان هاوردەکارەکان کار دەکەن نابێت کاری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆییەکان بکەن، ئەمە بەراستی بۆ ئەوە بووە کە ئیحتیکار نەبێت لە ناو بازاردا، خۆمان دەزانین چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاح هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەتوانن ئەگەر ڕێگایان پێ بدەی هاوورده ئەکەن وهەناردەکردن دەکەن، عەمبارکردن دەکەن، فرۆشتنیش دەکەن، ئەمە ڕێگە نامێنێتەوە بۆ ئەو کۆمپانیا وەسەت و بچووکانەی تر کە بتوانن بەرهەمە ناوخۆییەکان هەم عەمبار بکەن هەم بیفرۆشن، زۆر سوپاس بە دڵی خۆشیان سعر ئەخەنە سەری، یەعنی گۆڕانکارییەکان لە بەینی دوو کۆمپانیا ئەکرێت و خەڵك زەرەرمەند دەبێت، لەبەر ئەوەبوو ئەو ماددەو بڕگەیە زیادکراوە.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی چوارەم بخوێنەوە، کاك دابان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ بەڵێ فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك علی هەندێك تەوزیحی دا، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی نەداوە، ئەو لە فەقەرەیەکدا باسی عەمبارکردنی کرد، ڕاستە عەمبارەکان بۆ،نمونە پێوەرو کوالیتەکانی دیاریکراوەو کولفەیەکی زۆری تێ دەچێت، بەڵام لە پاڵ عەمباردا وێستگەی فرۆشتنی سووتەمەنی هاتووە، ئێمە کاك رزگاریش پرسی و برادەرانی تریش ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەمە ئەبێ قەیدێکی بۆ دابندرێ، یەعنی تۆ وەك ئەوە وا یە بلێی کۆمپانیایەکی دەرمان دەرمان دەهێنێ، بۆی هەیە صەیدەلیە دابنێ، بەڵام چەند بەنزینخانە بۆ نمونە ئێستا کار گرووپ بۆ، نموونە کۆمپانیای قەیوان بەرهەمێك هاوردە دەکات لە سلێمانیدا چەند بەنزینخانەی هەبێت.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان پێشنیازیان بۆ بنێرە صیاغەیەکیان بۆ بنێرە چیت دەوێت، ئیتر دوای ئەوان تەبەنی دەکەن یا تەبەنی ناکەن.

**بەڕێز دابان محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بۆتان بنێرێ، با بۆتان بنێرێ.

**بەڕێز علی حمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ناتوانین بڵێین کۆمپانیای کە دەبێ دوو بەنزینخانەی هەبێت، ناتوانین بڵێین ئەبێ سێی هەبێت، چونکە قانوونی تر هەیە ڕێگەی پێداوە تۆ چۆن مەنعی دەکەی لە مەیان.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس کاك علی، خەدیجە خان فەرمووو.
**بەڕێز خدیجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی چوارەم:
یەکەم: کۆمپانیاکانی هاوردە کردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگەو کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن.
دووەم: هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی لە پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.
سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا کۆمپانیاکە بە پێ بژاردنێکی دارایی لە (١٠٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و ڕێگا پێ نادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لەبواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات.
چوارەم: ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لەبڕی (١٥٠) ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوا بە دوو بەرامبەری قازانجەکە سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێندرێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەلێ زۆر سوپاس، هەرئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت ناوی بنووسرێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی کە بەر بەبنای کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەمەی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ فراکسیۆنەکان کردمان، قەرارمان دا لیژنەیەك دروست بکەین فەرمانی لیژنەکە دەرچووە بە وەتس ئەپ بۆ هەر هەمووتان هاتووە، ڕۆژی دووشەمە سەعات (١١) ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە ئامادە نەبێ، ئێمە ناتوانین ١٤ /٤ کۆبوونەوە بکەین، چونکە ئەبێ بینێرین بۆ حکومەت بە مەبەستی ئامادە بوونیان، لەبەر ئەوە بفەرموون ئەگەر دەتانەوێت کۆبوونەوەیەکی بچکۆلانەی خۆتان بکەن بۆ دابەشکردنتان فەرموون کۆبوونەوە بکەن، ئەگەر دەتانەوێت بە گرووپ ڕێك بکەون داواتان لێ دەکەین خۆتان تەنزیم بکەن، بۆ ئەوەی پەرلەمانیش لۆجستیەن هاوکاربێت لەگەڵتان، بۆ ئەوەی بتوانن لانی کەم بتوانن سبەینێ بڕۆن، نازانم چۆن خۆتان تەنزیم دەکەن، شەمە بڕۆن موهیم ئەوەیە ئێمە بۆ دوو شەمە ڕاپۆرتمان دەوێت، فەرموو کاك بهمەن فەرموو ناوەکان بنووسە ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن با دەست بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو لیژنەیەی کە ئێستا جەنابت ئاماژەت پێدا، ئێمە ئەورۆ ئاگادار بووینە خۆتیش ئەزانی ئەمڕۆ جەلسە هەبووە بەیانیش عوتڵەیە لە هەموو دەوائیر، دوو سبەیش جومعەیە، بۆیە من پێشتریش لەگەڵ برادەرانی فراکسیۆنی یەکێتی قسەم کرد کە بە حوکمی ئەوەی ئەوانەی گەرمیانین لەوێ دەست نیشان کراوین، بۆیە پێم وایە ئەگەر پەرلەمان ئامادەکاری بکا ئێمە لەگەڵ ئەو ئیدارانەو قایمقامیەتەکان قسە بکەین ڕۆژی شەمە لەوێ بیان بینین، ئێمە جومعە ئێوارەکەی بچینە ئەوێ، بۆئەوەی شەمە و یەك شەمە بگەڕێینەوە، دووشەمە راپۆرتەکە حازربێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچی پێداویستی لۆجستیتان دەوێ پەرلەمان و دیوانی پەرلەمان حازرە خۆتان تەنزیم بکەن، بۆ نمونە ئەتانەوێت شەمە بڕۆن بۆ ئەوەی ئێمە حازرکاریتان بۆ بکەین و لەگەڵ ئیدارەکان قسە بکەن، سوپاس کاك بهمن دەست خۆش.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك دەرفەتم بدەیە وەك سەرۆکی لیژنەی شەهیدان، ئەگەر دەرفەتێکم بدەیەی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئاخر قسەت کرد کۆبوونەوەکە بەس بۆ ئەوەیە خۆتان تەنزیم بکەن، شەمە بڕۆن یەعنی ڕۆژێك تەحدید بکەن بۆ سەفەر، ئەگەر خۆتان هەمووتان لەسەر ڕۆژی شەمە موتەفیقن تەواو بەس بۆ ئەوەیە.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەو پێشنیارە بکەم، ئێمە سبەی کۆبوونەوەی لیژنەی شەهیدانمان هەیە، من پێم باشە ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە دەست نیشانکراون لە کۆبوونەوەی لیژنەی شەهیدان بەشداربن، بۆ ئەوەی هەموومان ڕێك بکەوین چۆن بچین، چونکە وەکو ئەو زانیارییانەی بە ئێمە گەیشتووە دەبنە دوو لیژنە ئەو لیژنانە لە کۆبوونەوەی لیژنەی شەهیدان دابەش بکەین و سەردانەکانمان دەست پێ بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیانی عوتڵەیە خۆت ئەزانی بەڕێزت دەزانی.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام ئێمە هەمیشە کۆبوونەوەکانی خۆمان کردووە لە پێنج شەمە، یەعنی گرفت نەبووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە لە ناو خۆتاندا ڕێك بكەون، ئەركێكی ئەوەندە قورس نییە دابەش ببن بەسەر دوو لیژنەداو هەندێك بچن بۆ چەمچەماڵ، هەندێكیشتان بچن بۆ گەرمیان، بەڕێزان ناوەكان دەخوێنمەوە كە بۆ ماددەی چوار قسە دەكەن هەر بەڕێزێكم نەنووسیبێت (د.محی الدین، د.شێركۆ، د.اسماعیل، مامۆستا عمر، مەم برهان، سەر چنار خان، بدریە خان، گوڵستان خان، كاك بەڵێن، كاك رزگار، كاك عثمان سیدەلی، كاك ملا ناصر، شیرین امین، د.شایان، كاك بهجت، ژیان خان، لنجە خان، كاك هڵكەوت، كاك هیرش، كاك یاسین، كاك شیخ ظاهر، كاك ایدریس، سوسن خان، لیزا خان، مامۆستا نجات، كەسە هەیە نەمان نوسیبێت كاك بهمن) تەواو فەرموو د.محی الدین.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو پێبژاردنانەی لە هەرسێ بڕگەكەدا هاتووە كە مەرجەكانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگەو كۆنترۆڵی جۆری پێشێڵ دەكاتن، سەرپێچیەكە زۆر كەمە پێبژاردنەكان زۆر كەمە، پێم وایە من لەگەڵ ئەوەم بكرێتە سێ بەرامبەر لە هەرسێ بڕگەكەدا كە لە دەقی ئەو ماددەیەدا هاتووە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) یەكەم: كۆمپانیاكانی هاوردەكردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەكان بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بە مەرجەكانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگەو كۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن، ئەگەر پابەند نەبن وێرای ئەو سزا ماددییانەی كە دانراون پێشنیار دەكەم كە ئەو كۆمپانیایانەی مۆڵەتیان لێ وەر بگیرێتەوە، هەروەها بە تاوانی ژەهراویكردنی كۆمەڵگەش دادگایی بكرێن و سزا بدرێن بە شێوەیەك جارێكی تر نەتوانن لە ژێر هیچ ناوێكی تر خۆیان تۆمار بكەن و مۆڵەتیان پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بە ناوی خوای گەوورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) پێبژاردنەكان لە بڕگەكانی (٢ و ٣ و ٤) زیاد بكرێ بە دوو بەرامبەر، لەبەر ئەوەی تا سزا زیاتر بێ سەرپێچی كەمتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شيرين امين عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم ئەتوانین بڵێین زۆربەی کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمە نەوتییەکان مەرجەکانی تەندروستی سەلامەتی پاراستنی ژینگەو کۆنترۆڵی جۆری بەداخەوە کە پابەند نابن، بۆیە بە دیدی من بۆ خاڵی دووەم ئەو سەرپێچیە سزایانەی کە هاتووە بە کەمی دەبینم، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو سەرپێچیانە زیاد بکرێ لە (٥٠) ملیۆنەوە بۆ (١٠٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گلوستان سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە پێشنیار دەکەم لە دوای ئەوەی کە وشەی پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند بوون بەو خشتەیەی کە پاشکۆی ڕێنمایە تایبەتەکان بە خەسڵەتە جیهانییەکانی بەرهەمە نەوتییەکان پابەند دەبن ئەوە زیاد بکرێت، سەبارەت بەوەی کە لە خاڵی چوارەما هاتووە ئەڵێ ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بڕی (١٥٠) ملیۆن دینار زیاتر بوو، ئەوا بە دوو بەرامبەری قازانجەکە سزای پێ بژاردنی بەسەردا دەسەپێندرێت، من پرسیارم لە لیژنەی بەڕێزی پەیوەندیدار هەیە بڕی ئەو قازانجە چۆن دیاری دەکرێت بۆمان ڕوون بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدريە خان.

**بەڕێز بدريه اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی چوار بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەم کە باس لە سزا دەکات ماددەکانی پێشووش بە دوای هەر ماددەیەکدا سزا یاسایەکانی هێناوە، بە ڕای من پێویستە هەموو حوکمە سزاییەکان کۆ بکرێتەوە لە ماددەیەکی پێش کۆتایدا بنووسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم لە خاڵی یەکەم دەستەواژەی لە کۆتاییەکەی دەستەواژەی بە پێی پێوەرە نێو دەوڵەتییەکان لەم بوارانەدا زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی بزانین کەوا مەرجەکان بە چ پێوەرێک ئیعتمادی لەسەر دەکرێ.

لە خاڵی دووەم سزاییەکان زیاد بکرێ باشترە و هەروەها ئەو بەرهەمە نەوتییانەی کە مەرجەکانی تەندروستیان تێدا نییە دەست بەسەردا بگیرێت، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ بە مەرجی چارەسەرکردن، ئەگەر چارەسەر نەکرێ لە ناو ببرێت.

له خاڵی سێیەم لە کاتی دووبارە بوونەوەی پێشڵکارییەکان جگە لە سزای دارایی و ڕێگریکـردن لە کارکردن لەم بوارە سزای زیندانیکردنیشیان بۆ زیاد بکرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــادام وەك هەڤاڵانمــان لە لیــژنەی تایبەتمەنــد ئاماژەیــان پێــدا یەکێــك لە هۆکــارە هەرە سـەرەکییەکانی تووشـبوونی هاووڵاتیـان بە نەخۆشـیە درێژخایەنەکـان پیسـبوونی ژیـنگەیە، بە بۆچـوونی مـن هەر جـۆرە سـەرپێچیکردنێك حوکمەکـانی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە لەلایەن کۆمپانیاکانی هـاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان ئەوە دەگەیەنێـت، ئەوانە یـاری بە گیــانی هاووڵاتیــان دەکەن، بــۆیە پشــتگیری ئەو هەڤــاڵانە دەکەم کە پێشــنیازی ئەوە دەکەن پێبژاردنی سزایەکە دوو ئەوەندە بکرێ، هەروەها پشتگیری خـاتوو لەنـجە خـان دەکەم بـۆ خـاڵی یەکەم کە پێوەری نێو دەوڵەتییەکان زیاد بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم، بڕگەی چوارەم هەموومان دەزانین قـازانجی هـیچ کۆمپانیـایەك نەوت شـەفاف نییە تا بتوانن بە گوێرەی قـازانج بەسـەر ئەو کۆمپانیـایە بسـەپێنن، ئەگەر بە گـوێرەی وەرگرتنـی باج بێت وەرگرتنی باجیش بە هەمان شێوە، وەرگرتنی بـاج بەشـێوەی تەقـدیریە سـەپاندنی سـزا بە شـێوەی تەقـدیری لە بەرژەوەنـدی کۆمپانیـاکە دەبێـتن، پرسـیارم لێـرە ئەوەیە چـۆن دەزانـن داهاتی ئەو کۆمپانیایە چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ب ماددێ (٤) خالا چارێ ئەگەر قازانجی کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بـڕی سـەد و پەنجـا ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوا بە دوو بەرامبەر قازانجەکە سزای پێبژاردنـی بەسـەردا دەسـەپێنرێت، لێرە مادام قازانجێ دکەت تڤیا چار جارا بەرامبەر بیت نە دوو جـارا، چـونکی قازانجـا وی گەلەکە و سەد و پەنجا ملیۆن دینارن بەدەل دوو بەرامبەر ببیتە چار بەرامبەر ب دیتنا من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینـیم لەسـەر بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە هەیە، لێـرە بـاس لەوە دەکـات کە کۆمپانیاکـانی هاوردەکردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بە مەرجەکـانی

تەندروستی وسەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن، ئایا مەبەستیان لە کام مەرجە؟ چونکە هیچ مەرجێك لەم یاسایە باس نەکراوە، سەرەڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان کە ئەمە پێشنیازە یاسایەکی گرنگە وئەگەر بچێتە بواری جێبەجێ کردن دڵنیام کە بەرهەمێکی باشی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچ گرنگیان بە لایەنی ژینگەیی نەداوە بە گوێرەی پێویست، پێم باشە لێرەدا مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند بوون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەستەی پاراستنی ژینگە و وەزارەتی تەندروستی تێدا زیاد بکرێت، نازانم ڕەئی لیژنەی تایبەتمەند چۆن دەبێت، پێویستە ئەمە زیاد بکرێت، هەر چەندە چەند هەڤاڵێکیش لێرە باسی کرد بە تایبەتی کاك لقمان لە ماددەی پێشوتر باسی کرد کە دەبێت دەستەی پارێزگاری کردن لە ژینگە زیادبکرێت بە پێی ئەوەی کە بەرهەمە نەوتییەکان لەو فاکتەرانەن کە گەورەترین مەترسیان بەسەر ژینگەوە هەیە بە تایبەتی ژینگەی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو، کە تەواو بوو ئەو موقتەرەحاتانەی هەیانە ئەوەی هەر دوو لیژنە موتەفیقن لەسەری پێمان بڵێن، بەڵێ کاك دکتۆر.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، پشتەڤانیا وان بۆچوونا دکەم ئەوێت بێژن دڤێت سزا زێدەتر لێ بن دا بیتە پاش ڤەبرنەکا حەقیقی یەعنی زێدە ببیت جارەك بیت دوو جار بیت بێتە زێدە کرن ئەڤە تێبینییەك، تێبینییا دوویێ ئەز یێ ل گەلم ماددێ (٥) ببیتە بڕگەی پێنجەم لەو ماددەیە، پاشی لەویش تێبینی خۆم دووبارە دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك دکتۆر، مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کۆی ماددەکان منیش ئەو پێشنیارەی کاك دکتۆر اسماعیلم هەیە، کە ماددەی پێنجەم ببێتە بەشێك یا بڕگەیەك لە ماددەی چوارەم، بەڵام یەك بڕگەی تریش ئیزافە بکرێت، چونکە یاساکە زۆر زۆر گرنگە و بابەتێکی هەستیار کە کێشەیەکی گەورەیە چارەسەری دەکات و ڕێکی دەخات ئەویش ئەوەیە بە ڕوونی ئەو وەزارەت و دەستانەی کە دەبێت ڕێنمایی دەرکەن مەرجەکان بچەسپێنن بنووسرێت و ئاماژەی پێ بدرێت، واتا وەك چۆن نووسراوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و نەوترێت وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان، من یاسام بینیوە شتی لەم جۆرەی تێدایە بە دە ساڵ ئیهمال کراوە ڕێك بە ڕوونی بنووسرێت مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی، دەستەی ژینگە مەسەلەن بەرگری شارستانی، بە ڕوونی دیار بێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن ئەوە یەك، دووەم هەر ڕاستکردنەوەیەکە لە بڕگەی سێیەم دەڵێت لە حاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی دووەم، لە بڕگەی

دووەم باسی پێبژاردن دەکات دیارە مەبەستیان بڕگەی یەکەمە ئەگەر بەڕێزانی لیژنە ئاگادار بن تەنها ڕاستکردنەوەیە ئەو وشەی دووەمە بکرێتە یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ڕاستە، کاك یاسین نەهاتۆتەوە، کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) یەکەم کۆمپانیاکانی هاوردە کردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنتڕۆڵی جۆری پابەند دەبن، ئەو کۆمپانیانە کە هاوردە دەکەن لە ڕاستی ئەوانە بەنزینیان نادەنێ ئەو مەوداانە دەدەن کە مەوادی خەتەرە وە ئەو مەوادانەی رەسیدیان پێ دەدرێت، هەندێك کۆمپانیا هەیە هەتا ئەوەشیان قۆرخ کردووە رەسیدیان پێ دەدرێت ئەو رەسیدانەی تەنی دەدرێت بە (٧٥) دۆلار دوو کۆمپانیا کە بەرپرسی شەریکەی تێدایە، زانیاریمان هەیە ئەمانە رەسیدەکان وەردەگرن وە دەیدەنەوە بە کۆمپانیای تر، لەوەش سەعرەکە گرانتر دەکات لە بازاڕ دا، بۆیە وەکو پێشتر وتم ئەومەوادانە مەوادی خەتەریشن دێن بەنزین دێن لەگەڵ ئەوەی کە هەیە لێرە تێکەڵ دەکرێت و هیچ کوالێتییەکی باش نییە، وە سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی دووەم هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی کە لە (٥٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، من کۆمپانیا دەناسم کە بەرپرس لێوە نزیکە لە مەرزی پەرویزخان رۆژانە بەس ئەو مەوادەی کە دەهێنن بۆ دروست کردنی بەنزین رۆژانە (١٠٠٠٠٠٠٠) سەد ملیۆن دینار قازانج دەکات، یەعنی ئەوەشی کە دانراوە بۆ ئەوەی کە سەرپێچی بکات ئەم سەرپێچییە زۆر کەمە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە (٢٥٠٠٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عثمان سێدەری فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) بڕگەی یەکەم پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا عومەر گوڵپی و هەروەها گولیزار خان و کاك لقمان دەکەم، وە بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەمیش پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەلا ناصر و ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە دوو بەرامبەر ئەو نرخانە زیاد بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆرە شایان فەرمووو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی هاوڕێی بەڕێزم کاك رزگار دەکەم، هەروەها سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی یەکەم کە دەڵێت مەرجەکانی لەوێ مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی و سەلامەتی و یاسایی پاراستن و چاککردنی ژینگە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٤) بـڕگەی دوو سـێ و چـوار بە تێکـڕای بڕگەکـانی پێشـنیار دەکەم هەر کۆمپانیـایەك سزاکان گرتبیەوە ئەوا لە ڕۆژنامەکـان و ڕاگەیانـدنەکان نـاوی کۆمپانیـاکە و خـاوەنی کۆمپانیـاکە بوترێت بڕی سزاکەش ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کارگانەی سوتەمەنیان لێ کڕیوە جارێکی تـر لێی نەکڕن، ئەوە خۆشی لە خۆیدا سزایەکی ترە، خاڵی دووەمم پشتگیری قسـەکانی لەنـجە خـان دەکەم بۆ دوو هێندە سزاکان بکرێت لە هەموو ماددەکان دا، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتیوانی لە لەنجە خان و کاك دکتۆر اسماعیل دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) یەکەم کۆمپانیا هاوردە کردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە پێی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بە مەرجەکانی سەلامەتی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن، مـن پێشـنیاز دەکەم بەم شێوەیە لێ بکرێت مـاددەی (٤) بـڕگەی یەکەم پێویسـتە کۆمپانیاکـانی هاوردەکـار و پێکهـاتە نەوتییەکـان بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بە مەرجەکـانی سـەلامەتی و پاراسـتنی ژیـنگە و کۆنترۆڵی جۆری و ستاندارده جیهانییەکان پابەند بن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسـانەوە لەم مـاددەیەش هەر باسـی سـزاکان کـراوە بە ڕەقەم، لەم یاسـایە هەمـووی ئەوەی کە باسـی ڕەقەم بێـت بـۆ سـزا لە بەرژەوەنـدی کۆمپانیـا سـەرپێچی کـارە سـەدا سـەد، یەعنـی هەیە مرۆڤ دەکوژێت، هەیە ژینگە پـیس دەکـات، هەیە کشـتوکاڵ تێـك دەدات، هەیە ئـابووری هەرێـم دەشـێوێنێت یەعنـی ئەمـان، ئـێمە یاسـایی عقوباتمـان هەیە یاسـایی کـار پێکراومـان هەیە، مـن دەقـێکم حـازر کـردووە پێشـنیاری دەکەم بـۆ بەڕێـزان، بـۆ ئەوەی کە ئەم دەقە ببێـتە بەدیـل کە دەڵێـین تەقـدیرەکە یەعنـی ناکرێـت ئـێمە بڵـێین بـا (٧٠٠٠٠) حەوت سـەد هەزار بێـت وە دواتـر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەگەر عـوملەکە گۆڕا تەقـدیری بکـات و بێنێـتە جێگەی عـوملە داهاتی ڕۆژێکـی ئەو بە قەدەر هەمـوو عقوبـاتی ئەم یاسـایە بە چەنـد ئەوەندەشـەوە، لەبەر ئەوە

دەقەکە مـن ئـاوا پێشـنیاری دەکەم، دەڵێـت هەر کۆمپانیـایەك سـەرپێچی بکـات سـزا دەدرێـت بە خەملاندنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ زیانە لـێ کەوتووەکـانی ئەو سـەرپێچییە لەسـەر ژیـانی هاونیشـتیمانیان، ژیـنگە، کشـتوکاڵ و ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی یاسـا کـار پێکراوەکان، یەعنی ئەگەر تەسەببی کرد بە قەتل یاسا کارپێکراوەکان لە جـورمی قەتـل دەڵێـت چـی ئەوەی ئەوە کە هەیە، ئەگەر سـەبەبی کـرد بە پـیس کردنـی ژیـنگە یاسـا کارپێکراوەکـان چ سزایەکی دەدەن ئاوا، هی کشتوکاڵ بە هەمان شێوە، ئەم دەقە بە بڕوای من زۆر کاریگەرترە وەك لەوەی کە بڵێین سەد ملیۆن یا حەوت سەد ملیۆن یا هەر ڕەقەمێك کە بۆ کۆمپانیا کـار کراوەکـان لەو بـوارە هـیچ نیـیە بەڵکـو لە سـاڵحیانە و پێشـیان خۆشـە ئەو ڕەقەمە لە یاسـاکە هەبێـت وە ڕێشیان لێ ناگرن ئەم ڕەقەمانە ڕێ لە کۆمپانیاکان ناگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەم فەرموو، وەرەقەیان بۆ بنێرە.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ماددەی (٤) تەنیا دوو دێڕی یەکەم بمێنێت، بـڕگەی یەکەم لابرێـت، بە نسـبەت بـڕگەی دووەم، سـێیەم، چـوارەم بەم شـێوەیە لـێ بکرێـت دیسـان دووەم وسـێیەم و چـوارەم بگوازرێنەوە بۆ ناو سزاکانی ماددەی دووەم وە بڕگەی دووەم بەو شێوەیە لـێ بکرێـت ئەو کـاتەی کە دەگوێزرێتەوە، هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی چـوار بکـات بە پێ بژاردنێکی دارایی سزا دەدرێت بەم جۆرە خاڵی یەکەم لە (٥٠٥٠٠٠٠٠٠) پێـنج سـەد و پەنجـا ملیۆن دینـار، سێیەم بـڕگە ببێـتە خـاڵی دووەم، بـڕگەی چـوارەم ببێـت بە خـاڵی سێیەم سـەر بە یەکێك لە بڕگەکان بێت بگوازرێتەوە بۆ ناو سزاکان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم تۆ قسە بۆ لیژنەکان دەکەیت.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

هەر دوو سـەرۆکی لیـژنە مەشـغوڵ بـوون، وازحە کـاك بـژار؟ ئەو تەوزیـحەش بـدەم ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کاك بژار جەنابی پێشتر باسی کرد کە وتی پێنج دەقەی ئەخیری ئێمە لە کۆبوونەوەکە دا ئەوەمان کـرد، بە رایـی مـن پێویسـتە بەو شـێوە لـێ بکرێـت وە دەوڵەمەنـدتر دەکرێت وە چڕتریش دەکرێتەوە لەناو یەك ماددە دا زیاتر لە ڕوویی فۆڕمەوە خزمەتی پێشـنیازە یاساکە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو چوار بڕگەیەی کە هاتووە بڕگەی یەکەم ئەو پابەندییەی دیار نەکردووە کە کێ ئەو پابەنـدییە دەکـات لەبەر ئەوەش مـن لەگەڵ ئەو رایەم مـاددەی پێـنج بکرێـت بە بـڕگەی ئەخیـر لە مـاددەی چـوار، خـاڵی دووەم ئەو میعیـارانە کە زۆر باسـی لێـوە دەکرێـت هەسـت دەکەم دەقیـق نـین لە

سزاكان، خاڵێكی تریش لیژنەی یاسایی یەعنی ئەم پرسیارەم هەیە ئایا ئەم سزایانەی كە دانراون ئێمە سێ نەوعمان هەیە لە قانونی عقوبات (جریمة منحة والجسامة) موخالەفەمان هەیە جونحمان هەیە جنایاتمان هەیە بە پێی ئەو قسانەی كە لیژنەی یاسایی دەیكات ئەمە ئەگەر لە بابی موخالەفات دا بێت یەعنی پێچەوانە دەبێت، چونكە مادده (٢٧)ی قانونی عقوبات ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەڵێت موخالەفە دوو سزایی هەیە حەپسی بەسیت كە لە بیست و چوار سەعات تا سێ مانگ لەگەڵ غەرامە لە (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار زیاتر نەبێت، تۆ بە دوو سەد ملیۆن و سێ سەد ملیۆن دابنێی ناكرێت جەسامەكەی موخالەفە بێت، یەعنی سروشتی جونحی هەیە، دوایی لە ماددەی (٨) زیاتر تەوزیح دەدەم، چونكە دەچێتەوە سەر ئەو بابە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە جەزائاتی ئیدارییە، ئیدارە فەرزی دەكات نەك مەحكەمە، سەرپێچیش لێرە بە مانایی موخالەفە نایەت لەو تەدەروجەی كە لە قانون هەیە (المخالفة والجنح والجناية) ئەو دەلالەتەی نییە ئەمە جەزائاتی ئیدارین ئیدارە فەرزی دەكات بە بێ گەڕانەوە بۆ مەحكەمە، موشكیلە نییە لەوەی ئیزافەیەكت هەبێت، كاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیارەكێ دكەم بۆ لیژنا پەیوەندیدار و لیژنا یاسایی، سەبارەت ماددێ (٤) یا ماددەیەكی نی ئیزافە بكەنە سەر یان ژی بڕگەیەكا نی ئیزافە بكەن كە كەرەستێن كیمیایی ناڤ ڤێ یاسایی دا هەمیێ نەهاتینە پێناسە كرن كا چنە، هندەك كەرەستێت كیمیایی یێت هەین بۆ نمونە وەكی قورقوشم ئەڤ پێكهاتێت وێ بنە سەبەبێ هندێ كە سەرەتان پەیدا ببیت و ماددەكێ گەلەكێ مەترسیدارە وە پتر بۆ هندێ تێكەلی بەنزینی دكەن كە شكلی وێ جوان بكەت وە هیچ تشتەكێ دی تێدا نینە، بەر هندێ پێشنیار دكەین ئەڤ كەرەستێ كیمیایی مەسەلەن وەكی رساسی هەر نیهائیەن بێنە مەمنوع كرن، یەعنی هاوردە نەهێنە كرن بۆ هەرێما كوردستانێ یەعنی نەداخل بن، هندەك كەرەستێن دی یێت كیمیایی یێت هەین كە تێكەلی بەنزینی وانا دكەن بۆ نمونە ئارۆماتیك و ئۆلیڤن و ئەڤانا وەزارەتا سامانێت سروشتی رێژێ دیاركری بۆ ڤان عەمبارا و بەنزینخانا دانێتن كە ل گۆرەی وان تەعلیماتا سەرەدەریێ گەڵ بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك بهمن فەرموو.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من لە ماددەی پێشتریش ئەو پێشنیارەم كرد كاك عەلی دیارە بە هەڵە تێگەیشت وتی لە ماددەی دوایی ئەوە هەیە بەس نییە شتی وا، من باسی كۆگاكانم كرد یەعنی باسی كۆمپانیاكانی هاوردە كردن و فرۆشتنم نەكرد، ئێوە لە ماددەكانی پێشتر ئاماژەتان بەوە داوە كە كۆمپانیای تر دەتوانێت كۆگا دابمەزرێنێت جگە لە كۆمپانیاكانی هێنان و فرۆشتن، من باسی ئەوەم كرد لە كۆگاكان ئەوانەی كە كۆگایان هەیە لەوێ غەش دەكرێت و لەوێ ماددەی كیمایی

تـری تـێ دەکرێـت کـوالێتییەکەی دەگۆڕێـت، کـاك عەلـی وتـی لە مـاددەی دواتـر هەیە نەبـوو ماددەکـانی دوایـی ئەویشـم خوێنـدەوە تێیـدا نییە، دوایـی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە مـن پێشـنیار دەکەم کۆمپانیکـانی هـاوردە کـردن و فرۆشـتنی بەرهەمە نەوتییەکـان و کۆمپانیاکـانی کۆگـا کردنـی بەرهەمەکـان مەرجەکـانی تەندروسـتی و سـەلامەتی و پاراسـتنی ژینـگە بپـارێزن، چونکە لێرەش دیسان باسی کۆمپانیاکانی کۆگا کردن ناکـات، حەز دەکەم لێـرە تێبینیـیەك بخەمە روو زۆر جار بە ئاماژە باسـی شـتێك دەکرێـت مـن دەگەڕێـمەوە بـۆ چەنـد مانـگ پـێش ئێسـتا کە یاسایی ڕێکلامان دەرکرد لێرە پێشنیارم کـرد کە زمـانی کـوردی بکـرێتە مەرج لە یاسـایی ڕێکـلام وتیـان یاسـایی تـر هەیە باسـی زمـان دەکـات کەچـی لەو ڕۆژەی یاسـاکە دەرچـووە ڕێکـلام لە بازاڕەکـان بە تـورکی و عەرەبـی لە کـوردی زیـاترە، هیـوادارم ئەمجـارەش هەر بەو ئامـاژەیە تێنەپەڕێت بە ناو ناو بهێنرێت کۆمپانیاکانی کۆگا کـردن ئیلـزام بکـرێن بـۆ ئەوەی لە کـوالێتییەکە غەش نەکەن بە ماددەی تر وە ئەو مەرجە تەندروستیانەش بپارێزن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٤) بە رایی من ڕۆحـی ئەم پێشـنیازە یاسـایە وە گرنگییەکـی تـایبەتی هەیە، کـاتی خۆشـی کە سـەرۆکی دەسـتەی چـاککردنی ژیـنگە لە هەرێمـی کوردسـتان هـاتە لیـژنەی سـامانە سروشتییەکان بەڕێزان لە لیـژنەی تایبەتمەنـد شـەڕحیان کـرد کە ژینـگەی ئەم ووڵاتە لە ڕێـی ئەم هــاووردە کــردن و فرۆشــتن و مــامەڵە کــردن بەم مەوادانە لە چ کارەســاتێکی گەورە دایە بە راسـتی، لەبەر ئەوە بە راسـتی مـن پـێم سـەیرە ئـێمە بـۆ ڕێگەمـان داوە بە حـاڵەتی دووبـارە بوونەوەی سەرپێچی کردن، بۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم مـاددەی (٤) بـڕگەی یەکەمـی وەکـو خـۆیی بمێنێـت بـڕگەی دووەم و سـێیەم و چـوارەم بکـرێتە یەك بـڕگە، هەر کۆمپانیـایەك سـەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بکات بە پێ بژاردنێکی دارایی بە بـڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پێـنج سـەد ملیـۆن دینـار غەرامە دەکرێـت و مـۆڵەتی کـار کردنـی لە هەرێمـی کوردسـتان لـێ دەسـەندرێتەوە، یەعنـی بـۆچی دەرفەت بـدەین موخـالەفە بکـات سـزایەکی کەمـی بـۆ دانـراوە جارێکی تر بێـتەوە هەمـان ژیـنگە و هەمـان ئەو ڕێکـارە تەندروسـتییانەی کە هەیە و هەمـان ئەو مەترسییانەی کە لەسەر ژینگە و تەندروستی هەموومـان هەیە جـارێکی تـر دووبـارە بکـاتەوە بـۆ غەرامەیەکی زیاتر، لەبەر ئەوە بە تکـا داوا دەکەم کە هەر دوو لیـژنەی تایبەتمەنـد بە ئیعتیبـارەوە خاڵی دووەم حاڵەتی دووبارە بوونەوەکە وەربگرن وە بە هیچ شێوازێك ڕێگە بە حاڵەتی دووبـارە بوونەوە نەدەن لەگەڵ سـەرپێچییەکە بڕیـاری کۆتـایی هێنـان بە ئەرکی ئەو کۆمپانیـایە بـدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەی (٥)، فەرموون تەوزیح بدەن

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٤) فەقەرە چوار گولستان خان تێبینییەکی هەبوو کە کێ لە کێ دەزانێت کۆمپانیاکان قازانج دەکات، ئەوە لیژنەی تەحقیق هەیە ئەو پێی هەڵدەستێت، سەبارەت بە تێبینی لیزا خان و کاك بهجت ئەوە لە ماددەی (١) فەقەرە دوو ڕێنماییەکان دیاریکراوە بە وازحی دیاریکراوە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەو دیار بکات، هەروەها سەبارەت بە تێبینییەکەی دکتۆر شێرکۆ بە پێی قانوونی عقوباتی عێراقی سزا و غەرامە دەبێت لە یاسا دیاری بکرێت، سەبارەت بە تێبینی کاك بهمن لە ناونیشانی یاساکە دەڵێت پێشنیازی یاسا هاوردە کردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لێرە دا موعالەجە کردنی ئەو بابەتە دەکرێت نەك هی عەمبارەکان، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، فەرموو کاك سەرکۆ.
**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دوو تێبینیمان هەبوو لەسەر پەرلەمانتارە بەڕێزەکان کە پێشنیاز دەکەن، هیوادارم بۆ ئەوە نەبێت کە تەرح بێت، ئەگەر بتوانن بە نووسین بینێرن بۆ لیژنەکان وە لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی پەیڕەو پێویست دەکات دوو ئەندامیش پشتیوانی بۆچوونەکەی بکەن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە ناو ڕاپۆرتەکە جێگەی بکەینەوە بۆ دەنگدان، وە یەکێکی تر کە پەیوەستە بە حاڵەتی سەرپێچییەکان، ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ ئەوە داین کە بۆ ئەم سەرپێچییانە غەرامەکان زیاد بکەین، بۆیە پێویست دەکات بە نووسراو بدەن، یەکێك لە کێشەکان کە ڕووبەڕووی بواری کۆمپانیاکان دەبنەوە بە تایبەتی لە بواری سەرپێچی کردن ئێمە لە ناو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لیستێکی ئێگجار زۆرمان هەیە کە کۆمپانیا خراوەتە لیستی ڕەشەوە وە داخراوە، هەمان کەسایەتی چوونە کۆمپانیایەکی تری دروست کردۆتەوە بۆئەوەی بتوانێت ئیش بکاتەوە، ئەوە یەکێکە لەو کێشانەی کە ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە بە لایەنی کەمەوە بتوانین ڕێگری لێ بکەین لەو حاڵەتانەی کە دووبارە دەبێتەوە لە ڕابردوو دا، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس، کاك عەلی فەرموو.
**بەڕێز علی حمە صاڵح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
زۆربەی پێشنیازەکانمان تەقریبەن جێ کردۆتەوە بەو شێوەی خوارەوە بە پوختی، کۆمپانیاکانی هاوردە کردن و عەمبار کردن دوایی جێی دەکەینەوە دوایی هاوردە کردن، چونکە کێشە لەوێ دروست دەبێت و ڕەبتی بە ژینگەوە هەیە ..
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەوە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی یاسایی تەنسیقتان کردووە؟

**بەڕێز علی حمه صاڵح:**

گفتوگۆمان کردووه بەڵێ، هەم بۆ ئەوەی لیزا خان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەوەی بەڵێن بە قاعە دەدەن دەبێت قسە بکەن.

**بەڕێز علی حمه صاڵح:**

هەندێك بەڕێز هەر چەند دەڵێن بە پێی ستاندارد و کۆنترۆڵی جۆری وشەی ستانداردی بۆ زیاد دەکەین هیچ موشکیلەی نییە، ئەوەی دووەمی ڕاستە بکەینەوە یەکەم ئەو پێشنیازە ئێمە وەکو لیژنەش لەگەڵ برادەران مناقەشەمان کرد سزای وەرگرتنەوەی مۆڵەت و دەست گرتن بە سەر کەل و پەل و مومتەلەکاتەکانیان گرنگە، چونکە تەنیا مۆڵەت گرنگ نییە بەم کۆمپانیاوە لێی وەرگرە و بە یەکێکی تر داخڵ دەبێت، بەڵام کە دەست کرا بە سەر مومتەلەکاتەکان وە بۆ سزایی دادوەری و سجن و حەپس تەبعەن ئەوە ئیشی وەزارەت نییە ئیشی دادگایە سجن بکرێت ئەوە لە ماددەی (٨) ئەگەر بڕۆنەوە سەری باسی دۆسیەی دادوەری و دادگا و ئەو جۆرە ئیجرائاتانە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك بژار...

**بەڕێز علی حمه صاڵح:**

دکتۆر شێرکۆ دەتوانین ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین بە مەرجێك لەم بڕانە کەمتر نەبێت، چونکە بۆ مەجال نەدەین بۆ دوو فەرمانبەر دەڕوات لە بری ئەوەی بلێت زەرەرەکەی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن بووە دەڵێت (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار بووە واتا ڕەقەمێك داگیر بکەین دیاری بکەین بۆ ئەوەی کە ئیش بکەین پێکەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێك تەواوە، یەعنی لە کەمترین بڕی هاتوو لە کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی مەجالی ئیجتیهاد و تەخمینی لابەلایی تێدا نەبێت ئەوەی تری ئیعتیادییە، کاك یاسین دەتەوێ قسە بکەی؟ قسە بکە.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم لێرە نەبووم، بە نیسبەت ماددەی (٤) خاڵی یەکەم باسی سزادان دەکات من قەناعەتێکم هەیە مرۆڤ بە پارە ناکڕدرێت لە سین ئەگەر بە بیرتان بێت کۆمپانیایەك تەنها ماددەی حافزی زیاد لە ناو شیری منداڵان کردبوو خاوەن کۆمپانیاکە ئیعدام کرا، یەعنی کابرایەك بێت ژەهر بە ناو هەموو کوردستان وەر بکات، ئێستا ئەگەر ئێمە بەراوردێك بکەین پێش ڕاپەڕین و دوایی ڕاپەڕین ڕێژەی سەرەتان لە کوردستان چەند زۆرە، یەعنی ماڵ نییە تێیدا نەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر ئەسڵەن غەرامە نەبێت بەڵکو یا سزایی هەتا هەتایی بکرێت ئەو خاوەن کۆمپانیایە یان ئیعدام بێت، یەعنی ئەوە لەسەر ژیانی هەموو هاووڵاتییەکە من بۆ خۆم نا نەوەکەی من، جا ئەگەر برادەران پشتگیریم بکەن مەمنونیان دەبم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥) بخوێننەوە.

**بەرێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی پسپۆڕی خۆیان چاودێری پابەند بوونی کۆمپانیاکان بەو مەرج و خەسڵەتانەی لەم یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان هاتوون لە ئەستۆ دەگرن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لە سەر ماددەی (٥) قسەی هەیە، بەڵام ئەوە بەڕێزانەی کە وتبووتان ئیزافە بکرێت بۆ ماددەی (٤)، ئەگەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە با قسە نەکەن، چونکە گەیشتۆتە لیژنە، (کاك مەم، کاك شێخ ظاهر، کاك دکتۆر زانا، مامۆستا نەجات) کاك دکتۆر زانا فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت لە سەر مەبادئێکی سحەی عامە قسە بکەین، چونکە پەیوەندارە بەو ماددەیە و ماددەکەی پێش ئەوەش کە بەڕێزان زۆر مناقەشەیان لەسەری کرد لە دێڕی دووەم دەڵێت بەو مەرج و خەسڵەتانەی لەم یاسایە، چونکە ئەمە یاسایی تەندروستی گشتی عێراقی بەرکارمان هەیە لە هەرێمی کوردستان زۆر بە وازحی لە ماددەی (٣) بڕگەکانی (٨ و ٦) باس لەو بابەتە دەکات یاسایی تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١)، بۆیە ئەگەر ئاماژەیەکی پێ بکەین لەو ماددەیە دا خراپ نابێت، چونکە لە ئەحکامی خیتامی ئەم یاسایە دا دەڵێت کار بە دەقی هیچ یاسایەکی تر ناکرێت بۆ ئەوەی نەبێتە بەربەست، ئێمە دەمانەوێت توندترین سزا هەبێت، بۆیە ئاماژە بەو یاسایە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر تەواوە، بەڕێزان ئەوەی بۆ زیاد بکەن لە یاسا بەرکارەکانی هەرێم ژینگەش دەگرێتەوە، سحەش دەگرێتەوە، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەرێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) وەزارەتی سامانەسروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی پسپۆڕی خۆیان چاودێری پابەندبوونی کۆمپانیاکان بەو مەرج و خەسڵەتانەی لەم یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان هاتوون لە ئەستۆ دەگرێت، من پێشنیار دەکەم سیاغەکەی بەم شێوەیە لێ بکرێت وەزارەتی سامانەسروشتییەکان وسیستەمی ناوەندی بۆ پێوانە کردن و کۆنترۆڵی جۆری هەرێمی کوردستان سەرباری وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان چاودێری و پابەندبوونی کۆمپانیاکان بەو مەرج و تایبەتمەندییانەی لەم یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان هاتوون لە ئەستۆ دەگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڵام دەستەی کۆنترۆڵ ئەوەی کە دەیڵێی بەشێکە لە وەزارەتی پلاندانان لێرەش نووسراوە وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان، بۆیە ناوهێنانی یەك دانە ڕەنگە ئیشکالمان بۆ دروست بکات.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

لایەنە پەیوەندیدارەکان باشترە لە دەستە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

نە دەڵێت وەزارەتی سامانەسروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان، تۆزێك فراوانتر و باشترە، سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٥) من پێشنیاز دەکەم کە ماددەی (٥) هەڵگیرێت لەگەڵ بڕگەی (٢) لە ماددەی (١) کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد لە یەك بدرێن لەگەڵ ماددەی (١٠)ی ئەم پێشنیازە یاسایە، جا لە ئێستا دا پێشنیازە داڕشتنەوەکە پێشکەش بکەم یا دەچین بۆ ماددەی (١٠) ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە (١٠) بە هەموو پێشنیارەکانتەوە پێشکەش بکە ئەوانەی کە دەتەوێت بە یەك جار.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

باشە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا نجاة فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هندەك ژ ئاخفتنێت من هاتنە گۆتن، بەس ئەز شێم هۆسا بقی لەونی بێژم ژبەر کو دەزگەهێ ناوەند یێ پیڤانێ و کۆنترۆڵا جۆری ل کوردستانێ نینە بەلکە ئەڤ یاسا ببیتە ئەگەرێ هندێ کو دەزگەهێ ناوەندێ پیڤانێ و کۆنترۆڵا جۆری هەبیت بقی شکلی ئەز راست ڤەدکەم، وەزارەتی سامانەسروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان، چونکی ل بەر هندێ کۆنترۆڵا جۆری رێڤەبەرییەکا گشتییە نە دەستەیە هەکە ل ڤێرێ رێڤەبەرییا گشتی دەستە پەیوەندیدارەکان و بەڕێوەبەرییە گشتییەکان زێدە ببیت دێ باشتر بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام لە کۆنترۆڵی جۆری بەشێکە لە وەزارەتی پلاندانان، یەعنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییە لەناو وەزارەتی پلاندانان رەنگە ئەوە فراوانتر بێت، بۆیە باشترە، ئەگەر ئیزافەتان هەیە بۆئەوەی بچینە مادده (٦)، ماددەی (٦) بخوێننەوە.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٦):

ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچوواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدرابوون بەردەوام دەبن لە چالاکییەکانیان و لە ماوەی (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی خستنە بواری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن و پێوەی پابەند دەبن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك علی خۆت قسەت هەیە؟ با ناوەکان بنووسین (هلز خان، کـاك دکتـۆر اسـماعیل، دکتـۆر شێرکۆ، کاك رزگار، کاك پێشەوا، کاك ادریس، کاك شێخ ظاهر، کاك مەلا وەیسـی، کـاك عەلـی)، کـاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٦) دەڵێـت ئەو کۆمپانیایـانەی پـێش دەرچواندنی ئەم یاسـایە مـۆڵەت پێـدرابوون بەردەوام دەبن لە چالاکییەکانیـان، بەڵام باسـی ئەوانەی نەکـردووە کە مـۆڵەت پـێ نەدراو بـوون، بۆیە ئەوانەشی کە مۆڵەت پێ نەدرا بـوون یـان خۆیـان بگـونجێنن یـا ئەوەیە دەبێـت دابخرێـت، دەبێت ئەوە ئیزافەی ماددەکە بکرێت، کاك عەلیش وابزانم دەزانێت بیریان چووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قەینا ئیزافەی کەن جەلسە بۆ ئەوەیە شتێکمان بیرچوو بوو ئیزافەی بکەیـن، دەسـت خـۆش کـاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) من پێموایە (٩٠) ڕۆژ کەواتا سێ مانگ زۆرە، لەبەر ئەوەی لە مـاددەی (١١) هـاتووە لەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت بۆ ئەوانیش هەر لەو کاتە جێبەجێ دەکرێت، پێموایە (٣٠) ڕۆژ واتا یەك مانگ بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەلا ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦) دوو تێبینیم هەبوو، تێبینی یەکەم کاك پێشەوا هەورامـی خسـتییە ڕوو، پشـتگیری ڕەئـیەکەی دەکەم، تێبینـی دووەمـیش نـازانم دەڵێـت ئەو کۆمپانیایـانەی پـێش دەرچـوونی ئەم یاسـایە مـۆڵەت پێـدرا بـوون بەردەوام دەبـن لە چالاکییەکانیـان، پێشـنیار دەکەم وشـەی لە چالاکییەکان ببێت بە بەردەوام دەبن لە کارەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەلی ئەخیر کەس قسە بکە و جوابی پەرلەمانتارانیش بدەوە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) ئەو کۆمپانیایانەی کە پێش دەرچووانـدنی ئەم یاسـایە مـۆڵەت پێـدرابوون بەردەوام دەبـن لە چالاکییەکانیـان و لە مـاوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتـی خسـتنە بـواری جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن، پێشـنیار دەکەم ئەو کۆمپانیایـانەی کە پێشووتر کاریان کردووە و ناویان لە لیستی ڕەش هەیە بە ڕاستی ئەمانە حەق نیـیە ئەمەیـان بـۆ بکرێتە یاسا و بەم یاسایە ڕێگری لەوانە بکات، چونکە ئەوانە خەڵکـانێکن لە ڕابـردوو دا خەڵکیـان

ژەهر خوارد کردووە، وەکو وتیشم پێشتر ئەمانە چەندین جار ڕەسیدیان کڕیوە خۆشیان ئیشیان لەسەری نەکردووە داویانە بە کۆمپانیای تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، تێبینیێن من ئەڤەنە، ئێك تەبعەنن چارەسەرییا هندێ کر ئەگەر مۆلەت هەبیت بەس ئەگەر مۆلەت نەبیت چارەسەر نەکر، ژبەر هندێ ئەز بێژم بیتە دوو فەقەرە، ئەو لایەنێت بێ مۆلەت ئێکسەر دابخرێن، چونکە ئەڤە چەندە بێ مۆلەت ئیش دەکەن چەند سەرپێچی هەنە وچەند زەرەر و زیان کردییە ئێستا بلێین وەرن خۆ چارەسەر بکەن، ئەمە تێبینی یەکەم، تێبینییا دوویێ بێژیت ئەم یاسایە دەگونجێن وە پێوە پابەند دەبن، دەبێت بلێین (في حالة عدم معالجة وضعهم وفق هذا القانون) یەعنی ئەگەر د وی دەمی خۆ نەگونجاند مۆڵەتیان هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك بژار، ئەگەر ئەو تێبینییە پێتا تەبەنی کرا، ئەگەر ئیلتیزامیان نەکرد، مناقشەیەکی خۆتان بکەن، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ئیزافا هەنێ لێ بێتە کرن ئەگەر پابەند نەبوون مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێتەوە، ژبەر هندێ ئەز پشتگیرییا بەڕێز مەلا ویسی و کاك پێشەوا و دکتۆر اسماعیلی دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داخستنی ئەو شوێنانەی کە مۆڵەتیان نییە کە خۆی مەفروزە وەکو تەحسیل حاسڵە بکرێت بە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە کە ئەوەی کە مۆڵەتی نەبوو یەکسەر دابخرێت، بیرمان نەچێت (٢١٤) پاڵاوگەی نایاسایی هەیە لە هەرێمی کوردستان، یەك لیتر لە موخەلەفاتی ئەو پاڵاوگەیە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار لیتر ئاوی ژێر زەوی تەسەموم پێ دەکات و ژەهراوی دەکات، یەعنی ژیانی تێدا ناهێڵێت یەك لیتر بەرامبەر بە سەد هەزار لیتر، بۆیە مۆڵەتی نەبوو دابخرێت، وە بڕگەی یەکەمیش ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت واتا لەو حاڵەتەی خۆیی نەگونجاند لە ماوەی سێ مانگەکە مۆڵەتەکەی لێ بسەندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٦) ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچوواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدرابوون بەردەوام دەبن لە چالاکییەکانیان و لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی خستنە بواری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە

خۆیـان لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەگـونجێنن و پێـوەی پابەنـد دەبـن، مـن پێشـنیاز دەکەم سیاغەکەی بەم شێوەیە لێ بکرێت،حوکمەکانی ئەم یاسـاییە لەسـەر هەمـوو ئەو کۆمپانیایـانە کە لە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە مۆڵەتی کار کردنیان لەم بوارە پێدراوە جێبەجێ دەکرێـت دەبێـت لە ماوەی (٩٠) رۆژ لە جێبەجێ کردنی خۆیان لە حوکمەکانی ئەم یاسـایە بگـونجێنن و پابەنـد بـن پێوەی، وە پشتگیری بەڕێز دکتۆر اسماعیل و دکتۆر شێرکۆ دەکەم، چـونکە ئەو کۆمپانیایـانەی کە بێ مـۆڵەت کاریـان کـردووە دەبێـت سـزا بـدرێن نەك کـارە ناشـەرعییەکەیان بە شـەرعی بکرێـت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك عەلی قسەی خۆت بکە و وەکو لیژنەش هەردووکی لێك بـدە، دوایـی کـاك بژار قسە دەکات ئاخر قسە دەکات، گلیزار خان دوایی کاك بژار.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو دەقەی کاك شێخ ظاهر دەقـیقە ئەدی ئەگەر یەکێـك ئیلتیزامـی نەکـرد لە مـاوەی (٩٠) رۆژ چیـیە؟ لە ماددەکـانی تـر گـوایە کـوالێتی خـراپە یـا ئیلتیزامـی بە ماددەکـان نەکـردووە هەموو سزاکان دەیگرێتەوە، جاری یەکەم ئیلتیزامی نەکرد سزای دووەم قورسترە سـزای سـێیەم داخستن و دەست بەسەر مومتەلەکات و حەلی کـردووە، یەعنـی واقعێـك هەیە مـن زۆر دژیـم لە خولی پێشووش هەر لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان بووم لەگەڵ دکتـۆر شـێرکۆ هەر باسـی ئەو پاڵاوگە بێ مۆڵەتانەمان کردووە، شـتێك هەیە واقعە یەعنـی بە دەسـت و دەمـی ئـێمە نیـیە دوو سەد پاڵاوگەی بێ مۆڵەتمان هەیە، بەڵام هەزار و شتێك گۆڕەپـانی بـێ مۆڵەتمـان هەیە دەتـوانرێ دابخرێـت؟ نـاتوانرێ دابخرێـت واقعە سـەد جـار محاوەلەمـان کـردووە نەمـانتوانی کەواتـا چـی بکەیـن؟ لەبەر ئەوەی پێمـان داناخرێـت دەبێـت خـۆت مەرجـی بەسـەر جێبەجـێ بکەیـت ئەمە مەرجەکـانە مەرجـی ژینـگە، مەرجـی کـوالێتی، مەرجـی کۆگـا، مەرجـی سـەلامەتی، مەرجـی تەندروستی، ئەگەر مەرجەکـانی جێبەجـێ نەکـرد ئەو کـات ئیجرائـاتی دووەم، بەڵام ئەگەر نـا تـۆ ئێستا یەکسەر بڵێی داناخرێت یەعنی واقعە داناخرێـت، مـن پێمـوایە بڵێـی ئەو گۆڕەپـان و ئەوە رەئی خۆمە بڵێی ئەو گۆڕەپان و پاڵاوگانەی مۆڵەتیان نیـیە پەیوەسـت نـین فەترەیەکـی زەمەنـی دانرێت پێویستە ئیلتیزام و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ بکەن، حەز دەکەم بە مەیـدانی بڕۆن ببیـنن لە سـلێمانی دەردەچـی لە تـانجەڕۆ تـا دەگەیـتە قەراغ هەمـووی مەخـزەن و کۆگـایە سـوتەمەنی تێـدایە سـەدان تەنـکەرە هەزاران خەڵـك ئیشـی تێـدا دەکـات نـاتوانی بە عەمەلـی هەمـووی داخەیـت، بەڵام دەبێـت بڵێـی بەم مەرجـانە ئـیش بـکەی مستەوەدەعاتی پێشکەوتووت هەبێـت لە مـوختەبەر مەواد تـێکەڵ بکەیـت، چـونکە ئەوانەی پسـپۆڕی بـوارەکەن دەڵـێن هـیچ مەرجێکی ئەکادیمی نییە لە تێکەڵ کردنی مەوادەکان ئەوەشی دەیکات هیچ شەهادە و بڕوانـامە و پسپۆڕییەکیان نییە، کابرایەك هاتووە بە پێنج سەد هەزار دەڵێت خۆت مەواد تێکەڵ بکە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەلی ئێمە لە بەردەمـی دوو سـێ فەرزیە دایـن، ئەم شـەڕحانەی دەکەیـت هەمـووی واقعە و هەیە، فەڕزیەی یەکەم کۆمپانیـایەك مـۆڵەتی هەیە، بەڵام بە گـوێرەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە

خۆی تەنزیم نەکردووە نەوەد رۆژ کەمتر یا زیاتر، پەرلەمان قەرار دەدات خۆی تەنزیم دەکات، واقعی دووەم ئەوەیە کۆمپانیا هەیە هەر مۆڵەتی وەرنەگرتووە و ئیشی خۆی دەکات، ئەوە چی دەکات؟ سێ کۆمپانیا هەر نییە گۆڕەپانێکە، بەڕێزتان لە لیژنە تایبەتمەندەکان لەگەڵ لیژنەی یاسایی راوێژ بکەن بۆ تەنزیمی هەر سێ فەرزییەکە و حوکمی هەر سێ فەرزییەکە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ناکەم هیچ کێشەیەك هەبێت لە ماددەکانی ئەم پێشنیازە یاسایە، پێویستە بگەڕێینەوە ماددەی یەك بڕگەی یەکەم باسی مۆڵەت دەکات، ئەوەی مۆڵەتی نەبێت هەر لە مادده (٢) بڕگەی یەکەم دەڵێت هەر کۆمپانیایەك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵێ ببورە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

عەفوم بکە، بۆ ئەوەی جەنابت ئاگادار بیت..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

راستە حەقی خۆتە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

حەز ناکەین هیچ فەراغێك هەبێت یان هیچ کێشەیەکی یاسایی هەبێت کە فەراغێکی دروست کردبێت لە وجودی ئەم ماددانە، ئەوەی مۆڵەتی نەبێت دەبێت بگەڕێینەوە مادده یەك زۆر بە وازحی بڕگەی یەکەم هاتووە باسی مۆڵەت دەکات، دوایی وەرگرتنی مۆڵەت ئەم ئیشانە دەکات، لە ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم عیلاج کراوە دەڵێت هەر کۆمپانیایەك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە بکات بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت، سەبارەت بە بابەتی تر باسی ئەوانەی کە مۆڵەتیان نییە بە رایی من نابێت لەم یاسایەدا باسی ئەو حاڵەتە بکەین، چونکە ئێستاش هەر بەنزینخانەیەك بێت هەر کۆمپانیایەك بێت لە بواری بەرهەمی نەوت بێت لە مومارەسە کردنی عەمەلێکی تیجاری یا هەر شتێك بێت یاسا و رێنمایی بەرکارەکان هەیە بۆیە هیچ فەراغێکی قانونی نییە، ئەوەی بێ مۆڵەت ئیش دەکات ئەوە دەچێتە چوارچێوەی قاچاخچی و ئەو کات ئیجرائاتی خۆیی وەردەگرێت و دەداتە دادگا، ئەم پێشنیازە یاسایە تەنیا غەراماتە سەپاندووە بۆ ئەوەی ئەو موخالەفاتانە نەکرێت وەکو لە هەر ماددەیەك هاتووە، لەبەر ئەوە بۆ حەلی کێشەکان ماددەی (١) هەیە باسی مۆڵەت دەکات وە لێرەش پێویست نییە بڵێین ئەوانەی مۆڵەتیان نییە خۆ پێویستە هەبێت ئو مەفڕوزەش هەبێت ئەگەر نەبێت ئەوە لە یاسا بەرکارەکان و رێنماییە بەرکارەکان هیچ فەراغیان نییە دەدرێتە دادگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گولیزار ڕەشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
منیش هەمان ڕەئی كاك بژارم هەیە، بەڵام بۆ مەعلوماتان ئەگەر غەڵەت نەبم لە ٢/١٠ ڕێنمایەك لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە بۆ ئەوەی كە ئەو كۆمپانیایانەی كە ئیجازەیان نییە مۆڵەتیان داوە كە داوای ئیجازە ئەكەن، ئەم بابەتەش لە ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەركراوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
ماددەی(٧) بخوێننەوە.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
من وەكو ئەندامێكی لێژنەی سامانە سرووشتیەكان یەك تەوزیح لەسەر فەلسەفەی ماددەی (٦) بدەم، ماددەی (٦) بۆ ئەوە هاتووە لەبەر ئەوەی هەندێك گۆڕەپان هەیە كە مۆڵەتیان نییە، ئەوە حەقیقەتێكە كە ئێمە بەدواداچوونیشمان كردووە، ڕاپۆرتێكمان بەرزكردەوە بۆ جەنابتان لەوێوە بۆ وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان، ئاماژەمان بەوە كردووە كە زۆرێك لە گۆڕەپانەكان بێ مۆڵەتن، لە شوێنی تریش باسمانكردووە، ئەوە بۆ ئەوەیە كە ئەمە خۆیان بگونجێنن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
نا ئەوە بۆ مۆڵەت پێدراوەكانە ئەم ماددەیە.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
كاتی ئەوە هاتووە كە ئەمانیش یان مۆڵەت وەرگرن یان ئەبێ دابخرێن یان ئەبێ سزا بدرێن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
ماددەكە بۆ مۆڵەت پێدراوە، بەڵێ تەواو ماددەی دوای ئەوە، خۆتان موناقەشەكەی خۆتان بكەن وەختان لەبەر دەستە، ماددەی (٧) بخوێننەوە دوای ئەوە هەر بەڕێزێك ویستی قسەبكات، فەرموون ماددەی (٧).
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**
ماددەی (٧) ڕسمی گومرگی و باج و بەپێی یاساو پەیڕەوەكانی لە هەرێمی كوردستان- عیراق وەردەگیرێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٧) قسە بكات، كاك شێخ ظاهر، د.شێركۆ، د. اسماعیل، سەرچنارخان، كاك ڕزگار، كاك ڕزگار فەرموو.
**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی(٧) ڕسمی گومرگی و باج بەپێی یاساو پەیڕەو و بەركارەكان لە هەرێمی كوردستان_عیراق وەردەگیرێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو موادانەی كە بەنزینی پێ دروست ئەكرێت یان ماددەكانی تری پێ دروست ئەكرێت ئەمانە جاری وا هەیە كە من شارەزایم هەیە لەوێ، چەندجارێك سەردانمان كردیە بەناوی جۆراوجۆر دێت، یەعنی ئێستا موادێك ئەهێنن، بەڵام ئەو موادە بە موادێكی تر ئەژمار دەكرێ، ئایا بەچ پێوەرێك ئەوە ئەكرێ بۆ ئەوەی ئەو

باجەو ئەو گومرگیەی هی ئەو مادده وەردەگیرێ کە ئەو ماددەیە، وە یاساش بۆ ئەوە دەرئەکرێ کە رێگە لە ناقانوونی بگیرێت، ئێستا باس لەوە کرا کە هەندێك پالاوگەی ئەوانە ناتوانرێ دابخرێت، بەڕاستی یەعنی ئیتر بۆچی دابنیشین یاسا دەرکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاستیا موادەکە شتێکەو بە شتێکی ترەوە، یەکەسەر ئەچێتە باری تەهبیبی گومرگ، هیچ ڕەبتی نییە یەعنی پەیوەندی بەو حالەتەی ئێمەوە نییە، بەڵێ د.شێرکۆ ئەوە قانوونە هیچ پەیوەندی بە ئێرەوە نییە.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مەعلومە ئینجا دێمە سەر ئەوەی کە پێشنیار دەکەم، لەو ماددەیە پەیڕەو کردنی پەیڕەو لابدرێت، چونکە باس لەوە ئەکا باج بەپێی یاسا کە باسی یاسامان کرد ئیتر پەیڕەو لابدرێت، بەڵام زیانی ئەو پالاوگانەی جاری یەکەم کە ئەڵێ داناخرێن یان ناکرێ دانەخرێ لە (٢١٤) پالاوگە (١٦٨) پالاوگە داخرا، جاری پێشوو ژمارەیەکی کەمیان مایەوە، موشکیلەکە لەوە دایە کە هەڵمەتی جدیان بۆ ناکرێت، ئەگەرنا دائەخرێن و قابیلی داخستنیشن بێ ئومێد نەبین، ئەگەر بێ ئومێدبین لەوەی کە ناتوانین دایانخەین ئەو پەرلەمانەش هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت بەڕاستی نەخێر بە واقیعی داخران زیانی ساڵانەی ئەو پالاوگانە وە ئەو بازاڕانە ساڵانە سێ ملیارو پێنج سەد ملیۆن دۆلار بەراپۆرتی ڕسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەسارەتی داوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو تەجەموعاتانە ئەو بازاڕانە، لەبەر ئەوە بەڵێ هەڵمەتی بۆ بکرێ وەکو چۆن لە ڕابردووا پێمان داخستن لە داهاتووشا ئەتوانین پێیان دابخەین بەس بەشەرتێ هەڵمەتی بۆ بکرێت لەم ماددەی (٧)دا بەبڕوای من ئەو پەیڕەوە زیادە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئاخافتنا من هاتە کرن لەلای د.شێرکۆ ئەز دگەل ویمە پشتگیریا وی دکەم پەیڕەو، چونکی بەس یاسا موعالەجە گومرگێ و باجێ دێتە کرن نە پەیڕەوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری د.شێرکۆ و د. اسماعیل دەکەم وشەی پەیڕەو لابدرێت، چونکە باج و گومرگ بەیاسا دائەنرێ ئەگەر پەیڕەو یان تەعلیماتێك یان ڕێنمایەك هەبێت لە ڕوانگەی یاساکەوە دانێ، پێویست ناکات ناوەکەی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) ڕسمی گومرگی و باج بەپێی یاساو پەیڕەو و بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق وەردەگیرێت، بەپێی ماددەی (٢٨)ی دەستووری عێراقی باج و ڕسومات نە زیاد دەکرێت ونە کەم دەکرێت، ئیلا بەپێی یاسا نەبێت، بۆیە منیش پشتگیری ڕای، د. اسماعیل و د. شێرکۆو سەرچنارخان دەکەم، ئەو پەیڕەوە لابدرێت و تەنها بەپێی یاسا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەتان هەیە سەبارەت بەوەی چوار ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داوای لابردنی پەیڕەو ئەکا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانە زۆر بەجێنە بۆ باج مەعقولە وە نەسێکی دەستووریش هەیە، بەڵام ڕسمی گومرگی چەندین جار بەبڕیارو پەیڕەو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دەردەکەوێت، چەندین ساڵە مەسەلەی یاسای گومرگی بۆ کارگەکان بۆ پشتیوانی کردن لە هەندێ بوار دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی مەسەلەن لێرە لە پەرلەمان قانوونی تەعدیل کرابێ، جا ئیحتماڵە ئەو قسە مەعقولە مەنتقی تێدایە بۆ باج، بەڵام ڕسمی گومرگی زۆر جار هەیە لە پەیڕەو دەرکرێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با وانەبێت خوانەخواستە ئێمە لە لیژنە یان لەگەڵ پاڵاوگەی نایاسایی گۆڕەپانەکانا، بەڕێزان بەس لە هەولێر ئەوەی پێی ئەوترێ بازاڕی بۆرسە هەزارو شتێ ساحە هەیە سووتەمەنی و مواد تێکەڵ ئەکەن مۆڵەتیشیان نییە لەژێر چاودێریدا نین، ئێمە زۆر مەحاوەلەی عەمەلیمان کردووە داناخرێن، یانی واقعیەکەی زۆر مەحاوەلە کراوە، هیوادارم بە عەمەلی بچنەوە بۆ ئەوەی تانجەڕۆ ببینن ئەوانەی مەنتیقەی کاشێ، ئەوەی د.شێرکۆ وتی ڕاستە، بەڵام دوای هەمووی کرانەوە، سەیری بکە دیراسەی بکە تا ساڵێکیتر ئەگەر هەر هەبێت هەبێ لە ژێر ڕێنمای و پێوەری ستانداربێ و باجی لێوەر بگیرێ و مەرجی ژینگەو تەندروستی تیابێت، یا بڵێی مۆڵەتی نابێ و ئەبێ داخرێ و هەقمان نییە بەسەری و داش نەخرێت لە عەمەلیا، یەعنی قسەکە لە سەر ئەوەیە مەسەلەن من خۆم ناتوانم بایی شانی دە هەزار خێزان نان بڕاو بکرێ، بەڵام حەلی علمی ئەبێ بۆ دابنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی پەیامەکە وازحە، تۆ لەگەڵ ئەوەی کە چارەسەر بێت، لیژنەکەتان لەگەڵ ئەوەن مادام ئەوانە ئەمری واقیعن ئەبێ خۆیان لەگەڵ ئەم یاسایە بگونجێنن، بەلێ ماددەی(٨) بەڕێزان زۆر زۆر ماوینەتەوە خۆتان ئەزانن کۆرۆنایە.

**بەڕێز گلیزار ڕشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٨) دادوەری لێکۆڵینەوە تایبەتمەند بە یەکلای کردنەوەی کەیسی ئەو سەرپێچیەکان کە لەم یاسایەدا دەقنووس کراون بەپێی حوکمەکانی تایبەت بەبڕیاری سزایەك هاتووە لە یاسا بنەمای دادگا سزایەك هاتووە ژمارە (٢٣) ی ساڵی١٩٧١هەموارکراو، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
پێش ئەوەی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان قسە بکات، من هەست دەکەم ئەم ماددەیە پێچەوانەی فەلسەفەی قانوونەکەیە، داوا لەبەڕێز سەرۆکی لیژنەی قانوونی دەکەم شەرعێکمان بۆ بکات لەو بارەیەوە.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سوپاس بۆ جەنابت پێویستە لەم ماددەیە لە بیدایەتی ئێمە قسە بکەین، بۆ ئەوەی قسەی کەمتریش لەسەر بکرێت، ئەم شەرعە موحتاجی موقەدیمەیەکی کورتە ئەگەر ڕوخسەت بێت، بەپێی قانوونی عقوباتی عێراقی جاران تەقسیم دەبوون بۆ سێ فیئات بەپێی ختورەی هەر جەریمەیەك وە ئەمانەن، جارانی جینایەت، جارانی جونح، جارانی موخالەفات، وە بەپێی قانوونی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ بەیەکلایی کردنەوەی داوای جینایات وە مەحکەمەی جونح موختەصە بە دەعواکانی جونح و موخالەفات، ئەگەر بەپێی ئەم تەقسیماتانە بێت دەبینین جارانی موخالەفات هەژمار دەکرێت بە جارانی بەسیت، وە ختورەی کەمترە لە جارانی مەکانیتری جینایات و جونح، بۆیە مەشاریعی عێراقی لەدوای تەعدیلی حەوتەم لەسەر یاسای ئصوڵی مەحاکەمات بە قانوونی ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٨٠ئەم دەسەڵاتەی حەسڵ کردنی دەعوای موخالەفات داوە بە حاکمی تەحقیق بە ئەمری جەزائی، وە ئەمری جەزائیش بەڕاستی لە چوارچێوەی قانوونی ئصوڵ مەحاکماتدا بە تحدیدی بە حەصری نەهاتووە، زۆر تەعریف هەیە لەلایەن کەسانی شارەزا و محاکماتدا یاسا ناسەکان، بەڵام هەمووی تەقریبەن کۆبکەن یەك تەعریفە دەڵێ ئەمر جەزائی کە حەسمی ئەم موخالەفاتانە دەکات لەلایەن حاکمی تەحقیق دەڵێ ئیجرائێکی قەزاییەو کە لەلایەن مەحکەمەی موختەس دەردەچێت بۆ یەکلاکردنەوەی فیئەیەکی موعەییەن لە دەعواکانی جەزائی بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئیجرائاتی محاکەمەی عادی کە دەگرێتەبەر، وە دوای تەعدیلی حەوتەم لەسەر قانوونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی ژمارە (٣٣) ی ساڵی ١٩٨٨بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو دادگای جونح وە دادگای تەحقیق موختەسن بە دەرکردنی ئەمری جەزائی و لە ڕووی عەمەلی و لە ڕووی واقعیشەوە، ئێستا محکمەی تحقیق زیاتر دەسەڵاتی هەیە زیاتر ئەم ئەرکەی دەگرێتە ئەستۆ فەسڵ کردنی ئەم دەعوانە کە متعلقن بە مخالفە لەجیاتی دادگای جونح، بەمشێوەیە لە قانوونی ئسولی محاکمات داو لەم پێشنیازە یاسایەدا نەزاهیەو ئیجابیاتی تێدایە، لەوانە ئەگەر باسی ئەم پێشنیازە یاسایە بکەین کە بەمشێوەیە بەو ماددەیە دابڕێژین.
یەك: شەرعیەت دانە بەو پێبژاردنانە کە لەم یاسایەدا دێت، ئەگەر قازی تەحقیق بێت لەجیاتی ئیدارەو مودیرعامێك و وەکیل وەزیرێك یان وەزیرێك.

دوو: ڕێگاگرتنه له گەندەڵی.
سێ: فشارو تەزەخم لەسەر دادگای کەتن مەحکەمە جنح کەم دەبێت.
چـوار: پەنـابردنه بـۆ تەواحـدی عـام، پەنـابردن بـۆ تەواحـدی عـامە موحتـاجە کـاتێکی زۆرە مـوحتەمەلە (٣٠) سـی ڕۆژ و (٣٥) سـی و پێـنج ڕۆژو (٤٠) چـل ڕۆژی بیەوێـت، ئـێمە مـاددەیەکم لەبەر دەسـت بـوو بەرهەمە نەوتییەکـان مـوحتەمەلە ختـورەی ئەو مـاددانە یەعنـی بەرگەی ئەوە نەگرن کە ئەو ماوەیە هەمووی لەبەر مەحروم کەم بێـت، لێـرەش یەعنـی لەم پێشـنیازە یاسـایەدا ئوسولی جەزائی تێـدانییە، حەپسـی تێـدانییە، کە حەپسـی تێـدا نەبـێ بـۆ بچێـت بـۆ دادگـایەکی تـایبەت یـان دادگـای جـنح کە حەپسـی تێـدانیە وە قـانوونی ئـسـول مەحاکەمـاتی جەزائـی لە تەعدیلی حەوتەم لە سـاڵی ١٩٨٠حەسـمی ئەو مەوزووعەی کـردیە، بـۆ ئەوەی ئەو دەعوایـانەی کە بەس متەعەلەقن بە غرامات و پارە، قازی تەحقیق ئەو سەلاحیەتەی هەبێـت و وەربگیرێـت، لێـرە ئەگەر پرسـیار ئەو بێـت بـۆ مەحـکەمە بێـت ئەوە تەوزیحـم دا حـاکمی تەحقیـق بێـت یـان مەحکەمەی تەحقیق بێت فەرقی نییە، دەسەڵاتی دایە هەردووکیان وەکو شەخس حـاکم وە هەم وەکو مەحـکەمە، ئەگەر مەبەسـتمانە لەدەسـتی ئیـدارە دابێـت ئەوکـات دەبێـت ئـێمە لەبەرامـبەر هەنـدێ بـژاردەی تـر دایـن، ئەگەر بێـین بڵێـین ئیـدارە ئەو غـرامەی فەرز دەکـات پێویسـتە پێداچوونەوە بکەین جارێکیتر لەم پێشنیازی یاسایە، ئایا کـێ ئەم غـرامە دەسـەپێنێت؟ وەزیـرە، وەکیل وەزیرە، بەڕێوەبەرایەتییە، دەبێت لیژنەی تەحقیقی دیسان ئیزافە بکەین، یەعنـی دەچینـە مەوزوعێکی تر، لەبەر ئەوە پێم باشە وەکو لیژنەی یاسایی بۆ زەمانەتی زیاتر بـۆ عەدالەتـی زیـاتر پێمان باشە بەپێی خۆگونجاندنیش لەگەڵ قانوونی ئسول محاکمات هـیچ مخالفەمـان نەکـردیە، ئەو غرامەیە لەلای قازی تەحقیق فەرز بکرێت، موودەی کەمترە و زەمـانەتی زیـاترە و ڕێگەگـرتنە لە گەندەڵی زائیدەن پرۆسەکە خێراترە وە فشـارو تەزەخمیش لەسـەر مەحـکەمەی کەتـن کەمتـر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کـێ قسـەی هەیە لەسـەر ئەو مـاددەیە؟ مـن هێشـتا نەگەشـتوومەتە ئەو قەنـاعەتە، سەرچنارخان، د.اسماعیل، د.شێرکۆ، بەدریەخان، د.شایان، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاسـتیدا ڕاسـتە کـاك بـژار ڕوونکردنەوەیـدا، بەڵام ئیتـر ئەو یاسـایە یـان بـابڵێین هەریەکێـك سەرپێچی کرد کـامەی بەسـەردا دەسـەپێندرێت، ڕاسـتە ڕوونکردنەوەتـدا، بەڵام بـۆمن زۆر ڕوون نەبوو ببورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز/ بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێـرە پێویسـتە بـزانین ئـێمە حەزدەکەیـن فەرزکـردن یـان غـرامەیە لەلایەن وەزارەتـی سـامانە سرووشتیەکان و دادگا، ئەی ئەگەر دادگا بێت ئەوە عیلاجمـان کـردیە کێشـەیەکی قـانوونی نیـیە،

ئەگەر حەزدەکەین بێن ئەو دەسەڵاتە ئیدارە بدەین زۆر ئیعتیادیە ئامادەیە لادەبەین ئەم دەسەڵاتە ئیدارە دەدەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا قسەکەی کاك دکتۆر هەموومان بەش بەحاڵی خۆم لەسەر ئەوەیە ئێمە ئیشکالمان نییە بەکام ئاراستەی دەبەین، بەڵام ئەگەر بە ئاڕاستەی ئەوەی دەبەین بێتە دەعوا و بچێتە مەحکەمە لەگەڵ ئەو قەیدەیا تەعاروز ناکا موخالفە عقوبەکەی گەورە نییە، ئەمە پرسیارە ئەساسیەکەیە، وە ئایا حاکمی تەحقیق کافیە بۆ ئەوەی بڕیار بۆ نموونە لە حەوت سەدو پەنجا ملیۆن بدا، ئەمە پرسیارەکەیە بەس بۆ ئەوەی شتەکەمان لەسەر تێنەپەڕێت دەرفەتە بۆت فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحم دا ئێمە لەم یاسایەدا غەرامەمان هەیە، عقوبەی جەزائی لەم یاسایەدا نییە تەنها غەرامەیە، ئەگەر غەرامەیە ئێ پێویستە بەپێی قانوونی ئصول محاکەماتیش تەعدیلە، غرامە ئەو دەسەڵاتەی داوە قازی تەحقیق ئەوە دە جارە ئیشارەتم بە ئصول محاکەماتیش دا ئەگەر مخالەفە کردن بێت، ئێوە هەر لە چوارچێوەی قانونی ئصولی محاکمات ئەو ئیشەمان کردیە موخالفات نییە نە لەدەستی حاکمی تەحقیق بێت، بۆ ئەوەی موددەو ئیجرائاتی کەمتر بێت و پڕۆسەکە درێژە نەخایەنێت، ئەگەر نا دەمانتوانی بگەینینە دادگای تایبەتمەند، بەڵام لەبەردەم ماندوبوون ئەبووین بۆ یەکلایکردنەوەی کەیسێك، چوار مانگ و پێنج ساڵ و شەش ساڵ یەعنی موحتەمەل هەموو هەیە، لەبەر ئەوە دادگای تەحقیقمان ئیختیارکرد بۆ ئەوەی بە موددەیەکی کەم بڕیاری خۆی بدات بە فەرزکردندی غەرامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەی جدیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بەڕاستی پێچەوانەی قانوونی ئصوڵ مەحاکماتی جەزائیە بەو تەعدیلاتانەوە کە باسکراوە ماددەی (١٣٤) سەیرکەن فەقەرەی (د) لەیەك حاڵەتا دادوەری لێکۆڵینەوەکە هاتووە، دادوەری لێکۆڵینەوە تایبەتمەندە بەیەکلای کردنەوەی کەیسی ئەو سەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووس کراوە، یەك خاڵە دادوەری لێکۆڵینەوە ئەتوانێ کەیسێك یەکلایی کاتەوە حاڵەتی موخالەفەی فەوری پێ ئەڵێن نەك ئەمری جەزائی ئەم دوو شتە فەرقی هەیە موخالەفەی فەوری، ئەویش دوو مەرجی بۆ دانراوە قانوون ئەڵێ ئەگەر تەڵەبی تەعاروزو ڕەبتی مالی تیا نەبوو، ئینجا قازی تەحقیق بۆی هەیە، موخالەفەی فەوریش وەکو گوتم لە ماددەی (٢٧) لەقانوونی عقوباتا ڕەقەم ساڵ (٦٢/١١) دوو عقوبەی داناوە یان حەپسە لە (٢٤) سەعات تا سێ ڕۆژ، یان نابێت لە چل و پێنج هەزار زیاتربێت، بۆیە پێشتر من وتم ئەگەر ئەوە سیفەتی جەریمە بێت کە بە قەناعەتی من ئەبێ سیفەتی جەریمەی پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە ئەوەندە ئاسان نییە تۆ بیکەی بە موخالەفەیەکی ئیداری، کە سیفەتی جەریمەشی پێدا نابێ بڵێی دادوەری لێکۆڵینەوە ئەبێ بڵێی دادگای تایبەتمەند هەرچەند

مانگێکی پێ بچێت ئەبێت عقوبەی خۆی وەرگرێت تۆ پێشتر بۆ دووسەو نەوەد سێ سەو نەوەد لەو بابەتە باس ئەکەیت، چۆن ئەتوانی قازی تەحقیق بکەی ناوزەند بکەی بە موخالەفەیەکی فەوری کە سەلاحیەتی تا چل و پێنج هەزار هەیە، کە ئەوە بسەپێنی ئەوە ئیشکالێکی قانوونییە ئەبێ چارەسەر بکرێت، ئەمە لە بڕیاری سزایش هاتووە لە دێڕی دووەما بەپێی حوکمەکانی تایبەت بەبڕیاری سزای بۆ هەموو بڕیاری سزای نەهاتووە، نازانم ئەو وشەیەیان لەکوێ هێناوە ئەو وشەیەش لابرێت و کێشەکە بەمجۆرە چارەسەر بکرێت و ببدرێت بۆ دادگای تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس تەحەمولکە گولیزار خان بۆ ئەوەی هەموویان قسەی خۆیان بکەن، چونکە تەسەور دەکەم هەموویان یەك قسەیان هەبێت.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من لایەن خوشکا سەرچنار هاتینە کرن، ئەز پشگیریا وێ دکەم ل هەردوو مولاحەزێت وێدا، یا بدرێتە دادگای تایبەتمەند یا دژی ئەو بە بڕیاری سزای هاتووە لەو حجزبیت ڕەئسەن بەپێی حوکمەکانی تایبەت بەیاسای بنەمای دادگا هەروەکوو خوشکە سەرچنار گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودەت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هەردوو بۆچوونەکەی خوشکە سەرچنارو دکتۆر اسماعیل دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی سەرچنار خان و دکتۆر اسماعیل دەکەم، ئەگەر گۆڕانکاریشی بەسەردا نەهات پێم باشە دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای گومرگیشی بۆ زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جواب نادەنەوە ئێوەی بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەندەکان، بدریەخان تۆ تەواو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە یەعنی ئەگەر بڵێین با ئەم کەیسە نوێکردنەوەی ئەم کەیسە بۆ دادگای تایبەتمەندبێت، لێرە پرسیار ئەوەیە جیاوازی چییە لە نێوان حاکمی مەحکەمەی جونح وە حاکمی مەحکەمەی تەحقیق، وە جیاوازی چییە لە نێوان مەحکەمەی تەحقیق وە مەحکەمەی جونح، هەر دادگایە هەر دادوەرە هەر زەمانەتی هەیە هەر یاسا جێبەجێ دەکەن تەنها مەبەستمان لە ئیجرائاتە

لەجیاتی ئەوەی دوو سێ مانگ پرۆسەکە بخایەنێت ئەمە مودەکەی کەمترە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر مافی تەرەفی تر ئەوەی بڕیاری لەسەر ئەو دەردەچێت مافی پارێزراوە بەپێی قانوون دەتوانێ تەعن بکات، دەتوانێ بچێتە بەرامبەر مەحکەمەی ئیستیئنا بە سیفەتی تەمیزی تەنیا یەك جیاوازی هەیە لەجیاتی ئەوەی دوو مانگی بخایەنێت مەوزووعەك دابەش بێت ماددەکە ئەساسە بەرهەمی نەوتییە ئەوەنییە یەعنی لە شوێنێك چەند هەزار تەنێك بێت، یەعنی لە چ حجز بکرێت بۆ ئەوەی قەرارەکە دەربچێت وە کەیسەکەی یەکلایی ببێت ختورەی ئەو دەرکەوتنەی لێیا یعنی ئەو مەوزوعە جیاوازی ئەمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ یەك دەرفەتتان دەدەینی هەردوو لیژنە تاوەکو ئامادەی دەکەن بۆ خوێندنەوەی سێیەم ڕاوێژێك لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری بکەن بۆ ئەو بابەتە، یان ماددەکە بەتەواوەتی لابەن و لێی گەڕێن مەساری قانوونی خۆی وەرگرێت، یەعنی هەر مەساری قانوونی خۆی وەرگرێت و بچێتە مەحاکم بەو شکلە کە هەیە یان ڕاوێژێك بکەن بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە پێی خۆش نییە سەرۆکایەتی هەرێم وەکو هەڵەی قانوونیشمان بە ڕاستیا بۆ بنێرێتەوە، لەبەر ئەوە هەندێك ڕاوێژ بکەن بۆ ئەوەی هەمووومان ڕێککەوین لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم قسانە لە پرۆتۆکۆڵ سەجل دەبێت، هەڵەی قانوونی بە شێوەیەکی وا بەشێوەیەکی زەق غەڵەتی قانوونی لە ڕاپۆرتی ئێمەدا بێت، کەواتە ئێمە موستەحیلی ئەم لیژنەیە نین بەڕاستی.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئێوە موستەحیلن باشترینن ئێوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

ئەمە ئیشی ئێمەیە ئێمە دوای گفتوگۆ کردن بە (١٠) سەعات بە (١٥) سەعات پشت بەستن بە دەیان مەسدەڕ ڕەئی وەرگرتنی چەند کەسی شارەزا، شەرت نییە زۆرجار شت هەیە بەدیلی نییە وەکو شەخس، بەڵام لە ڕووی قانوونییەکەی ڕاوێژکارانی ئێوە زۆر زیرەکن ئەندامانی ئێمە زۆر زیرەکن، کە ڕێك دەکەوی کەواتە ئێمە تەحامولی ئەو مەسئولیەتە دەکەین، کەسێك نایەتە ئێرە دژی قانوون بێت دەستوور بێت وە ئەوەی ئێمە کردوومانە ئیبداعێکە لەڕووی قانوونیەوە، تەحامولیش دەکەم دەیان لیژنە لە پسپۆڕەکانی شارەزای قانوون بابێن دیراسەتی ئەم قانوونە بکەن ئەسلەن ئەم ماددەیە ئیبداعێکە لیژنەی یاسای ئەمن ئەندامانی ڕاوێژکاری لە لیژنەی یاسای کردوویانە بەڕاستی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێز لەو بیرو بۆچوونەت دەگرین وە جارێکیتر مشاوەرەیەکی تریش دەکەین زۆر کێشەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، ئێمە زۆر متمانەمان بە ئێوەیە بەڕاپۆرتەکانتانە تەنها پیاچوونەوە دائیمەن ئیستیفادەی هەیە یەك ڕاوێژ بکەن و هیچیترمان پێویست نابێت، ماددەی (٩) بخوێننەوە.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) کار بەدەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ، د.اسماعیل، بەدریە خان، بەدریەخان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من پێم باشە ماددەی (١٠) بێتە جێگای ماددەی (٩)، ماددەی (٩) بچێتە جێگای ماددەی (١٠) وە، ئەم وشەیە بگۆڕدرێت کار بەدەقی هیچ یاساو یان بڕیارێك (یان)ەکەی لێ لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە ئەڕۆن بۆ گەرمیان و چەمچەماڵ، لە هۆڵی پەناگیری کۆبوونەوەتان هەیە بۆ دابەشکردنتان بەسەر دوو گروپا، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جەودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتای گفتوگۆکەمانا ئەمڕۆ بۆ ئەو پێشنیازە یاسایە باسی ئەوەم کرد کە ماددەیەك هەیە زۆر زەرووره ئیزافە بکرێت بۆ ئەم یاسایە، وە ئینقازی ئەم یاسایە ئەکا کە لەکارەساتێکی یاسای ئەوەی نرخەکە کە باسمانکرد ئەو قەیرانە کە ئیستغلالی بەنزینی هاوردەو موشتەقاتی هاوردە لەگەڵ بەنزینی خۆماڵی ئەکرێ، بۆ ئەوەی کە نرخێکی بەرزترین بۆ بەنزین دابنرێ، ئەگەر ئەم ماددەیەی کە ئێستا ئیقتراحی ئەکەین لەم یاسایە وجودی نەبێت ئەو یاری کردنە بەنرخی بەنزین بەردەوام ئەبێت، وە کارەساتەکە بە جیاوازیەکی زۆر لەگەڵ بەغدایا لەسەر حیسابی خەڵك لە هەرێمی کوردستانا بەردەوام ئەبێت، پێشنیاری من بۆ ئەوەی کە ماددەی (٩) یەعنی پێش ماددەی (٩) ئەم ماددەی (٩)یە ببێت بە ماددەی (١٠) ماددەی (٩) ببێت بەمە، بۆ ئەوەی کە ئەم یاسایە بپارێزین لەوەی کە موشکیلەی نرخی بەنزین و تەلاعوب بە نرخ چارەسەر نەکات ئەوەیە ماددەی (٩) ببێت بەمە (کاتێك ڕێبدرێت بە هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان ئەگەر بەرهەمی ناوخۆ نەتوانێت پێداویستی ناوخۆ دابین بکات)، چونکە ئەگەر بەرهەمی ناوخۆ توانی پێداویستی ناوخۆ دابین بکات ئەو کاتە ئەبێت ڕێگری بکرێت لە هاوردەکردن، چونکە هاوردە کراوەکەیە نرخی بەنزین ئەفرێنێت کە لەدەرەوەی وڵات دێت و ئەمانەن، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە زیاد بکەین ئەو کاتە وەکو بەغداد کە ئێستا بە چوارسەد و پەنجایە لە بەغدا لە ناوچەکانی تری عێراق، لێرەش هەمان شتی لێبێت وە ئەم کارەساتەش بەردەوام نابێت کە تا ئێستا ئیستغلال کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا دکتۆر شێرکۆ دکەم بۆچوونا وی ماددەکی دی زێدە ببی، وەکو جەنابی وی گۆتی وە دیسان پشتەڤانیا خوشکە بەدریەخان دکەم ئەو (یان)حزف ببیت، ببیتە (واو) ئەو ڕێکوپێک ترە و دروسترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئیتان هەیە لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس ماددەی (١٠).

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): وەزیری سامانە سرووشتییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێک دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم دەقە بکات ماددەی (١٠) با ناوی بنووسێت، کاک ڕێبوار، کاک مەم، مامۆستا وەیسی، مامۆستا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٠) تەنها یەك تێبینی، داڕشتنەکم هەیە دەڵێ وەزیری سامانە سروشتییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە، پێشنیار دەکەم ئەو (لایەنە) ببیتە (دەستە)، چونکە لە ماددەی (٥) هەر وشەی (دەستە) جێگیر کرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ماددەی (١) بۆ هەردوو لیژنەی پەیوەندی دار ماددەی (١) بڕگەی (دووەمیان) وە زایەدەن ماددەی (٥) بڕگەکانی (دووەم و سێیەم و چوارەم) هەندێ پێشنیازم کرد کە ئەوەی پەیوەندیدارە لە یەك وە داڕشتنەوەیەکم کردووە لە ماددەی (١٠) بەمشێوەیەی لێبکرێت، واتا لەکۆی ئەوە دوو ماددەیە کە لادەربرێت دێتە ئێرە بەمشێوەیە، ماددەی (١٠) بەم شێوەیەی لێبکرێت، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بەهەماهەنگی وەزارەت و دەستە پەیوەندارەکان چاودێری و پابەند بوونی کۆمپانیاکان بەو مەرج و خەسڵەتانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەکات و ڕێنمای پەیوەندی دارەکان لە ئەستۆ دەگرێت، سەرەڕای ڕێنمای بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەو دەرچوواندنی خشتەی پاشکۆ بۆ یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بە نووسین بدە لیژنەکە، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (١٠) وا پێشاندراوە کە ئەم بابەتە لەبەر ئەوەی کە ئیختساساتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە، چونکە باسی بەرهەمە نەوتییەکان دەکەین ئەمە تەحسیل حاسڵە، بەڵام ڕاستە بەدیــوێکیش نووســراوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیــدارەکان، بەڵام لەبەر بــایەخی بــابەتەکە مــن حەزدەکەم جــگە لە وەزارەتــی ســامانە سرووشــتییەکان وەزارەتــی بــۆ نمــوونە بازرگــانییە، تەندروســتییە، دەســتەی ژینــگەیە، وەزارەتــی دارایــی لەبەر گرینگــی بــابەتەکەیە ئەگەرنــا خــۆ تەحسیل حاسڵە، کە دەڵێی لایەنە پەیوەنـدی دارەکـانیش ئەکرێ لە ڕووی ئیختیساسـەوە، بەڵێ ئەوانـیش ئەگـرێ وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان لەڕووی لێکەوتەکـانەوە ئەم وەزارەتـانەش ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ڕەئیتان هەیە، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (١١) بخوێنەوە.

**بەڕێز گليزار رشيد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (١١) ئەم یاسـایە لەڕێکەوتـی بڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێــك ئەیەوێــت گفتوگــۆ لەســەر ئەم مــاددەیە بکــات کەس نیــیە، مــاددەی دوای ئەوە هۆیەکانی دەرچوواندن فەرموون.

**بەڕێز گليزار رشيد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوانـدن: لەپێنـاو دابینکردنـی بەرهەمە نەوتییەکـان بـۆ هاووڵاتیـان بەهـۆی زیـاد بوونی داواکاری لەسەر سنوورداری توانـای بەرهەم هێنـانی پاڵاوگەکـانی هەرێمـی کوردسـتان وە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەت وە قەدەغە کردنی قۆرغکاری ئەم یاسـایە دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمارکات، مامۆسـتا نەجات، کاك مەم، کاك شێخ ظاهر، مامۆستا حەسیبە، کاك ڕێبوار، کاك بەڵێن، کاك ئەسـکندەر، کـاك جەمـال، گۆڵسـتان خـان، بـۆ هۆیەکـانی دەرچووانـدن ئەم بەڕێـزانە دەیانوێـت گفتوگـۆ بـکەن گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەهۆیەکانی دەرچوواندن دیـارە ئامـانجی ئەم یاسـایە ڕێکخسـتنەوەی هـاوردە کردنـی بەرهەمەکانی نەوتە، دیارە ئەوە زۆر پێم گـرینگە لێرەیـا بڵێـین لەپێنـاو دابینکـردن و ڕێکخسـتنی

هەناردە كردنی نەوت و عەمباركردنی وە فرۆشتنی بۆ هاووڵاتیـان بە هـۆی زیـادبوونی داواكـاری لەسەریان، یانی ئەو ئامانجانە هەمووی ئە لێرە دەرج بكرێت هەم هاوردەكردن هەم عەمبـاركردن و فرۆشتنەوەی بە هاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم اسكندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامـانج لەو پـڕۆژە یاسـایە ئەوەیە كە تەنهـا دابینكـردن نەبێـت، بەڵكـو لێكەوتەكـانی ئەم مـاددانە كاریگەری خـراپ لەڕووی تەندروسـتییەوە لەسـەر ژیـانی هاووڵاتیـان دەكـاتن، بـۆیە ئەگەر بەیەك وشەش بێتن بەمشێوەیەی لێكرێتن، لەپێناو دابینكردنـی بەرهەمە نەوتییەكـان بـۆ هاووڵاتیـان بە پۆڵەتیكی بەرز ئەگەر كوالێتیەكە باش بێت ڕەنگە كـاریگەرییە تەندروسـتییەكانیش كەمتـر بێـتن، ئەوەی تر وەكو خۆی لەگەڵ تەواو كرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال حەوێز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكـانی دەرچووانـدن لەپێنـاو دابینكردنـی بەرهەمە نەوتییەكـان بـۆ هاووڵاتیـان، بەهـۆی زیـادبوونی داواكـاری لەسـەریان و سـنوورداری توانـای بەرهەمهێنـانی پاڵاوگەكـانی هەرێمـی كوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەكسان لەبەردەم كەرتی تایبەتداو قەدەغەكردنـی قۆرغكـاری و پاراستنی ژینگەی هەرێمی كوردستان و تەندروستی هاووڵاتیان ئەو یاسایە دەرچووێنـدرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكـانی دەرچووانـدن دەتـوانم بڵـێم هەمـوو مەبەسـتەكانی یاسـایەكەی تێـدایە، جـگە لە مەبەستێك نەبێت كە زۆر زۆر گرینگە بەلای منەوە، كە بـریتیە لە ڕێگـری كـردن لە سـەرپێچیكاری وە بەشـێك لە ماددەكـان پەیوەسـتە بە سـەرپێچیكاریەوەو ئەو سـزایانەی دیـاریكردووە، مـن پێشـنیار دەكەم بـۆ نمـوونە ئەو مەبەسـتانەی كە تێیـدایە ئەوەشـی كە تێیـدا نیـیە، چەنـد مەبەسـتێكی گرینگـی تێـدایە لەوانە دابینكردنـی بەرهەمە نەوتییەكـان ڕەخسـاندنی دەرفەتـی یەكسان مەسـەلەی نەهێشـتنی قۆرغكـاری، بەڵام ئەوەی كە مـن دەمەوێ ئـیزافەیكەم تەواوكـاری ئەم مەبەستانەیە كە من ئامـاژەم پێكـرد، ڕێگریكـردن لە سـەرپێچیكاری، بـۆیە مـن ئەو پێشـنیارە دەخەمە ڕوو، بـۆیە هیـوادارم جێـی بـۆ بـكەنەوە لە هۆیەكـانی دەرچووانـدن لەلایەن لیـژنەی تایبەتمەنـدەوە ئەویـش بەمشـێوەی خـوارەوە، لەپێنـاو دابینكردنـی بەرهەمە نەوتییەكـان بـۆ هاووڵاتیـان و بەهـۆی زیـاد بـوونی داواكـاری لەسـەریان و سـنووورداری توانـای بەرهەمهێنـانی

پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان، گونجان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەت داو قەدەغەکردنی قۆرغکاری و ڕێگریکردن لە سەرپێچیکاری ئەم یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن لەپێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ هاووڵاتیان بەهۆی زیادبوونە داهات و داواکاری لەسەریان و سنورداری توانای بەرهەمداری پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەتدا قەدەغەکردنی قۆرغکاری ئەم یاسایە دەرچووێندرا، من پێشنیاز دەکەم سیاغەکەی بەمشێوەیەی لێبکرێت بەلەبەرچاو گرتنی پێداویستی هاووڵاتیان بۆ پێکهاتە نەوتییەکان و سنورداری توانای بەرهەمهێنانی لە پاڵاوگە ناوخۆییەکان و ڕەخساندنی هەلی یەکسانی لەبەردەم کەرتی تایبەت و ڕێگریکردن لە پاوانکاری ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو پێشتریش باسمکرد ماددەی (٤) ئەم پێشنیازە یاسایە بەڕاستی بەڕوحی ئەم پێشنیازی یاسایە دەزانم، لەبەر ئەوە لە هۆیەکانی دەرچوواندن پێویستە ئاماژە بە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم یاسایە بکەم کە ئەو لێکەوتە خراپانەی لەسەر تەندروستی لەسەر ژینگە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە بەداخەوە کەلێرە هیچ ئیشارەتێکی پێنەدراوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەو شێوازە دابڕێژرێ لەپێناو پاراستنی هاووڵاتیان و لێکەوتە خراپەکان و بەرهەمە نەوتییەکان و جا دابینکردنی هەتا کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن من پێشنیاردەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، لەپێناو پەرەسەندنی سامانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێك بەرزترین سود بۆ هاووڵاتیان بێنێتە دی و بۆ ڕێگریکردن لە سەرپێچیکاری و بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستی هاووڵاتیان بۆ پێکهاتە نەوتییەکان و سنووورداری توانای بەرهەمهێنان لە پاڵاوگە ناوەخۆییەکانداو ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەت و ڕێگریکردن لە پاوانکاری ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نەجات خان.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکـــانی دەرچووانـــدن دەتـــوانن پشـــتی قەدەغەکردنـــێ و قۆرغکـــاری، باشـــترکردنێ خزمەتگوزارییە، وە خێراکردن لە گەشەپێدان و ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئیەکتان هەیە بەنووسین بۆیان بەرن، بەڕێـزان زۆر سـوپاس داوا لە هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد دەکەیـن لە هەفـتەی ئاینـدە کـارێکی جـدی ان شـاءالله بەزووتـرین وەخـت لەسـەر ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ خوێندنەوەی سێیەم، بەمەش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی

چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١\٤\١٤

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)
# چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٤

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٤ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢،٥٤،٥٢، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی چوارشەممە، رێککەوتی (٢٠٢١/٤/١٤) بەم شێوەیە بێت:

گفتوگۆکردنی راپۆرتی لێژنەی پێکهاتوو بە پێی حوکمی بڕگەی پێنجەمی ماددەی (١٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەردانیکردنی دەڤەری (گەرمیان، چەمچەماڵ) بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی کەسوکاری ئەنفالکراوان، خزمەتگوزاری لەناوچەکەدا بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکەین، سەرەتاش بە دەقیقەیەك وەستان بۆ رروحی پاکی شەهیدانی پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال کۆی شەهیدانی گەلی کوردستان دەستپێدەکەین، زۆر سوپاس، فەرموون.

بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی خوشك و برایانی ئێزیدی دەکەین بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵی نوێ و جەژنی چوارشەمە سوور، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە، پوختەی کۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە، بەناوی هەموومانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز وەزیری شەهیدان دەکەم، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢،٥٤،٥٢، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەمە، ڕێککەوتی (٢٠٢١/٤/١٤) بەم شێوەیە بێت:

گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پێکهاتوو بە پێی حوکمی بڕگەی پێنجەمی ماددەی (١٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەردانیکردنی دەڤەری (گەرمیان، چەمچەماڵ) بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی کەسوکاری ئەنفالکراوان، خزمەتگوزاری لەناوچەکەدا بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی، بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠،٥٢) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژماری (٦)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەمە ڕێککەوتی (٢٠٢١/٤/٧) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار، پوختەی دانیشتن، ناوی ئەندامان، ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی یەکەم و بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان.

چوارەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێنجەم: خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز پەرلەمانتار (مەم برهان محمد) پەیوەست بە حوکمڕانی بیرۆکراسی.

شەشەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە:

١-پێشنیازە یاسایی ڕێکخستنی ئامێرەکانی چاودێری لە هەرێمی کوردستان.

٢- پێشنیازە بڕیاری ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی لە هەرێمی کوردستان.

حەوتەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیاز یاسایی هاوردەکردنی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

هەشتەم: کۆتایهاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، داوا لەو لیژنەیە دەکەین کە پێکمان هێنابوون بەمەبەستی سەردانی (گەرمیان، چەمچەماڵ) چوار لەو لیژنەیەی کە چووبوون بۆ چەمچەماڵ، چواریش لەوەی چووبوون بۆ گەرمیان بفەرموون بێنە سەر مەنەصەکە، چونکە جێگەی هەموان نابێتەوە، دەرفەتیان دەدەین هەر هەموویان قسە بکەن بۆ ئەوەی لێرە بن ئەگینا هەر (١٦) یان بۆیان هەیە قسە بکەن،

ئێستاش ڕێگە بە بەڕێز سەرۆکی لێژنەی شەهیدان دەدەین بەشێکی ڕاپۆرتەکە بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە هەر وەکو ئاگادارن لە ماوەی ڕابردوودا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لێژنەیەکی ڕاسپارد بۆ ئەوەی سەردانی دەڤەری گەرمان و چەمچەماڵ بکەین، بۆ ئەوەی لە یادی ئەنفالی گەرمیاندا گوێ لە کێشەو داواکارییەکانی ئەو دەڤەرە بگرین، ئەوە بوو کە ئەنجامی سەردانەکانمان ئێستا ڕاپۆرتێکە کە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها هەندێك خاڵیشی ئاراستەی حکومەتی فیدراڵی عێراق دەکەین.

ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاسپێردراوی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە یادی (٣٣) ساڵەی شاڵاوەکانی ئەنفال:

ئەنفال ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییە بوو کە ڕژێمی دیکتاتۆری شۆفینی بەعس دژ بە گەلی ستەم دیدەی کوردستان ئەنجامیدا، لە شوباتی ساڵی (١٩٨٨) دەستی پێکرد لە ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتایی پێهێنا، پرۆسەی تاوانی ئەنفال لە هەشت قۆناغی یەك بەدوای یەکدا ئەنجامدرا، سەرەتای ئەم تاوانە لە دۆڵی جافایەتی دەستی پێکرد دواتر ئەنفالی ناوچەی قەرەداغی گرتەوە، لە قۆناغی سێیەم ناوچەی گەرمیان، لە قۆناغی چوارەم ناوچەکانی زێی بچووك و دەشتی کۆیێ، قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم ناوچەکانی ڕواندز، خەلیفان، خۆشناوەتی، دوا قۆناغی ئەنفالیش ناوچەی بادینانی گرتەوە، ئەم تاوانەش بێ پێشینە نەبوو بەڵکو پێش ئەوەی جینۆسایدی فەیلییەکان و بارزانییەکانی ئەنجام دابوو، لەم پرۆسە بەدناوەدا حکومەتی شۆفێنی ئەوکاتی عێراق زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار هاوڵاتی کوردستانی شەهید و بێ سەرو شوێن کرد، زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستان سوتێنران و لەگەڵ زەوی دا تەخت کران، بەمەش بەشێکی گرینگی بنەمای ئابووری کوردستان وێران کرا، لە ڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دارستان تەنانەت وشککردنی سەرچاوەی کانیاوەکانیشی گرتەوە، ڕووبەرێکی گەورەی خاکی کوردستان چۆل کرا، ئەو خەڵکانەشی کە لەم شاڵاوەدا دەربازیان بوو ئاوارە و دەربەدەرکران، ئەنفال بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان جینۆسایدی گەلێك بوو، کە کوشتن لەناوبردنی تاکەکان، بێسەروشوێنکردن، زیندەبەچاڵکردن و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، گولەبارانکردن، برسیکردن، وێرانکردنی سەرچاوەکانی ئابووری و ژیان و ئاوارە و دەربەدەرکردنی هاوڵاتیانی سڤیل لە زێدی باب و باپیرانی لەخۆگرتبوو، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر لەداوی دامەزراندنییەوە جینۆسایدی بە تاوانێکی نێودەوڵەتی داناوە، بەپێی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان تاوانی جینۆساید تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی هەرگیز تاوانباران بە تێپەڕبوونی کات لە سزای عادیلانە دەربازیان نابێت، دەبێت بدرێنە دادگا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٤/١٤) ئەنفالی بە جینۆساید ناساند، هەروەها دادگای باڵای تاونەکانی عێراق لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٦/٢٤) ئەنفالی وەك تاوانی جینۆساید ناساند، لەبەر

رۆشـنایی ئەم بڕیـارە تاوانبـاران (علـی حسـن مجیـد)، (سـلطان هاشـم حسـین رشـید) حـوكمی لەسێدەرەدانیان درا، زیندانی هەتا هەتایی بۆ ئەوانی تر دەرچوو، فەرمـانی دەسـتگیركردنیش بـۆ دووسـەد و پەنجـاو هەشـت تۆمەتبـار لە كەیسـی ئەنفـال دەرچـووە، بەڵام بەداخەوە دەسـتگیر نەكردنی ئەم تۆمەتبارانە بۆتە داخێكی گەورە لەسەر دڵـی كەسـوكاری شـەهیدان و ئەنفـالكراوان، بـۆیە لەم بـۆنە خەمنـاكەدا پێمـان وایە كە پێویسـتە لەسـەر حكـومەتی عێـراق ئەم هەنگـاوانەی خوارەوە بنێت:

یەكەم: پابەنــدبوونی خــۆی بە ماددەكــانی (١١٢، ١٣٢)ی دەســتووری ســاڵی (٢٠٠٥)ی عێراقــی و یاساكان و بڕیارەكانی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق سەبارەت بە جینۆسایدی گەلی كوردستان رابگەێنێـت، بەتـایبەت قەرەبـووكردنەوەی زیـانە گیـانی ماڵییەكـانی كوسـوكاری ئەنفـالكراوان هەروەهـا تەرخـانكردنی بەشـێك لە داهاتەكـانی عێـراق بـۆ نـاوچە زیـان لێكەوتووەكـانی ئەو شاڵاوانە.

دووەم: حكــومەتی عێــراق داوی لێبــووردن لە گەلــی كوردســتان بكــات و بەڵێنــی دووبــارە نەبوونەوەی كارەساتی وا دەرهەق بە گەلی كوردستان بكات.

سێیەم: سەرجەم ئەو دۆكۆمێنتانەی كە لەسەر تاوانی ئەنفال هەن رادەستی حكـومەتی هەرێمـی كوردستانی بكاتەوە.

چوارەم: دەوڵەتی عێراق ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێـودەوڵەتی بە مەبەسـتی رێگریكـردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە دژ بە گەلانی عێراق بە گشتی گەلـی كوردسـتان بە تـایبەتی، دوابەدوای ســەردانی مەیــدانی لێژنەكەمــان بــۆ دەڤەری گەرمیــان و قەزای چەمچەمــاڵ وە كۆبوونەوەمــان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیــدارەكان، كەســوكاری شــەهیدان و ئەنفــالكراوان و رێكخراوەكانی تایبەت بە جینرساید و ئەنفال، كۆمەلێك كیشە و گرفت و داواكاری و راسـپاردەی دەڤەرەكە دەخەینە بەردەم پەرلەمانی كوردستان و حكـومەتی هەرێـم، بە ئامـانجی چارەسـەر و جێبەجێكردنیـان، كە لەلایەن هەڤـاڵی بەرێزمـان (رۆژان) خـان ئەم خـالانە دەخوێنـدرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (رۆژان) خان، فەرموون.

**بەڕێز رۆژان محمد كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، لە یـادی (٣٣) سـاڵەی تـاوانی كۆمەڵ كوژی ئەنفال دا سەری رێـز دادەنوێنم بـۆ سـەرجەم شـەهیدانی ئەنفـال، بەرێـزان لەداوی ســەردانەكەمان بــۆ نــاوچەی گەرمیــان، قەزای چەمچەمــاڵ، كۆبوونەوەمــان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان و كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان و رێكخراوەكانی تـایبەت بە جینۆسـاید و ئەنفال كۆمەلێك كێشە و گرفت و داواكـاری راسـپاردەی نـاوچەكە دەخەیـنە بەردەم پەرلەمـانی كوردستان و حكومەتی هەرێم، بە ئامانجی چارەسەركردن و جێبەجێكردنیان:

یەکەم: گەڕانەوە روفاتی سەرجەم قوربانیانی تاوانی ئەنفالی کوردستان بە ئاشکرا و لەبەرچاوی میـدیا جیهانییەکـان و نـوێنەرانی رێکخـراوە نـاوخۆی و جیهانیەکـانی بـواری جینۆسـاید و کەسوکاری ئەنفالکراوان بەپێی بڕیاری دادگا.
دووەم: وەرگرتنی سامپلی خوێن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان بەمەبەستی ئەنجامـدانی پشـکنینی (DNA) بۆ ناسینەوەی روفاتەکان لە کاتی هێنانەوەیاندا.
سێیەم: رەخساندنی هەلی کـار و پێشـەنگی بە کـچ و کـوڕی شـەهیدان و ئەنفـالکراوان بـدرێت لە دامەزراندنـــدا، کە ژمـــارەیەکی زۆریـــان خوێنـــدنیان تەواو کـــردووە بێکـــارن، هەروەهـــا دەسپێکردنەوەی پێشینەی هاوسەرگیری کچ و کوڕی شەهیدان.
چـوارەم: هەمـوارکردنەوەی یاسـای ژمـارە (٩)ی سـاڵی (٢٠٠٧) مـاف و ئیمتیـازاتی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان و یاسـای ژمـارە (٩)ی سـاڵی (٢٠١٥) مـاف و ئیمتیـازاتی تاقانەکـانی جینۆساید بەشێوەیەك کە کاری پێبکرێـت و خواسـت و داواکارییەکـانی کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفالکراوان و تاقانەکانی جینۆساید بەدی بهێنێت.
پێـنجەم: پێویسـتە لەسـەر وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان رێکـاری پێویسـت بگرێتەبەر بۆ بەدۆکۆمێنتکردنی بەڵگە و وتە زارەکییەکان و کەلوپەلی ناو روفاتی ئەنفـالکراوان و پاراستنیان لە مۆنۆمێنتەکانی ئەنفالدا.
شەشەم: جێبەجێکردنی فەرمانی دابەشکردنی زەوی بـۆ کەسـوکاری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان و زیندانیانی سیاسی، هەروەها دروستکردنەوەی خانووی خۆکرد بۆ وارسی شـەهیدانی سـەنگەر و دەسـتپێکردنەوەی پێـدانی میـنحەی خـانوو خـۆکرد بـۆ وارسـی ئەنفـالکراوان، کە چەنـد سـاڵێکە راگیراوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە.
حەوتەم: نۆژەنکردنەوەی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ کە لە یاسـای بـوودجەی سـاڵی (٢٠١١) بڕی یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینـاری بـۆ تەرخـان کـراوە، هەروەهـا سـەوزکردنی گۆڕسـتانی مۆنۆمێنتەکە کە لە بوودجەی هەمان ساڵدا بڕی یەك ملیار و سی ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.
هەشتەم: دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی شایستە لە سنووری ئیدارەی گەرمیان لە ناحیەی (رزگـاری) لە (دێبنە).
نۆیەم: پێدانی نازناوی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە قەزای چەمچەماڵ، لە پەرلەمـانی کوردسـتان کە لە خولی چوارەمدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.
دەیەم: لە ئێسـتادا بـێ ئـاوی و کێشـەی سـەرەکی گرفتـی گەورەی سـەرجەم هاووڵاتیـانی قەزای چەمچەماڵە کە لەم قەزایەدا لە دوو حەفتە جارێك دوو کاتژمێر ئاویان هەیە، بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە حکومەتی هەرێم بە زووترین کات پـرۆژەی ئـاوی (گـۆپتەپە -چەمچەمـاڵ) بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بیریش لە پلانی کورتخایەن بکاتەوە تا جێبەجێکردنی پرۆژەکە.
یازدە: کێشەی نەبوونی کارەبای نیشتمانی لە ئیدارەی گەرمیان و قەزای چەمچەماڵ یەکێکی تـرە لە کێشە گەورەکان بەجۆرێـك کە تـا ئێسـتا (٤٢) گونـد لە سـنووری ئیـدارەی گەرمیـان و حەفتـا و حەفت گوند لە قەزای چەمچەماڵ بەدەست ئەم گرفتە دەناڵێنین.
دوازدە: نەبوونی خزمەتگوزاری و رێگاوبان کێشەیێکی گەورەیە لەو ناوچانە بەجۆرێـك کە حەفتـا پێنج گونـد لە سـنووری ئیـدارەی گەرمیـان رێگـای قیرتاویـان نیـیە (٢٤) گونـد لە سـنووری قەزای

چەمچەماڵ هەمان کێشەیان هەیە، سەرەرای کێشەی قیرتا و لە ناو قەزاکە بەتایبەتی لە گەرەکی (ئاسوودە) کە سەرجەمیان کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانن.
سێزدە: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی دانانی بوودجەی هەرێم تایبەتمەندی ئەو ناوچانە لەبەرچاو بگرێت، بەهۆی ئەوەی کە دەکەونە سنووری ناوچە کورستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە یەکە ئیدارییەکان سەرەرای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە دانیشتوانی ناوچەکانی خۆیان خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بە خەڵکی ئەو ناوچانەش دەکەن بۆیە جەخت دەکەینەوە لە تایبەتمەند بوونی ئەو ناوچانە لە بوودجەی هەرێمدا.
بەڕێزان ئێستاش کاك (رزگار) دوای من ماوەی راپۆرتەکە پێشکەش دەکات. سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (رزگار)، فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەناوی خوای گەورە، سەری رێز دادەنوێنم بۆ خەڵکی قوربانی نیشتمان، ئەو خەڵکانەی کە خەڵکی راستەقینە بوون لەپێناو نیشتیمانا خوێنی خۆیان بەخشی.
چواردە: دەستپێکردنەوەی ئەو پرۆژانەی کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە راوەستاوە کە باوترینیان پرۆژەی دووسایدی (کەلار- دەربەندیخان)، (کەلار- کفری) پرۆژەی نەخۆشخانەی سەد قەرویلەیی لە کەلار و چەمچەماڵ و بەنداوی (باوەنور) لە ناحیەی (پێباز).
پازدە: نەبوونی بینای تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی شەهیدان لە ئیدارەی گەرمیان، قەزای چەمچەماڵ، هەروەها پێویستی نۆژەنکردنەوەی زۆربەی بینا و فەرمانگەکانی حکومەت لەو ناوچانە سەرەرای نەبوونی میلاکات، پێویستە پڕکردنەوەی بۆشایی میلاکات.
شازدە: ئاوەدانی زیاتر بخرێتە ئەو ناوچانەی کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون وەك کردنەوەی قوتابخانە، پەیمانگا، زانکۆ، دامەزراندنی کارگەی جۆراوجۆر بە مەبەستی رەخساندنی هەلی کار و باشترکردنی پرۆژەی ژیانی هاووڵاتیان.
حەڤدە: پێویستە کاربکرێت بۆ ئەوەی تەواوی ئەم تاوانە بە جیهان بگەێنرێت و لە رێگای قونصول و نوێنەرانی وڵاتان لە هەرێم و عێراقدا، هەروەها وەرگێرانی دیکۆمێنت بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان تا ئەم تاوانە وەك تاوانە گەورەکانی جیهان بە زیندوویی بمێنێتەوە، فەرامۆش نەکرێت.
لە کۆتایدا سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدانی شاڵاوەکانی ئەنفال و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بەرێز وەزیری شەهیدان پێشتریش لە رێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە راپۆرتەکەیان پێگەیشتووە، ئیمە پێمان باشە لەسەر ئەو راپۆرتە قسەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی دواتر دەرگای قسەکردن بۆ ئەندامانی پەرلەمان بکەینەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود/ وەزیری شەهیدان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، راپۆرتەکە وابزانم دەستکاری کراوە ئەوەی بە من گەیشتووە پێشتر بەس بە هەر حاڵ، بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، سکرتێری پەرلەمان، فراکسیۆنە بەڕێزەکان، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش، ئەمەوێت لەم رۆژەدا سەری رێز بەرامبەر بە شەهیدانی گەلی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی جینۆسایدکراوانی هەرێمی کوردستان، کوردستانی عێراق نەوی بکەم، رێز و تەقدیرێکی بێپایەنم هەیە بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، دەست خۆشی لەو لێژنەیە دەکەین کە لەلایەن بەڕێز پەرلەمانی کوردستان زۆربەی فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران کە سەردانی ناوچەکانی گەرمیانیان کردووە، سەردانی چەمچەماڵیان کردووە، ئێمە پشتگیری تەواوی راپۆرتەکەیان دەکەین، ئەو بەشەی کە ئاراستەی حکومەتی عێراق کراوە، ئەو بەشەشی کە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان، چونکە هەندێ لە خاڵەکانی پەیوەندیدارە بە هەندێك لە وەزارەتەکانی تر، بە کۆی گشتی راپۆرتەکە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئێمە دەست خۆشیان لێدەکەین وە پشتگیریان لێ دەکەین، مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ فەرمانی بۆ دەرچووە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو خاڵەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە زۆر شتی تریش کراوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەرگای قسەکردن بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەکەینەوە، ناوەکان دەنوسین، نوقتە نیزامیەکان وەردەگرین، دواتر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسە دەکەن، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەك هەبی لسەر لیژنەکا هاتیە دروست کرن دەست خۆش بۆ ڤی لێژنی، سەری رێز و نەوازشێ بۆ شەهیدێن ئەنفالا و هەمی ئەنفالا، وەکو ئەم دزانن ئەنفال دهەشت قۆناغاندا لشەش ناوچەی جیاواز هاتبوونە کرنێ، یەك ژوان قۆناغا ژقۆناغا هەشتێیە کە (١٩٨٨/٨/٢٦) بەردەوام بی لپارێزگەها دهۆکێ کو دەڤەرا بادینان دێتە ناڤین ڤێریێڤە حەتا (١٩٨٨/٩/٦)، ڤەلێ مخابنیڤە ڤی لێژنێ بیچەکی پەلە دڤی کاریدا هاتیە کرنێ پێتڤی بە وەکو من رەئیا من پێتڤیا ڤێ لێژنێ سەرەدانا پارێزگەها دهۆکێ ژکربیا و ئەڤ ناوچە دتبینا هەر شەش ناوچێن دی ژهاتیە ئەنفالکردن بێ فەرق و جودایی، نە تەنها گەرمیان چونکی (٨/١٤) رۆژا ئەنفالانە بە گشتی نە بۆ ناوچەکی تایبەت من پێ باشە ئەگەر لیژنەك سەرەدانا هەر شەشە ناوچا دی بکات باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە بۆ ئەو ناوچەیە بۆ ئەنفالی ئەو ناوچەیە دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام دەدەین، تایبەتمەندی ناوچەکە لەبەرچاو ئەگرین دڵنیابە، کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دووەمین جارە لحەفتەیا دەربازبووی لڤێ حەفتەیێ ژی بێکو هیچ بەندەکی یاسایی هەبیتن لدەرگەهێ پێشیێ پەرلەمانی کوردستانێ رێگری لسەرۆکێ فراکسیۆنا نەوەی نوێ (د.کاڤام) تێتە کرن، سەرەرای بڕیاران نایاساییا پەرلەمانا کوردستانێ کو هیچ بریارەکا یاسایی و هیچ بوعدەکی یاسایی نەبوویە کو بڕیار لسەر هاتیەدان (٧٣) پەرلەمانتار دەنگدایە ژبۆ دورهێخستنا ویش رونیشتنێ پەرلەمانی، لێ هیچ یاسایەك نین کو رێگە پێ نەداتن بێتە دناڤا پەرلەمانا کوردستانێدا، ئایا ئەڤە چ پێشڤیا یاسایە دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانا کوردستانا کری، چونکی بە هیچ رەنگەکی یاسایی نییە کو رێگری لپەرلەمانتاری بهێتە کرن لدەرگێ پێشیێ کو بێتە دناڤا پەرلەمانا کوردستانێدا، لەورا داخازی دکەم لسەر ڤێ بریارا نایاساییا کە ئایا چ بریارەکا نایاسایی وە دکات مەزنتریت صولتەی یاسادانان لهەرێما کوردستانی روونکرنێ لسەر ڤێ پرسێ بدەن، ئایا بۆچی رێگری لسەرۆکێ فراکسیۆنا نەوەی نوێ تێتە کرن بێتە دناڤا پەرلەمانا کوردستانێدا سەرەرای کوبریارا بەشدارینەکردنا دناڤا رونیشتنا پەرلەمانا کوردستانێدا ژ بریارەکا نایاسایە سەرۆکایەتیا پەرلەمانا کوردستانیە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاوە)، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەڵکی هەرێمی کوردستان قوربانیدا دەیان هەزار ئەنفال کران، دەیان هەزاریان شەهید بوونی لەپێناو کوردستان، لەپێناو ئەوەی کە پەرلەمانێکی لەو شێوەیە دروست بێت، بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە دەبینین پەرلەمان کە بەخوێنی دەیان هەزار شەهید و ئەنفال دروست بووە، دەبینین لەم پەرلەمانە پێشێلی یاسا ئەکرێت، سەرۆکی فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان بە نایاسایی رێگای پێنادرێت لە دەرگای دەرەوە بهێنرێتە ناو پەرلەمانی کوردستان، ئێمە دەبینین دوو سەد و پەنجا و هەشت کەس کە تۆمەتبارن بە کەیسی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان بە ئارەزووی خۆیان لەناو هەریمی کوردستان دەسورێنەوە، بەشێکیان مووچەکانیان لە مووچەی کەسوکاری ئەنفالکراوان زیاترە، بەشێکیان بەرپرسیاریەتییان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن کەلەناو پەرلەمان دەنگی هەیە، دیفاع لە خەڵك دەکات، باسی قوت و ژیانی خەڵك دەکات، رەختە دەگرێت، دەبینین بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، رێگای پێنادرێت بێتە پەرلەمانی کوردستان، هیواداربووین کە ئەمرۆ لەناو پەرلەمانی کوردستان لە هەموو کات زیاتر یاسا سەروەربایە، دادگاکان بێلایەن بایە، بەداخەوە دەبینین لەناو پەرلەمان پێشێلکارییەکان بەردەوامن، بەتایبەت بەرامبەر بە فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن کە ئەویش فراکسیۆنی نەوەی نوێیە، هیوادارین بە زووترین کان ئەو بڕیارە هەڵوەشێتەو، کۆتایی بەو بڕیارە نایاساییە بهێنرێت کە لە دژی (د.کاظم) و فراکسیۆنی نەوەی نوێ بەردەوامە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم بە بڕیارە نایاسایییەکەتاندا بچنەوە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی (د.کاظم) نوێنەری خەڵکە، نوێنەری سەرووی شازدە هەزار خەڵکی کوردستانە، نوێنەری ئەنفالکراوانە، نوێنەری خەڵکی بەژمەینەتی هەرێمی کوردستانە، خۆ (د.کاظم) تەعین نەکراوە لە پەرلەمان تا وەکو وەکو بەڕێوەبەرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چۆن ئێوە مافتان هەیە بێنە ناو پەرلەمان ئەویش بە هەمان شێوە مافی هەیە کە داخلی ناو پەرلەمان بێت، پێویستە ئەو بڕیارە بۆ (د.کاظم) هەڵبوەشێنرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەواو تەواو نایاسایییە، چۆن دبێت (٧٣) پەرلەمانتار کۆدەنگ بێت بۆ ئەوەی کە ئەندامیکی ئۆپۆزسیۆن نوێنەری خەڵك، نوێنەری شەهیدان و ئەنفالکراوان نەهێڵرێت بێتە پەرلەمانەوە، بەڵام خەڵکانێك کە دەستیان هەبووە لە ئەنفال، خەڵکانێك هەبووە کە لەسەر جادە خەڵك دەکوژن، تۆمەتیان هەیە، سکاڵایان لەسەرە لە دادگاکان دەتوانن بێتە ناو پەرلەمانەوە، بەڵام چۆن دەبێت نوێنەرێکی خەڵك رێگری لێبکرێت بهێنرێتە ژوورەوە، خەڵکی هەرێمی کوردستان دوای (٣٠) ساڵ ئەنفال دەکرێت، ئێوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەتا نوێنەری ئەنفالکراوان ناهیڵن بێتە ژوورەوە، نوێنەری خەڵك، چۆن دەبێت ئێوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەندە لایەنداری بکەن، تکا دەکەم بە بڕیارەکەتدا بچۆوە بۆ خۆتان ناخۆشە، بۆ پەرلەمانی کوردستان ناشرینە ئەوەندە لایەندارانە بکات، دوای (٣٠) ساڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەنفال دەکرێت بەڵام لە چاڵدا نییە، ئەوەتا (د.کاظم) ئەنفال دەکرێت، وەکو وایە ئەنفال بکرێ، مەعقووله نوێنەری خەڵکە ......... قسەکانم تەواو نەبووە.............. بهێڵن ئەندامەکەمان بێتە ژوورەوە ..................رێگری لە ئێمە دەکەن دیفاع لە خەڵك بکەین .................. رێگری دەکەن کە قسەی دڵی ..................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بووە (مژدە) گیان، ئێمە باسی ئەنفال دەکەین، کۆبوونەوەی پێشوو وەڵامی ئەم پرسیارەمان دایەوە، کاك (رومیو)، فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بە بڕیاری ئەو پەرلەمانە، ئەمڕۆ وەکو جەژنی خوشك و برا ئێزیدییەکان، هەروەها سەری ساڵی نویّ ی خوشك و برایانی ئێزیدییە بە فەرمی ئەم بڕیارە لە پەرلەمان دەرچووە، من پێم وایە پەرلەمان یەکەمین دامەزراوە دەبێت ببێت کە پابەند بێت بە یاسای و بڕیارەکانی خۆی، بۆیە من پێم وایە دەتوانرا ئەم دانیشتنە رۆژێك پێش ئەمڕۆ یاخود رۆژێك دوای ئەمە بکرێت، وەکو رێزلێنانێك بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە زوڵمێکی زۆریان بینیوە، هەروەها لەهەمان کاتدا سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبوایە پرۆزبایییەکی گەرم بەو بۆنەیەوە بۆ ئەو خوشك و برایانەی ناردبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برۆ تەعنی لێدە، (مژدە) خان ئێمە ماددەی (٥٧) هەیە داوات لێدەکەم ئەم رۆژە رۆژێکی تایبەتە، حەز ناکەم هیچ ئیجرائاتێکت بەرامبەر وەرگرم، بڕیار پەرلەمان داویەتی، بەڕێزان ئەمرۆ رۆژێکی تایبەتە، بەڕێزان ئەندامی پەرلەمان دەنگی داوە، ئەبێ ئەندامی پەرلەمان هەڵیوەشێنێتەوە، (مژدە) خان داوات لێدەکەم کۆتایی پێبێنی بەگوێرەی ماددەی (٥٧) نامەوێ ئیجرائاتێکت بەرامبەر بکەم، داوات لێدەکەم کۆتایی پێبێنی، تەواو، ناتان کوژین، لێرە کەس کەس ناکوژێ، تەواو، بەسە کچی من، بەسە رۆلە گیان، دەست بە وەرگرتنی ئەو کەسانە دەکەین کە دەیانەوێت قسە بکەن، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای ناردنی سڵاو بۆ روحی شەهیدان و ئەنفالکراوان، دەربارەی پرسی ئەنفال خۆت دەزانی ئەنفال دوو توێژ لە پرسی ئەنفال زەرەرمەندن شەهیدان و زیندووەکان، شەهیدان راستە مووچەیێکیان بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام ئەو ناوچانەی ئەنفال بە دەست کۆمەلێك کێشەی زۆرەوە دەناڵێنن، بەداخەوە لە حکومەتێکی (٢٢) نەفەری تاقە یەك وەزیر ئامادە بووە، من نازانم سەرۆکی حکومەت و جیگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی تر لەکوێن؟ لە کاتێکدا هەندێك لەم داواکاریانە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردەوە هەیە، زۆر بەداخەوە لە (٤/١٤) دا حکومەت لێرە ئامادە نابێت، دووەم بۆ زیندووەکان چواردە دەربازبووی گۆرە بە کۆمەلەکانمان هەیە ئێستا نۆیان لە ژیاندا ماون پێنجیان مردوون، ئەوانە بڕیارێکیان بۆ دەرچووە ژمارە (٦١)، (٤٩) لە (٢٠١٣/٦/٢٤) کە مینحەیەکە (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزاریان بۆ دراوە، بەڵام ئەو بڕیارەش تا وەکو ئەم ساتە وەختە جێبەجێ نەکراوە، ئەو دەربازبوانە پێویستە ماڵێکیان بۆ دروسن بکرێ لە گەرمیان بۆ ئەوەی کە توێژەر و لیکۆڵەرەوەکان و خەڵکانی بیانی کە دێن لەسەر دۆسیەی ئەنفال زانیاری وەردەگرن راستەوخۆ لە ئەوانی وەرگرن، تایبەت بە تاقانەکانی ئەنفال تەنها باجیکیان بۆ دروست کراوە، لەگەڵ ئەو باجە پێویستە لەسەرجەم دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزیان لێبگیرێت، حەصانەی تەندروستیان هەبێت، دوربخرێنەوە لە کاری مەترسیدار بۆ نمونە نەبن بە پێشمەرگە، نەبن بە ئاسایش و پۆلیس، هەرچەند میهنەیەکی پیرۆزە چونکە ئەوانە تاقانەی ئەنفالن، لە دەروازەی هەموو گوندێکی ئەنفال دیوار بەندێك دروست بکرێت ناوی ئەنفالکراوانی لەسەر بنوسری، (١٪) ی ئەنفالی کوردستان لە گوندە (چەلەمۆر) کراوە، بەداخەوە مۆنۆمێنتی (چەلەمۆر) زۆر زۆر بێنازە، ئەو رۆژە کەسوکاری ئەنفالکراون داوای چوار ملیۆن دیناریان لە حکومەت کردووە، لەگەڵ پاسەوانێك، حکومەتێك دوای (٣١) ساڵ نەتوانێ چوار ملیۆن بۆ گوندی (چەلەمۆر) سەرف بکات کە چوارسەد ئەنفال زیاتریان هەیە لەو گوندەدا، (١٥) کەسیان دەربازی بووە لەم گوندە دا، دەربارەی مەسەلەی (١٥٠) منداڵی کوڕ و کچی ئەنفالکراوان هەیە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا، ئەمانە حەقی خۆیانە کە خوێندنیان تەواو کردووە دابمەزرێن، بۆیە ئێمە داواکارین ئەولەویەت بدرێت بە کوڕ و کچی شەهیدانی ئەنفال بۆ دامەزراندن، دەربارەی جاش و

موستەشارەکان ئەوە کەسوکاری ئەنفالکراوان لەوە نائومێد بوون کە ئەمانە دادگایی بکرێن، من دەڵێم دەستتان خۆش بێت بەری کوردستانی کە لێبوردنی گشتیتان بۆ دەرکردن! کاك دادگایشیان مەکەن، بەس مەیان کەن بە کەڵەگا بەسەر کەسوکاری شەهید و ئەنفالەوە، بەس مردووەکانیان بکوژەکانیان مەیان کەن بە شەهید، ئەوانەی زیندوون مەیان کەن بە خانەنشینی پێشمەرگە، بە پلەداری سەربازی خانەنشینیان مەکەن، هەر هێزێك هەر لایەنێك هەر کەسێك داڵدەی ئەوانەی داوە، پلەیان دەداتی، خانەنشینیان دەکات، بەدیار چاوی کوڕ و کچی ئەنفالەوە هەموو رۆژێك زامی ئەنفالەکان دەکولێتەوە، لێبوردنی گشتیتان بۆ دەرکردوون دەستتان خۆش بێت، بەس مەعقولە ئەمانە وەکو خۆیان دەڵێن جاشایەتی و پاشایەتی لە جاران زیاتر وەزعیان باشتر بێت، ئەمانە بە پلەی سەربازیی جۆراو جۆر خانەنشین کرابن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (هاوڕێ)، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی وەکو ڕەخنەیەك هەر وەکو پشتگیری بۆ قسەکانی مامۆستا (ابوبکر) دەبوو بەڕێزان لە سەرۆکایەتی حکومەت، ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لێرەبونایە، لێرە وجودیان هەبوایە رۆژێکی گرینگە بۆ ئەوەی کە بتوانن داخوازی هاووڵاتیانی گەرمیان ئەوە بکرێ، داوی (٣٣) ساڵ ئەنفالکردنی زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار ژن و پیاو منداڵ لە کوردستان بە داخەوە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست خزمەتی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان ئەنفالکراوان نەکراوە، نەك ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین نەکراوە، بەڵکو هەندی پێداویستی سەرەتایشیان بۆ نەکراوە پشتگوێ خراون، باسی ئەوەش ناکەم کە بەداخەوە ئەوانەی دەستیان لەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییەدابووە نەك دەستگیر نەکراون بەڵکو شاهانە دەژین و زۆریان لە بری سزا سوپاس کراون، پلەو پۆستیان پێدراوە، دایکانی ئەنفالیش تا ئێستا چاوەڕوانی هاتنەوەی تەرمی ئازیزانیانن، باسە ئەوەش ناکەم کە بەداخەوە نە حکومەتی هەرێم، نە پەرلەمانی کوردستان نەیان توانیوە وەکو پێویست کار بۆ بە جینۆسایدناساندنی کەیسی ئەنفال بکەن، باسی ئەوە دەکەم بەداخەوە ئێستا دایکی ئەنفالکراوان لە سنووری چەمچەماڵ بە (١٥) رۆژ جارێك دوو کاتژمێر ئاوی خواردنەوەیان پێدەدرێت، چ ویژدانێك ئەمە قبوڵ دەکات لە کاتێکدا ئەگەر پرۆژەی ئاوی (گۆپتەپە) جێبەجێ بکرێت کە تەنها نزیکەی حەفتا ملیار دیناری تێدەچێت، لەو مەینەتییە رزگاریان دەبێت، ئەگەر حکومەت خۆی ناتوانێت بیکات چەند کۆمپانیایەك ئامادەن بیکەن، ئەنجامی بدەن بە قەرز یان گەرەکی ئەنفالکراوان گەرەکی (ئاسوودە) تا ئێستا شەقام و کۆڵانەکانی گڵ و خۆڵە بۆ قیرتاوکردن تەنها پێویستی بە سێ ملیار دینارە، چەند پێویستییەکی گرینگ و هەنوکەیی بۆ قەزای کفری، تەواوکردن و بەگەرخستنەوەی پرۆژەی خزمەتگوزارییەکانی ناوەندی قەزای کفری کە خۆی دەبینێتەوە لە پرۆژەکانی ئاوەڕۆ شۆستە، قیرتاوکردنی گەرەکەکانی ڕاپەرین، شۆرش، شەهیدان، ئازادی، مامۆستایان، هەندێ گەرەکی دیکە، هەموو ئەو پرۆژانەی بە نیوەچڵی جیهێڵراون لە کفری سێ ملیار دۆلاری پێویستە، دووەم دروستکردنی پاڵاوگەی ئاوی خواردنەوە لە کفری کە نزیکەی هەشت سەد ملیۆن دینار

گوژمەکەیەتی بەندەش لە ماوەکانی پێشوو ئەو داواکارییەم پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان کردووە، سێیەم تەواوکردنی پرۆژەی بینای خوێندنگەی (هەواری نوێ) کە (٢٥٪)ی تەواو بووە، تەنها بە یەك ملیار و نیو دینار کێشەی خوێندنی ئەو گەرەکە و چەند گەرەکێکی دیکە بە کۆتا دێت، چوارەم، دروستکردنی بینای کۆلێژی کشتوکاڵی کفری کە لە پێشتر پرۆژەکانی زانکۆی گەرمیان لە پێشترین پرۆژەکانی زانکۆی گەرمیانە بەڵام بەهۆی راگرتنی پرۆژەوە تەندرینی بۆ نەکراوە، پێنجەم دروستکردنی پررۆژەی گەشتیاری بەنداوی (باوەشاسوار) کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمەوە ئامادەکاری و دیزاینی بۆ کراوە، بوودجەی تێچووی پرۆژەکە تەنها یەك ملیار دینارە، بە جێبەجێکردنی ئەم داواکاریانە بوژانەوەیەکی باش لە کفری دروست دەبێت نیگەرانی ئێمە و هاوڵاتیان کەم دەکاتەوە، دەستپێکردنەوەی پرۆژەی دووسایدی (کەلار- دەربەندیخان)، (کەلار- کفری) کە تەنها نزیکەی هەشتا ملیار دیناری تێدەچێت و هاڵاتیان لەو رێگایە رزگاریان دەبێت کە رۆژانە ئازیزانمان دەکاتە قوربانی، نەخۆشخانەی سەد قەرەوێلەیی لە کەلار کە تێچووی پرۆژەکە نزیکەی هەشتا ملیار دیناری تێدەچێت، هاووڵاتیان رزگاریان دەبێت، چەند داواکارییەك بۆ ناحیەی رزگاری ..........................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (هاورێ) گیان چوار دەقە قسەت کرد، بیدە کاك (مەلا ناصر)، کاك (مەلا ناصر)یش هەر نوێنەرایەتی گەرمیان دەکات، بیدە ئەو ئەیلێ، کاك (بهمن)، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٣) ساڵەی کارەساتی ئەنفالدا سەری رێز و نەوازش دائەنوێنین بۆ سەرجەم ئەنفالکراوانی کوردستان و کەسوکارە سەربەرزەکانیان، لەراستیدا دەبێت بەجدی دەبێت هەموو لایەکمان بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر باڵاوە لە ئاستی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان فشاربکەین بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق هەرچی زووە ببێتە ئەندام لە دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆ دوو مەبەست، یەك بۆ ئەوەی ئەوەی روویداوە لە کوردستان لە ئەنفال و کیمیابارانکردن بە جینۆساید بناسرێنێ لە ئاستی نێودەوڵەتی، دوو بۆ ئەوەی هەموو گەلانی عێراق دڵ تەئمین بن جارێکی تر حکومەتەکانی عێراق پەنانابەنە بەر جینۆساید، دووەم کاری جدی بکرێت لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کە فشاری گەورە بکرێ لە رێگەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە نەهێڵرێت عێراق گۆرە بەکۆمەڵەکانی جنوبی عێراق بە نهێنی هەڵبداتەوە، دەبێت لەپێش چاوی کامێراکانی راگەیاند، لەپێش چاوی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەڵبدرێنەوە، ئەوەی کە پێویستە بۆ گەرمیان سەرەرای دەستخۆشی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە رابردوودا لە دوو وەجبەی شیرینی نەوتدا خزمەتێکی گەورەی بە گەرمیان کردووە، بەڵام هێشتا گەرمیانییەکان پێویستیان بە خزمەتگوزاری زیاترە، رێگەی (کەلار-سلێمانی) بەراستی بووبە چیرۆکێکی تراژیدی هەموو خەڵکی گەرمیان دەناڵێنن بە دەستییەوە، لەم جەلسەی پەرلەمانە بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی لێرە پێشنیارمان بۆیان کرد کە گەرانەوە بیست ملیا دیناری بۆ سەرف کرا، بەڵام بەداخەوە سێ رۆژ پێش ئێستا بە ئامادەبوونی هەر هەشت ئەندام پەرلەمانەکە دوو

شۆفڵمان نەدیت لەم ڕێگەیە ئیش بکات، ئێمە نازانین ئەو پارانە بۆ کوێ دەچێت؟ چۆن سەرف دەکرێت؟ ئەبێت هەردوولا کۆمپانیا و حکومەتیش وەڵام بدەنەوە، بە دیکۆمێنتکردنی بەسەرهاتی ڕزگاربووانی ئەنفال بەراستی ئەمە کارێکی مێژوویی و گرینگە دبێت بکرێت، وەزارەتی شەهیدان هەرچی زووە دەست پێبکات، چونکە ئەوانەی ڕزگار بووە لە ئەنفال بەشێکی زۆریان تەمەنیان تێپەڕیوە خەریکن لە مردن نزیك دەبنەوە، هەرچی زووە پەلەکردن لە نوسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە گەرمیانەوە بەتایبەتی لە ڕزگاری، کردنەوەی ناوەندێکی توێژینەوەی ستراتیژی لە زانکۆی گەرمیان بۆ توێژینەوە لە کاروباری ئەنفال و جینۆساید، چارەسەرکردنی کێشەی تاپۆی زەوییەکانی ناحیەی ڕزگاری کە داواکاری سەرەکی مودیر ناحیەی ڕزگاری و خەڵکی ڕزگارییە، هەندێك پرۆژەی هەنووکەیی بۆ گەرەکەکانی ناحیەی ڕزگاری، هەمواری یاسای تاقانەکانی ئەنفال، چارەسەرکردنی کێشەی زەوی کشتوکاڵی لە ناحیەی (قۆرەتوو) کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە ئازادە بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناوچە تازە ئازادکراوەکانە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە تاوەکو ئێستا ئەوانە کیشەیان هەیە، دامەزراندنی ئەو ژمارە کوڕ و کچانەی وابزانم وەجبەی دواهەمی منداڵانی ئەنفالن ئەوانەی کە هەموویان باوکیان ئەنفالە ئەوانەشی کە لە ساڵی (١٩٨٨) لە دایك بوونە ئێستا دەکاتە (٣٣) ساڵ، خەریکە تەمەنیان بەسەر دەچێت زۆریان لە (٢٠١٢) ەوە تەخەروجیان کردووە، ژمارەکەشیان ناگاتە (١٠٠) کەس، بۆیە داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەویەت بە ئەوان بدرێت، کۆتا خاڵیشم ئەوەیە کە .......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (بهمن) کاك (جەلال)، لێرە نییە، بەڕێزان داوا دەکەین ئەوەی لەناو ڕاپۆرتەکەیە دووبارەی نەکەینەوە، چونکە خۆتان ئەندامی لێژنەکەبوون، کاك (ڕزگار)، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خزمەتانەی کە لە دەڤەری گەرمیان بۆ کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان کراوە من خۆم خەڵکی ناحیەی (سمودم) کە ئێستا ڕزگارییە بەداخەوە وەکو پێویست لەو ناوچەیە خزمەت نەکراوە، ئەوەی کە کراوە ئەو خانوانەیبۆ کەسوکاری ئەنفال لەو ناوچە کراوە لەسەردەمی بەڕێز کاك (عثمانی حاجی محمود) ئەو کاتە وەزیری ناوخۆ بووە، بە هاوکاری سەرۆکی حکومەت توانراوە ئەو خانوانە بۆ کەسوکاری ئەنفال بکرێت، بەڵام ئێستاش گەرەکەکانی وەکو برای بەرێزم کاك (بهمن) ئیشارەتی پێدا گەرەکەکانی ناحیەی (ڕزگاری) ئێستا زۆربەی زۆری گڵە، نە قرتا و نە کۆنکرین نەکراوە بەداخەوە، دەکرا لە هەموو یادێکا پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچە کارەساتبارانە بکرایە لە گەرمیان تا دەچێتە بادینان بەداخەوە نەکراوە، ئەو خزمەتانەی کە لەو ناوچە کراون وەکو پێویست نییە، لێرە دێمە سەر ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی ئەویش زۆر بەداخەوە کۆمەڵێك خەڵك کەوا زیدانی سیاسی نییە، عەسکەری فیرار بووە، لەسەر قاچاغی گیراوە تێکەڵ کراوە لەگەڵ ئەو لیستەی کە زیندانی سیاسی ئەو مینحەیەی بۆ دیاری کراوە ئەویش وەکو ئەو سوودمەندبووە بۆیە بەداخەوە، باشترین خزمەت بۆ ئەوەی خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و زیندانی سیاسی و پێشمەرگەی سەنگەری ڕاستەقینە

و كەم ئەنـدامی سـەنگەری راسـتەقینە بكرێـت ئەوەیە كەوا نـاوی ئەو خەڵكـانە كە خەڵكـێكن ناموسـتەحەقن لەنـاو ئەو خەڵكـانە دەربهێنـرێن ئەوە باشـترین خـزمەتە بە رای مـن، كێشـەی وەجبەكان وەجبەكانی یەك و دوو تا دەچێتە وەجبەی حەوت مووچەیـان بـۆ بەستراوە كە پێـنج هەزار زیـاترە، بەڵام نزیـك هەژدە هەزار بـێ مـووچەیە خەڵكـی تێـدایە بەداخەوە مـن بە نمـونەی زینـدوو باسـی خـۆم دەكەم مـن (١٩٧٦) بـۆ (١٩٧٨) گیـراوم لە وەجـبەی نـۆ منیـان دانـاوە، یەعنـی دەكرێ ئەگەر بەپێی ساڵەكانی حوكم بوایە دەبوایە لە وەجبەی یەكەم بووینایە یـان دەبـوایە ئەو وەجبـانەی كە ئێسـتا رێكخـراوەتەوە زۆر نـاعەدالەتی تێـدایە، ئێسـتا وەجـبەی هەشـت مـووچە وەردەگرێـت بەڵام چارەنووسـی وەجبەكـانی نـۆ هەتـا پـازدە دیـار نـییە، داوكـارین لە حكـومەتی هەرێمــی كوردســتان و لە وەزارەتــی شــەهیدان بتــوانێ چارەســەری ئەوانــیش بكــات، ئەو مووچانەشــی كە مــووچەی ئەوانەی كە راگیــراوە نــزیكەی دە مــانگە ئەوانە بــێ مــووچەن و مووچەكانیان چارەنووسی دیار نییە، هیواداریـن ئەوە چارەسەر بكرێت، ئەگەر خاڵی ...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، یەك دەقە زیاتریشـتان وەخـت دەدەمـێ ئەوەی لێژنەكـان، بەڵام هەر تەواو نابێـت، كاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای (٣٣) ساڵ هەتا وەكو ئێسـتا چ ویژدانێـك ئەمەی پـێ ڕەوایە دایكـانی ئەنفـال، یەعنـی ئەمە هەموو رۆژێـك بیلێـنەوە هێشـتا كەمە، هەمـوو دەقەیەك بیلێـنەوە كەمە بە (١٥) رۆژ دوو كـاتژمێر ئاویـان هەیە، ئـاوی خـواردنەوە، ئەم وەزارەتـی شـەهیدانە كە ئێستا وەزیـرە بەرێـزەكەی لێـرەیە هیـوادارم پـێم بڵـێ بە دوو دێـر، هەر وەڵامـێكم بـداتەوە بـزانم لەم كـابینەی حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان و ئەوانـی دیـكەش ئێسـتا ئەم وەزیـرە بەڕێـزە لەم كـابینەی حكـومەتی هەرێمـی كوردستانە لەم ماوەی ئەو تەمەنـی كـابینەیە چـی كـردووە بـۆ كەسـوكاری شـەهیدان؟ پـێم بڵـێن چیتان كردووە بـۆ بەجینۆسـاید ناسـاندنی كەیسـی ئەنفـال؟ لە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتاندا وەفد نێردراوەتە دەرەوە بۆ بەجینۆساید ناساندنی كەیسی ئەنفال، شۆفێر و وێنەگر و سكرتێر و موەزەفیـان نـاردۆتە دەرەوە بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمـان، هەمـوو ئەو پـرۆژانەی كە هاوڕێیـان لە راپۆرتەكاندا باسیان كردوو، كاك (هاورێ) باسی كرد هەمـوو ئەو خزمەتگوزاریەی كە كەسـوكاری ئەنفــالكراوان دەیانەوێــت بە گەرەكــی (ئاســوودە) كە گەرەكــی ئەنفــالكراوانە لە خراپتــرین گەڕەكەكانە بۆ نمونە كە ژیانی تێدا نییە، كەس ناتوانێت لەوێدا بژی لەبەر خۆڵ و تـۆزی هـاوین و قـوڕ و چڵپـاوی زسـتان، هەمـوو ئەو پـرۆژانەی دیـكە پـرۆژەی ئـاوی (گـۆپتەپە) هەمـوو ئەو خزمەتگوزاریانەی كە كەسوكاری ئەنفال كراوان و شەهیدان داوی دەكەن هەموو نزیكەی دووسە و پەنجا بۆ سێ سەد ملیۆن دینارە كە پارەی یەك مانگی قاچاغی دەروازە سنوورییەكانە یـاخوود یەك مانگی دزینی پارەی نەوتە، من ئەپرسـم بەس پـێم بڵـێن بـۆ لەبـری دەسـتگیركردنی جـاش و موستەشارەكان پلە و پۆستیان پـێ دەدرێـت! بـۆ ئەوان لە كەسـوكاری ئەنفـالكراوان و شـەهیدان شاهانەتر دەژین؟ نەك ناگیرێن و دەستگیر ناكرێن ئەمانە پاسەوانیان بۆ دانراوە، ئەمـانە ژیـانێكی شـاهانە دەژیـن، بەم جـۆرە خزمەتـی كەسـوكاری شـەهیدان و ئەنفـالكراوان دەكەن، زینـدانیانی

سیاسی هەتا وەکو ئێستا وەجبەی (١١،١٢،،٩،١٠) بەرێز وەزیری شەهیدان چەند ساڵە ئەمانە کۆدیان بۆ کراوە، زۆربەیان مردن چاوەڕێی مینحەن، یەعنی هەویەکتان داونەتێ کۆدتان بۆ کردوون کەی مینحەکەیان دەدەنێ؟ یەعنی شایستەی ئەوە نین! ئێ (٣٠) ساڵ لەمەو پێش ئەمانە زیندانی سیاسی بوون، راگیراوی ئەنفال بوون (٣٠) ساڵیشە چاوەڕێن ئەوە (٦٠) ساڵ، ئەی کەی دەیاندەنێ ؟ یەعنی هەموو پارەی ئێمە بیست و یەك هەزار و سەد و شەست و پێنج زیندانی سیاسیمان هەیە لە هەموو هەرێمی کوردستاندا پێنج هەزار و سەد و شەست و ئەوەندەیان مینحەیان وەرگرتووە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ئێستا هەندێکیان راگیراوە، هەژدە هەزارمان ماوە ئەم هەژدە هەزار زیندانی سیاسییە ئەگەر مانگی مینحەکەی هی پێنج سەد هەزار دیناریش بێت یەعنی پارەیەکی زۆر زۆر کەم دەکات، بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان لەبری ئەوەی چاکسازی بکەن یەکەم شت کە توانیان دەستی بۆ بەرن بڕینی مینحەی بەخێوکەری کەسوکار و دایك و باوکی شەهیدان و ئەنفالکراوان بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عثمان)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پێم باشە بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری شەهیدان بکەین زۆرسوپاسی دەکەین، خۆزگە ئەو لیژنەی کە پێك هاتبوو لیژنەی شەهیدان، لیژنەی شارەوانی بوو، بەڕێز سەرۆکی وەزیری شارەوانیش لێرەبوایە بۆ ئەوەی ئەویش وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانی بدابایەوە، دەست خۆشی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بۆ تایبەتکردنی ئەم جەلسەیە لەسەر دۆسیەی ئەنفال و گەرمیان سوپاستان دەکەین،

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت مامۆستا بۆ باقی قسەکانت،، کاك (ادریس)، فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیرەوەریا (٣٣) ساڵەی ئەنفالکرنا گەلێ کوردستانێ سەرێ رێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدێن کورد و کوردستانێ دادەنوێنین، من هیچ نییە تەنها پشتگیریا راپۆرتا لیژنا تایبەتمەند دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (باپیر)، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سڵاو رێز بۆ گیانی پاکی شەهیدان بەتایبەتی ئەنفال و جینۆسایدی گەرمیان، من وێڕای پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەکە دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بۆ راسپاردن و پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ بەتەنگەوەبوونی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەتەنگەوەبوونی

گەیانـدنی خزمەتگـوزاری بە مەبەسـتی خزمەتگـوزاری زیـاتر بـۆ ئەو ناوچـانە کە مەغـدوریکی زۆریـان هەیە، لە کۆمەڵێـك خزمەتگـوزاری بێـبەش بـوون، ئەوەی گـرینگە لە ئەنجـامی ئەو کۆبوونەوەیە بەڕای من بە کۆمەڵێك ڕاسپاردەوە بـۆ حکـومەت، ڕاسـپاردنی لێژنەی جینۆسـاید و ئەنفـالکراوان و شـەهیدان بە دیکـۆمێنتکردن و ئاراسـتەکردنیان بە ئەنـدامانی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی کـورد لە پەرلەمـانی عێـراق بەمەبەسـتی ئەوەی پێویسـتە لەڕووی یاسـایی و ڕێکـاری یاسایی بیگرنە بەر، چ بەوە ناسێنراوە چ بۆ بەدەسـت هێنـانی مافەکانیـان یـان بەشـێوەیەکی تـر پابەندکردنی حکومەتی عێراق بـوون بە ئەنـدام لەو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـانەی کە جینۆسـاید بە قەدەغە کـراوە تێیانـدا، وێـڕای ئەوە ڕاسـپاردنی کۆمەڵێـك شـتی گرینـگ کە پەیوەنـدن بە ئێسـتا دەتوانرێت بکرێت، ئەو پڕۆژە ناتەواوانەی ئەو ناوچانە بە نمونە پرۆژەی ئاوی (گۆپتەپە)، ڕێگـای (کەلار- کفـری- دەربەنـدیخان) ئەوانە پرۆژەکانیـان دەسـتیان پێکـراوە ڕاوەسـتاون، ئەو پـرۆژانە لەلایەن حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە تەواو بکـرێن، وەڵامگـۆیەکی بـاش دەبێـت بـۆ داخوازییەکانیـان، وێـڕای ئەوە ئەوانەی کە زینـدانی سیاسـین لەو ناوچـانە پرسـیار لە جەنـابی وەزیر دەکەم کە ئایا لەو وەجبەیەدا کە دێت وەجبەی نۆیەمە یان دەیەمە یـان ئەو وەجبـانەی کە مـاون تـا چ ڕادەیەك کاریـان بـۆ کـراوە؟ مووچەکانیـان پێـدەدرێت کە چەنـد سـاڵە چـاوەڕێنە؟ سـەرەڕای ئەوەش ڕاسـپاردەیەکی تـر ئەوەیە کە پەرلەمـانی کوردسـتان بەتـایبەتی لێـژنەی پەیوەندیـدار هەسـتێت بە پێشـنیازە یاسـایەك بـۆ ئەوەی ئەو پێشـنیازە یاسـایە لە خـولی ڕابردووشدا هاتبوو کە چەمچەماڵ وەکو پایتەختی شەهیدان یان وەکو شاری شـەهیدان نـاوزەد بکرێـت و گرینگـی زیـاتری پێبـدرێت، ئەوە لە ئەسـتۆی پەرلەمـانە لەو خـولەدا بتـوانین ئەو خواستەی ئەو خەڵکە بەدی بێنین، کارەکان دابەش بکرێن لە چوارچێـوەی پەرلەمـان وحکـومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی کوردسـتان لە پەرلەمـانی عێـراق، ئـێمە لەدوای ئەو کۆبـوونەوەیە ڕاسـپاردەکان دابەش بکەیـن و کـاری لەسـەر بکەیـن، بـۆ ئەوەی ئەو لێژنەیەی کە چووە کە قورسایی هەموو فراکسیۆنەکانی تێـدابووە، هەمـوو فراکسیۆنەکان تێیـدا بەشداربوون، پەرلەمانی کوردستان ئەرکی خسـتۆتە ئەسـتۆی خـۆی ئەو ئەرکە جێبەجـێ بکـات، ئەو بەرپرسـیاریەتییەی لە ئەسـتۆمانە بـۆ سـاڵی داهـاتوو کە دەچـین یـان یادیـان دەکەیـنەوە کۆمەڵێك دەسـتکەوتمان پێبێـت لە هەمـوو ڕوویـکەوە، باشـتر وایە کـار لەسـەر ئەوە بکەیـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (هەژان) خان، نەهاتووە، کاك (جەلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لەم ڕۆژەدا سەری ڕێـز و بـۆ سـەرجەم شـەهیدانی کوردسـتان و بەتـایبەت ئەنفالکراوەکـان نەوی دەکەیـن، ئاگادارتـان دەکەمەوە کە مـن لە نـوێنەرایەتی نـاوچەی شـەهیدان و ئەنفالکراوەکـان لە پـایتەختی شـەهیدان و ئەنفالکراوەکـان لە چەمچەمـاڵ بەدەر لەوەی کە بـرادەران باسـیان کـرد یـان بلـێم هاوشـان لەگەڵ ئەوە هەسـت بە چەنـد کێشـە و گیروگرفـت و معانـاتێکی تەواوی خەڵکـی کوردسـتان وە بەتـایبەتیش نـاوچەی چەمچەمـاڵ و

گەرمیان دەکەین، یەك لە وانە بابەتی پیدانی سلفەی خانوو بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، بابەتێکە هەندێکیان هەر وەریان نەگرتووە هەندێکیان نیوەیان وەرگرتووە، هەوڵ بدرێت ئەو بابەتە تەکمیلە بکرێ و چارەسەر بکرێ، هەروەها تەئکید لەوە دەکەمەوە بەشێکی زۆری ئەو شوێنانەی کە بۆ قوربانیانی ئەنفال یان بۆ کەسوکاری سەربەرزیان دابین کراوە زەوی، خانووەکان کێشەی کەمی خزمەتگوزاری قیرتاوکردنیان هەیە بەتایبەتی گەڕەکی (ئاسوودە)ی چەمچەماڵ، هەروەها نەبوونی کەمی ئاوی خواردنەوە لە چەمچەماڵ کە زۆرترین پاشماوەی ئەنفال، بابڵێین کەسوکاری سەربەرزیان ئەنفالکراوەکان لەو ناوچە دەژین، بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەی ئاوی (گۆپتەپە) لە چەمچەماڵ بەگڕ بخرێتەوە پێمان وایە شتێکی گرینگە، هەروەها داواکارم لەم رۆژەدا بوودجەیەکی تایبەت بۆ شاری چەمچەماڵ، بۆ ئیدارەی گەرمیان تەرخان بکرێت وەکو خزمەتێك بۆ ئەو قوربانیانەی کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان پێشکەشیان کردووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری قسەکانی کاك (ابوبکر هەڵەدنی) دەکەم، هەندێك لەو بابەتانەی کە من دامنابوو قسەی لەسەر بکەم ئەو ئاماژەی پێدان، دووبارەیان ناکەمەوە، خاڵێکی تر کە زۆر گرینگە ئێمە باسی لێوە بکەین و کاری لەسەر بکەین وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە دەرکردنی یاسایەك تایبەت بە جینۆساید، ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتین لە بەرامبەر گەلانی کوردستان ئەنجام دراون، زۆر زەرووره ئەم یاسایەمان لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت، هەر چەندە عێراق ئەندام نییە لە دادگای نێودەوڵەتی بەڵام ئێمە ئەکرێ قانوونێکی ناوخۆیمان هەبێ، بەنموونە لە ئەڵمانیا کەیسێك هەیە پیاوێکی عێراقی لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە داعش بووە پێشتر، ئێستا لەبەر ئەوەی ئەڵمانیا قانوونێکی هاوشێوەی هەیە بۆ ناوخۆی خۆی تاکە کەیسە لە ئاستی دونیادا کە دادگایی دەکرێ بە قانوونی جینۆساید لەناو ئەڵمانیادا، تاکە کەیسیشە لەسەر ئاستی دونیادا لەو شێوەیە، ئەکرێ ئێمە سوود لەو بابەتەش وەربگرین، ئەم قانوونە بۆیە گرینگە هەموو ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووە لەتاوانەکانی جینۆساید دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بەو قانوونە ئێمە مەحکەمەیان بکەین، نەك قانوونی تیرۆر، کە ئێستا مەمەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەو شێوەیە، خاڵێکی تر لە پرۆسەی دادگایکردنی (صەدام) لە عێراقی ناوەند ئەمە کۆمەڵێك دیکۆمێنتی زۆر هەیە دەربارەی ئەنفال، ئەو خێزانانەی کە وەك شایەد وەرگیراون لەوێ هەموو چیرۆکەکانیان گێڕاوەتەوە کە چۆن پرۆسەکە جێبەجێ کراوە، ئێمە دەکرێ لێژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان رابسپێرین بۆ ئەوەی ئەو دیکۆمێنتانە بگەرێننەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەر دەستی ئێمەش هەبێت، چونکە ئەمە مێژووی ئێمەیە، دەبێت ئێمە ئەو دیکۆمێنتانەمان هەمووی لەبەر دەست بێت، دەکرێ ئەو دیکۆمێنتانە بناغەییەك بێت بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ بەجینۆساید ناساندنی هەموو ئەو تاوانانەی دژی گەلانی کوردستان کراوە، تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی جینۆساید،

هەموو ئەو تاوانانە ئەگرێتەوە کە بەرامبەر گەلە جیاوازەکانیش کراوە لەناو هەرێمی کوردستان، دینە جیاوازەکانیش کراوە، خاڵێکی تریش ئەو خاڵەی ناو راپۆرتەکە زۆر گرینگە مەسەلەی مۆنۆمێنتەکانە زۆر بە زوویی نۆژەن بکرێنەوە، چاکسازیان تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستپێکدا سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدانی پرۆسەکانی ئەنفال و سەرجەم شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، من ناچمە سەر دەقی راپۆرتەکە، پشتگیری تەواوی راپۆرتەکە دەکەم لەگەڵ قسەکانی مامۆستا (ابوبکر)، بەڵام تەنها دوو قسە دەکەم سەبارەت بە تاقانەکانی ئەنفال نمونەی کەسێك کە خۆی و دایکێکی گەنجی، باپیرە پیرەکەی کە ئەو کەسەی ئەنفالی کردوون رۆژانە تەشقەلەی پێدەکردن ئێستا بەرپرسە لە وڵاتی ئێمە و ژیانێکی شاهانە دەژی، یەکێکی تر لە پیرێژنەکانی یاخود رزگاربوانی پرۆسەی ئەنفال وتی بیابانەکانی عەرعەر و حەجاج و سەگە رەشەکانی ئێمەیان نەخنکاند لە تێنان، بەڵام لە سایەی ئیدارەی خۆماندا لە چەمچەماڵ وەختە بخنکێین لە تێنان، بە (١٥) رۆژ دوو سەعات ئاوی خواردنەوەمان هەیە، تکا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئاورێك لەو ناوچانە بداتەوە، گەلی کوردستان کە قابیلی ئەوە بێت ئەو هەموو قوربانیە بدات لە پێناو مانەوەی، لەپێناو ئازادی، لەپێناو مافی چارەی خۆنوسین پێم وایە شایستەی ئەوەیە ژیانێکی شایستەی بۆ دابین بکرێت، تەمەنامان دەکرد ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ستافێکی گەورەوە لێرە بوایە، کۆمەڵێك بڕیار و پرۆژەی گرینگی رابگەیاندبایە، بۆ ئەو دەڤەرانەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، (ژیان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری رێز و نەوازش دادەنوێنم بەرامبەر هەموو شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان، لەمیانەی سەردانەکەمان بۆ دەڤەرەکە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی بەداخەوە گرفتەکان هەر یەکجار زۆرن، هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم گرفتانە قەیرانی ئابووری بووە، داواکاری خەڵکیش لەجێی خۆیەتی و مافی خۆیانە خزمەتێکی شایستە پێشکەشیان بکرێت، کە لە ئاست قوربانیدانیان بێت، بەتایبەت ئەو دەڤەرانەی زۆرترین قوربانیان داوە، هەرچەندە حکومەتی هەرێم بە سوپاسەوە دەستخۆشیان لێدەکەین لە (٤/٧)ەوە بڕیاری خەرجکردنی گوژمەی پێنج سەد و پەنجا و هەشت ملیۆن و هەشت سەدو سی و پێنج هەزار و پێنج سەد دینار بۆ چوار پرۆژەی گرینگ لە دەڤەری چەمچەماڵ بڕیاری دابوو، تەرخانکردن و خەرجکردنی ئەو گوژمە پارەیە، بەڵام ئەمە لە ئاست قوربانیدانی دەڤەرەکە نییە و هەر کەمە، یەکێك لە بابەتەکان بەداخەوە حکومەتی هەرێم تا ئێستا کەم تەرخەم بووە لێی، کاری فیلمسازی و بە دیکۆمێنتکردنی گوتەی شایەدحالەکان بووە، شایەدحالەکان و رزگاربووانی ئەنفال لەوانەیە دە

پازده ساڵی دیکە بژین، ئیتر لە ژیاندا نامێنن، بۆیە حەتا ئەمان زیندوون زۆر زەروورە کار لەسەر دیکۆمێنتکردنی گوتەکانیان بکەم، ئێمە کە لێرە دانیشتینە بە ئازادانە قسە دەکەین، ئەو پەرلەمانە و حکومەتەی هەمانە لەسایەی قوربانیدانی گەلەکەمان بووە، بۆیە پێشنیار دەکەم چارەسەری بەشێك لە گرفتەکانی ئەم دەڤەرە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ئەستۆ بگرێت، بۆ نمونە یەکێك لەو چارەسەرانە خۆ دەکرێ بۆ چارەسەری ئاریشەی کارەبا دابینکردنی هەندێك مۆلیدە لە دەڤەرەکە بەتایبەت ئەو گوندانەی زۆرترین شەهیدیان هەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەئەستۆ بگرێت، هەروەها لە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ ستافی چەمچەماڵ هەستاون بە دیکۆمێنتکردنی قسەی شایەدحالەکان و بە ریکۆردی ڤیدیۆیی گوتەکانیان تۆمار کراون، ئەوان دەڵێن دەتوانن ئەو ڤیدیۆیانە بۆ مۆزەخانە بیخەنە ناو سیستەمێك کە هەر کاتێك خەلکی بیانی دێن و تەماشای ڤیدیۆیەکە دەکەن بۆ هەر زمانێك ئەوان حەزیان لێبێت گوێ لە گوتەکانیان بگرن، بۆ ئەمەش پێویستیان بە تەقریبی بیست تا سی وەرەقە دۆلارە، بەڵام بە نەسریەی سێ سەد هەزار پێیان ناکرێ، بۆیە هەندێك لەو جۆرە گرفتانە کە هەرچەندە بەچاو بچووك و گۆژمە بچووك بن گوژمەیەکی ئەوتۆی پێویست نەبێت بەڵام بابەتی پرسی هەرە گرینگ و نیشتیمانین و ئەرکی هەمووومانە خۆی لێ بکەینە خاوەن، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی بکاتە خاوەن لە بەشێك لە خزمەتگوزارەیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دابینکردنی خزمەتگوزاری ئەرکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نییە، بەڵام ئێمە درێغیمان نەکردووە، کاتێك پێویستییەکی ئەو رەقەمانەیان هەبوبێت بۆ خۆشیان ئەو راستییە دەزانن کە ئێمە لە هەندێك بابەت لە توانانی پەرلەمان بێت، (سارا) خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٣) ساڵەی سەری رێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدان و گیانی ئەنفالکراوان دادەنوێنین، بەخێرهاتنی وەزیری شەهیدان دەکەم، پاڵپشتی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ راپۆرتی لێژنەی راسپێردراوی پەرلەمانی کوردستان لە پرسی تاوانی ئەنفال بە دوو لایەن گرینگی پێ بدرێت، لەلایەنی ناوخۆیی بە قەرەبووکردنەوە و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی، لایەنی دەرەکی کاری زیاتر بکرێت بۆ گەیاندنی ئەم کەیسە بە جیهان و دادگا نێودەوڵەتییەکان، من چەند داواکارییەکم هەیە بە خاڵ ئاماژەی پێ دەکەم، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە لە قۆناغەکانی سەرەتایی، زانکۆ، پەیمانگاکان، خاڵی دووەم هەوڵ بدرێت ناوەندێکی توێژینەوەی زانستی لەسەر پرسی ئەنفال و جینۆساید بکرێتە خوێندنەوە، رەخساندنی هەلی کار بۆ ئەو گەنجانەی زانکۆیان تەواو کردووە، بە لیست بە ئێمە دراوە نزیکەی (٦٦) گەنجن کە زانکۆیان تەواو کردووە دانەمەزراون، خاڵێکی تر ئەوەیە دەمەوێت ئاماژە ی پێبکەم سندوقی هاوکاری لە بوودجەی هەرێمی کوردستاندا دابنرێت بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاباران و زیندانی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کاتی زۆر دەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ڕێڤنگ)، فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خـودێ، گیـانێ هەمـی شـەهیدێن ئەنفـالا و شـەهیدێن کودسـتانێ شـاد بیـتن، براسـتی کارەساتا ئەنفـالا کارەسـاتەکا کەم وێـنەیە ژیانـا مرۆڤـا تێـدا، تـایبەت ئەمە ڤـێ بەر ئەوا ئەنفـالا کەتینە ئەم زێدەتر وان دەرد و ژانـا دزانـین، چەنـد خەلکـێ لـبەر ملـێ مە مـرینە و چەنـد شـەهید بوونە، چەند ژی دەربەدەری دونیایێ بووینە، هەلبەتا کارەساتا ئەنفال نە بتەنێ سەد و هەشـتێ و دوو هەزار عەزیزا خـۆ بنئـاخ کـرن هەم بنـیە تەحتیـت کوردسـتانێدا هەم ژی تەرکیبـوو یەکگرتنـا جڤاکێ کوردستانیش بەرك برووە حەتا ڤێ گـاڤێ ژی هەمـی پرتـوو پەلایـێ دونیـایێ بـوونە، ئەڤ شنوارێت ڤێ کارەساتێ باس نـاکەم سـەد سـالێ تـرێ ژی دژیانـا خەلکـێ کوردسـتانێدا بـدوماهی بێن، هەلبەتا حەتـاکو نـوکە هەنـدەك لایەنـێن ڤـێ کارەسـاتێ یـان چارەکرنـا وان هەنـدەك حەقـێ حوکمەتا کوردستانێیە پێ رابیتن و هەندەك ژێت عێراقێنە، حیکمەتـا کوردسـتانێ دڤێـت خەلکـێ ئەنفالبووی بکاتە خوودان و حەتا نووکە نزانم ئامارەکا بەردەستا راستەڤینە هەیە، ئەنفال بـوویە، ئەنفال چی ژی نەهاتینە جـوودا کـرن، مخـابن گەلەك جـارا ژبەرکـو خەلکـێ ئەنفـال بـووی هەمـی گوندێ خەلکێ جوتیار و هەژار بـوونە، زێـدەترێ ڤـێ گـاڤێ ژگەلەك پەنـایێ دبەنە بەر دەرگەهـێن ئەنفال چیا، مخابن دڤیا حکمەتا کوردستانێ هاریکاریا وان بکـات کـو نە حەوجەی هەنـدێ نەبـن، دیسـان دامەزرانـدنا زارۆکێـت وان، چێکرنـا منۆمێنتـا بـۆ وان جهـێن ئەنفـال تێـدا هـاتینە کـرن، دباشترە بێخنە سەر حیکمەتا عێراقێ کو ئەرکێ حیکمەتا عێراقێیە قەرەبوویـا ڤـێ خەلکـێ بێتە کرن، حیکمەتا عێراقێ حەتا نووکە ژڤی بابەتی رەڤیتن هەمی جارا ژی ئەم داخاز دکەین کـو ئەڤە ببیـتە کارتەکـا فشـارێ دگەل وەفـدێن دانوسـتاندنێ دگەل حیکمەتـا کوردسـتانێ، دگەل حیکمەتـا عێراقێ شلایەکی یاسایی ڤە کودڤێت ئەڤ خەلکە بێتە قەرەبووکرن، گەلەك سوپاس،

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (شاخوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەری ڕێـز بـۆ شـەهیدان و ئەنفـالکراوان، مـن وێـرای پشـتیوانی تەواوم بـۆ ڕاپـۆرتی هاوبەشـی لێژنەکە لای من لای هەموو لایەك (٤/١٤) یادێکی گەورە و مەزنە من لەم یادە مێـژوویەدا پێشـنیار دەکەم هەرچی کوڕ و کچی ئەنفـالکراوان و زینـدانیانی سیاسـی شـەهیدان هەیە لە ڕاسـتیا هەتـا ئەوانەشـــی ئەگەر تەمەنەکانیـــان تـــارادەیەك ئەوەیە دانەمەزراون لە هەرێمـــی کوردســـتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمانە دابمەزرێـن بـۆ ئەوەی دەرفەت بـدرێت بـۆ ئەوەی کە کـچ و کوڕی شەهید و ئەنفال و زیندانیانی سیاسی و کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕاستی ئەمانە دابمەزرێـن لە حکومەتی هەرێم، چونکە تاوەکو ئێستا بەشی هەرە زۆری ئەمـانە دانەمەزراون، خـاڵێکی دیـکە هەنـدێك لە زینـدانیانی سیاسـی ناویـان بـۆ وەرگرتنـی زەوی گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەمـانە لەنـاوچە دابڕاوەکـان ناوەکانیـان گەڕاوەتەوە، پێشـنیار دەکەیـن لە ڕێـگەی وەزارەتـی شـەهیدانەوە ئەمـانە

کاریان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیان زەویەکانیان پێ بدرێت، خاڵێکی دیکە (٦٦) کەس کە باوکیان ئەنفالە و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن تاوەکو ئێستا ئەمانە لە هەرێمی کوردستاندا دانەمەزراون، پێشنیار دەکەین ئەمانەش دابمەزرێن، پێشنیار دەکەین خەرجی زیندانیانی سیاسی سەرف بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لەوە، ئەوە گرینگە کە خەرجی زیندانیانی سیاسی کە سەرف بکرێت، خاڵێکی دیکە ئەمە بۆ جەنابی وەزیری شەهیدانە بە نسبەت مینحەی زیندانیانی سیاسی بە کوێ گەیشتووە؟ چونکە ئەوانە ئێستا لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مووچەکانیانن تاوەکو ئێستا ئەوانەی کە هیچ مووچە یەکیان نییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها مینحەکەیان هەیە ئەوانە مووچەکانیان بەکوێ گەیشتووە؟ چونکە رۆژانە پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن، بە حوکمی ئەوەی لە لیژنەی شەهیدانین، هیوادارم جەنابی وەزیر لەسەر ئەوە روونکردنەوەیەکمان بدانێ و زەحمەت بکێشێت، من لێرەوە جارێکی دیکە تەئکید دەکەم یادی (٤/١٤) یادێکی مێژووییە، ئەم یادە زۆر گرینگ و گەورەیە، پێشنیار دەکەم لە راستی لە هەموو دەروازەیەك لە دەروازەکانی گەرمیان، چەمچەماڵ، بادینان، ناوچەکانی گۆپتەپە، ئەغجەلەر، ئەو شوێنانەی کە کارەساتی گەورە، قەرەداغ،دۆڵی خۆشناوەتی، مەنتیقەی رواندز و ئەو شوێنانە مەدخەلی شارەکان لە راستیا لە دەروازەی شارەکان ناوی هەموو ئەنفالکراوەکان بەناوی سیانی و بە شوێنی ئەنفال لە راستیا تەسجیل بکرێت، چونکە ئەمە شتێکی مێژووییە، مێژوو رەحم بە هیچ کەسێك ناکات، یەکێك لە کۆڵەکە ئەساسییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەساسی شەهیدان ئەنفال و زیندانیانی سیاسی و کیمیابارانی هەڵەبجە دروست بووە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان چۆن دیفاع لە هەڵەبجە دەکەین بەهەمان شێوە دیفاع لە ئەنفال و لە هەموو شارەکانی تری کوردستان دەکەین، دوای (٣٣) ساڵ هەڵەبجە و ئەنفال هەمان مەرگەسات، هەمان تراژیدیا هەمان بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە هەمیشکردنی هەردوو لا، ئەم کەوکورتیانەی کە لە هەڵەبجە هەبوو بەهەمان شێوە و هەمان کەموکورتییە کە لە گەرمیاندان هەیە، راپۆرتی پەرلەمان بە (١٩) خاڵ، (١٧) خاڵە چونکە چوار و پێنجی تێدا نەماوە، ئەم حەقدە خاڵەی کە من دیراسەم کردووە...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تیا نەماوە نییە، تەسەلسولەکەیان هەڵە داناوە، وەکو خۆی بڵێ.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو مانایەی کە (١٧) خاڵە، ئەم (١٧) خاڵە دیراسەم کرد پێویستی بە وەزیری شەهیدان هەیە کە دەبوایە لێرەبوایە، چونکە هەندێکی ئاراستەی ئەو کراوە، ئێستا من یەك پرسیارم هەیە بۆ بەڕێزیان، وەزیری ئاوەدانکردنەوە کە لێرە نییە، یەعنی کاتێك من بمەوێ پرسیارێکم هەبێدەبێ

لە کێی بکەم؟ وەزیری شارەوانی تێدا نییە، دارایی تێدا نییە، پلاندانانی تێدا نییە، کارەبای تێدا نییە، بۆ نمونە ئێستا من بەکێ بڵێم چەمچەماڵ پێویستی بە وێستگەیەکی (١٣٢) مێگاواتییە، بۆ نموونە ئەو رێگا و بانانەی پێویستیان هەیە پرس لە کێ بکەم؟ ئەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورەیی ئەم کەیسە لە ئاستی مەسئولیەتدا چۆن وەزیرەکان لە هەڵەبجە هێنا بەهەمان شێوە لە ئەنفالیشدا بهاتنایە ئێرە و حزوریان هەبوایە، هەرچەندە ئەوە دوو رۆژی ماوە بۆ مانگێك بەسەر دانیشتنی هەڵەبجە (٣/١٦) تێدەپەرێت یەك هەنگاوی عەمەلی لەلایەن وەزیرەکانەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەنراوە بۆ هەڵەبجە، یەك نوسراو لەلایەن وەزیری داراییەوە ئاراستەی بانقەکان، ئاراستەی محافەزەی هەڵەبجە نەکراوە کە یەك کار، یەك بڕیار، یەك خاڵ لەو خاڵانەی کە لە جەلسەی پێشوودا کە ئێمە بڕیارماندا کە جەلسەی وەحد و بەڵێن نەبێت بە تەنها، بەڵکو جەلسەی کرداری بێت، هیچی جێبەجێ نەکراوە، تەمەنا دەکەم با ئەنفال ئاوای لێنەیەت، یەك پرسیارم هەیە بۆ وەزیری شەهیدان، بەڕێز وەزیری شەهیدان ئەگەر کەسێك سێ ئەنفالی هەبێت ئەو بڕە مووچەیەی کە بۆ تەرخان دەکرێت (٤٥٠٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزارە، بەڵام ئەگەر بوو بە چوار دەبێت بە (٩٠٠٠٠٠) نۆ سەد هەزار ئایا ئەمە عەدالەتە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سیروان) سەبارەت بەو پرۆژانەی کە قسەی لەبارەیەوە دەکرێت پرۆژە یاسای بوودجە دێتە پەرلەمانی کوردستان، حکومەت دینێرێ، دەستی پەرلەمان کراوەیە لەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو مەبلەغانە دەکرا کە لەناو پرۆژە یاسای بوودجەکەیە، بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانەی باس دەکرێ دەبێت لەوێ قسەی خۆمانی لەبارەیەوە بکەین هەروەها ئەگەر وەزیرەکانیش هەموو ئامادە نەبن ئێمە ئەمەی لەم دانیشتنە قسەی لەبارەوە دەکرێت، ئەکرێتە راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی عێراقی بێت ئێمە دەینێرین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی، وەکو راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبێت دەینێرین بۆ حکومەت، ئەوەشی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەبێت واجبی خۆمان بێت، ان شاء الله جێبەجێی دەکەین، کاك (هێڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یادە تەنها دوو خاڵم هەیە باس بکەم، پێم باشە بەم بۆنەوە پەرلەمانی کوردستان مادەم ئیشی رێکخستنە، قانوون دەرکردنە، بڕیارەکانە، بەرێز وەزیریش لێرەیە بەخێرهاتنی دەکەین، پێم خۆشە رۆژێکی نیشتمانی هەبێت بۆ ئەم هەموو یادانە، بۆ ئەم هەموو قوربانیانە، بۆ هەڵەبجەیە، گەرمیانە، بادینانە، بارزانییەکانە، یەعنی هەموو رۆژێك لەم پەرلەمانە دابنیشین و لێژنەیەك بڕوا و بێتەوە راپۆرتێك بینیتن بڕوا ناکەم شتێکی ئەوتۆی لێ شین بێتەوە، بەڵام کە رۆژێك هەبوو هەموو خەڵك پێکەوە بەشدار دەبێت لەو رۆژەدا، بۆ نموونە ئێستا ئێمە بەڕێز (ئیدریس عەبۆش) لە بادینانە بەس ماڵەکەی (١٤) ئەنفالی هەیە، مام و برا و ئامۆزاکانی، عائیلەك هەیە لە زاخۆ پێی دەڵێن (اسماعیل پشو) ئێستاش بەردەرگای بەخوا تێکەڵاویش نەکراوە، یەعنی لە هەموو مەنتیقەیەك خەڵك نەك تەنیا گەرمیانە، تەنیا خزمەتگوزاری بۆ نەچووە، زاخۆ

(٥٠٪)ی نەوتــی کوردســتان لــێ دەڕواتــن، ئیبــراهیم خەلیلــی هەیە، خزمەتگــوزاری ئەو خەڵــکە نەکراوە کە ئەنفال بوونە بە هۆی ئەو ئەنفالانە ئەم هـاتووینەتە ئێـرە، پرسـیارێکیش لەم دەرفەتە ئەگەر رێگە بدەن لە بەڕێز وەزیری شـەهیدان دەکەم، زینـدانی سیاسـی ئەوانەی یەك مووچەیـان هەبوو یاسای چاکسازی دەرچووە خەریکە نزیك دەبینەوە لە سـاڵێك مووچەیـان بـۆ دووبـارە لـێ نەبڕاوەتەوە؟ بۆ دوا کەوتووە ئەو بابەتە؟ ئەم لێژنەی بەڕێزتـان کە لە وەزارەت پێـك هێنـراوە بـۆ حەتا ئێستا نەیان توانیوە فایلی نۆ سەد کەس پێـداچوونەوە بـکەن، بـابە ئەمـانە هـیچ مـووچەی تریان نییە، ئەوەندە مانگەش هیچ سـەرچاوەی تـر نیـیە، ئەدی منـداڵیان هەبـوو، پێشـتر بژێویـان لەسەر ئەوە بووە زیندانی سیاسی بوونە هەتا ئێستا ئەو فایلانە ساف نەبوویتەوە نۆ سەد فـایلی وابزانم، زۆرسوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس)، کاك (د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، راسـتیەکەی مـن دوو تێبینـیم هەیە لەگەڵ هەنـدێ بە گشـتی لەسەر کەیسەکە قسەبکەم، دواجار یەك دوو پرسیار ئاراسـتەی بەرێـز وەزیـری شـەهیدان دەکەم، تێبینـی یەکـم ئەوەیە کە دەبـوو لە بـۆنەیەکی ئـاوا نیشـتمانی خەمناکـا هەمـوو ئەو کارەسـاتانەی بەسـەر نـاوچە جیـا جیاکـانی کوردسـتاندا هـاتووە هەمـووی لە یەك رۆژدا کـۆ بکـرێتەوە، مـن بـۆ نموونە کوڕێکم سەر بە دەڤەری بارزان هەشـت هەزار بـارزانی ئەنفـالکراوە، ئەگەر وابێـت منـیش یاداشـتێك بەرز دەکەمەوە لەگەڵ هەڤــاڵانم لە هەمــان دەڤەرن بــۆ ئەوەی کە دانیشــتنێك ســاز بکرێت، ئینجا لێژنەیەك سەردانی ئەم شوێنانە بکات، بۆیە دەبـوو ئەگەر بڕیـاریش بـوو لێـژنەیەك پێك بێـنن، چەنـد لێژنەیەکـی فەرعـی بـۆ چەنـد ئەم ناوچـانەی کە ئەنفالیـان تێـدا ئەنجـام دراوە، بۆئەوەی هەموو گلەیی و گازانـدەکان و داخوازیەکـانی ئەو دەڤەرانە کـۆکەینەوە لە دانیشـتنێکی ئــاوا، نەك تەنهــا وەزیرێکــی بەڕێــزیش کە مــن رێزێکــی زۆرم بــۆی هەیە، بەڵکــو تەواوی ئەو وەزیرانەی کە مەعنین بە سێکتەرە جیاوازەکـان لە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاری لێـرە بوونیـان هەبوایە ئەمە تێبینی یەکەمم، تێبینی دووەمم، بەراستی من هەستم بە خەجاڵەت کرد کاتێـك بـۆ راپۆرت خوێنـدنەوەك سـێ کەس راپـۆرت بخـوێنێتەوە کە دەبـوو بەس بە تەنهـا سـەرۆکی لێـژنە بیخوێندبایە، من مەبەستم ئەوە نییە لەبەر ئەوەی سـەرۆکی لێـژنە لە فراکسـیۆنی پـارتییە، بەڵام سەرۆکی لێژنەی شەهیدانە، حەقی خۆی بـوو، ئەگەر لە فراکسـیۆنی یەکێتـیش بـوو دەبـوایە ئەو بیخوێندبایە، دێمە سەر ئەو بابەتەی بەراستی هەموومان دەزانـین حکـومەتی عێـراق ئەوانەشـی کە لەدوای سەردەمی بەعسیش هاتوونەتە سەر دەسەڵات بەرپرسی یەکەمـن لەو کەیسـە، ئەوەی کە حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان پێویســتە بیکــا بــۆ پێشکەشــکردنی خزمەتگــوزاری ئەوە هەمووما‌ن موتەفقین لەگەڵ ئەوە، ئەو کەموکورتیانەی کە هەیە، بەو دیوەیـا مـن دەپرسـم ئەگەر ئەو پرۆژانەشی تەرخـانکراوە بـۆ ئەو ناوچـانە پێویسـتە حکـومەتە خۆجێییەکـان لێپرسـینەوەیان لەگەڵ بکرێـت، بـۆچی وەکـو پێویسـت بە پێـی ئەو گوژمـانەی کە تەرخـان کـراوە سـوودیان نەگەیانـدووە بەم دەڤەرانە، بەڵام بـابەتێکی تـری گرینـگ هەیە، مەسـەلەی بە نێـودەوڵەتیکردنی

جینۆسایدەکەیانە، بە نێودەوڵەتیکردنی ئەو تاوانانەیە کە دەرهەق بە گەلی کورد کراوە، خۆتان دەزانن جولەکە، کۆسۆڤۆ، هەموو ئەم وڵاتانە ئەم میللەتانە لەسەر پایەیەکی گرینگ لەبەر ئەوە کە بەنێودەوڵەتیکرا بوو بە یەکێك لە مقەوەماتی دەوڵەت یان بوونی دەوڵەت لێرەوە، دوو بڕیاری گرینگ هەیە یەکیان بڕیاری پەرلەمانی عێراقە، ئەوی تریان بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانە.. ................

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتت تەواو بوو، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو کچی ئەنفالێك پاش شەش مانگ لە زیندانیبوونم لە (نوگرەسەلمان) و گەڕاومەتەوە لە ئەنفال، داو دەکەم ئەگەر پێویستم پێ بوو هەندێك کاتی زیاترم بۆ ئیزافە بکەی، (٣٣) ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێدەپەڕێت، زیاتر لە چوار هەزار گوند و سی ناحیەی و سەد و سێ مزگەوت خاپوور کراوە، تەنها لە یەك ڕۆژدا لە (٤/١٤) لە گەرمیان بیست هەزار کەس ئەنفال کرا، گەر مەبەستتانە خزمەت بە کەسوکاری ئەنفالکراوان بکرێت، فەرموون مەرگەساتی ئەنفال بە دۆکۆمێت بکەن، لە ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی بناسێنن، لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دوو سەد و پەنجا و هەشت جاش و موستەشارەکان دەرکردووە، تکایە با چیدی دەسەڵات و حکومەت داڵدەدانی جاش و موشتەشارەکان لە ئەسۆ نەگرێت و با ڕووبەڕووی یاسا و دادگایان بکاتەوە، ئێستا جاش و موستەشارەکان پلەی سەربازیان هەیە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پڕۆژە بڕیارێکمان ئامادە کردووە داوا دەکەین پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکی نزیکدا بیخاتە بەرنامەی کارەوە، پێتان ڕەوایە موستەشار و ئەنفالچییەك بە پلەی عەمید کە دەستی لە ئەنفالی یەك تاوەکو سێ هەبووە بە پێی مەرسوومی کۆماری پێنج مەدالیای ئازایەتی پێ بەخشراوە، جاش و موستەشار هەبووە دوای مردنی کراوە بە شەهید و بە پلەی شەهید زەوی پێ بەخشراوە، تا ئەم ساتە دەسەڵات و بەرپرسانی حزب تاوانباری یەکەمن لەوەی کەوا داڵدەی جاش و موستەشارەکانیان داوە، وەکو چاویان پاراستویانە، باش (٣٣) ساڵ کار بۆ گەڕانەوەی رووفاتی ئەنفالکراوان بکرێت، تێستی (DNA) بۆ بکرێت، با دایك و باوکی جەرگ هەڵقرچاوی ئەنفالکراو چیدی لەوە زیاتر چاوەڕوان نەبن، سەبارەت بە گەرمیان چەند خاڵێك دەخەمە روو لە راپۆرتی لێژنە بەرێزەکەدا نەهاتووە، سەبارەت بە نەوت گەرمیان حەوت بلۆکی نەوت لەخۆ دەگرێت، بەرهەمی رۆژانەی نەوت لە گەرمیان سی و پێنج هەزار بەرمیل نەوتە، داهاتی نەوتی ساڵی (٢٠٢٠) لە گەرمیان زیاتر لە دووسەد و هەشتا و هەشت ملیار دۆلار بووە، بەپێی یاسای سندوقی داهاتی نەوت و گاز لە هەر ناوچەیەك کە بەرهەمی نەوتی هەبێت بۆ هەر بەرمیلێك دوو دۆلار تەرخان دەکرێت، بەڵام لە گەرمیان بیست و یەك ملیۆن دۆلار دەبوو خەرج بکرایە نەکراوە، خاڵی سنووری (پەرویز خان) لە (٤٠٪) داهاتی بەرز بۆتەوە کە پێشتر سەد و شەست و دوو ملیار بووە، ئێستا بەرز بۆتەوە بۆ دوو سەد و چل و حەوت ملیار دینار، سەبارەت بە داگیرکردنی زەوی لە گەرمیان هەرچی زەوی گرانبەها و نایاب هەیە لەلایەن کەسانی حزبی داگیریان کردووە و دەکرێت بە پڕۆژەی بزنس،

هەر لەبەر ئەمە ڕێگە نادرێت ماستەر پلان بۆ (کەلار) بکرێت، ئەو کۆمپانیایانەی کە لە سنوورەکە هەن هەمووی کەسانی حزبی و دەست ڕۆیشتوون لەلایە دەسەڵات و حزبەوە قۆرغ کراوە، سەبارەت بەو هەموو داهاتەی گەرمیان حەفتا و دوو پرۆژە لە گەرمیان راگیراوە کە هەشت پرۆژەیان بەناوی پارەی پترۆ دۆلارەوە بوودجەی بۆ تەرخان کراوە، هەشت ساڵە نەخۆشخانەیەکی سەد قەرویلەیی بۆ منداڵان لە (کەلار) تەواو نەکراوە، رێگای نێوان (کەلار- سلێمانی) بە مەرگ ناسراوە، بەڵام حکومەت پارەی بۆ سەرف ناکات بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە تەواو بێت، من خۆم نمونەیەکی زیندووی ئەنفالم دووجار ئەنفال کراوم، هەم بە دەستی دەسەڵاتی بەعس لە ژێر دەسەڵاتی کوردشدا، باوکم...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵاهی ئەوە بۆ موئتەمەری صحوفی قسە بکە، حەقی خۆتە، چوار دەقەم داویەتێ، عەزیزی منی (شیرین) خان، تەواو، فراکسیۆنی یەکێتی ڕێز لە زروفت دەگرن ئیتر تۆش، تەواو، (شیرین) خان ڕۆژەکە تایبەتە، ڕێزی تایبەتت دەگرین، لەو ڕوانگەوەیە فراکسیۆنی یەکێتیش ڕێزت لێ دەگرن، ناوەڵا فراکسیۆنی خۆت ناوەکەتی ناردووە (شیرین) خان، ئێمە یەکەم جار ئەندامانی لێژنەکەمان وەرگرت، تەواو، دەرفەتم زۆر دای، تەواو تەواو، زۆر زۆر درێژی دەکەیتەوە کە مەجالت دەدەی، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وێڕای پشتگیریم بۆ سەرتاپا قسەکانی مامۆستا (ابوبکر) پشتگیری لە ڕاپۆرتی لێژنەی ئامادەکار دەکەم، ئەنفال یەکێکی لە تاوانە گەورەکانی ڕژێمی ڕوخاوی بەعس دوای (٣٠) ساڵ لە حوکمڕانی خۆماڵی نەمان توانیوە برینەکەیان ساڕێژ بکەین، هەمو ئەو بەڕێزانەو لەناو ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژەی پێکراوە کە گەرەکی ئەنفالەکان گەرەکی (ئاسوودە) ناوزەند کراوە، بەداخەوە مەحرومن لە خزمەتگوزاری، سەرەتاترین ماف کە دەستەبەرکردنی ئاوی خواردنەوەیە کە بە چەند یاداشتێکیش ئاراستەمان کردوون تا ئێستا ئەو مافەیان بۆ دەستەبەر نەکراوە، تەنانەت مەترێك سەوزاییان نییە، قوتابخانەیان بۆ دەستەبەر نەکراوە، نەخۆشخانەیان نییە، کە سێ هەزار و پێنج سەد زیاتر دانیشتوی هەیە، من یەکێکم لە کەسوکاری قوربانیەکانی ئەو تاوانە مێژووییە، بۆیە لێرەوە داوا دەکەم پەرلەمان داوایەکی ڕەسمی بکات لە داواکاری گشتی هەرێم، کە سکاڵا تۆمار بکات لەسەر هەر یەك لە بکەرانی تاونەکە و تەواوی هاوکارانیان لە خۆفرۆشەکان کە بەشێك لەوانە لە هەرێمدا دەژین، ئەمە لە کاتێکدا کە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراقدا بڕیاری دەزگیرکردنی بۆ چوار سەد و بیست و سێ کەس دەرچووە لەناویاندا بەداخەوە دووسە و پەنجا و هەشت کوردی تێدایە کە دەستیان هەبووە لە هاوکاریکردنی ئەو تاوانە بۆ ڕژێمی ڕوخاوی بەعس، پەرلەمان حکومەت پابەند بکات کە سەرجەم رووفاتی ئەنفالکراوان بگەڕێنێتەوە لە ماوەی ساڵی (٢٠٢١) کە سەرجەمیان بهێنێتەوە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی دایکان تا ئێستا چاوەڕوانی روفاتیانن، چاوەڕوانی گەڕانەوەشیانن بە زیندوویی، بەداخەوە ئێمە بە زیندوویی ئەو دایکە جگەر سووتاوانەمان بینیوە و قسەمان لەگەڵدا کردوون، بە ئەرشیف کردنی کەلوپەلە دۆزراوەکان کە تاوەکو ئێستا

نەگەڕێنراوەتەوە، بە رای من هەندێك مەشهەدی غەریب هەیە كە لە سنوورەكەی مندا روویداوە بەس بیدەیتە فلیمسازێك دەبێت بە دەستكەوتێكی زۆر گەورە بۆ هەرێمی كوردستان، بەداخەوە كەلوپەلەكان تاوەكو ئێستا لە شوێنێك دەستیان بەسەردا گیراون نەگڕێنراونەتەوە بۆ هەرێمی كوردستان، یەكێك لە ئامانجەكانی پرۆسەی بەناو ئەنفال وێرانكردن و راگواستنی گوندنشینەكان بوو، بەڵام ئەو فەراموشییەی حكومەتی هەرێم بۆ ئاوەدانی گوندەكان هێنایە دی ئامانجی رژێمی پێشووی عێراق بوو كی سێ هەزار و چوار سەد گوندی لێ كەوتەوە، ئێستاش رۆژ بە ڕۆژ چۆڵتر دەبن، لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری وەك كارەبا، ئاو، رێگاوبان، خوێندن، نەخۆشخانە، پێویستە ئەو رێژە كەمەی كە لەناو راپۆرتەكەشدا ئیشارەی پێدرابوو لە كەسوكاری ئەنفالكراوان هەلی دامەزراندنیان بۆ بڕەخسێ كە مافێكی سەرەتایی خۆیانە، دەستتان خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (زیاد)، فەرموون.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، سەرەتا تاوانی ئەنفال كە یەكێكە لە تاوانە قێزەوەن و گەورەكان كە دژ بە مرۆڤایەتی كراوە، سەری رێز نەوی ئەكەم لەبەرامبەر قوربانیانی ئەو تاوانە، من تەنها هەر لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیری شەهیدان لێرەیە شایەت حاڵ رووبەرووی جەنابی دەكەمەوە، یەكەم پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە وردی كار بكات، بەرنامەیەكی وردی هەبێت لەسەر بە نێودەوڵەتیكردن و ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال، هەوڵیان داوە، ئیشی لەسەركراوە، بەڵام ئەم ئیشە ئی ئەوە نییە ئەمە بەرنامەیەكی دوور مەودایە كە بە وردی كاری لەسەر بكرێت، فشار هەوڵ بدرێت حكومەتی عێراقی قەرەبووی ئەنفال بكاتەوە، تاوەكو ئێستا هیچ لەو بارەیەوە نەكراوە كە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەو فشارە دروست بكا و عێراق ناچار بكات، بۆ ئەوەی كە قەرەبووی بكاتەوە، ئاسەواری ئەنفال پێویستی بەوەیە كەوا هەوڵ بدرێت بۆ نەهێشتنی ئەم ئاسەوارە، بەتایبەتی لەرووی دەروونییەوە، نەك تەنها ئەو جیلەی یان ئەو نەوەی كە ئەنفال كراوە، ئەوەی كە ماوەتەوە نەوەی دوای ئەوەش كاریگەری نەفسی زۆر لەسەر هەیە، لەبەر ئەوە ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە بە بەرنامەیەك كار لەسەر ئەمە بكات، ئەوەی ئەنفال كە خاتوو (سەرچنار) باسی كرد، سێ ئەنفال (٤٥٠٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار وەردەگرێت، كە دەبێت بە چوار دەبێت بە (٩٠٠٠٠٠) نۆ سەد هەزار، ناداپەروەریەكی زۆری تێدایە، لەبەر ئەوە پێویستی بە پێداچوونەوە و دیراسەكردن هەیە، تا (١٥) ئەنفال هەر (٩٠٠٠٠٠) نۆ سەد هەزار وەردەگرێت، لە چوارەوە بۆ پازدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (گلوستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری رێز و نەوازش بۆ روحی بەرزەفری شەهیدانی کارەساتی ئەنفال نەوی دەکەین، بەڕێزان ئەنفالی کورد حکومەتەکەی هەر تاکێکی کوردستانیە و مەرگەساتێکە هەرگیز برینەکانی سارێژ نابن، هەرگیز لەو مەرگەساتانە کەمتر نییە کە بەسەر نەتەوەکانی ترلە جیهاندا هاتووە، بۆیە پێویستە کەسوکاریان جێگەی بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، جەخت بکەینەوە لەوەی کە ئەو خزمەتگوزاری و کارە پێویستیانەی کە پێویست دەکات لە ئێستادا بۆیان بکرێ بە زووترین کات بۆیان بکرێت لەپێناو سارێژبوون و بایەخدان پێیان، ئێمە ئێستا لەدوای (٣٣) ساڵ لەم مەرگەساتە بەداخەوە دەڵێم هەمووومان زۆر جار دەبێت وتەکانی یەکتریش بڵێینەوە، چونکە شتەکە زۆر چۆتە ناخی هەمووومان کە تا ئێستا موستەشار و جاشەکان بە ئاسوودیەی دەسوڕێنەوە، کەسوکاری ئەنفلکراوانیش هێشتا یادگارییە تاڵەکانی ئەم پرۆسەیە لەناو هزریاندایە و ئەتلێنەوە پێوەی، بۆیە بە پێویستی دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پابەندی یاسا بن و ئەو تاوانبارانە رادەستی دادگای فیدراڵی بکەن و بۆ ئەنجامدانی دادگایی کردنیان و لێسەندنەوەی ئەو مینحە و ئیمتیازاتانەی پێیان دراوە، پێویستە کەسوکاری ئەنفالکراوان و دەرچوانی زانکۆکانیان لە زانکۆکاندا تەواویان کردووە هەلی کاریان بۆ بڕەخسێ و دامەزراندیان بۆ بکرێت، هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵ پابەند بن بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان کە ئێستا هێشتا دیاردەی ئەنفال بەسەر ناوچەکانیان ماوە و وێرانەیە، بۆیە پێویست دەکات جێگەی بایەخ بن بە قیرتاوکردن، بە دروستکردنی خانوو، یەکەی ئاوەدانی، دابینکردنی ئاو، کۆی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا، پێویستیەکانی گەرەکەکانیان لەقیرتاوکردن، مووچەی وارسەکانی ئەنفال بخرێتە سەر بوودجەی عێراقی کە ئەمە یەکێکە لە داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوان و قەرەبووی کەسوکاریان بە تەواوەتی بکرێتەوە، جگە لەوەی بەراستی فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی ئەو مۆنۆمێنتانەی کە بۆ ئەنفال دروست کراو، کۆی ئەرشیف و ئەو وتە و وشانەی کە لەلایەن دەربازبوانی کارەساتەکەوە بەجێ ماون و بەچاوی خۆیان بینیویانە لە پێناو...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو بووە، دوو دەقە و یازدە سانیە، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، تاوانی ئەنفال تاوانێکی گەورەیە، جینۆسایدکردنی بەشێکی گەلی کوردستان بووە، لە وڵاتانی دونیا کاتێك جینۆساید ئەنجام دەدرێت دەسەڵاتی دەست رۆیشتووی ئەو وڵاتە دوو ئیش دەکەن، یەکیان وێڕای سزادانی تاوانباران لە جینۆسایدەکە لە تاوانە گەورەکە قەرەبووی زیان لێکەوتوانیش دەکەنەوە، وەك ئەوەی لە (هۆلۆکۆست)، لە (کۆسۆڤا) رویداوە، ئەوەی (هۆلۆکۆست) نەك هەر قەرەبووکرانەوە، نەك هەر ئەوانەی کە تاوانەکەیان ئەنجام داوە سزادراون، بەڵکو ئەوەی کە ئینکاریش بکات سزای دەدەن، رۆژێك (گارودی) وتی ژمارەکەیان ئەوەندە نییە سزایاندا حکومەتی فەرەنسا، مەبەستم ئەوەیە

بەراستی تاوانێکی گەورە ئەنجامدرا بەڵام ئایە ئێمە لەم دوو رووە چی کراوە؟ ئەوە سزادراوان دیارە زۆر لەو بەڕێزان باسیان کرد، ئایا قەرەبووکردنەوەش بەپێی ئەو هەموو بڕیار و یاسایەی ئێمە هەمانە لە پەرلەمانی کوردستان، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا چی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدان کراوە؟ ئەمن پێم وایە بەراستی زۆر کەم کراوە، من حەز دەکەم هەموو لا بیزانن، ئێمەی پێشمەرگە کاتی خۆی ئەو ناوچانەی لانکەی شۆڕشی پێشمەرگایەتی بووە، شوێنی مەفرەزە پارتیزانەکان بووە، چەمچەماڵ بووە، گەرمیان بووە، بەشێکی دۆڵی خۆشناوەتی بووە، جافایەتی بووە، بادینان بووە، ئەوانە بەراستی پێشمەرگەیان بەخێوکردووە، خزمەتیان کردوون، کاتێك کە پێشمەرگە چۆتە ئەو شوێنانە، کەمینێکی داناوەتەوە بۆ نموونە عەسکەرێکی کوشتووە حکومەت هاتووە ئەنفالی کردووە وەزعەکە زۆر روونە، بۆیە ئایە ئێمە هەرچی بۆیان بکەین پێم وایە هێشتا کەمە، بەڵام بەداخەوە زۆر کەمیان بۆ کراوە، من دوو داوا دەکەم لێرەدا، یەعنی ئەوەی ئێستا کە دەیکەین هیوادارین تەنها قسەی خۆشی ناو هۆڵی پەرلەمان نەبێت، ئێمە حکومەت ئیجبار بکەین دوو شت بکات، یەك من رەئیم وایە بەلایەنی کەم ئەوانەی کە بەشدار بوون لە ئەنفالکردن جیا بکرێنەوە لەوانەی کە ئەنفالکراوان، مەعقول نییە کەسێك کە شەهید کراوە لە ئەنفالەکان، یەکێکی دیکەش کە لەگەڵ بەعس کوژراوە لە یەك فەرمانگە بچن مووچە وەربگرن، دوو...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەرح زۆر بکەی وەختەکەت لێ دەڕوات، کاك (جمال)، فەرمووو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە (٣٣) یەمین ساڵ رۆژی ئەنفالەکانی کوردستان سەری رێز بۆ ئەنفالەکانی گەرمیانی بریندار و هەموو ئەنفالەکانی کوردستان دادەنوێنم، دیارە هەموو مانگەکانی ساڵ هەر (١٢) مانگەکە چەندین مەرگەسات و کارەساتباری گەورەی لەخۆگرتییە بە نمونە هەر ئەو رۆژەی (٤/١٤) بۆی دانیشتین یادی ئەنفالەکانە، دوای دوو رۆژی تر هەر لەو مانگە یادی کیمیابارانی دۆڵی (بالیسان)، (بلە)، (مەلەکان)، (وەرێ)یە، هەروەها لە (٢٤)ی ئەو مانگە یادی بۆمبارانکردنی (قەڵادزێ)ی بریندارە، کە (٣٧٠) شەهیدی لەخۆ گرت، هەروەها دۆڵی بالیسان (٣٧٩) شەهید و (٩٧٠) برینداری هەبوو، دیارە دۆڵی بالیسان (٤٣) گوند لەخۆ دەگرێت لە (جۆلەمێرگ)ی نزیك خەلیفان تاوەکو (وەرە)، (نواوە)لە دۆڵی (بلە)، (مەلەکان)یش بە درێژایی هەردوو شۆڕشەکە لانکەی پێشمەرگە و شۆڕشەکان بوونە، هەر لەو بوارەشدا حکومەتی بەعس ئینتیقامی لە خەڵکەکە کردیتەوە، هەموو رۆژەکان بە تەیارەی سیخوڕ و مێك و باجەر ئەو گوندە بێ دیفاعانەی بۆمبارانی دەکران، دەیان شەهیدمان شەهیدی جوتیارمان هەیە لەناو کێڵگەکانیاندا شەهید بووینە کە هەوڵیان دەدا بژێوی ژیانیان و هێزی پێشمەرگە دابین بکەن، بەڵام بەداخەوە لەو (٤٣) گوندە ئێستا تەنها یەك گوند جادەی قیرتاوی هەیە، هەروەها ئەو رێگا سەرەکییەی کە خەلیفان بە رانیە دەبەستێتەوە بە دۆڵی بالیساندا رەت دەبی من کە بەو رێگایەدا دەڕۆم سەری خۆم نەوی دەکەم، حەز ناکەم خەڵك بمبینی، لەبەر ئەوەی رێگاکە ئەوەی سەیارەکەی خۆش بوێ بەو رێگایەدا هاتوچۆ ناکات، هەروەها لەرووی خوێندنەوە هەموو

گوندەکان ئەو (٤٣) گوندە تەنها لە (٣) شوێن خوێندنگەی ئامادەیی هەیە، کە کچ و کوڕەکانیان شەشی سەرەتایی تەواو دەکەن ناچاردەبن دەست لە خوێندن هەڵبگرن، بۆیە داوا لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم ئەگەر کۆلێژێکیش بە ڕەوا نابینن بۆ سنوورەکە پەیمانگایەك یان دوو پەیمانگا لە سنوورەکە بکەنەوە، هەروەها چەندین نەخۆش لە ڕێگای سلێمانی و هەولێر لە ناو ئیزعافەکاندا مردوونە، تا ئێستا نەخۆشخانەیەکی وا نەکراوە کە شایستە بی بە ئەو هەموو قوربانیانەی کە لەو دۆڵەدا ئەو قوربانیانەیان داوە، هەروەها یەك نمونە دەینمەوە ئەو خەڵکانەی ئەویۆ ڕۆژۆ لەژێر ئیدارەی ڕژێمی بەعس بوون بۆمەیان باس دەکرد ئەوان شارەزایی ئەو قەصفی تەیارە و شەوانەی تۆپ بارانەکان بوون دەیان گۆت ئەگەر ڕۆژەك بێ کورد بگاتە حەقی خۆی حەقە خانووی زێر بۆ ئەو خەڵکە دروست بکەن بۆ ئەو جەماوەرە، بەداخەوە نەك خانووی زێریان بۆ دروست نەکرا حەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو سولفەی عەقارەی ئێستا بیان بووری، دەیان جار ڕەزو باخەکانیان سووتماك کراون، لە ساڵی (٨٧)، (٨٨) هەموو ناوچەکە تەخت کرا...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك (جمال) دەستت خۆش بێت، (لیزا)، خان، فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ڕۆژەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەرجەم قوربانیانی ئەنفال و شەهیدانی ڕێگەی ئازادی کورد دادەنوێنم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان،بەهۆی کارەساتی (هۆلۆکۆست)ەوە جووەکان نەك توانیان ببنە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ بەڵکو لەدوای ڕوخانی دەوڵەتی نازییەوە هاتنە سەر حوکمی دەوڵەتی ئەڵمانیای فیدراڵ، ئەڵمانیا ناچارکرا لە بڕی ئەو کۆمەڵکوژیەی دەرحەق بە جوەکانی کردووە ساڵانە بە پارە و وەبەرهێنان قەرەبوویان بکاتەوە، بۆیە قەبارەی ئەو قەرەبوەی کە دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە تاوەکو ئەمڕۆ مەزەندە دەکرێت نزیکەی سەد ملیار دۆلارە، دەوڵەتی عێراق کە میراتگری ڕژێمی صەدامە تا ئێستا نەك تەنها دوو سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقیشی بۆ قەرەبوو نەناردووە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕێگە نادات بە جامانە و جلی کوردییەوە ئامادەی هێنانەوەی رووفاتی کەسوکاری خۆمان بین، ئێستاش ئەنفال کە میراتگری ڕژێمی بەعسە لە بەرگێکی جیاواز هەر بەردەوامە، بەتایبەتی لە دووز و گوندەکانی کەرکوك و خانەقین، پاکتاوی هاووڵاتیان کورد بەتایبەت دەکرێت، حکومەتی عێراق تەنها شەش سەد هاووڵاتی (کوێت)ی کوشتووە، بەڵام تا ئێستا بە ملیارەها قەرەبوو دەداتە دەوڵەتی (کوێت)، بەڵام لە ئاست قوربانیانی هەرێم کەڕوڵاڵە، حافزە، ئامادە نییە دان بەم کۆمەڵکوژیە بنێت، سەبارەت بە کەیسی ئەنفال دوو پێشنیار دەکەم، پێشنیاری یەکەم دانانی سەنتەرێکی نیشتمانی کە سەرجەم شوێنەواری گوندەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان تێیدا دیکۆمێنت بکرێت، ناوەندێکی وەرگێڕانی تایبەت بۆ ئەم دۆسیانە دابنرێت، بۆ ئەوەی بگاتە سەرجەم ناوەندە جیهانییەکان، تاوەکو ئەم مەرگە ساتە مێژووییە بە ڕووی دونیادا بکرێتەوە، دووەم پەرلەمانی عێراق لە (١٣)ی نیسانی (٢٠١٧)دا بەبێ پرۆسەی دەنگدان تەنها لەڕووی زارەکییەوە بڕیاریدا مۆنۆمێنتێك لە بەغدا

دروست بکرێت بۆ ئەنفال، باس لە تراژیدیای ئەنفال بکات، داواکارم لە ڕێگەی بەرپرسانی کوردەوە لە عێراق ئەم بابەتە زیندو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە شەرمەزارییەك بۆ شۆڤێنیەکان و ناساندنی ئەو مەرگە ساتە کە بەسەر کورد دا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.عبدالسلام)، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوادای گەورە، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەکەم، لەم ڕۆژە حەزین و خەمناکەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاك و بەرزە فڕی شەهیدان و ئەنفالکراوان دادەنوێنین، لەم ڕۆژەدا بەبیرتان دێنمەوە کە ساڵێك لەمەوبەر لە دانیشتنی پەرلەماندا بە حزوری تیمی بەڕێزی حکومەت چەند بابەتێك لێرە وروژێنرا، تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیمان نەبینیوە بەراستی لە تیمی حکومەت، هیوادارم بووم کە بەڕێز وەزیری شارەوانیش لێرەبوایە، ئەو پارچە زەویانەی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر دراون بە خانەوادەی سەربەرزی ئەنفالکراوان تاوەکو ئێستا خزمەتگوزاریان بۆ نەرۆیشتووە، زۆربەی خانەوادە سەربەرزەکانی ئەنفالکراوان تاوەکو ئێستا نازانن ئەو زەویانە لە چ شوێنێکن، قەرار بوو هەر خانەوادەیەکی بەڕێز هەرچەند بە سوپاسەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێك لە ناوچەکانی کوردستان لە خانەوادەی بەڕێزی ئەنفال کراوان خانوویان بۆ دروست کراوە، هەرچەندە شایەنی لەوە زیاترن، برینەکەیان بەوە سارێژ نابێت، بەڵام هەر دڵنەوایێکە، بەڵام لە هەندێك لە ناوچەکانی کوردستان پارچە زەویەکیان بۆ دابین کراوە کە کەس نازانێت لە چ شوێنێکە، قەرار بوو بڕی بیست و حەوت ملیۆن دیناریان بدرێتێ بۆ ئەوەی خانووی پێ دروست بکەن چەند کەسێك وەریان گرت ئەوانی دیکە تاوەکو ئێستا وەریان نەگرتووە، خزمەتگوزاریش نەرۆیشتووە بۆ ئەو پارچە زەویانەی بۆ ئەوەی ئاوەدان بکرێتەوە، لێرەشەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کەوا ناسنامەیەکی تایبەت هەبێت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان لە خوێندن، لە نەخۆشخانە، لە هەموو خزمەتگوزاریەکانی حکومەت، سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەین ئەو لێژنەیەی کە سەردانی دەڤەری گەرمیانیان کرد، هیوادارین لە ماوەی داهاتوودا بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی سەردانی دەڤەری بارزانیش بکرێتن و لە هەموو خەمی دەڤەری بارزانیش ئاگادار بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دکتۆر، (کلیزار)، خان، فەرموو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی قسەکانی کاك (عبدالسلام) دەکەم، وەکو ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری پێشنیار دەکەم سەرجەم ئەو بەڵگانە ئەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی کراوە، رادەستی دەزگایەکی زانستی نێودەوڵەتی بکرێت، تاوەکو بەشێوەیەکی زانستی بهێتە ئەرشیف کردن، بدرێتە سەرجەم

ناوەندە جیهانییەکان، دەزگای راگەیاندنی جیهانی، گرینگە ئەم بەڵگانە بەشێوەیەکی زانستی بهێتە چاککردن، هەروەها بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیار دەکەم لیژنەی هەڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکان کە لە نێوان هەردوو وەزارەتی شەهیدانی عێراقی و کوردستانی پێکهێنرابوو چالاك بکرێتەوە، بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکان و ئەم جارە شاندێکی باڵا سەردانی بەغدا بکات بۆ قەرەبووکردنی کەسوکاری ئەنفال و قوربانیان، حکومەتی عێراق دەبێت لە بوودجەی داهاتووی عێراق حکومەتی عێراق ناچاربکرێت بە قەرەبوو کردنیان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا من دەمەوێ لەوەوە دەست پێ بکەم کە ئێمە لیژنەیەکمان پێك هێنا بوو خۆزگە لیژنەکە خۆیان لەسەر راپۆرتێکی باش، خۆیان راپۆرتێکی زۆر زۆر باشیان نوسیبوو بەس یەعنی هەموو شتەکان دووبارە دەکرێتەوە، یەعنی ئێمە ئاوا ناتوانین خزمەتی خەڵك بکەین، راپۆرتێکی باش بێت، دەشکرا حکومەتی هەرێمی کوردستان گرینگی بەم رۆژە بدات لێرە ئامادە بن، پێشتریش پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە قسەیان بکردایە، هەندێك پرۆژەی تایبەت، من لەگەڵ ئەوەمە گەرمیان بەراستی زۆرترین ئەنفالی لێ کرا، کارەساتێکی زۆر گەورەی بەسەر هات، بەڵام ئەنفال بە هەشت قۆناغ لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بووە بەبێ جیاوازی، ئەمەشیان نەکەین بە مەسائلی سیاسی و لایەنی سیاسی، دەبو ئەم یادە بۆ یادی هەموو ناوەچەکان بوایە، لیژنەکانیش لە ماوەی دوو رۆژ بەراستی هەر ئەوە نەبێت دانیشتنێکی پەرلەمان دەکەین و راپۆرتێك ئامادە دەکەین، دەبوو بەراستی زیاتر لە مانگێك مۆڵەت بدرابایە لیژنەی ناوچە جیا جیاکان راپۆرتێکی تێر و تەسەلیان ئامادە بکردایە، لە هەمان کات پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە رێك بکەوتنایە لەسەر ئەوەی کە چەند پرۆژەیەك لە ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی دانیشتنەکەمان دانیشتنێکی رۆتین و هەروا بەڕێکردن نەبێت، بۆ ئەوەی بەرهەمی هەبێت بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ئەم بابەتە، ئەوەی گرینگ بوو بەراستی جگە لەوەی ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەی ئاو، رێگاوبان، مەکتەب، خوێندن و ئەوەی شەهیدان جێبەجێ دەکەین، ئەوەندی گرینگتر بوو بەراستی هەوڵی ئەوە بدەین حکومەتی عێراق چۆن تەعویزی کوێت دەداتەوە کە کاتی خۆی زەرەری پێگەیاندووە، ئەم حکومەتی پێشووی عێراقە زیانی بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە، زیانێکی پێگەیاندووە کە لە مێژووی دونیادا زۆر دەگمەنە بەراستی، زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار کەس حکومەتەکەی خۆی ئەنفالی بکات، زیندەبەچالی بکات، دەبوو لە بوودجەی عێراقدا بوودجەیەکی تایبەت لە سەدا رێژەیەك دیاری بکرابوایە بۆ تەعویزی کەسوکاری ئەنفالکراوانمان، ناساندنی ئێمە پاش (٣٢) ساڵ بەراستی بە دنیادا کەم تەرخەمیمان کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو لایەکمان قسەکانمان زۆر دووبارەنە بۆیە من ئەو قسانە داوا و داخوازی خەڵکی ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسییە لێمانی دەکەن، هەر پەرلەمانتارێك کە لەم هۆڵەدا بێت کە من پێم وایە هەست دەکەم من

کـــردوومە هەمووومـــان کردوومـــانە، بـــۆیە هەوڵ بـــدەین شـــتەکان چـــڕو وورد بکەیـــنەوە، دانیشتنەکەمان تەنها دانیشتن نەبێت، بەرهەمـی هەبێـت لەدوای کۆتـایی هـاتنی، زۆر سوپاسـتان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێك سەری ڕێز و نەوازش بۆ کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان نەوی دەکەین، من پشـتیوانی لە قسەکانی کاك (عبـاس)، کـاك (عبدالسـتار) دەکەم دەسـپێك، بـۆ ئەوەی ئەم دانیشـتنە بەرهەمێکـی هەبێت لە کۆتا ناکۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست پێـدەکەم کە تـایبەت بـوو بە تیـرو پشـکی زەویەکـانی گەرمیـان، یەعنـی لە مـاوەی رابـردوودا کەسـوکاری ئەنفـالکراوان ئەو بەڕێـزانەی کە قوربانین خانوویان پێدراوە، بەشێکی ئەوانەش زەویان پێدراوە دواتر سولفەیان پێدراوە، ئێسـتا نەبێتە ئەوەی بە قەیرانـی دارایـی ببێـتە ئەوەی لە کـۆڵ بکـرێنەوە پـارچەیەك زەویـان پێبـدرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە خانوو بۆ یەك بە یەکی ئەو کەسانە دروست بکرێـت بـۆ ئەمەش دوو رێگـا هەیە، خانوویـان بـۆ دروسـت بکرێـت بـۆ ئەوەی تووشـی ئەو گلەیـی و گازانـدە نەبـنەوە کە لە چەمچەماڵ و گەرمیان و ناوچەکانی تـر سـەبارەت بە نەبـوونی خزمەتگـوزاری سـەبارەت بە ئـاو، کارەبـا، ئەوانە رووبەروویـان ببێـتەوە، یەکێکیـان ئەوەیە کە ئەنجـومەنی وەزیـران، دەسـتەی وەبەرهێنـان بڕیـاری داوە لەمەولا مـۆڵەتی هەر پـرۆژەیەك بـدات (٢٠٪) بـۆ (٣٠٪) ئەم پـرۆژەیە خانوەکـانی دەگەڕێـتەوە بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر تەنیـا پێـنج هەزار یەکەی نیشـتەجێ بـوون لە گەرمیـان دەربچـی ئەوا کـافییە کە هەریەکـێ لەو بەرێـزانە خـانووێکی پـێ بدرێت، یەعنی من پێشم سـەیرە لێـرەوە گلەیـی لە ئەنجـومەنی وەزیـران دەکەم هەر لە خـوودی سـلێمانیا چـل و دوو هەزار مەتـر زەوی داگیـر کـراوە بە هـاکەی سـی و پێـنج ملیـۆن دۆلارە و پێشتریش ئاگادارمان کردونەتەوە بۆ زەوی شارەوانی بە بەهـای بیسـت ملیـۆن دۆلار داگیرکـراوە ئاگادارمان کردوونەتەوە لەسەر ئەمە نەهاتوونەتە دەنگ! بەڵام لەسەر ئەوە هاتوونەتە دەنـگ، ئەو زەویەی کە بـۆی تەخصـیص کـراوە شـەش سـەد و سـێزدە دۆنـمە بەشـی هەرە زۆری بازرگـانییە، ئەگەر ئەوەش نـاکەن لەرێـی وەبەرهێنـانەوە ئەم خانوانەیـان پـی بـدرێت، بـا ئەم زەویـانە بفرۆشێتەوە بکرێتەوە خزمەتگوزاری خانوو بۆ ئەم بەڕێـزانە، خـاڵێکی تـر ئەمە هـیچ کـولفەیەکی تـێ ناچێـت بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئەمەی کە باسـم کـرد هـیچ کـولفەیەکی تێناچێـت بـۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە سەد کوڕ و کچی ئەنفال هەیە دابمەزرێـن، بـا بەرهەمـی هەبێت ئەمە وەکو مـژدەیەك وەکـو هەواڵێکـی خـۆش بـۆ کەسـوکاری ئەنفـال رابگەیەنـین کە ئەو کەسانە ئیستیسنا بکرێن و دابمەزرێن کە ژمارەکەیان سەد کەس زیاتر نابێـت، یەك خـاڵ هەیە کە لە راپۆرتی بەرێزان لێژنەکەدا نەبـوو بـابەتێکی زۆر زۆر هەسـتیارە زۆر زۆر گـرینگە، بەشـی زۆری ئەو ناوچانەی لادێکانیان چۆڵ کراوە هیچ کشتوکاڵێکی تێدا ناکرێـت، ئێسـتا لادێ هەیە دوو مـاڵ سێ ماڵ کەمتری تێدایە، ئەم زەویانە بەرەو بیابان بوون دەچێـت، ئەو شـەپۆلەی کە لە جنـوبەوە دێـت مەنتـیقەی کفـری و لای رزگـاری و ئەوانەی گرتـۆتەوە، پشـتیوانی هەمـوو ئەو بەرێـزانەش

دەکەم کە لەسەر جاش و موستەشارەکان هاتنە دەنگ، لایەنی کەم ئێمە وەکو کورد ئەگەر وەکو جولەکەمان پێ نەکرا کە ئەو کەسانەی تاوانبارن وەکو (ئەدۆلپ ئێخمان) لە ئەرجەنتینەوە بیانهێنینەوە دادگاییان بکەین و سزایان بدەین، بەڵام لایەنی کەم با لە وەزارەتی پێشمەرگە و شوێنەکانی تر مەنصەبیان نەبێت، لایەنی کەم پاسەوانیان نەبێت، لایەنی کەم با خەنانشینی ئیمتیازیان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (مەلا ناصر)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یادی (٣٣) ساڵەی کۆمەڵکوژی شاڵاو ئەنفال و سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شاڵاوی ئەنفال و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دادەنوێنم، بەڕێزان (٣٠) ساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ساڵێك یادی شاڵاوی ئەنفال دەکاتەوە کە لە هەشت قۆناغی ئەنفال سەد و هەشتا و دوو هەزار خەڵکی بێ تاوان لە ژن و منداڵ و پیاوی پەککەوتە شەهید کران و زیندەبەچاڵ کران، زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد شارۆچکە و لادێ لەلایەن سوپای عێراقەوە روخێنران و تەختی زەوی کران، زۆر بەداخەوە هەموو ساڵێك ئەو خاڵانەی لە راپۆرتی لێژنەکان خرانە روو دووبارە دەبێتەوە، بەڵام خزمەتگوزاریەکان زۆر بە کەمی جێبەجێ دەکرێت، خزمەتگوزاری کراوە بەڵام وەکو پێویست نییە، بۆیە بەڕێزان گەرمیان پێویستی بە پرۆژەی درێژخایەن هەیە بۆ کەیسی ئەنفال و ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان لە رووی ڕێگاوبان و خزمەتگوزاری و تەندروستی و کارەبا و شەهیدان و تەواوکردنی جادەی نێوان شار و لادێکان و گەیاندنی کارەبا بۆ لادێکان کە لادێکان لانکەی شۆرش و پێشمەرگە بوون لە هەموو شۆرشە یەك لەدوای یەکەکان، بۆیە حکومەتی هەرێم ئێستا بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ئەنفال و کیمیابارانە، بۆیە پێویستە خزمەتی باشتر بکرێن، بەڕێزان دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نیشتمانی بۆ گەل و پەل و پاشماوەکانی ئەنفال و جینۆساید لە گەرمیان بەمەبەستی دۆکۆمێنتکردنی بەڵگەکان، دامەزراندنی سەنتەری جینۆساید لە زانکۆی گەرمیان بۆ لێکۆڵینەوەی هەمە جۆر لە هەموو کایەکانی یاسایی، دەروونی، کۆمەڵناسی، جوگرافیا، مێژوو، زمان، دانانی سەنتەری (DNA) بۆ لێکۆڵینەوەی پزیشکی بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان، دەرکردنی گۆڤارێکی ساڵانە یان ساڵی دووجار لە ساڵێکدا بەتایبەت بە جینۆساید و ئەنفال، دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمان و حکومەت و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ هەموو کاروبارێکی دارایی و تەندروستی و خزمەتگوزاریەکان، دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان زانکۆی گەرمیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی زیاتر ناساندنی ئەم کەیسە هاوشێوەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، دروستکردنی مۆنۆمێنتێك لە دەروازەی زنکۆی گەرمیان کە گوزارشت لە سالیادی دامەزراندنی ئەو زانکۆیە دەکات، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ رەمزێك نییە بۆ گوزارشت لە بەردی بناغەی ئەم زانکۆیە، دامەزراندنی کتێبخانەیەکی نیشتمانی تایبەت بە

چـاپکردنی کتێبەکـانی کەسـی ئەنفـال و جینۆسـاید، تەنـانەت وەرگێرانیـان بـۆ زمانەکـانی تـر، بە مەبەستی ناساندنی کەیسەك...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مەلا ناصر) دەست خۆش، یاداشـتەکەت دوایـی بـدە ئەم لێـژنە بەرێـزە، بـۆ ئەوەی ئەوەی بە نوسـین شـتێکی هەیە بـۆ ئەوەی ئـێمە راسـپاردەکانمان ئامـادەکەین، هەر بەرێزێـك شـتەکانی بە نوسینە با بیانداتێ، کاك (د.هەورامان)، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمه شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، قال سبحانه وتعالی فی کتاب الکریم (واذکـروا إذ أنـتم قليـل مستضعفون في الأرض تخافون أن يتخطفكم الناس فآواكم وأيدكم بنصره ورزقكم من الطيبـات لعلكـم تشـكرون) بەراسـتی مـن سـەرنج و تێبینیەکـانم لە چەنـد خـاڵێکی کـورت و زۆر پوختـدا دەخەمە روو، یەکەم لەم دانیشتنە دەبـوو سـەرجەم وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان ئامادەبونـایە، مـن پـێم وایە دەبــوو ئەنجــومەنی وەزیــران زۆربەی هەرە زۆریــان لێرەبونــایە، لەبەر گەورەیــی مەئسـاتەکە و فـاجیعە، وێـرای بـرای بەرێـز وەزیـری شـەهیدان کە لێـرەیە وەزیـری تـایبەتمەنە، وەزیری پەروەردە لێرەبوایە تا پرسیارمان لێ بکردبایە دەربارەی مستەقبەلی مناڵانی ئەنفالسـتان بەناو (ئەنفال)، وەزیرەکانی عەدل و ناوخۆ لێرەبونایە تـا بـزانین ئەو گـرێ گـوێرەیەی هەموومـان چییە؟ کە ئەوانەی ئەنفالیـان کـردن، ئەوانەی جـاش و موستەشـاربوون، ئەوانەی بـوونە دەلیـل و رێگە پیشاندەری بەعس بۆ ئەوەی کون بە کونی ئەم کوردسـتانەیان پـێ پیشـان بـدەن تـاوەکو لە کوێ منداڵێك هەیە، لەکوێ پیرێژنێك هەیە، لە کوێ پیـرە پیاوێـك هەیە ئەنفـالی بـکەن، ئەم گـرێ کوێرەیە چییە؟ تاوەکو ئێستا بۆ چارەسەر ناکرێت؟ ئەمە کێـیە رێگـرە لەوەی کە ئەمـانە دادگـایی بکرێن؟ بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەیێنرێن، هەروەها وەکـو عەرەب دەڵـی (فلهمه جـره)، هەروا بێـنە وەزیرەکـانی تـریش، وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە تـا بـزانین ئەنفالسـتان تـاوەکو ئێسـتا بـۆچی کۆڵانەکـان و شـەقامەکانی وەکـو تەبەقـی هـێلکە وایە؟ بەرێـز وەزیـری شـارەوانی لێرەبـوایە بە تایبەتی ئەو جەدەلەی کە لەم دواییەدا دروسـت بـوو لەسـەر دابەش کردنـی زیـاتر لە یـانزە هەزار پـارچە زەوی کە جەدەلێکـی لەسـەر دروسـت بـوو، ئایـا ئەو بـابەتە بەچـی گەیشـت؟ ئەگەر بەرێـز وەزیری شەهیدان وەڵامێکی پێـیە حەز دەکەیـن نەتیجەکەیمـان پـێ بڵـێ، سـەبارەت بە راپـۆرتی لێژنەی بەرێز دەسـت خۆشـیان لـێ دەکەم، تەنیـا پێشـنیارێك ئـێمە ئەگەر ئەم جەلسـەیە ئەگەر بە بەرهەمـێکەوە، بەرهەمێکـی نەبـێ ئیسـتیفادەی نییە وەکـو جەلسـەکەی یـادی هەڵەبـجەی لێـدێ، وەکـو یـادی راپەڕینـی لـێ دێ، ئەم راپـۆرتەی کە ئەم لێـژنە بەرێـزە کە لێژنەیەکـی تایبەتمەنـدە سەردانی مەیدانیان کردووە، ئێستا ئەگەر ئەمانەوێ ئەم جەلسەیە بەرهەمێکی هەبێت هیـوادارم جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، نەبێتە راسپاردە، چـونکە راسـپاردە ئیلزامـی تێـدا نیـیە، مەعلـومی جەنابتانە، ببێتە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، ئەو کاتە خەڵکی بەشـمەینەت و خەڵکـی ئەنفـالکرا و ئەوانەی کە ئێستا چاوەڕوانی ئەو جەلسەیە دەکەن دڵیان خۆش دەبێت، ئەگەر نا تەنیـا (حبـرن على الورق) وەکو جەلسەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تاوانی ئەنفال یان قڕکردنی کورد لە تاوانەیا، لە ئەڵمانیا تاوانێکی گەورە بەرامبەر بە جولەکەکـان لە ئەڵمانیــا و پۆلەنــدا و بەشــێك لە وڵاتەکــان نــاوی (هۆلۆکۆســت)ە قرکردنــی (هۆلۆکۆسـت)، کتێبێـك هەیە دەڵـێ بـۆ نەوەکانتـانی بگێـڕنەوە، بەشـێك لە مەسـەلەی ئەوەی کە چۆن ئەم تاوانە بۆ نەوەکانی داهاتوو بگێردێتەوە چ قەتـل و عامێـك بەرامـبەر بە جـولەکە کـراوە لە (هۆلۆکۆسـت)دا، کە وەکـو باسـی دەکەن حەوت ملیـۆن جـولەکەی تێـدا قـر کـراوە، لە ئـێمەش تاوانێکمان هەیە ناوی (ئەنفال)ە تا ئێستا مەسەلێك هەیە پەیوەندی بە مەسائیلی پەروەردەیـی و کلتوورییەوە هەیە بۆ نەوەکانمانی بگێـڕینەوە لە ئەڵمانیـا لە هەنـدێك شـاردا کیلۆمەترێـك دەڕۆی لەسەر جادەکە لە کاشیەکدا نوسـراوە لێـرەدا ئەوەنـدە کەسـە لە (هۆلۆکۆسـت)دا تیـا چـوو، لەلای ئێمە چەند مۆنۆمێنتێك ئەکرێت وەکو پێویست جێبەجێ ناکرێـت، لە بچـوکترین شـتەوە تـاوەکو گەورەترین شت، بەراستی ئەبوا وەزیرانی شارەوانی، ئاوەدانکردنەوە، پلاندانان، دارایـی، کارەبـا، کاروبـاری کـۆمەڵایەتی، داد، هەمـوو ئەمـانە کە بەشـێك لە تاوانەکـانی ئەوانەی کە کـراون ئەبـوا ئەمانە پەیوەندیان کەم زۆر بە تایبەتی لەو ڕاپۆرتەی ئەو لێژنە بەرێز کە (١٧) پەرلەمانتـار ئیمـزای کردوو حزوریان هەبوایە، سەرەڕای بەڕێز وەزیری شـەهیدان کە ئامـادەیە، چ چـاو قـایمێکە ئـێمە بڕوامـان بە لێبـوردەیی هەیە، بەڵام کاتێـك کە جینۆسـاید دەکـرێ، تـاوانێکی گەورە دەکرێـت، چ جورئەتێکە کە تۆ لێبوردەیی بەرامبەر بە رەشە کوژی میللەتێك بکەیـت! لە (هۆڵۆکۆست) دادگـای (نـۆرنبێرگ) یەکە یەکەی ئەوانەی کە دەسـتیان هەبـوو لە (هۆڵۆکۆسـت)دا دادگـایی کـران، ئەم مەسەلە مەسەلێکە، تاوانێکی گەورەیە وەکـو ئەنفـال، ئەو دوو سـەد و پەنجـاو هەشـت کەسـە کە بڕیاریان بۆ دەرچووە لە ئەنفالدا دەوریان هەبوو، دەبوو ئیجرائاتێکیان لێکرایە وەکو پێویست کە ئامـاژەی پێکـرا، لایەنـی کەم مەوقعیـان نەدرابـایەتێ بەشێکیان، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایـا ئەنفـال ڕووداوێـکە لە دوامـان یـان ئەگەرێـکە لە پێشـمان؟ هەمیشـە ئەو ترسـە هەیە لەلای کـورد، کە ئەکرێــت ئـێمە ڕووبەڕووی ئەنفـالێکی تـربیینەوە لە داهـاتودا بەرامــبەر ئەو عەقلـیەتەی کە لە عێراقـدا حـوکمڕانی دەکـات، مەسـەلەی بە دیکـۆمێنتکردن و هۆشـیاری گشـتی پرسـێکە، مـن پێشـنیازێك دەکەم بـۆ ئەم دانیشـتنە، بـۆ پەرلەمانتـاران، بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان، ئەوەی کە پەیوەندی بەو ڕاپۆرتەوە هەیە کە ئەو بەڕێزانە خستیانە ڕوو سەرەڕای ئەو دوو سـەد و پەنجـا و هەشت کەسە، ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ وە بکرێـت بە بڕیارێـك وەکـو ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەتوانین بڵێین لە سالرۆژی تـاوانی ئەنفالـدا کە (٣٣) سـاڵ تێـدەپەڕێت دەستکەوتێکمان بۆ خەڵکی بەشـەمەینەتی ئەنفـال و کەسـوکاری ئەنفـال بە دەسـت هێنـاوە، ئەگەر ئەم دانیشـتنە بەم شـێوەیە بـڕوات و لە نەتـیجەدا هەسـتینەوە هـیچ بڕیـارێکی نەبێـت بـۆ ئەو کەسوکاری ئەنفال کەواتە ئێمە نەمان توانیوە وەکـو پەرلەمـان ئەوە بکەیـن، مـن داوا دەکەم، تکـا دەکەم، ئەو ڕاسـپاردەی کە ئەو لێـژنە بەرێـزانە مانـدوو بـوون ئەو (١٧) پەرلەمانتــارە بکـرێ بە بڕیارێکی پەرلەمانی حکومەت مولزەم بێت بەوەی کە جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، مامۆستا (نجاه)، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، لیادا ئەنفالێن گەرمیان سەری خۆ دچەمینین بو قوربانێن ئەنفالێن هەمی ناوچا کوردستانێ، هەمی شەهیدێن کوردستانێ، ئەنفالا سالا (١٩٨٨) درێژەپێدانا ئەنفالێن بارزانیا بوو، ئەو ئەنفال بوون ئەوێن هەولدابن بۆ ناڤبرنا داینومیا شۆرشا نەتەویی کورد، هەروەسا ئەنفالێن بەهدینان کو دوماهیك شالاوێ ئەنفالا (١٩٨٨) بوو، کو ل بیست و هەشتێ ئابێ دەست پێکردبوو شەشێ ئەیلولێ بدوماهیك هاتبوو، لڤێرێ ئەم داخازیا ژجەنابێ هەوا دکەین سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کو لێژنەکا لاوەکی پێك بینن بۆ هەردوو دەڤەرا بارزان و بەهدینان، پێشنیارەك ژی منا هەی دڤێت حکومەتا هەرێما کوردستانێ فیشارێ بێخیتە سەر حیکمەتا عێراقێ بیاسا قەرەبوەکرنا هەمی ئەنفال بوویا و شەهید و بێ سەروشینا دئەنفالا هەروەسا گوند و ناوچێن ئەنفال کری بهێتە کرن، هەروەسا پالپشتیا ئاخافتنێت (ژین) خانێ دکەم، کو بسوپاسیڤا و دەستخۆشیڤا حوکمەتا هەرێما کوردستانێ بکوژمێ نزیکی پێنج سەد و پەنجێ و نۆ ملیۆن دینارا بۆ ناوچێن گەرمیان و چەمچەمال تەرخان کرینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان، لە یادی (٣٣)یەمین سالیادی کارەساتی ئەنفال سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان بە گشتی و شەهیدانی ئەنفال بەتایبەتی دادنوێنین، سڵاو درود بۆ کەسوکاریان و سەربەرز بن هەمیشە، بەڕێزان تاوانی بەدناوی ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بارزان میلۆ دراما نییە و تاوانێکی گەورەی مێژووی و کۆمەڵ کوژییە دژ بە گەلی کورد، لەلایەن ڕژێمی بەعسی روخاو، بۆیە لەبری ئەوەی حوکمڕانانی بەغدا داوای لێبوردن بکەن لە ئێستایا پێویستە قەرەبووی ئەو تاوانە نەگریسە بکەنەوە و دان بە مافی گەلی کوردی بێ دەوڵەت دابنێن، کە بەهۆی ئەوەی گەلی کورد خاوەنی کیانی سەربەخۆ نەبووە هەوڵی جینۆسایدی دراوە، ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفال روویداوە تەنها هەوڵێك نەبووە بۆ لەناو بردن و شەهید کردنی دانیشتوانی دەڤەرێك، بەڵام وەکو هەوڵێك بووە بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆیە لە ساڵ هاتی ئەنفالی کوردو دەستپێکی تاوانە گەورەکە لە گەرمیانی کوردستاندا پێویستە تیشك بخرێتە سەر بنەما ئازارەکان و جەخت لەوە بکەینەوە کەکاری جدی بکرێت بۆ ئەوەی گرێنتی ئەوە هەبێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە جارێکیتر ئەم تاوانە نا مرۆڤانە دژ بە گەلی کوردستان دووبارە نەکرێنەوە، هەروەها پێویستە حکومەتی عێراق وەك میراتگری ڕژێمی پێشوو لەکاتێکی نزیکدا بەبێ جیاوازی بەگشتی کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدان بەشێوازێکی شایستە قەرەبوو بکاتەوە، هەروەها پێویستە هەوڵی جدی بدرێت بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی قوربانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی باشووری عێراق، هەر لەم یادەدا بە

حـزووری جەنـابی بەڕێـز وەزیـری شـەهیدان و ئەنفـالکراوان کە لەگەڵمـان دایە، دوو پرسـیاری ئاڕاســتە ئەکەم ئەگەر وەڵامــم بــداتەوە سوپاســی دەکەم، یاداشــتێك لەلایەن کەســوکاری ئەنفـالکراوانەوە ئاڕاستەمان کـراوە کەتێیـدا هـاتووە پرسـیارێکیان ئەوەیە سـەبارەت بە چەکـی خـانووی خـۆکردە پـێش، قەیرانـی دارایـی سـاڵی ٢٠١٣ نـزیکەی چـوار هەزار خـانووی خـۆکردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ کەسوکاری سـەربەرزی جینۆسـاید و ئەنفـالکراوان دەرچـوون، بەڵام دواتـر بەهـۆی قەیرانـی دارایـیەوە ڕاگیـران، بـۆیە لێـرەوە داوادەکەم کە ئەو پرۆسـەیە بەردەوامـی پێبـدرێت بـۆ ئەوەی هەمـوو کەسـوکاری ئەنفـالکراوان سـوودمەندبن، وەخـاڵێکی تـر داوای ئەوە ئەکەن ئەو زەوییـــانە دیســـان کە لەســـاڵە ٢٠١٣ بە کەســـوکاری ئەنفـــالکراوان و جینۆسایدکراوان دراوە بەشێکی زۆریان تاوەکو ئێستا خزمەتگوزاریـان بـۆ نەچـووە وە بەشـێکی تریشیان ئەو ژمارەی وەریان گرتووە بە شوێنەکانیان ناکەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری شەهیدان بەخێرهاتی، مـن وەکـو سـەرۆکی لیـژنەی نـاوچە کوردسـتانییەکان بـاس لەو زەوییـــانە دەکەم کە دراوە بە بەشـــێك لە ئەنفـــالکراوان لە نـــاوچە کوردســـتانییەکانی لای مەنتیقەی گەرمیان، ئەوان داوا دەکەن کە زەوییەکانیـان لەلایەن حکـومەتی عێـراقەوە کە بۆیـان دەرچـووە تـاوەکو ئێسـتا پێیـان نەدراوە، بەشـێکیان داوادەکەن کە قەرەبووەکـان لە هەرێمـی کوردستان بۆیان بکرێ و زەوی لە هەرێمی کوردستان پێیـان بـدرێت، بەڵام بیرمـان نەچێـت ئەوە زەنگێکی مەترسی دار دەبێت ئەگەر ئەوان لە هەرێمی کوردستان قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە، ئـێمە نامانەوێت خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان ئەو ناوچانە بەجێبهێڵن، وە داوا لە حکومەت دەکەیـن داوا لە جەنابتـان دەکەیـن کە حکـومەتی عێـراق مـولزەم بـکەن بەوەی کە ئەو زەویـانەی بۆیـان دەرچـووە لە نـاوچە کوردسـتانییەکان لەوێ پێیـان بـدرێت نابێـت خەڵکـی ئەو ناوچانەمـان ئەو ناوچانە بەجێبهێڵن، ئەوە خاڵێکی گرینگەو هیوادارم کاری لەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز/ سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئەنفال و تەواوی شـەهیدانی کورد و کوردستان دادەوێنم، من دەسپێکی قسـەکانم بە پرسـیارێك لە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و حکومەت بەگشتی هەیە و لەخـانەوادەی سـەربەرزی ئەنفـالیش ئەو پرسـیارەی مـن ئەوانـیش دەگـرێتەوە، یـانی دوانـزە سـاڵ بـووم کە پەرلەمـانی کوردسـتان دامەزرێندرا دەنگی لەسەر درا، لە ١٩٩٢ یانزە ساڵ ببـورن ئەو کـات بەبیـرم دێـت لەیەك جەلسـەی پەرلەمان هەرچەند خولی پەرلەمان دەربازببن چەند ساڵ یادی ئەنفال کرابێت هەموو ساڵ یـانی داواکارییەکانی لێژنەی موختەس هەر ئەو داوایانە بووە، حەقدە بـووە هەژدە بـووە شـانزە بـووە

بیست و دووشم بینیوه، تاوەکو ئێستا داواکارییەکان هەموویان تیکرارن دووبارەن. یانی هۆکار ئـێمەین کە بەدواداچـوون لەسـەر لێژنەکانمـان نـاکەین وەکـو پەرلەمـان یـانیش حکـومەتە کە داواکارییەکـانی خـانەوادەی ئەنفـال و خـودی پەرلەمـان بەهەنـد وەرناگرێـت، یـانیش خـودی خانەوادەی سەربەرزی ئەنفالن کە هەمووشت لە ئێمەو لە حکومەت قبوڵ دەکەن، چونکە دەبێت شتێك هەبێت ئەگەر نەبوو بۆ دووبارەو دووبارەو دووبارە ئەوە یەك.
دوو: هاوڕای برای بەڕێزم دکتۆر ڕێبوارم سەبارەت بە خوێندنەوەی ڕاپۆرت کەدەبوایە بەو جۆرە نەبوایە یەك، دووش هەر هاوڕای ئەوم بـۆچی، لەسـەر ناوچەکـان خـۆئەوەی کـوردی ئەنفـال کـرد ئەوەی ناوچەکـانی کـوردی وێرانکـرد نەی گـوت ئەوە هەرکیـیە و ئەوە چەمچەمـاڵیە و ئەوە بارزانیەو ئەوە خۆشناوە، ئەو هـات کـوردی ئەنفـال کـردو کوردسـتانی وێرانکـرد، بـۆیە لێـژنەیەك هەبێت بۆ بەدواداچوون لەسەر هەموو کەیسە ئەنفالکراوەکان، هاوڕای هەموو ئەو بـراو خوشـکە بەڕێزانەم کە لەسـەر موستەشـارەکان وە ئـامر فەوجە کۆنەکـانی جاشـەکان، کە ئێسـتا مـن خـۆم چەند کەسێکیان دەناسـم بەڕاسـتی موستەشـار بـووە نـۆت و شـوجاعەی وەرگرتـووە بەدەسـتی صەدام حسین کەچی جادەی قیـڕی تـایبەتی بـۆ چـووە، ئەو خـۆی پێشـکەوتووە بـۆ ئەوەی وڵات بڵێن گوندی کوردستان وێـران بکـات و ڕۆڵەی کـورد بـن ئـاخ بکرێـت بەزینـدووی، کەچـی جـادەی قیڕی بەتایبەت بۆ چووە، بەڵام گوندیش هەیە دەیناسـم هەموویـان دەناسـم ئەو گونـدانە چـل و حەوت کەس لەو گونـدانە ئەنفـالکراوە تـاوەکو ئێسـتا ڕێگایـان خـۆڵە، ئەوەی تـریش زۆرە بـا بەسیکەم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، نەفـرەت لە بکەرانـی تـاوانی بەنـاو ئەنفـال نەفـرەت لەوانەی کە پێشـی بکەرانـی کەوتـن، بەداخەوە هەسـتیارترین پـرس کە ئێسـتا خەڵکـی کوردسـتان یـان کەسوکاری ئەنفال سەرسوڕمانن لێی هێزو دەسەڵاتی موستەشـارەکان و جـاش و ئەنفالچیەکـانە، مـن تەنیـا لێـرە یەك نمـوونەی زۆر بەسـیت ئەڵـێم دادوەر هـاوژین حامیـد لە دادگـای بەرای کفـری ئەمری دەرکرد بۆ دەستگیرکردنی سێ موستەشار لەبڕی دەستگیرکردنیان ئەم دادوەرە بەڕێـزە لە کفریەوە نەقڵ کرا بۆ کـوێ؟ بـۆ ئامێـدی پاشـان لەوێ هەڕەشـەی کوشـتنی لێکـرا ناچـارکرا ئێسـتا کوردسـتان جێبێڵێـت ئێسـتاش هەڕەشـەی لەسـەرە موستەشـارەکانیش ئەسـوڕێنەوە واتـا ئەو دادوەرەی دەیەوێت خیانەتکاران دادگای بکرێت بەئەمری ئەنجوومەنی دادوەری نەقـڵ ئەکـرێ لە کفریەوە بۆ ئامێدی و دوایش هەڕەشەی کوشـتن و وڵات جێبێڵێـت، کەواتە ئەم موستەشـارانە لە دەسەڵاتێکی زۆر لە دادگاو ئەمە گەورەترن، ئەم کەیسـی دکتـۆر هـاوژین حامیـدە بـۆ هەموومـان نەنگیەکی زۆر زۆر گەورەیە، یەعنی دادوەرێك بیەوێـت موستەشـار دادگـایی کـات، خـاڵێکیتر کە من بەگرینگی دەزانم لێرە باسیکەم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفـال و مەنتیقەکـان پێویسـتیان بە هـیچ تەخسیسـێکی پـارە نیـیە حکومەت بۆیـان تەرخانکـات، تەنیـا ئەم خـاڵانەی ئەیڵـێم، بـۆ ئەو نەوت و غازەی لەو مەنتـیقەی خۆیانـا هەیە سـەدو بیسـت و حەوت ملیـۆن دۆلار قۆنـاغی ژمـارە

دوو، پەنجا ملیۆن دۆلار قۆناغی ژمارە سێ، بۆ گەرمیان تەرخانکرا پارەکەی چووە ژمارە حیسابی ١٧٠٢ لەبانکی کوردستانی ئەهلی ئەزانن ئێستا چەمچەماڵ بۆ ئاوی نییە؟. لەبەر ئەوەی کۆمپانیای نەوتی سەد و سی ملیۆن دۆلاری تەرخانکردوە بۆ ئاوی چەمچەماڵ، پارەکەی چۆتە ژمارە حیسابی ١٧٠٢ لە بانکی کوردستان پێش ٢٠١٤ واتا پێش قەیرانی دارایی ئەم پارەیە هەمووی بردرا، واتا چەمچەماڵ پارەی ناوێت حکومەتی هەرێم بۆی تەرخانکات ئەو پارەی کۆمپانیاکانی نەوت لە بڕی نەوت وغازی خۆی پێیانداوە ئەکرێت بکرێتە ئاو نەك پانزە ڕۆژ جارێك دوو سەعات ئاوی بۆ بێت، ئەمە چی پێ ئەوترێت یەعنی، تۆ دەستت تێی بچێت پارەیەك بەکار بهێنی ببەی کە هی ئاوێکە ڕەبتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نیە ڕەبتی بە حزبەوە نیە ڕەبتی بەهیچ شتێکەوە نییە بیبەی بۆ ئەوە بەکار بێنێت، من ئەو پارانەی گەرمیان و شوێنەکانی تریش چەندین جار بە پرسیارو یاداشت ناردوومە، بەڵام پێدەچێت ئەوەی تەحەکومی پێوە کردبێت زۆر دەسەڵاتی زیاتر بێت لەوەی جوابی پەرلەمان و ئێمەو مانان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری شەهیدان دەکەین، دیارە من وەکو ئەوەی کە خۆم برایەکم ئەنفالە خۆشم لە کارەساتی ئەنفال بریندار بووم وە گوندەکەشم کەسوکارەکەشم هەشتاو حەوت کەس ئەنفالن و لە دۆڵی جافایەتیش نزیکی هەزار کەس ئەنفالە، کە ئەوانیش هەموویان کەسوکارمن و دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری و هەموو شەهیدان و ئەنفالانی کوردستان بە کەسوکاری خۆم دەزانم، دیارە دوای ئەوەی کە ئەمڕۆژە ڕۆژی ٤/١٤ کە دانراوە بۆ یادی ئەنفال ئێمە خوازیار بووین ڕاپۆرتەکە ڕاپۆرتێکی گشتگیر بوایەو وەکۆی ئەو ناوچانەی تیا بوایە کەوا ئەنفالکراون هەر لە ئەنفالی یەکەوە تا کۆتا ئەنفالی هەشت، دوای ئەوەی کە خەڵکانی کەسوکاری ئەنفال بەمەیان زانی بە هەندێك خاڵ و بڕگە ئاگاداری منیان کردەوە کە هەوڵبدەم لێرەکانە بیخەمە ڕوو ئەویش ئەوەیە کە مۆنۆمێنتی ئەنفالی دوکان کە بەداخەوە ئەنفالی یەك تەبعەن لەو ناوچانە ڕوویداوە، دیارە دروستکردنی بینایەکی شایستە بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفالەکان بەداخەوە وەك پێویست تائێستا گرینگی بەو مۆنۆمێنتە نەدراوە ئەگەر ئێستا وەفدێکی لیژنەی شەهیدان یان پەرلەمانی کوردستان بچێتە دوکان بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفالەکان لەوانەیە تەنها شوێنی شەش کەس دەبێت دابنیشێت لەو غورفەیاو باقی جێگای نابێت، ئەبێ بە پێوە ڕابوەستێ وەهەروەها دروستکردنی هۆڵێکی شایستە بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفالەکان کە بەداخەوە ئێستا هیچ هۆڵێك شتێك نییە بۆ مناسەباتەکان لە مۆنۆمێنتی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە دوکان ئەگەر هەر مناسەبەو شتێك هەبێت هیچ شوێنێك نییە بتوانرێت کۆبونەوەکەی تیا ئەنجام بدرێت وەهەروەها داواکاریەکی تری ئەوانیش ئەوە بوو کە بەشێك لە هەڤاڵان باسیان کردووە منیش پشتیوانی لێ ئەکەم و داواکاری ئەوانیشە ئەویش ئەوەیە بۆ سێ ئەنفال چوارسەد و پەنجا هەزار دینار کە بۆ هەر یەکێکیان ئەکاتە سەد و پەنجا هەزار دینار، وەهەروەها لە سێ بەرەو ژوور واتا لە چوار

ئەنفالەوە تاكو پانزە ئەنفال یان زیاتریش ئەمە دوو بەرامبەر ئەكرێت واتا نۆسەد هەزار دینار، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین ئەم بڕگەیە جەنابی وەزیریش كە لێرەیە هەوڵ بدرێت پێداچوونەوەی بكرێت و ئەم یاسایە هەموار بكرێتەوە كە ئەمە عەدالەتێكی كەمی تیایە، وەهەروەها خاڵێكم ماوە بەنسبەتی ئەوەش داوای ئەوەیان كردووە كە پێشكەش كردنی خزمەتی زیاتر بە گوندنشینەكان بكرێت وەك نەخۆشخانەیەك لە دۆڵی جافایەتی، وە قوتابخانەیەكی ئامادەیی، وە كارەباش تائێستا لە هەندێ گوندەكان وەك پێویست عزووری نییە شتێكم هەبوو بۆ جەنابی وەزیری شەهیدان جەنابی سەرۆك ئەویش ئەوەیە ئایا پڕۆژەی یاسای چاكسازی لە بواری پاكردنەوەی شەهیدان... زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم یادە پیرۆزەدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدان و ئەنفالكراوان، وە ڕووڕەشی بۆ تاوانباران و بكەرەكانی لەگەڵیان دابوو، من دەستخۆشی لەلیژنەی تایبەتمەند دەكەم كە ماندوو بوون لە ئامادەكردنی ئەو ڕاپۆرتەدا، بەڵام هیوادارم ئێستا كە كەسوكاری ئەنفالكراوان ئێمە دەبینێت پێمان نەڵێن ئەمانە تەنها قسەی باق و بریق و سەر شاشەیە، هیوادارم پەرلەمان وەكو ئەوەی كە بەڕێزتان ئاماژەتان پێكرد بەڕاسپاردە ڕاسپاردەكە بگۆڕدرێت بە بڕیاری پەرلەمانی وە حكومەت ئیلزام كات بۆ ئەوەی دڵنیا بدرێ بە كەسوكاری شەهیدان كە هیچ كەس و لایەنێك ناتوانێت ڕێگری بكات لە پێدانی زەوی لە كەسوكاری شەهیدان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لەم مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەدا داواكارم لە كۆمەڵانی خەڵكی وازبێنن لە نارەزایەتی دەربڕین لە فەیسبوكەوە داواكارم لەبەر پاراستنی كەرامەتی تاكە كورد و ئەو زوڵمەی لە موچە خۆران دەكرێت دەیانەوێت درێژە بە لێبڕینی مووچە بدرێت پاڵپشتی ئەو پەرلەمانتارانە بكەن كە داوا ئەكەن لێبڕینی موچە نەمێنێ و هەر لەم مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەدا دوای نوێژی تەراویح لەبەردەم مزگەوتەكان بە هێمنی و دوور لە توندوو تیژی بوەستین و نارەزایەتیەكان بگەینین بە حكومەت، بۆ ئەوەی لێبڕینی مووچە نەمێنێ و ئێمەش لەگەڵیانا بین تا ئەوكاتەی حكومەتیش ئیجبار ئەكرێت بەلابردنی مووچەو كۆتایی بەم لێبڕینی مووچە بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پێشەكی زۆر بەخێرهاتنی وەزیری شەهیدان دەكەین، ئەنفال كارەساتێكی گەورەیە دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی كرا بۆیە ئێمە وەكو پێكهاتەی توركمان ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئەنفال و جینۆسایدی دەڤەری گەرمیان وە گشت ئەو كارەساتەی كە لە هەرێمی كوردستان و بەتایبەتی لە عێراق ئەنجام درایە، جێگای داخە تەبعەن پاشی سی و سێ ساڵ ئێمە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا كەباس لە هەندێ گیروگرفت ئەكەین كە ئەویش وەكو خزمەتگوزاری كە

خزمەتگوزاری سەرەتاییە کە هەقی هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتییە کە وەکو ڕێگاوبان وەکو کارەبا وەکو ئاو، بۆیە داوا دەکەین لێرە بەزووترین کات حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات ئەم کێشەیە چارەسەر بکاتن، بە هەقیقەت ئێمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکان لەگەڵ برایانی کورد وە ئێمەش وەکو تورکمان و کلد و سریان و ئاشوری بەرەنگاری ئەم جۆرە تاوانانەو جینۆسایدانە بووینەوە، بۆیە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا دەبێت ئێمە بەهەموو پێکهاتەکانی سەرجەم هەرێمی کوردستان دەست لەناو دەست بنێین و بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاو بنێین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی هەیە کە لەهەرێمی کوردستان دووبارە ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، لەیادی سی و سێیەمینساڵیادی ئەنفالکراوان سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین، لێرەوە بەپێویستی دەزانم دوو خاڵ بخەمە بەردەم ئەو لێژنە بەڕێزەی کە لە پەرلەمانتاران پێکهاتووەو وە خاڵێکیش بخەمە بەردەم وەزیری شەهیدان و ئەنفالەکان، داوا لە لێژنەی پێکهاتووی پەرلەمان دەکەم سەردانێکی ئۆردوگا زۆرە ملێکان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداربن لە بارودۆخ و گوزەرانی ئەنفالکراوان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە شاری هەریر لە ئۆردوگای هەریر زیاتر لە پێنج سەد ماڵی ئەنفالکراوان هەیە، تاوەکو ئێستا لێژنەیەکی موختەص لەم بابەتە سەردانێکی وای نەکردوون لە معانات و داواکاری ئەنفالکراوان تێبگەن، بۆیە داواکارم لەو لێژنەیە سەردانێکی مەیدانی ئۆردوگای هەریر بکات، وە خاڵی دووەمم داواکارم لە بەڕێز وەزیری شەهیدو ئەنفالکراوەکان سەبارەت بەو خانووانەی کە لە قەزای شەقڵاوە بۆ ئەنفالکراوان دروست کراون تاکو ئێستا خزمەتگوزارییەکان یان داواکارییەکانیان بەپێی پێویست نییە، داوا لە بەڕێزیشیان دەکەم سەردانێکی مەیدانی ئەم سنوورە بکات بۆ ئەوەی لە داواکاری ئەنفالکراوان گوێبگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری کاروباری شەهیدان دەکەم بەڕاستی ئەنفال یەکێکە لەو چەندین کارەسات ومەرگەساتانەی کە بەسەر گەلی کوردا هاتووە، بەداخەوە ئازارێکی زۆر گەورەن لەمێژووی نەتەوەکەمان، بەڵام بەڕاستی جێی ئەسەفە جێی داخە دوای (٣٣) ساڵ لە حکومڕانی کوردی کە ئەچی سەیری سیمای ئەو شوێنانە دەکەی کە قسە لەگەڵ خانەوادەی قوربانیان و کەسوکاری شەهیدان ئەکەین، ئینجا شەرم دامان ئەگرێت کە گوێبیستی خەم و خەفەت و ئازار و ناڕەحەتی و گرفتەکانیان ئەبین، دوای سی و سێ ساڵ لە حکومڕانی کوردی ئایا پلانمان نەبووە؟ پارەمان نەبووە؟ نەمان زانیوە؟ یانی کێشە چیبووە لەوەی کە حکومەتی بەعسی

گۆڕبەگۆڕ قوتابخانەکانی وێرانکردووە، مزگەوتەکانی تەختکردووە، ماڵ وێرانی ودەربەدەری وخانووەکانی تەختکردووە کشتوکاڵی ئەدمکردووە قوتابخانەکانی نەهێشتووە، ئێستا نەتوانراوە بەڕاستی ئەم خزمەتگوزارییە سەرەتاتایانە جێبەجێ بکرێت، بۆ تائێستا نەتوانراوە بەڕاستی ئێمە بووینە هۆکاری دووبارە چۆڵکردنەوەی لادێکان، تا ئێستا ڕێگاکانیان بەڕاستی خۆڵە، چەندین گوند چەندین ئاوەدانی ڕێگاکانیان خۆڵە، ئی ئەوە نییە بەڕاستی هاتووچۆی لەسەر بکرێت، قوتابیەکانیان لە بێ قوتابخانەی ناوەندی ودواناوەندی بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە ماڵەکان گوندەکانیان بەجێبهێڵن، کشتوکاڵیان جێبێڵن لە بێ ئاوی بچنە شارەکان، بەڕاستی ئێمە هۆکاربووین کە دووبارە تەرحیلی ئەم ناوچانە کراوەتەوە کە ستەمیان لێکراوە، بێ ناز کراون بێ هیوا کراون، بۆیە من ئومێد ئەکەم ئەمڕۆ ئەگەر هیچ نەبێت لەم پەرلەمانە بەڕێزە بڕیارێك بدرێت کە بتوانی خزمەتێکی بچووك پێشکەش بەو بنەماڵانە بکرێت ئەو سەد کەسانەی ئێستا ماونەتەوە..... زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەتا ئەمەوێت بڵێم ئەمڕۆژە زۆر زۆر ڕۆژێکی خەمناك و جەرگبڕە، نەك وەکو زۆربەی بەرپرسان و هاوڕێیان ئەڵێن ڕۆژێکی پیرۆزە، هیچ پیرۆزنییە کە ئێمە کارەساتمان لێ بەسەر هاتووە، نەورۆز جەژنی ڕەمەزان ئەوانە پیرۆزن ئێمە لەو ڕۆژەیا خەمبارترین گەلین لەم سەر زەویەیا لەسەرو بەندی ئەنفالا ئەوکات من قوتابی بەکەلوریۆس بووم مامۆستایەکمان هەبوو یادی بەخێر ئێستا نەماوە خەڵکی دەڤەرێك بوو کە شاڵاوی ئەنفالی بەسەرهاتبوو بەرێکەوتەوە لە سلێمانی لە ئۆتێلێك ئەژیا نەبرابوو، ئەوسا پێی وتین خەمتان نەبێت ئەم مێژووە مەخوێننەوە مێژووی بەعسە، ڕۆژێك یێت حکومەتی کوردی دروست ئەبێت ئەم یادە وە ئەم چیرۆکانە لە سیستەمی پەروەردەیا تەسبیت ئەکرێ و ئێوەو ئەوە ئەخوێنن یان مناڵەکانتان ئەوە ئەخوێنن زۆر جێی داخ و سەرسوڕمان و جێی سەیرەیە سی و سێ ساڵە ئەو مامۆستایەشمان نەماوەو خەڵکانێکی تریش داوایان کردووە هێشتا ئەو چیرۆکانە لە سیستەمە پەروەردەیا نییەو هێشتا ئەو ئاسەوارانە بە خراپتر هەیە، من ئەپرسم ئایا ئەم وڵاتەی ئێمە لەدوای ئەو هەموو کارەساتەو سی و سێ ساڵ دووای ئەو هەموو کارەساتە و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانمان هەیە، ئایا ئەو ژیانەی بەگشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان لێی ئەژی وە بەتایبەتی خەڵکی کارەساتباری ئەنفالکراو و کیمیابارانکراوی هەڵەبجەو گەرمیان وهەموو ئەو شوێنانەی تر، ئایا ژیانێکی شایستە ئەبەینە سەری نەخێر، ئایا ئەو ڕێگاوبانەو ئەو سیستەمی تەندروستییەو سیستەمی پەروەردەو سیستەمی ژیانی ئێمەو مووچەو هەموو شتەکانمان سەرباری ئەو کارەساتەی بەسەرمان هاتووە سیستەمێکی باشە نەبەخوا نەخێر، من پێشنیازو ڕاسپاردەم نییە، چونکە برادەران و هاوڕێیان زۆر زۆر کردوویانەو خولەکانی پێشووش زۆریان کردووە.. زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك سیروان دوو دەقەكەت تەواو بوو كاك سیروان، زۆر سوپاس،

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نامەوێت قسەكانی هاوڕێكانم دووبارەكەمەوە، بەتەواوی پشتیوانی لە قسەكانی مامۆستا ابوبكر دەكەم من ئەمەوێت سێ چوار خاڵ باس بەكەم بۆ ئەوەی هەوڵدەم دووبارە نەبێتەوە ئێمە لەو ژمارەی كە باسی ئەكەین بۆ كەسوكاری ئەو خەڵكانەی كە ئەو هاووڵاتیانەی كە ئەنفالكراون تا ئێستا ژمارەیەكی زۆر كەمیان گۆڕەكانیان گەڕێندراونەتەوە، داوا لە وەزیری شەهیدان و لە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەكەم بەپەلە وەفدێك دروست بكات و بچێتە بەغدا لایەنی كەم گۆڕەكانیان، بەڵام بێگومان لە ژێر ڕۆشنایی ڕێ و شوێنی زانستی بە فەحسی(دی ئێن ئەی) بێنێتەوە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەوەی كاك هێڤیداریش پێموابێت ئەوەی باسیكرد مەسەلەی زیندانیانی سیاسی ئەوانەی هیچ مینحەیەكیان نیە پێویست ئەكات مووچەكانیان ڕاگیراوە ئەوە بەزووی چابكرێت، وە كاك عبداللە پێموابێت بۆ ئەم مانگە بەڵێنێكیان پێبدەی كە دابەش ئەكرێ وە لەوەزارەتەوە هاتووە هیوادارم ئەوەش تەسبیتكەن، گەلانی دونیا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان كاتێك مەرگەساتێكی وەكو ئەنفالیان بەسەردێت جگە لەیادكردنەوە جگە لە مەڕاسیم جگە لە كۆڕو كۆبونەوات گرینگیەكی زۆر ئەدەن بەكەرتی پەروەردە بۆ ئەوەی كە ئەم كارەساتانە لە سیستەمی پەروەردەیاندا جێبكەنەوە، گرینگی ئەدەن بەلایەنی دەروونی لەو ناوچانەی كە كارەساتەكەی تیا ڕوویداوە لایەنی كەم بۆ هێوركردنەوەو ئارامكردنەوەی دڵ و دەروونی كەسوكاری قوربانیانی ئەو ناوچانە، پێویست ئەكا حكومەتی هەرێمی كوردستان لەڕووی پەروەردەوە گرینگی لە ڕادەبەدەر بەم پرسە بدات بۆ ئەوەی نەوەكانی داهاتووشمان ئەم چیرۆكەیان بیرنەچێتەوە، بێجگە لەوەی ئەم ڕێكارانە دەگیرێتەبەر زۆرجار ئەو گەلانەی تووشی كارەساتی لەم شێوازە ئەبن بە شێوازی دۆكیۆمێنت و بەشێوازی فلم سازی بەشێوازی بەرزی هونەری میوزیكاری گەورەبكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاگاتان لەكات بێت بەڕێزان تكایە.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، خوای گەورە پلەی بەرزی شەهیدان لە بەهەشتی خۆیا بەرزتركاتەوە، وە بەخێرهاتنی كاك عبداللە دەكەم وەزیری شەهیدان كەمن پێموایە پایەی ئەم كۆبوونەوەی پەرلەمان لەنگە چونكە لە بەرنامە ئیعلانكراوەكە ئەڵێ بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار، ئایا لایەنی پەیوەندی دار بەقەزیەی شەهیدان بەقەزیەی ئەنفال لەسایەی تەنها وەزیری شەهیدانە، وە بەداخەوە هیوادارم وەزیرەكانی تر سەرۆكی حكومەت جێگری سەرۆكی حكومەت كاری لەمە گرینگتریان هەبووبێت، باسكرا لەبابەتی جینۆساید و تاوانكاران و ئەوانەش كە بەژداربوون لەگەڵیانا هاوكاربوون، بەداخەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان لەمڕۆوە زۆر كەمتەرخەمە وە بەغداش بەهەمان شێوە لە قەرەبووكردنی ئەنفال و كەسوكاری

ئەنفالا بەداخەوە تائێستا کارێکی وای نەکردووە، ئەوەی کە مایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە ئەم خزمەتگوزاریانەی باسیان ئەکەین کەموکورتی شوێنی نیشتەجێبوون ڕێگاوبان پەروەردە تەندروستی سەوزای کە هەندێ گەڕەك بەداخەوە لە چەمچەماڵ بەڕاستی هەر لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ دەچێت هەرگیز هەرگیز لە شارێك ناچێت لە شارۆچکەیەك ناچێت لە هەرێمی کوردستانە وەکو گەڕەکی ئاسودە وەکو گەڕەکی شۆڕش لە چەمچەماڵ، ئەمانە بەڕاستی بە شتی زۆر سادە حەلەکرێن وەك کاك علی باسیکرد پترۆ دۆلار پارەی دۆلارو پشکی دۆلار، غازی ئەو خەڵکانەو ئەو دەڤەرانە کە زۆرترین شەهیدانی ئەنفالیان لێیە، بەسە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەرکا، قەبارەی گەندەڵی لە سنورەکان قاچاغچیەتی لە سنورەکان ساڵانە بە دوو ملیار دۆلار ئەخەملێنرێت دوو ملیار دۆلار هەموو ئەم کێشانە چارەسەر ئەکات بەداخەوە کە تائێستا بەردەوامە، وە ئەوەی کە نیگەرانیە ئایا ئەکرێت کەسێك باوکی ئەنفال بووبێت دایکی ئەنفال بووبێت ئێستا بێکاربێت لەهەرێمی کوردستانا...؟

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاگات لە کاتەکەت بێت مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

بەسەرچاو، لە کاتێکا کابینەی حکومەت بەڵێنی کاری بە خەڵك داوە، ئەم پرسیارانەشم لە کاك عبداللەی بەڕێز هەیە، ئەوە ئێمە زانیمان بکەرانی ئەنفال و هاوکارەکانیان دەستگیر ناکرێن وەزیری ناوخۆ وەزارەتەکان لێرە نین؟

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاتەکەت تەواو...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

دووسێ پرسیاری بچووك عەفوو...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کاتەکەت تەواو بووە دەی...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

واللە ئەزیەتی کێشاوە هاتووە با پرسیاری لێبکەین...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کاتەکەت تەواو بووە ئەگەر...

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

چیتان کرد ؟

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو دەست خۆش زۆر سوپاس. هەڵز خان نەهاتۆتەوە، ئاشناخان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری ڕێز لە ئاستی قوربانیانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دائەنوێنم، بەداخەوە لە دوای سێ دەیە زیاتر لە تاوانی ئەنفال تا ئێستا کەسوکاری ئەنفالکراوان وە ئەو ناوچانەشی کەتیا

ئەژین بێ خزمەتن ئەم کەیسە ئەبێت بکرێتە کەیسێکی نێودەوڵەتی، نەك بە پێدانی مووچە وە زەوی کورت بکرێتەوەو بەڕاستی مل ملانێی حزبی پێوە بکرێت، دەبوو ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوان ئێستا ئەوەنە باش بوایە، ئێمە باسی کەمی خزمەتگوزاریمان نەکربایە بەڕاستی لەو مەنتیقانەی کە تیایە نیشتەجێن، دەبوو کۆمەڵکوژی کورد وەك تاوانەکی دژی مرۆڤایەتی ئێستا پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی تۆکمە بوایە بۆ قەزیەی کورد نەك بەردەوام ئێمە دەستمان لەسەر دڵمان بێت بڵێین جارێکیتر دووبارە ئەبێتەوە، بۆیە من بە پێچەوانەی بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانم کە پێیان وایە تیمی حکومەت لێرە ئامادەبوونایە ئەو پەرلەمانی کوردستانە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ماددەی (٧٨) توانای قەراردانی هەیە توانای بڕیاردانی هەیە، وەرن هەموومان پێکەوە ئەم لیژنە بەڕێزە کە بەدواداچوونی کردووە وە هاوڕێیانیش بەشێکی زۆریان پێشنیاری زۆر جوانیان خستۆتەڕوو، وەرن هەمووی بابکەین بە مەجموعەیەك خاڵ، وە لە جەلسەی ئایندە بیکەین بەبڕیار کە لەدەسەڵاتی خۆمانایە، بەڕاستی ئەتوانین ئەوە بکەین و حکومەت ئیجبار بکەین بەوەی کە جێبەجێیان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رۆمیو.

**بەڕێز ڕومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستپێك سەری ڕێزو نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی قوربانیانی ئەنفال دادەنوێنم، هەڵبەتە بە سەدان خەڵکی ئێمە وەکو ئاشورییەکان تا ئێستا ئەوانیش لەم ئەنفالە بەدناوە بێسەرو شوێنن، بە سەدان گوندی ئاشوریانیش خاپورکراوە لەم ئەنفالە بەدناوەدا، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکەم دەست خۆشی لە سەرجەم ئەندامانی ئەم لیژنە بەڕێزە ئەم وەفدە بەڕێزە دەکەم کە ئەم ڕاپۆرتە تۆکمەیان نووسیوە بەڕاستی، بەڵام ئەوەی جێی داخە هەریەکەیان هەریەکێ ئەم ڕاپۆرتە ببینێت جگە لە ڕەشبینی، لەبەر یارمەتی نەدانی کەسوکاری قوربانیانی ئەم هەڵمەتە بەدناوەو وە لەبەر کەمی خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەو ناوچانەی سەرجەم ناوچانەی کە ئەم ئەنفالە بەدناوەی تێدا ڕوویداوە بۆیان نەکراوە، ئێ خۆ ئەمە سی و سێ ساڵە ئەم تاوانە ئەم کارەساتە گەورەیە ڕوویداوە هەموو ساڵێك لەم یادەدا هەموومان کۆدەبینەوە هەمووسان قسەی باش وەعدی چاك بەو خەڵکە دەدەین کەچی هەموو ساڵێك داخوازیەکان و کەموکوڕیەکان زیاترو ئەستورتر دەبن بەڕاستی ئەمە جێگای داخە، کەواتە پێویستە هەمووسان بە پەرلەمان و حکومەت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەخۆدابچینەوە کە دەبێت بەفعلی چارەسەرێك بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزرێتەوە، من پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك مەم دەکەم خۆشی لێرە نییە...

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاگات لە کاتەکەت بێت کاك رومیو زۆرت نەماوە.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

بەڵێ، کە وتی ئەم ڕاپۆرتە من پێشنیار دەکەم ئەم ڕاپۆرتە دوای کەمی و زیادیکردن بکرێت بەبڕیارو بدرێت بەلایەنی پەیوەندیدار، من نموونەیەکتان بۆ دێنم زۆر باسی ئەڵمانیا کرا ئێمە لە

ساڵی ٢٠٠٧ کە وەفدی لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوور بووین لە بەرلین لە مەعەدێکی یاسای دوای پانزە ڕۆژ ئێمە دەعوەت کراین بۆ ئەرشیفی جەنگی دووەمی جیهان، ئەوەی ڕاستی بێت بەشی جاسووسەکان و خۆفرۆشەکان سەرەکی ترین بەش بوو گەورەترین بەش بوو ڕێکخراوترین بەش بوو، وتیان ئەبێ ئێوەش ئەو کارەساتانەی کە دژی خەڵکی کوردستان کراوە ئەبێ ئەم فایلانە ئەم دۆسیانە بەگرینگی ..... زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بووە کاك رومیو، ئەڵێن دەمێکە تەواو بووە، لەیلی خان فەرموو.

**بەڕێز لیلى عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤرۆ سی و سێ ساڵ دەرباز دبن بەسەر مەزنترین کارەساتا جینۆسایدا گەلی کورد، دڤێ یادا خەمناکا سەری ڕێزو نەوازشێ دچەمێنین بۆ شەهیدان و کەسوکارێن وان، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی ئاشکرایە لە سەرانسەری کوردستان پڕۆسەیا بەد ناو و بەدناوی ئەنفال ئەنجامدراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەهەموو ناوچەکان مینۆمێنتی ئەنفال دروست نەکراوە وە ناوی ئەنفالکراوەکان تۆمار نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە هەر ناوچەیەکە کوردستان ئەنفال ئەنجام درابێت، پەرلەمان بڕیار بدات مینۆمێنتی تایبەت بە قوربانیانی ئەنفالی ئەم ناوچانە دروست بکرێت، هەتا ئێستا پڕۆسەی بەدناوی ئەنفال لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نیشتیمانی ڕێکنەخراوە هەموو لایەك دەزانێت کە پڕۆسەکانی ئەنفال دەیان پڕۆسەن بەشێوازی جیاواز لە دژی گەلی کوردستان ئەنجامدراون، بۆ نموونە لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٠) پڕۆسەی ئەنفال دژی کوردانی فەیلی ئەنجامدراوە، پاشان لە ساڵ (١٩٨٣) ئەنفالی بارزانییەکان و لە ساڵی (١٩٨٨) کیمیابارانی هەڵەبجەو هەروەها لە ساڵی (١٩٨٨) ئەنفال لە گەرمیان تا بادینان ئەنجامدراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیەك بۆ هەموو پڕۆسەکانی ئەنفال ئامادە بکەت وە ئەم پڕۆژەیە کۆنفرانسەکی بۆ ئەنجام بدرێت وە پسپۆڕانی بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بانگهێشت بکرێن، بۆ ئەوەی توێژینەوە پێشکەش بکەن، ئەمەش وەکو هەوڵێك بۆ بەنێودەوڵەت کردنی پڕۆسەی ئەنفال وە جینۆساید لە دژی گەلی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان ئاخیر کەسە دوای کاك پێشەوا وەردەگرم نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتیوانی و ڕاپۆرتی لیژنەکەمان داوا دەکەم چیتر وشەی کارەسات بۆ ئەنفال بەکار نەهێنرێت، ئەنفال تاوانێکی کۆمەڵکوژییە بە هەموو پێوەرەکان جینۆسایدی گەلی کورد بوو، من وا هەست دەکەم وەکو گەرمیانییەك لەو کاتەی نەوت دەردەهێنرێت لەم هەرێمە کەیسی ئەنفال پشتگوێ خراوە، وە هەر وەکو گەرمیانییەك وەکو کەسوکاری ئەنفالکراو داوا دەکەم حکومەت ببێ بەکەسی کەسوکاری ئەنفالکراوان، دەبوو حکومەت خۆی داوای ئامادەبوونی کردبایە لێرانە، سەرەڕای بەخێرهاتن و دەستخۆشی لە بەڕێزی وەزیری شەهیدان، دەبوو وەزیری ئاوەدانکردنەوە، وەزیری پەروەردە، وەزیری سامانە سرووشتییەکان، بەتایبەت بۆ پرسیارەك

کەئاراستەی ئـێمە کـراوە لە قەزای چەمچەمـاڵ، ئەو بـڕە پـارەیەی لەلایەن کۆمپانیـای (KNOC) تەرخانکراوە بـۆ پـڕۆژەی ڕێگـای گونـدی کـانی بـاجگە و دروسـتکردنی پـردی دەرزیـلە لە نـاحیەی سەنگاو کە بڕەکەی دووسەدوو شەست و پێنج هەزارو نۆسەدو بیست و نـۆ دۆلار خـراوەتە سـەر ئەژمـاری وەزارەتـی سـامانە سرووشـتییەکان، تەنهـا پەنجـا هەزار دۆلاری لـێ ڕاکێشـراوە، پرسیارەکەیان ئەوە بوو ئێستا پـڕۆژەکەش جێبەجـێ نەکراوە ئەی ئەو بـڕەی تـری لەکوێیە؟ ئەو بـڕەی پـارەکە، وە پێشـنیار دەکەم وابـزانم ئەم پێشـنیارە پشتیوانیشـی هەبـوو بەڕێـزان زۆر پێشنیاریان کرد کە ئەم ڕاپۆرتەی لیژنە بەو سـەرەنج و تێبینیـانەی ئەنـدامانی بەڕێـزەوە بکـرێ بە بڕیارێـك ئێسـتا پەرلەمـانی کوردسـتان بڕیـاری لێبـدات وە پەلە بکرێـت لە هێنـانەوەی ڕووفـاتی ئەنفالکراوان باچیتر لە چاوەڕوانیا نەبن بـۆ سـەبووریش بێـت سـەردانی گـۆڕی کەسـوکارەکانیان بکەن، وە یەك خاڵی ترم کە قادر کەرەم کەخۆی سەرچاوەی کارەبای ناوچەکەیە ئایا ئێـوە ئەزانـن کە تائێسـتا کارەبـای نیشـتمانی نیـیە، ئەو خزمەتـانەی کە بەچەمچەمـاڵ و بەگەرمیـان کـراوە لەو ئاسـتەیا نیـیە کە ئەو قوربـانی گەورەی داوە، بـۆیە داوادەکەم لەئێسـتایا پەرلەمـانی کوردسـتان بڕیاربـدات لەسـەر ڕاپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـدو بەسـەرەنج و تێبینـی ئەنـدامانی بەڕێـز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ کـاك پێشـەوا وەردەگـرین نـوقتە نیزامـی هەیە، وە دوای کـاك یاسـین وەردەگـرین ناویشـی نەنووسیوە کێشەنییە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من هیچ نامەوێت لەبـارەی دانیشـتنەکەوە قسـەبکەم، چـونکە هەڤـاڵانی بەڕێـز قسـەیانکرد تەنهـا یەك سەرەنجە، ئەندام تەنها بێتە ژوورەوە بۆ واژووکردن و بچێتە دەرەوە بەڕاستی لە حـاڵەتێکی ئاوا کە مایك ئەکرێتەوە هەموو بۆ قسەکردن هیچ درێخیەك ناکرێـت، بەڵام ئەبینـی لە کـۆی (١١١) ئەنـدام پەرلەمـان نـزیکەی (٥٣ بـۆ ٥٤) ئەنـدام پەرلەمـان لە هـۆڵی کۆبـوونەوە مـاون، هەنـدێکیان قسـەی خۆیـان ئەکەن چـاوەڕێی وەڵامەکە نـاکەن وە واژووەکە ئەکەن و ئەچـنە دەرەوە، بـۆیە هیـوادارم ڕێوشـوێنێك بگـرنەبەر کە هەرئەوە نەبێـت ئیتـر کەسـێك واژوویکـرد و لێـرە بچێـتە دەرەوە، مادام یادی ئەنفالە بـابەتێکی جـدیە و گرینگە بـا هەمووومـان ئەگەر بەشـداریش نـاکەین گوێبگرین بزانین کە بەهەموومانەوە چیمان پێ ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکەت دروسـتە، نـا ئەمـڕۆ ڕەمەزانە نـان خـواردنی چـی عـیلاقەی بە نـان خـواردنەوە نییە ئەوەی چووبێت بۆ نانخواردن ئەوە عوزر لە قەباحەت خراتر دەسـت خـۆش کـاك پێشـەوا ڕاسـت ئەکەی قسـەکەت تەواوە، ئەوە عـیلاقەی هەرکەسـەو بەخـۆیەوە هەیە نـاتوانین چیـبکەین بەڕێـز کاك یاسین بەڕێزت ئاخیر کەسی دواتر دەرفەت ئەدەین بە بەڕێـز وەزیـر بـۆ ئەوەی قسـەی خـۆی بکات زۆر سوپاس.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشەکی سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان و شەهیدانی ئەنفال دادەنێم، دیارە ئەو بەڕێزانە هەموو قسەکانیان کرد، بۆیە من موسیربووم لەسەر قسەکردن، ویستم یەك دێڕە شیعری شەهیدی سەرکردە شەهید ڕێباز بخوێنمەوە کە ئێستا گوێم لەو قسانە بوو کە ئەو هەموو برادەرانە کە ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە چوونەتە ئەو شوێنەی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە (٣٠) ساڵ پێش ئێستا کە شەهید ڕێباز دەڵێ...**(لۆت لاربم شۆڕش چەند گەلۆر نانت دەخوا)**، بەڕاستی دوای سی ساڵ ئێستا بەعسی ئاو و کارەباو خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانە بکرێ کە ئەنفالی لێکراوە، بەڕاستی کارەساتە یەعنی بۆیە پشتگیری لە ڕۆژان خانی دەکەم وە لەو هاوڕێیانە دەکەم کە لەو ڕاپۆرتەی کە نووسیویانە بە عەمەلی دەکەوێتە جێبەجێکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز کاك عبدالله وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود/ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن تێبینی و ڕاو سەرەنجی زۆرباش هەبوو ئەو پرسیارانەی کە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە من پشتیوانیم لێکرد، تەسەور دەکەم پێویست نەکات جوابی دەمەوە، چونکە هەندێ لە پرسیارەکان زۆرینەیان لەناو ڕاپۆرتەکەیا هەبوون و پشتیوانیم لە ڕاپۆرتەکە کرد، ئەو پرسیارانەشی تابعی وەزارەتە پەیوەندی دارەکانن کە حزوریان لێرە نییە، ئەوەش من ناتوانم لەجیاتی ئەوان قسەی لەسەر بکەم، یاسای چاکسازی تەبعەن بڵێین کەموکوڕی نییە لەوانەی کە ئەو لیژنەیەی ڕۆشتن کە موشارەکەیان کرد لەو لیژنەیەی کە سەردانی مەنتیقەکەیان کرد، بەڕاستی بڵێین کەموکوڕی نییە لە هەرێمی کوردستان و لە ئیش و کارەکان هەیە یاسای چاکسازی، بۆیە دەرچووە لەم پەرلەمانە لەبەر ئەوەی کەموکوڕی هەیە ئەوە خاڵێکە کەهەموومان ڕێکین لەسەری، مەسەلەی خزمەتگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان شتەکان باسکران حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیشی کردووە، یەعنی لەسەرەتای دروست بوونی ئیدارەکان و کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئیشکراوە، بەڵام وەکو برای بەڕێزم باسیکرد تەمەنی یانزە ساڵ بووە، خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی لە بواری وەزارەتی شەهیدان بەردەوامە کەسێك منداڵی شەهیدە، بۆ نموونە خوێندنگایەك لە قۆناغی یەکەمیەوە دەڕوات هەتا قۆناغەکانی کۆتایی دێت هەر خزمەتگوزارییەکە بەردەوامە، بۆیە پڕۆسەکە وەکو خۆی بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە لە موستەقبەلیشا مەسەلەی خزمەتگوزاری و خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت، لەسەر پرسیارەکان ئەوەی کە لەدەرەوەی پێشنیارەکەی لیژنەی تایبەتمەند کە خوێندیانەوە تاقانەکانی جینۆساید بەڕاستی ئەمە یاسایەکی هەبوو پێشتر لە کابینەکانی پێشوا ڕاستە ئیشی لەسەر نەکرابوو ئێمە لیژنەمان بۆ داناوە، وە سەرجەم ئەو تاقانانەی پشتڕاست کراوەتەوە جارێکیتر بەپێی یاسای چاکسازی تەبعەن پێیدا چووینەتەوە ئەوەی کە پشتڕاست کراوەتەوە کۆتایی پێهاتووە ڕێنمایمان بۆ ئامادە کردووە، تەسەور دەکەم لە حەفتەی داهاتووا لە وەقائیع

بڵاوبکرێتەوە وە بەپێی یاسا تاقانەکانی جینۆسایدی هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن لەو خزمەتگوزارییانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، زیندانیانی سیاسی تەبعەن ئەمە کەیسێکی گەورەیە مەسەلەیەکە کە لەزۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان قسەیان لەسەرکرد، زیندانیانی سیاسی زیاتر لە بیست هەزار زیندانی سیاسی هەیە لە هەرێمی کوردستان تبعەن دوای یاسای چاکسازی لەم پەرلەمانەوە دەرچوو ئێمە مولزەم کراوین کە پێداچوونەوەی بەسەرجەم زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکەین ئەوەی مینحەی هەیە ئەوەشی مینحەی بۆ نەبەستراوە لەڕاستیدا سەرەتا پێشنیارەکان وابوو هەم لەلایەن لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمانی کوردستان، هەم لەلایەن زۆرترین ئەو پەرلەمانتارانەی کە هەماهەنگیمان هەیە هەم لەلایەن لیژنەی خۆمان لە وەزارەتی شەهیدان، سەرەتا دوای ئەو لیژنانەی کە دروستکراون بۆ یاسای چاکسازی لە ئەو زیندانیە سیاسیانەی کە مینحەکانیان تەواو بووە بکەین بە ئەولەویەتی ئیشکردنمان پڕۆسەکە پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەڕاستی کەموکوڕی هەیە وە نادادپەروەری هەیە بەڕاستی وە ڕاستی و دروستی نییە لە مەلەف و فایلی زیندانیانی سیاسی وە ماددەو بڕگە هەیە لە یەك حاڵ دا یانی بۆ سێ و چوار حاڵ دەبێت ئەکرێ زیندانی سیاسی بێت و ئەکرێ شتی تریش بێت، لەبەر ئەوە ئێمە بەراستی لەبەر ئەوەی مولزەمین بەیاسای چاکسازی وە ئەمانەوێت دادپەروەریەکی ڕاست و دروست بێنە ئاراوە کۆمەڵێ ڕێکار هەیە گرتوومانەبەر ڕێکارەکانیش، یەعنی تەبیعەتی ئیشەکە وایە خاوە لەسەر خۆی ئەڕوا بەتایبەتی مەسەلەی پشتڕاست کردنەوەی موختەسی حوکم لە بەغداد، ئەوانەی کە زیندانی سیاسین و موختەسی حوکمیان هەیە لە بەغداد ئەم پڕۆسە پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە بەداخەوە یانی شێوێندراوە دەستکاری کراوە بەپێی یاسای چاکسازی ئەوەی موستەحەق بێت حەقی خۆی وەردەگرێت ئەوەشی موستەحەق نەبێت ئەوە بەپێی یاسای چاکسازی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ئەوانەشی کەهیچ مینحەیەکیان نییە بەهەمان شێوە ئاراستەی لیژنەکان کراوە وە لیژنە ئامادەکراوەی پێداچوونەوە بەسەرجەم زیندانیانی سیاسی ئەوەی مینعەی هەیە ئەوەی هەویەی بۆ کراوە ئەوەشی مەلەفی تەقدیم کردووەو هەویەی نییە، ئەم زیندانیە سیاسیانە زیاتر لە سەرەوەی بیست هەزار کەسن لەڕاستیا وەکو باسیشتان کرد تێیدایە مەسەلەن موختەسی حوکمی هەیە وەکو لێرەش چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز باسیکرد لە وەجبەکانی کۆتایەکان ئەبوایە لەسەرەتاوە هەقی شەرعیان بووە مەسەلەن، زیندانی سیاسی حەقیقین، بەڵام ڕەنگە ئەمەش بەپێی پڕۆسەکان کە کاتی خۆی لە کابینەکانی پێشوو کراوە ئەو زیندانیە سیاسیەی خۆی کەمتەرخەم بوویێت یان زوو مامەڵەی نەکردبێت یان زوو تەقدیمی نەکردبێت، کۆی گشتی پڕۆسەکە بەردەوامە وەئاخیر هەوڵ ئەدەین کە بەشێوازێکی دادپەروەری وە ئەوەی حەقی خۆی بێت هەقی خۆی وەگرێت ئەوەشی کە زیندانی نەبێ و تەقدیمی کردبێت بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، مینحەی شەهیدان بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتێکی باشی بە بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان کردووە، وە ڕەغبی هەموو ئەو بارگرانیەی مەسەلەن قەیرانی دارایی و مەسەلەی شەڕی داعش و مەسەلەی کۆرۆناو دابەزینی بنەمای یەکسانی هەرێمی کوردستان و نەبووی ئیمکانیەت بەکۆی کابینەکە هەمووی ڕەئیسی وزەرا خۆی و جێگرەکەی سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان تەبعەن هەرچیش بکرێت بۆ کەسوکاری شەهیدان تەسەوری من وایە ئی هەمووشتانە ئی جەنابیشتان وایە کە

ناکاته لەحزەیەك لە عەزیزانی کەسوکاری شەهیدان کە نزیك بێت لێیانەوە یان دڵۆپێك لە خوێنی ئەوان، بەڵام بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە ئەولەویەتی هەتا لە مەسەلەی کەمکردنەوەش هیچ ئاماژەیەك بۆ وەزارەتی شەهیدان نەدراوەو وەکو خۆی پشتیوانی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان کراوە کە ئەمەش ئەم حکومەت و پەرلەمانەو دەزگا ڕەسمیەکان لەسەر ئەساسی خەبات و خوێنی خەڵکی کوردستان دامەزراوە حەقی خۆیەتی هەمووشتێکیان بۆ بکرێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی پێی کرابێت لەبەرامبەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان درێغی نەکردووە، باسی ڕۆژی نیشتیمانی و یان بۆنەکان بەڕاستی باسی ئەمە لەسەرەتای مەسەلەن کارەساتەکانی گەلی کوردستان یان ئەو جینۆساید یان مەسەلەی ئەنفالەکان یان کیمیابارانی هەڵەبجەو شوێنەکانی تر گۆپتەپە و عەسکەرو دۆڵی جافایەتی و تا ئەگاتە مەنتیقەکانی تر کۆمەڵێ مناسەبەمان هەیە، ئەم مناسەبانە وەزارەتی کاروباری شەهیدان ڕێکارێکی هەیە ڕێکی خستووە وەکو ئێستا ئێوە کۆبوونەوە ئەنجام بدەن وەکو پێشنیارێك کرا یەك ڕۆژ دیاری بکرێت یەعنی جینۆساید کراوان ئەنفالکراوان هەڵەبجە یادی هەڵەبجە بۆخۆی بەرنامەمان هەیە، بەڵام ئەمەش ئەمێنێتەوە سەر جەنابتان کە ڕۆژێکی نیشتیمانی دیاری بکەن بۆ سەرجەم بۆنە نیشتیمانیەکان، ئێمە هەرشتێك لە خزمەتی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان بێت یان هەر پێشنیارێك یان ڕاوبۆچوونێك بەڕاستی پشتیوانی لێدەکەین، پرسیارێکی تر مەسەلەی قەرەبووکردنەوە، قەرەبووکردنەوەو تاوانەکانی جینۆساید کەیسەکانی جینۆساید بەڕاستی یەکلا کراوەتەوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق ئەم مەرحەلەیە تێپەڕیووە ماوەتەوە سەر قەرەبووکردنەوە حکومەتی عێراق، بەڕاستی تا ئێستا نەچۆتە ژێر قەرەبووکردنەوەی زیان و زەرەر لێکەوتوانی گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستان، وە بۆ ئەوەی لای جەنابیشتان ڕوونبێت سەرجەم ئەو وەفدانەی سەردانیان کردووە هەتا یەکەم سەردانی سەرۆکی حکومەت ئەو لیژنەیەی کە بۆ دانوستان لەسەر بودجە بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی حکومەت، وە دوا سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکێك لەخاڵە سەرەکییەکانیان کە گفتوگۆیان کردووە لەگەڵ حکومەتی عێراقی قەرەبوو کردنەوەی زەرەرمەندانی گەلی کوردستان بووە، یەعنی ئەم کەیسە بەزیندووی ماوەتەوە وە قسەی لەسەر ئەکرێت وەکو لە ڕاپۆرتەکەی جەنابیشتان هاتووە ئێمە پشتیوانی لێ ئەکەین بەهەموومانەوە لێرەوە وە لە حکومەتەوە وە لە نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە بەغداد ئەوانیش هەموومان پێکەوە پێداگری بکەین وە ئەم کەیسە بەزیندووی بێڵینەوە حکومەتی عێراق مولزەم کەین کە قەرەبووی زەرەرمەندبووان و زیان لێکەوتوانی گولی کوردستان بکاتەوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، یەعنی داکۆکی لەسەر کراوەو وە بەردەوامیش دەبێت، پرسیارێکی کە لەسەر مەسەلەی زەوی کەسوکاری شەهیدان و زیندانی کراوانی ناوچە جێیە ناکۆکەکان، بەڕاستی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە هەندێکی یەکلا بۆتەوە وە هەندێکیشی بەڕاستی تابعی حکومەتی عێراقە، قسەمان لەسەر کردووە گفتوگۆی لەسەر کراوە لە حەقیقەتدا پێش ئەوەی ئەم مەنتیقانە لەژێردەستی حکومەتی هەرێم حزوری هەبوو یانی تێڕوانینێکی تر هەبوو ئێستا تێڕوانینێکی تر هەیە، بەڵام ڕەغمی هەموو ئەمانە ئیشی لەسەرکراوە بە دوو ئاڕاستە وە بەرنامەمان هەیە وە کارێك دەکەین

حکومەتی عێراق خۆی نەدزێتەوە لە ماف و خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان من تەسەور دەکەم جگە لەو پرسیارانەی ئەوانەی کە پرسیاریان کرد هەمووی لە ڕاپۆرتەکەی پێشنیارکراوی لیژنەکەدا هەیە، بۆیە تیشکم نەکردە سەر ئەگەر وەڵامی پرسیارێکیشم نەدابێتەوە ئامادەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی کەهەیە ڕاپۆرتێکە کە بە هەژدە پەرلەمانتار بەدواداچوونیان کردووە لەسەر کێشەو گیروگرفتەکانی کەسوکاری شەهیدان، ئەوەی کە ڕوونە لای هەمووان ئەوەی کە زۆر زەڕووڕە وە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان تەنانەت ئیدارەی چەمچەماڵیش کە ئێمە لەوێ حزورمان هەبوو داوای ئەوەیان کردووە کە تەنانەت لە ئێستادا تەواوی داواکارییەکانی ئێمەش جێبەجێ نەکرێت، ئەو داواکارییانەی کە لە ئەولەویەتی کێشەو گیروگرفتەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانە بۆ نموونە ئەگەر باسی ئاو بکەم ئاوی چەمچەماڵ کە لە پانزە ڕۆژ دوو سەعات ئاویان بۆ دێت، ئەگەر ئەوە بخرێتە کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باش دەبێت چونکە هەروەکو دەزانن لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ڕاپۆرتێکمان ئامادەکرد، بەڵام تائێستا هیچ نەکراوە بۆ ئەم ڕاپۆرتە، بەڵام کەسوکاری شەهیدان لەڕاستیدا پێویستیان بە ئاوە، یانی کێشەی گەورەیان ئاوە لەو سنوورە ئەوجە ئەولەویەت بدرێ بەوشتانە وە شتێکی تر گرینگی پێبدرێت لەوڕۆژەدا، من داوا دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لەوڕۆژەدا بڕیارێك بدرێت کە مەسەلەی کۆنفرانسێکی جینۆسایدی کورد بە بەشداری تەواوی کونسوڵخانەکانی هەرێمی کوردستان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی لەئاستی نێودەوڵەتی ئێمە بتوانین کاری لەسەر بکەین تەنانەت لیژنەی شەهیدانیش دەرفەتی پێبدرێت بۆ ئەوەی سەردانی ئەو وڵاتانە بکات کە جینۆسایدی تێدا ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین، سەبارەت بە زیندانیانی سیاسی کە زۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسیانکرد ئێمەش وەکو لیژنەی شەهیدان جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە هەرچی زووە پێداچوونەوە بە لیستی زیانداانیانی سیاسی بکرێت، وەکو لیژنەی شەهیدان ئێمە فشارێکی زۆرمان لەسەرە وە داوادەکەین ئەو مەسەلەیە زوو یەکلای ببێتەوە بەتایبەت ئەوانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە کە مینحەکانیان بۆ سەرف بکرێت ئەوانەی کە هیچ مووچەیەکیان نییە ئەوە زۆر زۆر زەڕووڕە کە کاری لەسەر بکرێت، ئەوەی تر پشتیوانی هەموو داواکارییەکانی پەرلەمانتارە بەڕێزەکانم لە ڕاستیدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو بڕیارانەی کە دەرچووە وە خاڵەکانی ڕاپۆرت کە گرینگە بڕیاری لەسەر بدرێ وە ڕابسپێردرێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کاری جدی لەسەر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم یادە ئەم دانیشتنە تایبەتە بە ئەنفال، وە بەڕێز وەزیری شەهیدان لێرەیە ئەوەی کە پەیوەندی بەوەوە هەیە هەندێ لەو پرسیارانەی کە کردوومانە وەڵاممان وەرنەگرتۆتەوە، ئەپرسمەوە کە چیانکردووە بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال پێمان بڵێت لێرە یەکەم، ئێمە بۆ دوو سێ شت لێرەین یانی بۆ ئەوەی شتەکە زۆر زۆر کورتکەینەوە لەم دانیشتنە بۆ ئەوەی نەتیجەیەکمان هەبێت دوای ئەوە ئەوەی زیندانیە سیاسیەکان پرسی مینحەکەیان، یانی ئێمە نزیکی حەوت مانگ هەشت مانگ لەمەوپێش لەگەڵ بەڕێزتانا کۆبووینەوە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان کۆبووینەوە وتتان پڕۆسەکە لەژێر چاودێری و بەدوای دائەچین و ئەوانە، یانی دوای حەوت هەشت مانگ هەتا ئێستا نەکراوە، دوای ئەوە هەندێ شت هەیە زۆر ئاسانن زۆر سادەن چەمچەماڵ دەڵێن پرسی ئاوەکە کێشەی ئاوەکە زایدەن، ئێستا ئەرکی پەرلەمانە ئەڵێت بیکەن بە پایتەختی شەهیدان یانی لەسەر ئەرکی ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوەی کە لەناو ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێزانی ڕاسپێردراو بۆ سەردانی کردنی مەیدانی گەرمیان و چەمچەماڵ هەیە، دابەش ئەکرێت بەسەر چەند بوارێکا بەشێکی دروستکردنی واجبە لەسەر پەرلەمانی کوردستان کە پێویستی بەپڕۆژە بڕیارە وە ئەبێت ئەندامانی پەرلەمان واژووی بکەن و بیدەن بە سەرۆکایەتی بەشێکی پەیوەندی بە ئیلزام کردنی، بابڵێین داوا کردنە لە حکومەتی عیراقی بۆ ئەوەی تەعویزی کەسوکاری ئەنفالکراوان و کەسوکاری شەهیدان و کەسوکاری جینۆساد کراوان بکاتەوە بەپێی ئەو ئەرکە دەستووریەی کە دەستور خستویەتیە سەری هەر لەناو ئەو ڕاپۆرتەیە، بەشێکی تری پەیوەندی بە دابینکردن و ڕەخساندنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیە بۆ چەمچەماڵ و بۆ شۆڕش و بۆ تەکیەو بۆ کفری و بۆ کەلارو بۆ ڕزگاری، واتا ئەو ڕاپۆرتە ئێمە ناتوانین ئێستا یەکسەر وەکو خۆی کە هەیە بیخەینە دەنگدان و بڵێین ئەوە خستمانە دەنگدان و کردمان بەبڕیار، چونکە ئەوە پەرلەمانە،

یەکەم: ناکرێ خۆی ئیلتزام لەسەر خۆی دروستکات لە کاتێکا خۆی سەڵاحیەتی دەرکردنی پڕۆژە بڕیاری هەیە.

دوو: ناکرێ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان واجب ئیلتزام لەسەر حکومەتی ناوەندی دروستکات، بەڵکو ئەوە ئەنجومەنی نوێنەرانە دەتوانێت ئیلتزام لەسەر حکومەتی ناوەندی دروستکات.

سێ: ئەوەی پەیوەندی بەخزمەتگوزاریەکانەوە هەیە بەشێکی ڕاستە لەناو ڕاپۆرتەکەیا هاتووە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە مۆنۆمێنت و نۆژەنکردنەوەی مۆنۆمێنت و وەهەندێك لەو بابەتانە هەیە تازە فەرمانی بۆ دەرچووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی دەرنەچووە کە لەهەمووی گرینگترن کە لەو دانیشتنە بینیمان قسەشمان لەگەڵ ئیدارەکە کردووە مەوزووعی ئاوی چەمچەماڵ وە پڕۆژە ئاوی گۆپتەپەیە کە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە لەکاتی هاتنی پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان قسەی خۆی لەبارەوە بکات، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان

ئەمە ئەبێت ئەولەویەت تحدید کەین ئەوەی پەیوەندی بە پڕۆژە بڕیار هەیە ئامادەیکەن و لەناو خۆتانا لەسەری ڕێکەون و ئێمەش هیچ مەناعەتێکمان نییە لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوەی پەیوەندی بە عێراق هەیە کە بوو بە ڕاسپاردەی پەرلەمانی کوردستان ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی ڕاوێژکارانی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕائەسپێرین وە موخاطەبەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی وە حکومەتی عێراقیش دەکەین سەبارەت بەم بابەتە، وە پشتیوانی هەنگاوەکانی حکومەت دەکەین لە داواکردنی قەرەبوو بەگوێرەی ئەو ئەرکەی خستوویەتیە سەر حکومەتی عێراقی وە دەوڵەتی عێراقی وەکو ئیستیمرارەتیەکی دەوڵەتی ڕابردوو یان بڵێین حوکمی ڕابردوو، سەرەنجی بەڕێزتان بۆ یەك حاڵەت ڕائەکێشم ئەگەر بیرتان بێت لەڕۆژی ٣/١٦ بڵاوبۆوە زۆر بەفراوانی کە ئەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بڕیاریدا حکومەتی عێراقی ئیلزام بکا بەوەی ئیجرائاتەکانی هەڵەبجە تەواو بکات، دواتر ئێمە داوای ئەوەمانکرد بۆمان بێت کە بابزانین فعلەن بڕیارەکە چییە لە بڕیارەکەیا نوسراوە (نوصی)، واتا ڕای دەسپێرین نەك ئیلزامی ئەکەین، لەبەر ئەوە با ئێمە خۆمان تووشی شتێك نەکەین کە لە ئەصڵا صەڵاحیەتی ئێمە نییە، ئێمە لێژنەی بەڕێز ڕادەسپێرینەوە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەوقسانەی کە ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە گەڵاڵەیەکمان بۆ ئامادەبکەن بەوەی کامە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کامە ئەرکی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیە کامە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە ئەوکاتە ئەو ڕاسپاردانە هەریەکەو ئەنێرین بۆ لایەنی پەیوەندی داری خۆی، وە بەم شێوەیەش کۆتایی بە کۆبوونەوەکە دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |